منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ڕۆمان

نیشتیمان زمانی کەرت بوو

حازم عەلی کوتك



نیشتمان زمانی کەرت بوو

حازمی عەلی کوتك

رۆمان

نیشتیمان زمانی کەرت بوو

نووسەر: حازمی عەلی کوتک

چاپی یەکەم

سلێمانی ٢٠٢٥

کتێب: نیشتیمان زمانی کەرت بوو
بابەت: ڕۆمان
نووسەر: حازمی عەلی کوتک
تایپ: ڕزگار حەساری
پێداچوونەوە: ڕابەر ڕەشید
خاڵبەندی، ڕێکخستن و دواپێداچوونەوە: ئارارات ئەحمەد ئەحمەد
دیزاینی بەرگ:ئیبراهیم صاڵح
دیزاینی نێوەوە: چوارچرا
فۆنت: یونیکورد گۆران
قەبارەی فۆنت: ١٤
قەبارەی کتێب: ١٧-٢٤
چاپخانەی: چوارچرا
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٥

ئیمتیازی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر.

لە بەڕێوەبرایەتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمار (١٩٣٠)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە

١

ئەو ڕۆژەی چاوی بە دنیا هەڵێنا، خۆر گیرابوو. هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنەدنیای ئەودا، دیار بوو پێو قەدەمی بەخێر نەبوو، نەگبەتی سواری شانی ببوو، تا دواساتەکانی ژیانی، نەهامەتییەکان سەنەگەیان لە سەر هەڵنەگرت! خۆری ئەو، هەمیشە گیرابوو، بۆیە، لە هەوڵی بێوچاندا بوو خۆر بۆ منداڵان داگرێ و تیشکی گزنگیان لەقەبەر بکات. لەپێناوی ئەو ئامانجەدا، تەڵەی ڕۆژگارێکی یەکجار مەلعوونیان پێتەقاند. یەکەم هەنگاو پێی نایە ئەو خەیمە شڕەی خمخانە، کە زۆربەمان پێمان وابوو ئەوە حەقیقەتی ژیانە...

پێشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، لە هاتنەوەیەکی ناوادەدا، مێگەلە مەڕەکان و گاڕان هاتنەوە ئاوایی. هەرچی گیانلەبەرە لە مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەر، لەو گوندەی هەموو لە دەوری یەکتر وەک پەناگەیەکی ئەمین، لە لای مزگەوتێ کۆبوونەوەو تۆپ بوون. هەستیان بە مەترسییەکی سروشتی ڕاستەقینە دەکرد، پشیلە، یەک لە دوای یەک بێچووەکانی دەگواستنەوە، خەڵکی ئاوایی ترسیان لێ نیشتبوو کاتێک دەیانبینی سەگەکان چاو بە مۆڵەق لە ئاسمانێ دەڕوانن و لموموزیان بەرزکردۆتەوە بە نەغمەیەکی ترسناک دەلوورێنن، ئاسمانی ئەو گوندەیان پڕ لە فوغان کردبوو، ئەوەش ئاماژە بوو بۆ مەترسییەکی ڕاستەقینە. تاژییەکان دەنووسکانەوە، هەنگامەو تێکقژانێک بوو، سەگ ساحێبی خۆی

نەدەناسییەوە! چڕی ئاپۆرای خەڵک، تیری بە چەپەی تێبڕ ناکات[1]! قیسی[2] جوجکە مریشکەکانیش خۆیان دەخزاندە بن پەڕووباڵی دایکیان، چونکە بۆ خۆپاراستن، بە ئەمینترین شوێنیان دەزانی. هەر بابا بوو دەیویست لە پەنای ئەویدیکەدا خۆی پەنا بدات و بیکات بە قەڵغان و پەناگە بۆ خۆی. ژیانی ڕۆژانە ڕاوەستا، لە چاوەڕوانی نغرۆبوونی گوندەکەیان ئەبڵەق ببوون. لەوەها بارودۆخێکدا دەستیان هیچ کارێک ناگرێ، لە حەساری مزگەوتێ کۆبوونەتەوە چاویان بڕیوەتە ڕۆژگیرانەکەو زاری مەلای گوندی. هەرچی مەلا دەیگوت ئەوان بە دەم و دەست پانکردنەوە بێ ئەوەی وشەیەکی لی حاڵی ببن کە بە زمانی عەرەبی بوو، بە دڵ و گیان، بە یەک دەنگ و یەک ئاواز دەیانگوت: ئامین، نرکەی ئامینی خەڵکی ئاوایی گوێی ئاسمانی کەڕ کردبوو، لەو ڕۆژەدا هەموو دەنگێک ترسناک بوو. ئەو حەشاماتە، بە چاوی ئەبڵەق و ڕووخساری حەپەساو و پڕ ترسەوە، لە یەکتریان دەڕوانی. زاریان وشک وشک بوو، هەنگوینیان بە زاری تاڵ بوو، هەرکەس لەبەرەخۆی دەیگوت: خودا غەزەبی لێ گرتووین! خراپەی خۆمانە دێتە ڕێمان، بە هۆی گوناهەکانمانەوە بەر نەفرەتی ئاسمان کەوتووین. مووڵکی خۆیەتی، بۆی هەیە ژێراو ژووری بکات! وەک ئەوە وابوو دەوریان لە سفرەی نەفرەت دابێت و نەهامەتییەکان بەش بکەن.

خۆرگیران، ئاسمانی ئەو ڕۆژەی خوێناوی کرد. تا ترس زیاتر دەبوو، خەڵکەکە بەنێو قەپێلکی خۆیاندا ڕۆدەچوون و وەبیرخۆیان دەهێنایەوە: دەبێ چ بێخواییێکیان کردبێ! کەسی وا هەبوو ئەو خۆرگیرانەی وەک سزادانی خۆی دەبینی لە بەرامبەر ئەو ماچانەی لە جێژوانێ کردبوونی. ئەی وا هەبوو دەیگوت ئەو ڕۆژە شەڕوارەکەم تەڕکردبوو، غوسڵم لەسەر بوو خۆم بیسمیل نەکردبوو، بۆیە ئەمن هۆکارم! یەکێک

---

[1]- تیری بە چەپەی تێبرناکات: کەسێک، نووسین و کار، بە دەستی چەپە بکات، پێیدەگوترێ چەپە یان چەپان. پلارو هەرشتێکی، چەپان بیهاوێژێ، بەهێزترە لە خەڵکی ڕاستان. لێرەدا ئاماژەیە بە قەرەبالغییەکی زۆری وا کە، تیری دەستی خەڵکی چەپەش، تێی برنەکات.

[2]- قیسی: هەتتا، بەڵکو، بگرە.

دەیگوت: بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری هەوەس، دەستپەڕم کرد و خۆم ڕەحەت کرد! کچ هەبوو دەیگوت: لە خۆم ڕوو ڕەشێ و سەر بە هەشێ و بابانوێرانێ، ئەگەر ئەو مەمکە تورتانەم بێ ئیزنی خوای لە دەست ئەو هەتیو حەیرانەی نەنابایە، ئێستا خوا غەزەبی لێ نەدەگرتین! یەکێکی دیکە دەیگوت: پاروویی حەرامم خستەزارم، یەکی دیکەو کەسێکی دیکە و...

هەرکەسەو لەنێوەخۆیدا هۆکاری ئەو خۆرگیرانەی لە ئەستۆی گوناهەکانی خۆی دەپەستاوت.

ئەوەی بوو بە جێگای تێڕامانی خەڵکی ئاوایی، حاجی عەولا بوو، پێیەوە دیار بوو دڵخۆشییەکەی بەسەر نیگەرانیەکانیدا زاڵە. بۆیە پیاوەکان سەریان دەخستە بن گوێی یەکترو بە سرتە بە یەکتریان دەگوت: - هەوکە پێم نادێی ئەو کەیفەکەرانەیەی حاجی عەولای لەپای چییە؟! - دەڵێی نۆ ماینی لە کەرێ ئاوسە![1] سەرنجەکانیان بەجێ بوو، ئاخر حاجی عەولا ئەو ڕۆژە لە خۆشی ئەوەی لە دوای چوار کچان، خوا کوڕێکی پێ بەخشیبوو. قوونی لە هیچ شوێنێک تۆتکەی نەدەگرت، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئۆخخەی نەمردم کوڕێکمان بوو، تازە بشمرم سووم لە خۆم نییەو ئەو مەڕو ماڵ و سەروەتەی هەمە، بە میرات بۆ زاوایان بەجێ نامێنێ، میراتگرم بۆ پەیدابوو! بۆیە، بە پێچەوانەی ئەو خەڵکەی دۆژدامابوون، ئەو، گیڤڤەی سمێڵانی دەهات و شای بە سەپانی خۆی نەدەگرت!

مەلا، نیەتی نوێژی خۆرگیرانی بۆ خەڵکی گوند هێناو نوێژ دابەسترا. پاشنیوەڕۆیەکی درەنگ، شتێکی کەمی مابوو بۆ بانگی نوێژی عەسرێ. ڕووخساری خۆر هێدی هێدی پەردەی ڕەشی لەسەر لادراو، تیشکی

---

[1]- نۆ ماینی لە کەرێ ئاوسە: کاتێک یەکێک ماینەکەی لە کەرێ ئاوس دەبێ، واتا ئەو ماینە ئیستری دەبێ. ئیستریش بۆ خەڵکی جوتیار یان کاروانچی، نیعمەتە، چونکە ئیستر، بۆ هەموو ئیشێکی سەختی وەک جووت و باربەری و... بەهێزە و لە ئاژەڵەکانی دیکە باشترە. جا ئەگەر یەکێک، ماینێک نا، بەڵکو نۆ ماینی ئاوس بن، ئاماژەیە بە سوود و قازانجێکی زۆر باش.

زێڕینی ڕژایەوە سەر ئەو مەخلوقاتە سام لێنیشتووە. دەرو دەشتی زێڕەوشان کردەوە، خەڵک ئاهێکی لە دڵدا گەڕاو گەشانەوە، هەناسەیەکی دڵنیابوونیان هەڵمژی و شوکرانەی خوایان کرد، کە ئەوجارەش ئیسرافیل فووی بە نەفخی سووردا نەکرد و دونیا خەرا نەبوو!

حاجی عەولا دوو خێری لە خۆی گرتبوو. سەرمایەی هەردوو خێرەکە جوانەگا سوورەکەی دیاری کردبوو، دەیویست دوو کێڵان بە بەردێکی بشکێنێ، یەکەمیان خێری ئەوەی لە دوای چوار کچان خودا ئاوڕی لێ داونەتەوەو کوڕێکی پێ بەخشیوە، دووەمیان خێری ئەوەی خۆر، دەست و پێی لە کەلەپچەی ئاسمانەکان بەر بوو، خوداوەند ئازادی کرد.

حاجی عەولا گوتی: خزمینە بەر لەوەی بڵاوەی لێ بکەن، ئەو جوانەگایە سوورەم بۆ لە عەرزێ بدەن، سەری دەبڕم و گۆشتەکەی بەسەر ئاواییدا دەبەشمەوە، بەڵکو ئەو خێرەم لەسەر ئەستۆی نامێنێ، چونکە نامەوێ نەزر قەرزدار بم.

کچە گەورەکەی حاجی عەولای، کە بە ئایشەکوڕانی دەناسرا، چونکە هەر لە منداڵییەوە جلوبەرگی کوڕانەی دەپۆشی و جەمەدانیی بە ڕیشووەو، کڵاوی بە سیمی لە سەری دەپێچاو، کورتەک و شەڕواری مرادخانی لەبەردەکرد، بە جلوبەرگ و پشتێن و قەدو باڵای کەم کەس دەیزانی کچە، ڕەختی تاپڕی لەسەر بەژنی خۆی گرێدەداو، بۆ شەوین و شیوەخوار[1]و لەوەڕاندنی مێگەلەمەڕی، حاجی عەولای باوکی، پێویستی بە کەس نەبوو، تەنها ئەگەر لە دوو مەمکە قیتەکانی کە هەردوو گیرفانی کورتەکە مرادخانییەکەی قیت کردبوونەوەو هەڵیدابوون، وردبوویتایەوە، ئەو کاتە لەوە تێدەگەیشتی لەنێو ئەو جلە پیاوانەیە، پەیکەرێکی مێیانەی ئەفسوناوی خۆی حەشارداوە. لەگەڵ هەر

[1]- شەوین شیوەخوار: شەوین: شەولەوەڕ، شەولەوەڕاندن، لەوەڕاندنی مەڕو بزن بە شەو. شیوەخوار: لەوەڕاندنی مەڕو مااڵت بۆ ماوەیەکی کەم دوای نویژی شێوان.

هەنگاوێکیدا، سەر گۆی مەمکەکانی ڕادەجفرین و دەلەرینەوە، هەر تەکانێکی مەمکان، زریزەی سەعاتە گیرفانییەکەی هەڵداوێشت. ئەو ئایشەکوڕانییە، بۆ حاجی عەولای باوکی بە حەوت کوڕان هەبوو، لە کاروباری گوندی و مەڕداری، ناوبانگی دەرکردبوو، دەیانگوت ئایشەکوڕانی بەدەر لە شوانەکانی ئاوایی، هێشتا کەلاکی نەداوە[1]و گورگ زەفەری پێ نەبردووە. ئەویش سایلی شوانەکانی دیکە، ڕۆژی خۆرگیرانەکە مێگەلەمەڕی خۆی بەرەو ئاوایی قورەپێچ[2] کرد، ورساتی هەموو خەڵکی ئاوایی لە لای مزگەوتێ تۆپ بوون. ئایشەکوڕانی، نێو لەپی هەردوو دەستی و پەنجەکانی، لە خوێنی جوانەگایەکەی دەسووی و لە دەرگاو دیواری ماڵی خۆیانی دەدا.

شوێنی هەر دە پەنجەو هەردوو لەپی، وەک پەنجەمۆری کردبێت، شوێنی لە سەر دیوار و دەرگا جێهێشتبوو. لای وابوو شوێنی نێولەپ و پەنجەکانی، دەبنە بەڵاگێڕ بۆ ماڵەکەیان، بە خۆیان و زیندەوارەکانیانەوە.

ژنەکەی حاجی عەولای چەند دڵخۆشە بەوەی ئێستا بۆتە دایکی کوڕو کچان و، تەنها دایکی کچان نییە! دوو هێندەش نیگەرانی ئەو خەونەیەو هەستەوەری ڕایدەچڵەکێنێ. لەو دنیا بێ سەروبن و بێ تانوپۆیە، لە ئایندەی کوڕەکەی نیگەرانە! هەرچەندە وەک ژنێکی گوندی، بە قسە، توانای ئەو دەربڕینەی نەبوو، بەڵام سەتو یەک غایلەی بە مێشکدا دەهات و دەچوو، لەدڵی خۆیدا پێی وابوو لە دایکبوون، سەرهەڵدانی پرسیارگەلێکی بێ ئەژمارە لەمەڕ پێداویستی و گرنگی هەر لە دایکبوونێک و لێکەوتەکانی کێ لەو هاتن و چوونە، سوودمەندی سەرەکییە، تولخاندنەوەی[3] مرۆڤەکان و هەڵکزان و سوتانیان لەنێو ئەو ئاوردانەی کە پێیدەڵێن ژیان؟!

---

[1]- کەلاکی نەداوە: بەو شوانە ئازا و شارەزایە دەگوترێ کە ئەوەندە بە وریاییەوە ئاگای لە مێگەلەمەڕەکەیەتی، ڕێگە نادا گورگ لێی بدات و کەلاکەمەڕ بکەوێ.

[2]- قورەپێچ: خڕکرنەکەوە و تۆپەڵکردنی گاڕان یان ڕانەمەڕ و ڕادانی، بەرەو گوند یان مۆڵگە.

[3]- تولخاندنەوە: پلیقاندنەوە، فلیقاندنەوە. تروخاندن: پانو پلیچکردنەوە.

هەر چەندی ورد دەبیەوە، ئەو ژیانە چ دنیایەکی سەرگەردانی و خۆلێکدان و جەنگ و کوشتارگەیەکە، ئەو ئامارانەی لە ئاکامی جەنگ دەخرێنە ڕوو، ئاماری ڕاست نین، چونکە ئەوەی دەمرێ تەنها نییە، واتا زۆر کەسی دەوروبەریشی لەگەڵیدا دەمرن. بریندێکی هێندە بەسۆ لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێ کۆمەڵگایەک وێران دەکات، شەقامەکان پڕ دەکات لە منداڵانی بێ سەرپەرشت، ماڵەکان پڕدەکات لە بێوەژنی تامەزرۆی مێرد، چەندان چاوی دایک و باوکی سۆما لێ دزراو، چەند کەلاوەی دارو بەرد بەناو یەکدا روخاو، ژینگەیەکی ئالووده، پیس بوونی هەناسەکان و.. زۆری دیکەش...

دوای چەند ڕۆژێک حاجی عەولا داوای لە مەلای ئاوەدانی کرد، بەڵکو ناوێک لە کوڕەکەی بنێ، مەلاش ناوی نا (عومەر).

سالانێکی زۆر بەسەر ئەو خۆرگیرانەدا تێپەڕی، ئەو ڕۆژە بوو بە مێژوو، هەر ڕووداوێکی لەو ساڵەدا ڕوویدا بوو، خەڵکی ناوچەکە دەیانگوت: سالی خۆرگیرانەکە. ژن هەبوو دەیگوت: منداڵ بووم لە کۆڵانێ خەریکی ساپساپانێ بووم لەگەڵ کچۆلان، داکم هات دەستی گرتم و بە دوای خۆیدا ڕایکێشام بۆ ماڵێ و گوتی: سەر بە هەش وەرەوە داخوازیکەرت هاتییە، بە مێردت دەدەین! ژن بەژنەیان بۆ برایەکەم پێ کردم، بە غەوسی ماڵ لە بەغدایێ نەمدەزانی مێرد هەر چشە، چاکم لەبیرە سالی خۆرگیرانەکەی بوو.

کوڕەکەم سالی خۆرگیرانەکە بە زگی کەوت... ساڵێک پاش خۆرگیرانەکە باوکم مرد... دوو ساڵ پاش خۆرگیرانەکە ماڵمان هاتە ئەو گوندەی و...

سالی خۆرگیرانەکە، بوو بە نیشانە و چەقی مێژوویێکی دەڤەرەکە. بۆ دیاریکردنی تەمەنیش لە یەکتریان دەپرسی: ئەو ساری خۆرگیرا، تەمەنت چەند دەبوو؟

ئایشەکوڕانی بەرچاو ببوو، لە ڕۆژی بووکگواستنەوەکەڕا، بێئاگایانە

سەرنجی گەنجانی ئاوایی بە تایبەتی کوڕی کوێخای، بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. کوێخا، خۆی بە سەرۆکی خێڵەکەش دەزانی و، موختاریش بوو. دەستی لەگەڵ داموودەزگا هەواڵگرییەکانی ڕژێمیشدا هەبوو، کە پیشەی زۆربەی موختارەکان بوو.

ئەو دیمەنەی ئایشەکوڕانی، لەبەر زەین و خەیاڵی کوڕی کوێخای، کاڵ نەدەبووەوە، بە تایبەتی لەو کاتەی ئەسپسوارەکان لە پێش بووکێ، تەراتێنیان دەکرد. ئایشەکوڕانی، ماینە شینی قەزوانییەکەی لە تەویلەی ڕاکێشا دەرێ و لە سەری مەیدانێ دەلەنگەرییەوە. جڵەوی وەردەسووڕاندو ئاوزینگی لێدەداو لە ماینێ شینی دەقیڕاند. بە قریوەی ئایشەکوڕانی، دووبارە ماین لە خۆی دەنووسا، لەگەڵ هەر بازێکی ماینی شین، هەردوو مەمکی ئایشەکوڕانی هەڵدەبەزینەوەو گوێ مەمکی ڕادەجفرین و زریزەی سەعاتەکەی بۆ پێشەوە تەکان دەدا. مەمکەکانی قەستیان دەکرد لە ژێر کورتەکە مرادخانییەکەی دەرپەڕن و خۆیان لەو کۆت و بەندە ڕەها بکەن! پرچی، وەک کەڵافە ئاوریشم، چین بە چین لە ژێر جامانییەکەی هاتبوونە دەرێ و لە گەردنی زەردی بلووری وەرئاڵابوون. لە کەلێنی چینەکانی پرچی، شەوق و ڕەونەقی گەردنی دیار دەکەوتن، شێخی سەنعانی لە دین وەردەگێڕا، وەک ئەوە بوو مانگ لە کەلێنی هەوران پرشنگان باوێ. گەنجانی ئاوایی سەرسام و مەندەهۆش ببوون، نەیاندەزانی نە تەماشای سەرو گەردن و هەڵبەزینەوەی سینگ و مەمک و سمتوساتی هەوەسبزوێنی ئایشەکوڕانی بکەن، نە لە کەفەڵ و سەرو کلکی ماینی شینی قەزوانی بڕوانن!

هەرکەس تابلۆی ئەو ڕۆژەی ئایشەکوڕانی بینیبێت، ناتوانێ لە زەین و بیری خۆی بباتەوەو بۆی حەیران نەبێت، لەنێویشیاندا کوڕی کوێخای گوندی، هەرچەندە خاوەن ژن و منداڵیش بوو، بە چاوێکی ئەوەندە حیزانە لێی دەڕوانی لە خەیاڵدانی خۆیدا، ڕووت و قووتی دەکردەوەو دەیگوت: هەر ئەمن دەزانم پەیکەری چ ئەسپەژنێکی نازدار، لەنێو ئەو

کورتەک و شەڕواره مرادخانیەی، حەشار دراوە!

لەوڕۆژەوەی، حکـــومەتی پاشـــایەتی ڕوخێنـــدرابوو و، لە دوای ئەو بـــوومەلەرزەیەی بەر پایەکـــانی سیســـتەمی دەرەبەگـــایەکی کەوت، گلۆرەیان کەوتبووە لێژی، بەڵام هەندێکیان لەگەڵ ئەوەی دەیانزانی ئەو دەورانە لە بەسـەرچوونداید، هێشتا هەوڵیان دەدا دەسـەڵاتی خۆیان لە ڕێگـــای قـــوڵە کوێخاکـــان نـــۆژەن بـــکەنەوە و، بە هەمـــوو توانایـــان بەربەرەکـــانێی هـــزری چەپگەراییـــان دەکـــرد، چـــونکە چەپەکانیـــان بە هۆکاری وشیارکردنەوەی خەڵک دەرهەق مافەکانیان دەزانی.

*

گەرمایەکی تاقەت پڕووکێنە، هەتا چاو هەتەر دەکات، ئەو دەشتە پان و بەریـــنە، وەک گـــڕی ئـــاگر هەڵـــدەچێ، هـــێلکەی لەبەر تـــاوێ دابنێـــی دەبرژێ.

ئەو دەشتە وەک تراویلکە ڕەملان دەکات، وەکو هاڵاوی سەر تەندوور گوڕی لێ هەڵدەستێ.

مێگەلە مەڕەکان کۆڕیان[1] بەستووە، هەر مەڕەو سەری لە بن دووڕنگی ئەوەی پێش خـــۆی نـــاوە بـــۆ ئەوەی خۆیـــان لە تیشـــکی گەرمـــی هەتـــاو بپارێزن. لەو ئاقارەی، تەنها دەنگی زیکزیکەو چیڕچیڕەو قـــغەی قەتـــێ دەبیســـترێ. ئەوەی دەربەســـتی گەرمـــاو تیشـــکی خـــۆر نیـــیە، قەتـــێ کورکەکانی سەر هێلکەکانن، ڕوو لە ڕۆژ کورک و کڕکەوتـــوون، مەیدان لە گەرمی تیشکی خۆر دەخوازن.

دەشـــتێکی کـــاکی بە کـــاکی. زەوییەکـــانی، هەنـــدێکیان وەردن، هەنـــدێک پەڕێزو هەندێکیش بێستانی دێمی.

پیرە پیاوێک، کزو لاواز، تەنها ئیسک و پێستی مـــابوو، لە بـــن کەپرێک بەدیـــار بێســـتانەکەیەوە لەســـەر پـــارچە حەســـیرێک دانیشـــتبوو، دێمـــکە ئـــاوێکی بە کەپرەکەیەوە هەڵواســـیبوو، بەگوێیان گرانەو ئەقڵیشـــی بـــاش

---

[1]- کۆڕ: گردبوونەوەی مێگەلەمەڕ لە هاویناندا. کاتێک لەبەر گەرما، سەریان دەخەنە بن دوونگی یەکتری.

کار ناکا. گلێنە تەڵخەکانی چاوی، لە بنەبانی قەپڵکی کەللەی سەری بەولاو بەولادا دەکەوتن، وەک ئەوەبوو بە دوای شتێکی ونبووودا بگەڕێن، نازاندرێ دڵ لە دوای چییەو قسەش ناکات، جار نا جارێک گۆڵمی خۆی بە ئاوی دێمکەکە پردەکات و پشتەملی خۆی پێ ئاوکوت دەکات و دەڵێ سوتام بابە! وەک نەخۆشییەکی سوتێنەری لە هەناویدا هەبێت و هیچ حەکیم و دکتۆرەک زەفەری پێ نەبەن. کۆمەڵێک تەرۆزی و کۆمەڵێک گندۆرەی لە پێشە خۆی داناوە. هەرچەندی لێی ورد دەبییەوە، ڕۆژگار ئاسەواری خۆی لەسەر روخساری جێهێشتووە، قەڵشەکانی دەستە لەرزۆکەکەی، شایەتی حەلاڵخۆریی بۆ دەدەن. دەرپێیەکی سپی لەبەردایە، شاقەلی کورتەکە ڕەشەکەی بەسەردا بەرداوەتەوە، کیسەتوتنێک و پەڕەسیغارەو چەرخ و دارجغارەی لەبەردەمی خۆی داناوە. سمێڵە سپیەکانی لەبەر دوکەڵی جغارەی، زەرد زەرد هەڵگەڕاون.

کوڕی کوێخای گوندی، بە سواری ئەسپی لەلای کەپرەکەی کابرای پیرەمێرد، پەیدابوو. سڵاوی کردو پیرەمێرد بە ئاماژەی دەستی فەرمووی دانیشتنی لێکرد، بەڵام ئەو گرنگی پێنەداو پرسیاری کرد ئەرێ ئەتۆ بڵێی ئەو مێگەلە مەڕە هی ماڵی حاجی عەولای بێت؟! پیرە پیاو هیچی لێ حاڵی نەبوو، فەرمووی تەرۆزی و گندۆرە خواردنی لێکرد، بەڵام ئەو هەر لەسەر دوو بیستی خۆی بوو، دووبارە پرسیاری کردەوە؟ پیرە پیاو وەک مێش میوانی نەبێت، تەنها سەری سەرسوڕمان و حاڵینەبوونی بۆ لەقاندو گوتی: عەسر لە مێژە بانگی داوە، بە سێبەری کەپرەکەمڕا دەزانم. کوڕەش پێ بە پێ دەنگی بەرزتر دەکردەوە. پیرەمێرد بێ ئەوەی نە لە پرسیارەکەی حاڵی بووبێت و نە پەی بە مەرامی نا شەریفانەی بردبێت، سەری بەڵێی بۆ لەقاندو ئەویش هەیهای لە ئەسپی کرد، بە تەقرەکوت بەرەو مێگەلە مەڕەکە ملی لێ نا.

ئایشەکوڕانی، گۆپاڵێکی کنێری ئەستووری لە درزی عەرزی چەقاندووە، کەڕکەکەی بەسەردا کردوەو لەبەر سێبەرەکەی ئانیشکی

دابـــوو. وەک ئەوە وابـــوو بۆرژابێـــت. لەگەڵ ڕمـــبەی ســـم و فـــڕمەی کونەلـــووتی ئەســـپەکەی، هەســـتایە ســـەر پـــێ و گـــورج کەڕکەکەی لەبەرکردو گۆپاڵەکەی بە دەستەوە گرت، وەک خۆ ئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرێـــک. هەر زوو هەســـتی بەوە کـــرد کـــوڕی کوێخـــا لەو هـــاتنەی، مەبەستی شەریفانەی نییە. پاش نوێژی عەسرێیە، سێبەری کەندەڵانان درێژبۆتەوەو خۆی ڕادەکێشێ. سڵاوی لە ئایشەکوڕانی کرد، تێکەڵاو بە هەندێک پرچک و پەلاری نائەخلاقی، وەک دەڵێن فیتەی حەرامزادەی لە دووڕا دیارە، بۆیە هەر زوو ئایشـەکوڕانی پێی گوت: ئەتۆ لە تەمەنی بـابی منی خـاوەنی ژن و منداڵی، مخـابن نە خـۆت دەناسـی نە منیشت وەک خـــۆم ناســـیوە! تکـــات لێـــدەکەم بە کوێـــدا هـــاتووی هەر بەوێـــدا بگەڕێیەوە، بەرلەوەی کار لە کار بترازێ! بەڵام کوڕی کوێخای، چونکە بە نیـازی گێچەڵ هـاتبوو، ئەو قسـانەی بە گوێدا نەچـوو، لە ئەسپەکەی دابەزی و خـــۆی لە ئایشـــەکوڕانی نزیـــک کـــردەوە، بەدەم دەســـتدرێژی کـــردن بـــۆ ســـینگ و مەمکـــانی، گـــوتی: ئەو کـــورتەک و شـــەڕوارە مرادخانییەت لە کوێ بەدوورین داوە؟ دەستی بەسەر گۆی مەمکەکانی داهێنـاو، هێندەی دیکە ئەسپی سەرشێتی هەوەسـی، هەسـتایەوە سـەر پاشوان!

ئایشـەکوڕانی، دەسـتەکانی کـوڕی کوێخـای لە خـۆی دوور کـردەوەو تفێکـی لێکـردو گـوتی: لای خـۆت وا بـێ گەورەی خێـڵ و دەوڕاسـتی گوندین، دەک داوەشێی!

ڕووی وەرگێڕا بۆ ئەوەی لێی دوور بکەوێتەوە، بەڵام کە پشتی کەوتە لای وی، ئەو نێـوقەدە باریـک و سـمت و سـاتەی هەریەک ڕوویـان لە لایەکی کردبیە، دەستێکی بەسـەر گرمتەی سمتی ئایشـەکوڕانی داهێنـا. ئەو کـردەیە، وەک گیزانێکـی تیـژ پەتـی ئـارامی ئایشـەکوڕانی پچڕانـدو ناچـار بـوو پارێزگـاری لە ئـابڕووی خـۆی بکـات. لە خـۆی ڕادەبینـی، دەیزانـی هەویـری کـوڕی کوێخـای ئەوەنـدە ئـاوەی نابـا، بەڵام ئەوەی ڕێگرە نایەوێت کێشە بۆ حاجی عەولای باوکی دروست بکات و بەرەو

ڕووی کوێخـای گونـدی بکـاتەوە. کـوڕی کوێخـاش ئەو خـاڵە لاوازەی قۆسـتبووەوە، بـۆیە دەسـتبەردارى نەدەبـوو، تـا گەیشـتە ئەو ڕادەیەی قابیلی دان بە خۆداگرتن نەبوو، ناچـار بـوو پەنـا بـۆ توانـاو دەستوقامی خۆی ببات، کلکی گۆپاڵی کنێری گرت و بە هەمـوو توانـای خـۆی کەوتە کوتانی. ئەوەندە بە ڕقەوە کەوتە وێزەی، دەرفەتی پێنەدا سـەر هەڵبێنێ. هەرای کردە سەگەکەی و دوو جار (دەی! کسکس!)ی لێکرد. سەگەکە لە پشترا دایهـاتێ، لایەکـی شـەڕواری درانـد. ئایشـەکوڕانی لەترسـی خـۆی، تاوەکو خوریشۆری نەکرد، دەستی لێ هەڵنەگرت، بە جۆرێک کەوڵی لە حاجەت کردبوو، لەسـەر قۆمەتە قەسـەلێک بەجێیهێشت. مێگەلە مـەڕەکەی بۆ نزیک مـاڵان قورەپێچ کرد. ئەو کاتەی ئێوارە مـێگەلەکەی لە هـەوێزێ ڕاگرت، بە دایکی گوت: بچـۆ کوێخـا ژنـێ ئاگـادار بکـەوە کوڕەکەتـان چ دەستدرێژییەکی کردووەو چی بەسـەرهاتووە، بڕۆن لەنێو پەڕێزی ئێمە بیهێننەوە! لە دوای ئەوەی هێنایانەوە، یەک مـانگی لە هیزەیـان گرت[1] تـا وەکـو چـاک بـووەوە. لە دوای ئەو تەمبێکـردنە، ئایشـەکوڕانی هەر بە جارەکێ ناوی دەرکرد، بوو بە ماسی بێ کێرد لە گوندی!

*

سـاڵێک و چەند مانگێک بەسـەر خـۆرگیرانەکەو لەدایکبـوونی عـومەری کوڕی حاجی عەوڵایدا تێپەڕبووە. ژنەکەی حاجی عەوڵای، لە دڵەڕاوکێ ئەوەی ڕزگـاری بـوو کە دەیگـوت عـومەر تاقـانەیەو بـرای پشـتێی نیـیە، خودا کوڕێکی دیکەی پێ بەخشی، ئەو کوڕەشیان ناو نا سەفەر، چـونکە حاجی عەولا لە کاتی لەدایکبوونی ئەو کوڕەیدا، لە سـەفەردا بـوو. ئێستا بـوون بە خێزانێکی نـۆ کەسـی، دایـک و بـاوک و دوو کـوڕو چـوار کـچ، دایکی حاجی عەوڵای.

---

[1]- لە هیزەیان گرت: هیزە: کەوڵی ئاژەڵی سپیانی وەک مەڕ و کاوڕ، دەیگرونێن و خۆشەی دەکەن، ڕۆنی زەنگی تێدەکەن. پێیدەگوترێ هیزەڕۆن. کاتێک یەکێک لە سواریی ئەسپ یان وڵاخ بەردەبێتەوە، یان لە شەڕدا لێی دەدرێ و لەشی تێک دەشکێ، ڕۆنی هیزەی لێ دەنێن بۆ ئەوەی لەشی نەرم بێتەوە. بەوە دەگوترێ لە هیزەیان گرت.

ڕۆژ بە ڕۆژ ئەرک و بەرپرسیاری ئایشەکۆڕانی قورستر دەبوو، سنووری دەسەلاتەکانی ساڵ لە دوای ساڵ، لەنێو خێزانەکەی، فراوانتر دەبوو، دەوری کوڕە گەورەی مالّی دەبینی. خاوەندارێی لە هەموو خوشک و براکانی دەکرد. بەڵێنی دابوو تاوەکو هەموو خوشکەکانی شوو نەکەن و براکانی گەورە نەبن و ژنیان بۆ نەهێنێ، دەستبەرداری براگەورەیەتی خێزانەکەیان نەبێت. دایک و باوکیشی، ڕەگەزو پایەکانی ئەو بەرپرسیارێتییەیان لە ئایشێدا دەبینی، بۆیە جڵەویان بۆ شل کردبوو بە کەیفی خۆی ئەسپی خۆی تاو بدات. ئەویش کەسایەتی خۆی لەنێو خێزان و لە گوندی، سەپاند بوو، مشووری هەموو شتێکی لەبەربوو.

ئەو ڕۆژە، مەلا حەمەدەمینە کوێرەی هێنابوو بۆ مالّی خۆیان، بۆ ئەوەی بیری ئاوێی بۆ لێبدا. مەلا حەمەدەمین هەردووک چاوی کوێرو نابینا بوو، دەموچاوی بە نەخۆشی خوڕووکە کونجڕ کونجڕ ببوو، دەیانگوت هەر بە منداڵی بە هۆی هەمان نەخۆشی خوڕووکە چاوەکانی لە دەستداوە...

مەلا حەمەدەمین، ٢٥ بەژنە زەلام بیری هەڵدەکەند. هەتا وەکو پاراوی دەکرد، لەسەرڕا شاورت شۆڕ کردبوایەوە، بە دیواری بیرەکەی نەدەکەوت، هێندە ڕێک و ڕاستی هەڵدەکەند. وەک ئەندازیارێکی کارامە بیری دەکۆڵا، لە توانای هیچ بیرلێدەرێکی چاوساغدا نەبوو ڕکابەری لەگەڵ بکات. پاراوێکی ئەوتۆی دەکرد، وا بە ئاسانی وشکی نەدەکرد. تایبەتمەندیی بیری چاک ئەوە بوو دەیانگوت مەلا حەمەدەمینە کوێرە کۆڵیویەو هەر ئەویش پاراوی کردووە! ئایشەکۆڕانی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵکی ئاوایی پرسوڕایان پێ دەکردو قسەی کەوتبوویە نێو قسان. ئەگەر یەکێک کاوڕە نێری بۆ بەران دیاری بکردبوایە، ڕای ئایشەکۆڕانی بە هەند وەردەگرت، چونکە ئەو دەیزانی کامە بەران ڕەسەنەو بێچووی باشی لێ بەپاش دەکەوێ!

هەر چاوی بە تووتکە سەگێک بکەوتبوایە دەیزانی دەبێتە گورگخنکێن

یان نا. حاجی عەولا، بە گەنجی زیارەتی مالی خودای کردبوو، هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە، باوکی ژنی بۆ هێنا بوو، بۆیە کۆزی هەراش بوو[1]. بەرلەوەی ئەو دوو کوڕەی یەک بە دوای یەکدا بێنە ژیان، ژنەکەی دایمەی خوا دەستی لەسەر دلی بوو، نەبادا حاجی عەولا بە پاساوی ئەوەی کە کوڕیان نابێت، ژنێی بەسەر بێنێ، بەلام لە دوای ئەوەی بوون بە خاوەنی دوو کوڕ، ئەو خەمەی لە دلی نەما، هەموو جارێ لەنێو ژنانی ئاواییدا دەیگوت: ئەو منداڵانە هێندە بەسەریەکدا بوون، جاری وا هەبوو هەردووکم ڕاست و چەپ لە یەک لانکەیدا خەواندوون، هەریەکەیان سەریان لە لایەک بووە. بۆ مالداری، ژنێکی وەک شێرو شەپاڵ وا بوو، هێندەی بڵێی یەک و دوو گیسکی سەر دەبڕی و قولابی لە هەردوو ڕەفیسکی دەداو بە قونکە کاریتەی گوێسوانەی بانی هەڵدەواسی، وەک هەڵۆی دەکەوتە گیانی. ئەگەر بۆ کوندە پێویستی بە کەوڵەکەی بوایە، ئەوا دەیگرویی، ئەگەرنا کەوڵی لەسەر دادەمالی. ئەگەر ئاژەڵی سپیانی وەک بەران و مەڕو کاوڕی سەر ببڕیبوایە، کەوڵەکەی دەگروی و دەیکرد بە مەشکەو دۆدان و هەمبانەو هیزەی ڕۆنی زەنگ.

نانی بۆ ئەو خێزانە قەوغەیە دروست دەکرد. سەرەڕای چێشت و میواندداری، سبەینان بەرلەوەی تیشکی خۆر سەربانی خانووەکانی گوندی ڕابمووسێ، ئەو، بەرەنانێکی تەندووری کردبوو، هەرمیشک و ناسکەنانی لەسەر سەبەتەی هەڵمی لێ هەڵدەستا. ئەو خێزانە وەک کووڕەی هەنگ، هەریەکەو بە کارێکەوە سەرقاڵ بوون.

حاجی عەولا، یەک لەو پیاوانە بوو وەک نیعمەتێکی خودایی دابارییووە سەر گوندەکەیان، خێرو بەرەکەت بوو بۆ گوندەکەیان، هەرکەس وەک پشتیوانێک بۆ خۆی دەیبینی. لە پاکیدا بنەچەی دەچۆوە

---

[1]- کۆزی هەراش بوو: کەسێک، منداڵەکانی گەورە و هەراش بن و لە خەم ڕەخسابن. کۆز: شوێنێکی تایبەت و کاتییە بۆ کار و بەرخی تازەبوو (ساوا) دروست دەکرێ، تا لەوێ فێری گیاخواردن ببن و لە شیری داکیان ببڕنەوە.

سەر جنسی ئاو، لە میهرەبانیدا بۆنی دایکی دەدا، لە برسیەتیدا تامی نان! هەرکەسێک بۆ حاجەتێک، یارمەتییەک، ڕووی تێدەکرد، دەستی بە ڕوویەوە نەدەناو هەرگیز بە نائومێدی بەڕێی نەدەکرد. بۆیە لە گوندی، بەرلەوەی زیارەتی ماڵی خودا بکات و ببێت بە حاجی، پێیان دەگوت عەوڵای حاجەتان! هێندە بە کەڵک و دەست و دڵ ئاواڵە بوو، زۆرجار لە کاتی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کەسێک، یان بۆ مزگەوت، یان بۆ کێڵی گۆڕستانی، یان هەر کۆمەکێکی دیکە، ئەگەر حاجی عەوڵا ئامادەش نەبوایە، زۆر کەسی وا هەبوون، هێندەیان لە حاجی عەوڵای ڕادەبینی، بە کەیفی خۆیان بەشی حاجی عەوڵایان دیاری دەکردو هەر پارەکەشیان لە جیاتی دەدا، چونکە کێشەیان لە وەرگرتنەوەی نەبوو. هەموو خەڵکی ئاوایی ئازاد کردبوو، هەر باریکی بخەنە سەر شانی، بێ سێ و دوو جێبەجێی دەکات و هەڵیدەگرێ. ڕۆژێک بەر لە جەژن، تەداروکاتی جەژنەی چۆن بۆ ماڵی خۆیان دەکڕی، ئاواش بۆ چەند ماڵێکی نەدارو بێسەرپەرشت دابین دەکرد. بێوەژنە نیازمەندەکان کە سەرداری ماڵەکانیان لەدەست دابوو، بێسەرپەرشت مابوونەوە، دەستیان بە یەخەی کراسەکانیانەوە دەگرت و ڕایاندەتەکاندو ڕوویان لە ئاسمانێ دەکرد وەک ئەوەی خودا بدوێنن، لەبەری دەپارانەوە: ئۆی حاجی عەوڵا چەندەت لێ ڕازینە، خودا سەد هێندەت لێ ڕازی بێت! خوا ماڵت ئاوەدان بکات وەکو ماڵی ئێمەت ئاوەدان کردەوە، خودا سەد هێندەت بەسەردا ببارێنێ، ڕەببی خودا لە قەدەر دڵی خۆتت بداتێ، ئێسکت بە ئاگری جەحەنەمێ نەسووتێ! حاجی عەوڵا هەمیشە سێبەری شابالی بەزەیی و بەخشندەیی بەسەر هەژاراندا دەکێشا، بە پێچەوانەی ئەوانەی هەر بۆ خۆیان دەژیان!

*

بەری ئێوارەیە، شوان و گاوانی گوندی هێدی هێدی ورساتیان[1]

[1]- ورسات: ولسات، مەرو مالات، ئاژەل، زیندەواری مالی.

هێناوەتەوە دەوروبەری ئاوایی. هەرکاتێک لە گوندی، غەوغاو هەنگامەو خرۆشان پەیدادەبوو، یەک لەو چەندان پێشبینییانەی بۆ هۆکاری ئەو هەنگامەیە دەیانکرد، هاتنی ساڵەی حەمەد ئۆمەری بوو بۆ گوندی. ئاخر ساڵە هەر لەو شوان و گاوان و خەڵکەی لەسەر ڕێگا تووشیان دەبوو تاوەکو خەڵکی ئاوایی، هەمووی جنێوباران دەکرد. ئەوانیش بە هەمان شێوە ساڵەیان جنێوباران دەکردەوە. بۆ خۆی هەموو جارێک دەیگوت خوانەخواستە ئەگەر ڕۆژێک کەس پێم نەڵێ: دایکەکەت بگێم ساڵە! ئەو شەوە خەوم لێ ناکەوێ! بوێمە نادر قەردار. نادریش ئەو شەوەی قەرزاری کەس نەبێت، خەوی لێ ناکەوێ، هەتا زیاتر قەردار بێت، خەوی خۆشترە! ساڵە، مااڵی کەوتبووبە بەرڕێێ. ئەو ڕۆژە بە مەبەستی ئەوە هاتبووبە گوندی بۆ ئەوەی گەردنی خۆی بە خەڵکی ئاوایی ئازاد بکات، چونکە دەچوو بۆ مااڵی خوداو بەجێهێنانی فەریزەی حەج. مەلای گوندی و چەند ڕیشسپیەک بە ساڵەیان دەگوت، یاخوا حەجت قەبووڵ بێت، گەردنت خۆش و ئازاد بێت لە ڕۆژ بازاڕی قیامەتێ، ئەوجا بەسیەتی، دەبی بە حاجی و کەشیدەی زەرد دەبەستی، دەبێت ئەو جنێوانەش تەرک بکەی! ساڵەش جگەرەیەکی داگیرساندو دۆژ دامابوو بەرامبەر ئەو داواکارییە سەختەی ڕیشسپیەکان. پووشکەی لە عەرزی وەردەدا، وەک لە بەرامبەر داواکارییکی ئاستەم کەوتبووبە بن بارەکی خەمان. لە ناکاو مژێکی قوواڵی لە جگەرەکەی داو بە پەنجەی شادەی سۆتووەکەی تەکاند. لەو کاتەی هەموان چاوەڕوانی وەاڵمی ساڵەی بوون، سەری بەرز کردەوەو دوکەڵی جگەرەکەو ئینشائەڵاڵایەک بە تێکئاڵاوی لە زاری هاتنەدەرێ و گوتی: هەموو هەوڵی خۆم دەدەم ئەو جنێوانە تەرک بکەم، بەاڵم مامۆستا، خزمینە، ئەمن ڕۆژی سێ پاکەت جگەرەی دەکێشم بەو قورعانەی لە سینگی مامۆستایدایە، قەسەم بە خوای جگەرە تەرککردنم پێ ئاسانترە لە جنێو تەرککردنێ، ئێ کاکە هەرکەسەو بە ئیشی خۆی، هەوکە نادر قەردار دەتوانێ واز لە قەرزان بێنێ؟ حاجی عەولا دەتوانێ واز لە

چاکەکاری بێنێ؟! هەتاوەکو ئەمنیش واز لە شەڕەجنێوان بێنم؟ نالێن خووی شیری هەتا پیری؟!، بەو مەککەی بە نیازم تەوافی بکەم، ژن هەیە لەسەر دیواری حەساری خۆی هەڵدەکێشێ و دەڵێ: دایکت دەگێم ساڵە، ئەگەر ئەو جنێوەم پێ نەدات ژان دەیگرێ! ساڵە دەیگوت خزمینە ئەمن یەک کەسم دەچمە هەر گوندێکی دەوروبەر بە ژن و پیاوەوە جنێوبارانم دەکەن، ئەمن لەو شەڕەجنێوەی تەنها لەگەڵ مانگی ئەسعەدە لاڵی قازانجمە، ئەوان نۆ خوشک و برانن، هەموویان لاڵن و زمانیان دەیگرێ و تێکدەئاڵقێ، خۆ ئەگەر تووڕەش بن، ئەوە هەر باسی مەکە، یەک قسەشیان بۆ لەفز ناکرێ. وەک دارکونکەرەی، قسەکەی دەکوتنەوە و دەکوتنەوە دەکوتنەوە. هەتا دەڵێن ساڵە، هەزار جارم دەکەن بە سەا! ئەگەر بڵێن تایەر، وەک مەکینەی کرۆب و لیستەر ئیش بکات: ت ت ت ت، هەر چەند تەکانی خۆیان دەدەن، باقی ناوەکەیان نایەتە دەرێ. ساڵە، هەر لە دووڕەوە کە ئەسعەدە لاڵ و خوشک و براکانی دەبینێ بە یەکەوە وەستاون، دەستی بەرز دەکاتەوە لە جیاتی سڵاوکردن، پەنجەی شادەی وەک کەوچکی چای دەسووڕێنێ، لەگەڵیشیدا فیتوویکی درێژ دەکێشێ. ئەوان لە فیتووی حەرامزادە حاڵی دەبن و دەزانن یانی دایکی هەمووتان بگێم! بۆیە دەکەونە خرۆشان و دەستکردنەوەو هەموو پێکەوە دەست پێدەکەن: ددددد دەیانوێ بە ساڵەی بڵێن دایکت دەگێین! لێ مخابن، جنێوەکەیان بۆ تەواو نەدەکراو (دا)یەکەیان لە زاری بۆ نەدەهاتە دەرێ. باقی ڕستەکە، وەک زێروو بە مەڵاشوویانەوە دەنووسا. ساڵەش بۆ ئەوەی زیاتر دەهرییان بکات و زمانیان زیاتر بگیرێ، دەیگوت: خزمینە ئەگەر لە حەجێ گەڕامەوە هەموو قسەکانی ماڵی ئەسعەدە لاڵم بۆ بگێڕنەوە بۆ ئەوەی بزانم بە تەمان چ گوێێک بخۆن.

مەنیج بێوەژن، ژنێکی تەڕو بڕ بوو، تاقە یەک منداڵی نۆ ساڵانی هەبوو، مەنیج بە زمانی گلەیی بە ساڵەی گوت: کوڕەکەم هاتوتەوە لە ماڵێ گریاوە پێمگوتووە بۆچی دەگرییێ؟ دەڵێ: دایە گیان مام ساڵە

لەگەڵ هەموو خەڵکی ئاوایی سوعبەت و جەفەنگی دەکاو شەڕەجنێوی هەیە، تەنها لەگەڵ منـدا کەملـوتفەو جنێوبـازی ناکـات! سـاڵەش وەک گەنجی قاڕوونی دیبێتەوە، دەیگوت: دەک بە لەعنەت بیت شەیتان، ئەوە ئەتۆ بەو بەرەبەری چوونە حەجەم ئەوە بە مـن دەڵێی! دەستم بشکێ زمـانم لاڵ بیت، ئەمـن چۆن بەوەم نەزانیـوە! ئـاخر ئەو کـوڕەی تـۆ لە تەواوی ئـۆمەتی مـحەمەدی مسـتەهەقترە، چـونکە بـاوکی نەمـاوەو پێویستی بە دەست بەسەرداهێنان هەیە! کە چوویتەوە بە کوڕەکەت بڵێ یەک جار پێم بڵێ دایکت دەگێم مامە ساڵە، ئەوجا بۆ منی لێکەڕێ چۆن دایکـی تەڕ دەکەمەوە! بەڵـێن بێـت نـاوی دەخەمە سـەرەوەی لیسـتی جنێودەران!

*

سـاڵ لە دوای سـاڵ، ئایشـەکوڕانی هەتـا دەهـات ئەرکەکـانی قورسـتر دەبـوون، ئەسـتەم بـوو بە هەموویـان ڕابگـات. سـەرەڕای ئیشـوکاری ڕۆژانەی، لە پەروەردەکردن و بەسەرڕاگەیشتنی خوشک و براکانیشدا نەخشـی بەرچـاوی هەبـوو. بەکـورتی، بە تێپەڕبـوونی سـاڵەکان، زیـاتر دەبوو بە خەمکی خەمـان. بەو هـۆیەوە حـاجی عەولاّ کەوتبـوویە خەمـی پەیداکردنی شوان و ڕێنجبەر، لە ئەنجامدا، ئەسعەدە لاڵی کرد بە شـوان بە شەرتی دوازدە مانگان. ئەسعەدە لاڵ شوانێکی لێزان بـوو، بانانەوەو بەسەرکردنەوەشی دەزانی، بۆیە مووچەو بەراتی شـەرتی شـوانییەکەی لە شوانەکانی دیکە جیاوازو زیاتر بوو. چونکە دەیانگۆتێ پسپۆڕە.[1]

چەرخ و خـولی گەردوون، پەکـی خـۆی لەسـەر کەس ناخـات، زەمەن وەک شەپۆلی زێی خوڕ هەدا ناداو داناسەکنێ. سـاڵ و وەرزو مانگ بێ

---

[1]- پسپۆڕ: شارەزا، خەبیر. ئەو زاراوەیە، لە زۆر بواری ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێ، وەک: ئەدەب، هونەر، پیشەگەری، کارو کەسابەت و... لێرەدا بەو کەسانە یان بەو شوانانە دەگوترا کە شارەزاییی باشیان لە بەخێوکردن و ئیدارەدانی حەیوانی وردەدا هەیە و مەڕو بزننناسن. شوانی شارەزا و کارامە، دەبێ دانە بەدانەی مەڕ و بزنی نێو ڕانەمەڕەکەی بناسێتەوە. ئێواران، ئەگەر مەڕ یان بزنێک دیار نەبوو، بزانێت کامەیانە دیارنیە و نەهاتۆتەوە.

پسانەوە دێن و دەڕۆن و دەبن بە ڕابردوو. ڕۆژەکان وەک دەنکە تەسبیحی تەهلیلەی ئیمانداران، یەک بە دوای یەکدا هەڵدەوەرن. ئێستا هەر دەڵێی دوێنێیە، نۆ ساڵ بەسەر خۆرگیرانەکەدا تێپەڕیوە، عومەری حاجی عەولای لە خۆشەویستییان بە عومە بانگی دەکەن، دوو ساڵە نراوەتە بەرخوێندن لە قوتابخانەی گوندەکەیان. یەک لە قوتابییە هەرێ زیرەکەکانە. ئایشەکوڕانیی خوشکی، فێری ئەسپسواریشی کردووە وەک پەلیکی[1] خۆی هەڵدەداتە سەر پشتی ئەسپی. ئەوەندە جاقی و مەعلان بووە، وەک ئەسپسوارێکی بە ئەزموون لەگەڵ ئەسپەکان هەڵسوکەوت دەکات.

ئەو ئیشوکارانەی لە قەدەر توانای جەستەی ئەودان، سەرەڕای خوێندنەکەی، ئەنجامیان دەدات. عومەر لە ناو خێزانێک سەری وەدەرناوە لە هەر هەموویان فێر دەبێت و پەروەردە دەبێت. لە چوونە بەر بەرخ و کارانڕا، بگرە هەتاوەکو هێستر ئاودان و قەل و قاز بەخودانکردن، بێ تەقسیر دەیانکات. لە خۆ بە بەرپرسیار دیتن، پێش تەمەنی خۆی کەوتبوو. خەڵکی گوندی دەیانگوت: ڕاستە کە دەڵێن گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە! کتومت عەولای حاجەتان. حەوێز، برا گچکەی حاجی عەولای بوو، هێشتا ژنی نەهێنا بوو، کەس ئامادە نەبوو ژنی بداتێ، چونکە کچەکەی بەدبەخت دەبوو، دەبوایە زاواکەشی لەگەڵ بەختێو بکات. حەوێز، دروست بە پێچەوانەی عەولای حاجەتان. حاجی عەولا کە هەمیشە حەزی لە نانی دەستی خۆی بوو، حەوێزیش چاوی لە بەلاشخۆری بوو. حاجی عەولای برای، چەندان کچی بۆ داخوازی

---

[1]- پەلیک: داریک یان پەلەدارێکە منداڵان یاریی پێدەکەن. جا هەرکەسێک خۆشڕۆ و چوست و چالاک و لەشسووک بێ، پێیدەڵێن وەک پەلیکی هەڵدەسووڕێ یان دەڵێن: دەڵێی هەلووکە!... لە یاریی هەلووکێتدا، دوو دار هەیە: دارهەلووک: ئەو داردەستەیە کە مەترێک یان تۆزێک زیاتر درێژەو پێ لە پەلیک (هەلووک) دەدرێ و هەڵیدەبەزێنێتەوە. هەلووک: ئەو پەلیک یان پەلەدارەیە کە نزیکەی بستو نیوێک درێژە، لەکاتی یاریدا لەسەر بەردێک دادەنرێ بەجۆرێک کە لایەکی تۆزێک بەرز بێ بۆ لێدان. یاریی هەلووکێن، زیاتر منداڵان دەیکەن.

کرد، بەڵام هەر هەموویان ڕەتیان دەکردەوەو کەس ئامادە نەبوو کچی خۆی بداتە حەوێزی. هەتا زۆر لە کچەکان دەیانگوت توخوا ئەوە پیاوە، بەوەش دەڵێن زەلام؟! بەخوای نەک مێردی پێ بکەم، تەنانەت دەرپێی پێ لە خمی نادەم! بەخوای مخابن هەموو پیاوەک مارەیی ژنێی لێ بێت! دەیانگوت ڕاستە بۆ حاجی عەولایە، بەڵام هەر خوایان یەکە! کەس باوەڕ ناکات ئەوانە لە یەک داک و بابی بن. نەک هەر برا، پێناچێ بە حەوت هەوێرەئاوان بگەنەوە یەک! پێشینان ڕاستیان گوتووە: مریشک هێلکەش دەکاو جیقنەش دەکات! باوکی کچەکان دەیانگوت تەنها بۆ حەوێزی نەبێت، دەستت وەبەردەستی نادەین، بە خۆت خاوەنی کچەکانمانی دەیدەیت بە کێ. ئاخر حەوێز عەمەلمەندەیەو تەوەزەلە، ژنی پێ بەخێو ناکرێ و حەزی لە قوون دەرکانەو بە مااڵی خۆی ناکەوێتەوە، بەخوای ژنیشی بۆ بێنی بەجێی دەهێڵێ و دەچێتە گەڕانێ!

حەوێز، ئەو کاتانەی جەنگەی کارو کەسابەتی گوندییەکان بوو، نێوە نێوە خۆی ون دەکردو بەلایەکدا دەڕۆیشت، بێ ئەوەی کەسێک سۆراخی بزانێ و بێنوێکی بۆ ئەو ڕۆیشتنەی هەبێ. لە دوای دوو بۆ سێ مانگ لە ناکاو پەیدا دەبووەوە. لەگەڵ ئەوەی لەم وەرزەدا مااڵی خۆیان ئەوەندە پڕئیش بوون، دەستی کاریان لەچاو کارەکانیان کەم بوو. شوان و سەپان و جووتیاریان بە ڕێنجبەر دەگرت. لە کات و حاڵەتی وادا، حاجی عەولا زەلامی لە داری دەتراشی[1]! ئەوەندەی پێویست پێی بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، حەوێز ئامادە نەبوو هیچ بەرپرسیارییەتی هەڵبگرێ و کارێک بخاتە ئەستۆی خۆی، پشتڕەق و دەستەوەستان دەرچووبوو، گەڵۆرانە دەسووڕایەوەو هەموو مااڵێکی پێ لە مااڵی خۆیان خۆشتر بوو، مەگەر کەس بەخۆی نەگرتبایە، ئەگەرنا کەم وا هەبوو ڕێی بکەوێتە مااڵی خۆیان.

حاجی عەولا بە خاوخێزانەوە لەبەر ئەو گەرما تاقەتپڕووکێنە لەبەر

---

[1]- زەلامی لە داری دەتراشی: ئاماژەیە بە ئەوپەری پێویستی و موحتاجی کەسێک، بۆ کەسێک کە لە ئیشکردندا کاریان لەگەڵ بکات و یارمەتییان بدات.

بێری بوون، خەریکی مەڕدۆشین بوون، ئایشەکوڕانی سەربێری گرتبوو، دایکی و خوشکێکی هەریەک لە بەرێک مەڕیان دەدۆشی. حاجی عەولاو ئەسعەدە لاڵی شوانیان مەڕیان لێدەخوڕی، بە دوای ئەو مەڕو بزنانەدا ڕایاندەکرد کە لە ڕیزێ دەردەچوون، بۆ ئەوەی نەیاندۆشن. لەنێو سەرابی هەڵچووی ئەو گەرمایە، تارمایی مرۆڤێک لەسەر بستووی چاکی بەرمالان پەیدابوو، هەریەکەیان دەستیان دەدایە سەر چاویان بۆ ئەوەی نیگایان چڕ بکەنەوە، تاوەکو ئەو کەسە بناسن و بزانن کێیە. هەریەکەو ناوێکیان هەڵدەدا: - موحسینە شێتە، - سمەی دەستگێڕە، - نا جەڵەبکڕە...

هەتا وەکو لێیان نزیکتر دەبووەوە بۆیان دیاردەکەوت، نەخێر ئەوانە هیچیان نین. لەناکاو ئەسعەدەلاڵی شوان گوتی: حەحەحەحە... ئەو واو و یێ و زێی دوایی بۆ گۆ نەکرا بۆ ئەوەی بڵێ حەوێزە. تەواو نزیک ببووەوە وشەی حەوێزی هەر بۆ نەگوتراو لە حەی بەسەرنەکەوت! ئایشەکوڕانی، بۆی تەواوکرد: کاک ئەسعەد ڕاست دەکات، مامم حەوێزە. ناسینەوەکەی بە ناوی ئەسعەدییەوە تۆمارکرد. ئەویش زەردەیەکی هاتێ کە بەر لە هەمووان حەوێزی ناسی. حاجی عەولا هەر پیشی دەخواردەوەو ئەڕقومی نەدەکرد، بەڵام بە ئاشکرا پێیەوە دیاربوو، خەنجەرت لێدابوایە پشکەخوێنێکی لێنەدەهات، چونکە ئەو سێ مانگەی ونبوونی حەوێزی، لەو کاتە هەستیارەی پڕئیشیدا، وێرانی کردبوو. هێندەی لێ لەزگی نابوو، لە خوای دەویست بکەوێتە بەر چەنگانی. ئەو جارەیان بەدەر لە جارەکانی دیکە، وەک دەڵێن ئاوی گەیشتبووە ئێسکان!

حەوێز گەیشتە لای سەربێرێ و سڵاوێکی خەجاڵەتبارانەی کرد، سڵاوەکەیان لێ وەرگرتەوەو ماندوو نەبوونیان لێکرد، بەس حاجی عەولا، وەکو ورچی بریندار بڵمەیەکی لەبەرخۆیەوە لێ هات، کەس لەو بڵمەیەی حاڵی نەبوو.

ئایشەکوڕانی، بینی مامی حەوێز زاری وشک بووەو خەریکە لە تینوان

تەریفە دەبێت، کەفی لە لالێوی وشک بۆتەوە، بە خوشکە بچووکەکەی گوت: غاردە بڕۆ لە کوندەڵانی جامێک ئاوی شەوی لە کوندەی بۆ مامم بێنە. ئاوەکەیان بۆ حەوێزی هێنا، دەمی بە لێوی جامە فافۆنەکەیەوە نا هەتا وەکو قۆڕەی لێبڕی و هەناسەیەکی هاتەوەبەرو مجێزی قسانی بزووت.

حەوێز، بۆ ئەوەی حاجی عەولای براگەورەی هێور بکاتەوەو پاساوێک بۆ ونبوون و خۆدزینەوەکەی لە کارو کەسابەتی مالی خۆیان، پەنای بردە بەر ڕووداوێکی هەڵبەستراوی خوێناوی و چیرۆکێکی ئەوتۆ، مایەی گوێ لێگرتن و بەزەیی بێت. نەغمەی قسەکانی پڕ بوو لە پەشیمانی لەو کارەی لە دەستی قەوماوەو ناچار کراوە دەست بۆ کوشتن ببات و دەستی پێکرد.

هەرچەندە حاجی عەولا، مالی خۆی دەناسی و نەیدەویست گوێ بۆ ئەو قسە تەڕاوزانە بگرێ و دووری لێدەکرد، بۆ ئەوەی قسەکانی ببڕێ و زیاتر بەنێو درۆیان نەکەوێ، جار جار گۆپاڵێکی لەو مەڕو بزنانە ڕادەکێشاو بە دەنگێکی بەرز دەیگوت: هڕڕە! یخخە! بەڵام حەوێز هۆشی یارمەتی نەدا بۆ ئەوەی بەردێکی لەسەر دابنێ و بیبڕێتەوە. وەک بەرخەمێشکە هەر بە دوای حاجی عەولاوە بوو بۆ ئەوەی گوێبیستی چیرۆکەکەی خۆی بکات، بە ئومێدی ئەوەی ببێتە جێگای سەرنج و گرنگپێدانی کاکی.

حەوێز گوتی: بە سی جزمەی قورعانی و بە گۆڕی پێغەمبەری و بەسەری ئەو کاکم عەولایەی، کوتان لۆ دەگێڕمەوە ئەوهایە، خودا هەردوو چاوم مجرۆ بکا درۆی ناکەم، ئەمن هەر کە لە مالی دەرکەوتم، سێ مانگ پێش ئێستا بە نیاز بووم لە دوو ڕۆژم زیاتر پێ نەچێت، چونکە باوکی برادەرێکم ئەمری خوای بەجێ گەیاندبوو، مالیان لە گۆگجەلی سەر ڕێی موسڵێیە، بە نیاز بووم بچمە تازیەی باوکی برادەرەکەم و ڕۆژی دوایی بگەڕێمەوە، ئاخر ڕاستە کە دەڵێن چوون بە دەستە خۆتە، بەڵام هاتنەوە بە دەستی تۆ نییە. لە ڕێگا هەر لە کەڵەکێ

یاسین ئاغای تێپەڕین، لە بن مالّی گۆگجەلی ئاوا چەند گوریسێکمان مابوو تورمبێلەکەمان شکا، ناچار بووین بە پیادە بچینە گوندی. لە بن دیواری یەکەم خانووی گوندی گۆگجەلی، سێ کەس لێم ئەولا ئەولا بوون، بابۆلّەی باسکیان دەتگوت پالّەوانن. ملیان، سەد سوومدت دەخوارد قونکە هەوجارە، هەرچەندی لە بەریان پاڕامەوە ڕێگام بەردەن بێ فایدە بوو، گوتم: پێم نالّێن ئێوە چ خوێنێکتان لە زگی منداید؟ نەدیتی و نەناسی خوا هەڵناگرێ گێچەڵم پێدەکەن. یەکێکیان خەنجەرێکی دەبانی جەوهەرداری بە ڕووتی بە دەستەوەبوو، خوا عالیمە زرێی هەڵدەگرت! لێم هاتەپێش و گوتی: چۆن ناتناسین ئەتۆ بۆ حاجی عەولّای حاجەتانی، جنێوێکی پیسیشی بە تۆداو گوتی: دەست بکەوە نەڵێی بە دزیدە! هەرکە جنێوی بە کاکم دا چاوم تاریک بوو، چاوم فڕ عەرزی نەبینی، وەک دەڵێن شەڕو تڕ بەدەست پیاوی نییە، مووی سەرم وەک سۆزنی ڕەق ڕاوەستا. لە حەیفان لەبەرخۆمەوە دەمگوت: ئەگەر جنێویان بە خۆم بدابوایە قەیناکا، بەڵام کاکم هی جنێو پێدانێ نییە. هەر نەمکردە نامەردی هەرمکێشا خەنجەرێ لینگم دانێ چاوم دابویە ئەوەی جنێوەکانی بە کاکم دا، گوتم: دەستبکەوە برا گچکەی حاجی عەولّای حاجەتانت گەیشتە سەرێ! دایگژامێ دامە بەرخەنجەران، نە یەک و نە دوو ڕیخەڵۆکم بە گۆڕێ وەرکرد. هەرچەند خەنجەری لێمدەدا لەنێو برینم دەلەقاندو خوێن کوفارەی دەکرد! دوو کەسەکەی دیکە بۆم هاتن، وەکو گورگی نێو میگەلان تێیان کەوتم، هەردووکیانم کەلو کرۆم کرد، لێم نەبێتە درۆ بە فەلان و غەیرەدینان دەچوون، چونکە ئەوەی جەنازەی کەوتبوو پەلە دەولکەکەی فەلانی لە ملی بوو. باوەڕت بێت ئەو نێوە دەتگوت غەزای بەدرو حونەینی لێکراوە، هێندە خوێن لێڕژابوو! ئەمن وامزانی هەرسێکم کوشتوون، چونکە جوولەیان لێبڕابوو، لە فکری ئەوەدا بووم هەڵێم و خۆم دەرباز بکەم، هەر ئەوەندەم زانی پۆلیس دەوریان گرتم، لوولەی چەکەکانیان لەسەر سەرم دانا، هەر زوو هەردوو دەستیان کەلەپچە کردم و خەنجەرە بە

خوێنەکەیان لێ وەرگرتم، خستمیانە ناو قەفەزی ترومبێلی. هەتا وەکو حەپسخانەی موسڵێ ڕاگیریان نەکردم. لە دوای سێ مانگان ئەوە ئێستا توانیم لە حەپسخانە ڕابکەم و خۆم بگەیەنمەوە لای ئێوە.

حاجی عەولا، هەتا وەکو ئەو سێسەد سەر مەڕە دۆشراو حەوێز لە داستانەکەی تەواوبوو، لێوی خۆی دەکرۆشت و هەناسەی بە لووتی دەخواردەوەو دەیمشاندو پیشی دەخواردەوە. لە جیاتی بڵێ ئێی حەوێز! هێندە دەهری بوو، لە ڕقان گۆپاڵی لە مەڕەکان دەداو تێپڕادەخوڕین، دەیویست کوڵی دڵی خۆی کە لە حەوێزی هەبوو، بە مەڕەکانی بڕێژێ. ئاخر دەیزانی حەوێزی برای دەسەڵاتی ئەوەی نییە مریشکێکی لە ئاو بکات، چجای زەلام کوشتن و بریندارکردن. خۆشاردنەوەکەی لە ئیشوکار، چەندە حاجی عەولای دەهری کردبوو، دە هێندە بە درۆکانی ناڕەحەت بوو. خۆی دەخواردەوەو لە ناخەوە دەکولا. ئاخر چەند ساڵە ددانی ڕق لەسەر جەرگی ڕەشبووی خۆی دادەگرێ، بەڵام ئێستا لە ڕووی حەوێزیدا، ئان و ساتی تەقینەوەیەتی. ڕستە بە ڕستەی درۆکانی حەوێزی وەک ئەوە وابوو حاجی عەولای قورمیش بکات، لە سەروەختی ئەوەیدایە دەستی لێ ڕاست بکاتەوە!

حاجی عەولا، چیدی خۆی پێ بەرزەفت نەکراو لەناکاو وەکو بورکان تەقییەوە، کلکی گۆپاڵی گرت و وەرگەڕایە حەوێزی، نە گۆپاڵێک و نە دووان، گۆپاڵکوتی کرد، لەگەڵ هەر گۆپاڵێک دەیگوت: چما کردوومتە ساحێب دوژمنیش و نەمزانیوە، هەی قاتیل! چما لە دەست یاساش ڕاتکردووە؟! حاجیژن هاواری کرد، بەسە لێگەڕێ کافر کوشتت! حاجی عەولا دەیگوت: لێمگەڕێن ئاخر یەکێک ئەو هەموو کوشتارەی کردبێت، هەر بۆئەوەی دەبێ بیکوژی! دەبێت بەدەستی خۆم بیدەمە دەستی یاسای، هەی پیاوکوژ! ئەو بەئاشکرا ئەو قەتل و قیتالەی کردییە، دەبێت بە دزی چەند منداڵی هەتیو کردبێت و چەند ژنی کردۆتە بێوەژن! حاجی عەولا بەتەوسەوە ئەو قسانەی دەکرد، دەیزانی حەوێزی برای هیچی لە باراندا نییەو بە مریشکە کورکێکیش ناوێرێ! زۆر جار

دەیگوت: حەوێزی برام قوزەچێرە! لێیان دەپرسی: حاجی عەولا لەو هەموو شتەی، بۆ بە قوزەچێری دەچووێنی؟ حاجی عەولا دەیگوت: چێر شیرەکەی دەکرێ بە ماست و پەنیر، گۆشتەکەی دەخورێ، پێستەکەی دەکرێ بە پێڵاو، ڕیخۆڵەی دەکرێ بە سیرمەو هەتتا ڕیخەکەشی دەکرێت بە سەرگین و تەپاڵە بۆ ئاگرو دوی، ئەوەی بە کەڵک هیچ نایەت قوزەکەیەتی، حەوێزیش هێندە بێکەڵکە بۆیە قوزەچێر پڕ بە پێستی خۆیەتی!

حەوێز لە دوای ئەوەی ماوەیەک غەزری و مانی لە ئیشێ گرت، تەنانەت هێسترێکی ئاو نەدەداو ئالیکی کەرێکی نەدەدا، مەبەستی نانی بێ ئارەقەو ماندووبوون بوو. لە کۆتاییشدا ڕۆیشت بۆ شاری و، لە تەکیەی یەکێک لە شێخەکانی تەریقەت، شوێنی شیاوی خۆی دۆزیەوەو بوو بە بەلاشخۆری بەرسێبەرێ، ئیدی ئیستا و ئێستاش نەگەڕایەوە. هەرچەندی خەڵک بە حاجی عەولایان دەگوت حەوێزی بێنەوە، دەیگوت: تازە فێری نانی خووساو بووە، نایەتەوە لێیگەڕێن، مەنجەڵ خلۆربیتەوە دەرخۆنەی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەوجا سەگ لە قەسابخانەی نەتۆپێ، عومری بە زایە دەڕوات!

٢

کۆتـایی سـاڵی خوێنـدن بـوو، عـومەری حـاجی عەوڵای، لە قۆنـاغی خوێندنی سەرەتایی، زۆربەی پۆلەکانی بێ تاقیکردنەوە بڕی، چونکە بە هۆی ئەو بەهرەیەی هەیبوو لە تاقیکردنەوەکان دەبەخشرا، بۆیە، ببووە جێگای بایەخی حاجی عەوڵای باوکی و مامۆستاکانی.

عـومەر بـۆ بەشـداری لە تـاقیکردنەوەی بەکەلـۆری بە نمـرەی نایـاب قەبـوڵ کـرا، بـۆ تـاقیکردنەوەی بەکەلـۆری دەبـوایە بچـن بـۆ شـاری هەولێـر. بـۆ پشـووودان و خەوتـن و سـەعیکردن، قوتابخـانەی (ئیـبن خەلەکان)یان بۆ دیاری کردن. قوتابی پازدە گوندان، وەک لەشکری بێ فەرماندەو بێ سەروبەر، لەو ئیبن خەلەکانەی داوەرین. شـەوانە، دەبـوو بە شـەڕەپێڵاوێک، هەر بابـایە دەبـوو ئاگـادار بێت پێڵاوێکی وێڵی بەبنـا گـوێ نەکەوێ. لە دوای دامرکـانەوەی شـەڕەپێڵاوەکەش، هەرکەسـەو دەبوایە بە دوای پێڵاوەکانیدا بگەڕێ. پێڵاوی کەسی وا هەبوو بۆ خۆی لە ژووڕەکانی خـوارەوە بـوو، کەچـی تـاکە پێڵاوێکی کەوتبـوویە نهـۆمی سەرەوە! قوتابی وا هەبوو تـاکە پێڵاوێکی لەلای ژووڕەکـانی قەیسـەری بوو، تاکەکەی دیکەی کەوتبوویە ژووڕەکانی لای ئاوی کەسک و سـۆر. یەک لە قوتابییەکانی گوندێکی شەمامکێ، قوڵەخڕەیەک بوو، وەک دەنکە تەزرەی هەڵدەبەزییەوە، زۆری حەز لەو شـەڕاخێوەیەی بـوو، زۆرجـار هەر شـــەڕەکە ئەو هەڵیدەگیرســـاند. زمـــانی زۆر ڕەپیـــوو، جنێوفرۆشـییەکەی، هەمـوو سـنووورێکی تێپەڕانـدبوو، هەتـاوەکو زۆر چاکی پێ نەکەوتبوایە کفتایی لەشـی دانەدەکەوت و خەوی لێنەدەکەوت. هەرچـی خەڵـک و خـوا پێـی ناخۆشـە، دروسـت ئەوەی دەکـرد. لێیـان

دەگێـــڕایەوە لە گونـــــدەکەی خۆیـــــان، یەک لە بەدفەڕتـــــرین و نەبەستراوەترین منداڵەکانی ئاوایی بووە، هەموو گوندی لە زەقزەقە ناوە. چەند جار کەری بەڕەڵای گرتۆتەوەو چەند گەسکێکی لە پشتی بەستاوەو ئاگری تێبەرداوە، بۆ ئەوەی بزانێ لە تاو ئاگرەکە چۆن ڕادەکاو جۆتەی بۆ ئاسمانێ داوێ و هەرچەندی تیژتر ڕادەکات، ئاگرەکە گەشتر دەبێتەوە! جارێک پشیلەیەکی بەو دەردە بردووەو پشیلەکە چۆتە کادێنێ و کاو کادێنی بە خۆیەوە سووتاندووە. سەرکە سڵقی سووری دەکوڵاندو بۆ ئەو سەگانەی هەڵدەدا کە پیشەیانە بە دوای ئەو بەردانە ڕابکەن کە بۆیان داوێن و تا نەیانکرۆژن، ناگەڕێنەوە. بۆیە، ئەو سەرکە سڵقە کوڵاوانە هەموو ددان و پووکیان لە تەقەلۆ دەردەهێنان و ددانیان هەڵدەوەری. هەرچی کاری خراپە ئەو کوڕە داهێنانی تێدادەکرد! هەر ئەوەش هۆکار بوو خەڵکی گوندی بە باوکی بڵێن: سەرێکی کوڕەکەت بدە بزانە شاری هەولێرێی بەسەر یەکدا نەڕووخاندووە؟! منارەی هەڵنەتەکاندووە؟! قەڵاتی بنکۆڵ نەکردووە؟! موتەسەریف لە دەستی هەڵنەهاتووە؟! بۆیە باوکی، لەسەر قسەی خەڵکی گوندی، چوارەم ڕۆژی تاقیکردنەوەکان چوو بۆ شاری. بە باشی زانیبوو سەرێکی کوڕەکەی بدات. کاتێک لە قوتابخانەی ئیبن خەلەکان بە ژوورکەوت، قوتابییەکان دەوریاندا، یەک دەیگوت مامە! یەک دەیگوت خاڵە کێت بۆ بانگ بکەین؟ ئەویش هەرکە ناوی کوڕەکەی هێنا، کەس نەبوو نەیناسێ! وەک ناوی سەرچەتەیەکی ناسراو، لەلای کەسیان غەریب نەبوو. هەر زوو بۆیان بانگکردو هاواریان کرد: هۆ سمە! وەرە بابت هاتووە. سمەش بەغار وەک دەنکە تەزرەی هەڵدەبەزییەوە. کاتێک چووە پێش باوکی، دیمەنێکی سەرسوورهێنەری هەبوو، چونکە جلەکانی هەمووی، بە هۆی شەڕانگێزییەوە، تیتۆڵ تیتۆڵ ببوون. باوکی لێی دەڕوانی و گوتی:

دادەی کوڕم بسووڕێ با باش بتبینم! بە چاوی مانگاکڕین لێی دەڕوانی، هەتا دەنگی تێدابوو گوتی: ئۆیف تۆیف کوڕە هەی غەزەب

ئەتـو خـۆت دیـوە؟ ئەو شـەڕوارەت بـۆ ئـاوا لە سـەرەوەی ئەژنـۆت بڕیـوەتەوە دەڵێی مەتێی سـەکوژی[1]، یـان پۆلیسـی سـوارەی؟ ئـاخر ئەو جـلانەم مانگێـک نـابێ بـۆ کڕیـوی، دەڵێـی بە بەر بـاڵتەی جەنـجەڕی کەوتووی، دەڵێی بە دە سـەیان لە قوڕاوێیاندا شێڵاوی! هەتیو ئەتو بۆ ئەوەندە سەردڕی؟ کوڕەش زۆر چاو قایمانە گوتی: بابە، ئەو قوماشـانە عەمبارەسۆتن[2]، هەر بە خۆیان دەدڕێن! باوکی گوتی: ئەمڕۆ جومعەیە دوکان و بازاڕ نییە، بەیانی لەلای ئاسنگرەکانی شێخەڵڵای، کورتەک و شـەڕوارێکی ئاسـنت بـۆ بەکردن دەدەم، بە تەوسـەوە ئەوەی پێ گوت. لەو ڕۆژەوە بانگیان دەکرد سمە سەردڕ.

هەمـوو ڕۆژێـک بـۆ تـاقیکردنەوە دەچـوون بـۆ قوتابخـانەی بۆتـان لە نزیک شێخی چۆلی. تـاقیکردنەوەی بە کەلـۆری سام و هەیبەتی خـۆی هەبـوو، بە تـایبەت لەلای گوندییەکان. زۆربەی قوتابییەکـانی گوندی، بە پلەی بـاش دەرچـوون، لەنێویشیاندا عومەری حاجی عەولا، بـۆ پـۆلی یەکەمی ناوەندی، بە پلەی یەکەم دەرچوو.

بەڵام لەبەرئەوەی کە قوتابخانەی نێوەندی، تەنها لە شارەکاندا هەبوو، لێـرەدا ڕێـڕەوی خوێنـدن بـۆ زۆربەی قوتابیـانی گونـدی، بە بنبەسـت دەگەیشـت. لووتیـان بەو دیـوارە دەکەوت کە پێیـدەڵێن نەداری! ئیـدی، قوتابییەکان لە ناخی سپی و بێگەردی منداڵانەیاندا، تووشـی شکستێکی ڕۆحی دەبوون. بۆ یەکەمجار هەستیان بە جیاوازی چینایەتی کرد. هەر ئەوەش بـوو بە هۆکـاری ئەوەی لـێگەڕین بـکەن بە دوای دەریـچەو ڕێگایەکـدا، بتـوانێ یەکسـانی و دادپەروەرییـان بـۆ فەراهەم بکـات، لەو کۆت و بەندە کوژەرە، ڕزگاریان بێت کە پێیدەڵێن هەژاری.

---

[1]- مەتێ: هاوڵاتییەکی مەسیحی بوو، دانیشتووی عەنکاوەی هەولێر بوو. کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفاتاکانی سەدەی بیست، حکومەت تاپڕێکی دابوویە، سەگە بێلانەکانی نێو شاری هەولێری دەکوشت، لە بەرامبەردا بڕێک پارەی وەردەگرت. بەو هۆیەوە بە مەتێی سەکوژ ناسرابوو، پانتۆر کورتی لەبەردەکرد.

[2]- عەمبارەسۆت: عەمبارەپۆ. بە کوتاڵێک دەگوترێ کە ماوەیەکی زۆر لە کۆگایدا مابێتەوە و ستۆک و ڕزیوو بووبن.

هەموو گوندییەکان توانای دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و خەرجی منداڵەکانیان نەبوو، بەناچاری منداڵەکانیان لە خوێندن دەردێنان. وەک ئەوە وابوو بێچووی شێرەخۆرە لەبەر مەمکی دایکی هەڵبگری! هەرچەندە منداڵەکان خواستیان ئەوەبوو درێژە بە خوێندن بدەن، بەڵام گیرفانی باوکیان یارمەتیدەرِ نەبوو بۆ ئەو خواستەی ڕۆڵەکانیان، بەناچاری دەستبەرداری خوێندن دەبوون.

حاجی عەولا، خەرجی و شوێنی حەوانەوەی بۆ عومەری کوڕی و یەک لە قوتابیەکان گرتە ئەستۆ. ئەو قوتابییە باوکی فەڕاشی قوتابخانەی گوندەکە بوو، کاتی خۆی لە سەردەمی حەرەس قەومی، لە بەردەمی قوتابخانەو لە کاتی پاککردنەوەی بەردەرگای قوتابخانەکە، حەرەس قەومی گوللەبارانیان کردو شەهید بوو. ئەو حەرەس قەومیانە هاواریان دەکرد: "احنا بدو وین عدو! - ئێمە دەشتەکیین، دوژمن لە کوێیە!" مەبەستیان لە دوژمن کورد بوو، هەر ئەوانە کولتووری فەرهوودیان نۆژەن کردەوە.

حاجی عەولا بێ جیاوازی، چی بۆ عومەری کوڕی دابین دەکرد، بۆ ئەو کوڕەش بەردەست بوو، وەک ئەوە وابوو دوو کوڕی لە شاری بخوێنن.

لە دوای پشووی سەری ساڵ، کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ ئەوەی لە پۆلی یەکەمی ناوەندی درێژە بە خوێندن بدەن، بۆ ئەو مەبەستە، ژووریێکیان لە خانووە کۆنەکانی گەڕەکی تەعجیلی، لەنێو حەسارێکی گەورەی لەمەڕ کوردە جووەکانی نیشتمان بەدەرکران، بەکرێ گرت. ئەو حەسارە گەورەیە، کاتی خۆی بازرگانێکی کوردی جوو دروستی کردبوو، وەک کاروانسەرا بۆ کاری بازرگانی بەکاری دەهێنا، لە سەروبەندی نیشتیمان بەدەرکردنی کوردە جووەکان، شێخێک دەستی بەسەر ئەو حەسارە داگرتبوو، بە پاساوی ئەوەی ماڵی جووەکان غەنیمەتەو بۆ موسڵمانان حەڵاڵەو دەیەوێ لە گوناهان پاکی بکاتەوە، دەیکات بە تەکیەو خانەقاو جێگای خواپەرستی. ئەوە بوو دوایی

دەرویشێکی خۆی کرد بە سەرکاری ئەو حەسارەو هەموو ژوورەکانی بۆ بەکرێدا. ئەو حەسارە یازدە مالّی کرێچی تێدابوو، بەو شەش قوتابییەوە بوون بە دوازدە مالّ. دەرگاو قەمتەرەیەکی دووەری کە بە دارو بزماری سەرپانی جەنجەڕ، دروستکرابوو. ئەو دەرگایە ڕۆژ تا ئێوارێ لەسەر پشت بوو، چونکە سەرەڕای کرێنشینان، میوانیش هاموشۆیان پێدادەکرد، ڕێک هەروەک کاروانسەرای جاران! جاری وا هەبوو لەنێو دەرگا تێکدەئالّقان. شەوان زۆر درەنگ کە دەرگای حەسارێ دادەخرا، یان بەیانیان دەکرایەوە، چیڕەچیڕی سیوسیوەکەی هەموو خەلّکی حەساری وە ئاگا دێنا. چیڕەچیڕێک کە چیرۆکی زەمەنێکی کۆنی دەگێڕایەوە. ژووری قوتابییەکان شێدارو کەڕواوی بوو، بە جۆرێک ڕەنگی کەڕپووچەکانی لەگەلّ کەڕووی شین هەلّگەڕابوون. ژمارەی مشک و مارمیلکەکان لە دانیشتوانەکەی زیاتر بوون. پیرەمێردێکی کەلّەگەتی دالّەی ڕەقەلّە، هێندەی تەژەیەک درێژ بوو، ژوورێکی لە نزیک ئاودەستەکە بە کرێ گرتبوو، دەیگوت: ئەمن شەوان بۆ میزکردن زۆر هەلّدەستم، دەبێت لە نزیک ئاودەستەکە بم. ئەو ئاودەستە بە چەند پلیکانێک بۆی سەر دەکەوتی، ڕووبەرەکەی دوو مەتر بە دوو مەتر بوو، هەندێک گەسکیان بە دیوارەکەیەوە هەلّواسیبوو، پاشئاودەستێکی هەبوو پڕ کڕابوو لە کەلوپەل و کۆنە سۆبەو لانک و...

ئەو ئاودەستە، هەڕمێنێکی زۆری لەسەر بوو، بەتایبەتی بەیانیان. مەسینەیەکی مسی کۆنی تێدابوو، هێندە قورس بوو، پیاوی تێرەخۆرەی دەویست بلّندی بکات. دەبوایە مەسینەکە لە بەلوعەی ئاوی نێوەڕاستی حەسارێ پڕی بکەی، ئەو کات بێیە نێو ئاودەستەکە. زۆرلە هێلانەو شاری سیسرکان دەچوو، بۆیە قوتابییەکان نەیاندەگوت دەچمە ئاودەست، دەیانگوت: دەچمە شاری سیسرکان. هەرکە سەرت بە ژووری ئاودەستەکەدا دەگرت، هالّاوی گەرم و شێدارو تیژی بۆنمیزت بۆ دەهات، چاو و کونە لووتت دەبرژایەوە، شەمچەت لێدابوایە دوور

نەبوو ئاگری بگری، شوێنی لەسەر دانیشتنەکە، هێندەی کلس گرتبوو ڕەنگی خۆی لەدەست دابوو، بەجۆرێک کونجڕ ببوو، وەک نەتری زەرد کرابێت. مێینەکان بۆنی شەهوەتی نێرینەیان لە ئاودەستەکە دەکرد، نێرینەکانیش بۆنمیزەکەیان لەلا مێ بوو، دەیانهێنا بەرچاوی خۆیان: ئەو شەهوەتە، لە شوێنێکی هەستیار چۆڕاوەتەوە!

ئەو ئاودەستە، لەوەتای دروستکراوە تا بە ئەمڕۆ، بایی حەشیمەتێک لە منداڵی سااڵح و ناسااڵح، شاوەتی دەستپەڕی نێرینەی تێدا ڕژاوە! ئەو هەموو تۆوە ئەگەر بخوڵقابان، لەنێو بیری ئاودەستەکان لەشکرێک لە هەزارە زیلەی مرۆڤە بێ دایکەکان هەموو شاری داگیر دەکرد!

ئەو شەش قوتابییە، لە ژوورێکی سێ بە چواردا دەژیان، دارو دیوار هەمووی بە هۆی شێ و تەڕایەتی، ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دابوو. چەند دەلاقەیەکی بچووک لە دیوارەکە هەبوو، هەریەک لە قوتابییەکان دەلاقەیەکی بۆ خۆی گڕدابوو و، کردبووی بە موڵکی خۆی و پێداویستی تێدا دادەنا. هەر یەکەیان کۆنە میلێکی پاسکیلی لەلای ئەو پاسکیلچییەی سەر پردی تەعجیلی هێنابوو، لە ژوور سەری خۆی وەک سنگولکە دایکوتابوو جلوبەرگی خۆی پێوە هەڵواسیبوو، زۆرجار مارمێلکە دەچوونە ناو گیرفانی جلەکانیان.

جاڵجاڵۆکەکان، لە بنمیچی خانووەکە تەونی سەرنویشتی هەریەک لە قوتابیەکانیان دەچنی. هەرچەند جاری ڕۆژانی پێنج شەممەو هەینی دەچوونەوە گوندی، دایکی عومەری تەشتێک نانی بۆ عومەری کوڕی، دەکرد بە نووردی، پەنیرو ماست و کەرەو داندۆک و هێلکەی بۆ دەپێچایەوە. عومەر نەک هەر بە خۆی و برادەرەکەی، بەڵکو بەشی قوتابییەکانی هاوڕێشی لێدەدا. زۆر جار پێنج شەممان ئەوەی دەمایەوە دەیدا بەو کەسانەی لە حەسارەکە زۆر نەدارو نیازمەند بوون. هەموو دانی ئێوارانی هەینی کە لە گوندی دەهاتەوە بۆ شاری، لەسەر ڕێگای خۆی، لەبن دیواری مزگەوتی گەورەی بازاڕی قەیسەری بە دیوی لای گۆڕەپانی ئاشتی (کۆتری سەلام)، تاوێک لەلای حەمەشێتی ڕادەوەستاو

سەرکە پەنیرێکی دەدایێ. حەمەشێتیش گورج پەنیرەکەی دەخستە ناو ئەو مەنجەڵە شیوەی لەسەر پرێمزەکەی بڵق بڵق دەکوڵا. عومەر، لە ڕووی بەخشندەیی، پێش تەمەنی خۆی کەوتبوو. هەموو هاوڕێکانی پرسو ڕایان پێدەکرد. لە چاوتێری و دەستکراوەیی، حاجی عەوڵا وجاخی کوێر نەبوو. دەوروبەری دەیانگوت ڕاستە کە دەڵێن: گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە! عومەر، یەک مووی لە حاجی عەوڵای باوکی هەڵنەبارد بوو. ئەو ڕۆژە، پاش بارانێکی زۆر کۆلکەزێڕینە لە دامێنی چیای سەفینی، بە شێوەی نیوەبازنەیی، شۆڕابەی کردبوو، وەک ئەوەی ڕووبەڕێکی لە زەوی بۆ خۆی گڕدابێت، چەنگی لە زەوی گیرکرد بوو. ڕۆژێکی پێنج شەممە، ئەوان بە کتێبەکانی بن هەنگڵیانەوە بەلای گۆڕستانی (ستی ئیمام) لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ کاروانسەراکەیان، ئەو پیاوە پیرەیان دیت، بە دەستە لەرزۆکەکانی، ڕیزە قەبرێکی ڕێک دەخست کە ژمارەیان پێنج گۆڕ بوو، بە ڕیز نێژرابوون. پنجە گیایەکانی هەڵدەکێشاو دەستی وەفاداری بەسەر گڵی تەڕی قەبرەکاندا دەهێنا، وەک یاڵ و بڕی جوانەماینێک قەشاویش بکات، یان دەست بەسەرو پەرچەمی خۆشەویستەکەیدا بێنێ! ئەو بێئاگا لەو قوتابیانە کە چاودێری دەکەن. ئەو، هەمان ئەو پیرەمێردە کەڵەگەتە بوو کە لە گۆشەی حەسارێ، لە لای ئاودەستەکە، ژوورێکی بەکرێ گرتبوو. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئەو قەبرستانە بە بن گیای کەوتیە، ئەو گۆڕانە دەڵێی خاوەنیان نیە! ئاخۆ، تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بوون چەندیان گیا دووریوە، ئێستاش پنجە گیایێکیان پێ لەسەر خۆیان لانابرێ، ئاخۆ کەی گیا لەسەر گۆڕی ئێمەش دەڕوێ! هەرجارەو گۆڕێکی دەلاواندەوە بەبێ جیاوازی یەک بە یەک ناوی دەهێنان، هەرگۆڕەو بە ناوی خۆی بانگی دەکرد: بێبەڵێنیتان لەگەڵ کردم! بڕیار نەبوو، ئەو هەموو مەینەتی و چەرمەسەرییەی ژیان، بە تەنها بەسەر منداً بەجێ بهێڵن! ئاخر، منێکی کەنەفت و بێکەس، کە تەنها ئێسک و پێست ماوم، کوا بەرگەی قورسایی ئەو هەموو کولەمەرگییە دەگرم!؟ هێشتا کەمکەس دەنگی

گریانی ئەو پیرەپیاوەی بیستبوو، بەڵام ئێستا بەکوڵ دەگری! تومەز ئەو گۆڕانە هەموو گۆڕی ژنە مردووەکانی خۆیەتی! ئێستا، وشک و ڕەق و ڕەبەن و بێژن!

عومەرو هاوڕێکانی، هەستیان لە خۆیان بڕیبوو و گوێیان بۆ قسەکانی ئەو پیرە پیاوە شل کردبوو: ئای چەندە بە ئارامی خەوتوون! ژمارەی خەوتووەکان سەد هێندەی ئەوانەن کە بە ئاگان! لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئای باوکبوون چەند بە ئازارە! باوکێک بیست منداڵ بە خێو دەکات، لێ بە چل منداڵ باوکێکیان پێ بەخێو ناکرێ!

دانیشتوانی حەسارێ دەیانگوت کەس هێندەی ئەو پیرە پیاوەی، کوڕو کچی نییە، بەڵام چونکە هەر هەندێکیان لە دایکێکن، لە ڕق بەڕقەی یەکتری، کەسیان نایگرنە خۆیان. لە کۆتایی بەبێ جیاوازی هەر گۆڕەی ڕەحەتەلوقمێک و لەوزینەو گەزۆیەک و دوو بەداملی لەسەر گۆڕی ژنەکانی بەجێهێشت و دوای خوێندنی فاتیحە، بە لۆژە لۆژ بەرەو حەسارێ گەڕایەوە.

هەر دوا بە دوای ڕۆیشتنی ئەو، عومەرو هاوڕێکانی هەموو شیرینییەکانیان بە خێری مردووەکان هەڵگرت و دابەشیان کرد. لەوە بە دوا، هەموو ڕۆژانی پێنج شەممە، عومەرو هاوڕێکانی چاوەڕوانییان دەکرد، تاوەکو پیرە پیاو شیرینییەکان لەسەر گۆڕەکان بەجێدێڵێ. ئەوەی بۆیان کێشە بوو گۆڕی ژنەکانی ئەو پیاوە پێنج بوون، بەڵام قوتابییەکان شەش بوون، عومەر دەیگوت: خۆزگە پووریکی منیشی دەهێنا بۆ ئەوەی ژمارەی ژنەکانی بە قەد ژمارەی ئێمەی لێ دەهات و هەریەکەمان شیرینی سەر گۆڕێکمان بەردەکەوت!

ئەو بەیانییە، باران دەیپرووشاند. دەمێک بوو عومەرو هاوڕێیەکی لەبەر بارانەکە چاوەڕوانی ئەوە بوون نۆرەی ئاودەستیان بەرکەوێ، چونکە ئەو پیرە پیاوەی قوتابییەکان لەنێوەخۆیان ناویان لێنابوو پیرە هەڵۆ، لە ئاودەستەکەدا دەینالاند، وەک کۆتر گمەی دەهات. ئاخر تەنها پەردەیەک بە دەرگایەکەوە هەڵواسرابوو. تومەز کێشەی میزکردنی

هەبوو. عومەر، کورتەک و شەڕواریکی شینی ئاسمانی لەبەردابوو، پروشکە بارانەکان خاڵ خاڵیان کردبوو، هەتا دەهات ژمارەی ئەوانەی لە نۆرەی ئاودەستەکە ڕاوەستابوون، لە زیادبووندا بوو، قوتابییەکی دیکەش هات، لە عومەری پرسی: ئەوە کێیە لە ئاودەستێ ئەوەندە دواکەوت؟ عومەر گوتی: مەگەر نازانی پیرە هەڵۆکە هەڵنیشتووەو وا بە ئاسانی هەڵنافڕێ. لەو قسانەدابوون پیرە پیاوەکە هاتەدەرێ هەردوو دەستی بە میزڵدانییەوە گرتبوو، خۆی کووڕ کردبۆوە، وەک هێستر جووتەی لە گونی دابێت، بە نرکەو نالە خۆی بە ژوورەکەیداکردو خۆی بەسەر سۆپایەکە داهێنا. عومەر سەرنجی لەسەر ئەو پیرە پیاوە بوو، گوتی: بە سێ جزمەی قورعان، چوارپینەی بکەی، ناگاتە سالێکی دیکە، خەمی ئەوەمە شیرینییەکەی ڕۆژی پێنج شەممانمان فت! مەرگ سەر عەتەبەی دەرگای لێ گرتییە، دەمێکە ژیانی خەتم کردووە، لێ ئەو دەستبەرداری دنیا نابێ. هاوڕێ قوتابییەکەی، هەر خۆی وێک دێنێ و خۆی دەگووشی، بۆ ئەوەی هەرچی زووە نۆرەی ئاودەستی بگاتێ. تینی بۆ هاتووە، بە هەموو توانای، بەرگری دەکات کە بەخۆیدا نەکات و، هەڵیدەکێشێتەوە.

ململانێی ئەو هەڵکشان و داکشانە، هەموویان هەستی پێدەکەن، بەجۆرێک خۆی کووڕ کردۆتەوە، وەک ژانی منداڵبوونی بێتێ، بە ناچاری عومەر نۆرەی خۆی دایێ و گوتی: دە بڕۆ هەتیو! دەڵەک لەبەر بۆنی تڕو فسانت ناژی!

عومەرو هاوڕێکانی ویستیان نانی بەیانی بخۆن، کەچی بینییان نووردیە نانەکانیان هەمووی کەڕووی هەڵێنابوو، چونکە لە ماڵەوە چۆن بە گەرمی پێچرابوونەوە، هەر بەو شێوەیە دانەدرابوون و هەڵنەخستراببوون. لەوە بە دوا هەرجارێک نانیان لە گوندیڕا دەهێنا، هەڵیاندەخست بۆ ئەوەی سارد ببنەوەو کەڕووی هەڵنێنن، کورد گوتەنی "هەر ئەقڵەک لە خەسارەکی"، یەک لە قوتابییەکان گوتی: ئێوە چایەکە

دێم بکەن، دەچم نانی شاری[1] دەکڕم.

چەند ساڵ بوو لەو حەسارەی خانوویان بە کرێ دەگرتەوە، لەگەڵ خەڵکەکە ڕاهاتبوون، وەک ئەندامی یەک خێزان بن. تەنها ئەوەی نیگەرانی دەکردن قسەی چەند کەسێکی شارستان بوو، ئەو کاتەی پێیان دەگوتن ئێوە کرمانج و دەشتەکی و قەلاجن! ئەوانە، وەک تورکمان خۆیان دەناساند، بەڵام لە ماک و بنچینەدا لە هۆزە کوردییەکانی وەک خۆشناو و سورچی و زراری و چەند عەشیرەتێکی دەوروبەری هەولێر بوون. ئەوەی هۆکاری گۆڕینی ڕەچەڵەکی خۆیان بوو ئەوەبوو کاتێک عوسمانییەکان فەرمانڕەوا بوون، هەرکەسێک زووتر فێری زمانی تورکی بوایە، پاداشتیان دەکردو لیرەی زێڕیان دەدایێ. باپیرانی ئەوانە، بەو شێوەیە بوون بە تورکمان. ئەوەش وای کردبوو چونکە لە چینی سەردەست بوون، خۆیان بە ماقوولتر لە خەڵکی ئاسایی بزانن. بۆیە نەوەکانیشیان، ئێستا خۆیان بە شارستان و نەجیبتر بەراورد بە خەڵکی دیکە، پێشان بدەن. ئەو تورکمانانە، لە قەڵات و گەڕەکی تەعجیل نیشتەجێ بوون. ئەو بە تورکمانبووانە، کرمانج و دەشتەکییەکانیان بە هاوشانی خۆیان نەدەزانی. قوتابییەکان ناچار بوون پێیان بڵێن: هەولێری، بە مریشکە کورکێکی ناوێری! ئەوانیش دەیانگوت: دەشتەکی.

هەرچەندە قوتابییە گوندییەکان زۆر زیرەکتر بوون لە خوێندن، بەڵام ئەو بە تورکمانبووانە لەدوای دەرکردنی کوردە جووەکان، مەیدانی بازرگانییان بۆ چۆڵ بوو و زیاتر ناسران.

عومەرو قوتابییەکانی هاوڕێی، تاوەکو قۆناغی ئامادەییش هەر لەو حەسارەی مانەوەو ببوون بە بەشێک لەو حەسارە. تا دەهات چاوکراوەتر دەبوون.

ئەو ڕۆژە، شلەساوار بە تەماتەیان لێنابوو، نانی شارییان تێگوشی. عومەر لەگەنێکی پڕاوپڕ لە شلەساوەر کردو لەبەر گەرمی، نانێکی لە

---

[1]- نانی شاری: نانی نانەواخانە، نانی بازاڕی.

ژێری داناو گوتی کوڕینە ئەو شلەساوارە بۆ پیرە هەڵۆیەکە دەبەم و بزانم بۆ دیار نییە! عومەر بەپەلە هەنگاوەکانی هەڵدێنا بۆ ئەوەی دەستی نەسووتێ، زوو زوو ئەودەست و ئەودەستی پێدەکرد. لەو کاتەی وەژوورکەوت، پیرە پیاوەکە خۆی گرمۆڵە کردبوو و جینگڵی دەداو نااڵەی ژانێکی گرانی لێ دەبیسترا. عومەر هەر بەپەلە لەگەنە ساوارەکەی داناو پیلی پیاوە پیرەکەی گرت و هێنایە سەر جێگاکەی. بەپەرۆشەوە لێی پرسی: ئەوە چیتە؟ کوێت دێشێ؟ ئەی بۆ بانگی ئێمەت نەکرد؟ بە حاڵ نووزەی لێوە دەهات، ئەوەندەی لێ حاڵی بوو گوتی: کوڕی خۆم میزم بۆ ناکرێ، ئاگرم لە میزڵدانی بەربووە، لەتاو میزڵدانم خەریکە دەمرم! عومەر، ئەو ڕۆژە لە قوتابخانە شەفتی پاشنیوەڕوان بوو. هەرچەندە لەگەڵ هەڵکشانی پۆلەکانی، ئەرک و وانەی قورستر دەبوو، بەاڵم بەپەلە گەڕایەوە لای هاوڕێکانی و گوتی: برادەرینە ئەو پیرە هەڵۆیە زۆر نەخۆشەو پێویستی بە دکتۆرە، ناکرێ بە بەرچاومانەوە بمرێ و ئێمەش هەروا تەماشایکەین، ئەمن دەیبەم بۆ دکتۆر. قوتابییەکان خۆیان پێچایەوەو بەرەو قوتابخانە وەدەرکەوتن، عومەریش چووە لای پیرە هەڵۆ، لەگەنە ساوارەکە هێشتا هەڵمی لێهەڵدەستا. بە هەزار حاڵ توانی پیرە هەڵۆ لە پشتێ بکات. لەو کاتەی هێنایە نیو حەسارێ، یەک لە پیاوەکان بینی عومەر، ئەو پیاوەی لە پشتێ کردبیەو هەرچەند دەکات بۆی بەرێ ناکرێتەوە، هەردوو پێیەکانی لە عەرزی دەخشێن. ئەو پیاوەی حەسارێ عارەبانەیەکی درێژی هەبوو ڕۆژانە حەمبالّی پێدەکرد، هەر زوو عارەبانەکەی هێناو پیرە پیاویان خستە سەری. پیاوەکە عارەبانەکەی ڕادەکێشاو عومەریش دەستی بە پیرە هەڵۆوە بوو بۆ ئەوەی بەرنەبێتەوە. گەیاندیانە لای دکتۆر، یەکەم پرسیاری دکتۆر ئەوە بوو لە عومەر: ئەو پیاوە چی تۆیە؟ عومەر چونکە دەمێک بوو خۆزگەی دەخواست پوورێکی ئەویشی بێنابوایە بۆ ئەوەی ژمارەی ژنەکانی لەگەڵ ژمارەی قوتابییەکان هاوتابن بۆ خاترێ شیرینی سەرقەبران، گوتی: مێردی پلکمە. دکتۆر دەرزیێکی ئازارشکێنی

بۆ کردو دەرمانی بۆ نووسی. عومەر دەرمانی بۆ کڕی و هێنایە بەردەرگای دەرێ، سواری عارەبانەکەیان کردەوەو بردیانەوە مالێ. مامۆستا لە قوتابخانە لە هاوڕێکانی عومەری پرسیبوو: عومەر عەبدوڵڵا بۆ نەهاتووەو غایبە؟ یەک لە قوتابییەکان گوتبووی: عومەر مامی نەخۆش بوو بردوویە بۆ دکتۆر. مامۆستا باش دەیزانی عومەر خەڵکی گوندییەو مامی لە شاری نییە، ڕۆژی دواتر مامۆستا عومەری لە ڕێزێ دەرهێناو کەوتە سەرزەنشتکردنی: بۆ درۆ دەکەی؟ ئەتۆ کوا مامت لە شاری هەیە؟! عومەر گوتی: مامۆستا لەو حەسارەی ئێمە پیاوێکی پیری کەنەفتی بێکەس هەیە، زۆر نەخۆش بوو، ئەگەر نەمگەیاندبوایە دکتۆری، لەوانەبوو بمرێ! هاوڕێکانی هەموو گەواهییان بۆ دا کە ڕاست دەکات. مامۆستا، وەک ئاوی ساردی پێدا بکرێ. سارد بووەوەو داوای لێبوردنی لێکرد، وانەی ئەو ڕۆژەی تەرخان کرد بۆ ڕێزلێنان لەو کارەی عومەری و ئاستی ئەو ڕۆحە مرۆڤدۆستیەی لە هاریکاری نیازمەندو لاکەوتەکان کردوویەتی. مامۆستا ڕووی لە قوتابییەکان کرد: ئێمەی مرۆڤ هەموومان ئەندامێکی جەستەی کۆمەڵگاین، ئەگەر ئەندامێکی ئەو جەستەیە کەوتە بەر ئازار، لەسەر هەموومان پێویستە وەکو عومەری، ئەو ئازارەی کەم بکەینەوەو خەم و شادیمان بەیەکەوە بەش بکەین، تاوەکو لایەقی ئەوە بین پێمان بڵێن مرۆڤی بڵند ڕەگەز، خۆمان بەرپرسیار ببینین بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی چاک. داواتان لێدەکەم چاو لە عومەری بکەن، خەمخۆر بن بۆ خەڵکی نیازمەندو دەستی هاوکارییان بۆ درێژ بکەن.

مامۆستا، هەرکە بینی عومەر سەرەڕای خوێندنەکەی کە زۆر زیرەکە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کەسایەتییکی بەهێزی هەیە. دەیویست هانی بدات بە قوولایی کتێبانیشدا بچێتە خوارێ و گەوهەری زانستیان تێدا هەڵبهێنجێ. بۆ ئەوەی لەگەڵ کتێب ئاشنای بکات، پێشنیاری کرد مانگی جارێک هەموو قوتابییەکان بەرێتە کتێبخانەی گشتی.

ئەو کتێبخانەیە، کەوتبووە بەرامبەری چایخانەی بایزی. بە چەند

پلیکانێکدا سەرکەوتنە نێو کتێبخانەکە. هەرکە وەژوور کەوتن، بینییان هەر چوار دەوری ئەو هۆڵە گەورەیە، بە تاقچکەی پڕ لە کتێب هەڵچنراوە، چەند کورسی و مێزێکی لەنێوەڕاستی دانراوە. ئەو کەسەی سەردانی ئەو کتێبخانەی بکردبوایە بۆی هەبوو کتێبی دڵخوازی خۆی وەربگرێ و بیخوێنێتەوە. لەو ڕۆژە بە دواوە عومەر هەرجارێک وە ژوورەکەوت و کتێبی دڵخوازی خۆی وەردەگرت، چاوی دەدایە ئەو مێزەی لای پەنجەرەکەی خۆرهەڵاتی کە دەیڕوانییە چایەخانەی بایزی و بەسەر کەندەکەیدا دەیڕوانی. دەیڕوانییە ئەو کەسانەی لە چایەخانەی بایزی خەریکی دۆمینەو دامەو نۆڕسکانێ بوون. خۆزگەی دەخواست هەموو کەس خوێندەوار بوایەو ئەو کاتە جوانەیان بە خوێندنەوە بەسەر بردبوایە!... عومەر، زۆر لە تەمەنی خۆی گەورەتر بوو!

زۆربەی ئەو ڕۆژانەی لە قوتابخانە بۆ مەنزڵ دەگەڕانەوە، لەو کاتەی لە حەساری نزیک دەبوونەوە، پێشبڕکێیان بوو، کامەیان خێراتر دەڕوا؟ بە شەرتێک نەیکات بە غاردان بۆ گەیشتنە ژوورەکەیان. ئەو ڕۆژە بلە سەرئاسن و شاکرەپووت، بەر لە هەموویان خۆیان بە ژوورەکەیاندا کردو کتێبەکانیان فڕێدایە سەر پێخەوەکانیان. شاکرەپووت ویستی کراسەکەی بگۆڕێ بەو کراسەی بە سنگولکەی ژوور سەریدا هەڵواسرابوو. کراسەکەی بەری داناو قۆڵێکی لە کراسەکەی دیکە هەڵکێشا، لەناکاو هاواری کردو کراسەکەی فڕێدا: مار! مار!... ڕایکردە دەرێ، سەرسمێکی لە عەتەبەی دەرگای بردو شانێکی وا تۆندی لە دەرگایەکەدا، تۆزی ڕۆژگاری جووەکانی لێتەکاند. بە چوار چەنگۆرە خۆی دەرباز کرد. بلە سەرئاسن، خێرا دەستی بۆ کراسەکە بردو تەکاندی، بینی مارمیلکەیەک چۆتە نێو گیرفانی، لە قاقای پێکەنینی داو گوتی: دەک زەندەقت بچێ، وەرە هەی داوەشێی! کوڕی گوندی چۆن دەبێت هێندە ترسنۆک بێت؟ حەیای هەمووماند برد، خەریک بوو دەرگاکەی لە ڕێسمە بەری! ئەو شەوە بەزمی قوتابییەکان لەسەر شاکرەپووتی بوو.

بەیانی، ڕۆژوبان گەرم بوون، گوێسوانەکان هەڵمیان لێهەڵدەستا، وەک هەموو ڕۆژانی هەینی تەنافی جلەکان لەمسەری حەساریێ بۆ ئەو سەری حەساریێ، هێندەی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ بەسەردا هەڵواسرابوو، دەتگوت بەردەرگای نەتەوەیەکگرتووەکانە، کە بە ئاڵای وڵاتانەوە خەملاوە.

سەرۆک خێزانەکانی حەساریێ، لە پەنای دیواری خۆیان داوەتە بەر تاوێ و خۆیان هەڵخستووە. هەرکات وەک سەرۆکخێزان بۆ پرس و ڕایەک کۆدەبوونەوە، عومەریشیان وەک دەمڕاستی قوتابییەکان بانگ دەکرد، ڕایان بە هەند وەردەگرت. ئەو ڕۆژە، کاری یەکەمیان ئەوە بوو، جەلال لۆبیافرۆش و ڕەئیس عورەفای ئاشت بکەنەوە، کە لەو هەفتەیەدا ژنەکانیان لەسەر پاککردنەوەی پێش دەرگا شەڕەچەقەیان کردبوو.

عومەر وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی، بە قسەیەکی خۆش هەموویانی خستە پێکەنین. بینی ئەندامانی ئەو خێزانە گەورەیەی حەساریێ پێکهاتوون لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا: ڕەئیس عورەفای پۆلیس، مامۆستای قوتابخانە، نانەوا، هەلاج و جۆلا، قوتابی، مستەعیدو فەقێ، حەمبار، حیسابداری عەمباری تووتن، وەستای پرێمز و تەنەکەچیاتی، شامینۆک و لۆبیافرۆش، عەریزەنووس و... گوتی: ئێمە دەتوانین حکومەتێکی سەربەخۆ بین، لە هیچمان کەم نیە ئاڵایەک نەبێ، بە شەرتێک پیرە هەڵۆ سەرۆکایەتیمان بکات! هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دا. ئیدی دانیشتوانی حەساریێ سوپاسی عومەریان کرد، کە لە جیاتی هەموان بە پیرە هەڵۆیەکە ڕادەگات و بردوویەتی بۆ لای دکتۆرو هەموو ڕۆژێک دەیباتە لای ئەو برینپێچەی سەری کۆلانێ، دەرزی لێبدات.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، پەیوەندی پیرە هەڵۆ و عومەری، لە پەیوەندیی دراوسێیەتییەوە تێپەڕی دەکرد بۆ پەیوەندییەکی کوڕو باوکانە. ئاخر عومەر بێجگە لە سەردانیپێکردنی لای دکتۆر، خواردنیشی بۆ دەبردو سەری دەشووشت و سەرو ڕیشی بۆ دەتاشی، سمێڵ و برۆ پڕەکانی

بۆ هەڵدەپاچی، مووی گوێیەکانی بۆ هەڵدەکیشا. جلوبەرگی ئەویشی لەگەڵ جلوبەرگی خۆی دەبردەوە مالّی خۆیان لە گوندی، بۆیان دەشووشت و بە پاکی و قەدکراوی بۆی دێنایەوە.

قوتابییەکانی هاوڕێی، سەریان دەخستە سەری: زەلاممان نەدیوە ئەوەندە لە خەمی مێردی پلکیدا بێت و ئاوا خزمەتی بکات! ئەوەی ببێتە زاوای ئەو بەرەبابەی عومەری، بە بابەوە خەنی دەبێت و پاروویی دەکەوێتە ڕوونی. شاکرەپووت، گوتی: ئەرێ عومەر بۆ ئایشەکوڕانی خوشکت نادەی بە من، بۆ ئەوەی لە پیریدا وەکو پیرە هەڵۆی مێردی پلکت بحەسێمەوە! عومەر بە شاکرەپووتی گوت: توخوا ئەتۆو ئایشەی خوشکمیان گوتووە؟! هەتیوە پووتە ئەتۆ لە مارمێلکەی زیڕەت کردو لێی تۆقی، ئایشەی خوشکم بە تاریکەشەوان شەوین و شیوەخواری بە مێگەلە مەڕی حاجی عەولای دەکات و گورگ ناوێرێ خۆی لە قەرەی بدات! بۆ خۆی دەبێتە پاشای ئەو دەشت و ئاقارەی!

عومەر، چیرۆکی شێرەژنێکی کوردی بۆ گێڕانەوە، لەو کاتەی میرو گەورەی ناوچەیەک بووە. ڕۆژێک، سەرۆکهۆزو پاڵەوان و پیاوە بەوەجەکانی ژێر قەڵەمڕەوییەکەی خۆی کۆ دەکاتەوە. شێرەژن دەچێتە سەر گابەردێک و قسەیان بۆ دەکات. ئەو کەڵەپیاوانە، هەموو بەڕێزەوە گوێی بۆ شل دەکەن و چاویان لە زاری گەورەیانە. لە گەرمەی قسەکاندا، سەرنجی دەکەوێتە سەر ئەو پیاوەی لە پەڕگەی دانیشتووە، بینی هەردوو دەستی لە ناو گەڵیدایەو هەڵیدەپشێوێ و بەدەم شێلانی ئەسبابی خۆیەوە، دیقەتی لەسەر دەموزاری ئەودایەو چاوی لەسەر ناگوازێتەوە! میرەژن، لەو کردەوە نابەجێیەی ئەو پیاوە، زۆر تووڕەو نیگەران دەبێت، بەڵام بەسەر خۆی ناهێنێ و درێژە بە قسەکانی خۆی دەدات، لە هەمان کاتیشدا لەدڵی خۆیدا لێوی لێ دەکرۆژێ و دەڵێ: دەبێت باجێکی قورسی ئەو بە سووک تەماشاکردنەم بدات! لە دوای تەواوکردنی قسە و ڕێنماییەکانی، بەخەڵکەکە دەڵێ: هیچم نەماوە بیڵێم، دەتوانن بڵاوەی لێ بکەن و بگەڕێنەوە سەر ئیشوکاری خۆتان.

ئاماژەش بۆ ئەو پیاوە دەکات کە هێشتا دەستی لەنێو گەڵیدایە: ئەتۆ لە جێگـای خـۆت دابنیشـە کـاری تـایبەتم بە تـۆ هەیە. ئەویـش دەڵـێ: بەسـەرچاو! میـرەژن بە شـێوازی قسـەکانییەوە دیـارە دەیەوێ بـاجی قورسی ئەو سوکایەتییەی پێ بدات، بەڕقەوە پێی دەڵێ: بەقسـەی خۆت وا بـێ ئەتۆ دەستەبژێری نێو هـۆزەکەی خۆتانی، کەچـی لەوەتـای مـن قسـەتان بـۆ دەکەم، ئەتـۆ تەماشـای زاری مـن دەکەیـت و بەدەسـتەکانت کیرو گونانت هەڵدەپشـێوی! کە حەیفە کیر و گون بە هەمـوو نێرێکەوە بێت! ناکا بە چاوی مێینەیەک و چێژ لێ وەرگرتن لە من بڕوانی؟! دەبێت بـــاجی ئەو هەڵســـوکەوتەت، کە لەگەڵ داب و نەریتـــی کـــوردەواری ناگونجێـت، بـدەی! پیـاوەکەش، دەسـت لە شـەڕوارەکەی ڕۆدەکـات و مـارێکی کورەوەیـابی سـەر سـێ سـۆی[1] کوشـندە، بە مردوویـی لەنێـو شـەڕواری دەردێنـێ: گەورەم! هەر لە یەکەم دانیشـتنمدا گـوێم لای تـۆ بـــوو، ئەو مـــارە لە دەلینگـــی شـــەڕوارم هـــاتبووە ژووڕێ، ســـەری گەیشتبووە نێو پستێری شـەڕوارم، کە هەستم پێی کرد، نەمویست لە مەجلیسی جەنابت هەستم و قسەکانت ببڕم، نەبادا بە ترسـنۆک بڕوانیە مێرخاسێکی کورد، لەو کاتییەوە خەریکی پانکردنەوەی سەری مارەکەم!

میـرەژن، کە ئەو بـوێری و سـەنگینییە کـوردانەیەی لەو پیـاوە بەوەجە دەبینێ، دەڵێ: ئەمن قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان تەمام نەبووە مێردی بکەم، چونکە هیچ پیاوێکم بە لایەقی خۆم نەزانیوە، بەڵام لە ئێستاوە بڕیارمدا شـوو بە تـۆ بـکەم، بـۆ ئەوەی وەچەی وەک تـۆ بـخەمەوە کە شـایانی سەرۆکایەتی ئەم مەملەکەتەی هەبێت!

عومەر گوتی: کاکە ئایشەکوڕانی خوشکم لایەقی ئەو جـۆرە پیـاوانەیە نەک ئەتـۆ! ئـاخر توخمەسـەگ! ئەتـۆ لە مـارمێلەکەیەک دەترسـێی و تۆقیوی!... لەناکاو عومەر تەماشـای سـەعاتە ئۆرێنتەکەی دەستی کرد: ئۆی ملت بشکێ شەیتان! چۆنت بیر بردمەوە، ئەوە نیو سەعات لە کاتی دەرزی لێدانی پیرە هەڵۆی تێپەڕیوە!

---

[1]- سەر سێ سۆ: سەر سێگۆشە، ماری سەر سێگۆشە کە مارێکی ژاراویی کوشندەیە.

عومەر، لە قۆناغی ئامادەییە، جەنگەی دروستکردنی کەسایەتییەتی. ئەوەی بۆ عومەری ببووە جێی سەرنج و لێوردبوونەوە، ئەوە بوو کە هەموو جار پیرە هەڵۆ دەیگوت: عومەر کوڕی خۆم باش گوێم لێبگرە، نەکەی هەڵە بکەی بمبەیتە لای دکتۆر بەهزادی، چونکە لە دێرزەمانەوە لەگەڵ باوکی دکتۆر بەهزادی خوێن کەوتۆتە بەینمان لەگەڵ یەکتری دوژمندارین. باوکی دکتۆر بەهزادی کەسێکی زۆر خراپ و نەزان بوو، بەڵام مافم هەقە بۆ خۆی کوڕێکی برنجییەو هەتا بڵێی کوڕێکی باشە، هەرگیز زمانم هەڵناگرێ قسەی خراپی لەسەر بکەم. هەمیشە لە خوای گەورە داواکارم بیپارێزێ و لە ژیانیدا سەرکەوتووی بکات.

لێت وەسیەت بێ، نامەوێ بە چوونە لای دکتۆر بەهزادی، ئەو دوژمندارییەی بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار قەتماغەی گرتووە، دیسان بکولێتەوە و نوێ بێتەوە. کوڕم! ئەو داوایەت بۆیە لێدەکەم، دەڵێم نەبادا ڕۆژێک بێهۆش بم و بمبەیتە لای دکتۆر بەهزادی، دەستم دامێنت ئەو هەڵەیە نەکەی!

هەموو جارێ عومەر دەکەوتە بیرکردنەوەیەکی قوڵ، هەرچەند دەیکرد، سەرەدەری لەو دوژمندارییەی پیرە هەڵۆی لەگەڵ باوکی دکتۆر بەهزادی، دەرنەدەکرد. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: دەبێت کامەیان دەستپێشخەر بووبن؟! چەند کەسیان لە یەکتری کوشتبێت؟! ئاخۆ لە سەرەتادا لەسەرچی بووبێت؟! کامە لایەن لەسەر هەق بێت؟! هەرگیز نەبیستراوەو نەبینراوە پیاوێک ئاوا بە چاکە باسی کوڕی دوژمنەکەی خۆی بکات، ئەو هەموو میهرەبانی و خۆشەویستییەی بەسەردا بڕژێنی! ئەوەی گوێی لێبێت، خۆزگە دەخوازێ کوڕی دوژمنەکەی پیرە هەڵۆ بێت!

هەر چەندی لە مێشکی خۆیدا دەیهێناو دەیبرد، ئەو گرێکوێرەیەی بۆ نەدەکرایەوە. گەیشتبوویە ئەو باوەڕەی، کەلاوەی یادەوەرییەکانی ئەو پیاوە، پڕن لە تاق و نیمتاق و کون و کەلەبەری نهێنی و نەدرکاو! پێیەوە دیارە ناپڕژێتە سەر ئەوەی، پارچە دۆڕاوەکانی سیمای

ڕاستەقینەی خۆی کۆبکاتەوە! کەسایەتی و شوناسی ڕاستەقینەی هەر مرۆڤێک بەبێ پشکنینی یادەوەرییەکانی، ئەستەمە بە دروستی ڕوون بێتەوە. پیرە هەڵۆش، لەو دیوی نیگا خەمگینەکانییەوە، حیکایەتێکی نەدرکاو هەبوو. جوان دیاربوو زامەکانی، هەڵمیان لێهەڵدەستێ و هێشتا گەرمەبرینن!

عومەر لەبەرخۆیەوە دەیگوت: خۆزگە تواناو ئیدراکی ئەوەم دەبوو پەی بەو نهێنییە قوتووبەندو سەرمۆرە ببەم و تەپوتۆزی هەموو تەمەنی لێ بتەکێنم، نامەی ئەزموون و حەقیقەتی ڕابردوویێکی تەمومژاوی، لە بن باڵی ئەو هەڵۆ پیر و ئەنگاوتەیەدا، بدۆزمەوە! چونکە، لە خەتوکوزەکانی ڕووخساریدا، زۆر چیرۆکی نەنووسراوو نەگوتراو هەیە. لە مابەینی حەقیقەت و پەنهاندا، تارمایی و سێبەری تڵخی ڕێبوارێکی شەکەت و وێران دەبینم!

لە دوای چەند ساڵ ژیان بەڕێکردن لەو حەسارەی، هێشتا زۆر چیرۆکی نەبیستراو هەیە. بۆیە عومەر، هەمیشە بەدوای کردنەوەی گرێی بوخچەی چیرۆکەکانەوە بوو، هەوڵی دەدا هەموو شتێک لە بارەی دانیشتووانەکەی بزانێ. بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەش، پەنای بۆ کۆنترین دانیشتووی حەسارێ دەبرد، کە جەلال لۆبیافرۆش بوو، لە خەڵکی دەوروبەری وشیارتر بوو، لێرەو لەوێ بە ئەندامبوونی پارتێکی قاچاغیان دەدایە پاڵی. یەکەم پرسیاری دەربارەی ئەو ژوورەی بوو کە پێیان دەگوت: ژووری جنۆکان. ئەو ژوورە، چەند ساڵە بە زنجیرێکی ئەستوورو ئاچەڕێکی ژەنگاوی داخراوە، کلیلی ئاچەرەکەی کەس نازانێ کەوتۆتە لای کێ و لە چ باول و سندووقێکدا تەقەت کراوە. بەهۆی دەست نەخوردەیی، کونی کلیلی ئاچەرەکە، چڵەگیای لێ ڕواوە. سەردەرەی دەرگاکەی چەند جاڵجاڵۆکەیەک تەونی خۆیان لێ ڕاچاندووەو تۆڕی داخستنیان لێداوە. ئەو گرێژەنەیەی سیوسیوەی دەرگای لەسەر دەسوڕێ، پڕبووە لە خۆڵی شێدارو، کەڕووی ڕۆژگاری گرتووە، چونکە ساڵانێکە کەس گوێی لە ئاوازو جیرەجیڕی

سیوسیوەکەی نەبووە. ئاوازی سیوسیوەکە، قەمتەرکراوەو بەستوویەتی!

عومەر، لە مێژە دەیەوێ هۆی داخستن و بەکرێ نەچوونی ئەو ژوورە بزانێ. بۆیە، بە جۆرێک گوێی بۆ جەلال لۆبیافرۆش شل کردبوو هەموو ئازای بەدەنی ببوون بە گوێ.

چیرۆکی داخستن و ناونانی بە ژووری جندۆکان، دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵ بەر لە هاتنی عومەرو هاوڕێکانی بۆ ئەو حەسارە.

عومەر بە نەرمونیانی خۆی، وای لە جەلال لۆبیافرۆش کرد دەربارەی شکاندنی ئەو تەلیسمە، بەمجۆرە بێتە گۆ: ساڵێک بەر لەوەی ماڵم بێتە ئەو حەسارەی، ژنێک بە ناوی لایەقە، ماڵی لەو ژوورەی تەنیشتی ژووری جندۆکان بوو. ئەو ژنە، مێردەکەی بە نەخۆشی سیل مردبوو و بێوەژن کەوتبوو. هەر ئەویش ئەو ژوورەی ناو ناوە ژووری جنۆکان. لایەقە، دۆستێکی هەبوو، هەموو شەوێ ئەو ژوورەی کردبووە جێژوانی خۆی و پیاوەکە.لایەقە، بۆ ئەوەی ئەو جێژوانەی لێ نەشێوێ، هەرکەسێک هاتووە ئەو ژوورە بەکرێ بگرێ، چۆتە بن گوێی.و پێی گوتووە: بۆ خوات پێدەڵێم ئەو ژوورە بەکرێ مەگرە، چونکە هەرچی هاتبێتە نێوی، جندۆکە دەستی لێوەشاندووە و شێتی کردووە! تاوەکو ئێستا، چەند کەس بە ئەقڵێکی کامڵ هاتۆتە ئەو ژوورەو دوای ماوەیەکی کەم، بە شێتی لێی دەرچووە! بە هەر چل و چوار هەزار پێغەمبەران، زۆر شەوان بە چاوی خۆم دیومە ژن و پیاوێکی جندۆکە هەرشەوەی لەسەر شێوەی کەسێک دەچنە ئەو ژوورەی، ماوەیەکی باش لەوێدا دەمێنەوە. ئەمن بەرگەی تێڕامانیان ناگرم، یەکسەر دەچمەوە ژوورێ و دەرگای لەسەر خۆم و منداڵەکان دادەخەم. بۆ خۆم لە مەلام بیستووە، تەماشاکردن و چاودێریکردنی جنۆکان، دروست نییەو ڕەنگە دەستت لێبوەشێنن. ئەوجا ئەمن کارم پێیان چییە؟: "دنیا هەموو کیر بێ، بستەک لەمن دوور بێ!"

لەو ڕۆژەوە، لایەقە نەیهێڵا ئەو ژووره، کە ناوی نابوو ژووری

جندۆکان، بەکرێ بچی. هەرکەسێک ئەو ماجەرایەی لایەقەی دەبیستێ ناوێرێ بە بەر دەرگاکەشیدا بڕوات.

شەوان جەلال لۆبیافرۆش، هەر سەر لە ئێواران دەنووست، چونکە دەبوایە لەگەڵ کەباری مەلای مزگەوتی شێخی چۆلی، لە خەو ڕابێ و لەنێو جێ و بالینگانی گەرم بێتە دەرێ و بەر لەوەی سەو گورگ لێک بکرێتەوە، سەبەتە لۆبیاو شامینۆکی گەرم بە شانیدا بدات. سەری مەیدانێی لە ژیان دەگرت، ئاخر بۆ کەسێکی دەستکورتی وەکی جەلال، لۆبیا فرۆشی داپۆشین و تێرکردنی زگی یازدە منداڵ، ئاسان نەبوو، بژێوی ژیانی سێزدە سەر خێزان، کەوتبوویە نێو ئەو دوو سەبەتە لۆبیاو شامینۆکەی بە شانی کۆڵان بە کۆڵانی گەڕەکی تەعجیل و گەڕەکی عارەبانی پێ لێکدەدا. هەتاوەکو ساغی دەکردەوەو بە هەشتاوی دەهاتەوە ماڵێ لەسەر چینچکان هەر بەپەلە پاروە نانێکی قاوەڵتی دەخواردو خێرا خۆی دەگەیاندە مەیدانی کۆتری سەلام. لە دوای چێشتەنگاوێش، پیشەی دەبوویە حەمبالی و گواستنەوەی کەلوپەل بۆ دووکاندارەکانی نێو قەیسەری.

بەو هۆیەوە جەلالی لۆبیا فرۆش، لە هەرکەسێکی دیکە زیاتر هەستی بە ئازارەکانی نەداری و نادادی کۆمەڵایەتی و چینایەتی دەکرد. وشیاربیەکەی، بایی ئەوەی دەکرد خەم لەو کەسانە بخوات کە بوونەتە هۆکاری نابەرابەری ژیانی مرۆڤەکان و پەتای کوشندەی داڕزاندنی کۆمەڵگا، بە تایبەتی هەژاران. لەو هەوڵێرەی کەسێک شک نابات، دەردی برسێتی بۆ ئاسمان تەرجەمە بکات! بۆیە بە هۆی ئەو کۆفشارانە کەوتبووە ژێر کاریگەریی هزری پارتێکی چەپی زۆر قاچاغی ئەوتۆ، کە ئاشکرابوونی بارتەقای ئەوە دەبوو لەسەری لە سێدارە بدرێ! کاغەزە قەدەغەکراوەکانی لەنێو سەبەتەی لۆبیاو شامینۆکەکەی، لە چاوی پیاوەکانی حکومەت حەشاردەدا. لەگەڵ ئەوەی خوێندەوارییەکی کەمی هەبوو، بەڵام لە خەڵکی دەوروبەری باشتر خۆی پێگەیاندبوو. هۆکارەکانی ئەو دۆخەی بۆ ڕاڤە دەکردن. هەمیشە

هەوڵـی وشـیارکردنەوەی خەڵکـی دەداو هـانی دەدان بخـوێنن. ئەو نەهامەتیانەی، هەمووی لە ئەستۆی پەتای نەخوێندەواری و ناهۆشیاری دەپەسـتاوت، دەیگـوت: پێویسـتە لێمشـتی کۆنەپەرسـتی و ئەقڵیەتـی دۆگمای خێڵەکی تێپەڕێنین.

جەلال لۆبیـا فـرۆش، لەسـەری کۆڵانێ بینـی ژنەکـان لەنێـو جـۆگەلەی چڵکـاو و قوڕەشـین، لە شـتێکی ونبـوو دەگەڕێـن. بەرلەوەی بگـاتە لای عومەری، هەڵوێستەیەکی کرد، سـەبەتەکانی لە شـانی چەپی هێنا شـانی ڕاستی. هەموو ژنەکانی ناسی، هەریەکەی داروچکەیەکی بە دەستەوەیە لە قوڕاوە شینەکەی کۆڵانێی وەردەدا. بۆن قوڕەشـین، خەڵکی کۆڵانێی هێڕکردبوو. پێشبڕکێ دەکەن لەسەر ماستاوکردن و مـادەلایی[1] بـۆ ژنـی ڕەئیس عورەفای، بۆ ئەوەی بیسـەلمێنێ لە هەموو ژنەکانی کۆڵانێ بـۆی دڵسـۆزترەو دەیەوێـت هەرچـی زووە ئەنگوسـتیلە نقـێم شـینەکەی بـۆ بدۆزێتەوە، کە پێی وابوو لە بەربەلوعەی ئاوەکە لێیکەوتبێت.

شـێخی دوعـاگۆ سـەری وەدەرنـا بە بـۆڵە گـوتی: ئەوە چ خەبەرە لە کۆڵانێ؟ ئەو نێوەتان پڕ کرد لە بۆن بۆگەنی، هەمـوو خەڵکتـان هێڕکرد! جەلال لۆبیـا فـرۆش لەو کاتەدا لەگەڵ عـومـەر وەستابوو، لەبەرخۆیەوە گـوتی: ئۆبـاڵ بە ملـم یـا شـێخ ئەوەی ئەتـۆ دەیکەی بـۆگەنترەو خەڵـک زیاتر هێڕ دەکات، لێ چیبکەم خەڵکی نائاگا هەستی پێناکات!

دەرگای مـاڵی شێخی، هەمیشـە لەسەرپشـت بـوو. دروسـت بەرامبەری دەرگـای حەسـاری گەورە. پیـاوێکی کـورتەبنەی قەڵەو بـوو. لـۆچە گۆشـتەکانی پشـتەملی وەک کـۆپەران کەوتبـوونە سـەر یەخەی کراسـە شـۆڕە عەرەبیـیەکەی. سـمێڵی هەڵپـاچیبوو و ڕیشـی کـۆرپە کردبـوو، هەمـوو حەفتـان لە خەنەی دەنـا، بـۆیە بە شـێخی ڕدێنسـۆر ناوبـانگی دەرکردبوو. شێخ بانگی شاکرەپووتی کرد پارچە مقەبایەکی درێژی دایە دەستی، دیاربوو ناوی ئەو ژنانەی تێدا نووسـرابوو کە لە مـاڵی شـێخی مـۆڵ ببـوون، چـاوەڕوانی بینینـی شـێخی بـوون، بە شـاکرەپووتی گـوت:

---

[1]- مادەلایی: مەرایی، خۆلەبەرهەڵکەر، مامەحەمەیی، ماستاوچی.

کوڕی باش بەردەستەکەم لێرە نییە، ئەو ناوانەم یەک لە دوای یەک بە نۆرە بۆ بخوێنەوە، تاوەکو یەکێک لە ژووروەوە نەیەتە دەرەوە ژنێکی دیکەم بۆ بەڕێ مەکە. ئەگەر کارەکەت بەباشی ئەنجام بدەی و لە مەرامی شێخی خۆت تێبگەی، لەلای خۆم داتدەمەزرێنم. ژنەکان، لەسەر عەرزی هەریەکەو پارچە مقەبایەک یان سەرپایەکانی خۆیان کردووە بە ڕاخەر، لە چاوەڕوانی ئەوەدان ناویان بخوێندرێتەوەو بچنە خزمەتی شێخی. تا دەرگای نهێنییەکانی دڵی خۆیان بۆ شێخی بخەنە سەرپشت. هەریەکەیان بە نیازێک هاتبوون، یەکیان، بۆ نووشتەیەک هاتبوو کە هەوێکەی لەبەر چاوی مێردەکەی ڕەش بکات. یەکیان داوای ئەولادێکی دەکرد. ئەوەی دیکە زێڕی لێ دزراوەو بێوەژنێک دەیەوێ کەسێکی دیاریکراو بێتە داوای، خەسووێک دەیەوێ بووکەکەی لەبەر چاوی کوڕی ڕەش بێت!...

شاکرەپووت، یەکەم ناوی خوێندەوە. بەگم، پیرەژنێک بوو زۆر کاتی شێخی نەگرت، هەر زوو هاتە دەرێ. دووەم، ژنێکی جاحێڵ بوو، ئەویان زۆری پێچوو. سێیەم ژن ناوی فاتم بوو، هەرکە شاکرەپووت گوتی فاتم، سێ فاتم بەیەکەوە وەڵامیان دایەوەو هەستانە سەرپێ، بەدەم خۆ تەکاندن گەیشتنە بەردەرگای ژووری شێخی، لێیان بوو بە شەڕەچەقە، هەریەکەیان موکڕ بوو لەسەر ئەوەی دەیگوت ناوی منەو لە پێشە تۆدا هاتووم. لەو شەڕەچەقەیە، شێخ سەری وەدەرناو دەستێکی بە ڕیشە کۆرپەکەیدا هێناو بە سەریدا نەڕاندن، فاتیمەکان بێدەنگ بوون. شێخ گوتی: تووڕەم مەکەن سوێند بخۆم ئەو هەفتەیە هەرچی فاتم هەیە نەیکەمە ژووری! نۆبەی هەرسێکیانی دیاریکرد، ئەوانیش نوقتەیان نەکرد، نەبادا شێخ نیگەران بێت!

شاکرەپووت بە ئەسپایی مقەبای لیستی ناوەکانی لەسەر کۆسپەی دەرگای داناو باریکەی دایێ، ڕۆیشت و گوتی: وەختی مەکتەبمە، ناتوانم بەردەوام بم. شێخ کاتێک بەوەی زانی، گوتی: گەنجی ئێستا دژە دینن، ئەوەی بۆ خودابێ، نایکەن! عومەرو جەلال لۆبیا فرۆش چاویان بە

شاکرەپووتی کەوت لە مالّی شێخ هاتەدەر، بانگیان کرد: ئەوە نووشتەی قەڵەوبووونت کردووە؟! چت دەکر لەکن شێخی؟ ئەویش بە پێکەنینەوە تێکئالّقانی فاتمەکانی بۆ گێڕانەوە. شاکرەپووت لە جەلال لۆبیافرۆشی پرسی: ئەو شێخە، بەو هەموو خەڵکەی سەردانی دەکەن، ڕۆژی چەندی پارە دەستدەکەوێ!؟ هیچ نەخۆشخانەیەک ئەوەندە خەڵکە ڕووی تێناکەن! جەلال لۆبیا فرۆش گوتی: بە ئەندازەی نائاگایی و نەخوێندەواری خەڵک، پارەی بەسەردا دەبارێ، وشیاریی خەڵک، سەرچاوەی دارایی شێخ و زۆر قۆڵبڕی دیکە، وشک دەکات! لەو قسانەدابوون، لەناکاو یەک لە پیرێژنەکانی حەسارێ، بانگی عومەری کرد بۆ ئەوەی نامەیەکی بۆ کوڕە بە سەربازگیراوەکەی بنووسێ. تومەز لە خەڵکی حەسارێی بیستبوو عومەر دەستخەتی خۆشە. ئەویش نووسی:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
دانەری عەردو ڕاگری عاسمان
چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز
مەرگت نەبینم هەرگیزاو هەرگیز

بۆ لای کوڕی خۆم محەمەد گیان، سەلامت لێدەکەم چاوت ماچ دەکەم، ڕەبی هەردوو چاوی داکت کۆرە بی ڕۆرە، ئەوە داخوازیکەری سافەی خوشکت هاتییە، ئەمنیش گوتیتم بە مەرقەدی حەزرەتی غەوسی مار لە بەغدایێ، بوکتان لە دەست نانێم هەتا وەکو محەمەدەی کوڕم مادۆنی[1] وەرنەگرێ و نەیەتەوە، ئەوجا چاوەڕێی تۆینە بێیەوە.

باقی وەسەلام، داکی خۆت عایشە جاندار

عومەر هەر زوو نامەکەی بۆ لەنێو زەرفی هاوێشت و عینوانی لەسەر نووسی. پلکە عەیشێ لەنێو جۆرکە پەڕۆ بەنیفۆیەکەی، دەرهەمەکی دەرهێناو دایە عومەری گوتی: لە بەریدی ئەوەشم لۆ بە پوول بدە. عومەر گوتی: غەمت نەبێ، سبەینێ دەچمە بازاڕی لۆت داوێمە بەریدی بە مستەعجەل.

---

[1]- مادۆنێ: مۆڵەتی سەربازی.

*

بەیانییەکی زۆر سارده، شەوی ڕابردوو شەختەی کردبوو، بەجۆرێک دارو بەردی لێکبەستووە، قیسی شێرەی ئاوی نێوەڕاستی حەساریشی بەستووە. تەزوویێکی سارد بە هەناوی شاردا گەڕا، چەقچۆی منداڵانی پێخواس، خەیاڵی تەنەکە نەوتێکی سەرمۆر، خەونی جووتێک پێڵاو و گۆرەوی... کرێکاری نانەواخانەکان خۆشبەختترین کرێکارن کە لە نزیک تەندوورەکان کاردەکەن.

پیرە هەڵۆ، بە قاپووتێکی ئاودامەن لەبن دیواری حەساریێ، خۆی داوەتە بەرهەتاوێ، وەکو هەموو ڕۆژانی دیکە، کوکوختییەکان دەوریان داوە، ئەویش نێوە سەموون و لێوە نانەکانیان بۆ ورد دەکاو بە بەریان وەردەکات. هەموو ڕۆژێک دروست لەو کاتەدا لەسەر دارتووەکەی حەساریێ و گوێسوانەی خانووەکان، لە چاوەڕوانی پیرە هەڵۆدان، بە شێوەیەک متووی بوون، دەندووک لەنێو لەپی دەدەن و خۆراکی خۆیان دەبەن، سڵی لێناکەن. بەوەش ئەندامانی خێزانی پیرە هەڵۆی، لە زیادبووندا بوو. فەقێیەکان، هەموو دەنگیان داوەتە ڕادیۆکە، بۆ ئەوەی خەڵکی حەساریێ گوێببیستی چەند ئایەتێکی قورئان بن بە دەنگی عەبدولباسیت عەبدولسەمەد. لە دواییدا نۆرەی مەلا عومەر دیبەگەیی دێ لە چەند ئامۆژگاری و وتارێکی ئاینی. خرمەخرمی شکانی شەختەی ژێر نالّی ئەسپی نەوتفرۆشەکە، تا دەهات زیاتر دەبوو. ئۆتۆمبێلەکان هەڵمیان لە ئەگجۆزی دەهاتە دەرەوەو لە دواییان جێدەما. هەڵمێکی خەست، شووشەی ئۆتۆمبیلەکانی تەڵخ کردبوو.

لەسەری کۆڵانێ، هەنگامەیەک پەیدابوو، دیاربوو خەڵکی گەڕەکی تەعجیلی، جێبەکەی مام شاکریان پاڵدەدا هەڵیبکەنەوە. چونکە ئەوەندەی سلف لێدابوو، پاتریێەکەی کوشتبوو. ئەوانەی پاڵیان پێوە دەنا هەڵمیان لە زاری دەهاتە دەرێ. یەک لە پاڵنەرەکان، یەک بە دەنگی خۆی هاواری دەکرد: دەی دەی پاڵدەن سەریعتر بە خوای هێندەی نەما بوو هەڵبێ! ئەو جێبە کۆنەی مام شاکری هەلا بە هەلا ببوو، بەڵام تاکە وەسیلەی

دابینکردنی بژێوی خێزانەکەی بوو. خەڵکی گەڕەکە دوورەکانی پێ دەگواستەوە نێو شاری و بە پێچەوانەشەوە.

سووکانی جێبەکەی، ئەوەندە بۆشایی تێدابوو، دوو خولی دەسووڕاند کەچی هیچ خەبەر لە سووڕانەوەی تایەکانی و ئاڕاستەی جێبەکە نەبوو! ئەگەر بیویستبایە جێبەکەی ڕابگرێ، بەرلەوەی بگاتە شوێنی مەبەست، چەند جار پێی لە پەیدانی ڕاگرەکە دەکوتاو دەکەوتە پەلەفڕکێ، بەدەم یا ڕەسوولەڵڵا یا ڕەسوولەڵڵا! یا حەزرەتی غەوس! تا بۆی ڕادەوەستا، لە شوێنی مەبەست تێدەپەڕی! هەتاوەکو بۆی ڕادەوەستا، هەرچی ئەولیاو پیاوچاک هەبوو پەنای بۆ دەبرد. ئەو کاتەی بێزیان بۆی ڕادەوەستا، شادەو ئیمانێکی بە هەقی دەهێناو شوکرانەبژێری خودای دەکرد. کاتێک لە جۆگەلەیەک نزیک دەبووەوە بە دەنگێکی بەرزو تکائامێز، بەسەرنشینەکانی دەگوت: ڕەحمەتی خوداتان لێبێت خۆتان بگرن بە تەمامە گیڕی بگۆڕم خودا یار بێت.

هەردوو چامرلغی پێشەوەی دەلەرینەوە، کەس نەیدەوێرا پاڵیان پێوەبدات. ڕێژەی ڕەقیی زۆربەی دارتێل و دارو دیواری کۆڵانی ماڵی مام شاکری پێ تاقیکرابوونەوە. چەند جار دەرگای ماڵی خۆیانی پێ لە ڕێسمە بردبوو.

جێبی تاین، لەناکاو هەڵبوو و دەرپەڕی، ئەوانەی پاڵیان دەدا، هەموویان لەپەو ڕوو کەوتن. لە حەسارۆکان و کەسنەزان و بێرکۆتی، لەشکری تەم، بە نەورەکاندا گەمارۆی هەولێری دەداو بە بێدەنگی ڕادەخوشی. بە نیازی ئەوە هاتبوو ڕێگا نەدات تێشکی هەتاو شەختەوبەند بتوێنێتەوە.

تەمەکە، هەر وەکو ملێچ خۆی لە گەردنی منارەی چۆلی وەرپێچابوو، لەگەر هەتاو، سەر تۆقەرەی قەراتێیان کردوە بە مەیدانی ملانێ. لە کۆتایی، هەتاو لە تەمی بردەوە. تەم لە حەیبەتان، هێدی هێدی بەرەو ئاسمان خۆی دەدزیەوە و دەبوو بە هەورێکی سپی. خۆر، لە کەلێنی هەورەکان سەرەتاتکێ لەگەڵ خەڵکی شاردا دەکات. چیای سەفین،

مەندیلی سپیی بەدیارکەوت. هەڵمە سپییە بە هەوربووەکان، چیدیکە جێگەیان نەمابوو، پەنایان بەرەو ئاسمان دەبرد. تابلۆیەکی، سپی وەکو هورپەی لۆکەی، گەواڵ گەواڵ تێکدەچڕژا. مرۆڤ هەر حەزدەکات لەنێو ئەو هەورە سپیانەدا سەرخەوێک بشکێنێ و پشووێک بدات!

قەدپاری قەراتێ، بە دیوی بەرڕۆژێدا، هەڵمی لێهەڵدەستێ، لێ دیوی نساری هێشتا سپیپۆشە، چونکە خووسی شەوی ڕابردووی لێ نەتواوەتەوە.

ئەوان بۆ کڕینی هەندێک پێداویستی ڕۆژانە، چووبوونە بازاڕێ. بەرامبەری چایەخانەی مەچکۆی، سەرنجیان کەوتە سەر تابلۆی وێنەکانی فیلمی سینەما حەمرای لەسەر شانی غازیە کوێری. غازیەکوێر، لە پێش دووکانی قەیسەر عارەقفرۆشی، هەڵوێستەیەکی کردو لە دەوری خۆی سووڕا بۆ ئەوەی خەڵکی شاری، پاڵەوانی فیلمەکە ببینن. ئەوەی لەگەڵ غازیدابوو، بەدەنگێکی بەرز هاواری دەکرد: وەرن بۆ بینینی فلیمی ڕینگۆ دوو دەمانچەی! عومەرو هاوڕێکانی، بە هۆی ئەوەی ڕۆژی پشوو بوو، بڕیاریاندا بچن بۆ سینەما حەمرای، سەرو بلیتێکی چل فلسیان بڕی.

لە ژووڕەوە چاویان بە ناتق و میکایل و جەمشیدو ئیبۆو چەند کەسێکی دیکە کەوت لە کورسی سەد فلسی لە بەینی چلی و لۆجەکان، دانیشتبوون. گڵۆپەکانی نێو سینەما کوژانەوە، ئەوەش نیشانەی ئەوەبوو فیلم دەست پێدەکات. یەکەمجار خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی، سەباح، هاتە سەر شاشە. تورکمانە خۆ بە شارستانزانەکان، دوو پەنجەیان دەخستە زاریان هەتا تینیان تێدابوو، فیکەیەکی زۆر بێزارکەریان لێدا، خەریک بوو پەردەی گوێچکەی ئامادە بووان بدرێ. هەستابوونە سەر کورسییەکان، هاواریان دەکرد: قەمبوور[1] سەوت! قەمبوور سەوت! ئیبۆ هاواری کرد: بە قوربانی قوزی سەباح دەبم بە قوربانی قوزی سەباحی

[1]- قەمبوور: پشتکوور. مەبەست لە قەمبوور، خاوەنی سینەما حەمرایە. ناوی خۆی، سەیید موحەممەد مستەفایە، پیاوێکی کورتەبالای پشتکوور بوو.

دەبم! بلە سەرئاسنیش گوتی: وەی هەزار جار بە قوربانی بیت! لە کاتی تەواوبوونی فیلمەکە، هاتنە دەرەوە، ئیبۆ لە دواوە بانگی بلە سەرئاسن و هاوڕێکانی کرد: هێی دەشتەکی، قەلاج، کیرمانج یاغنیش، غەشیم! مەڕۆ بزانم چیت گوت؟ لەو قسانەدابوو، سمە سەردڕ، خۆی پێدادا. بەرانگڕی یەکتر بوون. بلە سەرئاسن گوتی: ئێوە دەڵێی باب و باپیرانی خۆتان ناناسن! لە خۆشناوەتی و زرارەتی هاتوونە شاری! ئەوانیش بە تورکمانی جنێویان پێدەدان بۆ ئەوەی تێنەگەن. ئەگەر قسەی ئاساییشیان بکردبوایە، گوندییەکان هەر بە جنێو لێی حاڵی دەبوون، چونکە تورکمانییان نەدەزانی. عومەر گوتی: ئێوە بۆ ئەوەندە لوتبەرزانە و خۆپەرستانە لە خەڵکی گوندان دەڕوانن!؟ وەک باپیرە گەورەی خۆتان نەناسن و نەزانن لە کوێوە هاتوون! شانازی بەشارستانی و ڕووخساری گەش و دەستی سپی خۆتانەوە دەکەن، لە بەرامبەر دەستی قەڵشیو و ڕوومەتی هەتاوگازی ئێمەی گوندی؟ بەناوی شارستانییوون لە بەرامبەر ئێمە خۆتان لێبووە بە خوا! عومەر، بلە سەرئاسنی بەرزەفت نەکردبایە گۆبەندێکی دەنایەوە.

ئیبۆ و کەمال قەمە لەلایەک، سمە سەردڕو بلە سەرئاسن لەلایەکەی دیکە ببوونە قاندڕی[1] یەکتری. ئەو ساڵەی خوێندنیان بە تانەو تەشەر بەرامبەر بە یەکتری، بەڕێکرد. عومەر پشووی هاوینانیش نەدەحەسایەوە، چونکە لە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، یارمەتی باوکی و ئایشەکوڕانیی خوشکی دەدا. ئەو ڕۆژە، مەڕیان دروشم[2] دەکرد، حاجی عەولا بە سەفەری کۆڕی گوت: منداڵانی ئاوایی هەموویان شەهادەی سەری ساڵیان وەرگرتەوە، ئەدی بۆچی ئەتۆش وەرتنەگرتۆتەوە؟ یان شەهادەکەت ڕووی مەجلیسی نییە؟! بۆیە پیشانمان نادەی!؟ سەفەریش کەوتە گلەیی و گازاندان لە مامۆستاکان، گوایە پرسیاری قورسیان هێناوەتەوە! حاجی عەولا، حاڵی بوو کە

---

[1]- قاندڕ: تاسب، مەراقلێدان، یەخەبەرنەدان.

[2]- دروشم: نیشان، نیشانە، بەنیشانکردنی مەڕو ماڵات بە گوێ کونکردن یان داغکردن.

دەرنەچووە، گوتی: "هەنجەتی تڕی نانی جۆیە!" ئەتۆ هەر بە دوو سالآن پۆلێکی دەبڕی، هەتا پۆلی دووت بڕی، قیڕ سپی بوو! کوڕی خۆم بە خوای ئەتو ئی دەست و قەڵەمی نی، ئۆبالّ بە ملم ئەتوو ئی مەڕداری و کشتوکالّییێ و، زۆریش ئازاو لێزانی!

٣

ئێوارەیەکی غەمگین و شەقامێکی کپ و خامۆش. خەڵکی شاری، بۆنی بارینی خوێن دەکەن. خەم وەکو هەورێکی ڕەش و چڵکن، سیمای شاری داپۆشیوە. شاری هەولێرێ، تاسا بوو! عەجەب ئەوڕۆ بای دەربەندی گۆمەسپانێ هەرینەکرد! وەکو ڕۆژانی ڕابردوو، بێت و گەردنی پیرەقەراتێ ڕامووسێ. ئەتۆ بڵێی ئەویش دڕدۆنگ بێت؟!

حەمەشێتی قەشقەیی، جۆڕکە ئاسنەوالّەکەی لە سەرشانی هێنا خوارێ و لە بەردەرگای مزگەوتی شێخی چۆلی، بە عەرزیدادا. پشتی بە دیواری مزگەوتیداو لینگی لێ ڕاکێشا. بە هەردوو دەست لە ئەژنۆکانی خۆی دەدا. دیار بوو لە ناخەوە دەکوڵا، دەستی بە دادو فیغان کرد، بەخۆڕ فرمێسکی داباراند. یەک بە دەنگی خۆی دەیهاڕاند: ئەگەر شوانیت پێ ناکرێ، لۆ گۆپارت دەستداوەتێ؟ ئۆمەت یەکتری خەلاس کرد!

هەروەخت، حەمەشێت ئەو دادو فیغانەی بکردبوایە، خەڵکی هەولێرێ لێویان لەسەر ددانان وشک دەبوو، دڵنیا بوون کارەساتێک بەڕێوەیە، هەر بابایە خێریان لە خۆیان نەزر دەکرد، بۆ ئەوەی خودا بەخێری بگێڕێ، پێیان وابوو حەمەشێت وەلی و غەیبزانەو هەر زوو هەست بە ڕوودانی کارەساتەکان دەکات!

ڕۆژی دواتر، هەواڵێک وەک ئاگرو پووش تەواوی شاری گرتەوە، وەک ئەوەبوو لە غەیبەوە هاتبنەوەو پێیان بڵێن کارەساتێک بەڕێوەیە. شارو گوندو هەرچی لووتکەو ڕەوەز هەیە، هەر هەموویان دەگرێتەوە.

وەک ئـاگر بەربـووبێتە تەبـارەی کـوردان، بە هـیچ باوبۆرانێـک نـاکوژێتەوە! ئاشـی خـوێنە، ئاشـەوان و ئاشـهێرەکەی هاوزمـان و هاوخوێنمانە! نەوە دوای نەوە دەیهارێ و نابڕێتەوەو نابڕێتەوە!...

خەڵکی شـاری، وەک بێسـەر بسـووڕێنەوە، هەروەکو ئەو ماسـییانەی کەفاوی گۆگەمیان[1] خواردبێتەوە!

سـەرەتای مێژوویێکـی شـوومە، هەتـا کۆترەکـانیش لەنێـو لـیس و لە گوێسوانەو ساپیتەکان دۆڕداماون ناگمێنن. کوکوختییەکان وەک ڕۆژانی ڕابردوو، لەسـەر تۆقەرەی قەراتێ و منارەی چۆلی شۆڕابەی ناکەن!

ئەو سێشـەممەیە، وەک یـادەوەرییێکی تـاڵ و وەیشـوومەی شـووم، لە تەقـویمەکەی سـەر دیـواری چایەخـانەی مەچکـۆی، زەڕبێکـی سـوور سـووریان لێدا! لە مێژووی خەڵکی هەولێرێ وەک ڕۆژی ڕەش تۆمـار کرا! لەو ڕۆژەوە، ڕەشبەڵەک و شـایی بـوون بە شـین. مەلای مـزگەوت هەزارو یەک نزا دەکات کەسێک نییە بڵێ ئامین! چی نزاو دەستی نـزایە، ڕووەو ئاسمان بەڕێدەکرێ و بەرزدەکرێتەوە، تـاقە یەکیـان ناگـاتەجێ و گیـرا نـابێ. لە چایەخـانەی قەرداران شـەققەی پـوولی دۆمینەکـان دەنگـی نـایە. لە تۆمارگـاکەی عەبـدوللەتیفی چەخمـاخچی سـەدای حەیـران و چریکەی زیرەک و دەنگی مشکۆی، گەنج خەلیلی کاوێس ئاغای خامۆش کـران! شـار بێدەنگ بـوو. لەو ڕۆژەوە تـاکو ئێستا، مێژوو کەرت بـوو، قەڵەم کەرتبـوو، کتێـب کەرتبـوو، شـیعر کەرتبـوو، شـوانە گۆپـاڵ بەدەسـتەکان هەریەک بـۆ لایەکیـان ڕاداو مـێگەل کەرتبـوو! ئەو ڕۆژە، چیای سەفین جما، قەراتی هەولێرێ تێکی برد، منارەی چۆلی چەماوە... ئەمڕۆ، بە سەرەتای کۆتاییبوون دەچێ!

قابیـل و هابیلەکـانی نیشـتیمان، وەک دووپشـکە بە حەزو ئومێـد و داهاتووی خۆیانەوە دا! ئەوان ئیدی کوڕی ڕۆحـی نیشتیمان نین، بـۆنی خـاک و بـۆنی نـان و بـۆنی یەکەم بـاران نـادەن! ڕەز بـاخ و دار و

---

[1]- گۆگەم: ڕووەکێکی سروشتییە، ژەهراوییە، نزیکەی مەترێک یان زیاتر بەرزدەبێتەوە، گوڵێکی زەرد دەدا. لەجیاتی ژارماسی لە سەروچاوەی گۆماوەکان دادەدرا.

درەختەکان، ئیدی چارەیان ناوێن، چونکە ئەوان، دروست بە زمانی تەورداس لەگەڵیان دەدوێن!

بڵندگۆی مزگەوتەکان بانگیان لە قورگیدا نووسا، زەنگی کەنیسەی گەڕەکی عارەبان، نازرینگێتەوەو زرینگانەوەکانیان بە مەڵاشووی ناقووسەکانەوە نووسان!

عوسە شێت، هەرچەند لە ڕووخساری خەمداگرتووی خەڵکی شاری و فیسکەفیسکی بەنهێنی دەڕوانی، زیاتر واقی وڕدەما، بێ ئەوەی شتێک بزانێ، ئەویش سایلی ئەو خەڵکەی کەوتبووە بن باری خەمان. بێئومێدی ڕووخساری ئەویشی سواقدابوو. ئەو، هەستی کردبوو، تۆخمی گوناهێک تروکاوە، بەڵام لەوی دەشارنەوە. بەو کارە زۆر هەراسان ببوو. هێندە بەپەلە ڕێی دەکرد، لەو کۆڵان بۆ ئەو کۆڵانی، لەو دووکان بۆ ئەو مزگەوتی هەدای نەدەداو دانەدەسەکنی تا هەواڵێک بەدەست نەخات. سەر بە هەموو شوێنێکدا دەگرێ. ساتمە دەکاو لەپاوڕوو دەکەوێتە عەردی، هەر یەکسەر هەڵدەستێتەوە. شەڕوارەکەی، هێندەی لە قاچوقولی بهاڵێ، گنجەکانی هەمووی هاتبوونە پێشەوە. هەر دوو کەسی بەیەکەوە ببینیایە، زوو خۆی دەگەیاندە لایان و لە تەنیشتیان، گوێ قوڵاخ هەستێ ڕادەگرت، بەڵام ئەوان بێدەنگ دەبوون. بۆ ئەوەی لە یەخەی خۆیانی بکەنەوە، هەر زوو جگەرەیەکیان دەدایە دەستی و بەڕێیان دەکرد: عوسە لەولای بانگت دەکەن! عوسەش، لەوەی کە ناتوانێ هیچیان لێهەڵگرێنێ، نائومێد دەبوو. ناچار چاوی گڕدەدا تا سەرنجی دەکەوتە سەر چەند کەسێکی دیکە، لەوانەی سەریان ناوەتە بنگوێی یەکتری و پێکەوە چپەچپیانە. بە هەشتاوی بۆ لای ئەوان هەیپێ لێدەکرد.

لەو هەموو ڕاکەڕاک و گوێگرتنە هەر ئەوەی بە بەرگوێ کەوت و زانی کە، شتێک کەرتبووە!

جەلال لۆبیافرۆش، هەرچەندە هاوتەمەنی عومەری نەبوو، بەڵام بە کوڕێکی وشیارو خوێندەواری دەزانی، بۆیە لە ڕووداوە گرنگەکان

ئاگاداری دەکردەوە.

عوسە شێت، دیقەتی کەوتە سەر عومەرو جەلال لۆبیافرۆشی، بە دەم جنێودانەوە بەرەو لای وان ڕۆیشت. بەتوڕەیی و لەبەرخۆیەوە دەیگوت: بـۆچی لە منـی دەشـارنەوە! مەگەر ئەمنـیش وەکـو ئێـوە خەرکـی ئەو شـارەی نـیم؟ دروسـت لەو کـاتەدا جەلال لۆبیـافرۆش دەسـتی لەسـەر شانی کچە هەشت سالانەکەی خۆی بوو، بە ناوی نیشتیمان.

عوسە شێت بە پەلەو خۆش خۆش جگەرەی لە خەڵکی وەردەگرت و هەردوو مژی لێدەدان فڕێی دەد. بەلای هەرکەسێکدا تێپەڕیبا، بێئەوەی قسە بکات، دوو قامکی قژدەکرد، بە مانای ئەوەی جگەرە بـخەنە بەینی قامکەکانی. ئەو جگەرەی دادەگیرساندو ئەوەی پێشووی فڕێدەدا. هێندە بە شـەپڕێوی جـگەرەی دەکێشـا، مـووی سـینگە ئـاواڵەکەی هەمـووی هەرکڕوزابوو، پڕببوو لە سۆتووە جگەرە.

لەگەڵ نزیک بوونەوە لێیان گوتی: دایکەکەتان بگێم ئەهلی هەولێرێ بۆ قسەم لێ دەشارنەوە؟ بۆ بە من ناڵێن چی قەوماوە؟ هەر دەڵێن کەرت بوو، کەرت بوو، خۆ ئەمن بۆ هیچکەسـی ناگێڕمەوەو نە خەفیەشـم! بۆ پێم ناڵێن چی کەرتبووە؟ لە کوێڕا کەرت بـوو؟ کێ کەرتـی کـرد؟ هەتـا وەکـو دایکەکەی بگـێم! جەلال لۆبیـافرۆش، بـانگی کـردو گـوتی: عوسـە وەرە ئەمن بەڕاستی پێت دەڵێم چی کەرتبووە. عوسەشێت گوێی ڕاستی لە زاری جەلال لۆبیافرۆشـی نزیـک کـردەوە. هێنـدە بە تـامەزرۆیی عەودالـی زانینـی ئەو هەواڵە بـوو، هەسـتی لە خـۆی بڕیبـوو، قیسـی هەناسەشی ڕاگرتبوو. جەلال بەئەسپایی وەک نهێنییەکی گرنگ بدرکێنێ:

ئەوڕۆ نیشتیمانی کچم لەسەر دیواری حەسارێ بەسـەر دەموچاویدا کەوت، زمـانی کەوتەوە بەر ددانەکـانی خـۆی (نیشـتیمان زمـانی کەرتبـوو!)، عوسەشـێت گـوتی: خـوێنی لـێ هـات؟ جەلالـی لۆبیـافرۆش گوتی: ئەرێ وەڵڵا نێو دەوی پڕپڕ بوو لە خوێن! ئێستاش ئەو خوێنە هەر نەوەستاوە!

عوسەشێت لـەو سـاتەوە، لە قەیسـەری و نێو نەجـارو پەنیرفرۆشـان،

دوکان بە دوکان دەگەڕێ، سەر بە هەموو شوێنێکیدا دەکات، لە بەیانی تا ئێوارێ، وەک هەواڵێکی گەرم و نەبیستراو بە گوێی خەڵکی شاردا بدات: نەتانزانیوە چی ڕوویداوە؟ ئەوانیش دەیانگوت: نەوەڵا، عوسە گیان دە پێمان بڵێ چی ڕوویداوە؟ عوسەش ئاوڕێکی بۆ دواوەو هەر چواردەوری خۆی دەداوە، نەبادا ناحەزێک، خەفیەیەک گوێی لێبێت و، بۆئەوەی هەواڵەکەی لێ پەرت نەبێ، دەستێکی بە لایەکی زاریەوەوە دەنا بە ئەسپایی دەیگوت: نیشتیمان زمانی کەرت بوو، نێو زاری پڕپڕ بوو لە خین، ئێستاش خینی نەوەستایە، مارەوەدان هەنووکەش هەر خینی لێ دێ!

لەو ڕۆژەوە هیچکەس پێی نااڵێ عوسەشێت، ناو و پاشناوەکەی گۆڕا، هەرکەس بیەوێت بانگی بکات دەڵێ: هۆ هۆ (نیشتیمان زمانی کەرتبوو!) وەرە بۆ ئێرە با بزانین چی قەوماوە؟

*

گەلاوێژ ئەنگوتووە، بە ڕۆژ گەرمەو بە شەو فێنکە. قوتابییەکان لە چاوەڕوانی دەستپێکردنەوەی خوێندنن، ساڵ بە ساڵ خوێندنیان قورستر دەبوو، چونکە گەیشتبوونە دوا قۆناغەکانی ئامادەیی. عومەر لە پشووی هاوینەش، ئەو سێ مانگەی دەگەڕایەوە گوندی، بیری لەلای پیرەهەڵۆ بوو. بە جۆرێک هۆگری ببوو، لە گوندیڕا بۆ یارمەتیدانی و چاودێریکردنی، چەند جارێک سەری شارو حەسارێی دەدایەوە. هەموو جارێک سەرو ڕیشی بۆ دەتاشی و سەری دەشووشت و جلەکانی دەگۆڕی و دەرمانەکانی دەرخوارد دەدا. مامەڵەی کوڕو باوکانەی لەگەڵدا دەکرد، هەندێک جار لەگەڵ خۆی دەیبردە گوندی و خزمەتیان دەکرد. وەک ئەوەبوو عومەر دوو ماڵی هەبێت. زۆر جار ئەگەر شتێکی دیار نەبوایە، دەیگوت ڕەنگە لەنێو سندووقە بۆراقەکەی پیرەهەڵۆم دانابێت. هەمیشە، تەسکەرەو ڕەگەزنامەو بڕوانامەو بەڵگەنامە گرنگەکانی خۆی، لەنێو سندووقەکەی پیرەهەڵۆی بوو.

عومەرو بلە سەرئاسن، دایمەی خوای بەیەکەوە بوون و لە یەکتر

دانەدەبڕان، هەتتا لە چوونە شاریش. بلە سەرئاسن بەدەم تەقاندنی پەنجەکانی، لە باوکی نزیک بووەوە کە خەریکی دروستکردنی ڕککەیەکی[1] بەر دیواری حەساریّ بوو بۆ ئەوەی دیوارەکە نەڕووخیّ. هەرچەندە ڕوانین و زەینی لەسەر دانانی ئەو خشتانە بوو هەڵیدەچنین، گوێی لە خشپەی پێی کەسێک بوو، تارمایی کەوتە بەرتیلەی چاوی. بە سەردەستەی کراسەکەی ئارەقەی قۆڵتی چاوەکانی سڕی. بەر لەوەی بلە داواکارییەکەی بە باوکی بڵێ، وەکو لە غەیبەوە پێی بڵێن گوتی: ها بلە! دیسان پاکەت و شقارتە بۆ کوێ دەڕۆن؟ بلە: لەگەڵ عومەری حاجی عەولای، دەچم بۆ شاری، دەیەوێت سەرێکی مێردی پووری بدات. مەبەستی پیرە هەڵۆ بوو. باوکی گوتی: بڕۆ باشە، بەڵام لە دایکت بپرسە بزانە چ پێداویستیمان هەیە، لە شاری لەگەڵ خۆت بێنی. دایکی گوتی: شەکرو دەرمانچای بێنە، بلولەکی[2] کچانیش بێنە. ئەوجا، لەبن بالیفی منداڵەکەی نێو لانکێ، گرمۆڵە پەڕۆکێکی دەرهێنا، لە دوای چەندجار کردنەوەی هەموو پەڕۆکەکان، بڕێک پارەی دایێ.

هەرکە گەیشتنە نێو شاری، عومەر ڕۆییشت بۆ لای پیرەهەڵۆی، بلە سەرئاسنیش، لە نێو قەیسەری چووە لای دارتاشەکان، لەبەر دەرگای دووکانی دارتاشەکە ئاوڕێکی لە دوای خۆی دایەوەو لە هەر چوار دەوری خۆی ڕامـا نەبادا ناسیاوێک ببینێ و تەریق بێتەوە. غروری نێرینەیی هانی دەدا ئەگەر بلوولەکە لە بەردەستان بێت، بێئەوەی ناوی بێنێ و مامرەت بکات، یەکسەر هەڵیگرێ و پارەکەی بدات، بەڵام لە بەدبەختی، بەردەست نەبوو، بۆیە بە شەرمەوە گوتی: مامە بلوولێکی کچانم بدەیە. ئیبۆ، لەو کاتەدا خەریکی ڕەنگکردنی لانکێک بوو، ئەو دەنگە بە گوێی ئاشنا بوو، گورج ئاوڕی دایەوەو دەستی لە کارەکەی هەڵگرت، بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی: گەورە بێت یان بچووک؟! بلە سەر

---

[1]- ڕککە: پاڵپشت. چەند خشتێک کە دەدرێتە بەردیوارێک بۆ ئەوەی نەڕوخێت.

[2]- بلول: بلوێر. دارێکی هەڵکۆڵراو یان قامیشێکە بۆ میزەڕۆ منداڵی نێو لانک بەکاردێ. شێوازی دروستکردنەکەی بۆ منداڵی کچ و منداڵی کوڕ لێک جیان.

ئاسنیش گوتی: هەر بە قەدەر زاری خۆت بێت! باوکی، نانبرێشکێکی بە دەستەوەبوو، بە دەندەی سینگی ئیبۆی وەنا: ئۆغڵم بۆ مشتەری لە دووکانێ دەردەکەی؟ هەر زوو بلوولێکی کچانی دایەدەست بلە سەرئاسنی و ئەویش گورج لە بەرپشتێنی شاردییەوە.

عومەر، لە سەرشووشتن و تراشی پیرەهەڵۆ تەواو ببوو، خەریکی جلگۆڕینی بوو. چۆنیەتی خواردنی حەب و دەرمانەکانی بۆ چەند بارە دەکردەوە. دڵنیای دەکردەوە بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە، دەبێ لە کاتی خۆی دەرمانەکانی بخوات! عومەر، ترسی لە چاوەکانی پیرەهەڵۆیدا دەخوێندەوە، ترسی لەوەی کەسێک نەبێت خواردنی دەرمانەکانی لە کاتی خۆی وەبیربێنێتەوە، بەتۆڕەبوونێکی کوڕو باوکانە، عومەر گوتی: هەر ئێستا چەند جارم بۆ ڕوونکردییەوە، چ زوو لە بیرت کردن! پیرەهەڵۆ، چەند جارێک سەری خۆی بۆ پێشەوە لەقاند: کوڕم ئەوە دەردی پیرییە دووچاری لە بیرچوونەوەی کردووم، بە جاحێڵی گرەوی چۆلەمشکێنم لەگەڵ برادەرێکی وراتی کۆیێ کردبوو، چەند ساڵ بوو کەسمان زەفەرمان بەویترمان نەدەبردو بیبەینەوە، هەرچی دەیدایە دەستم دەمگوت لە بیرمە، ئەویش هەروا. شەوێک میوانم بوو، تومەز برادەرێکی خۆی تێگەیاند بوو، بێت، شەوێ بە هەوایی، دەستڕێژی گوللە لە ماڵی ئێمە. بکات، بەڵکو لە کاتی تەقەکردندا، شتێکم بداتە دەست و نەڵێم لەبیرمە. خۆشی لە بەینی من و تفەنگە هەڵپەسراوەکەم دانیشتبوو، لە گەرمەی تەقەکردن تفەنگەکەی دایە دەستم هەر لەگەڵ فیشەک لێخوڕینە بەرتفەنگی گوتم: لە بیرمەو دەستم بە تەقە کرد. دیسان دوای چەند ساڵی دیکە، باوکم مرد، ئەو برادەرەم، لەو کاتەی ئەمن لەسەر لێوی قەبرەکە بووم، دەمانویست تەرمەکە بە خاک بسپێرین، ئەو پەتۆی سەر تەرمەکەی دایەدەستم، ئەمنیش گوتم لە بیرمە! ڕۆڵەگیان ئەوکاتی جاحێڵ بووم، هۆشم کاری دەکرد، ئێستاش پیربووم و ئاوام لێهاتووە! پیری بەڵایەکە بۆ خۆی، شنگ و تاقەت و جوانی و زەین و زاکیرە و هەموو شتێکت لێدەستێنێ!

عـومەر، پرسـیاری زۆر گەورەو گرینگـی هەبـوون کە لە مێشـکیدا ژاوەژاویان بوو، بەڵام ئەو پرسیارانەی لێنەکرد، چونکە هەستی دەکرد کە ئەو شتانەی ئەو پرسیاریان دەربارە دەکات، بۆ ڕۆژگارێکی دوور دەگەڕێنەوە، یانی، کات و واقیعی ڕووداوەکان و ئەو وەڵامانەی ئێستای پیرەهەڵـۆ، مەودایـان زۆرە. بـۆیە، بـۆئەوەی دڵ و ڕووحـی زیـاتر وردوخاش نەبێ، بێدەنگەی لێکرد!

عومەر سەری بە هەموو ماڵەکانی حەسارێ دادەگرت و لە ئەحوالّی دەپرسـین. یەکەمجـار لە هاوسـەری جەلال لۆبیافرۆشـی پرسـی: کە خەریکی نانکردن بوو. هەر لەبەرنانی، بە نانبرێشکەکە نانێکی گەرمی بۆ ڕاداشـت، ئەویـش چـوو لەلای ئەو پیرێـژنە هەڵتووتکـا کە خەریکـی سـاوارلێکردن بـوو. دەسـتی چەپـی لەسـەر دەسـکی دەسـتارەکەبوو دەیگێڕاو بە دەستی ڕاست ساوارەکەی لە قەڕۆمەی دەستارەکە دەکرد. بەدەم خـواردنی نـانە گەرمەکەوە داوای لە پیرێـژنەکە کـرد تـاوەکو پشـووی هـاوینە تەواودەبێـت، چـاوێکی لە پیرەهەڵـۆ بێـت، ئەو بـڕە پیـرخەنییەی لە مـاڵەوە لەگەڵ خـۆی بـۆی هێنـاوە بـۆی لێبنـێ و دەرمانەکانی وەبیربێنێتەوە بیانخواو شـەربەی ئاوەکەی بۆ پڕبکاتەوە. هەر لەگەڵ ئەو داواکاریـانە، هەندێک قسـەو پێشـنیاری نێوەخندداری بـۆ کـرد، بەڵام پیرێـژنەکە هێنـدەی تەڵەی بە کلکـی تەقانـدبوو، لە مەرامـی عـومەری حـاڵی بـوو: ڕۆڵەی خـۆم، ئەو قەسـپەی ئەتـۆ دەیخـۆی، نێوکەکەی لە گیرفانی منداید! تازە ئەمن ئاردی خۆم بێژتـووەو کەپەکـی خۆم ڕێشتووە! ئێستا ئەمن لە ڕیزی پیـاوانم، ئەوجـا ئێسـتا، لە هەرکات زیاتر پێویستم بە حەسانەوە هەیە.

*

ئەو ئێوارەیە جیا لە ڕۆژانی ئاسایی، دڵی زۆر خۆشە، چونکە بە هۆی ئەوەی کارەکـانی لە بەرنامەیـدابوو، هەمـووی بـێ زیـادو کەم جێبەجـێ کردوون، هەسـتێکی تـایبەتی هەیە. ئۆتـۆمبێلی گوندی، جێی هێشـتوون. ناچار بوون بچن لە فلکەی ئاوی کەسک و سـۆر دەست لە ئۆتـۆمبێلان

ڕابگـرن، تـا سـواریان بـکەن. لە سـەرڕێگای سـەرەکی هەولێـر- پـردێ دابەزین و بەرەو گوندی کەوتنەڕێ.

لەگەڵ دەنگی زیکزیکەو تیترواسـک و کەناچەکان هەنگاویـان هەڵدێنا. عومەر، باڵی لێک بڵاوکردن. دەستی بە سینگی بلە سەرئاسـنیەوە نـا، بە ئامـاژەی ئەوەی لە ڕۆیشـتن و قسـەکردن بوەسـتێت، بـزانن ئەو دەنـگە سـحرییەی بە ئاسـتەم نـووزەی بەرگوێیـان دەکەوت و نەیانـدەزانی لە کوێـوە دێـت. دواتـر دڵنیـا بـوون دەنگـی شمشـاڵە ئەفسـوناوییەکەی ئایشـەکوڕانییە. ئـایش، هەرچەنـدە خوشـکی گەورەی عـومەرییە، بەڵام چـونکە ئەو عـومەری بەخێـوو پەروەردەی کردبیە، بـۆ عـومەری تـامی دایکی دەدا!

بەئەسـپایی بەرەو دەنـگە سـحراویە هەسـتبزوێنەکە هەنگـاو هەڵـدێنن. دەنگێـک، ئەو دەروودەشـتە وشـک و قـاقڕەی بە مسـک و عەمـبەر گوڵاوپڕژێن دەکرد. ئاوازێک، ڕۆحی بنیادەمی دەکردە پەپوولەو سەمای سەر پەڕەی گوڵە نەستەرەنی پێدەکرد، ڕۆدەچووە نێو ناخی بەها هەرە جـوان و خاوێنەکـانی سروشـت، هێلانەیەکـی لە پەشـمەک بـۆ زەرنەقووتەکـان دەهـۆنییەوە. بەو دەمەو ئێـوارەیە، ئـاوازی گزنگـی دەژەنی! ئایشەکوڕانی، لە ڕۆژی بە شـوودانی هەریەک لە خوشکەکانی، شمشـاڵی دەژەنـی. چـونکە بە دوورکەوتـنەوەی خوشـکەکانی، هەم دڵخـۆش بـوو و هەم خەمێکـی شـیرین دایـدەگرت. هۆکـار ئەوەبـوو لە بەخێوکردنیان ڕۆڵی دایکی بینیبوو. هەرکاتێک هەسـتی بکردایە خەم و پەژارە ناخی گرتووە، دەستی دەبردە بەرپشتێنی، شمشـاڵەکەی دەردێنا و هەرکە تێیدەتوڕانـد، هەرچـی زیـڕوح هەیە، بێـدەنگ دەبـوو، قیسـی شـــەیتانۆکەکانیش خۆیـــان لێکدەکێشـــایەوە! بەرلەوەی لێـــوی بە شمشـاڵەکەوە بنـێ، وەک هەمیشـە بەچـاوێکی نیازمەنـدانە لە ئاسـمانی دەڕوانـی، وەک ئەوەی لە خـوا بپارێتەوە بـارانی سـەبووری و دڵنەوایـی بـــڕژێنێتە ســـەر دڵـــی ئاشـــوفتەو خەمەکانیـــان بشـــواتەوە. ئەوەش سەرلەنوێ، هێزو باوەڕی لە جەستەیاندا دەژیاندەوە. هەر خـوا دەزانـێ

چ هێزێکی پەرجووئاسای دەروونی پێ دەبەخشین!
دەنگی شمشاڵە دوورەکە، پێ بە پێ بڵندتر دەبێت. پەنجەو کونی شمشاڵ لە جەنگێکی قورسدان، بەڵام جەنگێکی جوان، بە ئاوازێکی ئارامبەخش جوانیەکانی ژیان و سروشت پێشکەش دەکەن، دڵ و دەروونی وێران ئاوەدان دەکەنەوە، گڕی کینەو بوغز خامۆش دەکات! لە ڕۆحییەتێکی هێندە پاکژەوە بەرزدەبووەوە، لە ناخەوە هەست و بیری مرۆڤەکانی وەک نەورەسەکانی سەر دەریای سۆزداری، دەخستە سەما! هەرکاتێک لە شمشاڵەکەی دەتوڕاند، بەرانە کەویسارەکەو سەگەکەی لەبەردەمی پاڵیان بەیەکەوە دەدا، چاویان دەبڕییە سەرچاوەی ئەو داد و فیغانە! چونکە هەردووکیان، لەگەڵ ئەو دەنگە خەمبار و سحراوییە گەورە ببوون. ئایشەکوڕانی زۆربەی جارەکان بە شمشاڵەکەی ئەو حەیرانەی دەژەنی کە دەڵێ:

"دەرێ ئەرێ بابە براینە برادەرینە،
دیسان دەرێم ئەورۆ ئێوارێ ئەگەر سێبەرێی سەفینی
بەسەر مارە دیاناندا دەڕۆنی...
دەمگۆتە بەژنێ باریک و زەندەیێ بە بازن،
پەرچەمەکی سۆری بەخەنە، سەرەکی بە لاسەرە،
دە تو وەرە ئەو سارەکێ هاوینی،
دەرێن گەلە گەرمە، ئەمن کەپرەکی لۆ توو دەکەم لە سەرێ سەفینی..
ئەوجا دەرێ براینە بناغەی ئەوێ کەپرێ دادەنێم بە سۆتکەی،
دیواری دەکەم بە قەنەفرێ،
کاریتەی داوێمێ لە داری سۆر گورێ،
هەراشی دەکەم بە ڕەشە ڕەیحانێ،
خۆرەبانی دەکەم بە کلێ،
سواقی دەدەم بە خەنەی،
مارنجی دەکەم بە خاسەڕەنگێ،
دەیڕشێنم بە گوراوێ،

ئەمن شەوێ لە سێ باری نیوەشەوێ،
دەستی بە ژنێ تەنکۆکە دەگرم دەیبەمە ناو ئەوی شانەشینێ،
شەوباینێ شەوێ لێبدا، بۆنی بڕوا بەسەر مارە جیرانان!"

سەدای شمشاڵەکەی ئایشە کوڕانی، وەک شەفەقی بەیان لە شەوێکی دەیجووردا، چەپکە گزنگی دەڕژاندە سەر هەستەوەری هەموو زیڕوحێک. وەک ئامێزی نسێ بۆ ڕوومەتی هەتاوگاز، بە دەستێکی نەرم و میهرەبان هەموو تەڵخی و تەمی ڕۆژگاری سەر ئاوێنەی زەینی گوێگری پاک پاک دەسڕی. هەتاوەکو ئایشەکوڕانی شمشاڵەکەی بە لفکی جەمەدانییەکەی پاک دەکردەوەو دەیخستەوە بەرپشتێنەکەی، نە بەرانی کەویسار کاوێژی دەکرد نە دێوەی سەگی، مێشی لە خۆی پاس دەکرد!

ئایشەکوڕانی، ناهەقی نەبوو ئاوازی حوزنی لە یەکدابڕان بژەنی. چونکە ئەوان، شەش منداڵ لە یەک جێ و بالینگان گەورەکران. کە گەورە بوون، یەک لە دوای یەک ماڵی خۆیان لەگەڵ ئایشێ جیا دەکردەوە. هەرجارێک داخوازیکەری یەک لە کچەکان دەهات، خوشکێکی، ماڵی خۆی لێدەکردن!

سەری هەڵبڕی، چاوی لە عومەرو بلەی هەڵەنگوت. سووکە زەردەخەنەیەک بەسەر لێوەکانیەوە نیشت و گوتی: پاکەت و شقاتە! هاتنەوە؟ لە شاری چ خەبەر؟ ئەی ئەو بوخچەیە چیە بە شانتەوە؟ دەڵێی بوخچەی بە دوکەوتیانە! عومەر گوتی: ئەوە جلوبەرگی چڵکن و دڕونی پیرەهەڵۆیە بۆ شۆردنم هێناون. ئەی ئەسعەدی شوان لە کوێیە؟ بۆ تۆ هاتوویتە بەر مەڕی؟ ئایش گوتی: ئەمڕۆ لەگەڵ گەردی بەیانی، هێشتا مەڕ لە هەوێزێ ڕانەدرا بوو، ئەسپسواریک لەبەردەرکێ قوت بۆوە: مام حاجی! ئەسعەد دایکی زۆر نەخۆشەو داوای دیدەنی ئەسعەدی دەکات، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی چاوێکی لە باوکم داگرت، نەیدەویست تا نەگاتەوە ماڵێ، پێی بڵێ مردووە. سەفەری براشم باراشی بردۆتە ئاشی. بابیشم خەریکی چەورکردن و دەست پێداهێنانی

دەڕاسەکەیە، دروێنە تەواو بوون، ئیدی ڕایدەگرێ.

بەرەو گوندی کەوتنە ڕێ، شوێن پێکانیان لەنێو خۆڵەپۆتی ڕێگاکە بەجێ دەما. چەند هەنگاو لە ئایشەی دووردەکەوتنەوە ئەوەندەش لە گوندی نزیکتر دەبوونەوە. لە حەساری مالّی حاجی عەولاّی وەژوورکەوتن، چاویاندابووە سەر کوندەرانی و یەک لە دوای یەک دەمیان بە زاری کوندەیەوە دەنا، تاوەکو زگاوبوون ئاوی شەوییان خواردەوە. حاجی عەولاّش دەستی هەر بە گریس و چەوری دەڕاسەی بوو، پێی ڕاگەیاندن ناویان بۆ ڕشاندنی دەرمانی مەلاریا[1] لە گوندەکان دەرچووە.

لە لیستی ناوی کرێکارەکان، عومەری حاجی عەولاّی وەک چاودێر دیاریکرابوو. هیچ یەک لە قوتابی و کرێکارەکانی گوندی لاربیان نەبوو کە عومەر چاودێر بێت، تەنها کوڕی موختاری گوندی نەیدەتوانی ئاگری ئێرەیی لە چاوەکانیدا بشارێتەوە، پەستی و بەدخوویی لە باوکییەوە، مێشکی ئالووده کردبوو. ئاخر باوکی تازە لەلایەن دامودەزگا هەواڵگرییەکانی حکومەتەوە لە جێگای موختاری پێشوو، کرابوو بە موختار. هەر بەو هۆیەشەوە کوڕەکەی، کەڵکەڵەی ئەوەی لە مێشکیدابوو ببێتە دەوڕاستی قوتابییەکانی هاوتەمەنی خۆی. بەڵام قسەی کۆتایی و کاربڕ، قوتابییەکان دەیانکرد، کە بە عومەری ڕازی بوون. ئەویش بەس هەراسانی و پیشخواردنی بۆ مایەوە. عومەر، هەر لە منداڵییەوە تا ئێستاش، خووی بەوە گرتبوو ئەو شەوانەی لە گوندی دەمایەوە، بەر لە خەوتن دەچووە لای داپیری. داپیری لە بنەبانێ لە لای سندووقە بۆراقەکەی، لەسەر نیمدەرێک[2] دادەنیشت. پیرەژنێک، کراسێکی کراسێکی ڕەشی بە باخەڵی لە بەردابوو، بنکەوێیەکی بە لۆکەی لێو

---

[1]- مەلاریا: ڕشاندنی دەرمانێک بوو ناوە زانستی و تەندروستیەکەی (دی دی تی)یان پێدەگوت. سالاّنە وەزارەتی تەندروستیی حکومەت، لەڕێگەی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستیەکانەوە، پێی هەڵدەستا و بە تایبەتی گوندەکانی دەڕشاند، بە مەبەستی قەلاچۆکردنی میش و مەگەزو زیندەوەرە زیانبەخشەکان.

[2]- نیمدەر: دۆشەکی بچووک، دۆشەکەڵە.

چندراوی بە سیمی لەسەر کراسەکەی پۆشیبوو، گیاسۆتکەو[1] قەنەفرو کلیلی سندووقەکەی بە یەخەیەوە هەڵواسیبوو. لەچکەیەکی سپی، قژە لۆکەییەکەی داپۆشیبوو. لەو کاتەی سەری لەسەر ڕانی داپیری بوو، پەنجە ڕەقوتەقەکانی وەک شانە بەنێو قژە چڕو پڕەکانی عومەری دادەهێنا. ئەو پیرێژنە کۆنەساڵ و دنیادیتەیە، باسی عەرش و قورشی بۆ دەگێڕایەوە. نەیدەزانی تەمەنی چەندە، هەر ئەوەندەی دەگوت ئەگەر عەوڵای کوڕمم بە زگی کەوت، ساڵی بارانە زۆرەکەی بوو، دەغرودان زۆر هاتی بوو، لامولیە هەر بۆیەشە عەوڵای کوڕم ئەوەندە سەخییەو نانەک و گایەکی لەکن یەکە!

دوای ئەوەی چەند چیرۆکێکی ئەفسانەیی بۆ دەگێڕایەوە کە عومەر هەر لە منداڵییەوە هەمووی لەبەرکردبوون، چونکە هێندەی بۆ گێڕابووەوە، تەزبیحە سەتو یەک دەنکیە شینەکەی لە ملی دەکردەوەو دەستی دەکرد بە تەهلیلەو زیکرکردن. هەرکە بیست دەنکیشی ئاوادەکرد، پەڕۆکێکی لێدەبەست، هەر ڕەنگەشی نیشانە بوو بۆ جۆری زیکرێک.

داپیر، بە دەستێکی بە دەستنوێژو ڕۆحێکی تەژی لە باوەڕ، هیچ داواکارییەکی تایبەتی بۆ خۆی نەبوو، ئەوەندەی لەبەر خودای خۆی دەپاڕایەوە کوڕو کچ و نەوەکانی لە بەڵای ناگەهان بپارێزێ: خودایە بۆ خۆت دەزانی هەتا مارو مێرووش چی دەکەن و هەر خۆت عەلیم و خەبیری، تەنها ئیمان شک دەبەم، ئەویشم لێ نەستێنییەوە! خوایە جەرگم پێیانەوە نەسووتێ و دەستت بە باڵیانەوە بێت! عومەر هەتا وەکو کەڵەبابی زیزان[2] بانگی نەدابا، داپیری بەجێ نەدەهێشت و

---

[1]- گیاسۆتکە: گیایێکە، چلەکانی وەک گەڵای کەوەر وایە، بنکێکی ڕەشی بەقەدەر دەنکە زەیتوونی هەیە، بۆنێکی خۆشی هەیە، لە دەشتی هەولێر ژنان بە یەخە و بەرۆکی خۆیانەوەی دەکەن، یان دەیخەنە نێو بوخچەی جلوبەرگ. لە سنووری بیتوێنیش، ژنان وەک ملوانکە دەیهۆننەوەو وەک مێخەکبەند بە ملی خۆیاندا دەکەن.

[2]- کەڵەبابی زیزان: ئەو کاتەی شەوە، کە زۆربەی وەخت دوای خەوتنان دەگێڕتەوە، کە ژن ژن لە مێردەکەی زیز دەبێ و دەچێ لە بەرهەیوانێک لە شوێنێک دادەنیشێ و چاوەڕێیە

نەدەچووە سەر جێگای نووستنی خۆی.

هێشتا دنیا تاریک بوو، شەقەی مەشکەهەژاندنی دایکی عومەری، بێدەنگی حەساریێ دەشکاند، هەرجار نا جارێک، فڕەی مریشکێک، عەلەلیشێک، یەک لە دوای یەک لەسەر داری سوانەی عەمباری گەنم و سایەبانی کوندەڵانی، خۆیان فڕێدەدایە حەساریێ و چاوەڕوانی دەستی کابانی ماڵ بوون گەنمیان بە پێش وەربکات. مەشکە هەژانەکەی ڕاگرت، لەگەنێک گەنمی لە جەواڵە هەڵپەسێردراوەکە دەرهێناو لە نێوەڕاستی حەساریێ وەبەری وەرکردن. بەرلەوەی تاو هەڵبێ، ئەو لە هەژاندنی مەشکەی بووەوە بانگی کرد: عومەرەجەرگە! عومەرەجەرگە! هەستە لە خەوێ، بڕۆ لەسەر دیواریڕا بانگی بلە سەرئاسنی بکە، با بێت، دوو ئەستووركیش لە ناندینێ لەلای خوشکت بێنە هەتا گەرمە. یەکەم بەرەمەشکەی دەرهێنا، هێشتا کەف و تکە دۆی پێوەبوو، بۆی خستنە سەر ئەستووركە گەرمەکان و گوتی: بڕۆن لە بن سەوەشیری شانەهەنگوینێکی بۆ خۆتان دەربێنە. ئایشەکوڕانی، دوو سەپکی بۆ دێوەی هێناو هەڵیدا، هەر لە ئاسمانێ گرتییەوە.

بەرلەوەی عومەرو بلە سەرئاسن بڕۆن بۆ ڕشاندنی دەرمان مەلاریای، عومەر ئامێزی لە دایکی دا سەری بەسینگیەوە نا: ئەمن قوربانی بۆن بەرامی ئەو سینگەت بم، ئەی میهرەبانترین دایکی دنیا! میهرەبانیت بارتەقای پانتایی گوندێک زۆر زیاترە، لوتفی تۆ بۆنی بەهەشتی لێدێ، لام وایە بینایی چاوان دایکی منی لە قوڕێکی تایبەت و جیاواز لە هەموو دایکانی دنیا دروست کردووە! دایکێک لە ڕەچەڵەکی ئاوریشم. ئەو ڕۆژانەی تۆ لە ماڵ نیت، ئەو کات لە تاریکایی تێدەگەم! نە گوڵزارو چەمەن، نە دەریای مەنگ و ئارام، نە ئاسمانی شین، تیرێژی کڵاوڕۆژنەکان تامی ئامێزی تۆ نادەن! ئەو کاتانەی سەر دەنێم بە سینگتەوە، ڕۆح و دەروونم ڕووناک و ئارام دەبێتەوە. دایە گیان، تۆ

میردەکەی بچێ ئاشتی بکاتەوە، بەڵام کەڵەباب بانگ دەدات و میرد هەر ناچێ ئاشتی بکاتەوە.

حەسارت پڕ کردووە لە بۆنی ئارامی و میهرەبانی. بەڵێن بێ، ئەگەر بزانم بۆنی بەهەشت وەک بۆنی باوەشی تۆیە، شەرتبێ هەموو تەمەنم دادەنێم بۆ خواپەرستی! دایکی گوتی: حەوجێم بەو مادەلاییەی نییە، ئەگەر ڕاست دەکەی ئەو کاتەی ژنت هێنا دایکی خۆت لە بیرمەکەو پشتم تێمەکە. لەگەڵ ئەو قسانە، خۆی لە دەست ڕاپسکاندو گوتی: کوڕە بەرمدە، ئەو چێرەی بدۆشم گۆلکەکە دەیمژێ خەریکە چۆڕە شیرێکی تێدا نەهێڵێ!

تیشکی زێڕینی خۆرهەڵاتن، لە دەلاقەو دەرگاوە نێو ژوورەکانی زێڕوشان کرد. لەگەڵ حەپینی دێوەی، سەرنجیان کەوتە سەر ئەو پیکەبە جەمسییە شینەی لە بەردەرگای حەسارێ، لەنێو هەوێزی مەڕی، سوڕیدایەوەو تۆزەکەی هەموو بەسەرخۆیدا گەڕایەوە. شوفێرەکە، یەکی چاوزەقی پرچ ئاڵۆزکاو بوو، پێوەی دیار بوو ئەو بەیانییە دەموچاوی نەشووشتووەو بە دەنگە گڕەکەیەوە دیاربوو ئەو بەیانییە لە دوای ئەوەی لە خەوێ هەستاوە، ئەلفازی لەگەڵ کەس نەگەڕاوەو پرسی: ئێرە مااڵی عومەر عەبدوڵڵایە؟ عومەرو بلە سەرئاسن و شاکرەپووت بەیەکەوە وەڵامیان دایەوە، بەڵێ! پشتەوەی پیکەبەکە پڕبوو لە بەرمیلی دەرمان دی دی تی و تانکیی کۆڵەپشتی ڕشاندن. هەموو منداڵانی ئاوایی غاریاندا هاتن لێیان کۆبوونەوە. هەر بابا بوو هەردوو باڵی لێک دەکردنەوەو بە سینگی منداڵەکانی تەنیشتییەوە دەنان وەک مەلەوانی لە ئاودا بکات بۆ خۆ تەکاندان بەرەو پێشەوە. کەس لەسەر کەس ڕانەدەوەستا، بە هەناسەسواری دەیگوت: یەکەم ماڵ هی ئێمە بڕشێنن. عومەر بە خەڵکی گوندەکانی دەگوت:

نێو کۆریتی مریشکەکانتان بۆ دەڕشێنین، بەڵام نابێت مریشک و جووجکە بچنە ژووری، دەبێت دەرگاکان داخەن بۆ ئەوەی هەموو پند[1]و کێچ و زیندەوەرە زیانبەخشەکان قەڵاچۆ بکات.

ئەو دارو دیوارانەی دەڕشێندران، سپی ببوون، دەتگو-

[1]- پند: ئەسپێی پەلەوەر و باڵندە.

ماستاویان پێداکراوە! بە ماوەی دوو هەفتە، هەموو گوندەکانی دەوروبەریان ڕشاند. دەستموستی ئەو ڕشاندنەش بۆ قوتابییەکان، بڕە پارەیەکی باش بوو لەو کاتەی لە پشوودابوون.

٤

پەڵەهەورە گەواڵ گەوالّەکان، لە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمانێ، لەکۆچێکی بەردەوامدان، لە چیای حەمرین و قەرەچووغەوە بەرەو چیای سەفین و لە وێشەوە بەرەو کوێستانەکانی قەندیل و کۆدۆو بۆزی مێرگەسپێ. سێبەری هەورەکان دەشت و گردو چیاو نەزەرگەی چاکو پیرانیان دەلێستەوە.

هەڵۆو سی و قازو قورینگ لە تاقی ئاسمانێ، بە دەوری یەکتریدا چەرخ و گەردشیانە، نیشانەی ئەوەیە خۆیان بۆ کۆچێک ئامادە دەکەن و، وێش دەچوو هەواریان گەلەک دووربێ. ئەو پەڵەهەورە پەڕاگەندانە، قاسیدی هۆشدارین، بە گوندنشینان دەڵێن: خۆتان کۆبکەنەوە! لە زۆربەی کۆڵان و بندیواری لەودە کایەکان، قوڕ گیراوەتەوە، هێندەیان کا تێکردوون، زەرداویان لەبەر دەڕوات. لە دوای چەند ڕۆژو چەندجار شلکردنەوەی ئەو قوڕە، بە هەرەوەزو هەر ڕۆژەی سەری خانوو و لەودەی ماڵێک سواق دەدەن. سەری چاڵەگەنمەکان لە هەمووان ئەستوورتر سواق دەدەن، چونکە قووتی خۆیان و ماڵ و منداڵیان لەو عەمبارو چاڵەگەنمانەدایە!

گێژەلوولکەی بچووک بچووک، سوڕناتک و قەلقەلاشک و پشیلۆکەو پوشوپەڵاشی سووڕ دەداو ماڵ بە ماڵی گوندی پێدەکات، وەک ئەوەی هەواڵی هاتنی پایز بە گوندنشینان ڕابگەیەنێ، لە کۆتایی بەسەر قوڕە گیراوەکاندا دەنیشتنەوە.

چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ دەستپێکی سەری ساڵی خوێندن. وەک

ئامادەکارییەک، دەبوایە قوتابییەکان بچنەوە بۆ شاری، ژوورەکەیان پاک بکەنەوە. چونکە ئەو ساڵە دوا قۆناغی ئامادەییەو، وانەکانیان لە ساڵانی بەرێ، قورسترە.

عومەر، یەکەم کەس چووە لای پیرەهەڵۆی. ئەو پیاوە ببووە جێی ڕێزو بەزەیی. سەیر ئەوەبوو هیچ گوێی بەو قوربانیدانەی خۆی نەدەدا کە بەو پیرە کەنەفت و نیازمەندو بێکەسەی دەدا، وەک لە دێرزەمانەوە لە شوێنێکی دیکە، لەگەڵی ژیا بێت. دۆناودۆنی ڕۆحی ببوو! ئەو ڕۆژە، ئەفەندییکی بینی جانتایەکی دبلۆماسی بەدەستەوەبوو، چووە ژوورەکەی پیرەهەڵۆی، عومەریش وەک کوڕی خاوەن ماڵ بە خێرهاتنی کرد. ئەفەندی، وەک دەمێک بێت عومەری بناسێت، لە پیرەهەڵۆی پرسی: ئەوە کاک عومەر عەبدوڵڵایە؟ عومەر، بەر لەوەی پیرەهەڵۆ بیناسێنێ، گوتی: بەڵێ. ئەویش دەستی بۆ جانتا دبلۆماسییەکەی بردو لەسەر کۆشی خۆی داناو دوو دووگمەی داگرت، جانتا زاری کردەوە. یەک لە دۆسییەکانی دەرهێنا، ئیستامپی مۆرکردنی داناو گوتی: کاک عومەر مۆرێک لێرە بکە. لەو کاتەدا بلە سەرئاسن و شاکرەپووت و هاوڕێکانی، یەک لە دوای یەک بانگیان دەکرد: عومەر خێراکە، ئێمە لەسەر تۆ ڕاوەستاوین، با بڕۆین بۆ بازاڕ. پرسیارەکەیان پێ قووت دایەوە. پیرەهەڵۆ گوتی: عومەر ڕۆڵە ئەو مۆرکردنە بۆ ئەوەیە هەموو جارێک، ئەتۆ بچی کرێی ئەو دوو دووکانەی نێو قەیسەریم بۆ وەربگری. بۆیە عومەر نەپرژایە سەر ئەوەی کاغەزەکە بخوێنێتەوە، هەر بەپەلە، بە دەستێک بە هاوڕێکانی دەگوت هێواش بن هاتم، بە دەستەکەی دیکە کاغەزەکەی مۆر کردو هەر بەپەلە هاتە دەرەوەو بە هاوڕێکانی گوت: دەک ماڵتان بە قوڕ بگیرێ هێندەتان پەلە لێکردم ئێستاش نەمزانی ئەو کاغەزە چی بوو مۆرم کرد. بەو قسەیەی، ڕێگای خۆشکرد بۆ پێ ڕابواردنی هاوڕێکانی. ئەو ڕۆژە تاوەکو لە چایەخانەی بایزی ڕەتبوون بۆ گەیشتن بە کتێبخانەی گشتی، پێڕابواردنیان کەوتە سەر عومەری، شاکرەپووت دەیگوت: ڕەنگە

قەزاتەی بۆ مردنێ دابێت و تۆی کردۆتە شاهید. یەکی دیکە دەیگوت: ڕەنگە ژنت بۆ بێنێ! بلە سەرئاسن دەیگوت: پەنجەمۆرت کردووە قەرزانی بۆ بدەیتەوە! برادەرێکی دیکەی گوتی: کێ دەڵێ وەسیەتی نەکردووە لە دوای مردنی سندووقە بۆراقەکە لە قەبەر تۆ بکات!

هەر هەموویان هەستێکی بۆنکردنی سەرنجڕاکێشیان هەبوو، چونکە لە گوندی دەمێک بوو بۆنی شاریان نەکردبوو، هەر هەوای پاکیان هەڵمژیبوو. بۆنی سەوزە هەمەجۆرەکانی سەر عەرەبانەو هەڵمی شێلمی کوڵاو و کێشکەی کوڵاوی سەر پردی تەعجیل و کۆتری سەلام. لەنێو زێڕینگران بۆنی کاربۆن و گۆگردی زێڕتواندنەوە. لە قەیسەری، بۆنی بەهارات، بۆنی گۆشتی قەسابەکان، بۆنی داری هەمەجۆری نێو دارتاشەکان. بۆنی پەنیرو ژاژی و کەشکی نێو پەنیرفرۆشان و، بۆنی تونگە تورشیات و زەیتونی خۆشکراو... ئەوانە هەموو بۆنی شارێکی زیندوویان لێدەهات. ئەو ڕۆژە شاریان هەموو لێکدا!

تا ئەوان لە پشووی هاوینە گەڕابوونەوە، هەندێک گۆڕانکاری لە گەڕەکێ و بەتایبەتی لە کۆڵانی ئەوان ڕوویدا بوو، کرێچیەکەی بەرامبەریان، ئەو خانووەی بە کرێ تێیدابوو لە خاوەنەکەی کڕیبوو، ناوی ڕاستی خۆی بە کەس نەگوتبوو، بۆیە خەڵکەکە هەر بە شێخی ڕدێنسۆر، ناویان دەهێنا، کەسیش نەیدەزانی چ کەسەو لە کوێوە هاتۆتە ئەو گەڕەکە. بە خۆو بە ژنەکەیەوە ڕەچەڵەک و کەسوکاریان نادیار بوون. کوردییەکەشیان بە بنزاری هەولێرو دەوروبەری نەدەچوو، هەندێک وشەو دەستەواژەی غەوارەی تێدابوو، ئەوەش ئاماژە بوو کە خەڵکی هەولێرو دەوروبەری نین و، بۆ خەڵکی کۆڵانێ جێی سەرسوورمان بوون. ئەو کاتەی خانووی بە کرێ گرت و هاتە ئەو کۆڵانەی، هەموو دارو نەداری دوو دەستەنوێنی شڕو تەباخێکی کەسکی بچووک و پڕێمزێک و هەندێک پرێسکە ساوارو بڕوێش و چەند بزگوڕێک و مەنجەڵ و قاپ و قاچاخ، هەر هەموو لەسەر عارەبانەی حەمباڵێک هات، ئێستا ماڵەکەی بە لۆرییەک هەڵناگیری و خانووەکەشی

کڕیوە! ئەوەی لە کۆڵانێ بەو نهێنییەی دەزانی و سەرچاوەی داهاتی شێخی دەزانی، تەنها جەلال لۆبیافرۆش بوو. عومەریشی لێ ئاگادار کردبوو. جەلال، بێ ئەوەی بزانێ ئەو شیعرە هی کێیە، بەخەم و حەسرەتەوە دەیگوت:

ئەوەی زانایە نێو جەرگی پەڵاسە
ئەوەی نەزانە نازانێ چ باسە

هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەوروبەری وشیار بکاتەوە، بۆ ئەوەی فریوی ئەو جۆرە جادووگەرو ساختەچیانە نەخۆن. چونکە ئەو ڕیاکارە ئاینبازانەی بە هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگا دەزانی، کەچی تۆمەتی کۆمەنیستی و مولحیدیان دەدایە پاڵ جەلال لۆبیافرۆشی. دەیانگوت باوەڕی بە هیچ نییە، حەیدەرییەکان[1]، وەکو خۆیان گومڕایان کردبیە!

ئەو ژوورەی نووشتوو و کشتەکی لێدەکرد، پڕی کردبوو لە کەوڵەڕێوی و کلکەپشیلەو ڕستەناڵ و شمشێرو شەجەرەی ڕەنگاوڕەنگی خۆی. سەرجەلەی جەددو ئابادی خۆی بردبووەوە سەر بنەماڵەی ئیمامی عەلی. دەیگوت ئەو شمشێرەی دەیبینن، ئێستاش خوێنی کافرانی پێوە وشک بۆتەوە، ئەو ئەسحابەیەی کە ئێمە دەچینەوە سەر ڕەچەڵەکی، لە شەڕی خەندەک مەنجەنیقی بۆ کافران داخست!

هەرکەس پێی دەنایە ئەو ژوورەی، ترسی لێدەنیشت، چونکە تەنها بۆنی مەرگی دەدا!

بەیانییەکی زوو بوو، ئۆتۆمبیلێکی گرانبەها لە کۆڵانێ ڕایگرت، دروست لەو کاتەدا جەلال لۆبیافرۆش لە دوای فرۆشتنی شامینۆک و لۆبیاکەی، بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە. شۆفێرەکە، ژنێکی کاملّی لە ئۆتۆمبێلەکەدا لەگەڵ سوار ببوو، پرسیاری ماڵی ست پاکیزەی کرد. جەلال، بەدەم ئەوشان و ئەوشان کردنی سەبەتە بەتاڵەکانی، ماڵی

[1]- حەیدەرییەکان: بنەماڵەیەکی ناسراوو خانەدان و تێکۆشەرو دێرینی شاری هەولێرن. زۆر کەسایەتیی خوێندەوار و ڕۆشنبیریان تێدا هەڵکەوتووە، لە وشیارکردنەوەی خەڵکدا ڕۆڵی بالایان بینیووە.

شێخی ڕدێنسۆری مێردی ست پاکیزەی پیشاندا. دیاربوو ژنەکە فرمێسکی گەرمی دادەبارانـد، وەک ئەوەی یەک لە ئازیزانی لەدەست دابێت.

ست پاکیزە، ژنێکی خڕو خۆڵی سوورو سپی، دەتگوت قۆزاخەی لۆکەیە، هەروەکو ماینی بەحری! هەزار سوێندت بخواردبووایە سوێندت لێ نەدەکەوت، ئەو تەبەش و ڕوومەتە سۆرو سپیەی، تیشکی تاوێی پێ نەکەوتبوو. گرشەی کوڵمەکانی، پرشنگی لە مانگێ دزیبوو! قۆڵ و باسکە سپییەکەی، وەک ئاروی سپیکراو پڕ لە بازنی زێڕ. پاوپووزی، سپی و لووس و خڕخاڵی بە پرپرەی زێڕی تێکرابوو. پاشپانی خوێن تێزاو و سەر پەنجەی بەخەنەی، هێندە ناسک و بە ڕەونەق بوو، پەنجەت لێدابوایە خوێنی دەدەڵاند! پەنجەشووش و خرپنەکانی، چەند ئەنگوستیلەیەکی نقێمداریان تێکرابوو. لەپکەیەکی شینی چاوەزاری لەسەر سنجاقی سوخمە مەخملیەکەی بوو. لە گەردەنی بلووری و سەدەفی سینگی، ملوانکەی زێڕو مێخەک و تەسبیحە سەتو یەک دەنکیەکەی، شەڕیان بوو لەسەر مەسنای[1] سینەی وەک پەنیری! دووگمەو دۆڵاب و پرپرە، سینگ و بەرۆکیان قەرەباڵغ کردبوو.

ڕۆژ نەبوو لەو ئۆتۆمبێلە گرانبەهایانە، لەبەردەرگای چاوەڕوانی نەکات. دەستەو دامێنی دەبوون و خۆیان بە قوربان دەکرد. لە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، بە فیزەوە دەهاتە دەرێ و دەرگای ئۆتۆمبیلیان بۆ دەکردەوە. دەبوایە یاریدەدەرە دەفژەنەکەیشی لەگەڵ خۆیان بەرن. لەلای سەرەوەی مەجلیسی تازییەی ژنان، تاکە قەنەفەیەکیان بۆ دانابوو، پارچە خامێکی سپی بەنوێژی بەسەردا کێشرابوو.

فەرمانی دەکرد پاپووجەکانی لە شوێنێکی پاک بۆ هەڵگرن. نیوەڕوانیش نانی تازییەی نەدەخوارد، دەبوایە گۆشتی سوورکراوەی بۆ بێنن. هەر مردووەی ئاوازو لاوانەی تایبەت بە خۆی هەبوو، بۆ گریاندنی زیاتری خاوەنمردوو. یاریدەدەرە دەفژەنەکەی، سەمای بە

---

[1]- مەسنا: جۆگەلەی نێوان هەردوو مەمکی ئافرەت.

دەفەکەی دەکردو ست پاکیزە هەڵدەستایەوە سەرپێیان تەسبیحە ئیمام زێرەکەی هەڵدەسووڕاندو بای دەدا. لە کاتی هەستان و ڕۆیشتن بۆ سەرئاو، یاوەرەکەی داو و تەشکەری کراسو کەوای بۆ دەگرت، نەبادا لە نوێژ بچێت! لە کۆتایی، پارەیەکی قەبەی وەردەگرت.

ست پاکیزە، لە ماڵەوە قاوەشی دەگرتەوەو نێولەپیشی دەخوێندەوە. منداڵیشی لە زگی ئەو کچ و بێوەژنانە لەبار دەبرد کە لە پلیان دەردەچوو! بەڵام ئەوەیان دەستمستی لە هەمووان گرانتر بوو، چونکە پەیوەندی بە زندوومانەوەیانەوە هەبوو. دووعاو جادووی بۆ ئەو کچ و کوڕانە دەکرد کە خوازیار بوون هاوسەرگیری بکەن.

شێخی ڕدێنسۆر، زۆر لە دەوڵەمەندبوونێ بەپەلە بوو، چونکە لەو ساڵەدا تازە بڕیاری نەهێشتنی نەخوێندەواری درابوو، باش دەیزانی ئەو بازارە گەرمەی ئەوی، پەیوەندیی بە نەخوێندەواری و نەزانی خەڵکەکەوەیە، ئەگەر خەڵک خوێندەوار بێت، ڕەواجی بازاڕی نووشتەو کشتەک و جادووی ئەو دەشکێ و سەرچاوەی داهاتی وشک دەبێت، بۆیە، بۆ پەیداکردنی پارەی زیاتر، پەنای دەبردە بەر هەموو کارێک! ئەو کوڕەی لە پێشدا بەردەستیی دەکرد، دوو ماتۆڕی بۆ کڕیبوو، لەسەر پردی تەعجیلی، ئەو ماتۆڕانەی بە کرێ دەدا. فەڕەی بە چوار درهەم بۆ هەیکەلی زەعیمی[1]. بە سێ درهەم بۆ ئاوی کەسک و سۆر. کوڕێکی دیکەش کە خزمی ست پاکیزەی خێزانی بوو، چەند وێنەیەکی ڕووتی ژنانی بۆ کڕیبوو، ڕۆژانە هەرزەکارەکان لە پەناو پەسێوان بەدوایدا دەگەڕان، بۆ ئەوەی وێنەکانیان لێ بە کرێ بگرن. ماوەی یەک سەعاتی و دوو سەعاتی هەریەکەو نرخی خۆی دیاربوو. گەنجەکان لە ئاودەستی مزگەوتەکان خۆیان لەبەر ڕەحەت دەکرد. زۆرجار لەسەر دواخستنی وێنەکان، لێیان دەبوو بە کێشە، مشتەرییەکان هەزار

---

[1]- هەیکەلی زەعیمی: دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ۱۹۵۸، لە دەروازەی شاری هەولێر – کەرکووک، پەیکەرێکیان بۆ زەعیم عەبدولکەریم قاسم دروست کرد. لەو کاتەوە ئەو شوینە، بە فولکەی هەیکەلی زەعیمی ناسرا.

سـوێندیان دەخـوارد لە کـاتی خۆیـدا وێنەکانیـان گەڕانـدۆتەوە، فرۆشیارەکەش دەیگوت: هەر ئێوە نین، خەڵکی دیکە چاوەڕوانم دەکەن، ئەمن بۆ یەک سەعات زیاتر وێنە بە کرێ نادەم، بۆ ئەوە نەمداونەتێ گەڕەکێک یان عەشیرەتێک خۆی لەبەر ڕەحەت بکات، دەبێت پارەی زیاترم بدەنێ، ئەگەرنا جارێکی دیکە بە ئێوەی نافرۆشم، ئاخر تاوەکو ئێستا سێ پیرەمێردی هەشتا سالّی تەواو دەبوون!

شاکرەپوت کەوتبوویە ژێر کاریگەریی ئەو پارە پەیداکردنە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە، چەند ڕۆژێکی کەمی مابوو بۆ جەژنەی، شاکرەپوت بە عومەرو هاوڕێکانی گوت: بە مالّی ئێمە بڵێن بۆ جەژنەی نایەمەوە گوندی و چاوەڕوانم نەکەن، ئەو چوار ڕۆژەی لە بن لەیلووکان[1] کاسبی دەکەم! لە کەنـدە پیسـەکەی لای تەیـراوەی، دوو کەری خـۆڕایی گرتبـوونەوەو پەتـی کردبـوون، هێنـابوونیەوە غابـاتی مـحەتەی شەمەندەفەری. لەوێ، ورتکەنان و خواردنی دەدانێ. ئەو چوار ڕۆژەی جەژن، لەبـن لەیلووکـان بە کرێـی دەدانە منـدالاّن و هەرزەکارەکـان، فەڕەی بە نیو درهەم. ئەگەر زیاتریان بویستایە دەگەیشتە درهەمیش. وای لێهـات، هەرزەکارەکـان کەرەکانیـان دەئـاژوا تـاوەکو کەنـدی لای گامێشەوانەکانی سەیداوەی و خۆیان نەدیو دەکرد. شـاکرلێیان دەکەوتە گومـان و هەراسـان دەبـوو، تـا وای لێهـات شـاکرەپوت بە هەرزەکارەکـانی دەگـوت: نابێت لەبەر چـاوم خۆتـان ون بـکەن، ئەگەر نەدیو بوون، دەبێت دوو بەرابەر پارە بدەنێ! سێیەم ڕۆژی جەژن بوو، لە ناکـاو شـاکرەپوت دوو زەلامـی کەڵەگەتـی بینـی منـدالّەکانیان لە کەرەکـان دابەزانـدو یەک دوو زللەیـان تێسـرەواندن و کەرەکانیـان

---

[1]- لەیلووک: لەلووک، جۆلانە. جەژنان لە شاری هەولێر، لە بەرانبەر گۆڕستانی ستی ئیمام، هەر بابا بوو دەچوو دوو داری بڵیندی دەچەقاند، جۆلانەیەکی لە دار دروستکراوی لە بەینی دارەکان هەڵدەواسی، جێگای سێ بۆ چوار منداڵی تێدا دەبۆوە. منداڵان، بەر لە جەژن خۆیان بۆ ئامادە دەکرد و، ئەو جەژنانەی وەریان دەگرت، لە بن لەیلووکان خەرجیان دەکرد. لەو شوێنە، زۆربەی یاریەکانی وەک لیگاو، شێرو خەت، کەلاێن، ئەسپسواری و...ی لێ دەکرا.

لێسەندنەوە. منداڵەکان بە غاردان خۆیان گەیاندەوە لای شاکرەپووتی و داوای پارەکەیان لێ کردەوەو گوتیان: ئەو دۆمانە بە دوای تۆدا دەگەڕێن، ئەو کەرانەت لەوان دزیوە، شاکرەپووت هەریەکەو نیو درهەمەکەی دانەوەو هەڵات.

دۆمەکان، یەکیان لەلای کەرەکان مایەوە، ئەوەکەی دیکەیان کەوتە شوێن پێ هەڵگرتنی شاکرەپووتی. بەڵام شاکر، تاژی نایگاتێ و هەر زوو ون بوو. ئاخر شاکرەپووت لە گوندیش کاتێک پایدەکرد کەس تۆزی نەدەشکاند!

دروست لەو کاتەی شاکر بەنێو ئاپۆڕای خەڵکی بن لەیلووکاندا تێی تەقاند، ئەو ژاوەژاوەی لای لگاوچییەکان گوێی مرۆڤی کەڕ دەکرد. دەنگی بیگرە، هەڵات، نەڕۆی، کوشتی... خەڵکەکە جمین، هەر بابا بوو بەرەو شەڕەکە خۆی دەکوتا، بێئەوەی بزانن چی قەوماوە. شاکرەپووت، چونکە سەرنجی لەوبەری کەندێ و نێو قەبرستانی گیرکردووە بۆ خۆدەربازکردن، ئاوڕ بۆ دواوە ناداتەوە. ئەو هەموو هاوارو بگرەو بەردەی خەڵکەکە زیاتر تەوژمی بە هەڵاتنەکەی دەدا، چونکە وای دەزانی هەموو لەگەڵ ئەویانەو بەدوای ئەودا ڕادەکەن. لە ناکاو، ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە بۆ ئەوەی بزانێ دۆمەکان و خەڵکەکەی بە دواوەیەو چەندی لێوە نزیک کەوتوون، زەینی لەبەرپێی خۆی نەما هەڵەنگوت و سەراوشەر ڕۆیی و خۆی بۆ بەرزەفت نەکرا، لەپاوڕوو کەوتە سەر زەوی، نێولەپی دەستی چەپی لە بنە شووشەیەکی مشن چەقی، دەستی بریندار بوو، گورج هەستایەوە، بێئەوەی گرنگی بە بریندارییەکەی بدات، بەردەوام بوو لە ڕاکردن. هێندەی نەمابوو ئاپۆڕای خەڵکەکە تێپەڕێنی، دوو پۆلیسی سمێڵ بابڕ کە خۆیان قایشپێچ کردبوو، هەریەکەی ڕستێک کەلەپچەی بەسەر سمتیدا شۆڕکردبووەوە، تورتورەیان بە ملییەوە هەڵواسرابوو، قامچیی ڕەشی وەکو ماریان بەدەستەوە بوو، گورج شاکرەپووتیان گرت و کەلەپچەیان لە دەستی کرد، گوتیان خۆیەتی هێشتا دەستی خوێنی لێدێت. دوو زللەیان لە

بناگوێ سرەواند، ئەویش، بە هەناسەبڕکێ و دەستی لەرزۆک و خوێناوییەوە، چەند وشەیەکی سەرگوێلاکشکاوی بەنیوەناچڵی، لە قورگی وشکهەڵاتووی هاتنە دەرێ، بەڵام کەس لێی حاڵی نەبوو. بەر لە هەرشت، پرسیاری ئەوەیان لێکرد: چەقۆو دامربۆکسەکەت لە کوێ فڕێدا؟ چونکە گیرفان و بەرپشتێنی هەموو گەڕان، لە تەوقی سەری تاوەکو بەری پێی جگە لە قەڵەمێکی دارو دەفتەرێکی سی لاپەڕەیی، هیچیان نەدیتەوە، ئەویش ناوی نیوەی منداڵانی شاری لێ نووسرابوو، بە تایبەتی ئەوانەی کەریان لێ بە کرێ گرتبوو، لە بەرامبەری ناوی هەر منداڵێکیش، کاتی بە کرێدان و پارەکەی نووسرابوو. هەرچەندی پاڕایەوە کە نە چەقۆی هەیەو نە دەزانێ دامربۆکس چییە، بەڵام بێسوود بوو، بە پارەسوان[1] بردیان و دەیانگوت: پێمان بڵێ چەقۆو دامربۆکسەکەت لە کوێ فڕێداوە؟ چما وا دەزانی حکومەت خەوتووەو بە کەیفی خۆت کوڕێ خەڵکی بدەیە بەر چەقۆیان و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچی؟ شاکرەپووت، دیمەن و شێوەی ئەو گرتنە، دەیتاسێنێ و هەرچەند دەکا شتێکی لێ حاڵی نابێت. بەدەم پارەسوودانی، لەو کەندە پیسەی لەلای گامێشەوانەکانی سەیداوەی دەهاتە خوارێ، پەڕاندیانەوە ئەوبەری. لێیان دەپرسی: ئەوە لگاوەکەت چی لێکرد؟ ئەو هەموو پارەیەت چۆن بردۆتەوە؟ ئەو دووانەت بۆ بەو دەردە برد؟ غیرەت سواری سەری بوو ئازایەتی لە خۆیدا خڕکردەوەو گوتی: بەخوای ئەمن وامزانی بەرەڵڵان و بێخاوەنن. بە کەلەپچەکراوی بەدەستی دوو پۆلیسانەوە بەرەو بەندیخانە بردیان. بۆ قوتابییکی قۆناغی ئامادەیی ئاسان نەبوو، دەنگی دەلەرزی و هەستی بە شەرمەزاری دەکرد، نەیدەتوانی بەرزەفتی هەستەکانی خۆی بکات. بە جۆرێک دەستەپاچە بوو، ڕەفتاری بەدەر لە یاساو ویقارو قسەی هەڵێتوپەڵێتی دەکرد. هەموو ئەوانە لاوازی ئەوی نیشان دەداو گومانەکانی چڕتر دەکردەوە تا ئاستی دڵنیابوون لەوەی ئەو کارەی

[1]- پارەسوو: پال، پاڵەپەستۆ.

کردبێت.

قسەکانی شاکرەپووتی و تۆمەتەکەی پۆلیسی، هەر پەلارێک لە کەندەڵانێک بوو، بە هیچ شێوەیەک تێکیان نەدەکردەوە. کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆی سێیەم ڕۆژی جەژن، کەوتە نێو زیندانێکی ساردو سڕ، ئەو شوێنە زۆر نامۆ بوو بۆی.

شاکر، گەنجێکی گەنمڕەنگی زۆر قۆز بوو، بە پێچەوانەی پاشناوەکەی کە دایکی لە کاتی منداڵی بەسەریدابڕیبوو، چونکە سێیەم کوڕی بوو، بۆ ئەوەی لە چاو و زار بیپارێزێ، هەمیشە کە پرسیاری کوڕەکەیان لێدەکرد، دەیگوت: کوڕەکەم هەر پووت دەبێ و دەبنێسێ. لەو کاتەوە پاشناوەکەی پووتی بەسەردابڕابوو. ئێستا گەنجێکی حەڤدە ساڵیەو هێشتا تیغی لە ڕیشی نەداوە.

هەرکە وەژوور قاوشی زیندانییەکان کەوت، وەک ئەوەبوو لە ئاسمان بەربووبێتەوە نێو مەخلووقاتێکی جیاواز. هەریەکەی بە نۆرەی خۆی وتەی لێ وەردەگرت: چۆن گیرای؟ لە کوێ گیرای؟ لەسەرچی گیرای؟ خەڵکی کوێی و چیت پێوە گیراوە؟ پرسیار کوتیان کرد.

جاسم مەجبوور، یەک لە بەندییەکان بوو. دەمارەکانی سپێنەی چاوی سوور هەڵگەڕابوون. چاو تێبڕینەکەی، بە قووڵایی وجودیدا ڕۆدەچوو و ناخی دەکۆڵی، بەڵام غروری پیاوانەی ڕێگر بوو لە بەرامبەر لاوازی، لەبەرخۆیەوە دەیگوت ئەمنیش پیاوم، وانییە؟ پیاویش یەعنی دەبێت داکۆکی لە خۆی پێ بکرێ! بۆ چما ئەو چییەو ئەمن چیم!

بەندیخانەکە، پشتی لە خۆرئاوایە، بۆیە زیندانییەکان بێبەشن لە دیمەنی دواساتەکانی زەردەپەڕ، تەنها ئەوەی دەیبینن، دوا تیشکە نیوەمردووەکانی ئێوارانە کە لە تاق و باڵەخانە بەرزەکانی قەڵاتێ دەچەقی.

لە دوای نان و چا خواردن، هەر سەر لە ئێواری دەهێرژێ و خەوەکوتکەی دەباتەوە. ئاخر ئەو ڕۆژە زۆر ڕەتێندڕابوو، زۆر جاریش خەم دەبێتە هۆکاری خەوهاتن. نە پێخەوێک نە شوێنێکی هەیە بۆ

خەوتن. زیندانییەکان، جێگایان هێندە تەنگە، لە باخەڵی یەکتردا دەخەون.

جاسم مەجبوور، بانگی کردە لای خۆی گوتی: کوڕی باش، وەرە لە لای من بخەوە، چونکە جێگای خاڵیت دەست ناکەوێ. شاکرەپووت بە درێژایی ئەو ڕۆژە هێندەی لەگەڵ ئەو منداڵانە گوتبوو کە کەرەکانیان لێ بە کرێ دەگرت و دواتریش هەڵاتن و کەوتن و دەست بریندار بوون و چەند زللەیەکی پۆلیس، ئەوانە هێندە ماندوو و هیلاکیان کردبوو، ڕاکشان و خەولێکەوتنی یەک بوو، بە ناخی خەوێکی هێندە قوواڵدا ڕۆچوو بوو، بە ئاگاهاتنی ئاسان نەبوو. چاودێر گلۆپی کوژاندەوە، کاتی خەوتنە. جاسم مەجبوور لاقی خستە سەر لاقی شاکری و خۆی بە سمتییەوە نا. بینی شاکر هیچ پەرچەکردارێکی نەبوو، ئەوەش جاسمی زیاتر هاندەدا لێی بچێتە پێش. وای مەزەندە کردبوو، ئەو بێدەنگییە ئاماژەی ڕازیبوونییەتی، تا وای لێهات دۆخینی خۆی کردەوەو ئەندامی نێرینەی دەرهێناو لە قەڵشی سمتی شاکرە پووتی دەخشاند! شاکرەپووت، وەک سەرخۆشێک بە شل و خاوی وڕێنە بکات، هێندێک ڕستەی پچڕ پچڕو قسەی نیوەچڵی دەدرکاند، ئەوەی لێی حاڵی دەبووی ئەوەبوو دەیگوت: تێیوەژێنە! لێدە با بڕوا، لۆقەی پێ بکە! خۆشە، جڵەوی بۆ شل مەکە!... جاسم بەو قسانە، هێندەی دیکە هەوەس سواری سەری بوو. دڵنیابوو پێی خۆشە بۆیە ئەو قسانە دەکات. بێئاگا لەوەی ئەو قسانەی شاکرەپووتی، قسەکانی ئەو ڕۆژەینی کە لەگەڵ منداڵەکاندا کردبووني و، ئێستا وڕێنەیان دەکاتەوە. لە ئانوساتی شەهوەت پرژاندابوو، دەستی بۆ دۆخینی شاکری برد، بۆ ئەوەی شەڕوارەکەی لە پێی دابکەنێ. دۆخینەکەی هێندە توند گرێدابوو، هەر چەندی دەیکرد بۆی نەدەبووەوە، تاوەکو شاکرەپووت بەئاگا هات. لەنێو ئازاری ئەو دەستدرێژی و سووکایەتییە، قورگی گیراو هیچی پێ نەگوترا. نەیدەویست زیندانییەکان بەو ئەتککردنە بزانن، تەنها ئەوەی شکی دەبرد بۆ بەرگریکردن لە خۆی قەڵەمە دارەکەی گیرفانی بوو، یەکەمجار هەتا وەکو هێزی هەبوو پشتەسەرێکی لە دەمووتی جاسم

مەجبووریدا، بە نووکە قەڵەمان داگڕا دەموچاوی، هەموو دەم و قەپۆزو لێوی ئاوسا، سەری دۆخینەکەی جاسمی وەبەردەستی هات و ڕایکێشا، دۆخین لە شەڕواری هاتەدەرێ و گەڵ و قوونی ڕووتی جاسم مەجبووری کەوتە ئەو گۆڕەی. شەڕێکی بێدەنگ، تەنها ئەو دوو کەسەی نزیکی جاسم مەجبووری بەوەیان زانی. هەرچۆنێک بوو شاکرەپووتیان لە یەخەی کردەوەو پەتۆیەکیان دایە جاسم مەجبووری لە گەڵ و قوونی خۆی وەرپێچا تاوەکو دۆخینەکەی بۆ لە شەڕوارەکەی هەڵدەکێشنەوە.

ئەو شەڕەیان تەپس[1] کرد، لەبەرئەوەی نە شاکرەپووت حەزی بەوەبوو کەس بزانێ، نە ئەو دوو سێ کەسەی دیکەش. چونکە جاسم مەجبوور لەسەر نێربازی گیرابوو، ئەوەش باری دۆسییەکەی قورستر دەکرد. شاکرەپووت غروری نێرانەی ڕێگای نەدەدا کەس بەو شەڕەی بزانێ. تەنها ئەوەی لە دوای ماوەیەکی زۆر گۆڕا، ناوی جاسم مەجبووری، بوو بە جاسم قوونڕووت.

بەیانییەکی نوێ، زۆربەی ئەو زیندانیانەی لە چوار ڕۆژی جەژندا گیرابوون و وتەیان وەرنەگیرابوو، هیچ تۆمەتێکیان بەسەردا ساغ نەببووەوە، چاوەڕوان بوون لەو ڕۆژەدا کە یەکەم ڕۆژی دەستپێکی دەوام بوو، وتەیان لێوەربگیرێ. هەندێکیان، خەونی شەوی ڕابردوویان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە کە ئازادکرا بوون، چونکە پێیان وابوو هەر بەختوخۆڕایی لە زیندانیان پەستاوتون. لە زڕەی کۆمەڵە کلیلێکی دەستی پۆلیسێک، هەموویان سەرنجیان کەوتە سەر دەرگاکە، پۆلیسەکە، کلیلی لە ئاچەرە گەورەکە باداو دەرگای کردەوە. بانگی کرد: شاکر نادر کێیە؟ با بێتە پێشەوە. شاکرەپووت یەکێ بڵند بوو و چووە لای، پۆلیسەکە کەلەپچەی لە دەستی کردو بردییە دەرەوەو دەرگاکەی گاڵەداوەو تۆپەڵە کلیلەکەی بە قایشی پشتی هەڵواسی و بەسەر لاسمتی

[1]- تەپس: پەردەپۆشکردن، دیزەبەدەرخۆنەکردن، پاراستنی ڕاز و نهێنییەک، کارێک و، بێدەنگە لێکردن.

شۆڕبوونەوە. شاکرەپووت، نە دەموچاوی شووشتبوو، نە پرچی شانە کردبوو. پارچە پەڕۆکێکی لە دەستە بریندارەکەی پێچا بوو، چەند ماکە خوێنێکی دەستە بریندارەکەی ڕۆژی پێشووی، بە شەروارەکەیەوە ڕەق ببووەوە. ئەوانە هەموو دیمەنی کەسێکی شەڕانی و چەقۆکێشانەی پێ بەخشیبوو.

شاکرەپووتیان لەبەر دەم ئەفسەری لێکۆڵەر، ڕاگرت. ئەفسەرەکە هێشتا باوێشکی خەوالوویی بەرینەدا بوو. دۆسیەکەی کردەوە هیچی تێدا نەبوو، جگە لە ناو و فەرمانی ڕاگرتن و ناوی تۆمەتەکەی، گوتی: وەرە پێش بزانم چەقۆکێش، بەو تەمەنەتەوە ئەو دووانەت چۆن ئاوا کەلەپاچە کرد؟ بۆ پێتوایە مەملەکەت بێ پۆلیس و بێ حکومەتە؟

- ناوی سیانیت چییە؟
- شاکر نادر جبرائیل.
- تەمەنت چەندە؟
- قوربان حەڤدە ساڵم.
- پیشەت چییە؟
- قوتابی ئامادەییم.
- چەندەمین جارتە دەستگیرو بەند بکرێی؟
- یەکەم جارمە.
- چەقۆو دامربۆکسەکەت چی لێکردو لە کوێت فڕێدان؟
- چەقۆ هەڵناگرم، دامربۆکسیش هەر نازانم چۆنە!
- بۆچی ئەو دوو بەستەزمانەت ئاوا لێکردووە بۆ پارەی؟
- قوربان بە خوای وامزانی بەڕەڵان، ئالیکی باشم داونەتێ و کرێم پێکردوون.
- بێدەنگبە کەس هەیە کوڕی خۆی بەڕەڵا بکات؟ بۆ منداڵی خەڵکی بێ خاوەنن؟ پێم بڵێ یەکەمجار ئەوانەت لە کوێ بینی و چۆنت ناسین؟
- لە کەندە پیسەکەی لای تەیراوەم گرتنەوە، نەمزانی خاوەنیان

هەیە. وامزانی بێخاوەنن.

- بۆ ئەگەر خاوەنیان نەبوو دەبێت ئاوا برینداریان بکەی!؟ جێگای چەند چەقۆیان بە پشتێوەیە.

- قوربان باوەڕم پێ بکە هەر گرتمنەوە هەردووکیان پشتیان بریندار بوو.

- کوڕە ئەتۆ ئەمن شێت دەکەی؟! پێم بڵێ هۆشت لە جێی خۆیەتی؟! گرتنەوەی چی و پشت بریندار بوونی چی!؟ ڕاستم پێ بڵێ بە دامربۆکس لێتداون یان بە چەقۆ؟

- بە خوای تەنها بە نەقیزە تێموەژاندوون، بە چەقۆ لێم نەداون.

- هەتیو بریتی پشتیان هی نەقیزە نییە، یەکەی چەند تەقەڵ دووراوەتەوە.

- ئەی کوا لگاوەکەت چی لێکردووە؟

- قوربان من نازانم لگاو چییە، مەبەستتان لغاوە؟

- ئەفسەرەکە بەو قسەیە چاوی چووە پشتی سەری و مستێکی هێندە بەهێزی لە مێزەکەی بەردەمی دا، زنجیری سەعاتەکەی لەگەڵ پچڕا، دوو پۆلیس بەپەلە هاتنە ژوورەوە، زانیان شتێک قەوما، پێیان لە ئەرزی داو ئامادەباشییان دەربڕی. گوتی ئەو هەتیوە خەریکە شێتم دەکات، ئەگەر دان بە تاوانەکەی نەنێ ئەمشەو لەبەر ئاوێی بنێن و قامچیکوتی بکەن، ئەو کات تێدەگا پووت چەند کیلۆیە! شاکرەپووت بە پارانەوە گوتی: قوربان باوەڕم پێ بکە نە لگاوم هەبووەو نە کەسم بریندار کردییە، تەنها دوو کەرم لە بن لەیلووکان بە کرێ داوەتە منداڵان. ئەفسەرەکە لە پۆلیسەکانی ڕاخوڕی: خێرا کەلەپچەی بکەن، هەتا وەکو شێتی نەکردووم، بیبەنە لای بریندارەکان لە نەخۆشخانە کەشفی دەلالەی بۆ بکەن.

لە کۆتاییدا، شاکرەپووتیان بە کەلەپچەکراوی بردە نەخۆشخانە لە قاوشی بریندارەکان هەردووکیان شاکریان بینی و گوتیان: ئەوە ئەو کەسە نییە لەسەر لگاو بە چەقۆ لە ئێمەی داو بریندارى کردین، ئێمە

ئەو کوڕەمـان نەدیـوەو هەر ناشیناسـین، ئەوەی چەقـۆی لە ئـێمە دا دەیناسین و ناوی عەدنان موشکیلەیە و خەڵکی گەڕەکی سـەعدوناوەیە. ئـێمە هـیچ داوامـان لەسـەر ئەو کـوڕە نیـیە. پـۆلیس بە هەردوو بریندارەکەی پەنجەمـۆر کرد، شـاکریان هێنایەوە لای ئەفسـەرەکە، بەو شێوەیە بێتـاوانی سـەلمێندراو ئازادیـان کردو گەڕایەوە حەسـارێ. بینی پیرەهەڵۆ، ئەو جەژنەیە جەژنانەی بۆ هەموو قوتابییەکان دانابوو. خەڵک لە سـاوارکوڵاندن و کوتـانەوەو هـاڕینی بـڕوێش و هەرشـتەکردن و داکردنی زەخیرەی زستانێ و سواقدانی سەری خانووەکان بوونەتەوە، دەمێـک بـوو ئەو ئامادەکاریانەیـان تەواوکردبـوو، ئێسـتا لە بـاران و سەرماو تەڕو تووشـی، بێمنەتن. ئەو شـەوە بەدەر لە شـەوەکانی دیکە، شـەوێکی کـڕو بێـدەنگ و مـات. بەیـانی لە خەو هەسـتان، هەرکەس دەرگـای دەکـردەوە دەیبنـی بـارانێکی نەرم دەبـارێ، هەر بابـایە لەبەرخۆیەوە دەڵێ: ئای خۆ پێڵاوەکانمان هەمووی تەڕ بوون، نازانن لە کەینێـوە دەسـتی بەبـارین کـردووەو عەرزی بە تەواوی کـردۆتە قـوڕ. ئەوەندە بە نەرمـی و بێهەسـتی دەبـاری، دەتگوت نایەوێت ئەو بەیـانییە کەس لە خەو بێدار بکاتەوە.

بۆنی ئەو قـوڕە نـوێیەی سـەربانەکانی پـێ سـواق دراوە، گەڕەکـی پڕ کردووە لە بۆنی نوێبوونەوەو بەردەوامی ژیان.

نەرمەبارانی ئەو بەیانییە، نایەوێ زەوی ئازار بدات، بەڵکو هەوڵدەدات شـەقارەکانی برینـی جەسـتەی سـاڕێژ بکـاتەوە. ئەو هەمـوو جـوانییە سروشـتییەی خـودا لە بـارانی ئەو بەیـانییەدا کـۆی کـردۆتەوە، مرۆڤـی تووشـی سەرسـوورمان دەکرد. دەیویسـت تـۆوی گـوڵە وەریوەکانی ئەو دەشتە قاقڕو شۆرەکاتە دووبارە بڕوێنێتەوە. دەتگوت ئاسمان هەسـتی بە پیسبوونی بەهاکان کردووە ئـاوا نەرم نەرم خەریکی شووشـتنەوەو بسمیلکردنیانە و دەیەوێ مەخلوقی سەر زەوی ئاشت بکاتەوە.

عـومەر بـۆ ئەوەی دەنـکە بارانەکـان ببینـێ، لە پەنـجەرە بچـووکەکەڕا تەماشـای بەرهەیـوانی قەمـتەرەو دەرگـاو ئەو شـوێنانەی دەکـرد کە

ڕەشـدەچنەوە. هەر بەپەلە چەتـرەکەی دەسـتدایەو پـاڵتۆی لەبەرکـرد، گورج لەو نانەواخانەیەی سـەری کۆڵانێ نـانی گەرمـی هێناو بەرلەوەی هاوڕێکانی خەبەرکاتەوە، نـانێکی دەبڵـی بۆ پیرەهەڵۆ بـرد، بینی کتـرییە بچـووکەکەی لەسـەر سـۆپا عەلائەدینەکە دەکـوڵێ. پیـرە گـوتی: عـومەر کوڕی خۆم، ئەو چەند ڕۆژەی کاتێک باران لێی کردەوەو عەرز وشک بووەوە، بۆ هەندێک کاری گرنگ بە یەکەوە دەچین بۆ قەبرستانی ستی ئیمامی، بۆ یەکەمجار دەمەوێ هەندێک قسە وەکو وەسیەت بە تۆ بڵێم، چونکە دنیا مەرگ و مردنەو مردن شەرمێ لە کەس ناکات و هەست بە نزیک بوونەوەی دەکەم، ئەوە سوونناتی ژیانە، دەڵێن گندۆرە کە زەرد بوو و پێگەیی بۆ خۆی لە بڕکێ دەبیتەوە، ئەمنیش کاتی ئەوەم هاتووە لە بڕکێ ببمەوەو دەستبەرداری ژیان ببم، ناتوانم بۆ زەمەنێکی دیکە مەرگـی خـۆم دوا بـخەم، هەر هەمووماـن مردنێک قەرزارێـن، خـاوەن قەرزەکەش هی گاڵتە پێکردن نییەو لە هەقی خۆی خۆش نابێت!... چەند ڕۆژێـک دوای ئەوەی بـاران خۆشـیکردەوە، بە هـۆی ئەو وشـکەبایە ساردەی لە دەربەندی گۆمەسپانێڕا هەڵیکردبوو، عەرز وشک ببووەوەو تـۆزی لێهەڵدەسـتا. پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە بـوو، هێشـتا ئەو وشکەبایە سـاردەی نەشکاندبوو، پیرەهەڵۆ پڕێسـکەیەکی پڕ لەوزینەو ڕەحەتەلـوقم و بەداملـی بەدەسـتەوەبوو، چـووە بەردەرگـای ژووری قوتابییەکان، بانگی عومەری کرد: لەگەڵم وەرە دەچینە قەبرستانی ستی ئیمـام. شـەوی ئەوشـەو، ئیزرائیـل سـەرەتاتکێی لەگەڵ کـردووم، زۆر نهێنی و زانیـاری هەن، بەرلەوەی لەگەڵ خـۆم بنخاکیان بکەم، پێویستە تـۆ بیانزانی. چونکە لەلام یەقینە هەر ئەتۆ کفن و دفنم دەکەی! بەدەم ئەو قسانەوەو گلەیی لە زەمانە، گەیشتنە قەبرستانی، ڕێک چـووە سـەر ئەو پێـنج قەبـرەی لە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا دەچـووە سـەریان. فاتیحـایەکی بەسـەر پڕێسـکە شـیرینییەکەو قەبرەکانـدا خوێنـدو شیرینییەکانی بەسەر چوار لە گۆڕەکاندا، دابەشکرد. جیا لە جارەکانی پێشترێ، قەبرێکیانی بێ شـیرینی هێشتەوە! لە هەرچوار دەوری خۆی

ڕاما، بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە لە خۆی و عومەری بەدەر، کەسی دیکە دیارنییەو گوێی لە قسەکانی نیە. چاوە کەنەفتەکانی بڕییە چاوی عومەری: کوڕی خۆم، باش گوێم لێ بگرە، ئەو گۆڕەی کەوتۆتە پەڕگەی لای قەراتێ، هیچ لاشەیەکی تێدانییەو کەسی تێدا نە نێژراوە، هەر لە خۆڕا کێڵم بۆ چەقاندووەو ناوێکم لێ نووسیوە، بۆ ئەوەی کەسی دیکە لێرە نەنێژن، بەتاڵەو بۆ خۆم داناوە، بۆ ئەوەی لە تەک چوار ژنەکانم بمنێژن. تکایە هیچ پرسیارێکم لە بارەی خێزانەکەم و ڕابردووم لێ مەکە، چونکە لە ئێستادا نامەوێ هیچت پێ بڵێم. بۆ مردن زۆرم نەماوە، مردنی من گرێگوێرەی زۆربەی پرسیارەکانت بۆ دەکاتەوەو هەموو کۆدو تەلیسمی ژیاننامەی منت، لە دوای مردنم بۆ دەبێتەوە!

وەکو چەند جاری ڕابردوو، کەوتە سەر ڕەچەڵەک و ژیانی باپیری، چۆن لە دۆڵی خۆشناوەتی پەڕیوەتە شاری هەولێرێ. گێڕانەوەکەی بۆنسۆی زەمەنێکی هەڵپرووکاوی لێدەهات. درێژەی بە قسەکانی دا: باپیرم باشترین نالبەندی ناوچەی خۆشناوەتی بوو. کاتێک عوسمانییەکان دەسەڵاتداری ناوچەکە بوون، پێویستییان بە خەڵکی پیشەوەر هەبووە، جا، بۆ نالکردنی ئەسپەکانیان، باپیرمیان وەک باشنالبەند لە هەولێرێ دامەزراندووە. باپیرم مالی هێناوەتە قەراتێ، هەر زوو فێری زمانی تورکی بووە. هەموو ئەو پیشەوەرانەی لەگەڵ لەشکری عوسمانی کاریان دەکرد، بۆ ئەوەی پیشەکەیان لە دەست نەدەن، دەبوایە زوو فێری زمانی تورکی بن. وەک دەبینی ئێستا ئەمن تورکی لە کوردی باشتر دەزانم.

دیاربوو پیرە، نێو قەبرستانی لێ خۆشداهاتبوو، پێوەی دیاربوو نێو مردووەکانی پێ لەنێو زیندووەکان خۆشتر بوو! بەسەر کێڵی قەبرەکاندا دەگەڕا: ئای ئەوە فلانە، ئەوە فیسارە!

عومەر، پاڵتۆکەی ڕاخست و سەری بە قەبری پیرەهەڵۆی کرد، تۆزێک چاو گەرم بکات و بخەوێ... کاتێک هەستا، بینی پیرەهەڵۆ پشتی

داوەتە هەتاوێ و لە سەرمان خۆی کورژ کردۆتەوە، چونکە پاڵتۆکەی بەسەر عومەریدا کێشابوو.

ئێوارەیەکی ساردە، بەرلەوەی بخزێنە ژووڕەکانیان، عومەر مەقەڵە ڕەژووێکی لە نێوەندی حەساریێ دانا، ئاگری دا بۆ ئەوەی ببێتە پۆلوو و ببیاتە ژووڕەکەی پیرەهەڵۆی و، پێی گەرم بکاتەوە. ئاورینگی نیوەسووتی ڕەژوو، وەک پۆلە زەردەواڵەیەکی سوورو بنەوشەیی بە حەساریدا قرچە قرچیان دەهات و هەڵدەفڕین و هەر بە حەواوە لەبەر چاوان ون دەبوون. ڕەژووەکە دەگەشایەوە، عومەر بەدەستگرێک هەڵیگرت و بۆ پیرەی بردە ژووڕەکەی... پیرەهەڵۆ، کەرپووچێکی لەسەر لێوی مەقاڵەکەی دانا تاوەکو گەرم ببێ، ئینجا هێنایەخواریێ و پارچە لبادێکی خستە سەر کەرپووچەکەو بۆ ماوەی جگەرەخۆرێک لەسەری دانیشت.

نە عومەر نە پیرەهەڵۆ، هیچیان قسەیان نەکرد. عومەر لەگڕ فکرانڕاچووبوو: ئەوسااڵی قۆناغی ئامادەییمە، وانەکانم قورسن، ئاخۆ دەبێ کۆتایی ساڵ چۆن بم و دەرچوونەکەم چۆن بێت! دەبێ وەک ساڵانی ڕابردوو بە یەکەم دەرچم؟! پیرەش، لە خەون و خەمی ئەوەدابوو، ئاخۆ بایی چەندی دیکەی تەمەن پێ مابێت! تۆ بڵێی عیزرائیل فرسەتێکی دیکەی پێ نەبەخشێ!... بە ڕواڵەت هەمیشە خۆی وا نیشان دەدا کە لە مردن بێمنەتەو لێی ناترسێ، دەزانێ لە ڕێیەتی و درەنگ یا زوو هەر دەبێ بێت، بەاڵم لە ناخەوە پێچەوانەکەی ڕاست بوو، هەر چەندە دنیای زۆر قونەکەو کردبوو، هێشتا حەزی بە ژیان دەکرد، پێی خۆشبوو بە کانی ژینێ دانووسێ و تەمەن مەودا بدات سەردەمێکی دیکەش ببینێ؟!

باسی زۆربەی بنەماڵە شارستانە گەورەکانی هەولێرێی بۆعومەر کرد، کە لە ئەسڵدا بنەچەیان دەچێتەوە سەر هۆزەکانی زراری و سورچی و خەیلانی و گەردی و، لەو مەڵبەندانەوە ڕوویان لە شاری کردووە. فێری دارتاشیێ و هەللاجی و کورتاندووری و هەڵنانی کارێزو دیواردانان و

نالّبەندی و زیندۆزی و چەندین کارو پیشەی دیکە بوون و، یارمەتی لەشکری عوسمانییان داوەو لەلای ئەوان وەک پیشەوەر دامەزراون، هەر لەوانیش فێری زمانی تورکی بوون.

عومەر و پیرە، سەرەتای ساتەکانی شەویان ئاوا بەڕێکرد. شەوێکی تایبەت بوو بۆ کردنەوەی بوخچەی نهێنی و نەبستراوەکانی پیرەهەڵۆی. عەمەر تێمابوو، نە بچێتەوە لای هاوڕێ قوتابییەکانی، نە گوێ بۆ باسی تەعجیلی جاران و دانیشتوانی خەڵکە ڕەسەن و دێرینەکەی هەولێرێ بگرێ. تەعجیل، جاران بازاڕێکی دووروودرێژی هەبوو. هەر لەلای قەمیشەکانی ئێستا تا دەگاتە سەر پردێ و لای کۆتری سەلام، بۆنی سەوزەی هەمەجۆرو سڕینەوەی سێو و پرتەقاڵی دووکانداڕەکان و پێکەنینی ئەو ژنانەی، هەریەک بە بوخچەیەکەوە بەرەو حەمامی مۆدەی دەڕۆیشتن.

پیرەهەڵۆ، ئاخی بۆ پاکی پێکەوەژیانی جارانی خەڵکی هەولێرێ هەڵدەکێشا. خۆزگەی بەو ڕۆژگارە دەخواست: هەموو شتێک شێوێندراوە، هەموو ڕووەەکانی ژیان لە ئێستا جوانتر بوو، بۆن و هەڵمی کێشکەی کولّاو و شێلم و پاقلەش لە ئێستا خۆشتر بوو. ئەوانە هەمووی تێکەڵاو بە هەرای عارەبانچییەکان دەبوون و هەریەک لە ئاوازێک دەیخوێندو تێکەڵاو بە جنێوەکانی هەیاسی[1] دەبوون. هەرچی دەهاتە سەرزاری نەیدەگێڕایەوە، کەسیش لێی دڵگران نەدەبوو... ئینجا پیرە گوتی: ناچمە سەر ژیانی تایبەتی خۆم، چونکە ئەتۆ ناچار نیت ئەو هەموو حیکایەتە ناخۆشانەی ژیانی من ببیستی! بڕۆ خەریکی سەعی خۆت بەو، دوایەش تا بەیانی بخەوە، وەک دەڵێن: نەجاڕ بنوو بێ خەم و خەیار، خودا یەکەو دەرگا هەزار!

وشکەبایە ساردەکە، تاوەکو حەوت ڕۆژی خۆی تەواونەکرد، نەیخست. یەکەم بەیانی بوو لە دوای شکاندنی بایەکە، هەتاو گەرمی

---

[1]- هەیاس: شێتێکی دەستوەشێنی هەولێرێ بوو لە سالانی شەستەکان، بەزۆری و بەردەوام لەسەر پردی تەعجیل و کۆتری سەلام و چاخانەی قەرداران، دەبیندرا.

کرد، خەڵکی حەساریێ لە پەنای دیواری، خۆیان دابووە بەرتاوێ، پیرە، هەموو ئومێدی لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو بەڵکو یەکێک لە دانیشتوانی حەساریێ، خەونی بە درێژبوونەوەی تەمەنییەوە بینیبێ! ئەو پیرەژنەی هاوسێیان، بەدەم لیفکە چنینەوە بە پیرەهەڵۆی گوت: ئەوشەو خەونم بە تۆوە بینی، گلۆرە بەنێکی درێژی گەورەت بەدەستەوەبوو، سەری گلۆرەکەت دایەدەستم، چەندین لیفکەم لێچنی، هێندە درێژبوو تەواونەدەبوو! پیرە، چونکە هەمیشە لە بیری تەمەندا بوو، وشەی درێژی پێ لە هەموو وشەیەک خۆشتر بوو. بە یەکێک لە قوتابییەکانی گوت: برۆ بانگی مەلا سابیری بکە بێت بۆ ئێرەو کتێبی خەوننامەکەش لەگەڵ خۆی بێنێ، بەڵکو تەفسیری ئەو خەونەمان بۆ لێکبداتەوە.

مەلا سابیر، کۆڵکە مەلای تەواویش نەبوو. لە فەقێیاتی لە جزوی عەمە زیاتری نەخوێندبوو. بەڵام دایک و باوکی ڕەحمەتیی، خەونیان بەوەوە دەبینی سابیری کوڕیان ببێتە مەلایەکی دوازدە عیلم، بۆیە قەت بە فەقێ بانگیان نەکرد. هەر لە یەکەم ڕۆژی خوێندنی سیپارەی، بە مەلا سابیر بانگیان دەکرد. مەلا سابیر لەسەر تاقیچکەی، کتێبە داهێزراوەکەی تەفسیری خەونانی هێنایە خوارێ و فوییکی وای لێکرد، ئەو نێوەی هەموو کرد بە تەپوتۆز!

کتێبی گۆرین، دوکەڵی زەمانە ڕەنگی بە ڕوویەوە نەهێشتبوو و، نەهامەتیی هەرچی خەونی جڕناوفڕنایە پێی لێکدرابووەوە بۆ ئەوانەی لە تاو هەژاری و برسێتی دەیاننالاند و، تەفسیری خەونەکانی بۆ دەبردنەوە سەر تێربوونی زگی خۆیان و ژن و منداڵیان بە دۆزینەوەی کووپەی پڕ لە زێڕو خشڵی گرانبەهاو ڕزگاربوونیان لە چەنگی نەگریسی هەژاری. تەفسیری خەونی جاحێڵانیش، بە ئومێدی ئەوە بوون بەڵکو بە مەعشوقەکانیان بگەن و مرازیان حاسڵ ببێت.

مەلا سابیر، بەپەلە کتێبە پەڕ زەردەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. هەرکە گەیشتە لای پیرەهەڵۆو ئەو خەڵکەی حەساریێ کە پشتیان دابووە دیواری و خۆیان دابووە بەرتاوێ، عەینەکە زەڕەبینە بە پلاستەر

پێچراوەکەی لە چاوی کرد. شووشەی چاوەکانی، هێندەی تەفسیری خەونی ئاڵۆز و حەسرەتئامێزی خەڵکی برسی و ڕووتی پێ لێکدرابووەوەو تاڵ تاڵ ببون، هیچی وای پێ نەدەبینی، تەنها بۆ دڵنیایی خەوندیدەکان لە چاوی دەکرد. مەلا، لە دوای ئەوەی گوێبیستی خەونی پیرەژنێ بوو، لە خەمی ئەوەدابوو، چۆن بتوانێ لە یەک کاتدا ئەوانەی گوێیان بۆ تەفسیرەکەی شل کردووە، لە خۆی ڕازی بکات! پووشکەیەکی لە گەسکێکی بەکارنەهاتوو، دەستدایێ، بۆ دڵنیابوون لەوە کە بەنوێژە، لەگەڵ گێرانەوەی خەونەکەی، پووشکەکەی بەسەر دێرەکاندا دەهێنا. هەندێکجار هێمای سەرسووڕمان و هەندێکجار خۆشحاڵی بە ڕووخساریەوە دەبیندرا. دەیزانی پیرەهەڵۆ زۆری پێویستی بە دەوڵەمەندی نەماوە، هێندەی تامەزرۆی ژیانەو پێویستی بە تەمەنە، دەیەوێت بە کانی ژینێ دا نووسێ، گوتی: ئەو گلۆرەبەنەی دەستی پیرەهەڵۆی، کە هەرچەندی لە دوی داوەو تەواو نەبووە، نیشانەی ئەوەیە تەمەنێکی زۆری ماوە لە دوی بدات.

مەلا سابیر، پەنجەی شادەو پەنجەگەورەی بە زمانی تەڕکرد، چەند پەڕێکی هەلاهەلابووی خەوننامەکەی ئاوادەکردو دەیگەڕاندەوە، وەک بە دوای تەفسیرێکی باوەڕپێکراوی دیکەدا بگەڕێ، چۆن بتوانێ خاوەنی خەونەکەو پیرەهەڵۆش ڕازی بکات! لە ناکاو قەڵەمەکەی خستە نێوقەدی کتێبەکەو پەڕەکانی بە یەکدادایەوە، بە ئاماژەی دڵنیابوون لە دۆزینەوەی تەفسیرێکی دڵنیاکەر، بە پیرەژنەکەی گوت: ئەتۆ لەو ساڵەدا بەنێکی زۆرت دەستدەکەوێ، هەرچەندی لیفکەی لێ بچنی بەنت لێنابڕێ! ئەو گلۆرە بەنەی دەستی پیرەهەڵۆش کە زۆری لە دو داوە، ئەوە تەمەنی ڕابردوویەتی، ئەو بەشەی لە دەستی ماوە، ئەوە تەمەنێکی زۆرە هێشتا ماویەتی لە دوی بدات.

پیرەهەڵۆ لەو تەفسیرەی مەلا سابیری، هێندە دڵخۆش بوو، مالّی دنیای نەدەهاتە بەرچاوی! هەر زوو بە یەکێک لە قوتابییەکانی گوت: بچۆ لە ژوورەکەی من لەسەر سندووقەکە، سینییەک ڕەحەتەلوقم و

لەوزینەو گەزۆو بەداملی بێنەو بەسەر خەڵکی حەساریدا بیبەخشەوە.

چەند ڕۆژێک بوو تەفسیری ئەو خەونەی کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕۆحییەتی پیرەهەڵۆی دانابوو، بەڵام ئەو دڵخۆشییەی، لە چەند ڕۆژێک زیاتر بڕی نەکردو تەندروستی تێکچوو. ئەو شەوانەی حاڵی باش نەبوو، عومەر شەوەکانی لەلای ئەو بەسەردەبرد.

لە مابەینی مرۆڤەکان و ژیاندا، پەیمانێکی دیاریکراو نییە، بۆیە هەرکەسێک گەیشتە سەرەولێژی و لێواری هەڵدێرەکە، ناچارە جڵەوی بۆ شل بکات.

عومەر، سەری لە قایمیی ئەو پیرەپیاوە، لە پاراستنی نهێنییەکانی ژیانی ڕابردووی، سوڕمابوو. لەو کاتەی عومەر ویستی بزانێ تاکەی گەرمە، دەستی عومەری خستە نێو دەستەکانی و فرمێسکی بە چاوانیدا هاتنە خوارێ و لێیدەڕوانی، وەک ئەوەبوو لەگەڵ هەوا بۆنی مەرگی کردبێت. هەرچەندە بەرگری دەکردو دەیویست دەست بەژیانەوە بگرێ، لێ، کار لە کار ترازا بوو!

عومەر، بەپەلە پەرستارەکەی گەرەکێی هێناو دەرزیێکی ئارامبەخشی بۆ کردو خەوی لێکەوت. مانگ هێشتا لەسەر گومبەزی مزگەوتی شێخی چۆلی ئاوانەببوو، گومبەزەکە بریقەی دەدا، ئەستێرە گرشەیان دەدا، گوێی لە دەنگی پێی کەسێک بوو، بەرەو ژوورەکە دەهات، زانی جەلالی لۆبیافرۆشە. دوای هەواڵپرسینی پیرەهەڵۆی گوتی: بەیانی دەبێ شەوەکی زوو بڕۆم، لۆبیاو شامینۆکەکە زۆرە، بۆ ئەوەی خەسار نەبێ بیفرۆشم. هەر زوو دەگەڕێمەوە لاتان.

عومەر، نێوە نێوە خەو دەیبردەوەو بەئاگا دەهاتەوە. لە بەرەبەیانێکی زۆر زوودا جەلال گەڕایەوە، فەقێ مستەعیدەکەشی لەگەڵ خۆی هێنابوو، چەندجار یاسینی لەسەر خوێند. بەڵام ئەو لە گیانەڵادابوو، کەوتە ئاوزینگان و ڕۆحی دەدا. ژیان چەند سەیر و سەمەرەیە، وەختێک ئەو، دوایین نەفەسەکانی لە مستی مردن دەنا، خەڵکانێک سەرقاڵی خۆئامادە کردن بوون بۆ سەر کاری ڕۆژانەیان و

دەستپێکردنی ڕۆژێکی نوێ!... پاش چەند ساتێک، لە پەتۆیەکدا گەیاندیانە مزگەوت، مجێور بانگەوازی کرد، مەیتشۆر ئامادە بوو. لەو خەمەدا، لە چوار کەس زیاتر، کەس بەدیارییەوە نەبوو! عومەر گوتی: تاوەکو ئێوە دەیشۆن، دەچم کفنی بۆ دەکڕم!

هێشتا خۆر هەڵنەهاتووە، جادە چۆڵە، جگە لە دووکانی نانەواخانەکان و پشیلەی ناو تەنەکە زبڵەکان و، چەند پیرەژنێکی عەرەبی گامیشەوانەکان، کەس بەدەرەوە نەبوو. پیرێژنە عارەبەکان، عەباکانیان بەسەر سەریانداداوەو وێنەی دارخوارمایان لەسەر چەناگەیان کوتیوە، پشتی دەستیان کارمامزێک و، سەر پەنجەکانیان ڕیزێک خاڵی وەک دەنکە تەسبیحیان لەسەر کوتاوە. سینییە قەیماغەکانیان لە پێش دەرگای مزگەوتی حاجی نووری و چایەخانەی قەرداران داناوە، لە چاوەڕوانی کڕیارە قەیماغخۆرەکاندا بوون، هەرچی کەسێک بەوێدا گوزەری دەکرد، بانگیان دەکرد بۆ کرینی قەیماغ.

عومەر لەنێو قەیسەری، کفنی لەو کوتاڵفرۆشە کڕی کە بەر لە هەموو دووکانداڕەکان دوکانی بە تایبەتی بۆ کفنکڕەکان دەکردەوە. کە گەڕایەوە، تەرمی پیرەهەڵۆی لەسەر تاتەشۆری ئامادە بوو بۆ کفنکردن.

ئەوەی بۆ عومەر جێی سەرنج و حەپەسان بوو، دیتی مزگەوت پڕ پڕ بوو لە ئەفەندی گەورە گەورە، هەندێکیان بە نیوەتورکی لە بابەڕۆیان دەداو قسەیان دەکرد. نیشانەی ئەوەبوو کە مردنی پیرەهەڵۆ، کلیلێکە دەرگای هەموو لوغزەکانی بۆ دەکاتەوەو دەخاتە سەرپشت. ئاخر ئەو تاکو ئێستا، دکتۆر بەهزادی بە کوڕی دوژمنەکەی پیرەهەڵۆی ناسیوە، کەچی ئێستا بابەڕۆیەتی و دەڵێ: ڕۆژگاری ستەمکار لە ئێمەی سەندی، چ زوو مااڵئاواییت لێ کردین!

قاسیدەک لەنێو ژنانڕا هاتە مزگەوتێ، بە گوێی دکتۆر بەهزادیدا چرپاند: خوشکەکانت داوا دەکەن تەرمەکەی بێنەوە حەساریێ. حەساریش جمەمەی دەهات لە ژنی ئەلمۆدەو جانتا بەشان و لە بابەڕۆیان دەداو، هەندێک بە کوردی و هەندێک بە تورکمانی قسەیان

دەکرد. دەرکەوت ئەو ژنانە، کچ و کچەزاو بووک و نەوەی پیرەهەڵۆی بوون. ئاشکرابوونی ئەو هەموو نهێنییە سەرسوورهێنەرە بۆ عومەری، وا ئاسان نەبوو!، عومەر هەر بەغار گەیشتە سەرقەبران. بە قەبرلێدەرەکانی گوت: ئەو قەبرە هەڵدەنەوە کەسی تێدا نەنێژراوە، پیرەهەڵۆ بۆ خۆی دانابوو. ئەوەی بۆ عومەری و هاوڕێ قوتابییەکانی باوەڕنەکردەنی بوو، میکائیلی هاوپۆلیان بوو، بۆ باپیری دەگریاو بە تورکمانی دەیلاواندەوە. چونکە خۆیان پێ شارستان و ئەعیان بوو لەچاو خەڵکی دیکە. بەرلەوەی دارەمەیتەکە بۆ سەرقەبران هەڵبگرن، دەفژەن و واعیزیان ئامادەکردبوو، بە پێی پەتی دارەمەیتەکەیان بەرەو قەبرستانی ستی ئیمام، بەسەرشانەوە بوو. لەو قەبرەی خۆی دیاریی کردبوو، بە خاکیان سپارد. عومەرو جەلال لۆبیافرۆش، لە هەریەکێکیانیان دەڕوانی، فرمێسکی درۆینەی لە چاوەکانیاندا دەخوێندەوە، یەکیان دەیگوت: کێلی مەڕمەڕی بۆ دروست دەکەم. دکتۆر بەهزاد دەیگوت: قەفەزی ئاسنی هاوشێوەی حەزرەتی غەوسی بۆ دادەنێم. مدیرێکیان دەیگوت: بیست خەتمی قورئانی بۆ دەکڕم. کێشەیان بوو لەسەر ئەوەی کامەیان وێنەکەی زووتر گەورەبکات و لە چوارچێوەیەکی تەڵایی بگرێ و لە سووچێکی ژووری میوانان هەڵیواسێ. خەڵکی حەسارێ دەیانگوت: خۆ ئەگەر هاتبایە بە زیندوویی نیو ئەوەندە ڕێزیان بگرتبوایە و ئاگایان لێی بوایە، لە حەسرەت تەنهایی خۆیدا نەدەمرد! ڕەنگە بەشی چەند ساڵێکی دیکەشی تەمەن پێ بمابوایە! لافیتە، تەنها ئەو خاوەنمردووانە دەیاننووسی کە خۆیان پێ لە ئاستی سەرێی کۆمەڵگا بوو، وەکو دکتۆرو پارێزەرو بەڕێوەبەرو ئەندازیارو...

لافیتەیەکی سێ مەتریان نووسی. بە حاڵ بەشی ناو و پیشەی ئەو هەموو کوڕانەی پیرەهەڵۆی کرد. هەندێک لە کوڕەکانی ناڕازی بوون کە جێگا نەمابوو پلەی وەزیفیان تێدابنووسرێ. هیچ لە کوڕەکان لەترسی ژنەکانیان ئامادە نەبوون تازییەی ژنان بەرنەوە مالّی خۆیان. زاوایەکیان کرێکاری محەتەی شەمەندەفەری بوو، تازییەی ژنانی

بردەوە مالّی خۆیان. میوانەکان خەریک بوو لە سەرمان ڕەق بنەوە! لە مزگەوتێ هیچ یەک لە کوڕەکان ئامادە نەبوون سۆپای مالّی خۆیان بێنن، عومەر سۆپای قوتابییە هاوڕێکانی هێنابووە مزگەوت، جەلال لۆبیافرۆشیش هی مالّی خۆیان. کوڕەکانی، تەنها کراس و بۆینباخی ڕەشیان پۆشیبوو، بە ئەتەکێت وەستا بوون. سێیەم ڕۆژی تەواوبوونی تازیەکە، کەسوکارو برادەرو ناسیاو و خەڵکی حەساریّ و هەموو ماتەمگێڕان، چوون بۆ سەر گۆڕی پیرەهەڵۆی، بەر لە هاتنی خەڵکەکە، چەند سەبەتە تەڕەحەلوای لوولدراو لەنێو نان ئامادەکرابوو. کاتی خواحافیزی بەسەر ئامادەبووان دابەش کرا.

ئەوەی ئەوان نیشانیان دا، لە عورف و عادەتی هیچ ئایین و کولتوورێکدا نەبووە. تابوورێک کوڕو کچی خوێندەوارو ئەکادیمی نەیانتوانی بارتەقای تۆسقاڵێکی عومەرێکی بێگانە، بە هانای ئەو باوکە پیرو کەنەفتەیان بێن و خزمەتی بکەن. بۆ زۆر شت لە عومەریان دەپرسی، هیچیان باوەڕیان بە یەکتری نەبوو، چونکە هەرکەسەو لە خۆیرا بەرامبەرەکەی دەبینی. هەموویان لە یەکتری بە فێڵ بوون. بۆیە دکتۆر بەهزاد، چونکە کوڕی گەورە بوو، هەر لە بەیانیی یەکەم ڕۆژی مردنی باوکیان، قوفڵێکی گەورەی لە دەرگای ژوورەکەیداو کلیلەکەی خستە گیرفانی. چوارەم ڕۆژ هەموو خوشک و براکان کۆبوونەوە، کۆتاییان بە تازییەکە هێنا.

بە ئامادەبوونی مەلای مزگەوت و دوو شاهید، هەمووپان بەرەو حەساریّ ڕۆیشتن، بۆ ئەوەی بەئاگاداریی هەموو میراتگرەکان، دەرگای ژوورەکە بکەنەوەو سەری سندووقەکە هەڵدەنەوە. ئەو کۆمپیالەو سەنەدو تاپۆی ئەو موڵکانەبدۆزنەوە کە بەناوی باوکیانەوەیە، بۆ ئەوەی وەکو میرات مەلا بەسەریاندا دابەشی بکات. مامۆستا بە بسمیللایەکی درێژ، سندووقەکەی کردەوە. یەکەم کاغەزی تاپۆی دوو دوکانی نێو قەیسەری دەرهێنا، بەناوی عومەر عەبدوللای کرابوو. دووەم کاغەز بەڵێننامەیەکی دانپێدانراوی یاسایی بوو لە دادگا مۆر

کرابـوو: ئەو مووڵکـانەم بەخۆشـی خـۆم و کەمـاڵی ئەقـڵەوە بە نـاوی عومەر عەبدوللاڵی کرد تا ئەو وەختەی کاری پێی بێت، حەلاڵی خـۆیەتی و حەرامی هەموو کەسێکە، ئەگەر پێویستی پێی نەمـا، وەسـیەت دەکەم بیفرۆشـێ و بـۆم بخـاتە دروسـتکردنی خـانەیەکی سـاڵمەندان، بـۆ حەسـانەوەی ئەو پیـرە دایـک و باوکـانەی کە منـداڵەکانیان پشـتیان تێدەکەن و ئامادە نین لە پیریدا خزمەتیان بکەن. پەنجەمـۆری خـۆی و مـۆری دادگـای پێوەبـوو. بە گوێبیسـتبوون و خوێندنەوەی ئەو تـاپۆو وەسـیەتنامە یاسـاییەو مولکـداری عـومەری، هەمووێـان هەبـڵەق و هێـدمەگرتی بـوون. کردیـان بە بۆڵەبـۆڵ، بەڵام نـارەزایەتی دەربـڕین دادیان نادات، چونکە هەندێک لەو کوڕانەی، یاسـایین و شارەزان. چـاک دەزانـن بڕیـاری کـاربڕ، بەڵگەنامەکـانن. بەناچـاری، یەک لە دوای یەک سـەریان شـۆڕکردو لە حەسـارێ وەدەرکەوتن. دەرگـاو سـندووقیان بە کراوەیـی و لەسەرپشـت بەجێهێشـت. ئەوەی جێـی نیگەرانـی بـوو، کوکوختییەکـان بێسەرپەرشـت مـانەوە! بەسـەر تەڵی کارەبـاوە گمەیـان دەهـات، دەتگـوت بـۆ پیرەهەڵـۆی دەگـرین و بـۆ تەنیـایی خۆیانیـان دەخوێند! بە دوای چنگی پڕ لە دانی بەیانیانی پیرەهەڵوێدا دەگەڕان، لە زمـانی حـاڵان تێدەگەیشـتین کە دەڵـێن ئـاخۆ دەبـێ کێـی کە هەبێـت لە بەردەفڕکێی منداڵان بمانپارێزێ؟!

دەیـانگوت: سـەر قەرات و منـارەو گـومبەزی مزگەوتەکـان، سـەر خاچەکەی کڵێسەی قەلبول ئەقدەسی گەڕەکی عارەبان، تێکڕا هەموویت بـۆ گەڕایـن. بـازاڕی گەنمفرۆشـان، بەردەرگـای فرنـی سـەموونان، ئەو شـوێنانەی خۆشەویسـتی باڵنـدەی لـێ دەسـتدەکەوێ، دەسـتگێڕەکانی موحیبەت، هەموومان بەسەر کردەوە، کەچی ئەتۆ هەر دیارنەبووی.

گمەو گریانی ئەو کوکوختیانە ئەوەبوو: ئەتۆ بڵێی سـەردەمانێکی دی، کەس هەبێت بەوە بزانـێ، لەو حەسـارەو دروسـت لە ژوورەکەی تـۆدا، کەسـێک دەژیـا لەگەڵ کـازێوەی بەیـانی بە چنگی پـڕەوە لە ژوورەکەی دەهـاتەدەرو هەرچـی کـۆترو کوکـوختی ئەو تەعجـیلەیە، چەرخەلەیـان

بەسەر سەریەوە لێدەدا!

نەخێر ئەو، ئیستاو ئێستاش وەدی نەهاتەوە، دڵی شکاوو غەمگینی ئەو کوکوختیانە ژیرکاتەوە!

ئای پیرەهەڵۆی لوتکەی جوانی!... ئومێدی گەورەت ئەوەبوو، پێت بگاتە سەرزەمینێک، لێرە پاکتر، پڕوەفاتر، فڕینی باڵندەکان!... باوەڕت وابوو هەرکەس باڵندەی خۆشنەوێ، لە پاکیی ئاسمان تێناگات!

ئەو سەرڕاستی و مرۆڤدۆستییەی عومەری، لە تەواوی شاری دەنگیدایەوە. بوو بە جێگای قسەو باسی گەرمی خەڵکی. یەک لە بازرگانەکانی هەولێرێ، لە زاری جەلال لۆبیافرۆشییەوە زانیبووی کە عومەر گوتوویەتی چاوم لەو مووکانەی پیرەهەڵۆی نییە، بە ئاگاداری چەند کەسێک دەیفرۆشم و پارەکەی بۆ دەکەم بە پرۆژەی خێرخوازی وەک خۆی وەسییەتی کردووە. ئەمن دەمەوێ بە ڕەنجی شانی خۆم بژیم. هەڵوێستێکی کاریگەر بوو، بۆیە ئەو بازرگانە بە دوای عومەریدا ناردو پێی گوت: لە دوای ئەو چەند مانگەی ماوتە خوێندنەکەت تەواوبکەی، یەکسەر وەرە لەلای من ببە بە ئەمیندارو حیسابداری کارە بازرگانییەکانم. عومەریش دیاربوو ئەو کارەی لە کاری حکومەت پێ خۆشتربوو، بۆیە بۆ ماوەی دوو ساڵ و تا لە خانەی مامۆستایان وەرگیرا، لەلای ئەو بازرگانە کاری کرد.

٥

پاشنیوەڕۆی ڕۆژێکی ڕەنگ شەفەییە، ئاسمانێکی شینی بێگەرد، ڕۆژی بەسەرکردنەوەو سەردانی دۆست و خزمانە. ئەو ڕۆژە، بلوزێکی پرتەقاڵی و پانتۆرێکی شارستۆنی شینی تۆخی لەبەردا بوو. یەخەی درێژی کراسە ڕەشەکەی خستبووە سەر بلوزەکەی و تاوەکو نزیک سەر شانی داپۆشیبوو. پێڵاوێکی پاشپانی بڵندی لە پێیدابوو، ڕیشێکی تەنکی دانابوو. تەسبیحێکی قەزوانی درێژی بەدەستەوەبوو. بەنێو بازاڕی شێخەڵڵا بەرەو لای یانەی فەرمانبەران شۆڕبووەوە. دوای ئەوەی ڕێکارە یاساییەکانی تەواوکردبوو، لە خانەی مامۆستایان وەرگیرا. ماوەی نزیکەی ساڵێک دەبوو هیچ ئاگادارییەکی لە جەلال لۆبیافرۆشی نەبوو. هەرکاتێک چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی ببینیایە، دەکەوتە فکری قسەکانی جەلالی، بۆیە، ئەو ڕۆژە زۆری مەبەست بوو ببینێ. باشترین شوێنیش بۆ دۆزینەوەی، چایەخانەی کرێکاران بوو.

بەنێو ئەو خەڵکە زۆرەی لەو بازاڕە جەنجاڵەدا تێک دەقڕژان و بێ ڕاوەستان لە هەوڵی درێژەدان بە ژیان بوون، هەنگاوی هەڵدێنا. هەراو هەنگسامەیەکە کەس گوێ بۆ کەس ناگرێ. عارەبانچییەکان و دەستگیرەکان، هەر بابایە بۆ ناساندنی کاڵاکانی خۆی، دەنگی لەوەی تەنیشتی بەرزتر دەکاتەوە دەیەوێت دەنگی ئەوەی تەنیشتی لەنێو دەنگی خۆیدا بخنکێنێ. ئەو بازاڕە سەری هاروماری لێ دەفرۆشرێ، لە چاو شوێنەکانی دیکە هەرزانبازاڕ بوو. یەکێک، بەدەم تەماشاکردنی کڕیاری لای هاوسێکەی، یەک بەدەنگی خۆی هاواردەکات و تەماشای

نێو چاوی کڕیارەکە دەکات و دەڵێ: شتی گەندە مەکرە مـاڵ و منداڵتی پـێ نەخـۆش دەبـێ، وەرە بـۆ ئێـرە تـازە بـارت بـدەمێ! ئەو ژنە خێزاندارانەی جێگای باوکیشیان بۆ منداڵەکانیان گرتۆتەوە، هەریەکەیان زەمبیلەیەکی نـایلۆنی بەدەستەوەیەو لێـوی عەبـا ڕەشـەکەی بە ددانـی گرتـــووەو وەک بـــای دەڕوات، هەنـــدی بڵێـــی یەک و دوو لەســـەر عەرەبانەکـان، زەمبـیلەکەی شیشـکوت دەکـات لە تەمـاتەی شـکاوی لە گۆترەو تووڕو سرق و هەندێکجار سەروپێیەکی هەرزانیش دەکڕێت.

مەخلوقی ئەو بازاڕە، هەریەکەی لە فکرێکدابوون، ژن هەبوو دڵی بەوە خۆشـبوو شـتەکانی لە گـۆترەو هەرزان کڕیـوە. عەرەبـانچی وا هەبـوو بـازاڕی ئەو ڕۆژەی خـۆی، لە شـکاندنی شـتەکانی عەرەبـانچیەکەی تەنیشتی دەزانی و دەیگەڕاندەوە بۆ زیرەکی خۆی.

هەرکە ژنێک بەرەو ماڵ دەبووەوە، هەر لەسەری کۆڵانێ عەباکەی لە خۆی دەکردەوە، چونکە هەموو خەڵکی گەڕەکی خۆیانی بە مەحرەم و یەک خێزان دەزانی. ژنی کۆڵانێ لێیان دەپرسی: ئەوە چیت کڕیوە؟ بە پشووسواری دەیگوت: جا بڵێم چیم نەکڕیوە! ئەوا دەپسێم، چەند دەکەم زگی ئەو خێزانە زۆرەم پێ تێرنابێت، دەکو شار بە قوڕێ بگیرێ! خۆ شت لە کڕیننایە، دەست بۆ هەرچی دەبەی وەکی ماری پێتەوە دەدا، ازاڕ بە هەششێ گیراوە، شت بە فەقیری ناکڕدرێ!

عومەر لە سینەما حەمڕای ڕەت بوو، گەیشتە لای تەسبیح فرۆشەکان، ، جـادەی پەڕیەوە، بەری خـۆی دایە چایەخـانەی کرێکـاران. بەرلەوەی سـەر کورسـییە دارەکە دانیشـێ، چـاوێکی بە چایەخـانەکەدا گێڕا، لـێ هلال لۆبیافرۆشی نەکەوتە بەرچاوی. وەسـتاو کرێکارەکـانی بەئاسـانی ، لە یەکتر جیا دەکرانەوە، وەستایەکان قایشێکی بە ئاوەزێنەی پانیان پشـتێ بـوو، فـووتەیەک و شـاورێکیان پێـوە هەڵواسـیبوو، جووتێـک سـتکێش و چەکوچێکیـان لەبەرڕاکردبـوو. سـەرنجی کەوتە سـەر ئەو یەچییە مەعلان و کارامەیەی، ژمارەیەکی زۆر پیاڵەو بنپیاڵەی بە یەک سـت وەک هێشـوەترێ هەڵگرتـووەو بە دەسـتەکەی دیـکە قـۆری

چایەکەی بڵند دەکات و هەموو پیاڵەکان بە یەک ئەندازە پڕ لە چایە دەکات. ئەو میوانانەی تازە هاتوون، بەدەم بەخێرهاتنکردنیان لەگەڵ دەرهێنانی یەکەم بنپیاڵە، نایەڵێ یەک چۆرە چایە بڕژێ، وەک نیشاندانی زەوق و شەوقی خۆی بۆ کارەکەی و نمایشی هونەری چایەچێتی، یەکەمجار بنپیاڵەکەی بەپەلە بە جۆرێک لەسەر مێزە ئاسنەکە دادەنا، دەمێک دەخولایەوەو بەرلەوەی بوەستێ، پیاڵە چایەکەی لەسەر دادەنا. دەنگێکی وەک چەقەنەو ڕیتمی دمبکی کاولییە سەماکەرە عەرەبەکانی لێدەهات. کاتێک پیاڵەکەی لەسەر بنپیاڵەکە دادەنا، ترقەترقە بە ڕیزەکەی ساکین دەکرد.

عومەر چایەکەی تێکدا، هەڵمێکی باریکی بە گروازەی لێ بەرزدەبووەوە. یەکەم فڕی لێدا، نیگای کەوتە سەر جەلال لۆبیافرۆشی، بەپەلە پیاڵەکەی داناو بانگی کردە لای خۆی. دوای تەوقەو هەواڵپرسین، چایەچییەکەی ئاگادار کردەوە چایەکی بە ڕەنگ و شیرینی بۆ بێنێ. جەلال، نوێترین هەواڵی حەساری و کۆڵانی جووەکانی تەعجیل و شێخی ڕدێنسۆرو ست پاکیزەی بۆ عومەری شەنوکەو کرد. عومەریش بە نۆرەی خۆی دەنگوباسی گوندی و خانەی مامۆستایان و قوتابییەکانی هاوڕێی بۆ باس کرد. هەواڵی ئەو قوتابییەی، لەسەر بەکرەیەکی تەسجیلی گۆرانی شوانپەروەری، لە دادگای بەناو شۆڕش لە بەغدا، بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووەو بردوویانە بۆ قەسابخانەکەی کوردان لە موسڵ، ترس و تۆقاندنی قوتابییەکانی خانەی مامۆستایان بۆ بە بەعسیکردنیان و ناچارکردنیان بە جاسووسی لەسەر خەڵک، بەتایبەتی قوتابییەکانی هاوڕێیان، باسی خۆڕاگری و بە چۆکدانەهاتنی زۆربەی قوتابییەکانِ بە واژۆ نەکردنی بوونەبەعسی زۆر هەواڵی دیکەی بۆ جەلال باسکرد.

جەلال، ئەڵێکی کراوەو هەستێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو. بەعسیبوونی بە ناپاکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و ناپاکی لەگەڵ مەمکی دایک، دەزانی. پێی وابوو خۆبەدەستەوەدانی چەند ترسنۆک و هەلپەرستێک و، بوون

بە بەعسی و کارکردن بۆ پیاوەکانی بەعس، بە خائین و سووک تەماشایان دەکرێن، تەنانەت لەلای بەعسییەکانیش هیچ سەنگێکیان نییە. لە هەمانکاتدا جەلال، ئایدیۆلۆژیای کۆمکراویشی پێ وەک حاڵی وشکەسۆفی وابوو، کە لەسەر خۆڵ مەلە دەکەن و لە دەریا بێخەبەرن!

عومەر کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو هزرەو، بە هەموو بوونی خۆیەوە هەوڵی بۆ دەدا. هەر لە بنیادیشرا موکڕ بوو لەسەر بەڵێن و ڕاستگۆیی و ڕێزگرتن لە پرەنسیپەکانی مرۆڤبوون، ڕێزگرتن لە کات، لە ژینگە، ئەو سروشت و ڕەفتارانەی، پێگەی کۆمەڵایەتییان بەهێزکردبوو. جەلال لۆبیافرۆش گوتی: لە دوای ئەوەی کوردستان بەرگریی چەکدارانەو تەقەی تێدا نەما، بەعسییەکان تووشی غرورێکی ئەوتۆ ببوون، وەک بە هێزی خۆیان توانیبێتیان خەباتی چەکداری کپ بکەن. بۆیە دەستیان داوەتە ڕاگواستنی گوندنشینان و هەڵکەندنیان وەک پنجە گیایەک لەسەر ڕەگی خۆیان و تووڕهەڵدانیان.

عومەر گوتی: خانەی مامۆستایانیان لێ کردووین بە دۆزەخ، شاڵاوی بە بەعسیکردن تەنگی پێ هەڵچنیوین، ئەگەر وا بڕوات باوەڕ ناکەم لێم بگەڕێن تەواوی بکەم. پێم وابێ چوونەسەربازیم پێ شەریفانەترە لە بەعسیبوون. ئەگەر ڕژێم لەسەر ئەشکەنجەو لە سێدارەدان و ڕاوەدونانی لاوانی کورد بەردەوام بێت، بەمزووانە ئەو شاخانە پردەبنەوە لە گەنجی فیداکارو پێشەنگ!

هێندە لەمێژ بوو یەکتریان نەبینیبوو، لە تامەزرۆیی قسەی یەکتری، نەیاندەزانی لە کوێڕا دەستپێکەن و لە کوێ کۆتایی پێ بێنن. بە جۆرێک سەریان لەبن سەری یەکتری نابوو، ئاگایان لە دەوروبەریان نەمابوو چی دەگوزەرێ. بەڵام باش ئەوەبوو، چایەچییەکە وشیارو سەرناس بوو، خەڵکی نیشتمانپەروەرو جاسووس و خۆفرۆشی بە ئاسانی لێک جیا دەکردەوەو دەیناسین. بێئەوەی سەر بە هیچ ڕێکخراوێک بێت و کاریگەری ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی لەسەر بێت! تەنها هەستی نەتەوایەتی و شیرحەلاڵی پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی لە ئاست سەلامەتی

میوانەکانی و ناوبانگی چایەخانەکەی، هەمیشە چاودێری دەوروبەرو جموجۆڵی خەڵکانی گومانلێکراوی دەکرد. ئاخر ئەو، لە هەورە سکپڕەکانی ڕەسەنایەتی کولتووری کوردەواری دابارییوو، پاراستنی میوانەکانی چایەخانەکەی، بە ئەرکێکی ئەخلاقی کوردانەی خۆی دەزانی. بە بیانووی کۆکردنەوەی پیاڵە خاڵییەکان، سەری خۆی لەبۆ جەلال لۆبیافرۆشی و عومەری نەوی و نزیک کردەوە و بەگوێیدا چرپاندن: ئەو پیاوە ڕەشکەڵەی قاتە زەیتونییەکەی لەبەردایە، بە بیانووی تەماشاکردنی تەسبیحان خۆی خافڵاندووەو دەمێکە چاودێری ئێوە دەکات، ئەگەر کاغەزو هەر شتێکی قەدەغەکراو و جێگای مەترسیتان پێیە، بە هەنجەتی پارەی چایەکان لە گیرفانتانی دەربێنن و بیدەن بە من، خۆم دەزانم لە کوێیان دەشارمەوە. جەلال، بێئەوەی هیچ بڵێ، بە قسەی کرد، چونکە لەمێژ بوو ئەو چایەچییەی لە مەحەک دابوو، دەیزانی وەک زێڕی بێ خەوش پاکە. هەر زوو عومەری لە پێش خۆیدا بەڕێکردو پاشان خۆی لەبەرچاوی ئەو ئەمنەی چاودێری دەکردن، دزییەوە، وەک جنۆکە ون بوون. ئەمنەکە وەک تاژی بێت و کەرووێشکی ون کردبێت، هەرجارەی بۆ لایەکی دەڕوانی.

عومەر، لەتاو شاڵاوی بە بەعسیکردن، هیچ جێگایەک بە خۆی نەدەگرت. لەلای ئەو هاوڕێیانەی لێیان دڵنیابوو کە جێی متمانەن، دەیگوت: کوڕینە هەرکات داوام لێدەکەن وەرە ئیمزای بکە بۆ ئەوەی ببی بە بەعسی، دروست وەک ئەوە وایە نێربازێک داوام لێبکات سوارم بێت! بەعسیبوونی کورد وەک ڕازیبوون بەو کارە دەبینم! هەوڵی دەدا زۆر نەکەوێتە بەرچاویان. زوو زو دەگەڕایەوە گوند و کاتەکانی لە گوندی بەڕێدەکرد. هەرگیز لە ژیانی گوندی وەڕس نەدەبوو. هەرچەند جارێک باوەشی بە دایکیدا دەکرد، بە خەیاڵ لای وابوو باوەش بە تەواوی گوندەکەیاندا دەکات! هەموو بەیانیان چەرخەلەیەک بە چوار دەوری گوندیدا دەکرد، چێژی لەوە دەبینی کە نەسیمی بای بەربەیانان، گەمە بە داوەکانی قژەڕەشەکەی بکات، بای پاکژ هەڵمژێ. ئەو، بەیانیانی

بە دەستپێکی ژیانێکی نوێ دەزانی. بە پێچەوانەی زۆربەی خەڵک، خۆشبەختیی لە دەوڵەمەندی و سەروەت و ماڵی دنیادا نەدەبینی، بەڵکو لە خۆشەویستیی خاک و ئاسمان و ژینگەو مرۆڤدۆستیدا دەبینی. ئەو بەیانییە قاتێکی خاکی لەبەردابوو، جەمەدانییەکی لە ملی هاڵاند بوو، ڕێگای ئەو پیادەڕۆییەی بەیانیانی دەچۆوە بەردەرگای ماڵی سەبری. سەبری، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بوو، هەتا دەستهەڵێنی کەڵەگەت و بەژن زراو وەک پەیکەری ڤینۆسی خودای جوانی. دوو چاوی سەوزی مەند، وەک ئاوی ژێر قەوزە سەوزەکان. ئەو گوندو ناوچەیە وابوو، ئاوا دڵگیر و دڵنشین بوو!

سەبری، ماوەیەک بوو ئەو پرسیارە سەری قاڵکردبوو: بۆچی هەموو بەیانیان عومەر، وەک بیەوێ ئامێز بە هەموو گوند و خەڵکی گوندەکەیاندا بکات، چەرخێک بەدەوری گوندیدا دەکات و دوایەش، بە بەردەرگای ماڵی ئەواندا، کە لە ئەوپەڕی گوندییە، ڕەت دەبێ؟! دەم نا دەمێک ئەو پرسیارەی لە خۆی دەکرد: تۆ بڵێی لەبەر من نەبێت!... سەبری، ئومێدێک لە خەیاڵیدا چەکەرەی کردو هیوایەک بەو ئاڕاستەیدا دەبرد.

ئەو بەیانییە سەبری، بڕیاریدا دەرگای حەساری بخاتە سەرپشت، بۆ ئەوەی لەسەر تەندورێڕا چاوی بە عومەری بکەوێ و لە خۆی دڵنیابێتەوە کە هۆکاری ئەو هاتنەی بەیانان، چیە! ڕۆژی پێشتر، ئەو هەستی بەوە کردبوو کە نیگای چاوەکانی بە قوواڵایی ناخیدا ڕۆدەچن و هەناوی هەڵدەکۆڵن. ئەو بەیانییە، سەبری بە دایکی گوت: من شەرم دەکەم و جوانیش ناکەوێ بۆ کچێکی جاحێڵ فەرموو لە کوڕێکی گەنج بکات، ئەتۆ بانگی عومەری حاجی عەوڵای بکە کولێرەیەکی گەرم بخوات، دایکیشی وایکرد. عومەر، لە خوایەکی دەویست و بەو فەرمووە، وەکو باڵندە باڵی گرت! کاتێک نیگایان تێکئاڵان، ئاگرێک سەرتاپای جەستەی داگرتن. ئەو چەند هەنگاوە بۆ لای تەندوورەکە، لە شەرمان دەتگوت شەپرە لێیداوە، عومەر لاقی تێکدەئاڵان، خەریکبوو لە پەلوپۆ

بکەوێ. لە دەست ئەو چاوە مەستانە بێچارە ما. سەبریش، گرشەی شەرمنانەی سەر ڕوومەتی، لەنێو گڕی سووری تەندوورەکە دەشاردەوە! لە ناخەوە تیشکێکی گەرم گەرم بە ڕۆحیدا دەڕژا. سەرنجی گەرم و پڕ لە هەستی سەبری، عومەری بۆ لای خۆی کەمەندکێش دەکرد. هەرچەند لە سەبری ڕادەما، گڕی حەزێک ئاگری لە دەروونی بەردەداو هەموو ئارەزووە خەوتووەکانی وەخەبەر دەهێنا.

تا دەهات، تیشکی نیگای پڕ لە ئارەزووی، پەردەی شەرمی عومەری لە تەماشاکردنی، تەنکو تەنکتر دەکردەوە! ئاخر ئەو تێڕامانە ئاسایی نەبوو، گومانی بۆ تەبەقەی سەرێی ئەویندارێ، تێپەڕاندبوو. بەدەم وەرگرتنی کولێرەکە، پەنجەیان بەریەکتری کەوتن، تەزوویەکی خۆش بەنێو لەشیاندا هات. لێوەکانی تەتەڵەی کرد. خونچەی دەمی لێک ترازان و، گەزۆی داباراندە سەر هەستی عومەری کاتێک گوتی: شەرم مەکە مالّی خۆتانە!

عومەر ئەو ڕۆژە وەک ئەو ماسییە وابوو کەفی گۆگەمی خواردبێت، وەک گێژان دەسووڕایەوە. نیوەڕۆ نانی پێ نەخورا، ئاخر ئەو کولێرەیەی دەستی سەبری، بۆ سالّێک تێری کردبوو! وەک گۆرانیبێژی عەرەب نازمی غەزالی دەڵێ: لە پەنای تەندووڕێڕا کولێرەیەکی دایەدەستم، کولێرەی ئەو جوانە بۆ سالّێک تێرم دەکات! بێئەوەی بەخۆی بزانێ، ئەو کولێرەیە دانەی داو بوو! دەیویست لە داوی ڕەشی کوفری بە بەعسیبوون خۆی دەربازکات، کەچی بە تۆڕی ئەوین دیل کرا!

زۆر هۆکار لە گۆڕێ بوون کە ڕێگا نادەن عیشق بای بالّی خۆی بدات! ئەو شەوە سەر لە ئێوارێ، لەسەر گازەری پشتی ڕاکشا، چاوی بڕینە بنمیچی ژوورەکە، کاریتەو دارو دیواری ئەو مالّەی هەموو لێ ببوو بە بالّای سەبری، لەنێو هەموو شتێکی جواندا قامەتی سەبریی دەبینی، بۆیە بەردەوام ئەو گۆرانییەی حەسەن زیرەکی دەگوتەوە:

ڕۆژی جومعان پاش سەلّایە

دوو شت خۆشن لە دونیایە
ئیمـــان و چـــــاوی لەیلایە!
ئەمان سەبری دیدەم سەبری
بەسەردادا دەسرەی هەوری
سەد ماشەللا چەند بە مەکری
قەدری غـەریبـــــان ناگری!
ئەمان ئەی وەی دیدەم سەبری...

چـاو بە مـۆلەق، قسـە لەگەڵ هـیچ کەس ناکـات. دایکـی زوو هەسـتی پێکـرد کـوڕەکەی ئاسـایی نیـیەو لە غەمێکـدا نغـرۆ بـووە! چـوو لەلای سەرینگانی دانیشت، دەستی بە کاکۆڵ و تەوێڵیدا هێنا. نێولەپی لەسـەر نێوچاوانی دانا: ئـای کـوڕە جـوانەکەم، داکت لە دەوری سـەرت بگـەڕێ، بەڵاگێـڕی بـالات بـم، تـایەکی زۆر گەرمـت لێـیە! ئـاخر دایکـی بێئاگـایە ناسـۆرێک کەوتـۆتە دڵی، ژانـی داوەتە ئێسـکەکانی و هەمـوو وجـوودی داگرتووەو چارەی ناکرێ نە بە نووشتوان نە بە دووعاگۆیانیش!

لەبەرخۆیەوە وڕێنان دەکات: نا... نا، ئەو کـچە جـوان و ڕەوشـتپاکە بە خۆمەوە گرفتار ناکەم! ژیانی من وەک ئەو گەڕیدەو دەرونشـانە وایە لە هیچ شوێنێک ئۆقرە ناگرێ و نامێنێتەوە!

غیرەت لەکوێ بێنێ و چۆن پێی بڵێ خۆشمدەوێی!... ئەو شـەوە، بـایی کتێبێکی قەبە وشـەو ڕستەی کریستاڵیی ڕیزکردن، دەیهێنان و دەیبـردن، پاشوپێشی دەکـردن و دیسـان وەک خـۆی لێدەکردنەوە. کـامە قسـەی لەســـەر زار شـــیرین و ڕەوانە، وەک چەپکەگـــوڵی سوێســـنەو هەڵاڵەو ڕەیحانەو نەستەرەن هۆنینیەوە، تا لە حزووری سـەبریدا بە گفتولفتێکی عاشـــقانەوە بیـــانڵێ و پێـــی بڵـــێ خۆشـــمدەوێی! بەڵام بەلای ئاشـــقێکی تازەکارەی وەک عومەر، گوتنی ئەو چەند کەلامە، کۆکردنەوەی غیرەتـی هەمـــوو دونیـــای دەویســـت! عـــومەر زۆر بـــاش لەوە تێگەیشـــتبوو خۆشەویستی هەستێکی قووڵە، کاتێک لەدڵ و دەروونـی هەر مرۆڤێکدا متوربە بوو، هیچکەس دەرەقەتی نایە، کەس ناتوانێ نادیدەی بگرێ. خۆ

سەبریش، وەختێک کوڵێرەکەی بۆ ڕاداشت و قامکەکانیان بەریەک کەوتن، وەک هەورەبرووسکە لێی بدا، تەواوی هەستی لەرزاندو هەژاندی! حەزێکی خودایی ڕژایە گیان و خوێنیەوە. ئەو شەوە خەوی لە چاوەکانی تۆراند، لەنێو جێدا جینگڵی دەداو تا بەیانی کەلەکەی دەگۆڕین. ئیدی ئەوە ئەشقە مالّی دڵ وێران دەکات و... هەستی بەریەککەوتنی ئەندامێکی جەستەی عاشق بە مەعشوقی، بە هیچ پێوەرێک مەزەندە ناکرێ!

عومەر، یەک لە دریژترین شەوەکانی خۆی، بەبێداری و دڵئاڵۆزییەوە لەنێو دەستی تەمەن دەنا. وەختێک غیرەتی دەبزووت، دەیگوت: بەیانی، خوێن سەلکان بباو دنیا ئاخیر بێ، دەڵێم خۆشمدەوێی! وشەیەک، ناسک وەک لۆکە بەڵام هێندەی کێوێک قورس، وا لە قەفەسی سینەو دروست لەنێو دڵمدایە، دەبێ ئازادی بکەم! نا نا، ئەو خەتایە نەکەی، نەکەویە ژێر ئارەزووە ئەهریمەنییەکان، کەسایەتی حاجی عەولاو خێزانەکەت ڕیسوا نەکەی!... نەخێر دەبێ، من ئەو خەتایە دڵخۆشکەرە هەر ئازاد بکەم و تا قوڵایی ئاسمانی خەتاکان لە شەققەی باڵ بدا!

ئەو بەیانییەی کاتێک عومەر، بۆ پێش ئەو دەرگایەی ئەمشەو قەولی دابوو تاقە بزمارێکی نەبوێرێ بە خەیاڵ بیلێسێتەوە، باڵی گرت. هاتووم هەرچی دیواری ترس و شەرم هەیە، بیڕوخێنم! شوکرانەبژێری ئەو خوایەم سپێدەی داگرتە سەر زەوی! لەناکاو دەستێکی نوورانی، پەیامێکی بانگێشتکردنی بۆ ڕاداشت. چ نەوازشێکی ڕژاندە سەر چاوەڕوانی عومەری، ڕوانینی گەرمی چاوەکانی، پەڕجووئاسا، وەک لاڵێک وە قسە بێنێ گوتی: تۆ دەزانی ئەویندارێ دەسەلاتێکە لە سەرووی گومانەوەیە!؟ بۆیە دەڵێم کچێ خۆشمدەوێی!

سەبری، ڕووخساری خوێنی تێگەڕابوو، پەردەی لەسەر دڵی لادا، شکۆفەی خونچەی دەمی پشکووت، ئاوڕێکی دواوەی دایەوەو گوتی: کوڕە لەسەرخۆبە، با داکم گوێی لێنەبێ! دەیویست، شەرم و ڕوانینی گەرمی، لەنێو گڕی سووری تەندوورەکە بشارێتەوە!: نامەوێ لێت

بشارمەوە ئەمنیش ئەتۆم خۆشدەوێی. بەڵام ئەوە گریمان ئەمنیش ڕازی بووم، چما بۆ کچ لێرە چی بەدەستە؟ عومەر گوتی: تەنها دڵی تۆم مەبەستە، دەربەستی دڵی هیچکەس نیم! ئەوان بۆ من لێگەڕێ!

ئیدی دەستەملانی ئەوین بوون، دڵ و ڕازو نیازیان گۆڕییەوەو بوون بە گیانێک لە دوو جەستەدا.

سەبری، کچێکی بێدەنگ و ئارام بوو، بۆیە، لە ماڵەوە نەیاندەتوانی بە ئاسانی پەی بە ڕازەکانی بەرن. سفتاحی یەکەم ژوانیان، شەوێکی باراناویی بەرهەیوانی ناندێنە. هەرچەند دەکا تفڵی دڵ لە تامەزرۆیی دیدارو تای عیشقدا ناسەکنێ و نالاوێتەوە، ئەی خودایە ساتەکان لە هەورازی چاوەروانیدا بۆچی هێندە بەقورسی هەنگاو دەنێن و دەچنەپێش؟... دایکی، لە ژانی ددانی و سەبریش لە ئازاری دڵی، خەو لە چاوانیان تاراوە. شەو ڕاشکا، گوند کرخەو بوو، هەواڵێک لە سەبری نەبوو. عومەر لە حەژمەتی چاوەڕوانی یەکەم ژوانیایە، ئەوەی ڕووباری چاوەڕوانی دەشووشتەوە، چۆراوگەی سوانەی بانەکان بوو! بەرهەیوانی ناندێنەکە دەیڕوانیە دەرگای ماڵیان. لەو چاوەڕوانییەدا کە دڵی ببوە ئاوردان و کات چەقیبوو، دەرگاکە تۆزێک کرایەوەو ئاسمان کەوتە ئامێزییەوە! لە حەژمەتی هێرشی ڕۆشنایی، شووشەکانی پەنجەرەی دڵ لەرزینەوە! دڵی لەنێو دەستدابوو، دەستیشی بە دەستی چرکەساتەکان سپاردبوو! یەکەم شەوی بوو لە ژیانیدا، عاشقانە گوێ لە چپەی پێی ئازیزو چکەی بارانبارین بگرێ و لە ئارامی شەو بڕوانێ! لەگەڵ ترپەی هەر هەنگاوێکی، موچڕکەکانی جەستەی زیادتر دەبوون. بەرلەوەی چپەی نەرمی پێیەکانی بگاتە گوێی، بۆنی ژن و بۆنی مێخەکبەندو ئەو سێوە قەنەفرێژەی کە بە دیاری بۆی هێنابوو، دەکردو، جێژووانی پڕکرد لە بەرامەی موحیبەتی یەکەم ژوان. چپەکان، وەک نەرمەبارانی هاوینان دابارینە سەر دڵی تەریفەو تینووی عومەری. نمەی بارانی ئەو شەوە، هەموو دوعاو ئەفسانەکانی سەر تاقی عیشقێکی سەرمەدیی، تەڕکرد. کە دەستی گەیشتە دەستی، وەک

ئەستێرەی کاروانکوژەی نیوەشەوان، ڕووخساری دەدرەوشایەوە.

شــەرم و نــاز لێـک ئـاڵان، ملـچەی مـاچو ڕامووسـین چکیـان کـردو وردەوردە بەرەو لـوتکەی چێـژ هەڵدەکشـان! شـەو بەشـێنەیی بەسـەر چرکەسـاتەکاندا بـازی دەدا. دەنگـی تەقانـدنی پەنجەکـانی یەکتـر، بەر یەککەوتنـی لێوەکـان، تێکهەڵەنگـوتنی هەناسـەی گەرم، ڕۆحـی هەردووکیانی لە گۆمی چێژە خۆڕسکەکانی ئادەم و حەوادا، خستبووە مەلە!

شوورەی چینی نەریتە باوەکان، هێدی هێدی بە هەناسە گەرمەکانیان درزیان دەبرد! بۆ ئەوەی عیشق بەئاسوودەیی بای باڵی خۆی بدا، وەک داوی کۆللارە لە دواياندا داویـان شـل کـرد. ئەو هەمـوو ڕێڕەنەبـارانە، خـاکی وشـک و قـاقڕی زەوییـان تەڕنەکـرد، بەقەدەر ئەوەی ئەوان یەکتریان ڕەباس[1] کرد.

غەریـزەو دەرفەت، پێیـان پـێ لە عەرزی بڕیبـوون، خەریـک بـوو هەردووک بـاڵ بگـرن! وا لەنێـو یەکتریـدا توابـوونەوە، خۆیـان بـۆ نەدەۆزرایەوە! تـامەزرۆیی، هێشـتا پەلامارەکـانی ڕانەگرتبـوو، بە نەغمەی لێپـارانەوە سـەبری دەیگوت: توخوا ئەوجـارە کەنگـێ دێیەوە؟ بەرگە نـاگرم نەتبینم! عـومەر گوتی: ئەوە نییە لە یەکتریدا تـواوینەوە؟! سەبری گوتی: عومەر گیان بۆ خۆت دەزانی زگ تێشـووی هەڵناگری!... سـەبری دەسـتی لـێ بەرنـاداو بە خۆیەوەی دەگووشـی: خـۆزگە سـبەی شەممە نەبا، دەزانم دەچییەوە شاری!

عـومەر لە باوەشـی سـەبریدا، وەکـو زەڕنەقـووتەی بەر چەنگـی هەڵۆیەکی لێهاتبوو، چەندجار دووبارەی کردەوە: کچێ شەو درەنگە، تـا یەکێک خەبەری نەبۆتەوە بەرمبدە با بڕۆم! بەڵام ئەو ڕێگای پـێ نەدەدا، هەرجارەی بە بیانوویەک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێتەوە، وا دەزانـێ ئەگەر بەری بدا، جارێکی دی قەت وای بۆ نارەخسێتەوە! پاشـان ژەکی یەکەم ژوان دەرخواردی کـام بـرین بـدات! یـادەوەریی کـام لە چرکەسـاتەکانی

[1]- ڕەباس: تێراوبوونی زەوی، بەجۆرێک کە ئاو پەنگاو بداتەوە و بقنێتەوە.

بەخۆوەگوشین، بکاتە بەردی سەبووری!... لەناکاو دایکی بانگی کرد: هەستە کچم چای وەسەرنێ، ئەمن دەچم مانگای دەدۆشم، ئەیەڕۆ ئەو سەر بەهەشتە دەڵێی ئەوشەو نەنووستووە، بە هیچ بۆم بەخەبەر نایە! لەنێو جێدا دووجاری خۆ لێک کێشاوە. ئەمشەو وەک خەوی بینیبێ، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، نقومی خەمێکی قوڵ بوو، زۆری نەفرەت لە شەممە کرد. ئای خودایە، چ دەبوو ئەگەر ڕۆژانی هەفتە، شەممەی تێدا نەبا! دوو تەکانی دایە بەرخۆی و هەرچۆنێک بوو لە جێگای هاتە دەرێ. وەک لە غەیبەوە بانگی بکەن، بەر لە هەرشت بۆ لای ناندێنێ دەرپەڕی، بۆ ئەوەی نەبادا لە جێژوانی شەوی بووری، شتێکیان لێ بەجێمابێت و ببێتە دڵکرمێبوونی ئەندامانی خێزانەکەی.

بەیانییەکی جیاواز، بارانیشی لێ کردۆتەوە، ئاسمان ڕەنگی زیوی گرتووە، خۆر بە تاقی ئاسمانێوە وەک یاقووت دەدرەوشێتەوە. لەبەر ئاوێنەکە سەیری ڕەنگوڕووی خۆی کرد، نەوەک ڕامووسانی شەوێ، ڕوومەتی سۆری گورگوریی گەچراندبێت و ببێتە جێگای سەرنجی یەک لە ئەندامانی مااڵێ. هەرچی ئیشی ڕۆژانەی مااڵێ بوو، بێئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، هەمووی کردن، بەاڵم دڵی لێرە نییە، تەنها بە جەستە لێرەیە!

تا بوو بە پاشنیوەڕۆ، سەبرو قەراری هەڵگیرا، چیتر خۆی پێ ڕانەگیرا، لەچکەکەی لە نێوچاوانی بەستاو وەکو ژانەسەری لێبێت. بە دوای هەنجەتێکدا دەگەڕێ خۆی بگەیەنێتە مااڵی عومەری، بۆ ئەوەی کە دڵنیابێت چۆتە شاری و ئاخۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ بۆ چوونە مااڵی عومەری باشترین بیانووی دۆزییەوە: دایە! ئەو بڕەماستەی بۆ هەوێنی هەڵمگرتبوو، پشیلە دەوی تێناوە، دەچمە مااڵی حاجی عەوڵای تۆزێک ماستی بۆ هەوێنی دێنم. دایکی گوتی: بڕۆ کچم، مااڵی ئەوان لە بۆمە زۆر بێ قەیدییە، لە وەتای بە بیرم دێ ئێمە هەردوولا یەک ماڵین. بەو قسانە، وەک مەرهەمی لە ڕۆحی هەڵسوێ! بۆ چاوبەستی خەڵکی گوندی، قاپێکی بەدەستەوە گرت. مااڵی حاجی عەوڵای بەسەر گوندیدا دەنۆڕی. سەبری وا دەڕۆیشت وەک با بیڕفێنێ! بای بسکان، پەرچەم و

گەندەمووی لاجانگ و بناگوێی دەبزاوتن. لەگەڵ هەڵێنانی هەرهەنگاوێک، سینگ و مەمکی هەڵدەبەزینەوە. سەرگۆی مەمکە قیتەکانی، خەریکە کراسی دادڕن و خۆیان لەو بەندە ڕەهاکەن. وەک ماینێکی کەفەڵپان و نێوقەد باریک و ئارەزووبزوێن، ئاونگی لەزەتی لێ دەتکا. هەرکەسێ دەیبینی بەزەحمەت دەیتوانی لە زەین و بیرە خۆی ببات‌ەوە. بەڵای دەڕاسەکەی مااڵی حاجی عەوڵایدا تێدەپەڕی، سەرنجی کەوتە سەر پشیلە ڕەنگخورماییەکەی مااڵی عومەری، لەسەر پێچکەی دەڕاسەکەی هەڵتووتەکابوو، پڕ بە چاوە شینەکانی لە چاوە سەوزەکانی سەبری ڕامابوو، وەک ئاگای لە شتێک بێ، پێوەی دیاربوو بە خاوەنی خۆی دەزانی! بانگی کرد: پشە پشە! هەردوو دەستی بۆ گرتەوەو خۆی نەوی کرد، پشیلەکە خۆی هەڵدا خوارێ و ئامبازی دەستەکانی سەبری بوو، ئەویش دەستی موحیبەتی بەسەریدا هێناو ماچی کرد. پشیلە وەک ڕێ پیشاندەرێک کلکی باداو وەپێشی کەوت و بەدرەقەی کرد، جار نا جارێک بەدەم ڕۆیشتنەوە دەیمیاواندو خۆی لە دامێنی کراسی سەبری دەسووی، سەبری لەبەرخۆیەوەو بە دڵ دەیگوت: قوربانی پشیلەکەشتان بم عومەری خۆم! خوا بکا ئەو جارە نەمرم تا دەکەویەوە بەرچنگم، شەرتبێ بتخۆم! لە دەرگای حەساری مااڵی حاجی عەوڵای بە ژوورکەوت، دیقەتی کەوتە سەر تەنافی جلەکان، جلکێکی زۆری لەسەر هەڵخرابوو، لەنێویاندا کراسەڕەشەکەو بلوزە نارنجیەکەو پانتۆرە شینەکەی عومەری ناسییەوە. هەستی خۆی پێ بەرزەفت نەکرا، وەک مێژووکێ کەوتە لەرزەو دەستەپاچەبوو، بە ژێر جلەکانی عومەریدا ڕۆیشت بە مەبەست خۆی نەوی نەکرد، هەر بۆ ئەوەی بۆن بە جلەکانییەوە بکات، لەبەرخۆیەوە بەدەنگێکی کەمێک بەرز گوتی: ئەو جلکانە وشک بووینەوە بۆ کەسێک نایانباتە ژووری؟! کە بینی هیچ وەاڵم نەبوو، کەوتە کۆکردنەوەی جلکەکان، توند لە ئامێزی گرتبوون و بە سینگ و بەڕۆکی خۆیەوە دەیگوشی، وەک عومەری لە ئامێز گرتبێت! هەر لە حەساری، وەک نەریتێک چەند جارێک بانگی کرد: مااڵێ!

مـاڵێ! کـێ لە مـاڵە؟ بەڵام کەس وەڵامـی نەدایەوە. گەیشـتە بەردەرگـای ژووری بە باوەشـی پڕ جلکەوە بینـی دایکی عـومەری لەسـەر بەرمـاڵی نوێژێیە، وەکو وەڵامدانەوەیەک لە خوێندنی نوێژەکەیدا هەندێک دەنگی بەرزکـردەوە. دوای ئەوەی نـوێژەکەی تەواوکـردو سـەلامی دایەوەو گوتی: یـاڕەببی بەخێر بێی کـچە جـوانەکەم، وەرە پـێش مـاچێکم بـدێ، ئەویش دەستەکانی ماچ کرد. پێی گوت: کچم خودا مرازت حاسڵ بکات و ڕووت سپی بیت، ئاقیبەتت خێربێت، خوا باب و برات لێ نەستێنی.

سـەبری هەرچەنـدە تەمەنـی کەم بـوو، بەڵام خـاوەنی خەسـڵەتێکی کچـانەی سـەلار بـوو. خەڵکی ئـاوایی دەیـانگوت سـەبری کچێکی هێندە ڕەندە، مخابنە خەسـار کرێ، قابیل بە کوڕێکی باشـە. دایکی عـومەری هەر لەسـەر بەرمـاڵە نوێژەکەیدا سـەری لەنێو دەلاقەی نێوبڕەی ژووری ئەو دیـوی نـا، کە تەونـی مـافووری تێـدا ڕاچانـدرابوو، بـانگی کـچە تەونکەرەکانی خۆی کرد، لەسـەر دارەبازەی تەونی گورینگی مافووریـان دەبـڕی، تـومەز لەبەر کوتـانی کەرکیتـی تەونـی، گوێیـان لە بـانگکردنی سـەبری نەببـوو، گـوتی: کچیـنە وەرن بـزانن کـێ هـاتییەو ئەو مـاڵەی کردۆتە چراخـان! هەردووکیـان بەغـار هـاتن، دوای بەخێرهێنـان، یەکیـان گوتی: ئەوە کوە! دڵنیای ڕێگات هەڵە نەکردووە؟ ئەوەی دیکە گوتی: بـا ئەسعەد مێگەلی مەڕی بینتەوە کاوڕێکت لەبەرپـێ سـەردەبڕین! ئەویش، درۆی لەگەڵ هەستەکانی خۆی نەدەکرد: بە خوای ماڵینگۆم پێ لە مـاڵی خۆمـان و تەواوی ماڵەکـانی ئـاوایی خۆشـترە، بەڵام داکـم یەکتەنەو بە هەمـوو ئیشـەکان ڕاناگـات. کچەکـان هەریەکەو لەلایەکـی دانیشـتبوون، خسـتیانە نیـوانی خۆیـان، هەر دەسـتێکی لەنێـو دەسـتی یەکیانـدا بـوو، پرسیارکوتیان کرد. ئاخر هەرسێکیان هاوتەمەن بوون، تا پۆلی شەشی سەرەتایشـیان تەواوکـرد بەیەکەوە هـاوپۆل بـوون. وەک خوێنـدنی زۆربەی کچانی گوندی، لە یەکی نێوەندی بە بنبەست دەگەیشتن، بۆیە هەوانیش هەرسێکیان لەبەر خوێندن هەڵگیرابوون و کرابوون بە کچی ماڵێ. باسـەکانیان هـاتە سـەر ڕۆژانی هەفتە، یەکێک لە کچەکان گوتی:

ئەمن ڕۆژی هەینیم پێ خۆشە، لەو ڕۆژەدا تەونی ناکەین پشوو دەدەین، ئەوە نیە مەلاکانیش لە نوێژی هەینیدا دەڵێن هەینی حەجی هەژاران و جەژنی بڕوادارانە!؟. ئەوەی دیکە دەیگوت: ئەمن پێنج شەممەم پێ خۆشە چونکە لە چاوەڕوانی هەینیدام. سەبری بە هەناسەیەکی ساردەوە گوتی: هەموو ڕۆژەکانی هەفتەم خۆشدەوێ بەس ڕکم لە شەممەیە، هەرچی حەسرەتی هەمە، لە شەممەیدا کۆبۆتەوە! وەک حەسەن زیرەک دەڵێ: لەبەر خۆفی خوای نەبێ، وەک جوو بۆت دەگرم شەمە!... لە نکاو، سەرنجی کەوتە سەر وێنەیەکی لە چوارچێوە گیراوی عومەری کە بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو. لە وێنەکەی دەنۆڕی و چێژی بەخۆوە گوشین و ڕاموسانی ئەو شەوەی وەبیردەهاتەوەو موچڕکی خۆش بە دەماریدا ڕۆدەچوو. سەبری حەزی دەکرد هەموو باسوخواسەکان بێتەوە سەر ناوی عومەری. بۆیە بەدوای ئەو بابەتانەدا دەگەڕا کە عومەری بگرێتەوە. لەو هەموو قسەوباسانەدا لە نێوەخنی بابەتێکیدا تەنها یەک ڕستەی دڵخۆشکەری کەوتە بەرگوێ، عومەر گوتبووی ئەمجارەیان زوو دێمەوە دەرسەکانم زۆر نەماون.

سەبری ناڕاستەوخۆ هەوڵی دەدا باسەکان بە هاتنەوەو تەواوبوونی خانەی مامۆستایانی عومەرێ ببەستێتەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: دەڵێن وەزعی شاری زۆر خراپە، خەڵکی دەگرن و ئەشکەنجەیان دەدەن، لە سێدارەیان دەدەن، ئەو بەعسییە پیسانە چییان لە گیانی کوردی دەوێ؟ لە ماڵی خۆشمان لێمان ناگەڕێن. لەو بنار و شاخانە گوندیان بەپێوە نەهێشت، هەموو خەڵکیان بۆ مجەمەعان ڕاگواست. بەو حاڵەش لێمان ناگەڕێن و دەڵێن: دەبێ ببنە بەعسی!... دایکی، هەردوو دەستی لەبەرخوای پانکردبۆوە: خوایە عومەرم بۆ بپارێزی، ئەمن ئامانەتی تۆی دەدەم! دنیایەک دوعای کەسک و سۆری بۆ کوڕە نازدارەکەی کرد، هێشتا لە دووعایەک تەواو نەدەبوو، سەبری دەیگوت: ئامین ئامین! یارەببی ئامین! خودا بۆتی بپارێزێ! زۆری نەمابوو

ماستەکەی لەبیر بچێتەوە. تینی دایە بەرخۆی بە زۆر توانی مالّئاواییان لێبکات... لەنێو خۆیدا دەیگوت: خودایە توانام پێ ببەخشە، چ ڕوویداوە؟ هەموو شتێک لە مندا بووە بە عومەر! ئاخۆ کەینێ جارێکی دی یەکتری ببینینەوە؟ هیچ شەرم نییە، چیدیکە ئەمن بەرگەی ڕۆیشتنی ناگرم. ئەی خودایە ئەوە چرۆی چ حەزێکی شێتانە بوو لە هەناوی مندا پشکووت!

بەیانی شەوی ژووانەکە، بۆ عومەری ڕۆژێکی جیاواز بوو، لە دەلاقەکەڕا تیشکی زێڕینی خۆر دەڕژایە نێو ژوورەکەیان، تیشکی خۆرو چێژی نۆبەرەی عیشقێکی شێتانە مەستی کردبوو. قەت هێندە لەشسووک نەبووە، تا چەند سوخرمەیەک وە بن هەنگڵی نەکەوتبا لە خەو ڕانەدەبوو. بەڵام ئەو بەیانییە زۆر جیاوازتر لە هەموو بەیانییەکانی ساڵ، بەدەم ئاوازو فیکەلێدانەوە جلکێکی پاکو خاوێنی لەبەرکرد، هەندە سەرشارو بەرزەدەماغ بوو! بەدەستهێنانی دڵی سەبری، دڵ و ژیانی عومەری پڕکردبوو لە ئومێدو وزە. لە بەرامبەر بەعسییەکانیش بەغیرەتتری کردبوو. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ڕەنگە خۆشەویستی مەزنترین بەختەوەری بێ لەدنیادا. بە چاوی دڵ تریفەی ئاسوودەیی و خۆشەویستی دەپرژاندە سەر هەستەکانی، تابلۆی شەوی گۆرینی لەبەرچاو ون نەدەبوو کە لە کاتە هەستیارەکانی چاوەڕوانیدا بینی دەرگای نیوەڕاکرد، لەبەر ڕووناکی زەردو کزی فانۆسی ژوورەکە، لەسەر تەنیشت خۆی خزاندە جێژوانێ... ئەو دیمەنە، وەک تابلۆیێکی جاویدانی، لە زەینیدا هەموو وجوودی داگرتبوو، بە هیچ کاڵ نەدەبووەوە. ئای خۆزگە بمتوانیبا هەنگاوەکانی سەفەرم سڕیبانەوە، تۆنەکانی خواحافیزیم تەفروتوناکردبا! چۆن بەرگەی ئەو هەموو خەمی فیراقە بگرم کە لە مندا کۆبۆتەوەو لێم بۆتە کوڵکی سۆتنێ[1]. بەس ئەوجارە بێمەوە، هەرگیز لێت دوورناکەومەوە!

وەختێک سەبری گەڕایەوە مالّێ چەند ژنێک لە هاوسێکانیان لەلای دایکی دانیشتبوون، دوای ئەوەی بەخێری هێنان، کەوتنە باسی دایکی

[1]- کولکی سۆتنێ: جۆرێک قونیر، دومبەلێکە، هەمیشە دەزوورێتەوە و دەسووتێتەوە.

عومەری، پێوەی دیارنەبوو ئەو هەموو منداڵەی بووە، دەڵێ بە منداڵی بە مێردیان دام.

هەندێک لە ژنی ئاوایی دەیانگوت: ئایشەکۆرانی کچی، لە خۆی بە تەمەنتر دیارە. ژنێکی دنیادیدە گوتی: ئێوە وەک من نازانن چۆن ئاوا بە جاحیڵی ماوەتەوە، ئەو لەگەڵ حاجی عەولای بە حەزلێکردنێ مێردی پێکردووە. هەقیەتی دڵی خۆشە. ئێستاش خۆی هەر بە کچ دەفرۆشێ! ئەو ژنانەی بە دڵی خۆیان مێردی بکەن و لەگەڵ مێردەکانیان یەکتریان خۆشبوێت قەت پیریە بەخۆوە نابینن، تەمەنیان هەرچەند دریژبێت وەک قەڵێ بە چل ساڵی هەر بارۆکەن!

*

دوو خەمی پیرۆز، مێشکی عومەریان دەکۆڵی، یەکیان خەمی عیشقێکی شێتانەی بێئامان، ئەویدی ئازاری دایکی نیشتمان. زۆرجار دەیگوت: ئێمە لە بەرەبەیانی مێژووەوە خاوەنی خاک و نەژادو کولتوورو زمان و هونەرو سیماو جلەوبەرگی خۆمانین، بۆچی چوار دەورمان دەیانەوێ بمانتوێننەوەو لە خۆیاندا ونمان بکەن!؟

باڵی ڕەش و نەگریسی بەعس، وەک مۆتەکە خۆی بەسەر تەواوی کوردستاندا کێشابوو. پیاوەکانی ڕژێم وەک هار، پەلاماری دارو بەردو چیاو کانی و ڕەزو ژن و منداڵی کوردانیان دەدا. گوندەکانیان خاپوورکردن و خانوویان بەپێوە نەهێشتن، قیسی ئاژەڵەکانیشیان بۆ خواروی عێراق گواستنەوە. وەک ڕەوەگورگی هار، ڕوو بکەنە هەرشوێنێک و هەرکەسێک، لرفی دەکەن. ئامانجیانە گەلێک یەکسان بکەن بە سفر! چارەنووسی ئەوانەی نەدەبوون بە بەعسی، بەند بوو بە ژەهری زمانی هەواڵگرێک، باوەڕپێکراوێکی ئەمن. مردن زۆر هەرزان ببوو، ئەوەندە بەس بوو یەک ڕاپۆرتت لەسەر بنووسن، ئینجا، یان لە ژێر ئەشکەنجەدا دەیانکوشتی، یاخود بەناچاری دەبوو دان بە تاوانێکدا بنێی کە نەتکردووە، بوختانێک بە خۆتدا بکەی! برا لە برای خۆی ئەمین نەبوو، ژنیان بەسەر مێردەکەی خۆیدا دەکرد بە جاسووس... لەو

سەروبەندە، ڕووداوێکی دڵتەزێن هەموو خەڵکی شاری تەزاند: یەکێک لە کارمەندەکانی فەرمانگەیەک، چەند هەوڵیان لەگەڵ دەدا نەدەبوو بە بەعسی، هەموو شێوازێکی وەک ترسو تۆقاندن، پارەو پلەو پۆست تا ئەندازەی کردن بە بەڕێوەبەر، بۆیان بە چۆکدا نەدەهات، ئەو خۆڕاگرییە پیاوەکانی بەعسی تووشی شۆک کردبوو. هەوڵیان دەدا پاڵنەری پشتی ئەو رادەست نەبوونە بزانن. گومانیان دەکرد سەر بە ڕێکخراوێکی بەرهەڵستکاری دژ بە حکومەت بێت، بۆیە هێندە سەختگیرە.

بۆ زانیاری لەسەر ئەو نهێنییە، پەنایان بردەبەر قێزەونترین ڕەفتاری نامرۆڤانە، ئەویش ناچارکردنی نزیکترین کەسی ئەو پیاوە کە ژنەکەیەتی. لە نزیک ماڵی ئەوان چاودێریان کردبوو، تاوەکو لە ماڵ هاتبوویەدەر بەرەو دەوامی فەرمانگەکەی. ئەو بەیانییە، سێ لە جەللادەکانی بەعس، کە ئامانجی گلاویان ئەوەبوو کورد لە شکۆی خۆیدا ڕووتکەنەوە، بەپڕتاو خۆیان بە ژوورێدا دەکەن. ماڵ، لە ژنێکی تاک و تەنیا زیاتر کەسی دیکەی لێ نیە. ژنە دەحەپەسێ و هەڵدەلەرزێ. بێ مۆڵەت دادەنیشن، دەرگاکان دادەخەن و دەمانچەی لەسەر سەری ڕادەگرن، بێ سڵکردنەوە لە ویژدان و ڕەوشت، دەستدرێژیی دەکەنە سەری و، هەموو ئەو کردەیەش، بە کامێرای ڤیدیۆ تۆمار دەکەن. ئینجا، پێیدەڵێن ئەگەر هاوکاریمان نەکەی، ئەو ڤیدیۆیە بۆ مێردەکەت و برایەکانت دەنێرین. هاوکاریکردنت بۆ ئێمە، ئەوەیە، لە هەر پازدە ڕۆژ جارێک، ئەو پیاوەت چی دەکا و چی دەڵێ، هەرچی هەواڵ و زانیارییە پێمان بدەی.

ئەو پیاوەش، هەموو ڕۆژێک کە لە فەرمانگە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، هەزار جنێو بە حکومەت و بەعس و سەدام دەدا، لە کۆتاییشدا دەڵێت ژیانیان لێ کردووینە بە قوزەڵقورت، وازم لێ ناهێنن، دوو ڕێگام لە بەردەمدایە، یان بە شاخی بکەوم و چەکی هەڵگرم، یان ببمە بەعسی و جاسوسییان بۆ بکەم و گەردنی خەڵکی شارەکەم بە پەتیدا بکەم، بەڵام

ئەمن یەکەمیان هەڵدەبژێرم.

بۆ ئەو مەبەستە، شەوێک لەگەڵ حەوت برادەری دیکەی، لە مااڵی خۆیان ڕێکدەکەون بەیانی ڕۆژی هەینی لە شوێنی دیاریکراو کۆببنەوەو لە وێڕا بڕۆن بۆ شاخ، لە دەست ئەو دەسەاڵتە ستەمکارەی قاتڵی سەری کوردان، ببنە پێشمەرگە. بێئاگا لەوەی هەواڵگری بەعس لە مااڵی خۆیەتی! ڕۆژی هەینی شوێنی ناوبراو بە هێزێکی پیاوەکانی ئەمن گەمارۆ دەدرێ. پاش ماوەیەکی کەم ئەو هەشت کەسە، یەک لە دوای یەک هەموویان ئامادە دەبن و، دەستبەجێ هەر هەشتیان دەگرن. پاش ماوەیەکی کەم، لە قەسابخانەکەی موسڵەوە کەسوکاریان ئاگادارکران هەریەکەیان پەنجا دینار بێنن بۆ ئەوەی جەنازەکانیان بدەنەوە! چوون، پارەکەشیان پێ دان و جەنازەشیان نەدانەوە! ئەو هەواڵە، هەموو خەڵکی شاری ڕاچڵەکاند. پرسیار لە دوای پرسیار سەری عومەری دەخوارد: ئەو دنیایە، بۆچی لە ئاست زەبوونی و ماڵوێرانیی کورددا، کەڕو الڵە؟! ئەو بەعسە درندەیە وەک گورگی هار بەربۆتە گیانی ئێمە، کەچی دونیا، سەر و بنی زمانیان باس هەر باسی مافی مرۆڤ و ئازادی و دادپەروەریەو لە ئێمە بێئاگایە!؟ ئێمە تاکە میللەتین کە دەوڵەتانی زلهێزی دنیاخۆر، لە بەرامبەر هەڵووشینی بەرتیلی نەوت و سەروەتی وڵاتماندا، چاویان لەو ستەمە زۆرە پۆشیووە کە دەرهەقمان دەکرێ و ئازادیمان پێ ڕەوا نابینن!

عومەر، بە هەزار ناری عەلی خۆی گەیاندە بەهارێ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە گوندی و خۆی لەبەرچاوی ئەمن ون بکات. لە گوندی، خەڵکەکە هەموو لە یەکتری ئەمین بوون و دڵنیا بوو لەوەی کە کەس جاسووسی بەسەر کەسەوە ناکات، تەنها لە موختاری نوێ بە گومان بوون. ئاخر ئەو هەم لە ڕووی ڕووخسارو جەستەو کەسایەتی لە ناو خەڵکدا دزێو بوو، بۆیە بە دەست تێکەاڵوکردن لەگەڵ دەزگا هەواڵگریەکانی ڕژێم دەیویست قەرەبووی ئەو دزێوییەی خۆی بکاتەوە، چونکە هەستی بە کەمایەتی دەکرد، هەر ئەوەش پاڵنەر بوو بۆ داخزانی

ئامێزی بەعس. ئەو وای مەزەندە کردبوو بە ئازاردانی خەڵک و لێ ترسانی خەڵک ناچار دەکات ڕێزی لێ بگرن و دەستی بۆ بە سینگەوە دەنێن. باوکیشی لە قۆناغی دەرەبەگایەتی گۆردەو پیاوی ئاغاکان بوو، لە دژی کرمانجەکان کاری دەکرد. ئەو مێژووەو ئاکاری باوکی وەک میراتێکی جیناتی و کرۆمۆسۆمی بۆی بەجێ مابوو، کاریگەری لەسەر بەجێهێشتبوو، هەوڵەکانی موختاری وەک ئەوە وابوو جلکەکانی بێ نوێژ بن بیەوێ بە چڵکاوی ئاودەستەکان بسمیلی بکاو بیشواتەوە، شەوان دائیم لەسەر هەستبوو، گوێی لە هەر سەگوەڕێک بوایە بەیانی لە شارۆچکەکە بێ ئەوەی شەو کەسێکی چەکداری بینیبێ هەر لە خۆوە ڕاپۆرتێکی دەدانێ و گومانی پیاوەکانی ئەمنی دەخستە سەر ئەو مالانەی کوڕە هەرزەکارەکانیان لەگەڵ کوڕەکەی بەشەڕ هاتوون، یان ژنەکەی چەقەی لەگەڵدا کردبوون، یان ئەو پیاوەی لە گوندی ڕێزی لێ ناگرێ و دەستی بۆ بە سینگەوە نانێ و بە هیچی نازانێ.

ئەو ساڵە عومەر دوو جۆرە ژیانی کرد، ژیانی ژێر هەڕەشەو تەنگ پێهەڵچنینی بەعسیەکان لە شاری کە وەک دۆزەخ بوو بۆی، فەزای ئازادو خاوێنی گوندی کە پڕ بوو لە جوانی و لە خۆشی. خۆ ئەگەر ئەو موختارەشی لێ نەبوایە، گوند زۆر جوانتر دەبوو، بەڵام بە هەرحاڵ، خۆلادانی لەبەرچاوی تاقەکەسێک، ئاسانتر بوو، تا پێش چاوی گەلەگورگی بەعسییەکانی شاری!

ئەو سێوە مێخەکرێژەی لە جێی ڕاوگەو ژوانێ لە سەبریی وەرگرتبوو، بۆی ببووە بەردی سەبووری، شەو نەبوو تێر تێری بۆن نەکات و لەسەر سینگی خۆی داینەنێ. بە پێچەوانەی پێشوو کە بەردەوام سەری لەنێو کتێبان بوو، ژیانی تەواو گۆڕابوو. ڕۆژانە لە گوندی هەمیشە هەوڵی دەدا، مالّی سەبری لێوە دیاربێت. شەوانە دەڕۆیشتە دەرێ بە درەنگەوە دەهاتەوە. دایکی هەتا وەکو بە چاوی خۆی نەیدیبایە دێتەوەو دەخزێتە نێو جێ و بالینگانی خۆی، خەو ا٥ چاوی نەدەکەوت، بەڵام هەرگیز واینەدەکرد کە بزانێ بە خەبەرە، قەت

بە ڕووی هەڵنەدەهێنا، چونکە لە عومەری دڵنیابوو خۆی دەتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

شەوێکیان تا درەنگانی شەو بەدیار هاتنەوەی عومەری هەر لە چاوەڕوانیدابوو. هیچ شوێنێک بە خۆی نەدەگرت، زۆر نارەحەت بوو، هەر دەرێ و ژووریێ دەکرد و، گوێی هەڵخستبوو. مانگ لە کەلێنی هەورەکانڕا سەرەتاتکێی لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی دایکی عومەریدا دەکردو جار جار خۆی لێ پەنا دەکرد. لەناکاو خشپەی پێیەک ئومێدی ڕژاندە سەر چاوەڕوانییەکانی. دووعا نەما لەبۆ ئاسمانی نەنێرێ، خێر نەما لە سەر خۆی نەزری نەکا، بەڵکو ئەو خشپە پێیە، عومەر بێت! هەزار جار شوکری خودای کرد کە بە سەلامەتی هاتەوەو سوکنایی ڕژیایە سەر هەستی دایکانەی. پشیلە سوورە خورماییەکە، پێشوازی کردو لەگەڵی خزایە نێو جێگا. ئاخر ئەو شەوە، سەبری باسی پشیلەکەی بۆ کردبوو: ئەو ڕۆژەی چووم بۆ لای دایکت بە بیانووی ماستی هەوێنێ، پشیلەکە وەکو ئەتۆ ڕاتسپاردبێت، هەر لەلای دەڕاسەکەیڕا پێشوازی گەرمی لێکردم. خۆی لەسەر کۆشم گرمۆلە کردبوو، منیش هێدی هێدی دەستم بە پشتی دادێنا. ئەو پشیلەیە زۆر ئاقڵە ، ئەو دەڕاسەیەی بە شوێنێکی قایم و ئەمین دەزانی بۆ خۆپاراستن لە سەگەکانی گوندی... کاتێک ئەو قسانەی سەبری لەسەر پشیلەکەی، لە زەینی خۆی کاوێژ کردەوە، گڕی ئەو عیشقە شێتانەیە زیاتر لە ناو یەکتریدا دەیتواندنەوە. بە چاوی باتین، تەنها یەکتریان دەبینی و خەڵکیان وەک تارمایی دەهاتە بەرچاو! نەیاندەتوانی یەکتری لە بیرخۆیان بەرنەوە. هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابوون چاویان لەسەر یەکتر بێت.

لەو ڕۆژەوەی سنجاق و لەپکەی شینی بە قردێلەی سەرسینگی سپیی ست پاکیزەیەوە دیبوو، لەبەرچاوی ون نەدەبوو، بۆیە سنجاق و لەپکەی شینی بە قردێلەی بۆ داخستنی سوخمە تەنگەکەی، بۆ سەبری بە دیاری کڕیبوو. پێی گوتبوو پێم خۆشە هەمیشە دیارییکی دەستی

منت وەک یادگاری لەسەر سینگت بێ و ترپەکانی دڵت لەبۆ من بژمێرێ. هەرجارێک لە ئامێزت دەگرم، تامی تەمەنێک بۆ من دەدات! سەبری گوتبووی: هەرچەند دەکەم غیرەت وەبەرخۆمدا دێنم بەرگەی ئەو هەموو بزربوونەت ناگرم. دەمرم هێندەی حەسرەتەکان بە ئاوی چاو بشۆمەوە! چ بکەم خۆم پێ بەرزەفت ناکرێ ئەوکاتانەی کە لێم ونی، ئەوەندە باسی تۆ دەکەم، هەربینا خەڵکی ئاواییم تێگەیین! ئای ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتی، کافر بەزەیی بە حاڵمدا دەهاتەوە! وێران دەبم کاتێک لە چاوم وندەبی. لە ونبوونی تۆڕا ئاوابوونی خۆریشم پێ ناخۆشە. قەت ئەوەندە لە خۆرئاوابوون ناڕوانم، ئەوەندەی خۆرهەڵاتنم خۆشدەوێ... سەبری، زۆرجار دەنگی دەلەرزی و هەستی بە شەرمەزاری دەکرد کە ئەوەندە مەجبووری عومەرییەو ناتوانێت هەستەکانی خۆی بشارێتەوەو خۆی بەرزەفت بکات!

عومەر گوتی: یەکەم لیقامان لە جێژووانی بەر چۆراوگەی باران بوو. شوڕەی چۆڕاوگە، ملچەی ماچەکانمانی لەخۆیدا ونکردبوو، بۆیە لەو شەوەوە ئەمن ئەگەر لە ئاویشدا بخنکێم هەر پێم خۆشەو، لەدوای تۆ، ئاوم خۆشدەوێ. تەمەننا دەکەم کە مردم، یان لە ئامێزی تۆدا، یان لە ئامێزی پاکی ئاودا بمرم! ئەوە نیە هەموو پیسیی دونیا، هەر بە ئاو پاک دەبێتەوە!

هەستەکانیان پڕ پڕ ببوون لە خۆشەویستی. هەرچەند جاری لە چاوی یەکتریان دەڕوانی، ڕۆحیان دێوانەتر و مەزرای دڵیان پرتر دەبوو لە گوڵ. سروشت لەوانڕا دەیزانی خۆشەویستی مەزنترین بەختەوەریی ئەم دنیایەیە.

عومەر بەڵێنی بە سەبری دا، هەرچی زووە دەنێرێتە خوازبێنیی. دوا بەڵێنیان ئەوەبووکە بە ژین بۆ یەکتر بن و بە مردنیش بۆ گڵ بن!

هەر لە هەوەڵی بەهارێوە، زۆربەی ڕۆژەکان یەکتریان دەبینی. بە ئاماژەیەک یەکتریان حاڵی دەکردو شەوان دەچوونە جێژوانێ. بەهارێکی زۆر تەڕە، ڕۆژگار درێژ ببون. کاتێک لەدوورڕا دەتڕوانی،

دەرودەشت وەک فەڕشی سەوز دەچوو، چاو لە تەماشای تێرنەدەبوو. دونیا بەجۆرێک ڕازاوەتەوە، مەگەر بەهەشت ئاوا دڵنشین بێ! بەهار بە کەرەمی خۆی، ئەو دەرودەشتە پان و بەرینەی گوڵباران کردووە. قەدپاڵی گردەکان لە هەڕەتی خەملینی خۆیاندابوون. گیاو گوڵ ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر و بااڵتر دەکەن، دەڵێی بەدەست هەڵیاندەکێشن شەو بە شەو زیاتر هەڵدەکشێ. قەلۆغان[1] و بژانگی جۆی شەشپەڕ، دەگەیە ڕکێبی سواری. مرۆڤ وەختێک دادەنیشت، لە گیای غورددا ون دەبوو!

سەبری، چەند ڕۆژێک بوو بەرامپیلی دەستدەدایێ و دەچوو بۆ (گەڕێ حاجیلان[2])، لەوێ هەتا بەرامپیل هەڵیدەگرت، کەنێر و گیاگەنمەی[3] بۆ گۆلک و چێرە زاوەکانی دەکردو دەبردەوە.

ئەو ڕۆژە، وەک بووک خۆی ڕازاندبووەوە، بە جۆرێک، پیری هەشتا ساڵە عەشقی دەبوو! سمتوساتی ئارەزووبزوێنی ئاونگی لەززەتی لێدەتکا و، بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری چەشەی، وەک هەڵۆ چاوی دەگێڕاو بە دوای نێچیردا دەگەڕا. عومەر، لەسەر گردێک چرکەساتە هەستیارەکانی بە یەکگەیشتنی دەژمارد. سەبری وەک حاڵیکردنێک، شەوقی ئاوێنەی لە عومەری دەگرت، بە مانای ئەوەی کەسی لێ نیەو، وەرە! بۆاڵی خۆی پەلکێشی دەکرد تا لەنێو یەکتردا بتوێنەوە. عیشقێکی سەرشارە و بە تێکهاڵان نەبێ خاڵی نابێتەوە. دەستی خۆیان خستبووە نێو دەستی ساتە هەستیارەکان و، وەک دوو کۆتر بەسەر کۆڵکەزێڕینەدا سەمایان دەکرد... عومەر، بە درێژایی تەمەنی قەت هێندەی ئەمڕۆ دڵخۆش نەبووە. لە دەستی هاتبا، کاتی لە شوێنی خۆی ڕادەگرت! خەیاڵی گەیشتن بە سەبری، بەرۆکی بەرنادا. وەک زەروو بە مەاڵشووی زەینییەوە نووساوە، چاوی هەر ئەو تابلۆیەی دەبینی کە سەبری تێدایە.

بەهارە، کوریک و کنێرو گیاگەنمەو کوریکەزەردەو پاقلەخاتوونە، ملیان

---

[1]- قەلۆغان: دەوەنێکی درکاوییە، هاوشێوەی کەرخۆرە، شەکرۆکە. گوڵێکی ڕەنگمۆر و جوانی هەیە. بەناسکی و شلکی، قەدەکەی سپی دەکرێ و دەخورێت.

[2]- گەڕێ حاجیلان: نەویاییەکی بازنەیی زەوییە کە، بەهاران پڕ دەبێ لە کوریکە حاجیلە.

[3]- گیاگەنمە: گیایەکی بەهارییە، هاوشێوەی ڕووەکی گەنمە.

داوەتە یەکتری و سێبەریان لە کوریکە حاجیلان کردووە. نەورایيەکان بوونەتە زەمەندو، پارێزراوترین شوێنیش بۆ خۆپاراستن لە چاوی بەدکار، نێو زەمەندی گەڕێ حاجیلانە. ڕێککەوتبوون جێژوانی ئەوجارەیان باوێنە نێو گیاو کولیکی ڕەنگاوڕەنگی نێرینەی بەهارێ[1]. ئاخر بەهار، نوێبوونەوەو جەژنی تێکڕای زیندەوەرانە. بۆنی مێخەکبەندو هەناسەی مێینە وەکو لاولاو لێکهاڵابوون. لەنێو ئەو مێرغوازە دڵڕفێنەدا، سەفایێکی بێسنوور بە دەمارەکانیاندا ڕەت دەبوو، لە پێستی خۆیاندا جێیان نەدەبۆوە. ئاگری هەوەس بەربووە تامانی شەرم و نەریتەباوەکان و، نیڵەی دەهات، تا کڵۆکۆی دامرکا! باڵقبوون وەک نەوڕەسەکان لەسەر دەریای لەزەت، تا ئەوپەڕی سنوورەکانی خەنیبوون، سەمای دەکرد!

ڕۆژێکی لێورێژ لە چێژو عاشقانە لەگەڵ کچێکی پاکیزەدا، وەک خەونێکی ئەفسانەییە. لە ئاسمانی چاوە سەوزەکانی سەبریدا، بێشمار ئەستێرەی گەش لە جیلوەو درەوشانەوەدا بوون. هەوا بێ جووڵەیەو دەڵێی ماستی مەییوە. چڵی گیاگەنمەیەک، گولیلکەزەردەیەک نابزوێ. سروشت بە هەموو مەخلوقەکانیەوە، دەستیان لە ئیش بەرداوەو دەستەونەزەر بەدیار ئەو دوو ئاشقە و باشقە پاکەوە، حەپەساون!

لەگەڵ فڕینیان بۆ ئەوجی لەزەت، دیواری نەریتە ڕزیوەکان درزی برد، تامان و چەپەری خێڵ و خورافات ئاگری تێبەربوو. بە ڕووح و بە جەستە مەست بوون. بێئاگایانە دەست و پەنجەیان لە شوێنە هەستیارو ورووژێنەرەکانی یەکتر دەدا، هەناسەیان تێکهەڵدەنگوت، بۆنی مێینەو نێرینەی یەکترییان هەڵدەمژی، لێوی یەکتریان دەکرۆشت. لەنێو گیاوگوڵدا دەگەوزین. سەبری، بە ئارەزوویێکی مێینانەوە لەسەر تەختی پشت، بۆی ڕاکشا. بە شلکردن و لێکترازاندنی ڕانەکانی، بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری چەشەی، دەرگای چێژی خستە سەرپشت، بە سمتی تورت و ئارەزوو بزوێنی، بە بۆنی ئەو تووکە نەرمانەی لاجانگ و پشتەمل و سەر لەشی، بۆنی مێیاتییەکی یەکجار تۆخی دەڕژاندە سەر هەستی نێرینانەی عومەری.

---

[1]- نێرینەی بەهارێ: ئەووەختەیە لە وەرزی بەهاردا کە، گیاو گوڵ بەرز دەبێتەوە و گوڵ دەکات و نێر دەبێ.

ئاڵوشـی وێـرانکەری، هەمـوو هێـزو توانـای لە ئـارەزوو ئاگرینەکەیـدا کـۆکردەوە. بەرلەوەی پەردەی مـۆخی بـدرێ، ئەو پەردەی پەمەیـی دڕی. بێئاگایـانە خـزایە ئەو کەنـاڵە کە لەوێـوە هەمـوو دڵـۆپێکی شـاوەتی پیـاو، دەڕژێـــتە ئۆقیانووســـێکی مەزنەوە. لە قـــووڵایی گـــۆمی ئەو چێـــژە وەحشـییەدا، سپێنکی چـاوی وەرگەڕاو تەزوبێکی زۆر گەرم و بەهەشـتی، لە نـوکی پێـیەوە تـا تەوقـی سـەری بە دەمارەکانیـدا گەڕا! ئەو ڕۆژە بە بەرچاوی خۆرەوە، پەڕەی سپیی کوریکەحاجیلەکان سوور بوون و بوون بە (پەڕۆی ڕوو سـپیاتی). چـی پەلکـی سـەوزی منـداڵی هەبـوو تـێکەڵ بە سـووراوی بالقبوونیـان کـرد. بەدیـار چـاوی چەنـد گیـا کەنێرەیەکـی شـەرمنەوە، خڕخاڵەکـانی پـاوپووزی سـەبری، هێـدی هێـدی خـۆی لە گوڵەقەڵۆغـان و گـوفکی گیاگەنمەکـان دەسـووی. لە شـەرمی خـۆر، بنـی هەردوو پێیەکانی کردبووە لەمپەر بۆ ڕووخساری شـەرمنانەی، کە هێشتا هیچیـان فێـری هـونەری سەرشـێتانەی سـەرجێی و چێـژی جووتبـوون نەببوون. زۆر بەسادەیی، باڵندەی پاکیزەییان لەسەر گوڵە حاجیلەکانی ئەو دەشتە سەر بڕی. ئاونگی عیشق، کەنێرو گوڵاڵە سـوورەکانی تەڕ تەڕکرد. بەیەک تەکان، ئەو قەفەزە پۆڵاییەیـان تێکشکاند کە نەیدەهێشت ئیحسـاس و غەریزە، بە کەیفی خۆی، بای باڵی خۆی بدات!

دەرنەچوون لە ڕێبازی ئادەم و حەوا، وەک نەورەسەکان لەسەر گـۆمی لەزەت بفڕن و باڵەکانیان لێکبدەن، وەک ماسـی بچێتە قـووڵایی دەریاکان، هەژانەکان وەکو کۆتر بەرەو لوتکەی چێژ هەڵبفڕن... شەهوەتیان حاجیلەی تەڕکرد.

یەکەم جووتبـوون مزگێنیـی لە دایکبـوونێکی نـوێیە، شـایانیەتی کێـکـی تەمەنـی بـۆ بشـکێنی! ئەو ڕۆژە، (گەڕێ حـاجیلان) بـوو بە هێلانەیەکـی پەشمەکی و مەوتەنی داستانی عیشقێکی پاکژ. ئەو نێوەیـان بە بـانگرۆزی[1] میحیبەتێکـــی شـــێتانە تێکهەڵشـــێلا. لە دوای ئەو گونـــاهە ســـپییەو خـاڵیبوونەوەی غەریـزە لە چێـژی جووتبـوون، دابەزینـەوە سـەرزەمینی

[1]- بانگرۆز: جالەبوون، غلۆربوونەوە لە شوێنێکی بەرز بەرەو نەویایی، خۆگەوزاندن، گەوزین.

حەقیقەت. جەستەیان، لە توندبوونێکی بێئامان، خاوبوونەوە.

سەبری ئەو گوڵەحاجیلانەی کاتی جووتبوون لە ژێریان بوون و، پەڕە سپیەکانیان وەکو پەڕۆی ڕوو سپیاتی بە پەڵەخوێنی بچووک نەخشێندرابوون، کردە چەپک، بۆ گەواهی پاکیزەیی، خستیە باخەڵییەوەو لەنێوان خۆشی و ناخۆشیدا، گوتی: ئەوە چ کارێک بوو بۆ کوژاندنەوەی ئاگری چەشەت، کردت؟ مێزەری باب و براو خزم و کەسوکارت لارکردم. کێ شک دەبەی ئەو قەباحەتەت بۆ داپۆشێ؟ مەگەر دایکت! ئینجا، ئاهێکی پەشیمانی هەڵکێشا: کە هاتم بۆ ئێرە، کچ بووم، لە گەڕانەوەدا ژنم! خۆزگە من بمتوانیبا کەمتر خۆشمویستبای و ئاوا خۆت نەدەمە دەست.

عومەر، خۆش خۆش پشتێنەکەی خۆی دەبەستاو لە شوێنی جووتبوونەکەی دەڕوانی. جێگای هەردوو ئەژنۆکانی لەسەر زەویە شێدارەکە، قوڵ قوڵ ببوون. لەنێو هەردوو قوڵکەکەدا، گیا کەنێرو حاجیلەیان تێدا ڕۆچوو بوون. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: نازانم، ئەوە جووتبوونی شێتانەی زاهیدەکانی عیشقی خودایی بوو، یان بەڕاستی فاحیشە بوو کردمان! ئێمە چیمان کرد؟! ئەو کردەیە، باریکی گرانە بەسەر ویژدانمەوە. چونکە ئێستا زۆر چاک لەوە گەیشتووم کە دەستدرێژی کردنە سەر نەریتی کۆمەڵگایە، دەبوایە ئارام بگرین و پەلە نەکەین، دەبوو نەریتی باب و باپیران نەشکێنین. دروست ئەو ساتەی دەستم بەر یەکەم گوناهـ کەوت، حەزو شەهوەت، منداڵییان لێ سەندمەوە! ئێستا هەرچی زووە، بۆ ئەوەی ئەو کەتنە دیزە بە دەرخۆنە بکەم و خۆمی لێ ڕزگارکەم، دەبێ ڕێگایەک ببینمەوە، یان بەڵکو لە ڕێگای دایکمڕا، سەبریم بۆ خوازبێنی بکەن!

٦

له بنی، هەورێکی ڕەشی بەهاریی بەشۆڕابەو بەئاوسکپڕی هێنا و دایکرد. ژنەکان هەر ئەوەندە فریاکەوتن جلکەکانیان لەسەر تەناف کۆکردەوە. مریشک و جووجکەو پشیلە خۆیان هەڵدەکوتا خۆیان بگەیەننە نوایەک، بۆ ئەوەی باران نەیانگرێتەوە. بارانێک دەباری وەک گۆزەی سەرنخونکراوە. شۆڕابەی ئاوداری هەورەکان، وەک ئەوەبوو دەستیان بۆ زەوی شۆڕ کردبێتەوە، لەسەربان و گوێ سوانەو سەر دیواران باران بە تاو دەیکوتاو تۆزاوی لێهەڵدەستا. دواتر بوو بە بارانی سەر بەکراوە، هەرجاری بروسک چەخماخەی دەدا، وەک تیغی قەساب لەبەرپەرۆچکەی ئاسمانێ تا دەگەیشتە سەر عەرزی، جەرگی هەورەکانی دەبڕی. خەڵکی گوندی، سەڵاوەتبارانیان دەکرد: خودایە بێئافاتی بکەی!

پڕاوپڕی کۆڵانەکانی گوندی، ئاو سەری کرد. پووشوپەڵاشی ڕاپێچی کەندان کرد و، کۆلاو کۆڵ هاتن. ئاوێکی قوڕاوی هێندە بەتەوژم بوو گای دەڕفاند. شەپۆلەکان سواری سەری یەکتر دەبوون. هەرچی بکەوێتە سەر ڕێی لرفی دەکات، ئاومااڵکە و دڕک و دار، بەسەر پێڵەکاندا سەما دەکەن. بەتەمەن و بەئەزموونەکان دەیانگوت: داوای خوێن دەکا!

عومەر دەیزانی دایکێکی هەیە لە جنسێ مەرهەم! ئەو شەوەی زۆر دڕەنگ هاتەوە، خێزان هەموو لە پرخەی خەودا بوون، تەنها دایکی لە چاوەڕوانی ڕۆڵەکەی بەخەبەرە. بۆیە پێشبینی دەکرد دایکی شتێک بزانێ. وەک بیەوێ نهێنییەک لەلای دایکی بدرکێنێ، سەری بە شانی کرد، خۆی تێ هەڵدەسویی. دەستێکی بە پشتی پشیلەکەیدا دەهێناو

دەستەکەی دیکەی خەناوکە قەنەفرەکەی دایکی لەنێو لەپیدا گرمۆڵە کردبوو، بۆنی دەکرد، دەیگوت: لە بۆنی سینگ و بەرۆکی تۆڕا پێم وایە بۆنی قەنەفر دروست بۆنی دایکە! ئەگەر بزانم بۆنی بەهەشت وەکو بۆنی سینگ و بەرۆکی تۆیە، سەرم لەسەر سوجدە هەڵناگرم، بەرمالّم کۆناکەمەوە تا دەمرم لە ڕکوعدا دەبم!

دایکی وەک خوا لە دڵی نابێت، کاری ئەو جارەی کوڕەکەی جیاوازە لە جارەکانی پێشوو، بۆیە، ئەو دەستپێشخەری کرد تا کەس لە مالّ نیە، گوتی: بەس ماستاوان بکە، هەر ئەمن و پشیلە سۆر لێرەین، هەردووکمان هەموو دەمارەکانی قالبت دەناسین، ئیشێکت هەیە دەنا ڕۆژان بە زۆریش ماچێکم نادەیتێ، مەگەر لە خەودابیت و ماچت بکەم، ئەدی ئێستا خێرە خۆت خزاندۆتە باوەشم؟ دیارە کارەکە گرنگە بۆ ئەوە دەبێت ماچانی بۆ ببەخشییەوە، دیارە ئەتۆ ئامادە نیت قسە بۆ دایکی خۆت بکەی، دە با ئەمن پرسیارانت لێبکەم: ڕۆڵە بە داکی خۆت بڵێ کەی بە زاوایی دەتبینم؟ ئێستا لە هیچت کەم نییە ژن نەبێت. پێنج فەڕزە لەسەر بەرمالّی نوێژێ لەبەرخوای دەپارێمەوە کچ و کوڕم بە ڕووسپیاتی بچنە جێگاو ڕێگای خۆیان، ئەوجا مردن هەقەو ناهەق نییە، بشمرم سووم لە خۆم نییە کەلەکەم دەکەوێتە عەرزی! لە کردنەوەی سەری باسان، عومەر نیشانەی خۆی شکاند، هەردوو لاقی خۆی درێژکردو سەری خزاندە سەر ڕانی دایکی و لێی ڕاکشا. پشیلە سۆر لەسەر سینگی عومەری خۆی گرمۆڵە کرد، چەناگەی هاوێشتبووە سەرپشتی هەردوو دەستی و کلکی هاتبووەوە لای دەمی، هەستی لە خۆی بڕیبوو، وەک گوێی بۆ قسەکانی کوڕو دایک ڕادێرابێ، عومەر گوتی: ئەوە گریمان بە قسەم کردی، بەتەمای کێم لەبۆ بێنی؟ ئەتۆ کێهان کچت پێ باشە؟ بەڵام بە شەرتێک ژن بۆ من بێنی نەک بۆ خۆت! دایکی گوتی: بەس ئەتۆ وەرە ژێر باری ئەوەی ژنێ بێنی، سەت کچ قوڕاوت بۆ دەخۆنەوەو خوا خوایانە ئەتۆ بەوان قایل بی! زۆرجار کچان پچکو پەلارم لێدەدەن: کەنگێ ژنێکی بۆ عومەری دێنی؟ لابەلا

دەیانەوێ پێیان بڵێم دە وەرە ئەتۆ مێردی پێبکە تاوەکو ژنی بۆ بێنم! لەکاتێکدا ئەمن قسەی تۆم پێ نییە، بە ناچاری قڕقاپ دەکەم! ئینجا تەزبیحە شینەکەی لە ملی کردەوەو کەوتە ئەژمارکردنی کچان، شەش کچە خاڵ و نۆ کچە پووڕو زیاتر لە بیست کچی خزمان بە دەنکە تەزبێحاندا هاتەوەو کۆی کردنەوە. ئەوە کردیە جارەک بیست و دەو پێنج، ئەتۆ لەو هەموو کچەی، یەکیان بە گۆمکی گۆپاڵی هەڵبژێرە، لە ڕەوێ کارمامزانی دابڕە، ئەوجا لە من و لە حاجی عەولای بابت گەڕێ، چەک[1] و جلکی دەکەین و بووکت لۆ دادەبەزێنم! کەوتە ناوهێنانی کچەکان: بەسێ، عەیشێ، خەجێ، فاتم...، عومەر لەگەڵ ناوی هەریەکێکیان ملچەیەکی بە ئاماژەی نەخێری دەگوت! چونکە، شۆخێکی دڵڕفێن، بە کەمەندێکی پۆڵایین بە خۆیەوە گرێدابوو، کار لە کارێ ترازا بوو! ئاخر عومەر ناهەق نەبوو، هەرکەس ئەو شۆخەی بدیبا، حەزی دەکرد بە چاوەکانی هەڵیلووشێت! حەیران دەبوو، نەیدەزانی نە لە قامەتی زراوی، نە لە کەزی ئاودامێنی، نە لە چاوی بێچووە عەیاری، نە لە گوفتی شەکرباری ڕابمێنی! وەک نێچیری چنگی هەڵۆ تێکدەشکا، سەری لێ دەشێواو قەرەمی دەست و پێی دەشکا! عومەر گوتی: ئەگەر دڵی منتان دەوێ ئەمن تەنها سەبریم دەوێ، ئەگەرنا کچی هەموو دنیا وەکو خوشکی لە دایک و باوکیم وایەو دەستنوێژیان لێ ناشۆمەوە، لەو دنیا پانوبەرینە تەنهاو تەنها سەبریم دەوێ.

دایکی ئەو کاتە پێی زانی و زمانی خۆی گەزت، ئەو بەردەی بۆ لە بنی گۆمێ هاتەدەر، گرێکوێرەی درەنگ هاتنەوەی ئەو شەوەی بۆ بووەوە. ئێستا زانی کوڕەکەی کاری کراوە، کە زانی کێ دڵی بردووە! وەک هەر دایکێکی بەمشوور لە هەوڵی چارەسەردا بێت، دیاربوو ئەویش سەبریی زۆر بە دڵ بوو: کوڕم لەو گوندەی لە سەبری حەرێم گرانترو سەنگینتری لێ نییە، هەڵسوکەوتی هەر دەڵێی سەرەژنە. ئەو

[1]- چەک: ۱) ئامرازی جەنگ، شیر، خەنجەر، تفەنگ، دەمانچە، توپ و... ۲) زێڕ و زیوو و خشڵی ئافرەت و، بەتایبەتییش بووک. لێرەدا مەبەست لە دووەمیانە.

ڕۆژەی بۆ هەوێنی ماستی هاتبوو، دڵت نەدەهات تەماشای بکەی! ئەو کاتەی خوا حافیزی کرد، کەزییەکانی لە پشتەوە لە کەمەری ڕەتی کردبوو. ئەگەر قۆڵ و باسکی هەڵدەکا لەبۆ کارێ، چ شیرینە دەستو کەوگیری! خەمت نەبێ، چ لە سبەی زووتر نیە، حاجی عەولای و مەلای ئاوایی و دوو کەیخودا دەچن بۆت داخوازی بکەن!

باوکی سەبری، پیاوێکی سوورکەڵەی دەستەزەلامە، نە کورت و نە کەڵەگەت، ڕەقەڵەیەکی سمێڵ گڤە، دوو چاوی چکۆڵەی شینی پێوەبوو. خۆڕسکانە لە ناخیدا دوو کەسایەتی هەبوو، یەکیان ئاهورەیی و ئەوی دیکەیان ئەهریمەنی. ئەگەر لەو دەمەیدا یەکەمیان زاڵ بوایە، لە پێشت دەبوو بە خاکو خۆڵ، داوای سەری منداڵەکانیت لێکردبا، دەستی وەبەردەستی نەدەدای و قسەی ڕەت نەدەکردیەوە. ئەگەر دووەمیان زاڵ بوایە، پەست و بەدخوو، بچووکترین ئاکاری ئینسانیت تێدا بەدی نەدەکرد، هەموو دنیا ڕووی لێ ناباو داواکارییەکی لێی هەبا، بە هیچ شێوەیەک نەدەهاتە ڕایێ و ژێربارێ. تەبیعاتی کەری دێزەی هەبوو، خۆی هەڵدەداشت هەر بۆ ئەوەی هەبوونی خۆی بسەلمێنێ، پیس جەنەی دەگرت و ئاگرت لەسەر تریقەی پشتی کردبایەوە، لە جێی خۆی نەدەبزووت! بەتایبەتی ئەوکاتە چاوی دەنووقاندو مژی لە جگەرەکەی دەداو تفی لە زاری دەپرژا. سەری بۆ هەردوو لای شانەکانی تەکان دەدا، وەک دووپشک دەویست بە خۆیەوە بدات! لەو کاتانەدا ئەقڵی لە ئیش دەکەوت!

دایکی عومەری، حاجی عەولای تی کردەوەو بە هێمنی لە داواکاریی کوڕەکەی ئاگاداری کردەوە، کە ملی داوە، گەر ژنی بۆ داخوازی بکەن، ژنێ دێنێت. حاجی عەولا، زۆر خۆشحاڵ بوو، پرسی: نالێ کێی دەوێ؟ گوتی: دەڵێ سەبری سوورەی، تەنها هەر ئەویشی دەوێ! حاجی عەولا تاوێک بەبێدەنگی ڕاماو ڕۆچووە نێو لێکدانەوان. کابرایەکی زۆر سەرناس بوو. گوتی: بەخوای کچی چاکەو کابانی گەورەمالانە، گیایەکی یەکجار بەنرخە، بەڵام لە شوێنێکی زۆر عاسێ شین بووە! جەخار! بابی،

هەتا بڵێی پیاوێکی ناحاڵییە، خۆزیە عومەر کچی قاقانی چینی ویستبا، داخوازییەکەی ئاسانتر بوو، نەوەک کچی ئەو کابرایەی! حاجی عەولا دەیزانی باوکی سەبری پیاوێکی دەمدەمی و تەبیعاتی کشمیشیە، بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بۆ خزمایەتی وەک یاری شانس و بەخت وایە لەگەڵ ئەو پیاوەی. لە بەرامبەر هەر داواکارییەک لێی بکەی، بەڵێ و نەخێری لا یەکە. ئەگەر دایە چەقێنی، ئیفلاتوون نایهێنتە خوارێ، بە هیچکەس نایەتە ڕایێ، ئەگەر خواش کردی بۆت ڕووخا، میهرەبانیی هەموو دنیات بەسەردا دەبارێنی و خەجاڵەتت دەکاتەوە! کێ بێت لەخۆی ڕابێنێ و زاتی ئەوە بکات ئەو داخوازییە لەو پیاوە شەمبووزەی[1] بکات، کە حاڵیکردنی مەحاڵە، هەر ئەوەیە کە بە خۆی لێی حاڵی بووە لەسەر دووجار بیستی خۆی نایەتە خوارێ! ئۆباڵ بە ملم، سەبری هەر دەڵێی کچی ئەو پیاوەی نییە، سەرباری جوانییەکەی، هەرچی ئاکاری جوانیشە لەو کچەیدا کۆبۆتەوە. بەڕاستی عومەر زانیویەتی دەست لەسەر کێ دابنێ، سەرتۆپە سەرتۆپ!

ئەو شەوە دوای نوێژی شێوان، وەک دەستپێکی ڕێکارە جڤاکییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی، حاجی عەولاو مەلای مزگەوتی ئاوایی و دوو کەیخودا، لە ماڵی باوکی سەبری وەژوورکەوتن. مەلای ئاوایی بە چەند ئایەت و حەدیسێک سەری قسانی دامەزراند: ئەوەی کوڕی گەنجی باڵقی هەبێت، هەرچی زووە وەکو ئەرکێکی ئاینی گەرەکە ژنی بۆ بێنێ، ئەوەی کچی عازەبی هەبێت، ئەرکە، زوو بە مێردی بدات. پێغەمبەری ئیسلام لە فەرموودەیەک دەڵێ: ئەگەر کوڕی باشتان بۆ کچەکانتان و کچی باشتان بۆ کوڕەکانتان دەستکەوت و بەدی کرد، پێکیان بگەیەنن، ئەگینا دەبنە هۆی تاوان و خراپەکاری! هۆکاری هاتنمان بۆ لای بەڕێزت ئەوەیە، هەم ئەتۆو هەم حاجی عەولا، کچ و کوڕی باشتان هەیە، هاتووین داوات لێدەکەین ژن بە ژنەی بە کچەکانتان بکەن، ژنهێنان بۆ کوڕەکانتان و بەمێرددانی کچەکانتان، لە لای خوا وەک تەقوا وایە، بە

[1]- شەمبووز: چەموش، نائارام، نەگونجاو، ناحاڵی، عەبووس.

جێهێنانی ئەرکێکی ئاینییەو خوا جەزاتان دەداتەوە. هەرجارێک کچ لە ماڵی بابی بێنوێژی ببینی، وەک تاوانێکی گەورە بۆ باوکی کچەکە دەنووسرێ و دەبێتە تەوق لە ملی ئەو باوکەی کچەکەی بەمێرد نادات!

باوکی سەبری، جگەرەیەکی داگیرساند. پێیەوە دیاربوو بەو داوایە مووەکانی سمێڵی گڤ بوون، ئەهریمەن سواری شانی بوو، جگەرەکەی دا بەرمژان. بەو داوایە، چاوە بچووکەکانی توند نووقاندو گوتی: ئەو داوایە ڕێی تێناچێت، بە هیچ شێوەیەک ئەمن قایل نیم، ئەو خزمایەتیە سەرناگرێ. قسەکانی هەموو پڕ بوون لە نائومێدی، وەکو خوێن دابییە کەللەی، جار جار مژی لەسەریەک لە جگەرەکەی دەدا، لەگەڵ قسەکردن پروشکە تفی لە زاری دەردەپەڕی، وەک ئەوەبوو لە ماڵەکەی خۆی دەریانبکات. لە کاتێکدا ئەو چوار کەسە، بە تایبەتی حاجی عەوڵا، دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی ناوچەکە لەسەردەستی ئەو، چارەسەرکرابوو. کەمکەس هەقی بە خۆی دەدا، قسەی ئەو ڕەتبکاتەوە، هەموو خەڵک حەزی دەکرد حاجی عەوڵا خزمایەتی لەگەڵ بکات. بۆیە لای وەک ئەوە وابوو، لەسەر تەلارێکی بەرز کەوتبێتە خوارێ، چونکە چاوەڕوانی ئەو وەڵامەی نەبوو، لەسەر داواکاری ژن بەژنێک، بەو جۆرە دەمی بکاتەوەو ئەوەی هاتە سەر زاری نەیگێڕێتەوە. کەلێنی قسانی نەدا میوانەکانی. حاجی عەوڵا دووجار سەری خۆی ڕاەقاند لەبەرخۆیەوە گوتی: بەلاشیان نەگوتووە نە بۆ کوێران هەڵپەڕەو نە بۆ کەڕان گۆرانی بڵێ! وەڵامنەدانەوەی خەڵکی نادان، دانایەو، ئەگەر هەتاکو بەیانی قسەی بۆ بکەن، نە گوێ دەگری و نە وەردەگری، بۆیە، مەلا کە بینی حاجی عەوڵا لەبەر خۆیەوە دەدوێ، گوتی: حاجی عەوڵا! نەڕۆین؟ ئەویش گوتی: ئەمن بەنی دوای هەمبانێم[1] بۆ کوێ بڕۆن لە دوتانم، چۆنتان پێ باشە وادەکەین! لە کۆتاییدا بەر لە خواحافیزی، ڕوویان

[1]- بەنی دوای هەمبانێ: ئیدیۆمە. ئەو بەنەی کە بە زاری هەمبانێوە گرێدراوە. هەمبانەکە بۆ کوێ ببەی، بەنەکەش، بەناچاری یان وەک پێویست، هەر بەدواوەیەتی. قسەکە وەک ئیدیۆم بۆ کەسێک بەکاردێ، کە هەمیشە لەگەڵ دەوروبەردا گونجاوەو و سوڵحاوە.

کردە خانەخوێ: ئێمە دەڕۆین، ئەتۆش بەشێنەیی بیری لێ بکەوەو وەڵامێکی خزمانەمان بدەوە! ئەویش لە کاتی بەڕێکردن، بەدەم گەزینی قوونکەجگەرەکەی گوتی: ئەمن باش بیرم لێ کردۆتەوە، وەڵامی من لە پاش دە ساڵی دیکەش هەر ئەوەیە، ئەنگۆ دەڵێی ئەمن ناناسن، ئەگەر گوتم نا، یانی نا!

عومەرو دایکی لە چاوەڕوانییێکی تاقەتپڕوکێندا چاوەڕێی گەڕانەوەی حاجی عەولای بوون، بەڵکو هەواڵی قایلبوونی باوکی سەبرییان بۆ بێنتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، هەر کە وەژوورکەوت، وەکو هەناسەی تەنگ بووبێت: تییاح پیاوێکی ناحاڵییە! حاڵیکردنی ئەو پیاوە، وەک ئەوەی بە هەڵەموتان هەڵزنێی! هێندە مڕومۆچ و خوێنتاڵە، پیاو غیرەت ناکات بیدوێنێ!

عومەر، هیچ حەجمینی نییە، لە هیچ شوێنێک زەوت نابێت، دەڵێی ژانی گرتووە. ڕەنگی بە ڕوویەوە نەماوە، هەوڵی دەدا بەسەر هەستەکانیدا زاڵ بێت، لە بەرامبەر ئەو هەواڵە ناخۆشە، هێندەی دیکە پەرێشان بوو! دایکی عومەری بە حاجی عەولای گوت: ئەتۆم قەت هێندە بە لاوازی و دەستەوەستانی نەدیوە!

سەبری لەو شەوە تارەدا، خەو نەدەچووە چاوەکانی، تا بەیانی جینگڵی داو کەلەکەی گۆڕین. لەگەڵ پێشبینیەکانی بۆ ئایندەی نادیاری خۆی، لە زۆرانبازێدا بوو. لە سێبەری خەتایەکدا بەسەر ڕووخساری منداڵیی خۆیدا دەگریاو نەفرەتی لە بااڵقبوون دەکرد. فرمێسکەکانی، ڕوومەتی گورگوریی خووساندبوو! لە هەست و خەیاڵە مەترسیدارەکانیدا وەک لە غەیبەوە بانگی بکەن: داهاتووی تۆ هەر کوشتنە!... ئەو شەوە تا بەیانی، لەنێوان ژیان و مردندا ئەمدیو ئەودیوی بە خۆی کرد.

ئەو بەیانییە لەنێو جێگاکەی نەجووڵا. بۆ شاردنەوەی نیگەرانییەکەی، نێو جێ، لە هەموو شوێنێک باشتر بوو. دایکی دەیگوت: کچەکەم تایەکەی گەرمەو ددانی ئاقڵی دێتن. هەر جۆرێک بوو، ڕۆژی دواتر

خۆی گەیاندە دایکی عومەری، ئاخر ئەوی پێ لە هەموو کەس باشتر بوو کە گرێی دڵی خۆی لەکن بکاتەوە: ئەتۆ دایکێکی باشی بۆیە هانام بۆت هێناوە! بە چاوێکی نیازمەندانەوە لێی دەڕوانی. وەک تاوانبارێک، قسەکەی تەواونەکرد، دەیویست شتێک بڵێ، شەرم نەیهێشت و لە قسەکەی پەژیوان بۆوە. دایکی عومەری گوتی: کچم ناهەقت ناگرم، ژن بەدبەختە، لەوانەیە بڕوات بە ژیان نەمابێ، بەڵام بەو شێوەیەش نییە! ئەمنیش دەزانم کە ئەوکارە، سەختە! ئەتۆ بە هێزو خۆڕاگربە، ئەوە نە کۆتایی دنیایە نە ئەمن و حاجی عەوڵاش مردووین، تا بەتەنهات بێڵینەوە! سەبری، بێئاگایانە بەدەم هەڵوەشاندنی چمکی شەدەکەی، سەری لە بەرەخۆی نابوو، خۆی وەک خەتاکارێکی شەرمەزار دەبینی!

دایکی عومەری، هەستی بە ڕادەی ئەو عاشقبوونە کردو، زانی، ئەو هەموو شەو چوونەدەرەوەی کوڕەکەی، چ پاڵنەرێکی لە پشتەوە بووە! گوتی: ئەمن شانسم هەیە دەبمە خاوەنی بوکێک بۆتە هۆی دڵخوشی کوڕەکەم و تەواوی خێزانەکەمان!

سەبری بەترسیکی زۆر و بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە، لەبنی کولەکەی دا: ئیدی بەکەڵک عومەری کوڕت نەبێت، بە کەڵکی هیچ پیاوێکی دیکە نەماوم! ئەویش، گرتیە باوەشی خۆی و ماچی کردو گوتی: کچەکەم تێگەیشتم، با حاجی عەوڵا بێتەوە، خودا یاربێ چاری دەکەین!

شەوێ، دایکی عومەری بە حاجی عەوڵای گوت: ئەگەر ئەو نهێنیەی بەینی عومەرو سەبری ئەمن دەیزانم ئەتۆش بیزانی، قەت بۆ تاوێکیش کۆڵی لێنادەی! ئەو قسەیە، دڵی حاجیی ڕاچڵەکاند. ناچاربوو بکەوێتە هەوڵدانێکی دیکە... ئەو جارەیان، تەنها خۆی و مەلای ئاوایی چوون، چەندی هەوڵیان لەگەڵ باوکی سەبری دا، لە کەلی شەیتانی نەهاتەخوارێ. تا وای لێهات حاجی عەوڵا گوتی: تەنها (سەبری)مان بدەنێ دوو کچی خۆمتان دەدەمێ، هەر ئەو دوو کچەشم ماوە. چەکوجلکی هەرسێ بووکەکانیش دەکەم، چونکە حەزم لە خزمایەتی ئێوەیە. کەچی ئەو میش میوانی نەبوو. هێند ملهوڕ بوو، لە هیچ شت

حاڵی نەدەبوو. ئەو جارەشیان مامۆستا زۆر قسەی کرد. هەرچی لە بارەی کچ بە شووەدان و ژنهێنان لەنێو کتێبان خوێندبووی، هەمووی بۆ حینجە کردەوە، دیسانەوە بەبێ ئەنجام گەڕانەوە!

حاجی عەولا، لەناو تەون و تۆڕی ئاڵۆزکاوی خەمەکانیدا گیربووبوو. شەوو ڕۆژ بیری لەو قسەیەی باوکی سەبری دەکردەوە کە وەک هەڕەشەیەک پێی گوتبوو: چیدی داوای سەبری مەکە! کچەکەم پێ بەکوشت مەدە! ئاخر حاجی عەولا باش دەیزانی و تێڕا دەدی کەرایەتییەکەی بە زیادەوە بایی ئەوە دەکات دەستی بچێتە خوێنی کچەکەی و بە دوور مەزانە سەبری بکوژێت!

لەو سەروبەندەدا، لە گوندی، دەنگۆی ئەوەی بڵاوبووەوە عومەری حاجی عەولاو سەبری، حەز لێک دەکەن و شێت و شەیدای یەکتری بوون، هەر بۆیەش حاجی عەولا دوو کچی بە سەبری دەداو چەکوجلکی هەمووانیش دەکات! لەوە بەدوا، هەرکەسێک عومەر یان سەبریی دەبینێ، بە زەردەخەنەیەکی بە تۆنکڵەوە، دەیگوت: چۆنی؟! سەتان تەوس و توانج لە پشت ئەو زەردەخەنەیە خۆی مەڵاس دابوو! هەردووکیان، ناخۆشترین ڕۆژەکانی تەمەنی خۆیان دەگوزەراند. ماوەیەک بوو بۆ خۆپارێزی لە زمانی زبرو بڕەکی خەڵکی، یەکترییان نەدەبینی. تەنها کەڕەتێک لە ڕێگەی سەربیرێ، سەبری بە عومەری گوت: بەڵێن دەدەم دڵنیابە ئەگەر باب و براکانم وەبەر خەنجەرانیشم بدەن، ئەستەمە لە پەیمانم پاشگەز ببمەوە، بە هیچ جۆرێک ژیانم بەبێ تۆ ناوێ، یان مردن یان ئەتۆ! عومەر، سەیرێکی ئەملاو ئەولای کردو گوتی: دڵنیابە بۆمنیش، ژیان ئەو چەند هەناسەیەیە کە نیگام لە تەماشاکردنی تۆدا وردو خاش دەبێ! بەڵێن بێت لە تۆ بەدەر، سەرم ناچێتە سەر سەرینی هیچ ژنێک، قەولت پێدەدەم!

ئەو چەند ڕۆژە کەمە، بە سااڵێک لەلای حاجی عەولای دەرباز بوو. دڵی هەزار ڕێگای دەکرد. خەریکبوو، ئەو تەلاری کەسایەتییەی دروستی کردبوو، بەدیار چاویەوە داڕووخێ و هەرەس بێنێ. بێئومێدی

تەنگی پێ هەڵچنیبوو، قورسایی باری کارەساتێکی شەرماوەر شانی داچۆراند بوو. دەیگوت: ئەمن تەگبیری بۆ هەموو خەڵکی دەکەم، کەچی چەندی دەکەم تەگبیرم بۆ خۆم پێ ناکرێ!

حەوێزی برای حاجی عەولای حاجەتان، کە چەند ساڵێک دەبوو ڕۆیشتبوو، بە سەردان هاتەوە گوندی. هەر زوو هەستی بە تەپینی حاجی عەولای برای و باری دەروونی هەموو خێزانەکەیان کرد. کەس ئاسایی دیارنەبوو. لە دایکی عومەری پرسی: براژن ئەوە چیتان لێقەوماوە؟ بۆچی لە منی دەشارنەوە؟ ئەویش پێی گوت: باوکی سەبری لێمان چۆتە سەر لکی داری و بە قسەی کەس نایەتە خوارێ! دوو کچمان داوەتێ و چەکو جلکی هەرسێ بووکانیش بکەین، بەو حاڵەش هەر قایل نییە! حەوێز بە پێکەنینەوە گوتی: جا ئەوە کەی کێشەیە! ئەو تەرەسە وای لێهاتووە قسەی کاکم بشکێنێ؟ ئێستا دەبێ ئابڕووی بەرم!... چونکە بە منداڵی و نەوجەوانی تا هەڕەتی لاوییش، بەیەکەوە گەورە ببوون، لەخۆیرا دەدی! گوتی: ئەوە لە ئەستۆی من، هەر ئەمشەوە مارەیان دەکەم! دایکی عومەری گوتی: کاکە! لەپیاوماقوولّی ئەو نێوەی کەس نەماوە بە گژیدا نەکەین، بە هیچ نایەتە ڕایێ! حەوێز گوتی: ئەو لە قسەی من دەرناچێ مەگەر ئەتۆ نەتبیستووە هەر ئاچەرێک بە کلیلی خۆی دەبتەوە!

حەوێز لە دوای نوێژی شێوان، بە دەم جنێوی بازاڕییەوە لێی وەژوورکەوت، دەستیان لە ملی یەکتر کردو هەندێک جنێویان گۆڕیەوە. ئەوجا هەر دەمودەست، دوای داواکاریی حەوێزی، باوکی سەبری گوتی: حەوێز! دەستی تۆم شکاوەو قسەی تۆم پێ ناشکێ! یەک لە کوڕەکانی بەڕێکرد بۆ ماڵی حاجی عەولای: مەلای بێنن با کچەکان مارەبکەین. هەر بەو شەوەی هەموو شتێک بڕایەوە، لە بەرامبەر مارەکردنی سەبری لە عومەری، دوو کچی حاجی عەولایان لە دوو برای سەبری مارە کرد. حاجی عەولا دەیگوت: ڕاستیان گوتووە: هەر تەیرەک لەگەڵ ڕەوی خۆی!

عومەرو سەبری، ئیدی ئەرخەیان بوون، سەرینی ئاسوودەییان خستە ژێر سەریان و بوون بە حەلاڵی یەکتری. ئەو شەوە لە ژووری قنیاتیان نەبوو، پڕ بە سییەکانیان نەسیمی پاکژی بەهاریان هەڵمژی، بە تریفەی مانگەشەو خۆیان شووشت، دەستیان خستە سەر سینەیان و، ترپەی دڵیان لەگەڵ خەتاییکی تەڕو شیرین ئاوێتە بوو!

حاجی عەولاو دایکی عومەری، ڕەنگ و ڕوویان هاتەوەبەر و گەشانەوە، کەلەکەیان کەوتەیەک، خۆیان بە بەختەوەر دەزانی کە توانییان ئەو خەتا ئابڕوو بەرەی عومەرو سەبرییان دیزە بەدەرخۆنە کردو نەیانهێڵا ئەو ئابڕووەی چەند ساڵە کۆیان کردۆتەوە، لەدەستیان بچێ! دەیگوت: بۆ ڕۆژی بووکگواستنەوەکەی، دەهۆڵ و زورنا بێنین، شەرتبێ دەبێ شایی و ڕەشبەڵەکێک بگیرێ، نە سەری دیاربێ نە بنی. حەوت شەو و حەوت ڕۆژان شایی بگەڕێ، خزمی حەوت گوندان بانگدێڵێن. فڕکان فڕکانی شاباشان زووڕناژەن و دۆڵەنگێوان مەست مەست بکات، باب بۆ کوڕی بگێڕیتەوە!

دوو هەفتە بەسەر گواستنەوێ هەرسێ بووکاندا تێپەڕی، عومەر بە شەو و بە ڕۆژ ژووڕەکەی خۆی جێ نەدەهێشت. لە شادیدا نقوم ببوو. بە گەیشتن بە سەبری و تێکهاڵان و ئاوێزانبوونی شەوانەیان، تێگەیشت لەو دیوی ژیانی ئاسایی، سەرزەمێنکی دیکەیش هەیە کە پڕە لە بەختەوەری و، ئەو، تا ئێستا ئەزموونی نەکردبوو!

لەو ڕۆژەوەی سەبری ژیانی داگیرکرد، گۆڕانێکی سەیری بەسەردا هاتبوو، تا دەهات زیاتر بە وجوودی خۆیدا ڕۆدەچوو. وەک شاباز بەسەر هەوراندا دەفڕی و وەک سۆفی لە ویردو زیکری عیشقی سەبری و گوندەکەیاندابوو. بەوی با، چرکە چرکە چاوێکی لەسەر سەبری و چاوێکی لەسەر سروشت و دیمەنی گوندەکەیان بوایە! گفتولفت و دەمودوی ئاشقانەی بۆ سەبری، لە هی مەم و زین و شیرین و فەرهاد و خەجێ و سیامەندو دەرویش عەڤدی و عەدول دەچوو! خۆشەویستییان، لە ئەفسانە بەرەوژوور بوو! ئەوە چ پەرجوویەک بوو

خودایە! کە لە بنی بنەوەی خەرەندی نائومێدی، دەستی گرتن و بۆ لوتکەی بەختەوەریی بردن!

چەند بیری لە نەقش و نیگاری جوانی و ڕەفتارو گوفتاری دەکردەوە، زیاتر بیری لە کار و کردگاری خالیق دەکردەوەو تێیدا حەیران دەبوو. جا، سەبریش هەروابوو! بەیانییان بۆ ئەوەی، لە یارمەتیدانی دایکی و ئیشوکاری ماڵ و مانگادۆشین، چاو و دەستی سەبری نەگرێ و سەبری بەخۆیەوە سەرقاڵ نەکا، بەر لە خۆرهەڵاتن دەچووە سەر ئەو گردەی بەسەر گوندیدا دەڕۆنی، پڕ بە سییەکانی هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەمژێ و چاوی پڕدەکرد لەو شیرینییەی خودا بە سروشت و گوندەکەیانی بەخشیبوو. بە تاسەوە لە خۆرهەڵاتنی دەڕوانی و دەستی بۆ گزنگ لەسەر سینگ بوو، بیستنی لە دەنگی تیترواسک و کەناچەکان، تێردەکرد. دوکەڵی لوولە سۆباکان و تۆڕاڵەشینەکەیان کە باڵی بەسەر گوندیدا کێشا بوو، مەست و دێوانەتریان دەکرد. فڕینی کۆترەکان بە ڕەوە و خۆتێک هەڵسوویني نێرەو مێیەکان، دروست خۆی و سەبری دەبینی و عیشق و باڵی فڕینی عومەریان، بەهێزتر دەکرد!

دیمەنی سەگەکانی ئاوایی کە بەو خۆشناوە ڕێبوارانە دەحەپین، باری توتنیان لە هەرتەلێوە دەبردە ئەو دیوی زوورگەزراوی ناوسیان و مامەسێنیان و بندیانان، ختوکەیەکی خۆشی بە دڵی دەبەخشی. لەو گۆڕستانە ورد دەبووەوە کە پڕبوو لە خێو و مردوو... لە پانتایی هەموو ئەو دیمەنانە، ئاسۆیەکی فراوانی بۆ ژیان دەبینی و، حەزی نەمردن، سەفاو هەستێکی سەیری پێشکەش بە ڕۆحی دەکرد.

ئەو، بە شێوازێکی تایبەت و قوڵ لە دنیای گوندەکەیان و سروشتی ئەو بەربەیانە سیحراوییەی دەڕوانی و بە شوێنپێی خالیق و نەققاشی ئەو تابلۆ ناوازەیەدا دەگەڕا! لە بەردەمی ئەو هەموو ڕەنگ و وردەکاری و داهێنانەدا، بەنێوەخۆیدا شۆڕببۆوەو دۆشدامابوو. لە چێژی ئەفسووناوی گەردوون و سروشت و گوندەکەیان و ئەو سەبرییەی، کە نەققاش تەنها و تەنها بۆ ئەوی کێشابوو، پڕ نەدەبوو، تێر نەدەبوو.

هەرچەند هەوڵی دەدا لە مانا و مەغزای پشتەوەی ئەو هەموو خولقێنداراوانە تێبگات، بەڵام هەر دەستەوەستان بوو. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: خودایە! قەت دەبێ ئەمن گیانم، لە بینینی جوانیی ماشووقەکەی خۆم و ئەو دیمەنە ئەفسوناویانە، تێر ببێ!

سروەو شنەی بای ئەو بەیانییە، لە پرچ و بسک و سینگ و بەرۆکی سەبری دەداو خۆیان لە گەردنی وەردێنا، عومەر حەسوودی بەو شنەبایە دەبرد! زولف و پەرچەمی چین چینی سەبری، هەر چینێکیان مەیلی عاشقی بۆ کوفرێک ڕادەکێشاو، قەفی هەر داوێکیشیان کەمەندێک بوو بۆ دڵی بێچارەی. عیشقێکی زۆردار و لە ئیرادەبەدەر هەموو وجوودی عومەری داگرتبوو. لە هەموو شتە جوانەکاندا سەبری دەبینی. هەمیشە ئەو قسەیەی دایکی وەبیر دەهاتەوە کە دەیگوت: کوڕم چەند جارم پێگوتی ئارام بگرە، ئەوەی لەسەر سەبرانە، لەسەر خێرانە! سەبر کلیلی ڕەحمەتێیە! ئینجا لەبەرخۆیەوە دەیگوت: دایکم ڕاستی دەکرد!

ژیان ململانێی دژەکانە. هیچکەسێک و هیچ شتێک بەبێ دژەکەی، هەڵسەنگاندنی بۆ ناکرێ و لای خەڵک ناناسرێتەوە، ئەگەر خراپەکار نەبوایە، چاکەکارمان نەدەناسی. هەموو ئەوەی لە ژیاندا دەگوزەرێ، زۆرانبازییەکی بەردەوامە، لە بەینی ڕووناکی و تاریکی، درۆو ڕاستی، چاکەو خراپە...

چەند ڕۆژێک بوو عومەرو بلە سەرئاسن، کەڵکەڵەی چوونە شاریان کەوتبووە سەری، بۆیە بڕیاریاندا بوو ئەو ڕۆژە بچنە شاری.

٧

تازه زەردەی خۆر، خۆی لە سەران دەهاڵاندو گەزنگی دەهاویشتن، شەوق و شەبەقی خۆی لە تاق و کۆشک و حەسارو دووەریان دەداوە. سەبری، بەو قۆڵ و مەچەکە ناسک و سەرپەنجە بەخەنانەی بووکێنییەوە، دەستی لە عومەری هەڵشەقاند بێت نانی بخوا. عومەر خێرا خۆی گەیاندەوە ماڵێ بۆ ئەوەی بەرلەوەی بلە لە دەرگای بدات، یان ئۆتۆمبێلی گوندی جێی بێڵێ هەرچی زووە پاروونانێکی قاوڵتی بخوات. سەبری گوتی: ئەرێ ئەوە بەو بەیانییە زووەی بێ ئاگر لەسەر ئەو گردەی سەرمات نەبوو؟ نەخێر! چونکە دڵی من ئاورێکی دیکە گەرمی دەکاتەوە! لەنێو قساندا، لەناکاو نیگای ڕژایە سەر ئەو دوو تنۆک شیرەی لە کاتی مانگادۆشین بەسەر قۆڵ و مەچەکی سەبرییەوە نیشتبووەوە. عومەر توند مەچەکی گرت و هەردوو تنۆکە شیرەکەی لێستەوە. سەبری گوتی: کوڕە بەرمدە نەبادا دایکت بمانبینی! عومەر گوتی: دەڵێن ئاونگی سەر پەڕەی گوڵ، بەیانیان هەرکەسێک بیخوا بێشک حەوت دەردان دەپەڕێنێ! سەبریش بە بزەیەکی عەییارانە، کە هەزار و یەک تەفسیری هەڵدەگرت، وەڵامی دایەوە!

دڵەکەم سەبە گیان! هەرچەند دەکەم، ڕێ داناگرم بۆ یەک چرکە بە جێتبێڵم، بەڵام هەندێ کاری زۆر گرنگمان هەیە، لەگەڵ بلە سەرئاسنی دەبێت برۆین لەبۆ شاری؟ سەبریش، بە تەماشاکردنێک، وەک هەڵۆ دابێتە چۆلەکەو پەڕوبالّی تێکبشکێنێ، تەنها لەبن لێوانەوە گوتی: زوو دێیەوە؟...

عومەر هێشتا بە تەواوی نانی قاوەڵتی نەخواردبوو، بلە، گەیشتە

سەری: پەلە بکە با ئۆتۆمبێلەکە بەجێمان نەهێڵێ. هەرکە سواری ئۆتۆمبێل بوون، عومەر کەوتە بەر تانەو تەشەری جەفەنگئامێز، یەک دەیگوت: تازە زاوایەو پرچی تەڕە سەرمای دەبێ! یەکی دیکە دەیگوت: شەوێ نەخەوتووەو باوێشکی دێ و خەوەکوتکەی دەباتەوە! بلە سەرئاسنی هاوڕێشی سایلی ئەوان دەیگوت: نە بابە، خەمتان نەبێ سەرمای نابێ، جاحێڵە، هێڵکەی لە باخەڵیدا دەکوڵێ و منەتی بە سەرمایێ نییە!... لە بەرامبەر گۆڕستانی چراغ، وەک کۆماندۆ خۆیان لە ئۆتۆمبێل فرێدا بەرەو خانەی مامۆستایان، تاوەکو بڕوانامەی عومەری وەربگرنەوە. دەستی ڕێگایان گرت و بە کاوەخۆ دەڕۆیشتن، چونکە هێشتا زۆریان کات بەدەستەوە بوو. بەپیاسەکردن بەنێو ئاپۆڕای خەڵکەدا تێدەپەڕین، هەریەکەو بەرەو شوێنی کاریان، خۆیان هەڵدەکوتا. شاگردەکان بەر لە گەیشتنی وەستاو خاوەن دووکانەکان، پێش دوکانەکانیان دەمالّی و جامخانەکانیان دەسڕییەوە.

لە بەردەمی یانەی فەرمانبەران، بلە گوتی: کاری سەرئاوم هەیە با بچینە مزگەوتی شێخەڵڵای!... عومەر، دەمێک بوو چاوەڕوانی دەکرد بلە سەرئاسن زۆر دواکەوت، عومەر پێیگوت: دەزانم بۆچی دواکەوتی، خەریکی کارە حیزەکەی بووی، وەک پیشەی هەمیشەییت! ئەویش گوتی: ڕاست دەکەی ئەوە چۆنت زانی؟ عومەر گوتی: پێم بڵێ ئەوجارە چ مەقالەیەکت نووسی؟ بلە گوتی: هەر بڕوخێ سەدام و بژی کوردستان نییە؟! لەگەڵ چەند جونێکی مزر! عومەر گوتی: کوڕە بەس ئەو کارە حیزە بکەن، ئەوە کردەوەی بێدەسەڵاتانە، پێویستە شەوان دیوارەکان بنووسین!

ئەو ڕۆژە، هەلێکی باش بوو بۆ یەکتر بەسەرکردنەوەی هاوڕێ و هاوپۆلەکانیان. دەوریان لە یەکتری دابوو، ئەوانەی بە هەر هۆکارێک ئامادەی زەماوەندی عومەری نەببوون، بەدەم پیرۆزباییکردنەوە، داوای لێبووردنیان دەکرد. ئەوەی بانگێشتیش نەکرابوو، عومەری گلەییباران دەکرد. عومەر، چاوێکی بەنێو هاوڕێکانیدا گێڕا، ئەوەی دیارنەبوو تەنها

عەزەخرەی برادەری گیانی بە گیانی بوو، پرسی: گەلی برادەران، لە عەزە خرەم گێڕابووەوە نەهاتبوو، ئێستاش دیارنییە، خۆ هیچیان لێ نەقەوماوە؟خۆ باوکی نەمردووە؟ یەک لە هاوڕێکانی گوتی: کوا بۆ ئەوێ ڕۆژێ خوا کردبای باوکی بمردایە، بەڵام ئەو کارەساتە ڕووینەدابوایە!

*

قەدیفەی خوشکی عەزەخرەی، هەموو سااڵێ لەسەر ئاستی شاری بە یەکەم دەردەچوو. لە پۆلی شەشەمی ئامادەییش، لە هەموو تاقیکردنەوەکانی مانگانەو نیوەی سااڵی دەبەخشرا. ئەو کچێکی ئاسایی نەبوو، زیرەکیەکی سەرسووڕهێنەری هەبوو، لە هەموو قوتابییەکانی دیکەی جیا دەکردەوە. مامۆستاکانی، هەر بە ئایندەی مەملەکەت بانگیان دەکردو، ئەوەش، ببووە هۆی ئەوەی هاوپۆلەکانی بەخیلی پێبەرن. بەخیلی، ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی قەدیفەی ئازاردەدا، تەوس و توانجی ئەو کچانە بوو کە، یان تەمبەڵ بوون، یان خۆیان بەڕکابەرو هاوتای قەدیفەی دادەنا، یان پلەی کۆمەڵایەتییان لە ڕووی مادییەوە، لەو باڵاترو، خۆیان بە سەردەستەی چینی دەوڵەمەندان دەزانی. بۆیە هەمیشە ئەو توانجەیان لێدەدا کە لاوازی کەسایەتی قەدیفەی لە باوکیڕا پیشان دەدا! ئەوەش، نقومی بیرکردنەوەیەکی خەمناکی دەکردو بەردەوام خۆی دەخواردەوە. باوکی، تەنها قومارچی بوو، کەچی هەرچی خەسڵەتی دزێوی کۆمەڵگایە، پێیانەوە هەڵدەواسی. دەیانگوت: - دزی دەکات! - شەوان دواین کەسە لە مەیخانەکان دێتەدەر! - دەڵێن شەڵوارپیسیشە!

قەدیفە، ئەو ڕۆژانەی هاوپۆلەکانی ئازاری ڕۆحییان دەدا، کاتێک دەگەڕایەوە ماڵێ، هەمووی لە خۆیدا بەخەبەردەهێنایەوە. هەرکە بەپەلە پێڵاوی دادەکەند، کتێبەکانی تووڕهەڵدەدان و گریانێکی بەکوڵ دەگریا. هەرچەند دایکی بانگی دەکرد، لە حەیبەتان تەخت لەسەر ڕوو دەکەوت. دوای تاوێک دەیگوت: دایەگیان توانای سەربەرزکردنەوەم نییە لەنیو

هاوڕێکانم. هەر خۆت بەرگەی ئەوە دەگری گوێ لە دەنگوباسی باوکم بگری! ئەمن نامەوێ گوێم لێبێت بڵێن باوکت قومارچییە! لە حەیفی ئەو، شەوان توانای چوونە نێو پێخەوەکەشم نییە! باوکم کەی واز لەو ئیشە پیسەی دێنێ؟ هەموو ژیانی ڕابردوو و ئێستاو ئایندەی ئێمەی سووتاند. کەسایەتیی بۆ نەهێشتووین! کە پێم دەڵێن کچی قومارچی، لە هەناسەیەکی ساردو سەردانەواندن زیاتر وەڵامێکم پێ نییە بۆیان. بزە بێزراوەکانیان وەک مۆم دەمتوێنێتەوە. ئازارێکە، داخم دەکات! ئەو شەوانەی کە درەنگانی شەو یان بەری بەیان دەگەڕێتەوە، من تا ئەوکاتە هەر بەخەبەرم و، هەر هەموویم لە دەفتەری یادەوەرییە تاڵەکانمدا نوسیوەتەوە. ئەمشەویش تا بەیان هەر لە قومار بوو. ئاخر دایەگیان نەهامەتی و بەدبەختی لەوە زیاتر چییە!؟ خانوو و ئۆتۆمبێل و هەرچی هەمانبوو هەمووی دۆڕاند، خەریکین خۆشمان دەدۆڕێنین، ئەوەتا لە تەواوی خزمەکەس دابڕاوین، هەر دەڵێی لە چۆڵەوانی دەژین!

ڕۆژانی پێشتر، بە هەنگاوی خاوەوە جەستەی ماندووی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا، بەڵام ئەمڕۆ جیاوازە، شادیەک باڵی پێگرتووەو وەک ئاسک ڕێگا دەبڕێ، بۆ ئەوەی هەرچی زووە بگاتەوە ماڵێ و هەواڵ و مژدەی دەرچوونی بە یەکەم و بەرزترین نمرە لە تاقیکردنەوەکان بە دایکی ڕابگەیەنێ. چەند پێڵاوێکی زیادی پیاوانی لەبەردەرگای ژووری میوان بینی. بەدەر لە هەموو ڕۆژانی بووری، ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆش بوو، یەکەمیان بە هۆی ئەوەی لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و دەبێتە هۆی دڵخۆشکردنی دایکی، دووەمیان دەیزانی ئەگەر میوانیان هەبێت، دایکی نان و چێشتێکی خۆش سازدەکات، بۆیە هەر زوو بەرلەوەی سڵاو لە دایکی بکات، کتێب و تێنووسەکانی داناو بەپەلە جلی مەکتەبی داکەند و خۆی گۆڕی، ماکسییە گێلاسیەکەی لەبەرکردو ڕووی لە چێشتخانە کرد. لەبەرخۆیەوە نارەنارو زەمزەمەی گۆرانییەکەی عومەر ڕەزای دەکرد:

هـاتم هـاتم، بە سەربەسـتی هـاتم، نەمزانـی وا گـرژو پەسـتی بە سەربەستی هاتم!

بینـی دایکـی خەریکـی تێکـوەردانی چێشـتەکەیەو ئاگـای لە هـاتنەوەی کـچەکەی نیـیە. بەئەسـپایی هەنگـاوی هەڵـدێنا، لە پشـترا بە هەردوو دەستی چاوەکانی دایکی گرت، یەکسەر دایکی گوتی:

دەزانـم قەدیـفە جەرگ و دڵەکەی خـۆمی! بەرمـدە بـا چێشـتەکەم نەسـووتێ! ئەوەی بـۆ قەدیفەی جێگـای سـەرنج بـوو، هەردوو نێـولەپی دەسـتی تەڕ تەڕ بـوو! بە دەسـتی ڕاسـتی ڕووی دایکـی سـووڕاندە لای خۆی و سەری خۆیشی خوارکردەوە، بۆ ئەوەی بە جوانی ڕووخساری دایکی ببینێ. کاتێک ئەو فرمێسکە گەرمانەی سـەر کـوڵمی دایکی بینی، گـوتی: ئەی جـوانترین و میهرەبـانترین دایکـی دونیـا، بۆنـوبەرامەی چێشتەکەت گەڕەکی مەندەهۆش کردییە، بەڵام پێم ناڵێی ئەو فرمێسکانە چین؟! بـۆچی گریـاوی؟ چیـیە دیسـان بـاوکم ئـازاری ئەو ڕۆحە پـاکەی داوی؟ تـاکەی لەنێـو چەوسـانەوەو وردوخاشـبوونی ڕۆحـی خۆتـدا بەردەوامـی بەو ژیـانە کـولەمەرگییە دەدەی و بەو ئـازارە بێکۆتـایە دەتلێـیەوەو ئـێمەش دروێـنەی خەمەکانـت بکەیـن!؟ ئەی سـندوقی سەرمۆری خەمان! خەمەکانت بەشی تەواوی ئەو شـارە دەکەن، ئەگەر بەسەریاندا دابەشی! نیوەشەوان بە دۆڕانەوە دێتەوە ماڵێ و ئـازاری تۆ دەدات! دایکی گوتی: نا کچی خـۆم نەگریـاوم ئەوە پیـازم پـاک کـردووە، بۆیە ئاو لەچاوم بەند نابێت! برۆ دەموچاوت بشۆ با چێشتت بۆ تێبکەم! قەدیـفە، فرمێسکەکانی دایکی سـڕی و هەردوولا ڕوومەتـی مـاچ کـردو گوتی: پێویست ناکا شتمان لێ بشاریەوە، ئەمـن گەورەم و هەسـت بە شت دەکەم، بنی خەمەکانت دەبینم کە چەندە قوڵن! دەزانم لەبەر خاتری مـن و کـاکە عەزەی بـرام دڵـت نـایە هـیچ بڵێی!... کەوایە، بـا مزگێنییەکـی وات بدەمێ باری خەمەکانت کەمێک سووک بکەم، ئەمرۆ بە یەکەم و بە پلەی نایاب دەرچـووم!... ئەدی ئەو میوانـانە کێن؟ هێنـدە خۆشەویسـتن ئەو چێشتە خۆشەیان بـۆ سـاز دەکەی؟! دەی هەر چـاکە ئێمەش ئەوڕۆ

لە سایەی ئەوان چێشتێکی بەلەزەت دەخۆین، ڕاستیان گوتوە: بە خاتری گوڵەگەنمێکی سەت گوڵە زیوان ئاو دەخواتەوە! جا چێشت بێ و دایکی من لێی بنێ، پەنجەی پێوە دەخۆی! ئەمڕۆ یەکجار زۆرم برسییە، بە قەد هەموو میوانەکان دەخۆم! ئەرێ دایە پێت نەگوتم ئەو میوانانە کێن؟ خۆ باوکم ئێرەش ناکاتە قومارخانە؟! دایکی گوتی: ئەوانە میوانی باوکتن، ئەمن هیچیان لێ ناناسم، هەر ئەوەندە دەزانم یەکیان ناوی (قادر جۆکەر)ـە، بە ناوەکەیەوە دیارە لە پێڕی باوکتەو ئەو شۆرەتەی ڕەنگە هەر لە قومارچیاتی بۆ مابێتەوە کچم، کەشکیش برای دۆیە! دەیویست تا بۆی دەکرێ حەول بدا خەمەگەورەکەی لە قەدیفەی بشارێتەوەو بەرلەوەی قەدیفە ئامانجی هاتنی میوانەکان بزانێ، چێشتەکەی بۆ تێبکات و تێری لێ بخوات، بۆیە هەر زوو چێشتی بۆ تێکردو لەپێشی داناو گوتی: دە بخۆ ڕەببی بە قوربانت بم، با چاوم لێ بێت کە دەیخۆی، بەڵکو ماندووم بحەسێتەوە، بەیانییەکەش هێندەت نان نەخوارد، دەزانم ئێستا زۆر برسی.

ئەو کارەی دایکی جێگای سەرنج و سەر سووڕمان بوو، بەهەستیاری دەستی بۆ کەوچکەکەی برد، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: چ بووە؟ بۆ دەبێ ئەمن بەر لە میوانەکان نانی بخۆم؟! بۆیە، لەسەر هەست و گوێ قوڵاغ هۆشی لای چەلەحانێی میوانەکان بوو. لەو کاتەدا عەزەخڕەی برای، پیاڵە بەتاڵەکانی لە دیوەخانێ هێنایەوە، بە بۆڵەبۆڵ گوتی: ئەوە چ کارێکە باوکم بە منی دەکات! ئەمن لە خزمەتی میوانی ڕەوشتبەرز ماندوو نابم، بەڵام ئەوانەم نایەتە بەردڵی، قسەکانیان لە زیان زیاتر هیچ کەڵکی تێدا نییە. ئەو ژووریانە پڕکردوە لە دوکەڵەجگەرەی. هەر پێدەوەستم چایان بۆ ببەم و تەپڵەکە جگەرەیان بۆ پاک بکەمەوە. دەرگاکانیان داخستووە لەبەر دوکەڵی جگەرەی، چاو چاوی نابینێ، دەڵێی ڕێوی قانگ دەدەن! دەیویست خەمە گەورەکە لەنێو دوکەڵی جگەرەو ناڕەزایەتیدا بشارێتەوە. عەزە، وردو باریک لە ماجەرای هاتنی میوانەکان حاڵی ببوو، لەگەڵ دایکی بە ئیشارەت لەگەڵ یەکتر دەدوان،

نەیاندەویست قەدیفە لە هۆکاری هاتنی میوانەکان هیچ بزانێ. هەرچەندە بە ڕوویانەوە دیاربوو دەیانەوێ شتێک لە قەدیفەی بشارنەوە! دووەم کەوچکی برنجەکەی بۆ زاری برد، وەکو دانەی داو لێی دەڕوانی سڵی لە نانخواردنەکە دەکردەوە. لەناکاو لە ژووری میوانان بوو بە هەراو هەڕەشە لە یەکترکردن و دەنگەدەنگی بەرز. لەنێو ئەو قسانەدا قەدیفە گوێی لە ناوی خۆی بوو، کەوچکەکەی فڕێداو بەرزەپێ بڵند بوو، ڕۆیشتە هۆڵەکەو نزیک دەرگای دیوەخانێ، بۆ ئەوەی لەو مشتومڕە تێبگات، بە تایبەتی تێوەگلانی ناوی خۆی لەو کێشەیەدا. ئەوەی وەک نەشتەر پەردەی هەستی ناسکی قەدیفەی دادڕی، شیڕەشیڕو هەڕەشەکانی قادر جۆکەری بوو. دایکی، ئامێزی لە کچەکەیدا و گوتی: وەرە نانەکەت بخۆ گوێ بەوانە مەدە، لە بەیانییەوە ئەوە چەند جار لە یەکتری بڵند دەبن و دادەنیشنەوە. قەدیفە گوتی: ئاخر ئەو نانە چۆن دەخورێ نەزانم ناوی من بۆ هاتۆتە نێو کێشەی قومارچییان!؟

قادر جۆکەر، یەک لە بەدناوترین قومارچیەکانی شار بوو، بچووکترین بۆنی ئینسانی لێ نەدەهات. زۆری شانازی بە پاشناوی جۆکەر دەکرد، چونکە ئەو پاشناوەی لەو شەوەوە پێ هەڵواسرا کە لە درەنگانی شەوێکی قوماردا، قادر وەرەقەی جۆکەری شاردبووەوە، بەو هۆیەوە لەگەڵ بەرامبەرەکانی لێیان ببوو بە شەڕەچەقۆ. قادر، دوو قومارچی بریندار کردبوو، یەک لەوانە چەقۆیەکی لەسەر ڕوومەتی قادر دابوو، هەتاوەکو سمێڵ و لچی سەرەوەی دوو کەرت کردبوو. لەو وەختەوە پاشناوی جۆکەری پێ هەڵواسراو شانازیشی پێوە دەکرد. دەستی لەسەر ڕوومەتە هەڵدڕاوەکەی دادەناو دەیگوت: ئەو شەقارەی ڕوومەتم دەبینی، ئەوە لە کەلایانێی نێو منداڵان وام بەسەرنەهاتووە، بەڵکو لەنێو زرینگەی دامربۆکس و چەقۆ بە چەقۆ گەیشتینە ئەمڕۆ، بۆیە ئەگەر زیاد نیت لە مااڵێ، چەند هەنگاوێک لێم دوورکەوە، ناچارم مەکە کەلوکرۆمت بکەم و بتکەم بە سەروپێچک و هەموو تەمەنت بە سەقەتی بەریتە سەر!

بەدەم هەڕەشەکردنەوە پاشپانی پێڵاوەکانی هەڵدەکێشاو قامکی لە باوکی قەدیفەی ڕادەوەشاند وەک جوجکەترسێنی بکات: ئەگەر ئەورۆ تا ئێوارێ قەدیفەم لە دەست نەنێی، دێم بە پرچانی بە دوای خۆمدا ڕایدەکێشم، ئەو کات ئەگەر خۆت بە پیاو دەزانی، دەستم بگرە تا بتکەم بە قیمە!

باوکی قەدیفەی، چاوی لەو شەقاوەو کەللەوەشێنانە بوو کە بە ئاماژە پەنجەی شادەیان بە گەردنی خۆیان دادەهێناو دەیانگوت: قخخخخخخ، واتا سەرت دەبڕین! بۆیە ترسی لێنیشت و کەوتە پاڕانەوە: وەرنەوە ژووری با لەو گەڕەکەش ئابڕووم نەچێ! نانەکەتان بخۆن و دوایی یەکتان بڕۆن مەلای بێنن و مارەی بکەن. خۆ ئەمن نەمگوتووە ناتاندەمێ، نەشمگوتووە نەمدۆڕاندووە، تەنها گوتم: ماوەیەک سەبرم لێبگرن با کچەکەم ڕازی بکەم! قەدیفە، وەک لەسەر باڵەخانەیەک کەوتبێتە خوارەوە، هەر ئەوەندە لەگەڵ گریان هەردوو دەستی بە چاوەکانییەوە گرت و چوو لە ژووریک لەسەر چاوان کەوت و ڕووی نەبوو هیچکەس ببینێ. ئاخر دەبێ چ بڕینێک لەوە بەسوێتر بێت، باوکێک کچە جگەرگۆشەکەی لە قومارێ بدۆڕێنێ!؟ هیچ زمانێک نەیدەتوانی گوزارش لەو سووکایەتییە بە مرۆڤ، بکات! دایکی و عەزە، هیچیان نەبوو کە پێی بڵێن، تەنها کە لە خواردنە دەستنەخوردە جێماوەکەی ڕادەمان جەرگیان هەلاهەلا دەبوو، دەیانزانی ئەو زوڵمەی لەو کچە کراوە، هیچ دڵدانەوەیەک هەڵناگرێ. وەک نەریتێکی کۆمەڵگا، ئەو کچانەی لە (بەدەل خوێن) بۆ مەسڵەتێک یان وەک قەدیفە، بە بووک دەبڕێن، شایی و مەراسیمیان بۆ ناکرێ، بەشەو، بە کڕ و بێدەنگی دەبڕێن.

لە دوای نانخواردن و مارەکردنی قەدیفەی، لەلایەن باوکییەوە، قادر جۆکەر گوتی: ئێوارێ دوای نوێژی شێوان دێم قەدیفەی لەگەڵ خۆمدا دەبەم!

عەزەخرە گوتی: بێویژدانیی ئەو پیاوە گەیشتۆتە ڕادەیەکی زۆر

مەترسیدار! قومار ڕیسوای کردین، کەرامەتی شکاندین، ناتوانم لەنێو خەڵک سەرم بڵند بکەم. ئاخر ئەوە دروستە مامەڵە بە ژیان و بە کەرامەتی مرۆڤێکەوە بکرێ! چما سەردەمی کۆیلایەتییە؟! ئەدی یاساکانی مرۆڤبوون دەکەوێتە کوێی ژیانەوە؟ ئای دادپەروەری لەکوێی؟!

قەدیفە، بوو بە ئاوێنەیەکی شکاو کە هەرگیز پارچە شکاوەکانی بە هیچکەس کۆ ناکرێتەوە! ئەو، کەسێکی ئاسایی نەبوو، زۆر پێش تەمەنی خۆی کەوتبوو. هەر لە منداڵیەوە لە هەموو شتێکدا بەسەر هاوتەمەنەکانیدا سەرکەوتبوو. ئەو بەهرەیەش، هەر لە فیترەتەوە هەیبوو. قەدیفە، ژیانی پێ خۆشبوو، بەڵام لە دووڕیانێکی پڕ لە ئاشووب و تەمتومان و مەترسیدار گیری خواردبوو. نەیدەویست ئەو چەند چرکەساتەی لەبەردەستیدا ماوە بەزایە بدات، تۆند ئامێزی لە دایکی دابوو، بۆنی سینگ و بەرۆکی دەکردو نەفرەتی لە گەورەبوونی خۆی دەکرد. چیرۆکە زامدارەکانی ناخی و تانەو تەشەری هاوپۆلەکانی هەموو وەک کوڵکی تیراوەی[1] تێکڕا وەبنیاندایەوە، بریندی کەون و نوێی کولانەوە. ئەوەی ئەورۆش، وەکو خەونێک تێپەڕبوو. لە خۆی زیاتر گوێی لە هیچکەس ڕانەدەگرت، تەنها بۆ ڕۆحی خۆی دەدوا. جار نا جارێک سەری بە هەموو دەرگای خەیاڵەکانی خۆیدا دەگرت: هیچ بەهایەک بۆ بوونی من نەماوەتەوە، بە جۆرێک ئێستا من نازانم کێم، خۆمم بۆ نادۆزرێتەوە!

قەدیفە، بە پێچەوانەی ئەوانەی لە ترسی مەرگ وەکو بی نێو ئاو دەلەرزن، دەیگوت: زۆرجار، خۆکوشتن بە واتای لە دەستدانی باوەڕی مرۆڤ نییە بەخوا، بەڵکو لە خۆکوشتندا، گەڕانە بەدوای پاکیزەیی و ئازادیدا، خۆکوشتن بژاردەیەکی جوانی ڕزگاربوونە!

هەندێک بڕیار، مەودا بۆ گومان و بیرکردنەوە ناهێڵێتەوە! بۆیە، هێشتا

---

[1]- کوڵکی تیراوەی: قونێر، دومەڵێکی بە ژان و پڕ لە سفت و سۆ کە بەردەوام بە بندا دەداتەوەو نوێ دەبێتەوە و ساڕێژبوونی ئەستەمە.

باوەڕی بە ڕاستی و دروستی ئەو ئابڕووچوونە نەدەکرد کە تووشیان بووە. هەستی دەکرد ئەو لە جیهانی چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا دەژی و ئەوەی دەگوزەرێ بەس خەیاڵێکە و هیچی دی! ملکەچی و بێدەنگیە نامۆکەی و نوزەیەکی فیزیایی نیوەخنکاو، وەک لە غەیبەوە بانگی بکەن و وەڵامیان بداتەوە!

تا دەهات، دابڕانی قەدیفەو ژیان لە یەکتری، نزیک و نزیکتر دەبووەوە. ئەوەندەی نەماوە، تۆزێکی دیکە دێن دەیبەن و ئیدی بەرەو فەنا بوون غلۆر دەبێتەوە!

میلی کاتژمێرە نەفرەتییەکە داناسەکنێ، ڕاگرتنی، لە توانای هیچکەسدا نییە، ئەو کاتە کەمەی کە ماوە، بۆ شاییەکی تاقەتپڕووکێن و بکوژە بەرەو چارەنووسێکی تاریک و ئەبەدی. دایکی، بۆ ئەوەی لە باری دەروونیی کچەکەی دڵنیا بێت، گوتی: ئەوە چی دەڵێی کچەکەم؟ قەدیفە گوتی: هیچ دایە! دەمەوێ نامەیەک بە گریانی بێسەمەر و برینی بێدەرمانم، بۆ پەروەردگار بنووسم و لە بنبانێی پەرەسیلکەیەکی ئەمینی دەبەستم، دڵنیام دەگاتە دەستی! چمک و شاقەلی ئاسمانەکان ڕادەوەشێنم کە، نامەکەم، نامەی هەموو قەدیفەکانی دونیا، بێوەڵام مەکەن!

دوای نوێژی شێوان، دەنگی ڕاوەستانی قەمەرەیەک لەبەردەرگا، سەرنجی قەدیفەو دایکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو، ژنێک وەکو بەربووک لەگەڵ دوو لە دابەستەکانی دەوری مێزی قومار، دابەزین. هەر لەبەردەرگا یەکو جگەرەیان داگیرساندو گوتیان: قەدیفەی بێنن، دەیبەین!

قەدیفە، دایکی لە ئامێز گرت و ماچی کردو گوتی: دایەگیان گەردنم ئازاد بکە، چاوەڕێی مالاوایییەکی ئاواو لەماڵدەرچوون و بەبووکچوونێکی ئاوا نەبووم! بەڵام ئیدی ئەوە چارەنووسە! دایکی، زۆر سەرسام بوو بەو خوێنساردی و بەو ئاسان ڕازیبوونەی قەدیفەی!

قەدیفە، ئاوڕێکی لە ژنەکەو دوو پیاوەکە دایەوە: با بوخچەکەم بێنم!

هێندە بەسەربەستی و بەبێترس هەنگاوی نا، دیاربوو ئازاری سووتان

و مەرگی پێ لە ئازاری شکاندنی کەرامەت سووکتر بوو. بەختەوەریی خۆی، بە بەختەوەریی باوکێکی قومارچییەوە هەڵنەواسی! گڕکانێک لە هەناویدا تەقییەوە. لەنێو نیڵەی ئاگردا چریکەیەک عەرشی خوداوەندی هەژاند، ئاسمانەکانی لەرزاند. قیژەیەک، بە هیچ مۆخ و گوێچکەیەک مەزەندە نەدەکرا! ئاگرێک، بە پەیژەکانی مەغریبی کارەساتێکدا هەڵدەکشا... بە سووتانی مۆمی ئەو دوو هەڵووژە کاڵانە، ئاگر لە تەبارەی پاکیزەگی و عازەببوونی بەربوو. ئەو ئاگر و کڵپە و قیژەو چریکەیە، ئەوە قەدیفە بوو زۆر ئاسان و بێمنەت، بێمنەت لە هەموو ژیان، خۆی سوتاند! مێردی بە تۆپەڵێک ئاگر کرد و، ئێوارەیەکی غەمگین و پڕ لە غەدری بە مێژووی شار بەخشی. ئێستا، لەجیاتیی قەدیفە، کۆتەڵە خەڵووزێکی ناموراد، لەو گۆڕەی کەوتووە!

*

عومەر بەو هەواڵە زۆر تێکچوو، بە هاوڕێکانی گوت: زۆر زۆر بەداخەوەم! ناشرۆمەوە گوندی تا عەزەی نەبینم! یەک لە هاوڕێکانی گوتی: بەرلەوەی خوشکەکەی ئەو کارەساتەی بەسەربێت، یان لەدیار شەڕەکەڵەبابی بوو یان لەدیار شەڕەسەی. بەڵام ئێستا هەمیشە گۆشەگیرو خەمناکەو جگەرەی بە جگەرەی پێدەکا. ئێستا، یان لەسەر قەڵاتێ بە تەنها دانیشتووەو پاکەتە جگەرەی لە پێش خۆی داناوە، یان لە بازاڕی جادەی باتەی و پێش چایەخانەی مەچکۆیە، یان لەسەر گردی قالیچاغای دانیشتووە! هەتا ڕۆژ لە هەموو شاران ئاوا نەبێ ڕوو لە مااڵێ ناکاتەوە.

عومەر گوتی: ئەگەر وا بێت باری دەروونیی باش نییە، با فریای بکەوین تاوەکو لە دەستمان نەداوە! عەزەخرە جێی باوەڕو جێی ئومێدو پشت پێبەستنە. سەمیری پورزای عومەری، گوتی: ئێمە کەسمان لە ماڵ نییە، دایک و باوکم چووینە کەرکوکێ سەری پلکم خەجێ بدەن، هەموومان دەچینەوە ماڵی ئێمە، عەزەش دەبینمەوەو ئەویش دێنم. خەجێ پلکی عومەریش بوو، بۆیە گوتی زۆر باشە، بەیانی هەواڵێکی

پلکم خەجێش دەزانم و دەنگوباسی سەلاحیش لەگەڵ خۆیان دێننەوە.

ئەوڕۆژە هەرکەسێک عومەری دەبینی، دوو پیرۆزبایی لێدەکرد، یەکیان بەبۆنەی ژنهێنانی ئەوی دیکە بەبۆنەی تەواوکردنی خانەی مامۆستایان. وەرزی بەهارێ بوو، پاشنیوەڕۆیەکی خۆش بوو، هەموویان لە باخچەی گرکەند دەوریان لێکدا بوو، لەناکاو سەرنجیان کەوتە سەر سەمیرو عەزەخرەی بەهەرەداوان خۆیان هەڵدەکوتا بۆ ئەوەی هەرچی زووە بگەنە لای برادەران. دوای تەوقە و هەواڵپرسینی یەکتری، عەزە لە تەنیشت عومەری دانیشت، چونکە پێی وابوو لە هەرکەسێکی دیکە باشتر لە ئازارەکانی دەگات و، جگەرەیەکی داگیرساند. عومەر لە دوای دەربڕینی هاوخەمی بۆ لە دەستدانی خوشکە بێمرادەکەی، ڕووی لە برادەرەکانی کرد: بە یارمەتی ئێوە، ئێوە دانیشن، لەگەڵ عەزیزی پیاسەیەکی دەکەم... بەدەم پیاسەکردن بۆ لای غاباتی مەحەتەی شەمەندەفەری، سەریان خستبووە بەر سەری یەکتری و بە تامەزرۆیی بۆ یەکتری دەدوان و بەتاسەوە گوێیان بۆ ڕاو سەرەنجی یەکتری شل کردبوو. عەزەخرە گوتی: ئەوەی وێرانی کردووم باوکمە، ئاخر باوک هیچی لەگەڵ ناکرێ. باوکی خەڵکی دەبێتە شانازی بۆ منداڵەکانی، کەچی ئەو باوکەی من، بە هۆی ئەو قوماڕە وێرانکەرەوە، بۆتە تەوقی شەرمەزاری بە ملمانەوە. خێزانەکەمانی لەبەریەک هەڵوەشاند. لە زۆر جێگا خوا خوامە لێم نەپرسن کوڕی کێی؟ زوڵم و سووکایەتیی پیاوەکانی بەعسیش، سەربار! عەزە، ئەوەندەی گوت و بێدەنگ بوو و، ئینجا چاوی لە زاری عومەری بوو بزانێ چ ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکی هەیە... بەر لە هەرشت، ڕاستە قەدیفەی خوشکت لەدەستدا، بەڵام ئەتۆ ئێمەت هەیە، ئێمەش نامانەوێ ئەتۆ لەدەست بدەین، چونکە زۆر کاری پێویست هەیە پێوست دەکا بەیەکەوە تەواوی بکەین. ئەو پەتایەی نێو کۆمەڵگا بە قوماریشەوە، وەکو خۆرە بەربۆتە ژیانی خەڵک. گۆشەگیری و دوورەپەرێزی چاری ناکات، پەرتەوازەیی زیاتر وێرانمان دەکات! بەڵکو پێویستی بە

بەرەنگاربوونەوە هەیە، ڕژێم، بە بەرنامە ئیش لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خێزان و کۆمەڵگا دەکات! کەچی ئێمە، لە گوێی گادا خەوتووین! براکەم عەزیز گیان! بۆچی خۆت گۆشەگیر کردووەو تێکەڵاوی خەڵک نابی؟ ئەو دابڕانە لە برادەران بە هیچ کوێت ناگەیەنێ!

عەزە گوتی: هۆکاری ئەو گۆشەگیری و خۆ بە دوورگرتنەم لە خەڵک، تەنها لە دەستدانی قەدیفەی خوشکم نییە! کاتێک بەنێو شاریدا دەڕۆم، هیچ لادیوارو لاکۆڵان و چێشتخانە و چایخانە و فەرمانگەیەک نیە دروشمەکانی بەعس و وێنەی دیکتاتۆریان پێوە نەبێ. لە ماڵێکدا برایان لەسەر برای خۆی کردۆتە جاسووس. ئەمنێکی بێئەسڵ و فەسڵ، کەس نازانێ لە چ کێوەلی خانەیەک پەروەردە کراوە، بە فیکەیەک ئەو خەڵکە وەک مێگەل دەداتە پێش خۆی و سووکایەتییان پێدەکات. ئەو موختارانەی ئامادە نین جاسووسییان بۆ بکەن هەموویان بە جاسووسەکانی خۆیان گۆڕین. نەفەسیان بۆ ئەوانە نەهێشتۆتەوە کە ڕادەستی خۆفرۆشی نابن و دەیانەوێ حەیاو شەرەفی کوردبوونیان بپارێزن.

خۆر خەریکە سەری ماندووی لە دەستی ژاوەژاوو جەنجاڵیی دونیا، دەخاتە سەر سەرینی شەوێکی خامۆش... هەموویان بەیەکەوە بەرەو ماڵ بوونەوە. لەو ئێوارە درەنگوەختەدا، هەر بابایە دەیەوێ بەر لە وادەی قەدەغەی هاتووچۆ، بگاتەوە ماڵ.

ئەو شەوە هەموویان لە ماڵی سەمیری، لە دەوری عومەری کۆبوونەوە، عومەر گوتی: براینە! وەک لە هەموو تانڕا دیارە، ڕۆژگارێکی تەنگ و تاریکە، تەمێکی ڕەش تەواوی وڵاتی داپۆشیوە. خەڵک هیچ تروسکاییەک شک نابات. دەزگا داپڵۆسێنەرەکان ئەوەی پێیی بگوترێ ژیان، بۆ خەڵکیان نەهێشتۆتەوە. بۆیە، ئەرکی خەڵکانی خوێندەوارو ڕۆشنفکر لەم قۆناغە خراپەدا ئەوەیە کە دەست بەخۆدا شۆڕنەکەنەوەو، هەوڵبدەین نەکەوینە تۆڕی ئەوان. ئەو قارەمانانەی لە ژێر ئەشکەنجەی دەزگا ئەمنیەکانی ڕژێمدا، ورتەیەک لە زاریان نایەتەدەر، وە ئەوانەی

کە خۆیان دەکەنە قوربانی، ئەوانە مامۆستا و پێشەنگی گەنجانی وەک ئێمەن. ئاخر ئەو پلەدارانەی ئەمن کە سەرپەرشتی ئەشکەنجەو وتەوەرگرتن دەکەن، لە بەرامبەر دانپێدانانی هەر بەندکراوێکدا، جۆرەها پاداشت وەردەگرن. بۆیە تا لێواری مەرگ، بە هەموو شێوەیەک درندانەو دوور لە بەهاکانی مرۆڤایەتی بەندکراو، ئەشکەنجە دەکەن، ڕۆژ نیە هەواڵی کاروانێک لە لەسێدارەدراوانی قەسابخانەی موسڵ، بەخانەوادەکانیان نەگاتەوە. لەبەرئەوە، پیاوی ئازای دەوێ لەژێر ئەشکەنجەی ئەو ستەمکارانەدا دەربچێ! عومەر، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو بەردەوام بوو: سااڵنی زوو کە هێشتا، بەعس جێ پێی خۆی لەو شارەدا قایم نەکردبوو، هەستان کتێبخانەی گشتییان کرد بە فەلاقەخانە. دەبوایە هەر ئەو کاتی خەڵکی ئەو شارە، بە ژن و پیاو و منداڵەوە بڕژابوونایەتە سەر شەقام. داگیرکردنی کتێبخانەی گشتی، بەواتای داگیرکردنی ڕووناکی. هەر گەلێک کتێب نەخوێنێتەوە، جڕوجامشت دەبنە دەمڕاست و هەمەکارە.

عومەر بۆ تاوێک بێدەنگ بوو، بیری لەو چەند دێڕە کرچوکاڵە دەکردەوە کە لە دەورانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی، لە دەفتەری یاداشتەکانی کتێبخانەی گشتی دەینووسی و واژۆی دەکرد، لە فکری ئەوە دابوو ئێستا ئاخۆ ئەو یاداشت و واژۆیانەی دەبێ کەوتبێتە کوێ!؟

هەریەکەیان قسەی دڵی خۆیان کرد. بلە سەرئاسن حەماسی کوردایەتی بەرز ببووەوە: پێشنیار دەکەم ئەمشەو دارو دیواری ئەو شارە لە دژی حکومەتی بەعس، پڕ بکەین لە دروشم و نووسین... هێشتا بەتەواوی کۆتایی بە قسەکانی نەهێنابوو، یەکەم کەس کە پەسەندی کرد عەزەخرە بوو. دیاربوو ئەو دیوار نووسینەی وەک تەحەدای دەسەاڵت دەبینی: کوا؟ خۆ بۆیاخمان نییەو بەو شەوەش هیچ دوکانێک نیەو ئەگەر هەشبێت گومانمان لێدەکات. هەموو بۆیاخ فرۆشەکانیان ئاگادار کردییە بزانن کێن ئەوانەی بۆیاخ دەکڕن! بلە سەرئاسن، لەنێو خاولی و جلەکانی دوو قوتی بۆیاخی دەرهێنا: ئەوەش

بۆیاخ! عومەر گوتی: بلە بڕیاری خۆی داوە، بۆیە بۆیاخیشی ئامادە کردووە، ئەوە هەر پرسە خەسوانە بوو بە ئێمەی کرد.

شەو ڕاشکا، خەڵکی شاری نقومی خەوێکی قوول ببوون. هەریەکەیان قەیتانی پێڵاوەکانیان تونـدکردو خۆیـان داپێچـا، یەک لە دوای یەک وەدەرکەوتن، بوون بە دوو تیمی سێ کەسی و دوو کەسی. لەو کاتەی یەکێان لەسـەری شـەقام بە هەسـتیاری و گـوێ قـوڵاغی، چـاودێری بـارودۆخەکەی دەکرد، یەکیش خەریکی نووسـین بـوو. لەو شـوێنانەی نووسـرا بـوو (وحـدە، حـوڕیە، ئیشـتراکییە)، ڕەشـیان دەکـردەوەو لەسـەرەوە دەیانووسـی (دیمـوکراتی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردستان). لەو شـوێنەی نووسـرا بـوو (بەعس ڕێگامـانە) دەیاننووسـی (کـوردایەتی ڕێگامـانە). لەکۆتاییـدا، تۆزێـک بۆیاخیـان پێمـابوو، ئەو نووسـینەیان پـێ ڕەشـکردەوە کە نووسـرا بـوو (امە عـربیە واحـدە ذات رسـالە خالـدە). ئینجـا، بەپەلە فـرچەو قـۆدییە بەتاڵەکانیـان فرێـدایە نێـو زبڵـدان و دەسـتوبرد لە کـۆڵانە تەسـکەکان پێچیـان کـردەوەو یەک بە دوای یەک خۆیان بە ژوورێدا کردەوە. شەو هیچی بە بەرەوە نەما بوو، دەست و پلی خۆیان پاک کردەوەو لێی ڕاکشـان. خەو دەرفەتـی ئەوەی پێ نەدان بیر لە کاردانەوەی پیاوەکانی بەعس بکەنەوە. بەیانی کاتێک لە خەو هەسـتان، خـۆر بە تـاقی ئاسـمانەوە بـوو، چێشـتەنگاوێکی درەنـگ بـوو. دوای نـان و چـا خـواردن عەزە پرسـیاری کـرد: ئـێمە زۆر لێـک بڵاوین، چۆن بتوانین یەکتری بدۆزینەوەو ئاگاداری یەکتر بین؟ عـومەر ئەو پرسیارەی لا گرنگ بوو گوتی: بۆ جـارێکیش بێت، ئـێمە بـا لاسـایی بلە سەرئاسنی بکەینەوە، لە ئاودەسـت نووسـین، ئاودەسـتێکی مزگەوتـی گەورەی نێو قەیسـەری بکەینە شـوێنی ئاگـادارکردنەوەی یەکتـری. ئەو ئاودەسـتەی لای بنەبـانێ، ئەوەی کەوتـۆتە لای پەنـجەرە بچـووکەکە، بکەین بە شوێنی یەکتر ئاگادارکردنەوە. هەریەکەو ژمارەیەکی بۆ دانان، بۆ شوێنی یەکتر بینین وێنەی منارە، غابات، گرد، کۆتر، دیـاری کـرا. بـۆ ڕۆژەکانی هەفتەیش، حەوت خەتی وەکـو ژمـارەیەک دیـاری کـرا، یەکەم

خەت واتا شەممە، ئەو خەتەی لە هەمووان درێژتر بوو، واتا ئەو ڕۆژەی یەکتر دەبینین. بۆ کاتەکە، هێمایەکی خڕی بە وێنەی سەعات، بەندۆلی سەعاتەکە لەسەر کام ژمارە بێت، دروست کاتەکە دیاری دەکات. بەو جوفرەو نیشانانە، ئەوانەی مالّیان لە شاری بوو، هەر وەخت بیانویستبا، یەکتریان دەبینی. بلە، لە گالّتەی خۆی نەدەکەوت: سەرتان لە حکومەتیش شێواندووە، هەرکەس ئەو ژمارەو هێمایانە ببینێ یەکسەر بیری بۆ نهێنیی بەینی ڕەگەزبازەکان دەچێ! لە گەرمەی پێکەنین و قساندا بوون، لەناکاو لە دەرگایاندا. دەرگاکوتانەکە هەموویانی کوژاندەوەو لە شوێنی خۆیان ئەبلّەق بوون. لەو کاتەدا سەمیر لە ئاودەست بوو، بۆیە لە کردنەوەی دەرگا تۆزێک دواکەوت. دووبارە گرمەگرمی دەرگاکە هەموویانی حەپەساند. ڕیتمی کوتانی دەرگاکە، بە میوان نەدەچوو. هەموو چاوەکان ئەبلّەق بوون، سەرنجیان کەوتە سەر درزی دەرگاکە، ئاخۆ لەگەڵ کردنەوەی چی ڕوو دەدات!؟ بە نیگەرانی و دلّەڕاوکێیەکی زۆرەوە لە دەرگایان دەڕوانی، شەپۆلی شلّەژانێکی دەروونی، وەک ئاماژە بۆ ڕووداوێکی کارەساتبار، لە سیمایان دەبیندرا. هەموویان ڕوویان کردە سەمیر، وەک بپرسن دەبێ کێ بێ ئاوا بە سەربەستی لە دەرگا بدا؟ سەمیر بە دەم ڕۆیشتنەوە بۆ کردنەوەی دەرگاکە گوتی: قەرار نەبوو تا ئێوارە دایک و باوکم بێنەوە، بۆیە دلّنیام ئەوان نین. عومەر بێئەوەی جوامێری و ئازایەتییە خۆڕسکەکەی لە دەست بدات گوتی: سەمیر بچۆ دەرگاکە بکەوە، ئەگەر پیاوانی دامودەزگا داپلّۆسێنەرەکان بوون، کە دلّنیام ئەوان ئاوا بێ منەت دەرگای خەلّک دەکوتن، هەمووتان بلّێن بە بۆنەی دەرچوونی عومەری لە خانەی مامۆستایان، لێرە کۆبوونەوە. هەریەکەیان بە چاو پرسیاری لەوی دی دەکرد، ئاخۆ دەبێ کێ بێ؟! دۆخەکە، بۆنی خوێنی لێدەهات و دێوەزمەی ترسیک چۆکی لەسەر سینگی ئەو نێوەدا داناوە. کات و شوێنەکە، هەستی ئەمان و دلّنیایی نەدەدانێ کە خۆیان پێ ڕزگار بکرێ. چاوەکان کەوتنە سەر هەنگاوەکانی سەمیری و کێلۆنی

دەرگاکە، هەریەکەیان لە زەینی خۆی وێنای چەکدارێکی زەیتوونیپۆشی هێزە ئەمنیەکانی کێشابوو کە چۆن خۆی بە ژوورێدا دەکاو دەیانداتە بەر قۆنداغە تفەنگ. هەریەکێکیان بە جۆرێک، ئەو چەکدارەی وێنا کردبوو: قەڵەوَ، کوڵەبنە، کەڵەگەت، ڕەشکەڵە، مرۆڤکوژ، ترس، ڕووخساری سواق دابوون. چرکەساتێکی هەستیار لە مابەینی مەرگ و ژیان! هەریەکەیان بە شێوەیەک بیری لای خۆدەربازکردن بوو، غیرەتیان وەبەر خۆیان دەداو شڵەژانیان لە ڕووخساریان دەشاردەوە. لە ئاوێنەی چاوەکانیان، دڵنیایی خۆڕاگرییان لەبەر ئەشکەنجەو، نەدرکاندنی نهێنییەکان، بۆ یەکتری دەنارد. ئاخر کەوتنەدەستی ئەو جەلادانەی بە زیندوویی مرۆڤیان کەوڵ دەکرد، ئاسان نەبوو! هەزارویەک خەیاڵ و ختووڕەی ناخۆش بەدڵیاندا دەهاتودەچوو، لەوە دەچوو چارەنووسی خۆیان قەبووڵ کردبێت! دروست لەو کاتە هەستیارە، ڕمبەی خۆهاوێشتنە سەربانی کەسێکیان بیست، هەستی هەمووانی کێش کرد، ئومێدی ڕاکردنە سەربانیشیان لێ داخرا! کەس نقەی لێوە نایە، لێویان لەسەر ددانان وشک ببوو، لە چاوەڕوانی قوڵبەستکردنی خۆیاندا چرکەساتەکانیان دەژمارد. لەنێو ئەو هەموو نغرۆبوونەدا، سەمیر کێڵۆنی چاوەڕوانیی ئەو هەموو چاوانەی ترازاند: دایک و باوکی وەژوورکەوتن! بوون بە سکری لادراو، ڕەنگوڕوویان هاتەوەبەر. گێلەپیاوەکەی هاوسێیان، بە پرچی جەوی جەوی و کۆمەڵێک نووشتووی سەرشانی و شەڕواری لە قوون سوڕاوی، لەسەربانی هاتەخوارێ. کۆترێکی بە سینگی خۆیەوەنوساندبوو، نەبادا لێی بستێنن. هەموویان کردیان بە پێکەنین. ئەویش، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کۆترەکە هی خۆیەتی گوتی: پلکم هەمین لە گوندیڕا بۆی هێناوم!

دوای بەخێرهێنانەوەیان، سەمیر گوتی: قەرار نەبوو وا زوو بێنەوە! چی وایکرد ڕاتان بگۆڕن؟ باوکی گوتی: مامۆستا سەلاحی حاجی مارفی، لە (هەیئەی کەرکووک) گیراوە. حاجی مارف و خەجێی دایکی،

کارو پیشەیان بۆتە گریان، دادو نالەیان دەگاتە ئاسمانێ، ئاورت بۆیان تێبەردەبێت، دایکی هەر چەنگێکی لێ ماوەتەوە، بەڕاستی تاقەتی دەوێ لایان بمێنیەوە! عومەر گوتی: پلکم خەجێ، حاڵی چۆنە؟! دایکی سەمیری گوتی: بڵێم چۆنە!؟ ڕۆژ تا ئێوارێ لەبەردەرگا هەردەلەرزی و لە ڕێبواران دەڕوانێ، لە دوورڕا یەکێک دەبینێ جلەکانی بە جلی سەلاحی کوڕی دەچێت، سەری خۆی لاردەکاتەوەو دیقەت دەدا، بۆ ئەوەی بەشکو خوایە سەلاح بێ! ئەوجا هەناسێکی سارد هەڵدەکێشێ: ئەوەشیان ئەو نەبوو! هەناوی هەڵقرچاوە، زگی بە پشتیەوە نووساوە، خەو و خۆراکی نییە. دەستە ڕەقوتەقەکانی لەسەر یەکتری داناوەو ئەژنۆی لە باوەش گرتوون، لەنێوان خەو و بێداری ڕادەپەڕێ و دەڵێ: ئەوە سەلاحە لە دەرگای دەدا، چاوی دایکت کوێر بێت، کەس نییە دەرگای لێ بکاتەوە! کوڕە تاقانەکەم ئێستا سەرمایەتی!... گەر وا بڕوات، ئەو پیرەژنە بەتەواوی شێت دەبێت! حاجی مارفیش نێوە نێوە بە کەشیدەکەی فرمێسکەکانی دەسڕێ و دەڵێ: پیاو هەتا کوڕێک گەورە دەکات و پێی دەخوێنێ و پەروەردەی دەکات، خوێنی دەبێت بە ئاو، بۆ ئەوەی کە گەورە بوو لەبەری بحەسێتەوە، دێن وەکو گورگی لغاوە بەخوێن، لەبەر چاوت دەیڕفێنن. نازانی بە زیندوویی دەیبینیەوە؟ جەنازەت دەدەنەوە؟ شوێنبزری دەکەن؟ ئەوە چ زەمانێکە تێیکەوتووین، یارەببی کافر نەیبینێ! عومەر گوتی: نالێن بە چ تۆمەتێک گیراوە؟ کێ بە گرتی داوەو چی لە دەست گیراوە؟ دایکی سەمیری گوتی: دەڵێن چەند ڕۆژێک بەر لە ڕفاندنی، لە کەرکوک خۆپیشاندان لە دژی حکومەت کراوە، مامۆستا سەلاحیش یەک لەوانە بووە کە خەڵکی هانداوە. چەند ڕۆژ پێشتریش، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان لەسەر داوای دوو لە پیاوەکانی ئەمن، بانگی کردووەو پێیان گوتووە: ئەو سالێش وەکو پار، منداڵان نەداتە دوای خۆی بچێ ئاگری نەورۆزێ بکاتەوە، ئەگەرنا ئاگری لەسەر پشتی دەکەنەوە! ئەو ئێوارەیەی هاتۆتەوە بۆ ماڵ، لەسەری کۆڵانی ماڵی خۆیان ئەو کەسەی بینیوە کە لێی بە گومان

بووە، بە دایکی گوتووە: هەرچەند جارێ ئەو کەسەی دەبینم، ختووڕەی خـراپم بەدڵـدا دێـن. ئەو هەتیـوە، بە ڕووالەت خـۆی وا نیشـان دەدا کـوردێکی تەواو عەیـارە، بەڵام وانـیە و دڵـم دەڵـێ ڕایانسـپاردووە چـاودێری مـن بکـات و وەک جاسـووس لـێم نزیـک دەبێـتەوە. بێشـک خـائینەو خـۆی بە بەعـس فرۆشـتووە. بەلاش نەگـۆتراوە دار کرمـی لە خۆی نەبێ، عومری هەزار ساڵە! ئیدی هەر ئەو ئێوارەیە بۆ شـەوەکەی، هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی حاجی مارفی، مامۆستا سەلاحیان لەنێو جێی دەرهێناوەو فڕاندوویانەو کەس نـازانێ بـۆ کوێ! هەر بەمەزەندە دەڵێن لە هەیئەی کەرکووکە.

عـومەر و بـلە سـەرئاسـن، مالئاوایـیـان کـردو زوو خۆیـان گەیانـدەوە گونـدی. سـەبری لە چـاوەڕوانی عـومەری، لە هـیچ شـوێنێک ئـۆقرەی نەدەگـرت. ئەو شـەو و ڕۆژەی وەکـو سـاڵێک لـێ گـوزەرا. عـومەریش حاڵی لە سەبری باشتر نەبوو، هەر گەیشتەوە مـاڵێ، سڵاوێکی لە دایک و بـاوکی کـردو هەواڵـی پرسـین، بەڵام لە کـورتی بڕانـدیەوە: دەچـم جلەکـانم دەگـۆڕم. بەڵام لە ڕاسـتیدا وانەبـوو! حـاجی عەولای بـاوکی لەبەرخۆیەوە گوتی: ڕانەوەسـتا پرسـیاری وەزعـی شـاری لێبکەم! حـا! کوڕم خۆ خەلاس نەدەبوو هێندە بەپەلەی! دایکی عـومەری هـاتە وەڵام: لێیانگەڕێ جاحێڵن، بۆ کەونێ هی خۆتت وەبیرنایە؟! کاریتەی لە چـاوی خۆی نابینی، بەڵام زلە کای لە چاوی خەڵکیدا دەبینی!

عـومەر چـووە ژوورەکەی خـۆی و سـەبریشـی بە دواوە. پێیـان لە دەرگـای ئـاوا بـوو، ئـامێزی لە سـەبری داو بڵندی کـرد هەردوو پێی لە عەرزی بـــڕا. دوو جـــاری بە دەوری خۆیـــدا ســـووڕاندەوە، دامێنـــی کراسەکەی وەک چەتر هەڵبوو. سـەبری بەدەنگێکی بەپەلەو لەسـەریەک دەیگوت: کوڕە دامنێ با پشتت وەرنەگەڕێ! عومەر گوتی: خۆشەویستی پـاکژ، نەرمەبـارانێکی خـودایـیە، گـڕی کیـنەو دڵڕەقـی نـاخی مـرۆڤ دادەمرکێنـێ خـامۆش دەکـات. لە پێدەشـتی گیـانی مـن و تـۆدا چـوالەی وەفاداری چرۆی کردووە، گوڵەجوتێرە سـەری وەردەنـاوە. ئێستا ئەمن

زۆر تینووم، تینوەتیشم بەس بە وردە ئارەقەی قولكی گەرنی تۆ دەشكێ!

تێكچوونی ئەمن و ئارامی ولات، چەوسانەوەی نەتەوایەتی، تەنگەتاوكردنی ئەو كەسانەی ڕادەستی بەعس نابن، ئەوانە هەموو، دڵی عومەریان دەگوشی، عومەر ئازاری دەروونیی زۆری دەچەشت. بەوە باش بوو كە لەو تەنگانەیەدا، خودا هاوڕێ و هاوسەرێكی لە ئەڵماسی بۆ ڕەوانەكردبوو، ئەویش سەبری بوو! سەبری بۆ عومەری، پەناگەیەكی ئارام بوو، دڵی سەبری مالێك بوو لە بەهەشت، خۆشی و دڵنیایی پێ دەبەخشی. دەیگوت: سەبە گیان! لە پانتایی ئەو سەرزەمینە تا دەگاتە ئاسمانی حەوتەم، لە تۆ زیاتر كەسێكی دیكە شك نابەم خەم و دەردم بیربباتەوە. خودا خۆشیدەوێم كە ئەتۆی وەك فریادڕەس بۆ من ناردووە!

هێدی هێدی كەوتنە گفتوگۆیەكی ئاشقانەو هاوڕێیانەوە. بە ئارامی، هەندێك شتی ناڕوونی لەسەر باری ناهەمواری ولات بە گشتی و خەڵكی شاری بەتایبەت، بۆ سەبری ڕوون كردەوە. پاشان، هاتنە سەر ژیانی تایبەتی خۆیان، بڕیاریاندا ئەگەر كچیان ببێت ناوی بنێن (كنێر)، بەهۆی ئەوەی یەكەم جووتبوون و تلدانیان لەنێو گیا كنێرەو حاجیلە بوو. لەوێبوو سەبری، پاكیزەیی خۆی لەقەبەر عومەری كرد. ئەگەر كوڕیشیان بوو، ناوی بنێن (زەمەند) چونكە ئەو كات نێرینەی بەهارێ بوو، گیا زەمەند بوو. ئێمە چێژمان لە دروستكراوەكانی خودا بینی، بۆیە خۆشە وەك وەفا و ڕێزێك بۆ سروشت، منداڵمان بەناوی یەك لە دەستكردەكانی خودا بێت!

لەگەرمەی قسەكردندا بوون، هەردوو دەستی سەبری لەنێو دەستەكانی عومەریدا ون ببوون. چاویان لەسەر یەكتر هەڵنەدەگرت. عومەر گوتی: خۆڕاگری، بەختەوەری بەرهەمدێنی. دڵنیا بووم هەر دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆری خوشبەختیمان هەڵبێت. سەبە گیان! ئەگەر خودا ڕێگای بدابوایە لە خۆی زیاتر، كڕنوش بۆ یەكێكی دیكە

بەرین، بەدڵنیاییەوە ئەو کەسە بە تەنها هەر ئەتۆ دەبووی! ئازیزی دڵم! ئەگەر ڕۆژێک تووشی دابڕان و ناخۆشی بوویت، دنیات لەبەرچاوان تاریک نەبێ و سەری دنیاییت لێ وێک نەیەت. دڵنیابە کەس ناتوانێ هەڵاتنی خۆر ڕاگرێ و نەهێڵێ باران ببارێ و... دەنگی حاجی عەولای قسەکانی پێبڕین، بانگی ئایشەکوڕانی کچی دەکرد: ئایش گیان، عەگیدی بابی خۆت! وەرە لەسەر ئەو لبادەی دانیشە، لە شمشاڵەکەت بتووڕێنە، بەس ئەو شمشاڵە دەتوانێ خەم و ئێشم تەفروتونا بکا! ئایش، لە تەنیشت باوکی دانیشت، شمشاڵەکەی لەبەر پشتێنی دەرێنا، جەمەدانییە ڕیشدارە ڕەشبەڵەکەکەی هێنایە سەر تەختی نێوچاوانی، لاقی ڕاستی خستە سەر لاقی چەپی و، یەکەم فووی بەهێزی بە شمشاڵەکەدا کرد، بۆ ئەوەی گەرووی پاک بکاتەوە. ئاخر ئایشەکوڕانی، ناخی حاجی عەولای دەخوێندەوە، بۆیە، هەوای شینێکی غەمگینی ژەنی. چاوە قاوەییە ڕەشباوەکانی حاجی عەولای، پڕ بوون لە ئاو. بۆ ئەوەی باوکی لەوە زیاتر ناڕەحەت و غەمگین نەکات، تۆن و ئاوازی شمشاڵەکەی هەڵگێشا بۆ تەبەقەی سەرێ، دوو حەیرانی سەرچیایی ژەنی، ئارامیی بە هەموو دەمارەکانی باوکیدا هێناو برد. سەفەرێکی ئەفسووناویی، بۆ سەری زوورگەزراوی، دەرکی بازاڕگەی، سەری چیای قەرەچووغی کرد و، لەوێڕا دادەگەڕا بۆ دەشتی کاکی بە کاکی قەراجی. حاجی، تەواو تەواو ئاوێتەی ئەفسونگێڕی ئەو ئاوازە خۆش و دڵنشینە ببوو. ئاونگی دەپڕژاندە سەر ئازارە سووتێنەرەکانی ڕۆحی. وەک بای شەماڵ، تەڵخی و غوباری سەر ئاسۆی بیرکردنەوەی ڕادەماڵی. وای مەزەندە دەکرد بە شمشاڵەکەی ئایشەکوڕانی، دەتوانێت تەواوی ویقارو ڕەسەنایەتییەکەی بپارێزێت و واری کەونارای باپیرانی بە ئاوەدانی بهێڵێتەوە. بە لەقاندنی سەری ڕەزامەندی، دیاربوو دەڵێ: ئەوەیە ئەو دەمارە ڕاستەقینەیەی ئەمن بە دوایدا وێڵ و سەرگەردانم، هیچ دەمارێکی نامۆ و نائاشنام ناوێ!

ژوورەکەی عومەرو سەبری، بەتاقەوە کەوتبوویە لای دەستەڕاستی دەرگای حەساریّ. لەو ڕۆژەوەی سەبریی خۆشویستبوو، تا دەگاتە ئەو ڕۆژەی ئێستا تێیدان، بە هەموو شێوەیەک وێنەی سەبری کێشاوەتەوە....، سەبری تەشی دەڕێسی، لەبەرنانی، لەبەر مانگادۆشین، دانی دەداتە مریشکان، گۆزە لەسەرشان... هەر هەمووی بە هەویری لە دیواری ژوورەکە هەڵواسیبوو بە جۆرێک دیوارەکە هیچ شوێنێکی دیارنەمابوو. لای وابوو سەبری، هەموو دڵسۆزی و پیرۆزییەکانی ژنی، هێناوەتە نێو ئەو ژوورەوە.

دەتگوت ڕۆژگارێکە یەکترییان نەبینیووە، سینەیان پڕ بوو لە قسە. چیها قسەی کۆن و نوێیان بۆ یەکتریی دەکردو بێتاقەت نەدەبوون! عومەر گوتی: هەقی خۆمانە جلّەو بۆ لاوێتیمان شل بکەین و، گوناهە غەریزەمان لغاو بکەین. چونکە جارێکی دیکە ئەو قۆناغە نایبینینەوەو کە ڕۆیشت لە کیسمان دەچێ. ئازیزی دڵم! کاتێک خۆشەویستی دەپەڕێتەوە بۆ سنووورەکانی عیشقی شێتانە، ئیدی وشە دەرەقەتی نایە، زمان لە ئاستیدا کۆڵەوارە، ئیدی ئەمن ئاوا عاشقی تۆم ئازیزی دڵم!

هەرچەندە ئەو شەوە زۆر درەنگ خەوتن، بەڵام سەبری، بووکی ساڵێ دەست بەخەنە، هەر لەگەڵ گەردی بەیانی، کە تازە سەو گورگ لێک جیا دەکرایەوە، لە خەو ڕابوو، بۆ ئەوەی عومەری بەخەبەر نێنی، بەئەسپایی خۆی لەنێو جێگا دزیەوە. سەرپشتی بەست بۆ ئیشوکاری نێو ماڵێ، سەری مەیدانێی گرت، نەبادا خەسووی بڵێ بووکێ مە لە خەودا مایە! نەرم دەرگای ترازاند. هەرکە پێی وە دەرێ نا، چۆلەکەیەکی نیوەمردووی لەبەردەرگا بینی، پەڕوبالّی تەڕ بوون. زۆری نەما بوو پێی لێنێ و پانی بکاتەوە. بە پەرۆشەوە هەڵیگرتەوە، خستیە نێو لەپی هەردوو دەستی و بە هەناسە کووکووی لێکرد بۆ ئەوەی گەرمی بێتەوە. ئینجا لەچکەکەی خۆی تێوەرپێچا تەنها سەری بە دەرەوە بوو... ئای کوێر بم بۆت چەند بەستەزمانە! ڕەنگە کەوتبێتە نێو چاڵاوی سەگەکان، بۆیە ئاوا تەڕ بووە. بۆ ئەوەی لە کارەکانی

دوانەکەوێ، لەو دەلاقەیەی دانـــا کە لەگەڵ یەکەم گەزنگـــی خـــۆری پێدەکەوێ. کابانی گەورە مالێ، بەرامپیلی حەمایل کردو بەر لە هەرشت، لەگەنێک گەنمـی لە جەوالّـی دەرهێنـا، دەرگـای کـولانەی مریشکەکانی کردەوە، بە ئەستووڕایی دەرگای کولانەکە، مریشک و کەڵەباب هـاتنە دەرێ. لەو کاتەی هەستی پێی کابانیان کردبوو بۆ لای کولانەکە هەنگاو دەنێ، ئەوان ئامادەباش و هەر یەکەیان لە هەوڵی ڕاکردن بۆ دەرەوەو خۆی ڕاپێشـی لای دەرگا دەکرد. سـەبری چەند جارێک وەک تۆدەری کـارامە، چەنگـی پڕدەکـرد لە گەنـم و وەبەری وەردەکـردن، هەریەکە لە هەوڵـی ئەوەدابـوون ئەو لەوی دیکە زیـاتر دەنکە گەنمـان هەڵگـریتەوە. تێڕامانیان چێژێکـی تـایبەتی هەبـوو، لەگەڵ هەر دندووک داوەشـاندنێک، پـــۆپیتەی کەڵەبابەکـــان لە پێشـــبڕکێی دان هەڵگـــرتنەوە، دەلەریـــنەوە. چۆلەکەکانیش بەشدار بوون، کەڵەباب و مریشکەکان جار جـار ڕامالّیـان بۆ دەبردن، دەیانەویست پێیان بڵێن ئەو دانە بۆ ئێوە نییە، بۆ لە بەشـی ئـێمە دەخـۆن؟ سـەبری، پەقرەجێکـی فـافۆنی دەسـتدایە بچێـت چێـرە زەردەکەی بدۆشێ، بەڵام خەسووی پێیگوت: ئەو پەقرەجەی بدە بە من، ئەتۆ هەویرەکەی بشێلە، بۆ خۆم چێرە زەردی دەدۆشـم، دەزانـم چـۆنی بلاوێنمەوە، چونکە چڕدۆیە[1]و خـۆی بـۆ هەمـوو کابـانەکی شـل ناکـات و شیری باش نادات.

ئەو کاتەی عومەر لە خەوێ هەستا، دەمێک بوو ڕۆژوبان گەرم ببـوو. بـۆنی ئەسـتوورکی گەرم، حەسـاری لە بـۆنی ژیـان پڕکردبـوو. هـاتە دەرەوە، خۆی لێک کێشایەوەو چاوی خـۆی هەڵگـۆفتن. یەکەم دیمەن، سـەرنجی کەوتە سـەر دەلاقەکە، گۆشـەیەکی لەچکە شـینەکەی سـەبری شـــۆڕ ببـــۆوە. دەســـتی درێژکـــرد لەچـــکەکەی دەرهێنـــا، گۆشـــەیەکی بەدەسـتەوە گـرت و دایوەشـاند، لەناکـاو چـۆلەکەیەک لەنێـو لەچـکەکە

[1]- چڕدۆ: مانگایەک یان مالاتێک کە ١) لە کاتی دۆشیندا خۆی بۆ کابان شل ناکات و دەیەوێ بۆ بێچوەکەی گلی بداتەوە. ٢) بە کینایە بۆ پیاوی پیسکە و چرووک و ڕەزیلیش بەکاردێ.

هەڵفڕی و لە ئاسمانێ کەوتە سەمای ئازادی. بانگی سەبری کرد: وەرە بزانە، چۆلەکەش خۆشیاندەوێ! چاولێکە، تەنیا هەر ئەمن شێتت نیم! چۆلەکەش پێیانخۆشە لە لەچکی تۆدا هێلانە بکەن!

ئەو چەند ڕۆژە، کۆمەڵێک هەواڵ بە دوای یەکدا قەتارەیان بەستبوو: چوونە شاخی چەند برادەرێکی گوندەکانی دەوروبەرو نێو شاری وەک سمە سەردڕو سەمیرو چەند کەسێکی دیکە کە بۆ پێشمەرگایەتی، ڕووداوی گورچکبڕی لە ستێدارەدانی خەڵکی تێکۆشەر، گەڕان و پشکنین و تەنگەتاوکردنی ئەو مااڵنەی کە بۆنی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەرییان لێدەهات و... هەموو ئەو هەواڵانە، سواری سەری یەکتر ببوون و، عومەریان دووچاری بیرکردنەوەیەکی قوواڵ و ناخۆش کردبوو، بەردەوام خەیاڵی پەرت بوو. سەبری ڕووی تێکردو گوتی: کابرا! بیر لە چی دەکەیتەوە؟ دەڵێی کەشتیەکەت غەرق بووە! قەت ئەوە ئەتۆ نیت لەوزینەگەزۆی لە شاریڕا بێنی و لە بیرت نەبێت بیخۆی! عومەر وەک شتێکی ونبووی دۆزیبێتەوە، یەکێ بڵند بوو: کوا لە کوێت داناوە؟ بیهێنە با بیخۆین، ئەمن چەند جارم پێگوتی ئەگەر مردیشم تەنها لەوزینەگەزۆم لەسەر گۆڕەکەی دابنێن! ئاخر ڕۆحیانەتم پێی شاد دەبێت. هەرجاری لەوزینەگەزۆی دەخۆم، پیرەهەڵۆم وەبیر دێتەوە. هەرجاری بچمە شاریش، وەک وەفایەک، لەوزینەگەزۆی لەسەر گۆڕی پیرەهەڵۆی دادەنێم!

٨

چەند ڕۆژێکە لە هەرەوەزی جەوبڕی[1] بووونەتەوە، بزنەکانیان سابڕکردوون[2]، بەرانەکان بە پشتەکن[3]. ئەو خێزانە، وەک کووڕەی هەنگ ملیان لە کارێ کوشیوە. کۆتایی بەهارێ و سەرەتای هاوینێ، وەرزێکی پڕکارە. لەو دەشتە پانو بەرینە، وەک سەراب لەبەرچاوان هەڵدەچێ. ژن و پیاو و منداڵ لە ئاوایی، لە هەوڵ و تەقەلای بێوچاندان. پیاوەکان، بەهۆی ئارەقەی زۆرەوە، پشتیان تابلۆیەکی سپی حەڵاڵخۆری دەنوێنێ. دوای تەواوبوونی درووێنەی جۆو گەنمی، دەڕاسەکەیان لە شوێنی خۆی، لەسەر چوار کۆلکەدار ڕاگرتووە. ئەو ئێوارەیە موختار لە شاری گەڕاوە، وەک قەلێ قڕی و هەواڵێکی شوومی بە حاجی عەولای دا، بەندی دڵی ڕاتەکاند! سەبریی تووشی هەژانێکی دەروونی کردو ئۆقرەی لێبڕی، دایە پڕمەی گریان: ئەی خودایە خۆشیەکان بۆ هێندە بەرتەسکن و وا زوو تەواو دەبن؟! دەبوو بمزانیبا ئەو زیادەڕۆییە لە خۆشەویستی و عیشق، ئەوەی لە چاویدا بوو! ڕۆژی ئومێدی من تاریک بوو! ئیدی تەواو، هیچ دەستێک نیە بمگەیەنێتە ڕووناکیَ!... بیرکردنەوەی قوڵ و خەمی بێ عومەریی، سەبریی وێران و مات کردبوو، بە جۆرێک، ئاگای لە خەمەکانی خەسوو و خەزوور و ئەوانەی

---

[1] - جەوبڕی: بڕینگبڕی، بڕینەوەی خوری و مووی مەڕ و بزن.

[2] - سابڕ: بڕینەوەی خووریی مەڕ، بە جۆرێک کە هیچ قانەخووریییەک بە پشتی مەڕەکەوە نەمێنێ. قان: قاقۆل، کاکۆل، کۆمەڵە مووێک: کۆمەڵە گیایەک، کۆمەڵە شتێکی کەم و لەپاڵ یەکتری.

[3] - بەپشتەک: بڕینەوەی خووریی بەران و کاوڕەنێر، کە قانێک خووریی بە پشتیەوە بهێڵنەوە.

دەوروبەری، نەمابوو.

عومەر، لە هەوڵی ئەوەدابوو غیرەت بە بەر سەبریدا بکات و شڵەژانی خۆی لە سەبری بشارێتەوەو ڕووخساریکی ئاسایی پیشان بدات. ئاخر ئاسان نەبوو، خزمەتی سەربازی لەنێو سوپایەکی دژەگەلی و ڕەفتارفاشی کە دەستی سووڕە بە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەت، نەخاسمە بۆ کەسێکیش کە سەرەدەری لە سیاسەت و مافی گەلانی بندەست دەربکات و، هەوڵ بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بدات!... لە دوای پێنج ڕۆژ، دروست لەو کاتەی بۆی دیاریکرابوو، بەناچاری بۆ خزمەتی سەربازی خۆی پێچایەوە. تاو نا تاوێک لە ژوورەکەی دەهاتە دەرێ بۆ ئەوەی بڕوات، نا ئاگایانە دەگەڕایەوە ژوورەکەی و قسەیەکی دڵنیایی تازەی بە سەبری دەگوت: ئازیزەکەم لە بیرت نەچێت، شەوانی مانگەشەو لە ڕووخساری مانگ ڕامێنە، منیش لە هەر کوێی ئەو دنیایە بم، لە ڕووخساری مانگ دەڕوانم، دڵنیام هەردووکمان لەو مانگەدا ڕووخساری یەکتر دەبینین، چاوەکانمان پڕ دەبن لە تریفە، لەنێو مانگدا ڕوحمان بە یەکتری دەگات. سەبری، ئامێزی لێ بەرنەدەداو بە خۆیەوەی نووساندبوو، دەیویست بە یەکجار هەڵیلووشێت و لەنێوخۆیدا بیتوێنێتەوە: عومەرەکەم بەبێ تۆ ناژیم!

وەک لەسەر ڕووان ڕایکێشن، بەرەو شاری کەوتە ڕێ. لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە لە دیمەنی گوندی دەڕوانی. یادەوەریی شوێنەواری خۆی و سەبری و یەکەم دیدار، وەکو فیلمێک بە زەینیدا تێدەپەڕی. گەیشتە لای تەجنید، حەشاماتێکی لێ کۆببووەوە، دارت هەڵاوێشتبایە بە عەرزی نەدەکەوت. هەریەکەی جانتایەکی بە شانییەوە بوو. داواکراوی وا هەبوو دایکی ئامێزی لێدابوو فرمێسکی بۆ دادەباراندو پێیدا هەڵدەگوت. تێڕوانین و دڵەڕاوکێی دایک و باوک و کەسوکاریان، پانتایی ئەو سبەینێیەی داگیرکردبوو. عومەرو ئەو چەند هاوڕێیەی لەگەڵیدا بوون، سەریان، لەو پیاوە کوڵەبنە کە لەبەر ورگەزلەکەی، پێی خۆی نەدەبینی، ئاوسابوو، چونکە دەنگی هەر لە قڕەی بۆق دەچوو. بە ڕووالەت بۆ

کـورەکەی خـۆی دەدوا، بەڵام لە هەرچـوار دەوری خـۆی ڕادەمـا بـۆ ئەوەی دڵنیـابێتەوە زۆرتـرین کەس گـوێی لە قسـەکانییەتی، بە دەنگێکـی بێـزارکەر دەیگـوت: دەی دەی! ئەوەی سـەربازی نەکـات نـابێتە پیـاو! عـومەر دەیگـوت: زەینـێ خۆتـانی بـدەنێ سـوێندم پـێ دەخـورێ ئەو قوتەمیتحۆیە ورگنە، دوو ساڵی سـەربازی زیـاتر کردییە، کەچی هێشتا نەبوویتە پیاو، ئامۆژگاری خەڵکیش دەکات!

لەسەر بالکۆنی تەجنیدی، نایب زابتێک لیستی ناوەکانی دەخوێندەوەو ڕیزیان دەکردن و بەرەو نێوەندی مەشقکردنیان دەناردن. لەوێ، فێریان دەکردن هەرکەسێک ناوی دەخوێندرێتەوە، دەبێ پێی لە عەرزی بکوتێ و بە زمـانی عـارەبی بڵـێ (نعـم)، وەک ئامادەباشـی بـۆ فەرمـان... جلوبەرگی سەربازییان دانێ و پێیانگوتن پێنجشەممەو جومعان دەتوانن دابەزن بـۆ مـاڵەوە. جلـوبەرگی مەدەنـی بـبەنەوە مـاڵێ و ئیـدی ئێـوە سەربازن، لەگەڵ پرەنسیپەکانی سەربازی خۆتان بگونجێنن و ڕابێن!

ئەو دوو مـانگەی لە نێوەنـدی مەشـق (مەرکەز تەدریـب) بەردەوام بـوون، هەمـوو پێـنج شـەممەو جومعـان دادەبەزینـە مـاڵەوە. ڕۆژێکـی پێنجشەممە ناوی عومەرو چوار سەربازی دیکە خوێندرایەوە، ئەوانیش لە ڕیزێ هاتنە دەرەوە، عەریفێکی عەبووسی هەواڵگری، بەرەو پەڕگەی گۆڕەپـانی مەشـقەکە کەوتە پێشـیان. لادیـوارێکی بە قەدەر دوو بەژنە زەلام بڵنـد، ئەو شـوێنەی لە مەیـدانی مەشـقەکە جیـاکردبووەوە و تـایبەتکزابوو بە بەشـی هەواڵگریـی فیرقە. لە دیـوارەکە سـووڕانەوە ئەو دیـوی، بینییـان پێـنج کـۆڵەگەی دار، بە ڕیـز، بەبـن دیـوارەکە دانـراون، هەریەکەیـان پاچێـک و خاکەناسـێکی لەلا دانرابـوو. عەریفەکە، فەرمـانی پێکـردن لەو پێـنج شـوێنەی بە گەچ دیـاریکراوە، هەریەکەیـان قـۆڵتێکی حەفتـا سـانتیمی لێبـدات و کـۆڵەگەکەی تێـدا بچەقێنـێ و قـایمی بکـات هەرکەسێک کارەکەی تەواوبکات دەتوانێ دابەزێ بـۆ مـاڵێ و تـا ڕۆژی شەممە پشوو بدات. عومەر، لەخۆشی دیداری سـەبری، بێئەوەی بزانـێ ئەو دارانە بـۆ چـین، بەر لە هەمـووان کـاری خـۆی تەواوکـرد. ڕۆژی

شەممە هەر ئەو پێنج سەربازەیان لە ریزەکە دەرهێنا بۆ ئەوەی کۆڵەگە دارەکان دەربێننەوەو قۆڵتەکان پڕبکەنەوە. عومەر کە چاوی بەدارەکان کەوت، هەریەکەیان شوێنەواری چەند گوللەیەکیان پێوە بوو، گۆمیلکە خوێنی مەییویان لەبن داوێستابوو، ئەوەش نیشانەی ئەوە بوو پێنج کەسیان لەو شوێنە گوللەباران کردبوو. ئەوانە هەمووی، ئاگری ڕقیان لە ناخیدا دەکردەوە.

دوو مانگی تەواو، عومەریان لەسەر ئەرکە سەربازییەکان ڕاهێنا. ڕۆژێک هەموویانیان بەسەر یەکە سەربازییەکاندا دابەشکردن. عومەر ڕەوانەی یەکێک لە ڕەبایەکانی سەر شاخە بەرزەکانی ناوچەیەکی کوێستان کرا، بە تراکتۆر دوو سەعاتەڕێ لە شارۆچکەو ئۆردوگاکەوە دوور بوو. ڕەبایەکە، لەسەر بڵندترین لووتکەی شاخەکە هەڵتۆقیبوو بە (شاخی سەر بەتەم) دەناسرا، چونکە بەردەوام سەری بە تەم، یان لەنێو هەوران بوو. سێ لای هەڵدێر و ڕژدو، بواری پێدا هەڵزنانیشی نەبوو، تەنها لە دیوی بەڕۆژێ ڕێگایەکی خاکی پڕ لە بەردو چاڵ و چۆڵ، تەنها تراکتۆری بۆ دەچوو.

شاخی سەر بەتەم، بەسەر هەموو ناوچەکەیدا دەڕوانی، هێندە بەرز بوو، لەبن پێی خودا نزیک ببووەوە. هەر چوار دەوری شاخەکە گوندی خاپوورکراو بوون، بەر شاڵاوی ڕاگوێزان کەوتبوون، بە ناوچەی مەحەڕەمە دەناسرا. زۆربەی ڕێگاکان مینڕێژ کرابوون، دەسەڵاتی تەواویان بە سەربازەکان دابوو، هەرکەسێکیان لەو نێوە بینی، بیکوژن، لێ پرسینەوە نییە! شەوان، تروسکە ئاگرێکیان لە هەرکوێ بدیبوایە، چەندان گوللە تۆپیان پێوە دەنا!

ئەو پاشنیوەڕۆیە، تۆخمی گوناهێک تروکا، لە ناخەوە عومەری هەپڕوون بە هەپڕوون کرد، بەسەر هەموو ئازارەکاندا جاڵەی کرد. ئازارێکی یەکجار بە سوێی لە یادەوەری و هزریدا، چاند... ماوەیەکی زۆر نەبوو لەو ڕەبایەیە بوو، کاتێک عومەر دیدەبانی دەکرد، لەناکاو لە کەلێنی دارگوێزەکان، بە دووربینی تفەنگهاوێژێک، جوولەی مرۆڤی بەدی

کرد. چاوی دووربینەکەی لەگەڵ ئەو شوێنەدا ڕاست کرد، دڵنیا بوو ژن و پیاوێکی کوردن. هەر زوو بۆ ئەوەی نەبێتە جێی سەرنجی سەربازەکانی دیکە، بەتایبەتییش ڕەئیس عورەفا ئەبو داود، دووربینەکەی لە چاوی کردەوەو دایناید سەر تەلیسە خۆڵەکەی بەردەمی. چونکە دەیزانی ئاشکرابوونیان، دەبێتە هۆی لەنێوچوونیان. تۆمەز ئەو ژن و پیاوە، بەر لە ڕاگوێزان و خاپوورکردنی گوندەکەیان، خەڵکی ئەو شوێنەن و خاوەنی چەند دارگوێزێکن. گوندەکە لەبەردەمی ڕەبایەکەدا بوو. کەرێکی سپی و کچۆڵەیەکیان پێبوو.

پیاوەکە وای مەزەندە کردبوو ئەگەر ئەو ژن و منداڵە ببینن، دەزانن پێشمەرگە نین و تەقەیان لێناکەن. کچۆڵەکە، کاتێک دایک و باوکی لە ماڵێ وەدەرکەوتبوون، بەدوایاندا ڕایکردبوو، سەرەتا نەیانویستبوو لەگەڵ خۆیاندا ببیەن، نەبادا تووشی گرتن و لێپرسینەوە ببن، بەڵام کە دڵنیا دەبن کچەکە ناگەڕێتەوە، دایکی دەڵێ تازە لە ماڵ دوورکەوتووینەتەوە، لێگەڕێ با لەگەڵمان بێت، بەڵکو خوا بکات ببێتە هۆی دڵنەرمی سەربازەکان بۆ ئەوەی بەزەییان پێماندا بێتەوەو دڵنیابن هیچ مەبەستێکی خراپمان نییەو، هاتووین هەندێک گوێزو کرۆسک و هەرمێ پاییزە و گێوژ، دەبەینەوە. هەرچەندە بۆ گوێزتەکاندن هێشتا زوو بوو، تۆێکڵەکەی هەر سەوز بوو، بەڵام چونکە تۆێکڵەکەی لەلایەن ئەو عەرەبانەی وەک سەربازو پۆلیس و ئەمن و هەواڵگری، لە کوردستان بوون، بۆ بۆیەی لێوو قژ ڕەنگکردن، بۆ ژن و خوشکیان و کەسوکاریان دەیانبردنەوە.

وەختێک عومەر بە ئەسپایی دووربینەکەی دانایە سەر گونییە خۆڵەکەی بەردەمی، بووە جێگای سەرنجی سەربازێکی عەرەب، هەستی بەوە کرد عومەر شتێکی نامۆی بەدی کردووە، بەڵام نایەوێ بەوانی بڵێ، بۆیە گورج دەستی دایە دووربینەکەو بە چاوی خۆیەوە نا، تەماشای ئەو شوێنەی کرد کە عومەر لێی دەڕوانی. هەر کە چاوی بەر ژن و پیاوە کەوت یەک بە خۆی هاواری کرد: مخربین! مخربین!

یەکسەر دووربینەکەی داناو چوو بۆ ژووری بچووکەکەی ئەبو داودی، کە بەرپرسی هەواڵگری و ڕێکخستنی حیزبی بەعس بوو لە سوپادا، لە ئەفسەرەکان دەستی زیاتر دەڕۆیشت و لێی دەترسان، دڕندە بوو لە پێستی مرۆڤدا. هەتا بڵێی ڕەفتاری پەست و بەدخوو بوو، لە هەرە سەرسەرییە مرۆڤکوژەکانی حیزبی بەعس بوو!... ئەبو داود هاتە شوێنی دیدەبانییەکەو دووربینەکەی وەرگرت. هەرکە چاوی بەو ژن و پیاوە کەوت، بە تۆرەییەوە گوتی: ئەوانە موخەڕبن، قەراری سەیدولڕەیسیان شکاندووە، هاتوونە شوێنی مەحەڕەمە، دەبێت بیانکوژین! ئەفسەری فەرماندەی ڕەبایەکەش دووربینەکەی وەرگرت و تەماشای کرد، دوایە دووربینەکەی لە چاوی کردەوەو گوتی: خۆ بە چاویش دەبیندرێن زۆر نزیکن، ژنێک و پیاوێکن، کەرێکی سپی و کچۆڵەیەکی بچووکیان پێیە، چەکدار نیین، ئەوانە خێزانن (هەدۆلە عوائل)، مەدەنین، پێویستە چەند سەربازێک دابەزن بۆ خوارێ و دەستگیریان بکەین و ڕەوانەی مەقەڕی لیوایان بکەین. ئەبو داود گوتی: خوای دەکرد مەلایەکەت دەبووون، ئێرە سنووری قەدەغەکراوەو ئێمە فەرمانی کوشتنمان پێیە، باڵندە بۆی نییە لێرە بنیشێتەوە! لە کۆتاییشدا قسەی کاربڕ لەلای ئەبو داودی بوو، فەرمانی بە عەدەد بیکەیسییەکان دا دەستیان بەتەقە کرد. پیاوەکە هەر لەگەڵ یەکەم دەسترێژ، کە خەریکی گوێزتەکاندن بوو، لەسەر دارگوێزەکە ئەنگاوتیان و کەوتە خوارێ. لە دوای پیاوەکە نۆرەی ژنەکە هات و ئەویشیان پێکاو کەوتە سەر زەوی. کە دڵنیا بوون هەردووکیان کوشتن، ئەبو داود فەرمانی بە پێنج سەرباز دا کە لەوانە یەکیان عومەر بوو، چەکی ئاڕپیکەی پێبوو، بڕۆن بۆ سەر تەرمەکان. بە ڕێگا پێچاوپێچەکەدا چوونە خوار، گەیشتنە سەر تەرمەکان، دیمەنێکی دڵتەزێن بوو بۆ عومەری. کارەساتێک بوو وەک نەخش لەسەر بەرد هەڵکەندرابێت، ئاوا لە زەینیدا نەخش بوو! کچە بچکۆلەکە هەترەشی چووبوو، وەک بارەکەو خۆی بە زەویەوە نووساندبوو و هەستی لە خۆی بڕیبوو، لەناکاو، بە دیتنی سەربازەکان

هەستایە سەرپێ و غاریدایە لاشەی نیوەمردووی دایکی کە خوێنی لەبەر دەڕۆیی، خێرا، ئەو کتێبەی بە سینگی خۆیەوە نوساندبوو، داینا عەرزی و کەوتە نێو گۆمیلکەخوێنی دایکییەوە. بە دەستە خرپنەکانی خەریکبوو سەری دایکی بەرزدەکردەوە بۆ ئەوەی لەچکەکەی لەسەر بنێتەوە کە کەوتبووە سەرشانی، بۆ ئەوەی سەربازەکان پرچی دایکی نەبینن: دایە سەرت بەرزکەوە با لەچکەکەت لەسەر بنێم، ئەتوو نابینی پیاو هاتن؟! پیاوەکەش لەبن دارگوێزەکە تەرمی ساردو سڕی بەسەر دەموچاودا کەوتبوو، لەشێکی بێگوناهـ کە قەت هەستی بە حەسانەوە نەکردبوو، جەمەدانییەکەی بە لقی دار گوێزەکەوە گیر ببوو. ژنەکە هێشتا لرخەو هەناسەی تێدا مابوو. مرۆڤی بەهێزی دەویست تەماشای ئەو دیمەنە بکات و گوێ لە هێنکە هێنک و گیانەلا و دواهەناسەکانی ژنێک، کە لە کانیی بەرائەت دەچوو، بگرێ. دار گوێزەکان بەسەر تەرمی بێگوناهاندا لە زیکرو تەهلیلەدابوون، ڕۆژگارێکی نەفرەتلێکراو و لێوڕێژ لە ستەمیان، حینجە دەکرد، نەفرەتیان بۆ ئەو فریشتەکوژانەی بەعس دەنارد کە ئاوی کانییان لە نوێژ کردبوو!

دیمەنی دڵتەزێنی تەرمەکان، وا لە زەینی عومەریدا نەخش ببوو، بە هیچ نەدەسڕدرایەوە! کچەکە، دڵنیا بوو تازە کەس تەقەی لێناکات، ئامێزی لە دایکی دابوو، ئاخر لە دایە حەواوە، چەرخی گەردوون بە خۆشەویستی دایک دەگەڕێ و وەک پیرۆزییەک ماوەتەوە. دایکی، هیچ وەڵامی نییە، پێڵووی چاوەکانی وەک پەردەی دوادیمەنی شانۆگەرییەک بۆ یەکجاری دادرابوونەوە، ئیدی ئەو دونیا پڕ لە ئاژاوەیە، نابینێ!

ئەو جارە بۆ سەر تەرمی باوکی غاریدا. زۆر هەوڵیدا باوکی لەسەر دەم ڕاستبکاتەوە، لە توانای مندالانەی ئەودا نەبوو. هەرچەند بە چاوە نیازمەندەکانی لە ئاسمانێ ڕادەما، هەزار سکالا بۆ حزووری خودا دەچوو، پایەکانی عەرشی عەزیمی دەخستە لەرزین!

عومەر دەیویست، بێئەوەی جوامێری و ئازایەتییە خۆڕسکەکەی لە دەست بدات، فرمێسکەکانی لە قووڵایی چاوەکانیدا حەشار بدات،

هەنسکەکانی لە گەروویدا بخنکێنێ. لە دۆخێکی ڕۆحی و دەروونیی ناهەمواردا بوو. چەند لە تەرمەکانی دەڕوانی، باری سەر ویژدانی گرانتر دەبوو، چون لەوە گەیشتبوو کە دەستدرێژیکردنە سەر یاسا مەزنەکانی مافی مرۆڤ و لێسەندنەوەی ژیان لە مرۆڤ، تاوانێکی گەورەیە.

ئەبو داود مەبەستی بوو زیڕۆح لەو نێوە بە زیندوویی جێ نەهێڵێ! بۆیە فەرمانی بە سەربازێک کرد کەرەکە بکوژێ، نەوەک موخەڕیب سوودی لێببینن. سەربازەکە، بێ سێ و دوو گوللەیەکی لە تەختی نێوچاوانی کەرەکەداو کوشتی. لەو کاتەدا زاری پڕ پووش بوو. ئەبو داود تینووی خوێن بوو، خودا، تۆسقاڵێک بەزەیی لە دڵیدا نەچاندبوو. دەمانچە میکارۆفە دەسک سوورەکەی هەڵگێشاو سواری کرد، چووە سەر تەرمی پیاوەکە، گوللەیەکی لە پشتی سەری دا. گەڕایەوە سەر لاشەی ژنەکە، هێشتا هەناسەی دەدا، گوللەیەکیشی لە نێوچاوانی داو ئەویشی کوشت. کچە هەترەشچووەکە خۆی لە پەنای عومەری نابوو، بە دەستی چەپ توند پانتۆڕە سەربازییەکەی عومەری گرتبوو، بە دەستی ڕاستیشی کتێبەکەی بە سینگی خۆیەوە نابوو. چاوە پڕ لەترس و فرمێسکەکانی کەوتبووە سەر لوولەی دەمانچەکەی ئەبوو داودی، بۆیە پەنای عومەری بە پەناگەیەک دەزانی بۆ خۆپاراستن. چونکە عومەر بە کوردی پێی گوتبوو کچە جوانەکە مەگری! عومەر تفی قووت دەدایەوەو هەناسەی تەنگ ببوو، لە داخی بێدەسەڵاتی، خۆی دەخواردەوە. ئەو دۆڵە پڕببوو لە هەناسەی ساردو خوێنڕێژی سەفاکەکانی سەردەم. عومەر لەبەرخۆیەوە وڕێنەی دەکرد: ئاخر ئێمە چ حەرامێکمان خواردووە!؟ پێمان خستۆتە چ زەمەنێکی ناماقوولەوە!؟ هەوای چ ئاسمانێکمان هەڵمژیووە هی ئێمە نەبێ؟! پێمان ناوەتە چ خاکێک تاپۆکەی بە ناوی ئەوانەوە بێت؟! ئەو سەرزەمینە کوێیە وا بڤە بێت، ئێمە پێی لەسەر دانێین؟! بۆ دەبێت ماڵ لە ماخۆی حەرام بێت؟!

کەوتە گومـان... ئێسـتا ئەمـن چـیم لە دەسـت دێـت بـۆ مەسـیحە لە خاچـدراوە نامرادەکـانی گەلەکەم!؟ لەناکـاو غـروری کوردبـوونی هەڵدەچوو، جۆشی گەرمی تۆڵەسەندنەوە لە دەمارەکانیدا دەگەڕا، وەک ئەوەی گڕکانێک لە هەناویدا بتەقێتەوە، بەڵام دانی بەخۆیدا دەگرت و دەیزانی سەرەڕۆیی، سەرەتای ڕووخانە، نابێت شەڕی خۆتڕێن بکات! تڕووسکەیەکی بـۆ ڕزگـاربوون بەدی نەدەکـردو بەناچـاری دەسـتی سـەلامەتی بەخۆیـدا شـۆڕکردبۆوە، هەڵچوونەکـانی لەسـەر تـاقچکەی سـەبری ئەیـوب دانـا، ئەو قسـەیەی دایکـی بیرهـاتەوە کە دەیگـوت: بڕووشی مێردان بە نۆرە دەکوڵێ! جەنگی عومەر، لەو ڕۆژەوە سـەری هەڵداو دەستی پێکرد. ئەو گوێزانەی پیاوەکە تەکاندبوونی و ژنەکە لە دوو قـونکەتەلیس کـۆی کردبـوونەوە، لەگەڵ هەنـدێک گێـوژو هەرمـێ پاییزی، سەربازەکان وەکو غەنیمە کۆیانکردەوە. عومەر بەردێکی گرتە جەمەدانییەکەو لە لقی دارگوێزەکەی هێنا خوارێ و لە ملی کچۆڵەکەی کردو گوتی: ئەو لەچکەی دایکیشت بێنەو لەسـەرتی بپێچە بـا سـەرمات نەبێـت! دەیزانـی ئەگەر شـتێکی دایکـی لا بێـت باشـتر دەخەوێ و مەبەستیشی بوو یادگارییێکی دایک و باوکی لەلابێت.

ئەبـو داود فەرمـانی بە سـەربازەکان کـرد، ئەو گـوێزانە هەڵگـرن، بە عومەریشـی گـوت: (کـاکە!) ئەو کچـۆڵە بێـنە لەگەڵ خـۆت! عـومەر چەکەکەی حەمایل کردو کچەکەی لە پشتێ کرد، بەسـەرکەوتنەوە بـۆ ڕەبایەکەی شاخی سەر بەتەم لەگەڵ نزگرەی کچەکە ئازارێکی یەکجار بە سوێ، هەموو وجوودی داگرتبوو!

هەر کە گەیشـتنە نـاو ڕەبـایەکە، ئەبـو داود، گـوێزو گێـوژو هەرمـێ پایزەکانی، بەگوێرەی پلەی سەربازی، بەسەر سـەربازەکاندا دابەشکرد. گوێزەکانیان دەبردەوە بـۆ ژن و خوشک و دایکیان. لەنێو ڕەبایەکە لە کچەکەیـان پرسـی: نـاوت چیـیە؟ بەڵام چـونکە لە زمـانی عـارەبی حـاڵی نەدەبـوو، هـیچ وەڵامـی نەبـوو، لە پەنـای عـومەری و لە بـن هەنگڵیدا بە نیگـایەکی تۆقیـوەوە لە سـەربازە بکوژەکـانی دایـک و بـاوکی خـۆی

دەڕوانی. و لەو کاتەی سەربازەکان بەشە غەنیمەتی خۆیان لە جانتایدا تەقەت دەکرد، عومەریش، خەم و دەرد وڕۆژگاری ڕەشی کوردانی کۆدەکردەوەو قەدی دەکردن. بە عومەریان گوت لێی بپرسە ناوی چییە؟ کاتێ کە عومەر لێی پرسی، گوتی: ناوم (کوردستان)ـەو کچی داکمم. بە بیستنی ناوی کوردستان، ئەبو داود چاوی چوونە پشتی سەری و، وەک ئەوە وابوو مێشوولە چووبێتە نێو گوێی گایەکی هار و خوودار، فیشقاندی و هەزارو یەک جنێوی ناشایستەی بە کچەکەدا، کچە لەترسان نێوچاوانی خۆی بە پشتی عومەریەوە نووساند، ئیدی نەیوێرا تەماشای ئەو گەلەگورگە کەڵبە بەخوێنە بکات. کتێبەکەیان لە کچەکە وەرگرت: لاپەڕەی یەکەم وێنەی سەددام حسین بوو، وەختێک کەوتبووە نێو گۆمیلکەخوێنی دایکییەوە، وێنەکە نیوەی بە خوێن ببوو. کچەکە بەترسەوە لێیدەڕوانین، چونکە دایک و باوکی ئەوەندەیان بە منداڵەکان گوتبوو نابێ وێنەی سەدام پیس بێت و قەڵەمی بەسەردا بێنن و شوختاوی بێت. ئەگینا دەمانکوژن، بۆیە ئەو ترسە لە مێشکی سپیی منداڵانەی کوردستاندا تۆمار ببوو. لە سیمای ئەبو داودو سەربازەکان دیاربوو کە بەخوێناوییبوونی وێنەکەی سەدام دڵگرانن. بۆیە بە نزگرەو گریانەوە دەیگوت: بە خوای داک و بابم وێنەی سەدامیان پیس نەکرد، ئەمنیش پیسم نەکرد، بە خۆی لە دەستم بەربۆوە!

فرمێسکەکانی، ڕوومەتی ناسکیان تەڕ کردبوو. بە نیگایێکی هەتیوانەو سیمایێکی منداڵانەی تۆقیووەوە، لە ژێر باڵی عومەریدا لەو گەلە گورگەی ڕادەما. لە چاوەڕوانی ئەوەدا بۆ پیسبوونی وێنەی سەدام داخوا چ بڕیارێک دەدەن! ئەو شەوە کوردستانی چکۆڵە خۆی بە پشتی عومەرییەوە نووساندبوو، تا بەیانی چەند جار دەیزیڕاندو لە خەو ڕادەپەڕی و دەبزراو بە دەم نزگرەوە داوای دایک و باوکی دەکرد. عومەریش تاقە کورد بوو لەو ڕەبایەی، بۆیە ئەو شەوە تا بەیانی، لەسەر کەربەلای ڕوحی خۆیەوە، گەرمەشینی بۆ حەسەن و حسێنی کوردان دەگێڕا. بۆ گوندێکی قەوغەی خاپوورکراو، خۆی لە خمخانەی

خەمان هەڵدەکێشا!

بەهـۆی نەگەڕانەوەی ئەو ژن و پیـاوە، منـداڵە بە جێماوەکانیـان و کەسـوکاریان، زۆر نـیگەران ببـوون و تـا بەیـانی نەخەوتبـوون. مەلای ئۆردووگایان ئاگادار کردبووەوە کە عەرەبی دەزانێ. بەیانی زوو خـزم و کەسـوکاریان و چەنـد ڕیشسـپییەک، مەلای وەپـێش خۆیـان دەدەن، بەرەو مـنەزەمەی حیزبـی بەعـس کەوتبـوونە ڕێ. لە نەهـاتنەوەی ژن و پیـاوەکەو منـداڵەکە ئاگاداریـان دەکەن. بە هـۆی دەزگـای بێـتەل و ئامێرەکـانی پەیوەنـدیکردنەوە، لەگەڵ مەقەڕی لیـوا قسـەیان کردبـوو. ئەوانیش، لەگەڵ ئەو ڕەبایەی بەسەر گوندە خاپوورەکراوەکەدا دەڕۆنی، لە ڕێگـای ئەوانەوە زانییـان کە لە سـنووری مەحەڕەمە هەردووکیـان کـوژراون و کـچەکەش لە ڕەبـایەکە لای سـەربازەکانە. بە هەمـاهەنگی ڕێگاپێدانیان بۆ کردن کە تراکتۆرێک بەرن جەنازەکان و کچەکە لەگەڵ خۆیاندا بێننەوە.

ئەو بەیانییە، ڕەبایەکەی شاخی سەر بەتەم، یەکەمشوێن بوو تیشکی زێڕینـی خـۆر خـۆی تێوەرپێچـاو ڕەوەزەکـانی مـاچ کـرد. عـومەر بە ئەسـپایی لە جێگـاکەی هـاتە دەرەوە، بەحەسـرەتەوە لە کوردسـتانی چکۆڵەی ڕوانی، لەچکەکەی دایکی توند لە باوەش گرتبوو، وەک بۆنی پێـوە بکـات! لەبەرخـۆیەوە گـوتی: زلهێزەکـانی دنیـا! مـافی مـرۆڤ تەماشـاکەن! نیشـتمانم بە خـوێن سـووڕە، بە باوەشـی منـداڵێکەوەیە! هەرچەنـد دەکـات نـازانێ لە کـوێ تەقەتـی بکـات دوژمـن دەسـتی پێـی ڕانەگـات و لە کەڵـبەی خـوێن لێچـۆڕاوی گەلەگـورگی بیابـان، بیپـارێزێ! گـوێی لێبـوو ئەبـو داود، بە دەنـگ قورئـانی دەخوێنـدو لە سـوورەتی ئەنفالـدابوو!! عـومەر لەبەرخـۆیەوە دەیگـوت: لام سـەیرە ئەو قورئـانە، چۆن خۆی بە دەم و چاویدا نادا؟!

پێشـنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، مەلاو، چەنـد کەسـێک لە کەسـوکاری ژن و پیـاوەکە، قورئانێکیـان بە دەسـتەوەبوو، گەیشـتنە لای ڕەبـایەکە، یەکەم شـت کچەکەیـان وەرگـرتەوەو لە خـوارەوەش تەرمەکانیـان بـارکردو

گەڕانەوە بەرەو ئۆردووگا زۆرەملێکە.

عومەر زۆرجار لەگەڵ ئەو تێکستەی گۆرانی دروێنەی یەک نەبوو، کە حاجی عەولای باوکی وەک سەرپاڵە، لەبەر بەری دروێنەی دەیگوت و سەپانەکان بۆیان دەگێڕایەوە:

عارەب زۆر بە تەماعن، قەت تەماعیان مەدەنێ،

گەر تەماعیان بدەنێ لێو تێکدەدەن قۆشەنێ،

وەک گورگی دەشت و بەنێ، لێی گەڕێی گۆشتت دەخوا،

مەنعی بکەی هەردەقەنێ!

بەڵام ئێستا، کە جامی ئەقڵ و ئارامییان پڕکردووە لە خوێنی بە ناهەق ڕژاو، هاتۆتە سەر ئەو باوەڕەی، حاجی عەولای باوکی ڕاستی گوتووە! تابلۆی دواوێنەی کوردستانی چکۆلەی لە زەینیدا کاڵ نەدەبووەوە. کاتێک کە لە خەو هەستا لاجانگ و ڕوومەتی هەموو شوێنی گنجەکانی باڵیفەکەی لێدەرچووبوو، شوێن جۆگەلەی فرمێسکەکانی بڕیبوو، کاتێک دەستی لە دەستی خاڵیدا بوو، ئاوڕی بۆ عومەری دەدایەوە. دیاربوو دەیویست ئەویش ڕەبییەکە جێبێڵێ! عومەر سەری بۆ دەلەقاند: خەمت نەبێ بە قسەت دەکەم!

ئەو شەوە، پاسەوانیی ئەو سەربازەی دوای خۆیشی تەواوکرد، چونکە دیمەنەکانی ئەو ڕۆژە، خەوی لە چاوان بردبوو، هێندەی بیر لەو غەدرە بکاتەوە: نزگرەکانی کوردستان و چریکە ترساوەکانی ئەو ڕۆژە، تەرمەکانی حەسەن و حوسێن ئاسا! هەرچەندی لێی دەڕوانی، چی ڕووداو و تابلۆی غەمگین و یادەوەریی بریندار هەیە، هەروەکو کولکی تیراوەی لێکڕا وەبنیان دەدایەوە! بەدرێژایی ئەو شەوە وەک قەقنەس، هەزاران جار لە ئاگردانی خەیاڵیدا سووتا و زیندوو بوەوە! نەیدەتوانی دەرەقەتی ئەو جەنگەی نێو دەروونی بێت، زوێر زوێر گۆشتی پێ بەردەدا!. کێژۆڵە بەڵێن بێت، یادەوەریەکانت لە دڵمدا بنووسمەوە و هەمیشە لە ئاسمانی خەیاڵمدا سەما بکەی!...

تیشکی خۆری ئەو بەیانییە، لە خەیاڵەکانی دایبڕی. دوای نانی بەیانی،

ناوی ئەو کەسانە خوێندرایەوە کە نۆرەی مۆڵەت وەرگرتنیان بوو. عومەریش یەک لە مۆڵەت پێدراوەکان بوو، دەیانتوانی حەوت ڕۆژ لەلای کەسوکاریان پشوو بدەن. هەرچەندە عومەر دەمێک بوو ڕۆژەکانی، بۆ وەرگرتنی ئەو مۆڵەتەو شادبوونەوەی بە ئامێزی سەبری و دیدەنی دایک و باوک و کەسوکاری، دەژمارد، بەڵام ئەو ڕووداوە گورچکبڕەی بن سێبەری دارگوێزەکان، هیچ دڵخۆشی بۆ نەهێشتبوو. تراکتۆرە سەربازییەکە، مۆڵەتپێدراوەکانی بردە خوارەوە. پێ بە پێ گەیشتەوە گوندی، سەبری دەیگوت: لە دوێنێوە چاوم دەفڕێ، دایکت دەیگوت: میوانێکی عەزیزت دێت!

عومەر، دوو سێ ڕۆژ دەبوو گەیشتبووە ماڵەوە، بە سەرسووڕمانەوە پرسیاری کرد: بلە سەرئاسن و شاکرەپووت نەیانزانیوە هاتوومەوە؟! ئەو پرسیارە، کۆمەڵێک هەواڵ و باسوخواسی چەند هەواڵێکی باوەڕنەکردەنیی وروژاند، یەکیان ئەوەبوو بلە سەرئاسن چووبووە شاخ و ببوە پێشمەرگەو بە عومەریشی نەگوتبوو، لەوەش سەرسووڕهێنەرتر ئەوەبوو کە بۆتە پێشمەرگەی هێزێک کە لەڕووی فکر و باوەڕەوە، هیچ باوەڕی پێی نیەو لەگەڵ فکری بلەیدا ناکۆکە. دواتر بۆی ڕوون بۆوە کە لەبەر خاتری مامی لەگەڵ ئەو هێزە چەکدارە، کە بلە پێیدەگوتن ئەوانە بۆرژواو خێڵەکین، بۆتە پێشمەرگە. هۆیەکەیشی زیاتر دەگەڕایەوە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی مامی لەگەڵ چەند چەکدارێکی لایەنی بەرامبەر. دیاربوو سۆزی خزمایەتی بەسەر بیروبۆچوونی فیکریدا زاڵ ببوو و وەک پابەندبوونێکی کۆمەڵایەتی نەیتوانیبوو قسەی مامی بشکێنێ. دوای ئەوەی بلە سەرئاسن ببوو بە پێشمەرگە، داموددەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس بە یارمەتی موختاری گوندی، دایکیان دەستگیر کردبوو، چونکە ژنی نەبوو تاوەکو دەستگیری بکەن. ڕەوانەی زیندانەکانی خواروی عێراقیان کردبوو. پاشان عومەر، هەواڵی مامۆستا سەلاحی پورزای لە دایکی پرسی، دایکی گوتی: ڕۆڵە ڕەببی چاوی پلکت کۆرەبی، ئەو سەلاحە جوانەیان هەلا هەلا کردووە،

بیبینـی ناینـاسـییەوە! ڕاسـتە ئازادیـان کـردووە، بەڵام لە دوای چـی!؟ عـومەر قسـەکەی پێبـڕی و بەپەلە گـوتی: دەی دەی، ئازادیـان کـردووە، ئێستا لەکـوێیە؟! دایکـی گـوتی: یـاخوا کـافری هەر حەوت دینـان ڕێـی نەکەوێتە هەیئەی کەرکووکێ، کورپژگەیـان شێت کردووە، هـیچ قسـەی لەسـەر یەک نییە! حـاجی عەولا، نـاوی گونـدێکی نـاوچە شـاخاوییەکانی هێنـا کە ئـاوەدان کـراوەتەوەو، حکـومەت بە هـۆی شـەڕی لەگەڵ ئێران، دەسـتی پێڕاناگـا، سـەلاح چـۆتە ئەو گونـدەو لەوێ نیشـتەجێیە. عـومەر ناوی ئەو گوندەی لە مێشکیدا هەڵگرت.

ئەو چەنـد ڕۆژە عـومەر، لەگەڵ ڕۆحـی خۆیـدا دەدواو جەنگێکـی لە هەناوی خۆیدا دابەستبوو: دەبێت خـۆم سـاغ بکەمەوە، لەو دووو ڕیـانە دەبێ یەکیان هەڵبژێرم، چـونکە بە دوو ڕۆحەوە لە جەستەیەکدا ناتوانم بڕیـار بـدەم! چەنـد لێشـی ورد دەبـمەوە، دوو گنـدۆرە بە دەسـتەکی هەڵناگیرێ!

ئەوەی ئارامی دەروونیی پێدەبەخشی، تەنیا باوەشی گەرمی سـەبری بوو، دەیگوت: لەو ڕۆژەوەی یەکتریمـان خۆشویستووە، هەسـت دەکەم تا دواسنووری سەرسووڕمان سەرسامم بە خۆشەویستیت. ئەو ئارامی و بەختەوەرییەی من دەمەوێ، بەس لە باوەشی گەرمی میحیبەتی تۆدا دەستم دەکەوێ!

عـومەر، چـوار ڕۆژ لە مـۆڵەتەکەی تێپەڕیبـوو، دەیگـوت: دەبـێ بـۆ یەکێکیان خۆم ساغ بکەمەوە! لە دڵدا بڕیاری خۆی دابوو، هەر ئەوەندە مابوو بە دایک و باوک و سەبری ڕابگەیەنێ. خۆی ئەوانیش سووسـەی شـتێکیان کردبـوو کە عـومەر دەیەوێ بابەتێکیـان لەگەڵ بـاس بکـات. باوکی گوتی: کوڕم هەرچییەکت لە دڵدایە پێمان بڵێ، ئەو چەند ڕۆژە بە ئاسایی ناتبینم، وەک ئەوەیە کێشەیەکت هەبێت و تاقەتت پێیدا نەشکێ! ئەو قسـەیەی کە هەرگیـز تەمەننایـان نەدەکرد بیبیسـتن، گوێیـان لێبـوو: (دەمەوێ بـبمە پێشـمەرگە!) ئەو ڕسـتەیە هەمـووانی سـڕکرد! سـەبری لەچـکەکەی بە چـاوییەوە نـاو یەکسـەر بە گریـانێکی بێدەسـەڵاتی بـۆ

ژوورەکەی خۆی غاریداو لەسەر چاوکەوت. دایکی، کۆرەمستێکی لە دەندەرەی سینگی خۆیداو ڕەنگی زەرد بوو، لێوەکانی تەتەڵەی دەکرد، ئەیەڕۆ ئەو ژنە جوان و جحێڵەی بۆ کێ بەجێدێڵی؟! حکومەت هەموومان دەگری، ئەو میرەماڵەی دەیبینی دەبێتە ئاردی نێو دڕکێ، ساحێبەتی پەڕەتیرەکی[1] ناکەین. ئەگەر بەزەییت بە خۆشت دانایەتەوە، بەزەییت بە ئێمەدا بێتەوە، بەو کارەت هەمووان تووشی نەگبەتی دەکەی!

حاجی عەولا جگەرەیەکی داگیرساندو گوتی: کوڕم ئەمن ڕێگای کوردایەتیت لێ ناگرم، دەبوو زووتر لەو بڕیارەت ئاگادارم بکەیتەوە، بۆ ئەوەی دەڕاسەکەو ئەو مەڕو ماڵاتەی بفرۆشم و خۆم کۆبکەمەوە بۆ هەر ئەگەرێک. ئەتۆ دایک و باوک و ژنی پێشمەرگان نابینی، لە چ زەلالەتێک دەژین؟ زیندانەکانی خواروو عێراقیان لێ پڕ کردوون و چاوپێکەوتنیشیان نییە. تۆ دەزانی چوونەشاخی تۆ، بە مانای لەبەریەک هەڵوەشان و هەڵتەکاندنی خێزانەکەمان و تەفروتونابوونمانە!؟... سەفەری بڕای و ئایشەکوڕانیی خوشکی، تەماشای زاری دایک و باوکیان دەکرد، هەستیان لە خۆیان بڕیبوو. دایکی لەوە تێگەیشتبوو قسەکانیان ئەگەر کارتیخیش بێت، تۆسقاڵێک لە پۆڵای بڕیاری عومەری هەڵناکڕێنێ. دایکی تامی قسەکانی گۆڕی بە میهرەبانییەکی دایکانەوە گوتی: تازە سەروەت و مەڕو ماڵاتمان بۆ چییە! هەمووی دەکەم بە قوربانی هەناسەیەکی منداڵەکانم، پێنج فەڕزە لەسەر بەرماڵی نوێژێ لە خودای دەپاڕێمەوە منداڵەکانم بۆ بپارێزی، خودایە گیانم بستێنە، بەڵام بەردی ساردو گەرم نەکەوێتە بەرپێی منداڵەکانم!... بەڵام، هەموو ئەو ئاهونزولەی بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕاند، لە ڕێگا هەڵدەپڕووکان!

کات، بە غەم و بێئومێدیەوە ڕەت دەبێ. تا دێت، دابڕانی نێوان سەبری و عومەری درزی گەورەی تێدەکەوێ، جگە لە شەوێک ئیدی پێکەوەبوونیان بەرەو مەوداییکی نادیاری زۆر نادیار و زۆر دوور،

[1]- پەڕەتیر: پەڕەموویچ، ئەو پەڕەبااڵندەیەی کە بەسەری تیرەوە دەکرێ.

ملدەنێ!

سەبری بە گریانەوە گوتی: فکری مردنێ خۆم کردبا، لە فکری مالئاوایەکی وا نەبووم!... بۆنی هەناسەی، وەک بخوری بەهەشت شۆڕدەبۆوە نێو سییەکانی عومەری. مەسنای سینەی ئاوالە کردبوو، لە باخی دەرودۆڵەکانی بەهەشت دەچوو! سەبری، هەرکات دەستی دەگەیشتە نێو دەستی عومەری، ڕەنگوڕووی خوێنی تێدەزاو وەک ڕووناهیی خۆر دەدرەوشایەوە، هەست بە گەرمایی جەستەی دەکرا.

عومەر گوتی: سەبری گیان، خۆزگە بمتوانیبا بۆ یەک ساتیش لێت دوورنەکەومەوە! خۆ ئەتۆ بۆ خۆت دەزانی ئەمن ئەگەر یەک هەناسەم هەبێ، ئەو هەناسەیەم ئەتۆی! بەاڵم چبکەم، دڵم ئێستا وەک مەیدانی جەنگی لێهاتووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەپۆل شەپۆل کوفارەی خوێن حینجە دەکات، تۆزقاڵێک خۆشی چیە، تێیدا نەماوە! سەبری گیان، هەقم پێبدە، ئەوەی ئەمن ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو بەو چاوانەی خۆم بینیومە، گەر ئێوە بتانبینیبوایە بڕیاری زۆر لە بڕیارەکەی من قورسترتان دەدا!

هەستێکی یەکجار تاریک و پڕ لە نائومێدی، سەبریی داگیرکردبوو، وەک لە حاڵی مردندا بێ، بە دەنگێکی کز و بێحاڵەوە گوتی: مادام هەروایە، خودا پشتوپەنات بێت، باش دەزانی لەو چەند مانگەی داهاتوو دەبیت بە باوک!... ئەو سپێدەیەی کە وادەی لێک دابڕان بوو، حاجی عەولا گوتی: کە بڕیاری کۆتاییت داوە، چەند هەفتەیەک بۆ ڕۆیشتن لە ڕەبایەکە خۆت دوا بخە، بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەر ئەگەرێک. ئیدی، دواماچ و دواباوەشی مالئاوایی بە هەموویان بەخشی.

سەبری لە دوای دابڕانی لە عومەری، دڵی خۆی بەو چەند ئاوازەی عیشقە خۆشدەکرد لە گەمەی کۆترەکانەوە هەڵدەوەرین، بەو بۆنە نێرینەییە خەستەی، لەسەر سەرینەکەو پێخەوەکەی عومەری بەجێمابوو. ئەو بۆنەی، دەیبردەوە بۆ ڕۆژانی سەرەتای عاشقبوونیان، هەمان بۆنی جلەکانی سەر تەنافەکەی لێدەهات.

زەردەپەڕی ئەم ئێوارە خەمناکە، ئاسمانی گوندەکەی سوورکرد. لەو ئێوارە ناوەختەدا، نیشتمانی پشیلە سووڕە خورماییەکەشیان گواستەوە. پشیلەمێیەکەو چوار بەچکە، خێزانێکی پێنج کەسی. بەقەدەر لەپە دەستێک نیشتیمانییان پێ ڕەوا نەدیتن!

چەند ڕۆژێک لە دوای مالّئاوایی عومەری، لە بەدبەختی پشیلەکە، ئایشەکوڕانی بۆ دڵدانەوەی سەبری براژنی، هەردووکیان چوونە مالّی باوکی سەبری کە دوو خوشکیشی، بووکی ئەوان بوون. ئەو شەوەیان لەلای ئەوان ڕۆژکردەوە. بەیانی، وەک لەسەر ئاو و ئاوران بن، وەک دڵی خەبەری دابێت، زۆر بەپەلە گەڕانەوە. ئایش کاتێک دیقەتیدا دەڕاسەکە لە شوێنی خۆی نەمابوو. پشیلەکە لەسەر یەکێک لە کۆڵکەدارەکانی لە ژێر دەڕاسەکە داندرابوو، هەڵکورما بوو، وەکو جارەکانی پێشوو، نە بەپیریانەوە چوو، نەخۆی لە بەلەکی هەڵدەسووین، دۆش دامابوو، وەکو دنیای بەسەردا ڕووخابێ! لە هەوارێکی خاڵیدا تەنیا مابوو. نەسیمی بای بەیانی گەمەی بە تووکە پەشمەکییەکەی دەکرد، پێڵەکانی تووکی پشتی، دەتگوت گەنمە کەرۆشکەی دەکات! ئایش، لە دیارنەمانی دەڕاسەکەو دۆشدامانی پشیلەکە، لەوە گەیشت چ کارەساتێک ڕوویداوە، سەبریی جێهێشت و بەپەلە گەیشتەوە مالّ، بە دەنگی بەرز هاواری کرد: کوا دەڕاسەکە لە کوێیە؟ حاجی عەولّا هەر هۆپێکی لە خۆی زانی گوتی: دوێنێ کە ئێوە ڕۆیشتن هەر لە دوای ئێوە فرۆشتم. ئایش بە ڕێژنەیەک پرسیارەوە: بە کێت فرۆشت؟ بۆ کوێیان برد؟ ئێستا دەڕاسەکە لە کوێیە؟ حاجی عەولّا گوتی: بە سێ عارەبی عەگال ئەستوورم فرۆشت، نازانم خەڵکی کوێ بوون، بۆچی ئاوا پەشۆکاوی؟ بۆیە دەڕاسەکەم فرۆشت، بەر لەوەی خڕم بکەنەوە، دەمەوێ خۆم خڕکەمەوە!

ئایشەکوڕانی، نان و چەوری و ماست و ڕۆنی لەبن سەوەشێرەکە دەرهێناو بەدەم قسەکردنەوە لەگەڵ باوکی، خواردنی بۆ پشیلەکە برد: بابە ئەتۆ چۆن نەتزانی پشیلەکەمان لە ژێر پانکەی دەڕاسەکە لەنێو کاو

ورتکەقەســەڵی زابــوو، چــوار بێچــووی ببــوو. بێچووەکــانی لەگەڵ دەڕاسەکە براون، خوا دەزانێ ئێستا دەڕاسەکە لە کوێیە؟ دوور مەزانە بردبیانە بەر بەغدایێ! هەموویان پەشۆکان، بە دوای ئایشەکوڕانیدا بە غــار بــۆ لای شــوێنی دەڕاســەکە ســووڕانەوە. نــانی چەورو ماســت و رۆنیــان لە پێش پشــیلەکە دانــا، بەڵام هەر دەمــی لێنەدا، وەک ئەوەبــوو مانی لە خواردن گرتبێت! ئایش، وەک هەمــوو جار دەستی نازڕاگرتنی بەســەر پشــتیدا هێنــا، بەڵام دیســان هــیچ ســۆزێکی پێشــان نەدا، هەر کلکیشی بۆ بانەدا!

خێزان، هەموو لە دەوری پشیلەسۆری جۆخینەیان بەست. سەرباری دڵتونــدی و بــارگرانیی خۆیــان، خەمــی ئەویشــیان بە کۆڵێدادا. چەنــدی دەستیان بە پشــتیدا هێناو لاواندیانەوە، بەڵام ئەو لەتاو ئێشــی جەرگی، مێشیش میوانی نەبوو! هێندەی نەبرد ئەو هەواڵە، وەک ئاگر و پــوش بە ئاواییــدا بڵاوبــووەوە. هەمــوان خەمیــان بــوو، بە یەکترییــان دەگــوت: نەتزانیــوە دەڕاســەکەی مــاڵی حــاجی عەولای چــوار بێچــووە پشــیلەی تێدابووە، بردیانە بەری بەغدایێ، نێو عارەبان!... پشیلەی جەرگسووتاو، بە ڕادەیەک بێتاقەت و نائومێد بوو، دەتگوت لە بن داریک هەڵکورماوە، تاقە پەلکێکی پێوە نەبێت، بێدەنگ بە ڕوحی دەگریا. ئایشــەکوڕانی لەو گریانە بێدەنگەی پشیلەکە حاڵی دەبوو، دەیزانی پشیلەکە پارچەکانی ڕۆحی لەگەڵ دەڕاسەکە ڕۆیشتووە. لە دانەواندنی سەری و کزکردنی چاوی و لە بێدەنگییە غەمگینیەکەیدا، وای دەخوێندەوە سکاڵا لە لای ئەو دەکات! بۆیە، شمشاڵەکەی لەبەرپشتێنی دەرهێناو ئاوازێکی شیوەنباری بۆ لێدا! لە وەڵامی شمشاڵەکەی ئایشەکوڕانیدا پشیلەسۆر، بە نوزەیەکی پڕ لە گریانەوە میاوەی بۆ کرد کە یەک دونیا داد و فیغانی لێدەچۆڕا!

کەس بە قەدەر ئایشەکوڕانی و پشیلەکە لە یەکتری حاڵی نەدەبوون. ئایشەکوڕانی و پشیلەکە و بەرانە کەویسارەکەو سەگەکەیان، لە ڕۆحی یەکتــردا توابــوونەوە. لەگەڵ ئــاوازی شمشــاڵی ئایشــەکوڕانیدا گەورە ببــوون. بــۆ حــاڵیبوون لە زمــانی ئاژەڵەکــان، پڕیشــکێک لە ڕۆحــی

(حەزرەتی سولێمان) لە ئایشەکورانیدا سەوزببوو. ئایش، باش لە داد و شـــەکوای پشیلەســـووری خورمـــایی دەگەیـــی کە دەڵێـــت: ئێـــرە چ سەرزەمینێکە؟ سایەی کام گەزە ئاسمانە؟ کەوشـەن و قەڵەمـرەوی کام پێغەمـــبەرە؟ نیشـــتمانێک بەقەدەر لەپەدەســـتێک بە مـــن و چـــوار جگەرگۆشـەکەم ڕەوا نەبینن! نە لە گـوڵزاری پەپـوولەو نە لە دەریـای نەورەسەکان، نە لە ئاسمانی کۆترو ڕەنگاڵەکان، نە لە گەردیلەی ستونی کلاوڕۆژنەکـان، لە هەردوو پشـتە دەسـتی خـۆم زیـاتر شـوێنێکی دیکە شـک نـابەم بـۆ بۆرژانێـک چەنـاگەمی لەســەر دانـێم، دەبـێ مـن و بێچووەکانم لە ناو لەپی ئەم گەردوونە شـوێنمان کـوێ بێت. ئـاخر ئێمە پـاروری دەمـی کـام مرۆڤمـان ڕفاندووە، جگە لە بەرمـاوەی مـاڵان، لەو مەنجەنیقەی مرۆڤەکان بۆ یەکتریان داخستووە خەریکە ئێمەی ئـاژەڵیش دەگرێتەوە، دەبێ لە توانای کام جوانیدا بێت، ئەو هەمـوو ناشـیرینییەی مرۆڤەکان بسڕێتەوە؟ ئێمە لە سەر ئەم هەسارەیەو لەم سەردەمە پڕ لە کێشمەکێشـــە لە دایـک بـووین، کە پشـیلەبوون هـیچ مانـایەکی نیـیەو تەنانەت مـافی ئـاژەڵانیش ژیـان بە لایەقـی پشـیلەی کـوردان نـازانن. لە ســاڵێکدا تـاقە ڕەشـەمێیەکمان هەیە بـۆ یەکتـر ناسـین و عیشـق لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، ئەویشمان پێ زۆر دەبینن. لە شانۆگەری گورگەکان نەفرەت لە پشیلە بـوونی خۆمـان دەکەیـن، دەپێم بڵێن لە ناو تەفسیری کام ئایەت، سیمای ڕاستەقینەی جەرگی سـووتاوی مـن حینجە دەکات. بـۆ کەس هەیە لە حەژمەت و لە غـوربەت و فەنـابوونی بێچووەکـانی ڕۆحی دنیا زامدار نەکات!! کێ دێت سنوورو کەوشـەنێک بـۆ ژیـانی مـن دیـاری بکات! ئەتۆ بڵێی خەونەکانم لە پەراسـووی مـوعجیزەیەک شـین ببنەوە! ئەتـۆ بڵێی جـارێکی دیکە بێچـووە جوانەکـانم ببینمەوەو وەکـو باڵیفۆکەی خودای لە ئامێزیان بکەم؟!،

مـن لە ریتمـی موناجـاتی ئەو ئـاوازە غەمناکە تێدەگەم کە بـۆ خەونـی پشـیلەیەکی خـانەخەرای وەک منـی دەژنـی، ئەوە ریتمـی تەنیـایی و لەتبـوونی جەرگە لە تەلاری خەیاڵمـدا ڕۆحـم ئـاژنین دەکـات. گـوێم بـۆ

ڕژانی سۆمای چاوەکانی خۆم ڕاگرتووە، تاوەکو لە رازەکانی ئەوینێکی بێ مراد، ئایەتەکانی جەرگ داغبوون تەفسیر بکەم.

بەڕاستی جێگای سەرسوورمانە تاکو ئێستا مرۆڤەکان یەکترییان ئاوارەو مەنفی دەکرد، کەچی ئێستا دەست بۆ نەفیکردنی ئێمەش دەبەن.

بۆ هەر چوار جگەرگۆشەکەم لە هەواریکی خاڵیدا رەونەقی ڕەنگەکانتان کۆدەکەمەوەو وەک قردێلەیەکی جاویدانی لە یەخەی یادەوەرییە ئەبەدییەکانمی دەدەم، ئازیزانم سکاڵای ئەو ڕۆحە هەلاهەلایەم لە ملی کام باڵندەی کۆچەری بکەم، بۆم دەگەیێنێتە لای ئێوە! راسپاردە بریندارەکانم بە کامە شەپۆل بسپێرم دەیگەیەنێتە دەروازەی کەناری ئارام، ئای خۆزگە من بمتوانیبا چی خەیاڵ هەیە جێی بێڵم، خۆم لە ڕابردوو دەربازکەم، تابلۆی یادەکانی زەینم کاڵ بکەمەوە.

لەگەڵ ئەو دۆزەخە ڕابێم، سەر لە نوێ تێهەڵبچمەوەو ژیان لە نوێ دەست پێبکەمەوە، بە ئەندێشەیەکی قوولتر دەرگاکان بخەمە سەر پشت. پەنجەرەکان بکەمەوە، هەر چوار پارچەی جەرگ و ڕۆحم لەلای یەکتر کۆکەمەوە، ئەگەر ئەمن بمتوانیبا، هەر چوارتانم لەناو ئینجانەی دڵمدا کڵۆم دەدا، هەر بۆ ئەوەی دەستی ڕەشی هیچ فەرهودێک پێتان نەگا.

٩

ئەو لووتکە شاخەی ڕەبییەکەی لەسەر هەڵتۆقیبوو، شاخی سەربەتەم، بەرزترین ترۆپکی زنجیرەشاخەکەش بوو، بەسەر هەرچوار دەوری خۆیدا دەیڕوانی. سنوورەکە، بە زنجیرەشاخێکی هەڵەموت و سەخت دەورە درابوو. تا چاو هەتەردەکات، چیا لە دوای چیا لە ڕکابەریی یەکتری گەردنیان بەرزکردۆتەوە، تەنها شوێنی گونەدە خاپوورکراوەکەی نێو دۆڵەکە، شوێنێکی گۆڕایی هەبوو، دیاربوو لە کاتی ئاوەدانی گوندەکەدا بەر لە ڕاگوێزان، جێگای خەلەوخەرمانی خەڵکی ئاوایی بووە. لە دۆڵەکەدا، دارگوێزو چوالەو هەرمێ پایزەو ترش و میوەی هەمەجۆر بوو. ئەو دارانە ملیان دابووە یەکتری، بە حاڵ لە کەلێنی گەڵای درەختەکان تیرێژی خۆر دەڕژایە سەر زەوی. دارو بەردی خانوو و مزگەوتە ڕووخاوەکە بەو نێوەدا لێک درابوو، بە جۆرێک، کەس نەیدەزانی کامەی کامەیە. زۆرجار گوێی لە ئەبوداود دەبوو قسەی لەسەر ناوچەکە بۆ سەربازەکان دەکرد، وەک چاوساغی دەیگوت: لەو دیوی ئەو شاخە سەختەی بەرامبەرمان موخەڕیبی لێ هەیە، دەبێت ئاگادار بن! کە مەبەستی پێشمەرگە بوو.

عومەر بە ڕۆژێ، بە دووربینەکە هەموو شوێنەکانی دەستنیشان کردبوو، کە پێویستە بە کوێدا بڕوات. مانگەشەوێک بوو وەک زیوی ئەستێرە دەدرەوشانەوە. نۆرە پاسەوانی عومەری بوو، شەو ڕاشکا، دنیا خامۆش، عومەر دەمێک بوو ژەنگی ڕقێکی پیرۆزی هەڵدێنایەوە. زۆرجار مەیلی بۆ کەتنێک دەچوو. هەموو سەربازەکان نقوومی خەوێکی قوواڵ بوون. بەپەلە هەندێک فیشەکی زیادەی هەڵگرت، لە

چێشتخانەکە چەند سەموونێک و پاکەتێک خورمای لەو جەمەدانییە وەرپێچا کە لە کچۆڵە باوککوژراوەکە جێمابوو، ڕاستوچەپ لە شانی خۆی حەمایل کرد. دووربینەکەی دیدەبانیی لە ملی کردو تفەنگی لە گۆڵمی دەستی بوو، ئامادەباش بۆ هەر ئەگەرێک! چەند هەنگاوێک بە ڕێگای تراکتۆرەکەدا شۆڕبووەوە، دەستی ئەو بزنەڕێگا پێچاوپێچەی گرت کە دەیگەیاندە گوندە خاپوورکراوەکە. وەک بای ڕێدەکات و ڕێگا خۆی لەبەر ناگرێ، هەتا زووە دەبێ خۆی دەربازبکات. لەسەر تاتەنوێژو شوێنی کوشتنی ژن و پیاوەکە، گورگەئاورێکی لە ڕەبایەکە دایەوە، هێشتا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئاگادارنەبوونەوەیان نەبوو. لەبەر هاژەو لرفەی ئاوی هەڵدێرەکان، گوێی لە هیچ دەنگێک نەدەبوو، تەنها جاروبار دەنگی بۆقەکان ئاماژە بوون بۆ ژیان. وەک ڕەتکردنەوەی سەربازی و ناڕازیبوون، کڵاوە سەربازییەکەی هەڵدایە ڕووبارەکەو بەسەر شەپۆلەکاندا سەمای دەکرد.

خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی لە ڕووبارەکە بپەڕێتەوە ئەوبەری. پڕبوو لە بەردی لووسی قەوزەگرتووی ئەوتۆ، وەک پێت لەسەر سابوونی دابنێی، لێ، لە ڕۆیشتن بەسەر ئەو بەردە لووسانەدا، زۆر شارەزابوو. گۆرییەکانی دانەکەند، تەنها پۆستاڵە سەربازییەکەی داکەندو قەیتانەکانی لە یەکتری بەست و بەسەرشانی خۆیدادان و هەر تاکەی بە لایەکدا شۆڕکردەوە. پانتۆرە سەربازییەکەی هەتاوەکو ئەژنۆی هەڵکردو داڕێکی وەک گۆپاڵی، بۆ خۆگرتنەوەو ئەندازەی قوڵی ئاوەکە، بەدەستەوەگرت. بوارەکەی لە خوار ئاوایی تەنکاوێک بوو لە ئەژنۆی سەر نەدەکەوت، بەڵام پانتاییەکی زیاتری گرتبوو. گوندە خوێناوییەکەو دارگوێزە خەمبارەکانی جێهێشت. لەو کاتەدا قوڵترین ئازارەکانی، چیرۆک و سەربوردەی ئەو ژن و پیاوە بوو کە بە بەرچاوییەوە خڵتانی خوێن کران. چەند هەوڵی دەدا تابلۆی ئەو کچۆڵەو دەنکە یاقوتی فرمێسکەکانی، لە یادەوەرییدا هەڵنەدەوەرین. وەک یادگارییەک ئەوەی بۆی بەجێمابوو، جەمەدانییەکەی باوکی کچەکە بوو.

پەڕیەوە ئەوبەری ڕووباری. لەسەر بەردێک دانیشت و گۆرەویە تەڕەکانی داکەندو گووشی تاوەکو ئاوەکەی لێ چۆڕاندەوە. جووتە گۆرەوییە زیادەکەی گیرفانی باڵتۆکەی دەرهێناو لە پێی کرد. گۆرەوییە تەڕەکانی بە نیتاقە سەربازییەکەی پشتییەوە هەڵواسی. بەپەلە گوندە خاپوورکراوەکەی جێهێشت. لەبەر تریفەی مانگەشەو و گرشەی ئەستێرەکان، وەک نێریە کێوی لە خۆڕادیوو ڕووی لە هەڵەموو تە سەختەکان کردو بە هەورازەکەدا هەڵزنا، بەسەر بەراندا بازی دەدا. دەیویست هەرچی زووە لەو دۆڵەی خۆی دەرباز بکات و گوێی لە هەردەنگێک بێت، کە لەنێو هاژەو لرفەی ئاوهەڵدێرەکاندا ون دەبوو. لەو هەڵزنانە، بەتەنیشت زۆر تیشە شاخ و گابەردی ڕژددا پێچی کردەوەو لەسەر ترۆپکی بەرامبەری ڕەبایەکە، هێندەی نەمابوو ڕووکاری لای نساری لێ بەدیارکەوێت. هەرچەندە شەلاڵی ئارەقە ببوو، بەڵام بڕیاریدابوو تا نەگاتە سەر گەردەنەی شاخەکە، پشوو نەدات، بۆ ئەوەی ڕزگاربوونی خۆی مسۆگەر بکات. سێ سەعات و نیو زیاتر بە هەناسەبڕکێ ڕێگای بڕیبوو، گەیشتە سەر ئەو تەپۆلکە شاخەی بەسەر هەردوو دیویدا دەڕوانی. ئەو تیشە شاخە تیژانەی، وەک ئەو چیرۆکە ئەفسوناوی و تەلیسمانە دەهاتە زەینی کە نەنکی لە زەمەنی منداڵی بۆی دەگێڕایەوە. وەک کەرنەڤاڵی ئاپۆڕای شاخەکان بێت لەسەر ئەو زینوە قیت بوونەتەوە. هێندە بەهەستیاری ڕێدەکات، گوێی لە خشەی مارو مێرووە. تفەنگە ئاربیکەیەکەی لە شانی هێنایە خوارێ و بە بەردێکی هەڵپەساردو لەسەر تاتەبەردێکی پان دانیشت بۆ ئەوەی پشوویێک بدات و ئاوڕێک لە ڕەبایەکە بداتەوەو بزانێ داخۆ چ باسە؟ بڕیاری دابوو زۆر دانەنیشێ نەبادا ئارەقی لێ ساردبێتەوەو سەرمای بێت و نەخۆش بکەوێت. کزەبایەکی ساردی کوێستانی خۆی لەسەر ئەو زینوە دەسووی و تەزوویێکی سارد خۆی بەلاملی ئارەقاوی عومەری دادەهێنا. پڕ بەدڵ لە مانگی ڕادەما، بەو خەیاڵەی سەبریش لە ماڵی خۆیان لە مانگێ ڕابمێنێ و ڕووحیانەتیان لەوێندەرێ بەیەک بگەن.

هـەر بـە قـەدەر جغارەخۆرێـک دەبـوو دانیشـتبوو، ڕەبـایەکە دیـاری نەدەکرد، تەنها تارمایی لووتکەی شـاخی سـەربەتـەم دیار بـوو، تیشکی لایتەکانیان ئەوەی پیشاندەدا بە هـەڵاتنی عومـەری حەسـیا بـوون. چەند ڕیزێک گوللەی ئاگرداریان بۆ لای گوندە خاپوورکراوەکە شـۆڕکردەوە، چونکە مەزەندەیان نەدەکرد عومەر لەو گوندە زیـاتر ڕۆیشتبێت. چەند گوللـە هـاوەنی ڕووناککـەرەوەیان بـۆ تـاقی ئاسـمانێ هەڵـدا، کاتێـک دەکوژانـەوە پارچـە ئاسـنەکانیان دەکەوتنـە سـەر تاتەبـەردە لووسـە هەڵدێرەکان و بەو شاخەدا جاڵە دەبوون و زرینگەی دەنگێکی سـامناکی لەو شاخانە دەدایەوە. مانگ بە تاقی ئاسمانەوە لەو دیمەنانەی دەڕوانی.

شـەو هێندەی بـە بـەرەوە نـەمابوو، دواکـەوتن لـە بەرژەوەندیدا نییـە، دەسـتی بـۆ تفەنگەکـەی درێژکـردو خـۆی بـەرەو خـوار هەڵـدا. ڕێکـردن لەبەر ڕووناکی مانگەشەو و سـەر بەرەوخوار، وزەی زۆری نـاوێ. ئـەو ڕێگـا پێچـاوپێچ و سـەر بـەرەوژێرە، وەک لاسـتیک لێـک دەکێشـرێتەوەو تەواو نابێ، پێچێک تەواو دەبێ و پێچێکی دیکە دێ! بەسـەر بەردەکاندا، لەم بەرد بۆ ئەو بەرد بازدەدا. هێشتا سـەو گورگ لێک جیـا نـاکرێتەوەو سـیوادی نـەداوە، لـەناکاو دروسـت لـەو کاتـەی بـە خەیاڵـەکانی خۆیـدا ڕۆچووبـوو، لـە بـن ئـەو بـەردەی پێی لەسـەر دانـا، ڕەوە سـوێسـکەیەک خۆیـان بەرەو خـوار فجـوق کـرد، لـە فـڕەی باڵیـان، عومـەر دەرپـەڕی و سەرسـمێکی دا، خـەریکبوو لـە پـاوڕوو بکـەوێ، خـۆی بـە بـەردێک گرتەوەو هەر بەخۆی گوتی دەک زەندەقت بچێ! تانەی لە خۆی دەداو دەڵێ بـەو حاڵەی پێشـمەرگایەتیم بۆ دەکـەی؟ خـەریکی لەترسـان زیـڕە بکەی و شیری نۆ ماڵان بڕێژی![1] لـە فـڕەی سوێسـکەی ئـاوا هەتڕەشـت

---

[1]- شیری نۆ ماڵان بڕێژی: کینایەیە بە کەسی یەکجار ترسنۆک.
پەندێک هەیە دەڵێ: "پخەی لێکەی، شیری نۆ ماڵان دەڕێژێ!" لە کۆندا و لە گوندەکاندا هیچ ماڵێک حەوشەی نەبووە. ئێواران خەڵک هەموو لەبەر دەرگا شیریان خستووەتە سەر ئاگر بۆ کوڵاندن. جا، لەکاتی وادا کە پخەیان لە کەسێکی ترسنۆک کردووە، ترسنۆکەکە، بەجۆرێک هەڵاتووە، هیچ هۆش و ئاگای لەوە نەماوە کە چیی لەسەر ڕێیە، لەو بەینەدا مەنجەڵەشیری نۆ ماڵانی ڕشتووە!

بچێ، دەبێ لە قرمژنی دۆشکەو شەستیرو بیکەیسی چی بکەی؟ چاک بوو کەسم لەگەڵ نەبوو، ئەگەرنا ئابڕووی پێشمەرگەشم دەبرد!

کزەبای بەربەیان خۆی لە لاجانگی دەسووی و تاڵەکانی کاکۆڵی دەبزاوتن. هێدی هێدی سیوادی دەداو لای خۆرهەڵاتێی ڕووناک کرد. دڵنیایی ڕزگاربووون لە ڕووخساری بەدی دەکرا، بەڵام تا لە شاخێک بەسەردەکەوت، لووتکەیەکی لەوە بەرزتر لە پێشی قووت دەبووەوە! هەتا دەڕوا نە هەوراز تەواودەبێ نە نشێو. هەر چەندە بە جەستە یەکجار ماندووبوو، بەڵام لە چاوەکانیدا تیشکێکی باوەڕ بەخۆبوون و ڕەوایەتی خەباتەکەی، بڵاچەی دەدا. بەرەو ئەو دنیا جوانە دەفڕی کە لە خەیاڵی خۆیدا دایڕشتبوو. بە هیوای ئەوەی ببێتە بەردێکی بناغەی ئەو تەلارەی لە کتێبەکاندا وێنای کردبوو! خۆر، لە پەنای ئەو تیشە شاخانەی ئاوڕێژی هەردوو دیووی ئەو جێگایەی دوژمن ناویان ناوە سنوور، گەردنی خۆی هەڵدەکێشا، تاڵە تیشکی سوورباوی خۆر هەتا دەهات کاڵتر دەبووەوە، دەستپێکی ڕۆژێکی نوێی پیشان دەدا. عومەر دەیویست چێژ لە تەماشاکردنی ئەو تابلۆ خودایە ببینێ. تیشکی خۆر یەک لە دوای یەک هەموو تیشە شاخەکانی ڕادەموسی و دۆڵ و نواڵەکانی بەسەر دەکرەوە. ڕۆژێکی تایبەت بوو لە ژیانی عومەری. یەکەم ڕۆژی پێشمەرگایەتیی بوو. هەتا خۆر هەڵدەکشا، تیشکی خۆر دادەکشا بۆ بنارەکان و دۆڵەکان ڕووناکتر دەبوون. سێبەرەکان لە شەرمی خۆر، پێیان هەڵدەکێشاوە بەرە خۆیان. عومەر ماندوو و شەکەت، لە قەدپاڵی ڕەوەزێکی یەکجار بەرز لەسەر کانیاوێکی زوڵاڵ، تفەنگەکەی بە بەردێک هەڵپەسارد، دووربینەکەی لە ملی کردەوەو لەسەر بەردێکی دانا.، هەردوو گۆڵمی پڕ لە ئاو کرد، سوێراوی ئارەقەی لە دەموچاوی خۆی سڕی، بینی بە کانیەکەوە نا تێر ئاوی سازگاری خواردەوە. دیسان چەند شڵپەئاوێکی دیکەی بەدەموچاوی خۆیدا کرد. تێشتەبەرەی نێو جەمەدانیەکەی باوکی کوردستانی کردەوەو چەند سەموونێکی سەربازی و پاکەتە خورماکەی دەرهێناو کردی بە قاوڵتی

ئـەو بەیانییـە. لـە دوای ئـەوەی تێـر سـەموون و خورمـای خـوارد، دووربینەکەی بـە چاویەوە گرت، هـەتا چـاوی دووربـین هەتـەر دەکـات، هـەر چیا لە پشتی چیا! قاسپەی کەوی غوردو چەهچەهـەی بولبول لـەو ڕەوەزە شـاخانە، دەنگـی دەدایـەوە. جیهانێـک لـە فـەنتازیای سروشـتی خوڵقاندبوو. وەک مـەست تێکەڵاوی ئەو ئـاوازە خۆزاییـە ببـوو. تفـەنگ و مـەخزەنی فیشـەکەکانی وەک کەرەستەی جـەنگ و خـوێنڕێژی نـەدەبینی، ئەوەندەی وەک ئامێرێکی مۆزیک لێی دەڕوانی!

هـەرچەندە هـیچ جـەنگێک ئەنجـامی بـاش لـە دوای خـۆی بـەجێناهێڵێ، جگـە لـە مـاڵوێرانی و دواکـەوتن. بـەڵام شـەڕی عێـراق و ئێـران بـە شـێوەیەکی کـاتی، قـازانجی پێشـمەرگەی تێدابوو، بـە جۆرێـک سـوپای عێراقی گرفتار کردبوو، وەکو پێشوو نەدەپڕژا پەلاماری پێشـمەرگە بدا. بە تێپەڕبوونی کات، تـا شـەڕەکە گـەرمتر دەبـوو، هێـزە سـەربازییەکانی عێـراق لەسـەر چیاکـانی کوردسـتان دادەبەزێنـدران و بـەرەو ئاشـی شەڕەکە بەڕێدەکران. ئەوەش لـە چەند ڕووەوە بـە قـازانجی پێشـمەرگە بوو، یەکەم دەیانتوانی بە ڕۆژی ڕووناک جموجۆڵ بکـەن، دووەم وردە وردە گونـدە خاپوورکراوەکـان ئـاوەدان دەکرانـەوە، بـە تایبـەتی لەلایـەن ئەوانـەی سـەربازی هـەڵاتووی جـەنگی قادسـییەی سـەدامیان هەبـوو، بەشـداریکردنیان لـەو جەنگـە ناڕەوایـە، ڕەتـدەکردەوەو، خۆیـان لـەو دۆزەخە ڕزگار دەکرد.

عومەر لەسـەر کانیەکە باش حەسایەوە، هێشتا خـۆی کۆنـەکردبووەوە دوو هەلیکۆپتەری بینی لەسـەر شـاخ و دۆڵ و ڕەوەزەکاندا دەگـەڕان و خۆیان لە زنارەکان دەسـووی. بێئـەوەی کەسێکیان بینیبێ،شـەلم کـوێرم کەس نابوێرم، ئەو نێوەیان بۆردومان دەکرد. هـەر خێرا تێشـەبەرەکەی کـۆکردەوە، دووربینەکـەی لـە ملـی کـرد، تفەنگەکـەی دەسـتدایێ، چەنـد هەنگاوێک لە کانییەکە دوورکەوتەوەو خۆی خزاندە بن ڕەوەزەشـاخێک. هەلیکۆپتـەرەکان، هەڕەمـەکی هەرشـوێنێک سـەرنجی ڕابکێشـابوونایە، ڕیزێک گوللەی دۆشکەیان پێوەدەنا. لە کاتی سووڕانەوەدا، سێبەریان بە

بەردەمی ڕەوەزەکەدا تێدەپەڕی. عومەر جوولّەی لە خۆی بڕیبوو، تفەنگەکەی لە بنەخۆی دڕێژکردبوو، لە سەردەم ڕاکشابوو. هەلیکۆپتەرەکان بێئەوەی جوولّەیەکیان بینیبێ، چەند دەستڕێژێکیان لەو دۆلّە کرد که عومەر بەنیاز بوو پێیدا بڕوات. شوێنە بەرزەکان، چونکە کوێستانی سەختن، درەخت و جەنگەلّی لێ نییەو ڕووتەنە، جگە لە چەند بنەگوێنیەک هیچی دیکەی لێ نەڕواوە، بنەگوێنیش، دەوەنییەو بۆ خۆ لەبن حەشاردان نابێت. کۆپتەرەکان، زیاتر قوولایی دۆلّەکانیان دەکوتا، کە پڕبوو لە دارگوێزو داری میوەی هەمەجۆرو سەرچاوەی کانیاوەکان. دوای ئەوەی ڕقی ژەهراویی خۆیان بە سروشتی دلّڕفێنی کوردستاندا ڕشت، ئەوێیان بەجێهێشت.

ستوونی دوکەلّی بۆردومانەکە، بەرەو ئاسمان هەلّدەکشا، وەک بلّێی سکالّای ئەو ڕەزو باخانە، بۆ عەرشی عەزیم ببا! عومەر، بەرەو ئەو دۆلّە ڕۆیشت.

هەرچەندە دۆلّەکە بە چاو نزیک دیاربوو، بەلّام هەر خۆی هەلّدەکوتی و نایگاتێ. هێندە ماندوو ببوو، وای مەزەندە دەکرد کات ئەگەر لە نیوەڕۆ کەلی نەکەوتبێت، بە دلّنیایی جەنگەی نیوەڕۆیە. ڕێک ڕاوەستاو تەماشای سێبەری خۆی کرد زانی نوێژی نیوەڕۆیە. بۆندوکەلّی داربەڕوو و گوێزو مازوو، لەو دۆلّەی داوێستاوە. لەلای پلووسکەئاوێک کە لە شاخەکە هەلّدەچۆڕا، دانیشت و سەموون و خورمای دەرهێناو دەستی بە نانخواردن کرد. تەنها تۆزێک خورمای پێمابوو ئەویشی خستە گیرفانی پالّتۆ سەربازییەکەی، جەمەدانییەکەی داتەکاندو لەسەری خۆی وەرپێچا، بە چاپووکی کەوتەوە ڕێ.

ئێستا لە پشتێنی بەرەو ژوور، سیمایەکی پێشمەرگانەی هەیە، پانتۆرو پۆستالّەکەی، سەربازییە. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: دەی ئەگەر نیوە بە نیوەش پێشمەرگە بم، هەر باشە! ئێستا لەگەلّ ئاو بەڕێوەم بەرەو گزنگ و خۆرەتاو، هەر بەو ئاوازو ڕیتمانە هەنگاو دەنێم کە لە ئایەتەکانی کتێبەکانەوە فێری بووم. لە پەنجەرەی ئومێدمدا چرا بۆ نیشتیمان

دادەگیرسێنم.

پاشنیوەڕۆیەکی درەنگ، گەیشتە ئەو دۆڵەی کۆپتەرەکان بۆردوومانیان کرد. دووکەڵەکە دامرکابۆوە. پشتی خۆی بە بەردێکەوە داو دووربینەکەی بە چاویدا لەقاند، بریسکەی چەکی شانی چەند کەسێکی بەدیکرد، لە خۆشییان شاگەشکە بوو، چونکە دڵنیابوو ئەوانە پێشمەرگەن. هەناسەی ئاسوودەیی هەڵمژی و ڕووخساری گەشایەوە، دڵنیابوو گەیشتۆتە باوەشێکی ئەمین. وەک ئاواتێکی لەمێژینەی هاتبێتەدی، ئەو بوونەوەرە ئەفسوناوییەی دەبینی کە پێیدەڵێن پێشمەرگە!

لەگەڵ ئەو هەستەش، بۆ دڵنیایی، تفەنگەکەی سوارکردو قایشەکەی شۆڕکرد بۆ ئەوەی بەرلەوەی چەکەکەی لە شانی بێنێتە خوار، بتوانێ دەستبکاتەوەو ئامادەباش بوو بۆ هەر ڕووداوێکی لەناکاو!

لە زەینی خۆیدا، دڵی بەوە خۆشبوو ئەو پێشمەرگانە ئێستا دەستلەملانی دەبن و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن پشتیوانیان بۆ زیاد بوو. یەکەمجارە ئەو کەسانە لە نزیکەوە دەبینێ کە هەموو ئومێدی خۆی لەسەر هەڵچنیبوون و شانازی پێوە دەکردن، ڕۆژی سەدجار خۆی بەقوربانی دەستو تفەنگیان دەکرد. ئاخر پێشمەرگە لە زەینیدا بوونەوەرێکی بێڕکابەرە لە مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستی و یەکسانی، پڕاو پڕە لە تایبەتمەندی و پایەکانی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە!

پێشمەرگەکان، دەمێک بوو ئەویان بینیبوو. بەرلەوەی بگاتە لای پێشمەرگەکان، دوو پێشمەرگە لە بن بەردێک وەک جندۆکە لەبەردەمی قووت بوونەوەو دەنگیاندا: وەرە بۆ کوێ ملت پێوەناوە؟ عومەر گوتی: ماندوو نەبن، ئەمن سەربازی هەڵاتووم، لە ڕەبایەی هاتووم ببمە پێشمەرگە. هەردووکیان لە دەوری سووڕان و لە سەری هەتا بنی پۆستاڵەکانی لێی وردبوونەوە بە چاوی مانگاکڕین لێیان دەڕوانی، یەکیان گوتی: ئەگەر وابێ ئەفەندی، ئەو هەلیکۆپتەرانە بە دوای جەنابتەوە بوون، خەریکبوو بە هۆی ڕاکردنی تۆوە هەموومان شەهید

ببین، وەڵلا بابە باش! ئێمە تەواومان کرد، حوکمی زاتیمان وەرگرت، نۆرەی تۆیە!

عومەر لەو هەڵسوکەوتە چاوەڕواننەکراوە سەرسام بوو! هەستەکانی و ئەو وێنایەی لە زەینی خۆی بۆ پێشمەرگەی کردبوو، هەموو بەسەریەکدا قڵپ بوونەوە. بەڵام بەسەرخۆی نەهێناو لەدڵی خۆیدا گوتی: دەی ڕەنگە مەترسیم لەسەر دروستکردبن بە هۆی بۆردوومانی هەلیکۆپتەرەکان کە بە دوای منەوە بوون.

بەدەم پرسیارو وەڵامەوە، گەیشتنە لای پێشمەرگەکانی دیکە، وەک بونەوەرێکی نامۆیان بینیبێ، بە هەموویان پرسیاربارانیان کرد، زۆر نەزانانەو نالۆژیکیانە لەگەڵی دەدوان. پرسیاری وایان لێدەکرد زۆر کەسی و تایبەت بوون و بۆ وەڵامدانەوە نەدەبوون. بەرپرسەکەیان، لە بن دارگوێزێکی بەتەمەن هەرای کردە پێشمەرگەکان: لێیگەڕێن، با بێتە ئێرە، بزانم ئەو شۆڕشگێڕە کێیە، بەتەوسەوە ئەوەی گوت. عومەر سەرکەوتە لای بەرپرسەکەو سڵاوی لێکردو چاوەڕوان بوو تەوقەی لەگەڵ بکات و دەستخۆشی هێنانی ئەو تفەنگە باشەی لێبکات! بەڵام ئەو هەردوو پێی خستبوویە نێو کانیەکە، دەلینگی شەڕوارەکەی هەتا ئەژنۆی و، قۆڵ و باسکی هەتا ئانیشکی هەڵکردبوون، کڵاو و جەمەدانییەکەی لەسەر بەردێکی لێواری کانیەکە دانابوو، تاخم و فیشەکدانی بە شەیالەی ئەمریکییەوە لە بن دارەکە دانابوو، پاکەتە جگارەی ونستۆنی لە تەنیشت بوو. ئاوی بە گۆلمان بە بەلەک و پووزی خۆیدا دەکرد، جارجار لەپەئاوێکی بە دەموچاوی خۆی دادەکردو ئاوەکە لە چەناگەی دەچۆڕایەوە. دوای ئەوەی ئاوێکی لە زاری وەرکردو تفاندییەوە نێو کانیەکە، سەری بەرز کردەوە. بە پشتێنەکەی قۆڵ و باسک و دەموچاوی خۆی سڕییەوەو جگەرەیەکی داگیرساند. ئەگەر لەنێو سەت پێشمەرگەیدا، وەکو پولی دۆمینەی تێکەڵاوت بکردایە، لەگەڵ یەکەم نیگا دەتزانی ئەوە بەرپرسە.

مژێکی لە جگەرەکەی دا، دوکەڵەکەی بەرەو ئاسمان بەرێکردو گوتی:

ئەوە هاتووی دەتەوێ ببیە پێشمەرگە؟ عومەر گوتی: بەڵێ.

- دەتەوێ ببیە پێشمەرگەی کێ؟

- پێشمەرگەی کوردستان.

- ئێ، هەموومان پێشمەرگەی کوردستانین، بەڵام لەگەڵ چ حزبێک، خزمی کام بەرپرسی و دەتەوێ بچیە لای؟ عومەریش ناوی ئەو هێزەی گوت، کە لە ڕووی فیکری و ململانێی ناشەریفانەی پاوانخوازی، لەگەڵ ئەوان دڕدۆنگ و هەریەکەیان بەرامبەرەکەی بە دوژمنی بابەکوشتەی خۆی دەزانی!

بەرپرسەکە گوتی: بە قسەی کاکی خۆت بکەو لەگەڵ من ببە بە پێشمەرگە، هەر دەتکەم بە پاسەوانی تایبەتی خۆم. لە کۆتایی پرسیارو وەڵامەکان، عومەر گەیشتە ئەو باوەڕەی هەرچی زووە بە جێیان بێڵێ لە بەرژەوەندی ئەودایە، بۆیە گوتی: دەبێ لە کوێ بیاندۆزمەوە؟ ئەوانیش ناوی ئەو گوندەیان پێگوت، کە هەمان ئەو گوندە بوو کە سەلاحی پورزای لەدوای ئازادبوونی لە هەیئەی کەرکووک، لەوێ نیشتەجێ ببوو. زۆری پێ خۆشبوو، چونکە بە بەردێکی دوو کێلان دەشکێنێ!

یەک لە پێشمەرگەکان، دەستی بۆ ئەو باریکەڕێیەی بە قەد چیایەکەدا لە گەوەی دەسووڕایەوە، ڕاداشتو گوتی: ڕێگاکە هەورازی نییە، دەستی لای چۆمەکە بەرمەدە دەتباتە نێو گوندی، بەڵام هەوڵبدە تا ئێوارەیەکی درەنگ مەچوو بۆ نێو گوندی، نەبادا هەلیکۆپتەر بتبینن، خەڵکی گوندیش لەبەر سەلامەتی خۆیان و خێزانەکانیان، ئاوایان پێ خۆشە. دەتوانی لە یەکەم گوندی خاپوورکراوی سەر ڕێگاکە، لەنێو گەلی، کات بکوژی و خۆت دوابخەی!... ڕێنمایی ئەو پێشمەرگەیەی، نیشتە سەر دڵ و باوەڕی، پێیەوە دیاربوو دڵسۆزی کوردانەی بۆ دەنوێنێت. بەسوپاسەوە چاوی محیبەتی تێبڕی و خواحافیزی کردو پشتی کەوتە لای ئەوان. پێشمەرگەیەک لەبن داریک تفەنگی پاک دەکردەوە، بەدەم تێکنانەوەی تفەنگەکەی، ڕووی لە بەرپرسەکەو

پێشمەرگەکان کرد: چ ئاڕبیکەیەکی ڕووسی نوێی پێیە بە مەخزەنی حەفتاو پێنج فیشەکییەوە! حیزب بڕاوە لە کوردستان دەچێت لەگەڵ ئەو سەرکۆتانە دەبێتە پێشمەرگە، ئاخر ئەو دەستوپێ سپییانە هی تفەنگێنە، یان هی کتێبان؟ دیارە ئەوەش کتێب بە دەشتێی خستووە! حەیفە نەیگری و تفەنگەکەی لێ نەستێنی و دەست و قاچی نەبەستییەوەو لەسەر ڕێگای ڕەبایەی حکومەتی بە جێی نەهێڵی، جا ئەوان دەزانن چۆن تیماری دەکەن! بە خوای ڕوحی ئەو تفەنگەی ناهێنێ کە پێیەتی!

عومەر، زۆر دوورنەکەوتبۆوە، ئەو قسە ڕەقانەی بە چاکی گوێ لێبوو، وەک داڕێکیان لە ڕۆحی دابێ! بێئەوەی ئەوان هەستی پێبکەن، بە هەنجەتی ئەم شان و ئەو شانکردنی چەکەکەی، ئەمانەتەکەی ترازاند، بۆ هەر نیەتێکی خراپ بەرامبەری. خۆی دەردی کەم نەبوو، لە پەسا ئەوانەشی دابارینە سەر جگەری! ئەوەتا، نابەرپرسانە وەک مار دەگەزن و پێوەدەدەن. لە ئازاری قسەی بەرپرسەکەو پێشمەرگەکان، هەزار غایەلەی مەترسیداری بە مێشکیداهات. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: براکان خەریکە دەمخەنە بیرەکەی یوسف. لە یەکەم دیداری ڕووبەڕوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک، ئەوەی بە چاوی خۆی بینی و بە گوێیەکانی بیستی، چاوەڕوانەکراو بوو. عومەر ئەو قسەو هەڵسوکەوتانەی وەک فووی گەشاندنەوەی ئاگری براکوژی، دەبینی. لەگەڵ هەر وشەیەکی بیستی، خشتێک لە دیواری باوەڕی بەو فرە کوێخاییە، لەق بوو، پەڕێک لە گوڵی ئومێدی وەری! لەبەرخۆیەوە دەیگوت: لەو سەردەمە گیانبرژێنەدا، بەعس لە هەوڵی سڕینەوەی ئێمەدایەو، ئێمەش لە هەوڵی بڕینی قورقوڕاگەی یەکترین! نابێ ئەوە بەردەوام بێ، دەبێ ئەو ڕێگایە بگۆڕین ئێمەی گەیاندۆتە ئێرە!... ئەو ڕۆژە، بەو چەند دیمەنە زۆر شتی هەڵێنجا، وەک ئەوەی، ئەوەندەی لە پێشەوەو بەرامبەری وریایە، دەبێ لە پشتەوە زیاتر! لە پۆشتەیی بەرپرسەکەو ڕووتو ڕەجاڵی پێشمەرگەکان، گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەو جووڵانەوە چەکداریە نەیتوانیوە خۆی لە کاریگەریی پاشخانی ئەقڵیەتی دۆگمای خێڵەکی،

ڕزگـار بکـات. بـەڵکو، زیندووکردنـەوەی قۆنـاغی دەرەبەگایەتییـە لـە فۆرمێکی دیکەو بەرگێکی پیرۆزدا.

عومـەر، هـەر لێرەوە دووڵییەک دایگرت، ئەو ڕێگایەی گرتوویەتی ئایـا بەرەو هـەڵـدێرە یـان بەرەو ئاسـۆیەکی ڕوون و لوتکەیە؟ ئـەو فرەهێـزو فرەکوێخاییەی نێو پێشـمەرگەی، وەک تەڵەیـەکی لـە تـراز[1] دەبینـی، بۆیـە دەیگوت پێشینان ڕاستیان گوتووە: نـە دوو مـاین لـە جۆمـەکی، نـە دوو گەورە لە دێیەکی!

بەدەم گێـــژاوی خـــەیاڵ و بیرکردنـــەوەکانیەوە، گەیشـــتە گونـــدە خاپوورکراوەکە. لەسـەر تاتەنوێژی بن سێبەری دارتووەکەی خوار کانی ژنـان، دانیشـت. تفەنگەکـەی بـەسـواری، لـە پـێش خـۆی دانـا. هەنـدێک کووزەلەو پوونگـەی قـەراغی جۆگەلـەی کانییەکـەی هـەڵڕنی و خواردی. هوزارێک لەسـەر دارتووەکە، یەکبەخۆ دادو فیغانی بوو، هـەزار داستانی کـەلاوە بێکەسـەکانی دەگێـڕایەوە. لە حەسـرەتی تـەنهایی ڕۆحـی خـۆی دەگریـا. کانییەکـە قـوڵپی نزگـرەی لـەدوای گریـانی خـۆی دەدا! عومـەر، بەوردی دیقەت و سـەرنجی سروشـتی خستبوویە چـوار دەوری خـۆی. لـە زەینیـدا وێنـای دیمـەنی بـەر لـەخاپوورکردنی گوندەکـە کردبـوو. دیمەنەکانی بە چاوی ئەو کات دەبینی کە ژیان تێیدا بـەردەوام بـوو، بـە دەنگو ڕەنگ دەیهێنایە بەرچاوی خۆی و بـە دەنگ لەگـەڵ خۆیدا دەدوا: ئـەو کانییـە بێنـازە، جـاران کە ژیـانی بە حەشـاماتێک لە بنیـادەم و زیندەوەر دەبەخشی، ئێستا ئەوەتا ئاوەکەی بـە سـەرلێشێواوی دەڕوات! عەیامێکە دەمی هیچ خاکەناسێکی نەلێستۆتەوە. جۆگاکان پڕبوونەتـەوە، ئاسـەواری سـکری گـۆڕینی ڕێـڕەوی نۆرەئـاوی لێنـەماوە. کەسـێک نیـە خۆی هەڵماڵێ و جۆماڵی بکات، کەسێک نیە بڵێ نۆرە ئاومـە! گوێکـانی، لەو گفتوگۆیە بێدەنگە پڕبوو. سوجدەی بۆ کانیە برد هەردوو دەستیدایە بـەرخۆی و بینـی بـە کانییەکـەوەناو تـا تێـر بـوو ئـاوی خـواردەوە.

---

[1]- لەتراز: لە لێواری تەقین، لە لێواری کەوتن، پێچەوانەی توندوتوڵی و مەحکەم دانانی شتێک بۆ دڵنیایی.

هەستایەوەو خۆی تەکاند، جێی هەردوو لەپی دەستی لەسەر ئەو لمە بەجێما کە باراناو بۆ سەردانی ئەو کانییە هێنابوونی. هەڵقوواڵان و قوڵپەکانی، هەناسەو چیرۆکی هەزاران چپەو قسەی نەبیستراو، سەتان ماچی عاشقانەی بەر تریفەی مانگەشەوی، دەگێڕایەوە!

لە خەیاڵی عومەریدا، تاتەنوێژەکە هێشتا ئارەقەو چەوری نێوچاوانی هەزاران سوجدەو رکوعی ئەو نوێژخوێنانەی کە بە جەستەیەکی شەکەت لە مەزرا دەگەڕانەوە، پێوەبوو. جار جار نیگاکانی لە ئاوی زوڵاڵی کانییەکە وەردەگرتەوە، وردەزیخی بن ئاوی کانییەکە، شەڕیان بە یاقووت و مرواری دەفرۆشت! هەر دەنکێکی، ئایەتەکانی پاکتاوی نەتەوەیەکیان حینجە دەکرد. بەر لەوەی خۆی لێ ون ببێ و نەزانێ لەکوێیە، خشپەی گەڵا و چەهچەهەی بولبولێکی غەمگین، هێنایەوە هۆش خۆی... ئیدی، هێدی هێدی بەرەو نێو گوندی، کەوتەڕێ. دارو پەردووی مزگەوتەکە لێکدرابوو. قورئانێک، بە بەرگێکی سەوزەوە کەوتبووە نێو قوڕو لیتەی باران و، هەر ٦٢٣٦ ئایەتەکانی خوسا بوون! بەو ئایەتەشەوە که دەفەرموێ: "ئێمە قورئانمان دابەزاند هەر خۆشمان دەپارێزین" لە میحرابی ئەو مزگەوتە، ڕۆژانی هەینی ئاخۆ دەبێ چەندین الله اکبر و چەندین سەڵەوات لە دیداری خۆشەویستی، لێدرابن! دەبێ چەندین دەستی قەڵشیووی پڕ لە پارانەوە، بەرەو پەروەردگار پان بووبنەوە، بۆ ئەوەی بیانپارێزێ!

عومەر دەیگوت: تۆ بڵێی لە لووتکەو هەڵەموتی هەزار بەهەزاری ئەو شاخانە، خوایێکم دەستکەوێ، بە دەستێکی بەدەستنوێژەوە بیخەمە سەر هەردوو شانم و بەنێو ئەو گوندەیدا بیگێڕم و ماڵەکەی خۆی پێشان بدەم!؟ کێ گوندی بێ کێشکەو پاساری دیووە!؟ سوانەی جێژوانەکان ڕووخان. سوانەو ساپیتەو لادیواریک بەهەواوە نەماوە، چۆلەکەکان هێلانەی تێدا چێ بکەن. عومەر، خەیاڵەکانی زۆر بڵاو بوون، پەلوپۆیان بە هەموو لایەکدا هاویشتبوو. ڕوحی عاریفانەی، وەک پەپوولە بەسەر دارتووەکەی حەوشەی مزگەوتە ڕووخێندراوەکەدا لە

زیکرێکی گەرمدابوو!... مەگەر هەر خودا بۆ خۆی بزانێ، ژێر ئەو دارو پەردووە، چەندین حیکایەتی تێدا خنکابن!

پەڕ بە پەڕی دەفتەری بیرەوەرییە شێواوەکانی هەڵدایەوە. چەند قەدەمێکی بە کوچەکانی عیشقی گوندەکەدا لێدا. فرمێسکی بۆ ئەو دڕەختانە بەشیەوە کە ڕۆژگارێک جێگای هەزاران جێژوان و ماچ و موچڕکی قاچاخ بوون، ئێستا، دڵشکاو و بێ کێژو کوڕی دڵگەرم و بێ ژوان، کەسێک نیە پەرچەم و کاکۆڵیان چاک بکات... لەنێو گوندی، هەرچی دەکەوتە بەرنیگای، بە ڕامانێکی قوڵ دەیگێڕاوە زەمەنی جوانی. لەگەنێک، تەنها نیوەی دیاربوو، نیوەکەی دیکەی کەوتبووە ژێر دارو پەردووی خانوویەکی خاپوورەوە، دەیگوت ئیدی خەنەی هیچ خەنەبەندانێکی لەنێودا ناگیرێتەوە! دارەمەیتە ڕزیوەکەی بەر مزگەوتێ، دەبێ تەرمی چەند جوانەمەرگ و شەهید و یادگاری ئەو گوندەی بەرەو خەرەندی فەنابوون پێ هەڵگیرابێت! ئاخۆ چ ئاپۆراو حەشاماتێک بە دادو فیغانەوە بە دواییەوە ڕێیان کردبێت و چەند سەردوولکەو لاوانەوەی بۆ گۆترابێت!... عومەر هەرچەند دەکات، هیچ شتێک لە شاڵاوی خەیاڵی زیندووی ئەو گونده قوتاری ناکات. بە کۆڵانی هەموو ئەو حیکایەتانەدا پێچی کردەوە کە لە ئەندێشەو خەیاڵیدا مەنزڵیان گرتبوو. بە سەرسووڕمانەوە لەنێو دەلاقەی چەند ڕیز دیوارێکدا کەلاشووشەی ڕەنگاوڕەنگی بەجێماوی منداڵێکی کەوتنە بەرچاو، هەڵیگرتن بۆنی کردن. هێندە سادە ببووەوە، ئاواتی ئەوەی دەخواست، ئێستا چەند منداڵێک لەوێ دەبوون و کەلایەنی لەگەڵ کردبان. ئەوە نییە حەزرەتی مەسیحیش دەڵێ: بۆ ئەوەی ڕێی مەملەکەتی ئاسمان بدۆزیتەوە، دەبێ ببییەوە بە منداڵ! بەڵام عومەر پێی وابوو کە بۆ دۆزینەوەی مەملەکەتی زەویش، دووبارە پێویستە ببیتەوە منداڵ!... ئەو کەلایە ڕەنگاوڕەگانە، بردیانەوە بەر دەرگای باخی منداڵی.

بە ژمارەی باگردێنەکان دەیزانی چەند خانووی لێبووە. دەوری جۆنی گەنمکوتان هیچ چۆلەکەو پاسارییەک چاوەڕوان نییە گەنمی

چـواردەوری هـەڵگرێتەوە! کەونەتەشـی بـەردیوارە ڕووخاوەکـە، لـە حەیبەتی ئەوەی ئیدی دەستو پەنجەی بەخەنـەی هـیچ شیرینێک، مـووی بزنەمەڕەزی سووری بۆ ڕانکوچۆغەی دڵخوازەکەی پێ ناڕێسێ! کۆڵان، ئیدی ئـەو کچانـە لـە ئـامێز ناکـات، کە دەسـتە دەسـتە لەگـەڵ سـیوادی بـەیانی بـە خـەونێکی ئـاوێزەیی و قاقـاو پێکەنینـەوە، دەچـوون بـۆ مـازووچنینێ... لـە کـەلێنی دوو ڕیـز دیـواری کـانی ژنـان، وەک کەڵافەئاوریشمی زەرد، تۆپەڵە پرچی ژنانی تێئاخنرابوو، دەبێ چەندجار بـە پەنجـەی کـوڕانی گونـدی شـانەکرابێت! یـان وەک کەمەنـدو داوی ڕاوچییێکی کارامە، چەند کوڕی پێ ڕاوکرابێت! ئا لەو پەنـا و پەسیوانە، دەبـێ چەنـدە جێژوانـی چـۆڵ لە چـاوەڕوانی نغـرۆ بووبێت و بە چەنـد فرمێسکێکی خوێنین، پاراوکراوبێت! دەبێ ملـچە و ئـۆخژنی چەند مـاچی خودایی لێ تۆمارکرابێ و چەند لیوی لێ گەسترابی!

دیمەنـەکان، یەک لە یەکتـر بەئـازارتر، هۆشـیان بردبـوو. خەمـی ئـەو لەوەدابوو، مەودای ئەو تابلۆیە لەگەڵ وێژدان و حەقیقەت، هەموو کەس هەستی پێ ناکات! لە توانای هیچ نیگارکێشێکدا نیە ئەو تابلۆ پڕ بـرین و زوخاوە، بکێشێتەوەو هەموو ڕەنگ و ڕەهەندو ماجەراکانی ئەو گونـدە، تۆماربکـات. دەسـتێک نییـە بێـت وەک دەرگـا بمانکاتـەوەو بچیـنە ژووڕەوەی ڕاسـتیەکان! ئەرێ بـۆچی لێـرە ژیانیـان کوشـت؟ ژیـان نەریتێکی خۆشە، ژیان چاندنی نەمامێکە، ژیان تەڕبوونە لە ژێر باران... کاتێک دەرگای خەیاڵەکانی دادەخرا و دەهاتەوە دونیای واقیع، دەیگوت: ئەمن هاتووم، ڕێگا نادەم سەرچاوە، چیدی وەنەوز بدا و قەوزە بیگرێ و خەوالـوو بـێ، بەڵـێن بـێ هـەمووی جۆمـاڵ دەکەمـەوە. هەناسـەی یادەوەرییەکانت نۆژەن دەکەمەوە ئەی نیشتیمانی سوتماک! ژیانت پێوە موتربـە دەکـەمەوە. گـۆزەی غەریـب و بـەجێماو، کە سەرشـار بـوو لـە سـەفەری کـانی، هـەزارو یـەک ئیلهـام و شـیعری عیرفـانیی لـە زارکـی دەچۆڕایەوە، خاوێن دەکەمەوە، بەڵێن بێ ئەی نیشتیمان!

بـە چەنـد هـەنگاوێکی وەڕس مـوڵەتی لـە گونـد خواسـت. بەسـەر چەنـد

بەردەبازێکدا لە ئاوەکە پەڕییەوە. گەڵا زەردە وەریوەکان لەگەڵ ئاو سەری خۆیان هەڵگرتبوو بۆ گێژەنی ڕووبارەکان، لەگەڵ شەپۆل ئاوێزان بوون بۆ قوواڵایی چاوی شینی دەریا ئارامەکان. بڕۆن بڕۆن، ئۆغرتان بەخێر، هەرچی دەردی دڵی شکاوی ئێمە هەیە لە دەست دڵڕەقی ڕەشەبا، بۆ ئۆقیانووسە خەوتووەکان، بگێڕنەوە!

بە هەورازەکەدا هەڵگەڕاو ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە. دوا یادگاری و نیگا جێماوەکانی لەو گوندە لەسەر پەڕەی دڵی نووسییەوە. لەبن دارە تێرتەمەنەکانی گۆڕستانی گوند، ئێسک و پڕووسکی مردووەکان کراوە بە ئەمانەتگا: چیغی ڕەشماڵ، چەند مەنجەڵێکی زنجیردار، شەنەی ڕەوسە سووڕکردنی گەنم، داسووک، هەوجاڕو... لێرە، لە ئەمینترین شوێندان. ئەو فانۆسەی بە لقی دار بەڕووییێکی پیرەوە کرابوو، ڕەشەبا هێندەی هێنابوو و بردبوو، قوڵپی لە ملی دارەکە خەتم ببوو، بە تاوانی ڕووناکی، حکومیان دابوو بە هەڵواسین تا کوژانەوە!

ئەو دیقەت و ڕامانانە، وای لە عومەری کردبوو، لە دەوروبەری جیاواز بێت: هەرگیز ڕێگە نادەم یادەوەریی ئەو زوڵمەی لەو گوندە کرا، وەکو پەڕۆی سەر مەرقەدی ئەو پیاوچاکە، لە زەینی نەوەی داهاتوودا کاڵ بێتەوە! تاکە دیمەنێک کە دڵی عومەری خۆشدەکرد، ئەو پەڕەسێلکەیە بوو لە بن نوای هەیوانێکی نیوەڕوخاو، هێلانەی نوێی چێ کردبوو، یەک بەدەنگی خۆی دەیچیڕاند و عومەر لەو چریکەیە حاڵی دەبوو: ژیان لێرە بەردەوامە!

عومەر، بەڕێکردنەوە کەوتە بیری ئەوەی، دەبێت لە ڕەبایەی شاخی سەر بەتەم چۆن باسی بکەن؟ ئاخۆ کڵاوە سەربازییەکەی کە بە ئاوەکەی دادا، گەیشتبێتە کوێ؟ یان بە چ ڕەگەدارێکەوە گیرسابێتەوە؟

لە خەیاڵەکانی هاتە دەرێ، لە زاری دەربەندێک خۆی دیتەوە، وەک دەرگای حەساری دنیای بۆ خرابێتە سەرپشت! ئەو ئێوارەیە، وەک تابلۆیەکی ئاوێزەیی، زەردو نارنجی و سوور تێکەڵاو، لە ئاوابوونی خۆری دەڕوانی... شەو و ڕۆژێکە بە نەرمەغار، گورگەلۆقە و ڕۆیینی

ئاسایی ڕێ دەکات. گوندی گۆرینی لێ بەدیارکەوت، ئومێدێک لە ناخیدا پشکوت. گوندێکی قەوغەیە، بەقەدەر دانیشتوانە دێرینەکەی، سەربازی هەڵاتووی لێیە. هەرکەسێک بۆرەخزمێکی لەو گوندەیدا هەیە، بۆ خۆی کردوویەتیە بەرای پشتێ و لەلای گیرساوەتەوە. خەڵکی گوندی، ناوی نیوەی ئەو سەربازەهەڵاتووانە نازانن، هەر بە ناوی گوندنشینە دێرینەکان، ناویان دێنن، وەک: ئامۆزاکەی حەمەدی، پوورزای عەولای، کوڕە خاڵەکەی قادری، زڕبرای ڕەسووی، برای زاوای مامۆستای، برای ژنەکەی مەولوودی و...

لەگەڵ تیشکە خاوەکانی دەمی خۆرئاوابوون، خۆی بەنێو گوندیدا کرد. لەسەر سەکۆی مزگەوتێ، گەیشتە لای ئەو چەند کەسەی زۆر بەتاسەوە لە خۆرئاوابوونیان دەڕوانی و پەنجەیان بەرەو خۆراوا ڕادەداشت. تارمایی مانگیان پیشانی یەکتری دەدا، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەگەر مانگێ ببینن، بەیانی یەکەمڕۆژی ڕەمەزانێیە. سڵاوی یەکەمی عومەری سوتاو کەس ڕووی بۆ لای وەرنەگێڕا، بۆ جاری دووەم دەنگی بڵندتر کرد، چەند کەسێک ئاوڕیان لێدایەوە، لەگەڵ سەرنجدانێکی پڕگومان لەو جلوبەرگەی عومەری، سڵاوەکەیان سەندەوەو ماندوونەبوونیان لێکرد. پرسیاری کرد: خزمێکم بەناوی مامۆستا سەلاح، لە کەرکووکەوە هاتۆتە ئەو گوندەی ئێوە، هەموویان بەسەرسووڕمانەوە سەیری یەکتریان کرد، بۆ ئەوەی بەڵکو یەکێکیان ئەو ناوەی بناسێ، بەسەر بادانەوە گوتیان: کەسێک بەناوی مامۆستا سەلاح لێرە نییە! ئەو منداڵانەی هەر لە یەکەم دیداری عومەری، بەدوای کەوتبوون و لە پانتۆرە سەربازی و پۆستاڵەکەی ورد دەبوونەوە، یەکیان لەناکاو گوتی: مامە! مامە! لەگەڵ سەلاح مزاهەرەتە؟! ئەو کات پیاوەکان گوتیان ئەو منداڵانە ڕاست دەکەن، ئێمە بە سەلاح مزاهەرە دەیناسین، نەمانزانییە مامۆستا بێت. یەک لە پیاوەکان گوتی: خۆیەتی، بەرلەوەی لە هەیئەی کەرکووک بگیرێ مامۆستا بووە. لەدواییدا ناوی بە سەلاح مزاهەرە دەرکرد. عومەر بەخۆشحاڵییەوە گوتی: ئەو برادەرە

ڕاست دەکات خۆیەتی. منداڵەکان، هەر منداڵە بوو دەیگوت وەرە مامە ئەمن ماڵیان پێدەزانم بە دوامکەوە. دووانیان بۆ لای ماڵی سەلاح مزاهەرەی غاریاندا، بۆ ئەوەی ئەو هەواڵەی پێ ڕابگەیەنن، خۆیان بە دەرگاداداو چیڕەی دەرگاو تەپەی پێی منداڵەکان سەرنجی سەلاحی بۆ لای خۆی کێش کرد. منداڵەکان یەکیان لەسەریەکتر ڕانەدەوەستان، بە جووت دەیانگوت مام سەلاح! مام سەلاح! میوانێکتان هاتووەو دەڵێ خزمی خۆتانە نیوەی پێشمەرگەیەو نیوەکەی دیکەی عەسکەرە! سەلاحیش هێندە تامەزرۆیە خزمێک، ناسیاوێکی ببینێ، لە خۆشیان دەرپەڕییە دەرێ و دوای منداڵەکان کەوت: منداڵینە درۆی بکەن وای لەحاڵتان! هەردوو منداڵەکە، هەریەکە دەستێکیان گرت و بەدوای خۆیاندا ڕایانکێشا، مام سەلاح بەخوای درۆی ناکەین ئەگەر درۆ بوو هێندەی کەرێکمان لێبدە! هێندە بەپەلە لە سووچی کۆڵانێ سووڕانەوە لووتو بزووت تێکهەڵەنگوتن. سەلاح و عومەر یەکتریان لە ئامێز گرت. لەگەڵ یەکتر ماچکردن دەگریان و یەکتریان بە سینگی خۆیانەوە نووساندبوو. منداڵەکان کە فرمێسکیان بە چاوی هەردووکیانەوە بینی، بێتاقەت بوون، وەک ئەوان هۆکاری ئەو دڵپڕبوونەیان بن. بەپەلە ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەو باسە خەمناکە بۆ دایک و باوکیان بگێڕنەوە.

عومەرو سەلاح، دەست لەنێو دەستی یەکتری، وەژووورکەوتن. هاوسەری سەلاح، عومەری بەخێرهێناو شانی ماچ کردو هەواڵی ماڵەوەیانی پرسی. دوو منداڵی سەرکەو بنکەیان هەبوو. سەلاح، لە دارەتی دنیایێ کەڵەبابێکی هەبوو، ئەویشی لۆ عومەری پوورزای کوشتەوەو بەخێزانی گۆت بە شلەساواری بۆمان لێنێ، ساوار ئالیکی مێردانە!

عومەر ئەو ئێوارەیە لە ماندوویێتی و لە خەوان، هەر ئەوەندەی لە سەلاحی پرسی چۆن گیرای و کەی و چۆن ئازاد بووی؟ پرسیاری زۆر بوو، بەڵام شەکەت و بێوەخت و کفتەخەو، لەو ئانەدا نەیتوانی

هەموو پرسیارەکانی دڵی خۆی لێبکات. دوای نانخواردن، پەلەواژ بووەوە خەوت. سەلاحیش قسەوباسەکانی بەنیوەچڵی هەڵگرت بۆ بەیانی. ئاخر ئەویش دەیویست لێی بپرسێ چۆن لە ڕەبایەی هەڵاتی و چۆن بڕیارتدا ببیە پێشمەرگە؟ بەڵام ئەوەبوو عومەر هەر زوو کوژایەوە. بەدرێژایی ئەو شەوە تاوەکو تیشکی خۆر لە دەلاقەیڕا هاتە ژووری، عومەر لە خەوێکی قوواڵدا بوو. ئەو بەیانییە دوای نان و چا خواردن، دەستیان بەگێڕانەوەی ئەو کاتە لەدەستچووانە کرد کە لە یەکتری دابڕاو و بێئاگا بوون و تەنها دوور بەدووری سووکەهەواڵێکی یەکتریان دەزانی و بەس. لە ماڵێکی پڕ لە هەژاری و خانەخوێیێکی پڕ لە دڵشکان! سەلاح مزاهەرە، هەمیشە بزەیەکی خەمباری بەسەر لێویەوە بوو. جارجار لەنێو گێڕانەوەکانی ئەشکەنجەی هەیئەی خاسەی کەرکووک، بۆ چەند چرکەیەک دەکەوتە نێو بیدەنگییەکی پڕ لەترس، دواتر لەناکاو وەک ئاوی ساردی بە دەموچاویدا بکەن، ڕادەجفری و دەهاتەوە سەر حاڵەتی ئاسایی خۆی! هەردووکیان هێندەیان پرسیار هەبوو بۆ یەکتری، نەیاندەزانی لە کوێڕا دەست پێبکەن. یەکەم پرسیاری عومەری ئەوەبوو، ئەو پاشناوی (مزاهەرە)یە چیە؟ سەلاح گوتی: دوای مزاهەرەکەی کەرکووک، کە ئێمە لەگەڵ چەند هاوڕێیەک سەرپەرشتی و پێشەنگایەتیمان دەکردو دوای گیرانم، پاشناوی مزاهەرەیان پێوە لکاندم. کوڕێک بە ڕواڵەت لەگەڵ ئێمە بوو، بەڵام لە ژێرەوە باوەڕپێکراوی ئەمنی کەرکووک بوو. ئەو ئێوارەیە لەسەری کۆڵانی خۆمان بینیم، دڵم خورپەی کرد، لە چاوە مۆنەکانی خیانەتم دەخوێندەوە، هەستەکانم باشیان نەدەگوت، چونکە دەمێک بوو دڵم لێی کرمێ ببوو، خۆشم لێدەپاراست. لە کۆتاییدا کاری خۆی کردو بۆ شەوێ، بە تای کراس و بێجامەی، لەنێو نوێنێ دەریانهێنام و ڕفاندمیان.

ژنەکەی سەلاحی، نەیدەیویست بچنە سەر ئەو قسەو باسانە، بۆیە بەدەم چا لەپێشدانان، بەئیماو ئاماژەوە گوتی: دەی! ئەوەی ڕۆیی ڕۆیی، بە وەبیرهێنانەوەی ڕۆژە سەختەکان تەنها ڕۆحی خۆتانی پێ ئازار

دەدەن! عومەر گوتی: زۆر جار خۆشباوەڕی بە دەوروبەر، مرۆڤ دووچاری هیلاکەت دەکات. یادەوەری، بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە ئازاربەخشە، داخی ئەو خائین و یەکبارمەسرەفانە جەرگم داخ دەکات.

عومەر زۆری مەبەست بوو بزانێ لە هەیئەی کەرکووک چ بەڵایەکیان بەسەرهێناوەو چۆن ئازادیان کردووە! سەلاح، جگەرەیەکی بە جگەرەکەی دەستی داگیرساندو جگەرەی یەکەمی لە تەپڵەکەکەی بەردەمیدا کوژاندەوە، لەگەڵ مژلێدانی لە جگەرەکەی ئاهی حەسرەتێکی وا قوڵی هەڵکێشا، بە جۆرێک، زۆری نەمابوو عومەری لە پرسیارەکانی پەشیمان بکاتەوە! سەلاح بەپێچەوانەی ئەوانەی شوێنی ئەشکەنجەی سەر جەستەیان بە خەڵکی پیشاندەدەن و قارەمانی و خۆڕاگریی خەڵکی دیکە دەکەن بە هی خۆیان، ئەو، بەناوی هاوڕێ زیندانییەکانیەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو، خۆڕاگریی بەشایستەی ئەوان دەزانێ! بەڵام چونکە عومەر هەم پورزایەتی و هەمیش هاوڕێیەتی، ویستی هەندێک نهێنی ئەشکەنجەدانی بۆ عومەری پورزای بگێڕێتەوە. تا نیوەی چیرۆکەکە، قسەکانی بەسەروبەر بوون، بەڵام کە هاتە سەر باسی ئەشکەنجەی ئەو جەللادانەی، بە زیندوویی مرۆڤیان کەوڵ دەکرد، سەری نەخێری ڕادەوەشاند! بەپەژارەیەکی کوشندەوە هەر سەری ڕادەوەشاند! عومەر هەستی دەکرد فرمێسک لە چاوانیدا دەتەقنەوەو لەگەڵ پێش گرتنەکەی، ئاسمان و ڕێسمانی جیابوو. قسەکانی تێکەڵ دەکردن و تووشی شڵەژانی دەروونی دەبوو. نێوە نێوە دەستی بەسەریەوە دەگرت، قسەکانی ناڕوون و ڕستەکانی بەسەریەکەوە نەبوون! عومەر خۆی هەوڵی دەدا مانایەکیان لێ هەڵگرێنێ. جاری وابوو هەردوو دەستی بەچاویەوە دەگرت و وەک لە شەرمی خەتایەک خۆی بشارێتەوە! بەکوڵ دەگریا، دیاربوو دیمەنێکی ڕەش و ئازاربەخشی وەبیردەهاتەوە، گوتی: هەردوو دەستیان لەپشتەوەڕا بەستم، بە پەڕۆکێکی ڕەش چاویان بەستم و هەستم بە هیچ ڕووناکییەک نەدەکرد. گونیەیەکی زۆر پیسیان لەسەری هەڵکێشام، لە

بـۆنیرا دیـاربوو ئاودەسـتیان پـێ پـاک کردبـووەوە. بەڵام دەسـتیان کردمەوە. هەستم دەکرد، دەمبەنە ئەو شوێنەی کە دەبێت لێی بمێنمەوە. هەر ئەوەندەم زانی پاڵێکیان پێوەنام، بە پلیکانەکان سەرانگرێیان کردم، لەپەوڕوو بەسـەر دەموچاومـدا کـەوتم، ئەوەنـدەی پارچـە بلـۆک و شووشەی شکاو تێدابوو، هەردوو لەپی دەستم دایە بەرخۆم، وەک بە چەقۆ لەنێو لەپیان دابم! هەستم کرد زارم پڕخوێن بوو، پارچە ددانی شکاوم کەوتە بەرزمانی. ئەو دوو ددانەم ئەو کاتی شکان. کارەبالێدان، مـردنێکە بـۆ خـۆی، دڵ دەشـلەقێ! خۆشـترین کـات بـۆ کەسـی ژێـر ئەشکەنجە ئەو کاتەیە کە بێهۆشـەو هەست بە هیچ ناکات. لـەو کاتـەدا چـەکی دەستم تـەنها بێدەنگی بـوو، کـە چـەکێکی بکـوژو کاریگـەر بـوو، دەمویست بـەو ڕێگەیـە ئازاریـان بـدەم! ئـەو شـەوە، هـەموو جلـەکانیان لەبـەر داکەنـدم، بەرپرسـەکەیان چەنـد پاسـەوانێکی بـانگکردو پێیگـوتن هەتاوەکو بەقسەی دێنن، بە هـەمووتان نۆرەی لێبگرن! بـڕوام نـەدەکرد بەرگـەی ئـەو هـەموو کەرامـەت شـکاندنە بگـرم کـە بەرامبـەر بـە مـن کردیان! کەچی ئێستا دەبینی بۆ ئەوەی هـەموو ڕۆژێ بمـرم، مـاوم! پێم دەڵێن بە نەبەزیوی ماوم! بەگریانەوە گوتی: جا لـە دوای چـی!... سـەری خزانـدە سـەر سـەرینەکەو ماوەیـەک بێدەنگ بـوو. لـەناکاو سـەری قیت کـردەوەو جگەرەیـەکی دیکـەی داگیرسـاند. لـە زەینـی سـەلاحیدا، عومـەر وەک نـان و پیـوازی لەگـەڵ هاوزیندانییـەکانی خواردبێت و بیاننـاسـێت، بەپەلـە وەک لیسـتێکی لەبـەرکردبێت و بـۆ مامۆسـتای بڵێتـەوە: تارقیـان کوێر کرد، سالار شێت بوو، ئێستا بە ڕووتی بـە شـەقامەکاندا دەگـەڕێ. غـازی هێندەیان هێلکە گونـەکانی بـاداو تولخاندیانـەوە تـا لـە پیاوەتییـان خسـت. سـەلیم و داودو نـەهرۆو سـەربازو سـەباحیان لـە سـێدارەدان. نـەجات، لـەژێر ئەشکەنجە ئیفلیج بـوو. سـامان بـە یـەکجاری وازی لـە سیاسـەت هێناو ژنی هێناو دانیشت... عومەر، بۆ ئـەوەی لـەو گێڕانەوەیـە لای بـدا، پرسـیاری دایکـی لێکـرد، سـەلاح مزاهـەرە گـوتی: لـەدوای ئـازادکردنم دایکم بـۆ یـەک چرکـە جێی نـەدەهێڵام، مەگـەر ئـەو کاتـەی

دەستنوێژی دەشووشت. دەستی بە دەموچاومدا دەهێناو بۆنی پێوە دەکردم. دەستی بە تەواوی جەستەیدا دەهێنام. وەک نابینایەک دەستی بەسەرمدا دەهێنا بۆ ئەوەی دڵنیا بێت جەستەم تەواوە! باوەڕی نەدەکرد خۆم بم، هەرچەندی دەمگوت دایە گیان ئەوەتا منم سەلاحم، جەستەم تەواوە! دایکم بە گریانەوە دەیگوت ڕەببی چاوی دایکت کوێر بێت، ئەو کوڕەم دەتگوت ڕۆستەمە ئێستا کردوویانەتە نیوە عیسان، هەر ئێسکو پێستت ماوەتەوە! دەستم بەدەستنوێژە، خوایە ئەو زوڵمە هەڵنەگرێ!... لە هەموو ئەشکەنجەکانی هەیئەی کەرکووک ناخۆشتر ئەو ڕۆژەبوو بەرپرسەکەیان دەرگای ژوورەکەی ئێمەیان بۆ کردەوەو گوتی: ئەو سەلاحە شێتە بێننە دەرەوە با وەلبێت، بڕۆن لە شوێنێک فڕێیبدەن، بەڵام مەکینەیەکی لەسەرو ڕیشی بدەن بەرلەوەی دەفن بێت!... هاوسەری سەلاحی، بۆ ئەوەی عومەری لە باری دەروونی سەلاحی ئاگادار بکاتەوە، وێڕای زمانی جەستە گوتی: کاک عومەر مەسینەکەم پڕ ئاو کردییە لە دەرەوەیە، ئەگەر کارت پێیەتی! عومەر هەر زوو لەو ئاماژەیە تێگەیشت. ژنەکە بەدەم دانەدەستی مەسینەکەوە، بە عومەری گوت: سەلاح باری دەروونی باش نییە، هەر ئەوەش هۆکار بووە بۆ ئازادکردنی!... عومەر وەختێک هەڵسوکەوتی سەلاحی دەبینی و گوێی لە قسەکانی دەبوو، لەبەرخۆیەوە دەیگوت: گومانەکانم لە بارەی ئازادکردنی سەلاحی بەڕاست دەرچوو، کەسێک خێری سیاسەت و تێکۆشانی پێوەبمێنێ، مەحاڵە لە دەستی جەللادەکانی بەعس گیانی ساغ دەربباتا! ئاخر سەلاح بەر لە گرتنی، سەرکێشی و پێشەنگایەتی شارێکی وەک کەرکووکی دەکرد، کەچی ئێستا بەرپرسیاریێتی چوار کەسی پێناکرێت!... عومەر کە چووە ژوورەوە، ڕەوتی گفتوگۆیەکەی گۆڕی: من سەرم سووڕماوە، ژیان چ پەرجوویکە! هەرگیز باوەڕم نەدەکرد لێرە یەکتری ببینینەوە!

سەلاح مزاهەرە بەر لە دەستگیرکردنی، سەر بە ڕێکخستنی یەک لە پارتە کوردییە چەپەکان بوو. لەبەر بێمتمانەبوونی بەهێزە چەکدارەکانی

حیزبەکان، خۆی ون کردبوو نەیدەویست تێکەڵی کەسیان ببێت... دوای داخستنی چیرۆکی ئەشکەنجەو زیندان، سەلاح زۆر سەرحاڵ و ئاسایی بوو، هەر لەبەینی دوو سێ قسان دەیگوت: نابێت یەک هەفتەی بڕۆی! عومەر پرسیاری بەرگدرووی کرد؟ سەلاح گوتی: یەک لە باشترین بەرگدرووەکانی شاری کەرکووک لەم گوندەی دوکانی داناوە، چونکە ئەویش فیرارەو پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان جلی پێ دەدورن. لە کەرکووک دەمناسی، نێوانمان زۆر خۆشە... پێشنیوەڕۆ چوونە لای بەرگدروەکەو پارچەیەکی خاکی دەستنیشان کردو ئەندازەی گیرا. عومەر گوتی: ئەگەر بکرێ هەر ئەمڕۆ بۆم بدرووی! سەلاحیش دەیگوت: تاوەکو هەفتەیەک بۆی مەدروە! بەڵام بەرگدروەکە ئەو قاتەی لەبەردەستی بوو، خڕی کردەوەو گوتی هەر ئێستا دەست بە دروینی دەکەم، چونکە ناکرێ بەو جلە سەربازیانەوە لە گوندی بگەڕێی! لە ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە، سەلاح گوتی: ئەوەی لەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەی هەیئەی کەرکووک بە سوێ و پڕ ئازارتر بوو، ئێستاش پێی دەکولێمەوە، لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو دوو پێشمەرگەی لایەنێک هاتنە ماڵێ لەگەڵ خۆیان بردمیانە مزگەوت، لەوێ بە بەرپرسەکەیان گوت: ئەوەتا سەلاح مزاهرە هێناومانە! وەک تۆمەتبارێک هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردم! بەرپرسەکە ڕووی تێکردم: هەتیو ئەتو سەلاح مزاهەرەی؟! گوتم: بەڵێ! گوتی: جوان گوێبگرە بزانە چیت پێ دەڵێم. وانەزانی ئێمە بێئاگاین، چاک دەزانین بەرلەوەی لە هەیئەی کەرکووک بگیرێی سەر بە چ ڕێکخستنێکی کوردی بووی، ئێستاش هەر لەسەر ئەو بیروباوەڕەی بە قسەکانتەوە دیارە، ئەگەر لەسەر ئەو فیکرو بۆچوونانەت بەردەوام بیت، شەوێک لە گونییەیەکت دەنێم و دەتنێرمەوە سەیتەرەی کەرکووک، حکومەتی بەعس دەزانێ چارەی ئێوە بکات! منیش هەرگیز باوەڕم نەدەکرد، ئاوا پاداشتم بدەنەوە، هەندێکجار بەزەیی و هەندێکجار ڕق بەرۆکی دەگرتم بە دەنگێکی نوساو هەر ئەوەندەم گوت: باوەڕم پێبکەن عەقڵێکی بێگوناهم هەیەو لەشێکیش کە

هەرگیز هەستی بەگەرمی خۆر نەکردووە، دڵێکی شکاویش کە سۆزی براکانی لە بەرامبەر ئەو هەموو ئازارە بەرجەستە نەکردووە! بەڕێز! ئەوەی بەسەر من هاتووە لەسەر کوردایەتی و نیشتیمانەکەم، ئەگەر هەموویت بۆ باس بکەم، مووی سەرت دەبێتە سوژن. ئێستا ئاوا پاداشتم دەدەنەوە؟! بە لەخۆبایبوونەوە گوتی: هەر ئەوەیە کە پێم گوتی: ئەگەر دەتەوێت سەرت سەلامەت بێت ئاگاداری زمانت بە. دەی بڕۆ لەبەر چاوم ونبە!

عومەر لە دوای ئەو قسانەی لەو دوو ڕۆژەدا بیستی، هەموو هەستی لەکاردابوو، لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەری. لە هەموو شت دەسڵەمیەوە، بەگومانەوە لەگەڵ دەوروبەر هەڵسوکەتی دەکرد. هەر چەندە دەیویست هەموو هێزو توانا ئاگرینەکەی کۆبکاتەوەو بە هەموو بوونییەوە دژایەتی ئەو بیرە تەسکە حیزبییە بکات! ئەو دەیەویست دڵۆپ دڵۆپ تواناکانی بڕژێنێتە نێو ئینجانەی یەکڕیزی شۆڕشی کوردەوە، بەڵام هەر بەو دوو ڕۆژە، لەوە تێگەیشت ئەو، لە دنیای نێو کتێبەکان، دۆزەخی کوردستوتێنی بەعس، خەباتی ساغڵەمی ڕێکخستنەکان، بە ڕۆحێکی کوردانەی پاکژو بە خەون و وێناکردنی تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی شۆڕشێکی سەردەمیانەوە، سەری خۆی هەڵگرتووەو هاتووە ببێ بە پێشمەرگە!... لە چاوەڕوانیی دروونی قاتەکەی، ئەوشەویش مایەوە.

سەلاح مزاهیرە، هەر لە یەکەم هەفتەی هاتنی بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر قەڵەمڕەوی پێشمەرگە، لەوە گەیشتبوو، پێشمەرگە هێزێکی یەکگرتووی تۆکمەی نییە، وەک ئەو چاوەڕوانی دەکرد. بۆیە بڕیاری دابوو نە چەک هەڵبگرێ و نە ببێتە پێشمەرگەی یەک لە لایەنەکان. چونکە لای وابوو ئەو هەموو جاش و کوردە بەعسییە، بەرهەمی نەخوێندەوارییە! کەسی خوێندەوارو ڕۆشنبیر، کەم وایە ببێتە نۆکەری دوژمنانی گەلی خۆی. بۆیە لە کۆتاییدا بڕیاریدا خۆبەخشانە ئەوەندەی بتوانێ، وانەی زمانی کوردی بە منداڵانی گوندی بڵێتەوە...

زوو قاتەکەی بۆ عومەری هێنایەوە. پشتێن و کڵاو و جەمەدانی بەست، عومەر گوتی: ئێستا پێشمەرگەی تەواو عەیارم! سەلاح، پەستەکێکی کەولّەمەڕی تووکنی هەبوو، دای بە عومەری. ئەویش پاڵتۆ سەربازییە ڕۆمانیە کڵاودارەکەی دا بە سەلاحی. جلە سەربازییەکان و پۆستاڵەکەی سووتاند، چونکە ئەو جلانە، یادگاریی تاڵیان بۆ کورد هەیە. سەلاح زۆر بە نابەدڵی خواحافیزی قەبوڵ کردو بەدەم بەرێکردنی، لەگەڵ کەسێکی شارەزای ناوچەکە، بە قسە چاوساغیان بۆ کرد کە ئەو مەفرەزەیە لەکوێ دەدۆزێتەوە، کە دەیەوێ پێشمەرگایەتییان لەگەڵدا بکات. پێیان گوت: بەو دۆڵەی بەرامبەرت سەرکەوە، گوندێکی خاپوورکراو و گوندێکی ئاوەدانکراوەت دێتە سەر ڕێگا، لە پشتی گوندەکە شاخێکی وەک دیوار هەڵچندراو لە بەرامبەرت قوت دەبێتەوە کە قەت باوەڕ ناکەی ڕێگای پێدا سەربکەوێ، ئاخر کابرای دەشتەکی لای ئێوە، ناهەقی نەبوو سێ بە سێ تەلاقی خواردبوو کە ڕێگا بەو شاخە عاسییەدا سەر ناکەوێ! ڕێگاکەی وەک پلیکانی داتاشراو وایە، بەڵام ئەتۆ دەستی ڕێگا مارپێچەکە بەرمەدە سەرت دەخات. لە دۆڵێکی چڕی بە دارستان، دەگەیە ئەو گوندەی کە بە دڵنیایی ئەو مەفرەزەیە لەو دەوروبەرە دەبینییەوە.

عومەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت: مەگەر هەر ئەو ڕێیە دوورانە، بەشی خەیاڵەکانی سەری من بکات بۆ سەبری! بەلای گوندە خاپوورکراوەکەدا تێپەڕی. ئەو دارگوێزو داری میوەی هەمەجۆرە سەریان بەیەکەوە ناوە، هاوینان ناهێڵن تیشکی خۆر زەفەریان پێببات! لە کەمەری چیاکە وەک پشتێن سووڕایەوە، گەیشتە گوندێکی ئاوەدان، بڕیاریدا لەو گوندە نانی نیوەڕۆ بخوات، بەڵام کە گەیشتە بەردەرگای مزگەوتێ، خەڵکی گوندی خەریکی شۆردن و کفنکردنی دوو تەرم بوون، کوژرا بوون. دوای سڵاوکردن، پرسیاری کرد ئەوانە لەکوێ شەهید بوون؟ گوتیان: لەو شاخەی بەرامبەرمان. دیاربوو دوو بەرەبابی دووژمنداری یەکتری، هەریەکەیان لەگەڵ لایەنێکی سیاسی پێشمەرگە بوون. لەو شاخە

کەمینیان بۆ یەکتری دانابوو، لە ئەنجامدا ئەوانە، کوژرابوون. ناچاربوو لە مالێک نووردییەنانێکی وەرگرت و ملی لەبەرشاخی نا. بەدەم خەیاڵ و ڕێکردنەوە بە دەوربەری ڕێگا و خۆیدا دەڕوانی، دەیگوت: بن هەربەردێک سەنگەری قارەمانێک بووە. بن هەردارێک، مێرگێک، جێگای ڕەشبەڵەکی کێچ و کوڕانی ئاوایی بووە. ئەو کەستەکە خشتانەی خانووی گوندەکان کە ئێستا خووساونەوە، ئاخۆ دەبێت بە چەندین ئومێدی سازکردنی هێلانەیەکی گەرم، شێلدرابن!... لەو کاتەدا کە لە ئاسمانی ئەندێشەو خەیاڵیدا ببوو بە پەپوولەیەک و بە ڕامووسانی گوڵەکان ڕانەدەگەیی، قاسپەی کەوێک داوی خەیاڵی پساند. پایز کەزی و پەرچەمی دارو دەوەنی ڕنیووە، ژێر هەردارێک، فەرشێکی ئاڵتوونیی لێ ڕاخراوە.دیمەنێکی غەمگین و ئەفسانەیی بوو

ئەوەی لەو یەک دوو ڕۆژەدا لە بارەی ڕق و کینەو دووبەرەکی هێزە چەکدارەکانی کورد، دەستی کەوت، دڵی زۆر توند کرد. ڕووی لە پایزو ڕەشەباو گەڵا زەردە وەریوەکان کردو لەبەرخۆیەوە گوتی: با، پایز زەحمەت نەکێشێ، ئێمە یەکتر هەڵدەوەرێنین. ئەمن هاتووم بەرمالّی شۆڕش ڕابخەم، ئایەتەکانی لێبوورەیی ئەزبەر بکەم، نەک لە ڕکوعدا هاونوێژی خۆم، خوێنم بکاتە کاسەوە!

ئێوارە گەیشتە گوندی مەبەست. لە دوورەوە چەند پێشمەرگەیەکی لەلای مزگەوتێ بینی. دیاربوو ئەوانیش لە عومەریان دەڕوانی. دوای تەوقەو لە ئامێزگرتنی ئەوانەی دەیناسین، لەگەڵ بەرپرسەکەیان کەوتنە گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی هەڵاتنی لە ڕەبایەی شاخی سەر بەتەم. بەڵام کە هاتە سەر بینینی ئەو مەفرەزە پێشمەرگەی دۆڵەکە، لێی چوونە پێش و زۆر بەتاسەوە کەوتنە پرسیارکردن: چەند کەس بوون؟ چەکی چییان پێبوو؟ نیازیان بوو بچنە کوێ؟ عومەر وای مەزەندە کردبوو کە لەبارەی ڕەبایەکەو ژمارەی سەربازەکان و جۆری چەکەکانیان داوای زانیاری لێدەکەن، نەک پێشمەرگەی لایەنێکی چەکدار! عومەر گەیشتە ئەو باوەڕەی، عەیامێکە تۆوی شەڕو دووبەرەکی دەچێندرێ، درەنگ یا

زوو، ئەو برایانە خەنجەر دەخەنە سەر ملی یەکتر! خەمێکی خەست ڕووخساری داگرت. گوێی لە شەپوورو کەڕەنای جەنگی براکان دەبوو بە دەستی قابیلەکانی شۆڕش! هەر بەو چەند ڕۆژە کەمە، لە زۆربەی ئەو هۆکارانە حاڵی بوو، کە بۆچی هەتاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە کەناڕێکی ئارام و ئایندەیەکی گەش بۆ نیشتیمان... لە دڵدا دەیهێناو دەیبرد، نەیدەزانی لە هاتنی بۆ پێشمەرگایەتی، دڵخۆش بێ یان پەشمان بێ! بەڵام تازە هاتبوو، وەک دەڵێن، سواری کەرێ عەیبێکە، دابەزین دوو عەیب! ئەوەیشی بیردەهاتەوە کە: هەمیشە کردەپەشیمان بیت باشترە لە نەکردەپەشیمان! بە هیوای ئەوەی ئێمە بتوانین لە بەینی براکان تۆوی ئاشتی بچێنین!

١٠

یەکەم پەڵەهەوری سەرشێتی پایزی، بە هەرەداوان بەسەر گوندەکەیاندا خۆی هەڵدەکوتاو بەرەو کوێستانێ هەڵدەکشا. هاوزەمان، گوزەری پەڵەهەورێکی سپییش بەتاقەوە، جێگای تێڕامان بوو! سەبری بە تاسەوە لە هەورەکەی دەڕوانی و لە خەیاڵی خۆیدا خۆزگەی دەخواست: ئای ئەگەر دەمزانی بەرەو کوێ ملت ناوە! بۆ ئەوەی هاوسەفەرت بم، چونکە باش دەزانم سایەت بەسەر عومەریشدا تێدەپەڕێ و خۆی لە لامل و تەوێڵی دەسووی. خۆزگە هەڵوێستەیەکت دەکرد بۆ ئەوەی ڕازو نیازی دڵی خۆمم لەسەر باڵەکانت دانابا، تورەگەیەک پڕ لە لەوزینەگەزۆم بە شانی ڕاستتدا هەڵدەواسی، ئەو ئەرکەت بۆ خوشکی خۆت بکێشابایەو بتدابایە دەستی عومەری! ئای خۆزگە من بمتوانیبا ئەو پەڵەهەورەم بە چەشنی سیمرغەکەی نێو حیکایەتەکانی نەنکم موسەخەر کردبا، خۆم باوێشتایە سەرپشتی و هەموو لوتکەو ڕەوەزو زناری ئەو شاخانەم دەپشکنی، سەرم بە هەموو ئەشکەوت و نواکاندا دەگرت، تا عومەرم دەدۆزییەوە، سی ڕۆژەی مانگی گۆنەرێم[1] لەگەڵیدا بەسەردەبردا!... تا هەورەکەی لێ دیاربوو هەزار ڕاسپاردەی پێدانارد، ئامێز ئامێز خۆشەویستی، تەغار تەغار ماچی دوو لێوی گەرم، شەپۆل شەپۆل نیگای سەوزو دادڕینی پەردەی شەرم. بەحەسرەتەوە دەیگوت: ئای خۆزگە مەلێکی کۆچەری دەبووم!...

---

[1]- گۆنەر: گردۆز، تێبەربوون، پازدە ڕۆژ لە کۆتایی وەرزی پاییز و پازدە ڕۆژ لە سەرەتای وەرزی زستان، واتا سی ڕۆژ. لەوماوەیەدا، نێرێەکێوی و بزنەکێوی وەختی جووتبوونیەتی.

خۆزگەی بە هەموو ئەوانە دەخواست ئاسمان دەدەنە ژێر باڵی فڕین. خۆزگەی بە هەورو نەسیمی بەربەیان و کزەبای شەماڵی دەخواست، کە سنوورو کەوشەن ناناسن، وەکو مرۆڤەکان گیرفانیان پڕ نەبووە لە داب و نەریتە باوەکان. وەک عارفێک بە موناجات لە تامەزرۆیی دیدارو تای عیشقدا لەسەر مەندیی ڕووی ئاو، سەمای دەکرد، بەئومێدی ئەوەی دەستی بە مورشیدێک بگات... لەگەڵ ڕۆحی خۆیدا دەدوا: ئەتۆ لەکوێی ئەی هێلانەی مەلی ڕۆحم! لە چاوەڕوانی تۆدا دەرگایێکی لەسەرپشتم، نیگاییێکم ڕووەو کەنار، ئاخۆ کەی نووری تەجەللای دیدارت دەڕژێتە دەشتی دەروونم! ئەی ئەو هوزارەی لە چاوانی من پەنهانی و لەسەر بانیژەی خەیاڵم بە چەند زمانێک دەخوێنی، فریامکەوە! تەوژمی گێژەنی بای تامەزرۆیی لەگەڵ خۆیدا لووڵم دەدا، خەڵک چاویان پڕ لە خەوەو چاوی منیش لە تەنیایی. من لەدەریای بێ ئەمسەر و ئەوسەری خەون و خەیاڵەکانمدا، وا خەریکە دەخنکێم! ئەگەر، نە هەورو نە باڵندەو نە سیمرغ لەگەڵ خۆیاندا نەیانهێنام، دە ئەتۆ لەگەڵ ئاوی ڕووبارەکاندا وەرە! "کوڕۆ! تە بە ڕۆژێ قاچاغێ دەوڵەتێ بە، شەوێ لە سێبارى شەوێ هێدى هێدى میوانبە لە بەژنێوۆ!"... حەپەو ڕامالّى دێوەى، وەک مقەستێک داوى ئەندێشەو بیرکردنەوەکانى سەبرى پچڕاندو لەنێو خەیاڵەکانى دەریهێنا، بانگى حاجى عەولاى خەزووری کرد: مامە موختار بەرەو مالّى ئێمە دێت! حاجى عەولا بەدەم بەستانى جەمەدانییەکەى و لە گیرفاننانى قۆدى جگەرەو چەرخەکەى، هەر بەپەلە پێلاوەکانى، سۆلانى[1] بەسەر پێوەکردو بەرەو دەرگاى حەسارێ ڕۆیشت و خۆى لە دێوەى توڕەکردو تێپڕاخوڕى، دێوەش کلکەسووتەى گوێڕایەڵى بۆ کردو ملى ناچارىى، لەسەر زەوى درێژکرد، بەدەم نوسکانەوەو نووزەى ڕادەستبوون، چاوى دەپوتاندەوە. موختار بەفیزەوە پارچە کاغەزێکى دائیرەى ئەمنى ناحیەى دایەدەستى و بە زارىش پێیگوت: بێ دواکەوتن ڕۆژى شەممە بگاتە دائیرەى ئەمنى

[1]- سۆلانى: وەک سەرپا، وەک نەعل.

ناحییەی. ئەو پارچە کاغەزە بەشی ئەوەی دەکرد تەواوی ئەندامانی خێزانی حاجی عەولای، خێزیان[1] بە زاری تاڵ بێت و، ترسیان لێ بنیشێ، گومانی هەموو پێشهاتێکی مەترسیدار بکەن! حاجی عەولا، ڕۆژی جومعە کاورێکی قەڵەوی لە مێگەلە مەڕەکەیان دابڕی، بەرلەوەی بچێتە دائیرەی ئەمن، بە باشی زانی پاڵپشتێک بۆ خۆی پەیدا بکات، بانگی سەفەری کوڕی کرد بۆ ئەوەی بچێت پیکەبەکەی گوندی بۆ بێنێ و کاورەکەی بۆ باربکات. کاورە ڕشوەتی وەک سمێڵ چەورکردن، بۆ سەرۆکجاشی مەفرەزە خاسە مەلا عەزیز، بردە مااڵێ، بە ئومێدی ئەوەی لە دائیرەی ئەمن شەفاعەتی بۆ بکات.

بەیانی ڕۆژی شەممە بەر لە دەستپێکی دەوام، لە پێش دەرگای دائیرەی ئەمنی ناحییە ئامادە بوو، دوای چەندێک چاوەڕوانی، بانگیان کردە ژووری، وەک ترساندنێک پێیان ڕاگەیاند دۆسییەکەت هێندە مەترسیدارو قورسە، لە قەوامی دەسەاڵتی ناحییەیدا نەماوە، بۆیە ئەو دۆسییەیە لە هەولێر بە ڕائید (منعم) سپێردراوە، لەبەرئەوە هەرچی زووە دەبێت بچی بۆ دائیرەی ئەمنی هەولێر، پارچە کاغەزێکیان داپێی و لێی نووسرابوو (السید رائید منعم).

حاجی عەولا، بەرەو هەولێر ڕۆیشت، هەزارو یەک غایەلەی بە مێشکدا دەهات، خەمێکی قورس ڕووخساری سواق دابوو. کاتێک گەیشتە بەردەرگای دائیرەی ئەمن، پاسەوانێکی ڕووگرژو خوێنتاڵ، تێیڕاخوڕی: بۆ کوێ؟ وا دەزانی قاوەخانەی باوکتە؟! حاجی عەولا کاغەزەکەی دایەدەستی، ئەویش بە لوولەی چەکەکەی ئاماژەی بۆ هۆاڵێکی نێو دائیرەکە کرد، کە چەند کورسیێکی داری شەقوشڕی تێدابوو، هەتا بڵێی ساردو سڕ. پەنجەرەیەک کەوتبووە لای ڕێڕەوەکە، پاسەوانەکە پێی گوت: لە شوێنی خۆت نەجوڵێی، تاوەکو گەورەم بانگت دەکات. ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانیێکی تاقەتڕووکێندا هێشتیانەوە. هەر ئەمنێک بە بەرپەنجەرەکەدا ڕەت دەبوو لێی دەبوو بە ڕائید منعم. لە

[1]- خیزی: تەڕایەتی نێو زاری مرۆڤ، لیک.

کاتی گۆڕینی پاسەوان، شەقێکی زۆر بەهێزیان لە دەرگای هۆڵەکەداو پێیان گوت: چاوەڕوان بە تاوەکو بەڕێز ڕائید منعم بانگت دەکات. ئیدی ئەو کاتژمێرانە بۆ حاجی عەولای بوون بە بۆشاییەکی بکوژ! لە دوای دوو کاتژمێر، دوو ئەمنی بە قەڵافەت هاتنە هۆڵەکە. وەک ڕاهێنانیان لەسەر سووکایەتی بە مرۆڤ پێکرابێت، بە پەڕۆکێکی ڕەش هەردوو چاویان بەستەوەو هەریەکە پیلێکیان گرت و وەک سووکایەتییەک، بەدوای خۆیاندا پەلکێشیان کرد. حاجی هەستی دەکرد، چەند ژووڕێکیان پێکردو، لە ڕێڕەوێک لەسەر کورسییەک دایاننیشاند. هەر ئەمنێک بەلایدا تێدەپەڕی، سەرسمێکی لە بەلەک و گۆزینگی حاجی عەولای دەکوتا. لەناکاو پیلیان گرت و بردیانە ژووڕێکی دیکە، لەوێش بەتوندی لەسەر کورسییەک دایاننا. کاتێک چاویان کردەوە خۆی لە بەرامبەر پیاوێکی ڕەشی قۆڵ و باسک ئەستوور دیتەوە، وەک خۆڕاژاندن، کورسییەکەی دەسووڕاند. بە ڕوالەت دەیویست دڵسۆزی بۆ حاجی عەولای بنوێنێ، بەڵام لە چاو و ناخیدا ڕقێکی ئەستوور خۆی مەڵاس دابوو. ڕائید منعم زمانی کوردیشی وەکو زمانی عەرەبی دەزانی، یەک لە ئەمنەکان، بە بیانووی ئەوەی گوایا چای بۆ دێنێ سینیەک چای هێنا. ئەوان تەنها دوو کەس بوون لەو ژووڕە، بەڵام سینیەکە پڕبوو لە پیالە چای گەرم. گەیشتە بەردەمی حاجی عەولای و ساتمەیەکی دەستکردی کرد، ئەو هەموو چایە گەرمەی بەسەر حاجی عەولایدا ڕشت، هەرچەندە پشتی هەردوو دەستی سووتا، بەڵام خۆی نەبزاوت، هیمەت و ئازایەتییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو. ڕائید منعم، بە ڕوالەت خۆی لە ئەمنەکە تووڕەکرد وەکو خۆی ڕاینەسپاردبێت بۆ ئەو کارە، تا غیرەتی حاجی عەولای بزانێ، گوتی: کوێر! ئەوە کوێر بووی؟ حاجی عەولا لەگەڵ ئەوەی هەردوو پشتە دەستی لە تەقەلۆ هاتبوونە دەرێ، بەڵام غیرەتی ڕێگای نەدەدا هەر تەماشاشیان بکات! لەدوای دڵنیایی لە ناوەکەی و ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە، گوتی: عومەری کوڕت تفەنگێکی سوپای عێراقی ڕفاندووەو بۆتە (موخەڕیب)، ئەوەی لە تۆمان

داوایە بە زووترین کات بچیت بیهێنیتەوەو ڕادەستی ئیمەی بکەیت! پاش ترساندن و هەڕەشەلێکردن، زانی ئەوە ڕائید منعمەو بەرپرسی دۆسیەکەی ئەوانە. ڕائید منعم پرسی: عومەری کوڕت حەز بە چی دەکات لەمانە: ژن، پارە، قومار، مەشروب، ڕاو، سەیارەو چیتریش؟! هەر لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ ڕیزی نیشتیمانی، هەرچی بیەوێت بۆی دەکەین. حاجی عەولا گوتی: ئەو کوڕەی من هەر لە منداڵیەوە سەری لە نێو کتێبان بووە، هەتاوەکو بۆتە سەرباز، کتێبەکی پێ لە هەموو ئەو شتانەی باستکرد باشتر بوو! ڕائید منعم: هەر لە خانەی مامۆستایانڕا دۆسیەی عومەری کوڕت لەلای منەو هەر خۆشم بەسەریرا دەگەم، ڕەنگە چەند جار منی بینیبێت و دڵنیام باشم دەناسێ، بەڵام من تەنها بە ناوەکەی و نەبوون بە بەعسی، دەیناسم!

هێندەی نەمابوو بۆ نوێژی شێوان، حاجی عەولا داوای کرد ڕێگای پێبدات نوێژی عەسرێ بکات، بۆ ئەوەی نوێژەکەی نەچێت. ڕائید منعم گوتی: حاجی! نوێژکردن گفتوگۆیە لەگەڵ خوداو موناجاتێکی پیرۆزە، بۆ چما خودا لە دڵی ئەوانەشدا هەیە کە کوڕەکانیان دەبنە موخەڕیب؟، نوێژی ئەوانەش بە بەردەکەوێ لە دژی سەرۆکمان سەدام حسێن، خوا بیپارێزێ، یاخی دەبن؟ حاجی عەولا بە باوەڕ بەخۆبوونەوە گوتی: خودا لە شوێنو لەدڵە پاکەکاندایە، تەنها لەو دڵانەدا نیشتەجێ نابێت، کە بە ڕق پیس بوون! ڕائید منعم، زۆر بەتوڕەییەوە گوتی: بێدەنگبە بزانە چیت پێدەڵێم، ئەگەر دەتەوێت ئەوەی چەند ساڵە کۆتکردۆتەوە لە دەستی نەدەی، دوو هەفتەت مۆڵەت لەبەر دەستێدایە بچیت عومەری کوڕت بێنییەوە، بە پێچەوانەوە ڕەفتار بکەی، خۆت و ماڵ و منداڵت زەرەر دەکەن! تێیڕاخوڕی: بڕۆ لە پشتی هەورانیش بێت عومەرم لە تۆ دەوێت بیهێنیەوە.

حاجی عەولایان ئازاد کرد، هەر بەپەلە ئۆتۆمبیلێکی بۆ گوندی بەکرێ گرت. ژن و منداڵەکانی هەموو لێویان لەسەر ددانان وشک ببوو، لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی حاجی عەولایدا لە بەیانییەوە پەلکی زەوادیان

نەچوو بووە زاری.

لەو ڕۆژەوە، کەم لە سەرۆکجاش و پیاوەکانی بەعس مابوو کاوڕێکی قەڵەوی بۆ نەبات، هەر بۆ ئەوەی سەبری بووکی نەگیرێت، چونکە دەستگیرکردنی ژنی جاحێڵ، سووکایەتییەکی گەورە بوو، دەیگوت ناموووس گرانە، بەو مەککەیەی توافم کردییە، بە کوشتنی عومەرو سەفەری کوڕم دێمە بەرێ، بەڵام بە دەستگیرکردنی سەبری بووکم نایەمە بەرێ! پیلی سەبری بە دەست ئەمنەکانەوە ببینم، بێ ئەجەل لە حەیفان ڕوحم دەردەچێ و دەمرم. ئەوەی دەرهەق ژنی کورد دەیکەن، پێچەوانەی هەموو ڕەوشت و عورفوعادەتێکی کۆمەڵگایە، ئاخر ژنی بێچارە چ دەسەڵاتێکی هەیە!... چەند مانگێک بەسەر گرتنی دایک و باوکی بلە سەرئاسنیدا تێپەڕیبوو، چونکە هاوسەری نەبوو، بۆیە دایک و باوکیان گرتبوو. نەک هەر خزمو کەسی بلەی، هەموو خەڵکی گوندی تاساند بوو!

موختار لە جاسوسی بۆ بەعس، دەوڕێکی زۆر خراپی دەگێڕا. حاجی عەولا دەیگوت: مااڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش! هەتا ئاوم لەدو بێڵی بێت دەچمە دوی، نایەڵم سەبری بگیرێ! حەجمینی لێ هەڵگیرابوو، کاتێک دەیبیست ژنە پێشمەرگەیەک، یان دایکێک، گیراوە. زۆری لەلا قورس بوو بووکی جوان و جحێڵ لە لایەن ئەمنە بێڕەوشتەکانی بەعس بگیرێ. لەو ڕۆژەوەی ئەو دەنگۆی گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە باسی لێدەکرا، حاجی عەولا هەدای نەدا، بۆ ئەوەی ئاگربڕێک لە پێش گرتنی سەبری بووکی دروست بکات، هەر ڕۆژەی دەچووە لای سەرۆکجاشێک. قەتیش بە دەستی بەتاڵەوە نەدەچوو، هەر لە تەنەکە هەنگوین و کاوڕو گیسک بگرە، تا دەگاتە قەل و مەنجەڵەماست و پەنیر، هەر بۆ ئەوەی سەبری نەگیرێ، مااڵی دنیای نەدەهاتە بەرچاوی. سەرۆکجاش و مەفرەزە خاسەو پیاوەکانی بەعس بە مااڵی حاجی عەولای خەنی ببوون. هەریەک لەو ڕیشوەتخۆرانە کاتێک میوانیان دەهات، یان بە نیازبوون دەعوەتێک بکەن، دوو جاشی خزمەتکاریان دەنارد: بڕۆن بە حاجی

عەولای بڵێن گەورەمان مودیری ئەمنی میوانە هەوڵدەدات مەسەلەی سەبری و ئێوەشی لەگەڵ باس بکات، بۆیە هاتووین گیسکێک، کاوڕێک بەرین بۆی سەربڕین. بەو شێوەیە هەر سەرۆکجاشێک ئەو بابەتەی لەلای خۆی گەرم دەکردەوە. هەبوو دەڵاڵی خۆی دەنارده لای حاجی عەولای و پێی دەگوت: بە قسەی من دەکەی مااڵی خۆت لە دارو بەردی نادەی، ئەو ئیشەی تو لەلای کاک ڕەشید ئاغای، وەک ئاوخواردنەوەیە! ئیدی حاجییش، بەدەست و دیارییەوە خۆی دەگەیاندە لای مااڵی ڕەشید ئاغای سەرۆکجاش.

پێشمەرگایەتی عومەری حاجی عەولای، ببوو بە گەنجینەیەک بۆ ڕیشوەتخۆرەکانی ناوچەکە. ئەوەی ئالیکی دووکەری بەدەست بوو، بە ناچاری حاجی عەولا سمێڵی چەور کردبوو. دەمیان لە خوێنی ئەو خێزانەی نابوو.

گەورەو بچووکی خێزان، کاوڕو گیسک و ئاژەڵەکانیان بە بەشێک لە جەستەی خۆیان دەزانی. ئایشەکوڕانی، هەرکاتێک کاوڕێک یان گیسکێکی لە پشتەوەی پیکەبەکە دەبینی، زۆری بۆ دڵتەنگ دەبوو، چونکە هەموویانی بە دەستی خۆی مژاندبوون، وەک ئەولادی خۆی لێی دەڕوانین. لە خەمی دابڕاندنیان لە میگەل و ناردنیان بۆ بەرکێردی ڕیشوەتخۆران، شمشاڵەکەی لەبەرپشتێنی دەردێناو هەوایەکی لێورێژ لە خەمی دابڕانی دەژەنی.

ئێوارەیەکی زۆر خەمناک بوو هەواڵێک هەموو خەڵکی تاساند، بەتایبەتی ئەوانەی کە کوڕیان پێشمەرگە بوو. گوێا، سەلیم سووتاو لەگەڵ جاشەکانی، لە کەمیندا سێ پێشمەرگەی کوشتووەو سەری هەرسێکیانی بڕیوەو بە دیاری بۆ دائیرەی ئەمنی هێناوەتەوە. حاجی عەولا، وەک باوکە پێشمەرگەیەک هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە. لەڕاستیدا سەلیم سوتاو سەری پێشمەرگەیەک و دوو شوانی بڕیبوو، لە دائیرەی ئەمن، پێشمەرگەکە ناسراو بووە، بەاڵم سەری دوو شوانەکەی وەک پاسداری ئێران ناساندبوو، وەک پاداشت پارەیەکی زۆری وەرگرتووە!

١١

پایزێکی درەنگ و سەرەتای وەرزی زستان بوو، سەر لە ئێوارێ لە دوای نوێژی شێوان، سەگەکانی ئاوایی بە دێوەی خۆشمانەوە لمۆزیان بەرەو ئاسمان بەرز کردبووەوە هەموو پێکەوە دەیانلوورانـد. نەغمەیەکی ترسناکیان بە خەڵکی گوندی دەبەخشی. خەسووم لەو کاتەدا خەریکی هۆناندنەوەی کەژێکی ڕەشبەڵەک بوو، زەینی لەسەر داوی گلۆرەبەنەکان بوو، بە دەنگێکی بەرز گوتی: کچم سەبری، ئایش، کامەتان دەستتان بەتاڵە، پێڵاوێک دەواو نخوون بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو سەگانە چیتر نەلوورێنن! وەک ئەوەی خەبەرێکی خراپ بە خەڵکی ئاوایی ڕابگەیەنن! گوتم بەسەر چاو مامۆژن هەر ئێستا. بۆ بەیانی ئاسمان هەوروهەڵا بوو، دەیپرۆشاند، تاوەکو ئێمە نانی بەیانیمان خواردو زیندەوارمان دامەزراند، دایدا بارانێکی نەرم، نەرم وەک ئەوەبوو نەیەوێت ئازاری زەوی بدات! خەسووم بانگی کردم: سەبری کچم دوو سەپک لەنێو تەشتێ نانییە بیدە بە دێوەی! کاتێک سەپکەکانم بۆ دێوەی هەڵدان، بە پێچەوانەی جاران، خۆی هەڵنەدا لە ئاسمانێ بیقۆستەوە، نە کلکەسووتەی بۆ کردم و نەخۆی لە بەلەکم سویی، چاوی لەسەر من نەدەگواستنەوە، دەیویست چاوەدێری و پارێزگاریم لێبکات، نەبادا منی لێ بدزن! هەرچەند لە چاوەکانی حاجی عەولای خەزوورم دەڕوانی، بە جۆرێک تێمەوە ڕامابوو وەک بیەوێ چاوەکانی لە تەماشای من پڕبکات و وێنەم لە زەینی خۆیدا زەخیرە بکات، وەک لە غەیبەوە پێیان گوتبێت ئەمڕۆ کارەساتێک ڕوو دەدات! لە نزیک سۆپاکە، قۆدی جگەرەی لە پێشەخۆی دانابوو، جگەرەی بە جگەرەی

دادەگیرساند، سەردەستی کراسە چڵکنەکەی هەڵدابوویەوەو قۆڵ و باسکی مووای چەند سۆتووە جگەرەیەکی پێوە نیشتبوونەوە. ئاخر ئەو پیاوە زاهیدو پاکانەی لە پێش ڕووداوەکان تارماییەکەی دەبینن!

دوو ئۆتۆمبێل لە بستوێ بەرەو ئاوایی شۆڕبوونەوە. تایەکانیان قوڕی ڕێگای بەملاو ئەولادا فڕێدەدا، ئەوەی پێشەوە جێبێکی سپی بوو ئەوەی دواوە ئیڤایەکی سەربازی بوو. بوونە جێگای سەرنجی خەڵکی ئاوایی، بە تایبەتی ئێمەی منداڵی گوندی بەدوایاندا ڕایاندەکرد، بەڵام گەورەکان بە ژن و پیاوەوە ڕوویان لێ وەردەگێڕان، یان هەر لە ماڵەکانیان نەهاتنە دەرێ، تەنها ئەوەی بە پیریانەوە چوو موختاری گوندی بوو، تومەز شتێکی پێ شک دەهات! ئێمە هەموومان بەترس و حەپەسانەوە لە یەکترمان دەڕوانی، ڕووانینێک هەزار پرسیاری بێ وەڵامی هەڵگرتبوو، هەستمان لە خۆمان بڕیبوو! سەعات دەی بەیانی بوو، ڕووەو ماڵی ئێمە هاتن. موختار لە پێشەوە وەک چاوساغ و ڕێپیشاندەر، حاجی عەولای خەزوورم هەر ئەوەندەی گوت: ئەو ڕۆژەی من لێی دەترسام ئەورۆکە بوو. هەرچەند لە ڕووخساری خەسوو و خەزوورم ڕادەمام باوەڕم نەدەکرد بە بینینی عیزرائیل ئاوا تێکبچن!

موختار بوو بە دیلمانج، قسەکانی ئەوانی بۆ ئێمە دەکردەوە کوردی و بە پێچەوانەوە. گوتی: سەبری دەبێت خۆی ئامادە بکات و لەگەڵیان بڕوات، دەڵێن یەک هەفتەی پێدەچێت و دێتەوە. خەزوورم چەند لەبەریان پارایەوە بۆ ئەوەی لەگەڵمدا بێت، ڕێگایان پێنەدا، لە حەیفان و لە حەیبەتان خەریکبوو بەزگ بدات و خوێنی بمەیێ. بۆ ژنێکی باردارای وەک من، سەرکەوتنی نێو بۆدی ئیڤاکە ئاسان نەبوو، لێ سەریان خستم. ئەوەی حاجی عەولای خەزوورم لە دەستی هات هەر ئەوەندە بوو هەندێک پارەی خستە ناو گیرفانی پاڵتۆکەی خۆی و بۆی هەڵدامە نێو ئیڤاکە، بۆ ئەوەی لەبەر بارانەکە تەڕ نەبم. بە قورگی پڕ لەگریان و فرمێسکی قەتیسەوە، مانئاواییم لە یادەوەری خۆم و گوندێک کرد.

فرچە شووشەسرەکەی ئیڤاکە بەپەلە ئەمالاو ئەولای دەکرد. خێراییەکەی، لەگەڵ لێدانی دڵی مندا یەک میقات بوو! پاڵتۆکەم بەسەر سەرمدا دابوو، بە درێژایی ڕێگاکە ئامۆژگاری و وردە وەبەرنانی عومەرم لە خۆمدا سەقاو دەمەزەرد دەکردەوە، ڕۆچووبوومە نێو خەیاڵەکانم، عومەر دەیگوت: سەبری گیان ئازیزەکەم ئەگەر ڕۆژێک تووشی ناخۆشی بووی ئەوا قەلەڕەشی خەمۆکی لەسەر سوێی بیرکردنەوەت دووربخەرەوە، هیچ ناخۆشییەک تا کۆتایی ژیان نییە، بەری تەنگانان کورتە، هەموو شتێک تێدەپەڕێت بە خۆشی و ناخۆشییەکانەوە. سەیری میلی کاتژمێرەکەی دەستت بکە، چۆن، چرکە چرکە ژیان دەدزێ! ئێمە بۆ خەونەکانمان زیندووین، زۆر بەجێیە ئێمە خەونێکمان هەبێت و لە پێناویدا بژین و بمرین! ئازیزەکەم! تەمەن ئەو کاتە گرانبەهایەیە کە مرۆڤ لە دەستی دەچێت و هەرگیز بەرەو دوا ناگەڕێتەوە. ئەرکی ئێمەیە چۆک بە مردندا بدەین بۆ ئەوەی ژیان بدرەوشێتەوە! ئازیزی من! لەبەرتۆیە ژیانم خوشدەوێ، بەڵێنت پێدەدەم ئەگەر بمخەنە نێو ئاگری ئیبراهیمیش، چونکە لەسەر هەقم، بۆ خاتری ئەو چاوە سەوزانەت بە زیندوویی دێمەوەدەر! بەڵێنت پێدەدەم نەمرم و لەو دونیا بێرەحمەدا بەتەنهات نەهێڵمەوە... لەنێو خەیاڵەکانمدا، ئەو ئێستاپە سەرسەریانەی شوفێری ئیڤاکە، ڕەتێکی بۆ پێشەوە پێبردم، دەستم نەدابوایە بەرخۆم، ڕەنگە کەللەی سەرم بە شووشەی پشتی شۆفێرەکە تەقیبا، داوی خەیاڵەکانمی پچڕاند... ئەو کاتەی دەستگیرکرام، شەروارێکی کوردیی لەمەڕ عومەری هاوسەرمم لەپێ بوو، بەسەر جلکەکانمداهێنابوو. ئەو شەڕوارە هێزو وردە باوەڕ بەخۆبوونی پێدەبەخشیم، لەگەڵ هەستانەسەرپێم، دۆخینی شەڕوارەکەم بە چەند گرێکوێرەیەک لە نێوقەدی خۆم شەتەکدا، دیاربوو ئەو شوێنەی لێی وەستان بەردەرگای زیندان بوو، گوتیان: دابەزە، تەنها لە ناویان پرسیم و بردمیانە ژوورێک تەنها ژنێکی لە تەمەنی دایکمی لێبوو، گورج هەستایە سەرپێ و ئامێزی لێدام، وەک کچی خۆی ماچی کردم: کچم

مەترسە! ئەمنیش دایکە پێشمەرگەم! ئەو شوێنە جێگایەکی زۆر گەورە نەبوو بۆ مانەوە، بەردەوامیش خەڵکیان دەهێناو هەر هەموشیان کەسوکاری پێشمەرگە بوون. لەو زیندانە ڕاگوزەرەدا، ژمارەمان بوو بە دوازدە کەس لە ژن و منداڵ. ژنی وا هەبوو منداڵی شیرەخۆرەی بەجێمابوو. نزیکەی هەفتەیەک دەبوو لەو شوێنە بووین، ڕۆژێک ناوی هەموومانیان خوێندەوە. بارانێک دەباڕێ سەر بەکڵاوە، سەرمایەکی بێحەد بوو. بە دوای یەکدا بەرەو ئەو ئیڤایە ڕۆیشتین کە بۆ گواستنەوەی ئێمە ڕاوەستابوو، ئیڤاکە کاری دەکرد، دووکەڵێکی شینی لە ئاگڕۆزەکەی دەهاتە دەرو بۆنێکی ناخۆشی بەو نێوەیدا بڵاوکردبۆوە. بۆدیەکەی بستێک ئاوی تێدا وێستا بوو، پیرەژنێک نەیدەتوانی سەرکەوێ، دوو ئەمن دەست و قاچیان گرتن و وەک کیسە چەمەنتۆ هەڵیاندایە نێو ئیڤاکە. دیاربوو ئەمنەکان زۆر بەپەلە بوون، بۆیە، هەر پیلی منداڵەکانیان دەگرت و هەڵیاندەدایە نێو بۆدیەکە، بەلایانەوە گرنگ نەبوو بەسەر دەموچاویاندا بکەون یان شوێنێکیان بشکێ! هیچ مریشکفرۆشێک دڵی نایە ئاوا مریشک فڕێبدات! هەر خوا دەزانێ چ سووکایەتییەکیان بە مرۆڤ دەکرد، لەبەرخۆمەوە دەمگوت: ئای خودایە! ئەو باڵندەیەی ڕوحم، بۆچی هەڵنافڕێ و قەفەسەی سینگم جێ ناهێڵێ؟!

پێشنیوەڕۆی ڕۆژێکی سارد بوو، لەنێو ئیڤاکە سەیری هەر ژن و منداڵێکم دەکرد، ئاو بە سەرو قژیدا دەهاتە خوارێ و لە چەناگەی دەتکایەوە. بەهۆی تەڕی و تەوژمی بایەساردەکەوە، خەریکبوو هەموومان بیبەستین! لە ئەمنی هەولێر ئێمەیان بردە هۆڵێکی درێژ. لەپێش ئێمەدا چەند خێزانێکی پێشمەرگەی تێدابوو. ماوەی نۆزدە ڕۆژ لە ئەمنی هەولێر ماینەوە. ئەو ڕۆژەی ئێمەیان گواستەوە، پاسیان هێناو ناوەکانیان خوێندینەوەو سەریان خستین. ژنێک زگچوون و ڕشانەوەی بوو، تەنەکەیەکیان بۆ هێنا بۆ ئەوەی هەر لەنێو پاسەکە لەکاتی ڕۆیشتن، پیسایی و ڕشانەوەکەی لەو تەنەکەیە بکات. لە دیمەنی سەرو پرچی وەک خوریی ئەو پیرێژنەی بەتەنیا دەستگیر کرابوو، لە دڕندەیی

بەعس و پیاوەکانی تێدەگەیشتی! فرمێسکی نەدەوەستان، بەو هیشکو ڕەقیی خۆیەوە، نەتدەزانی ئەو هەموو فرمێسکە لەکوێ هەڵدەقوواڵن! نازانم لە کێی بیستبوو، هەر پێشمەرگەیەک شەهید بێت یان تەسلیم بە حکومەت بێتەوە، کەسوکاری ئازاد دەکەن. وەک زیکرو تەهلیلە بە تەسبیحەکەی ملی بکات، ڕۆژ تا ئێوارە دەیگوت: یارەبی خوایە قەت ئازاد نەکرێم و مەرگی کوڕەکەم نەبینم! بۆیە هەرکەسێک ئازاد دەکرا، لە جیاتی ئەوەی خۆشحاڵ بێت، لە دڵەڕاوکێدا بوو!

*

لە دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکانڕا زانیمان گەیشتینە شارێکی گەورە، چونکە تاریک داهاتبوو، دوایی زانیمان شاری سەماوەیە. ئەو زیندانەی ئێمەیان بۆ برد، پڕبوو لە کەسوکاری پێشمەرگە. ئێمە تەنها ئەو کەسانەمان دەبینی کە لەگەڵ ئێمەدا لە ژوورێک بوون. هەبوو زۆر لەپێش ئێمە دەستگیرکرابوو. بە بەردەوامیش خەڵکیان بۆ ئەو زیندانە دەهێنا. هەریەک لەو ژنانەی لەگەڵ من زیندانی بوون، چیرۆکی تایبەت بە خۆی هەبوو، چیرۆکەکانمان زۆر لەیەک دەچوو. هەریەکەمان خەڵکی شوێنێکی کوردستان بووین. لەو ماوەیەی زیندانیبوونم، چیرۆک و شوێن و کاتی دەستگیرکردنی زۆربەیانم دەزانی. لە ژوورەکەی ئێمە خێزانێکی چوار کەسی، بە هۆی ئەوەی ئەو پێشمەرگەی لەسەری گیرابوون شەهید ببوو، هەرچواریان ئازادکردن. لە جێگای ئەوان چەند کەسێکیان هێنا ژوورەکەی ئێمە، یەک لەوانە کچێکی ڕەشئەسمەری باڵابەرز بوو بە ناوی نەرمین. نەرمین گوتی: تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو، لە شاری سلێمانی لە بەشی پەرستاری دەمخوێند، چونکە مامۆستایان لە شاری سلێمانی نەبوو، منیان وەک ئەمانەتێک لە مااڵی ناسیاوێک دانابوو، بۆ ئەوەی خوێندنەکەم تەواوبکەم. بەیانییەکی زۆر سارد، دارو بەردی لێکدابوو، چلووڕە بە گوێسوانەکاندا شۆڕببوونەوە. پێداویستیەکانی خۆم کۆکردەوە، ملپێچ و کاڵوو پەنجەوانەم ئامادەکردو خۆم داپێچا. بەدەرکەوتم بە گوێرەی ئەوەی هەڵمی زارم دوو بست

هەڵدەکشا، زانیم زۆر ساردە، دەستم بۆ کێڵۆنی دەرگای حەساریێ برد بیکەمەوە، لە ساردییان وەک کارەبا دەستی گرتم. ڕۆیشتم، خرمەخرمی شکانی شەختەی بەرپێم، دەوروبەری ئاگادارەدکردەوە کە کەسێک بە کۆڵانێدا دەڕوات. لووت و ڕوومەتم سڕ ببوون، ئاو بەلوتمەوە گیر نەدەبوو. پرچە زۆرو کلاوو ملپێچەکەم سەرو بناگوێیان دەپاراستم. بە هەرحاڵ، خۆم گەیاندە بەشی پەرستاری، کچەکانی هاوڕێم تەندووڕەیان لە دەوری سوپاکە کردبوو، ئاوڕیان بۆ لای دەرگاکە دایەوە بانگیان کردم: نەرمین خێراکە وەرە خۆت گەرم بکەوە. دوای ئەوەی دەست و دەم و چاوم گەرم کردەوە، مامۆستا هاتە ژوورەوەو بۆ ئەزموون دابەشی کردین، من بەر نەخۆشخانەی منداڵبوون کەوتم. دەرکەوت، هەر دوای ئەوەی بۆ نەخۆشخانەی منداڵبوون ڕۆیشتبووم، ئەمنەکانی سلێمانی هاتبوونە لای بەڕێوەبەڕایەتی بەشی پەرستاری کە دکتۆر شەوقی بەڕێوەبەری بوو، پێیان گوتبوو کچێکتان لایە بە ناوی نەرمین، دەمانەوێت ببینین و دوو سێ پرسیاری لێدەکەین و بەس. مودیریش گوتبووی هەتا بڵێی کچێکی باشە، ئێستا لە نەخۆشخانەی منداڵبوون خەریکی ئەزموونە، ئێستا بەدوایدا دەنێرم. لەو کاتەی مامۆستاکەم بەدوامدا هات، من لە قاوشی منداڵبوون یارمەتی ژنێکی زەیستانم دەدا. هەر زوو دەستکێشەکانم فڕێداو بەگەڵ مامۆستاکەم کەوتم، لە ڕێگا گوتی: دوو ئەمن هاتوونە ئیدارەی بەشی پەرستاری دەیانەوێت چەند پرسیارێکت لێبکەن، نابێت بەهیچ شێوەیەک بترسی و بەپەلە وەڵامەکان مەدەوە! مامۆستاکەم زۆری غیرەت وەبەرنام. هەر کە گەیشتینە لایان و لە ناوەکەم دڵنیا بوون، داوایان کرد لەگەڵیان بڕۆم، مودیرەکەمان بە مامۆستای گوت دەبێت تۆ لەگەڵی بچیت، بۆ هەرکوێیەک بردیان نابێت بە تەنها بێت، بە هیچ شێوەیەک جێی مەهێڵە، چونکە ئەو کچانە ئەمانەتن لە ملی ئێمە هەتاوەکو ڕادەستی دایک و باوکیان دەکەینەوە. ئەوەندە کەم نەبوو، ئاخر ئەو هەڵوێستەو لەو ڕۆژگارەدا، سەنگ و بەهای خۆی هەبوو، چونکە دێوەزمەی بەعس باڵی

ڕەشی بەسەر وڵاتدا کێشابوو، هەموو کەلێن و قوژبنێکی وڵاتی تەنیبوو، تارماییێکی ترسناک و بەسامی لە زەینی تاک بە تاکی کوردان دانابوو. کاتێک گەیشتینە دائیرەی ئەمن، یەک لە ئەمنەکان لە پێشمانەوە دەڕۆیشت، ئەوەکەی دیکەش لە دوامانەوە. بە ڕێڕەوێکدا من و مامۆستاکەمیان دەبردە بنەبانێ. ئەمنەکەی پێشەوە گوتی: ڕاوەستن! دیاربوو مۆڵەتی چوونەژوورەوەی وەرگرت و ئێمەش چووینە ژوورەوە. مامۆستاکەم سڵاوی کرد بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. سێ کەس بە جلوبەرگی کوردی دانیشتبوون، مودیری ئەمنیش تەلەفۆنی بەگوێوەبوو، کورسییەکەی بەملا بەولادا دەسووڕاند. تاوەکو لە تەلەفۆنەکەی تەواوبوو، من و مامۆستاکەم هەر بەپێوە وەستابووین. چەند تەلەفۆنێکی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر مێزەکەی بوو، هەرجارەی یەکیان زەنگی لێدەدا. مودیر ئەمن لە پاکەتەکەی سەر مێزەکە جگەرەیەکی دەرهێناو یەک لەو کوردانەی لەلای بوو گورج هەستایە سەرپێ شەمچەی بۆ لێداو جگەرەکەی بۆ داگیرساند. مودیر گوتی: شەمچەکە لەسەر مێزەکەدانێ! لەگەڵ یەکەم مژی جگەرەکەو دوکەڵ بەباکردن، چەند جارێک شەمچەکەی هەڵدەدا بۆ ئەوەی بزانێ لەسەر تی بەقیتی ڕادەوەستێ، وەک بیەوێ بەختی ڕەشی من تاقیبکاتەوە! تی چاوێکی بە غەرەزی دامێ و گوتی: ناوت چیە؟ هەرسێ کوردەکە وەک مێشیان لە دارێدا دۆزیبێتەوە، پێکەوە گوتیان گەورەم ئەوە نەرمینە خۆیەتی، خوشکی (موخەڕیب) بەهرام ڕەسوڵ حەسەن خۆشناوییە. بە جۆرێک ناساندمیان، وەکو نان و پیوازیان لەگەڵدا خواردبم!

مامۆستاکەم زۆری داکۆکی لێ کردم، عەرەبییەکی زۆر باشی دەزانی گوتی: ئەوە لە هەرە کچە باشەکانی بەشەکەمانە، هەموو سااڵێ بە یەکەم دەردەچێ، بەهرەمەندە لە بواری پەرستاری! سێ کوردەکە گوتیان: ئەگەر هێندە کچی باشەو زیرەکە، با داوا لە موخەڕیب بەهرامی برای بکات، بێتەوەو خۆی ڕادەستی دائیرەی ئەمن بکاتەوە! وەک ئەوەی مودیر ئەمن ئەو سێ کوردەی ڕاسپاردبێت ئەوان وتەمان لێ

وەربگرن، پاشان خۆی بڕیار بدات!

مامۆستاکەم گوتی: ئێمە لە خێزانەکەیان تەنها نەرمین وەکو قوتابییەکی نموونەیی دەناسین، لە ئاکارجوانی هەمیشە نمرەی بالّا بەدەستدێنێ، برای پێشمەرگەیە یان نا، ئێمە نازانین! تێیانڕاخوڕی: بلّێ موخەڕیب نەک پێشمەرگە، بڕۆ دەرەوە لەبەرچاومان ونبە، محامیاتی لێرە نایخوا! زۆر دلّتەنگ بووم، چونکە مامۆستاکەم مرۆڤێکی یەکجار سەنگین و بەڕێز بوو، شایانی ئەو سووکایەتییە نەبوو پێی بکرێ. ئەو، وەک کچی خۆی و قوتابییەکی پەروەردەی دەستی خۆی داکۆکی لە من کرد. مامۆستایان دەرکردو گوتیان: نەرمین دەبێت بمێنێتەوە! منیان بردە زیندانی گەورەی سلێمانی، زابت خەفەر گوتی: پێویستە حاکم بڕیاری ڕاگرتنی بدات، بردمیانە لای حاکم قادر، کورد بوو، گوتی: کچم مەترسە لە سنووری دەسەلاتەکانی خۆم دەتپارێزم! منیش گوتم: گەورەم کەس نازانێ من دەستگیرکراوم، ئەگەر ئەو ژمارە تەلەفۆنە ئاگادار بکەنەوە بە دایکم بلّێ نەرمین گیراوە، ئەوە ژمارەی ئەو مالّەیە کە من لەلایان دەمێنمەوە!

لە سجنی گەورەی سلێمانی خستمیانە ژوورێک، ژنێکی بەتەمەن و کچێکی هاوتەمەنی خۆمی لێبوو. ژنە بەتەمەنەکە وەک ئەوەی لە مێژ بێت بمناسێ، بە پیرمەوە هات، ئامێزی لێدام و بە سینگی خۆیەوەی گوشیم: کچی خۆم مەترسە من وەکو دایکت لێرەم و دەتانپارێزم، منیش لەسەر کورِم گیراوم، بۆتە پێشمەرگەو ناوی لەتیفە. بۆنی سینگ و بەرۆک و مێخەکبەندی، دروست بۆنی دایکم بوو. ئەو ژنە بۆم بوو بە بەردی سەبووری. ناوی فاتیمەخان بوو، دلّنیایی دەدامێ کە دەمپارێزێ، کاتێک دەچوویتە توالێت تواند دەستی دەگرتم و تا دەهاتینەوە ژووری بەرینەدەدا، وەک ئەمانەتێکی ئەخلاقی لێی دەڕوانیم. شەوی دواتر کۆمەلّە خەلّکێکی زۆریان هێنا، هەمووی ژن و منداڵ بوون، ژنی وا هەبوو منداڵی شیرەخۆرەی لێ بەجێ مابوو. هەریەکەو سەموونێکی ڕەقیان بۆ هەلّدایە ژووری، دەتگوت سەپکی بۆ سەگی فرێدەدەن! هێندە

ڕەق بـوو، بۆمـان نـەدەجووڕا، وەکـو بـەرد وابـوو تـەنها بـۆنی زادی لێدەهات. ناچار بووین بە پێلەقە وردمان دەکرد پارچەکانیمان دەخستە زارمـان، ئـەویش هـەموو پـووکی بریندار دەکـردین، منداڵـەکان هـەموو زاریـان پڕدەبـوو لـە خـوێن و لـەتـاو برسـیەتی و ئـازاری نێـو دەمیـان، دەگریان.

بەیانییەکی ساردو کشومات، هێشتا لـەژێر ئـەو کەچـەپـەتۆ سـەربازییە بووم کە نیوەیم ڕاخستبوو، نیوەکەی دیکـەم بەسـەرپشـتمدا دابـوو. وەک هەر زیندانییەکی دیکە، یەکـەم نیگـام بـۆ دەرەوە بـوو، لـە کـەلێنی میلـەی زیـنـدانڕا بینـیم لـەنێو بێـدەنگییەکی قورسـدا بـەفر دەبـاری. تـەواوی حەسـاری زیندانەکـەی سـپی کردبـوو، شـوێن پێـی هـیچ کەسـێکی بەسـەرەوە نـەبوو. لەبەرخۆمـەوە دەمگـوت: ئـاخر ئێـوە لـە ئاسـمانێکی یەکسان و پاک و بێگەرد، چۆن دادەبارێنە سەرزەمینی غەدرو ناپاکی و زوڵمەت؟!

نـاوی چەند کەسێکیان خوێندەوە. نـاوی منیشـی لەگەڵدابوو، ئێمـەیان هێنا دەرەوە لەبەر ئەو بـەفرە ڕایـانگرتین. تـا هـەموومانیان لـە پاسـەکان ئـاخنی، لەبـەردەرگای سـجن دوو پاسـیان ڕاگرتبـوو، ئـەمن و پـۆلیس گـەمارۆیان دابـووین. لـە شـۆفێری پاسـەکەمـان بیسـت دەمانبـەن بـۆ سەماوە. پاسەکان بە دوای یەکتردا بـەنێو شـاری سلێمانیدا دەڕۆیشتن. خەڵکی شـاری سلێمانی لـە هـەردوو بـەری شـەقامەکەوە وەسـتا بـوون، گوێیـان لـە زیـڕەو هـاواری مـن ڕاگرتبـوو: خەڵکینـە! مـن کچێکـی پاکڕەوشتم، لەسەر برام گیراوم، چونکە بۆتـە پێشـمەرگە، هـیچ کەتنێکم نەکردووە. ئەو ژن و منداڵانەی دەیانبینن، هەموو دایک و ژن و خوشک و بـراو منـداڵی پێشـمەرگەین. شـۆفێری تاکسـیەک ئۆتۆمبێلەکـەی خـۆی خستە پێش پاسەکان و بەئەنقەست خـۆی بـە قسـەکردن لەگـەڵ خـەڵکی سـەر شۆسـتەکان سـەرقـاڵ دەکرد، بـۆ ئـەوەی پاسـەکان ماتـەڵ بکـات، تـاوەکو ئێمـە پـەیامەکـەمان بـە خـەڵکی سلێمانی ڕابگەیـەنین. لـە هـەموو پەنجەرەکانی پاسەکانڕا خـەڵک پارەیـان بـۆ دەهاوێشـتینە ژوورەوەو بـە

ئاماژە دەستیان دەکردە مشتەکۆلە، بەمانای ئەوەی خۆڕاگربن خۆتان تووندکەن! لەنێو ئاپۆڕای سەر شەقامەکە، کابرایەک وەک لە دەریادا مەلە بکات، بەرەو لای پاسەکەی ئێمە قەڵەباڵغیەکەی شەق دەکردو خۆی بە پەنجەرەی پاسەکە هەڵواسی، چەناگەی خستبووە سەر پەنجەرەکە. دیاربوو بە وەڵامی یەک کەس دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، بۆیە لە چەند کەسێکی پرسی ئەوە بۆ کوێتان دەبەن؟ گوتمان دەمانبەن بۆ سەماوە. ئەوجا قەناعەتی کرد و سەری خۆی لەقاند، هەندێک پارەی هەڵدایە نێو پاسەکەو گوتی: باشە تێگەیشتم... ئەو دوو ئۆتۆمبێلەی ئەمن و پۆلیسەکان کە لە دوامانەوە دەڕۆیشتن یەکیان هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی ڕێگای ڕۆیشتن بۆ پاسەکان چۆڵ بکات. بە درێژایی ڕێگای بەینی سلێمانی و سەماوە نە نانیان پێداین و نە ئاو! ئەوانیش بۆ خۆیان بەدیار چاوی ئێمەو منداڵەکانەوە دوو ژەم نانیان لە چێشتخانەکانی سەر ڕێگا خوارد. بەڵام شۆفێری پاسەکەی ئێمە دانەبەزی بۆ نانخواردن، گوتبووی من لە ئێوە زیاتر نیم!... لە ڕێگا، دەمێک بوو لە شەودا ڕێمان دەکرد، شۆفێری پاسەکە گوتی: لە دوای دوو کاتژمێری دیکە دەگەینە سەماوە. هەموومان لەنێو پاسەکە لاروپار ببووین. کاتێک گەیشتین، بە هۆی ئەوەی چەندجار خەوتبووین و خەبەرمان ببووەوە، شەومان لێ تێکچوو بوو، ژووروو و ژێرروو و خۆرهەڵات و خۆرئاوامان لێ تێکچوو بوو. لەناکاو لەدوای چەند پێچدانەوەیەک، خۆمان لەبەردەرگای زیندانێکی گەورە بینییەوە. هەموومانیان دابەزاند، منداڵەکان هەندێکیان بە باوەشی دایکیانەوە خەویان لێکەوتبوو. ئەوانەی هەراش بوون دایکیان بە دوای خۆیاندا پەلکێشیان دەکردن. حەساری زیندانەکە پڕبوو لە ئاوی زێراب، بۆنی ئەوەندە پیس بوو مرۆڤی قڕدەکرد. فاتیمەخان لێرەش دەستی منی بەرنەدەدا. سی و پێنج کەس کراینە ژوورێکی ساردو شێدار. خێوەتێکیان بە پەنجەرەکەیدابوو، بۆ ئەوەی دەرەوە نەبینین. ئەو شەوو ڕۆژە بێخواردن و خواردنەوە ماینەوە. بە برسێتی سەرمان نایەوە، بەیانی لە دەنگی گریانی منداڵەکان

خەبـەرمان بـووەوە، کە لـەبرسـان دەگریـان، داوای نانیـان دەکـرد. سـەرباری ترسـێکی زۆر، برسـیەتی و سـەرما بڕسـتیان لێبڕیبـووین. بـەیانی دووبـارە نـاوی هـەموومانیان نووسـی، ناونیشـانی شـوێنی نیشتەجێبوونمان ئاماژەی پێکرا. دوای ماوەیـەک عارەبانەیـەکیان هێنایـە بـەردەرگای ژوورەکـەمان مەنجـەڵێکی گـەورەی لەسـەر بـوو، هەنـدێک شلەیان لەسـەری مەنجەڵـەکە کردو هەمووما‌ن ئەو سی و پێنج کەسـە، دەورماندا. هەریەکـە سـەموونێکی ڕەقیـان دایـێ. هـەر زوو منداڵـەکان کردیـان بـەشـەڕ لەسـەر شـلەکەو هـەموویان ڕشـت، هـەر بابـا بـوو سـەموونیان لـە عەرزەکـە دەخشـاند بـۆ ئـەوەی سـەموونەکەی پـێ تەڕبکـات! ئێمـە گـەورەکان، کەسـمان دەممـان بـە شـلەکە نەکـەوت. لـە برسـان و لەبـەر بـۆنی پیسـایی هاوارمـان کـرد: مـردین دەرگامـان لێبکەنـەوە! پێویسـتمان بـە تـەوالێتە! چەند پاسـەوانێکی دڵڕەق دەرگایـان کـردەوەو دوو تاسـی چەمـەنتۆ کێشـانیان فڕێدایـە ژوورەوە بـۆ ئـەو هەموو حەشاماتە، بۆ ئەوەی پیسایی و میزی تێدابکەین. ڕۆژی جارێک دەرگایـان دەکـردەوەو لـووتی خۆیـان دەگـرت لەبـەر بـۆنی پیسـی ژوورەکە، پێنج خولـەک کاتمـان هـەبوو، ئـەو دوو تاسـە پڕ لـە پیسـاییە ببەینـــە دەرەوەو بیرێـــژین، ئەگـــەر لـــە پێـــنج خولـــەک زیـــاتر دوا بکەوتبووینایـە، دەیاندایـنـە بـەر قـامچی و شـەللاق... چەنـد مانگێک بـەو ئەشـکەنجەو کولەمەرگییـە ژیانمـان بەسـەردەبرد. بـەیانییەک، قریشکەو زڕووکەی مریەمێ ژوورەکەی پڕکرد. تومەز ژانی منداڵبوونی هاتبووێ. هەردوو پێی لـە دیـواری گیرکردبـوو هـاواری دەکرد. ماوەیـەکی زۆری خایانـد منداڵەکـەی نـەدەهات بـۆ ئـەوەی ڕزگـاری بێت. وەک ئـەوەبـوو منداڵـەکـەی لـە زگیـدا سـووڕابێت، یـان سـەراو پێش هاتبێت. لچکەکـەی گرمـۆڵە کردبـوو و لـە زاری خـۆی ئـاخنیبوو، ددانـەکانی دەقڕمسـاند. ئێمـەش لـە خێمـەی پەنجەرەکـەمان دەداو هاوارمـان دەکـردو لەبـەر پۆلیسـەکان دەپاڕاینـەوە: ئـەو ژنـە گوناهـە خەریکـە دەمـرێ، فریامـان بکەون، با چارەیەکی بکەین و نەمرێ. دەرگایان کردەوە بینییان حاڵی

شـرە. مـن وەک پەرسـتارێک، بـە پێـی پـەتی لەگـەڵی ڕۆیشـتم بـۆ نەخۆشخانەی منداڵبوون لە سەماوە. لە ئۆتۆمبێلەکە دایانبەزاندین، دوو پۆلیس بەدوامانەوە، هەموو خـەڵک بەسـەرسـووڕمانەوە لـە پای پـەتی و پرچـی قـرژن و چڵکـن و جلوبـەرگی تیتـۆڵی تیتـۆڵی ئێمـەیان دەڕوانـی! چونکـە ئێمـە نـە بـە خـەڵکی سـەر ئـەم هەسـارەیەو نـە مـەخلوقی ئـەم سەردەمە دەچووین! خەڵکەکە لەبەرمان هەڵدەهاتن و خۆیان دەدا لاوەو بـە سەرسـووڕمانەوە لـە یـەکتریان دەڕوانـی. ئێمـەیان بـردە یـەک لـە ژووڕەکـان هەنـدێک چارەسـەری سـەرەتاییان بـۆ مریـەمێ کرد. زۆری نەبرد مریەم کچێکی بوو، بەڵام هیچمان لا نـەبوو منداڵەکەی پێ وشک بکەینەوەو تێی وەرپێچین. سەیرم کرد مریەم بە هەردوو دەستی پرچی خـۆی دەردێنـاو دەیخـوارد، وەک ئەوەی بـاری دەروونـی تێکچووبێت، گوتم: مریـەم ئـەو پرچـەت بـۆ وا لێدەکـەی؟ نـابینی سـەیرمان دەکـەن و پێمان پێدەکەنن! مریەم گریاو گوتی زۆرم برسییە لـە برسـان وادەکـەم! هەر زوو ڕایانپێچاین بۆ زیندانەکەمان منداڵەکەمان بـە ڕووتـی هێنایـەوە بۆ زیندان. بەرلەوەی بچینـە ژووڕەوە، لـەنێو بەرمیلـەکانی زبڵ هەنـدێک جلی دڕاو و کۆنی پۆلیسەکانم دەرهێناو لە مەلۆتکەکـەم وەرپێچـا. دوای چەند ڕۆژێک، چونکە مریەم خواردنی بایی ئەوە نەبوو شیر لـە مـەمکی بگـەڕێ، منداڵەکـە لەبرسـان مـرد. مریـەم وەک شـێتانی بەسـەرهاتبوو دەیگوت: نەرمین تەماشا بکە نەمردووە! تومەز لەبەرچاوی مریەمێ هەر زیندوو بوو! چەند مانگێک بـوو کـەس خـۆی نەشووشـتبوو، زگچـوون و ڕشـانەوە چەند منداڵێکی لێ کوشـتین، گـەورەکان لـەڕو لاوازو بێچـارە ببووین. چەند ڕۆژێک بوو ئاو نەدەهـات، دەیـانگوت بـۆڕی شکاوە. دوو پۆلیس لەگەڵمان هاتن بۆ ئەوەی بچین ئاو بێنین. جۆگایەک قوڕاوی پێدا دەهاتە خوار، بینیمان لەسەرەوە چەند سـەگێک لـە نـاو جۆگاکـە خۆیـان لەو قوڕاوەی وەردەدەن، بۆیـە قوڕاوی بووە. زۆریـان لەبـەر پاڕاینـەوە ڕێگامان بدەن بچین لـە سـەرەوەی سـەگەکان دەبـەو تەنەکەکان پڕ ئـاو بکەین، بەڵام کوا دڵی زاڵم بە پاڕانـەوەو فرمێسـک نـەرم دەبێت! گوتیـان

ئەگەر هەرچی زووە لێرە ئاوەکە نەبەن، دەبێ بێ ئاو بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان! ئاوی گوندەکەی خۆمانم هاتەوە بەرچاو دەتگوت چاوی قرژاڵییە! بە ناچاری لەو قوڕاوەمان هێنا، کە پڕبوو لە تووکی سەگەکان و ڕەنگی تووکیان بەسەر ئاوەکەوە دیاربوو. زۆر لە ژنەکان بە خواردنەوەی ئەو ئاوە، تووشی ڕشانەوە بوون و منداڵێکی سێ ساڵانیش مرد. نزیکەی چوار مانگ، ئێمە لەو دۆزەخەدا، ڕشک و ئەسپێ خەوی لێ حەرام کردبووین... شەوێک، مانگەشەوێکی زۆر ڕووناک بوو، لە کەلێنی لێوی پەنجەرە بەخێوەت داپۆشراوەکەوە، ڕووناکی دەهاتە ژوورێ، گوێمان لە غەڵبەغەڵب و قسەی چەند کەسێک بوو بە کوردی قسەیان دەکردو هاتو هاواریان بوو، تا دەهات دەنگە کوردییەکان لە حەساری زیندانەکەمان نزیک دەبوونەوە. ئێمە لەوە تێگەیشتین ئەو کوردزمانانە زیندانی تازەن. لە نێوەندی حەساڕێ کۆیان کردنەوە، دەمێک بوو ژنێک هاواری دەکرد، بەڵام تێڕاخوڕینی پۆلیسەکان و هەنگامەی خەڵکەکە، دەنگی ئەو ژنەی لەخۆیدا ون دەکرد. بەڵام کاتێک لە ژوورەکەی ئێمە نزیک بوونەوە، ئەو دەنگە دەنگی دایکم بوو، هاواری دەکرد: کچەکەی من لێرەیە، دڵم خەبەری داوە، نەرمینی کچی من لێرەیە! لێم دیار نەبوو، بەڵام هەستم پێدەکرد پۆلسەکان لێی دەدەن بۆ ئەوەی بێدەنگی بکەن. ئەویش دەم لە دەمێ مکوورتر دەبوو: بە خوای بۆنی نەرمینێ دەکەم! بەش بەحاڵی خۆم وامدەزانی خەون دەبینم، هەستم دەکرد دایکم هەرجارەی بۆ لایەک غاری دەدا، منیش کە دڵنیابووم ئەوە ڕاستییەو خەون نییە، بە هەردوو دەستم لە خێوەتی پەنجەرەکەم دەداو هاوارم دەکرد: دایە ئەمن نەرمینم، ئەوەتام لێرە! دایکم بەغار هاتە لای پەنجەرەکە: ئەوەتا کچەکەی خۆمم دۆزییەوە! پۆلیسەکان کە زانیان لێدان چاری ناکات، هەر بۆ ئەوەی بێدەنگی بکەن، دەرگایان بۆ کردەوەو هاتە ژوورێ، خەریکبوو بەسەر منداڵە نووستووەکاندا بکەوێت، بۆیە ئەمن چوومە لای پێشەوە، هەر ئەوەندەم لە بیرماوە کە ئامێزمان لێکدا، وامدەزانی دایکم خەریکی خواردنم بوو.

تووماز هەردووکمان بێهۆش کەوتبووین، ئەگەر ژنەکان بۆیان نەگێڕابایەوە. نەماندەزانی چۆن بەهۆش خۆمان هاتووینەتەوە! ژنەکان دەیانگوت: تا ئەو ڕۆژەی دەمرین، ئەو ئامێز لێکدان و کەوتنەتان لەبیرناچێتەوە! دوایی زانیم دایکمیان لە زیندانێکی دیکەوە لەگەڵ ئەو خەڵکە هێناوە بۆ ئێرە. تاوەکو دایکمیان نەهێنایە لای ئێمە، نەمدەزانی خزم و کەسە نزیکەکانم چییان بەسەرهاتووە! نەمزانیبوو دایکم لەدوای من گیراوە، وامدەزانی بەس ئەمن گیراوم. فاتیمەی براژنم هاوسەری بەهرامی برام بە دوو منداڵەوە، کوێستان و کاروان، دەستگیرکراون و ڕەوانەی زیندانی شاری عەمارە کراون. دایکم، حەسەنی برامی ئەمانەتی ماڵێکی سلێمانی دابوو: ئەو منداڵە لەلای ئێوە بێت، هەر نەبێ با ئەو منداڵەمان بۆ دەربچێت!

ئەسپێ زۆر هەراسانی کردبووین، دروومانی جلەکانمان لەبەر ڕشک سپی دەچۆوە، ئەسپێ بە گوێچکەو دەموچاومانداا هەڵدەگەڕان. کەزییەکانی دایکم، لەنێو خزم و هاوسێکانمان بەناوبانگ بوون، ئەوەندە درێژو ئەستوور بوون، خزمەکانمان هەر بە کەزی زەرد بانگیان دەکرد. ئەویش کەزییەکانی خۆی زۆر خۆشدەویست و خزمەتی دەکردن. ڕۆژی جەژنە بوو، ئێمەیان هێنایە دەرەوە بۆ حەساری زیندانێ. بینیم دایکم لەبەر پۆلیسێک دەپاڕایەوە هەردوو کەزییەکانی لەبنڕا بۆ ببڕن، چونکە ڕشک و ئەسپێ لێی داوە! پۆلیسێک، مقەسێکی گەورەی هێنا، بەڵام هەر چەندی لە کەزییەکانی دایکمی ڕووانی بێزی نەهات بەدەستی بیانگرێ، چاوی بەملاوبەولادا گێڕا، لە بەرمیلی زبڵەکە تاکەگۆرەوێکی دڕاوی پۆلیسەکانی دۆزییەوە. بەگۆرەوییەکە، هەرجارەی کەزێکی دایکمی گرت و لە بنڕا بڕی و فڕێیدایە نێو بەرمیلەکە. چەند لە سیمای دایکم دەڕوانی بەحەسرەتەوە لە کەزییەکانی ڕامابوو، وەک ئەوەی دوو منداڵی بەرمەمکانیان لێفڕاندبێ! تاوەکو لە ژوورێیان کردینەوە، دایکم چاوی هەر لەسەر بەرمیلی زبڵەکە بوو، وەک توحفەیەکی پیرۆز و گرانبای لە دەست دابێ.

*

ماوەی ئەو کاتژمێرەی لە حەساری زیندان دەبووین، بۆ ئێمە وەک گۆڕەشاری ڕۆحمان بدەن، وابوو. منداڵەکانمان بەتامەزرۆییەوە تەماشای دەست و زاری پاسەوانەکانیان دەکرد، لەو کاتەی شتێکیان دەخوارد، دەنووزانەوەو داوایان دەکرد! دووەم ڕۆژی جەژن بوو، بەڵام ئێمە بێخەبەر بووین کە جەژنە، تەنها وەرزەکانمان دەناسی، ئەویش بەهۆی گەرمی و ساردی و ئاوو هەوا. منداڵەکان، چاویان بە هەرچوار دەوری خۆیاندا دەگێڕا بۆ ئەوەی شتێک بدۆزنەوەو بیخەنە زاریان. لەناکاو سەرنجیان کەوتە سەر ئەو تۆپکڵە گوڵەبەڕۆژانەی سەربازەکان فڕێیاندابوون، هەر بە چەنگان دەیانخستە زاریان و دەیانخوارد، سوێرەیان لێدەکرد. لە بیرکردەنی نییە، بەو چاوانەی خۆم بینیم منداڵێک لە دوای هەموویان، دەستی بەو تۆپکڵە گوڵەبەڕۆژانە گەیشت و چەنگی لێدا، یەک لە پۆلیسەکان گورج پۆستاڵەکەی لەسەر پشتی دەستی منداڵەکە داناو سووڕاندی، وەک بیەوێ دەستی بپلیقێنێتەوە، چەرمی پشتی دەستی گروی، ئەو تۆپکڵە گوڵەبەڕۆژانەشی بەو منداڵە زۆر دەبینی. منداڵەکە زیڕاندی و دەستی شل بوو! پۆلیسەکانی دیکە لە قاقای پێکەنینیاندا. منداڵەکە بەگریانەوە تەماشای لەپی دەستەکانی دەکرد، دوو سێ تۆپکڵە گوڵەبەڕۆژەی پێوە نووسا بوو بە زمانی لێی کردەوەو خواردی! منداڵەکان، هەموو دەماغ و خەون و هەستەوەری منداڵانەیان لەلای تۆزەزەوادێک بوو بیخەنە زاریان زگیان تێر بکات! ئای لەو پاسەوانە بێشەرم و دڵڕەقانە،! قەت باوەڕ ناکەم ئەوانە مەخلووقی خودا بن! نازاندرێ ریشاڵ و ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ کێ و لە کوێڕا دابارینەتە سەر ئەم زەمینە! هەر دەڵێی بۆ خۆیان دایک و باوک و منداڵیان نەبێت! بەنێو ئەو هەموو ڕووداوە تۆقێنەرو ترسناکانەدا گوزەرمان دەکرد، هەرگیز ئەو غەدرە لە بنمیچی پڕ لە ئازاری یادەوەریم بەرنابێتە خوارەوە!

چوارەم ڕۆژی جەژن بوو، لەکاتی نوێژکردن حاجی ڕەسوویان دایە

بەرشەقو پۆستاڵ، لە ئانی ڕکوعدا دوو پەراسوویان شکاند. حاجی ڕەسوو، هەرئەوەندەی پێکرا، دەستە لەرزۆکەکانی بەرەو ئاسمان بەرزبکاتەوەو یەخەی خوداوەند ڕابوەشێنێ! هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ ئەو زوڵمە، وەک ئەوەبوو بەرد بێنووی ڕەقی بە لۆکەیەوە بگرێ!

*

سەرەڕای چیرۆکە پڕ ئازارەکانی نەرمینێ، شەو نەبوو بیرەوەرییەکانی عومەری خۆی بە کێڵی شکاوی خەونەکانمەوە هەڵنەواسێ! بە ئومێدی ئەوەی دەرچەیەکی خێرمان بۆ بکرێتەوە، هەمیشە نوێژم بۆ تیرێژی قیبلەی ڕزگاربوون دادەبەست.

لە گێڕانەوەی بەسەرهات و چۆنییەتی گرتنی نەرمینێ و ژیانی زیندانی، لەوە تێگەیشتم عومەری هاوسەرم و سەدان گەنجی کورد، بێ هۆ نییە بە کێوان کەوتینەو یاخیبووینە! بەناچاری، بەرەنگاربوونەوەیان هەڵبژاردووە. بریتی چیرۆکەکانی ناخم، هێندە قوڵ و بەسۆز بوون، بەهیچ ساڕێژ نەدەبوون. منیش کەوتبوومە ژێر تاوێری خەمێکی یەکجار یەکجار قورس، بەوەی چونکە دەمزانی لە دوای مانگێک و چەند ڕۆژێکی دیکە، بەپێچەوانەی هەموو ژنە دوو گیانەکانی دنیا، لەجیاتی ئەوەی منداڵێک بهێنمە دنیا، منداڵێک دەهێنمە دۆزەخ! لەجیاتی چاو بە ڕووناکایی دنیا هەڵبێنێ، چاو بە تاریکایی قوژبنی زیندانێک هەڵدێنێ!

ئاخر ئێمە چ حەرامێکمان خواردووە! پێمان خستۆتە چ زەمەنێکی ناماقوولەوە! هەنگاومان بۆ سەر چ خاکێک ڕاناوە تاپۆی بەناوی ئەوانەوە بێت!؟ ئەم سەرزەمینە کوێیە وا بۆ ئێمە قاچاغو یاساغە پێی لەسەر دابنێین!؟

لەگەڵ زڕەی تۆپەڵە کلیلەکان و شەقەشەقی ئاچەرەکان لە خەیاڵەکانم ڕاچڵەکیم. ترقەترقی ناڵچەی ژێر پۆستاڵی پاسەوانەکان، وەک مۆتەکەی ترسێکی تۆخ ژووڕەکەی داگرت. ئەو ژووڕە لە بێدەنگییەکی سامناک هەڵکێشرا. ئەوەی بەدی دەکرا چاوگەلێکی تۆقیو و سیماگەلێکی سڕ بوو. ئەو منداڵانەی زۆریان لێدان بە دەستی پاسەوانەکانەوە خواردبوو،

خۆیان لە بن باڵی دایکیان دەخزاند، وەک ئەو جووجەڵە مریشکانەی لە ترسی کۆللارە دەچنە بن باڵی دایکیانەوە. ئەو ژووورەی ئێمە بە جۆرێک بێدەنگی دایگرتبوو، وەک ئەوەی زیرۆحی تێدانەبێت! نەرمینیش، سایلی خەڵکەکە بێدەنگ بوو و گێڕانەوەی چیرۆکەکەی ڕاگرت. خێزانێکی کوردیان بە پارەسوو و شەق کردە ژووری و بۆ ئەوەی بۆگەنی ژووڕەکەیان بۆ نەچێ، هەر زوو دەرگایان داخستەوەو ئاچەریاندا.

میوانە نوێیەکان، دایک و ژنێکی پێشمەرگە و سێ منداڵ. دوای چەند پرسیارو وەڵام، دەرکەوت نەرمین و دایکی، ئەو خێزانەیان دەناسی و بۆرەخزمایەتییەکیشیان هەبوو. پیرەژنەکە گوتی: بەهمەنی کوڕتان ئەوە چەند مانگێکە دەستگیرکراوەو ڕەوانەی بەسرایێ کراوە، هیچکەس سەرو سۆراخی نازانێ و بێ سەروشوێنە.

نەرمین بەدڵی پڕو ئەوکی بەگریانەوە گوتی: دەمزانی چیرۆکی ئێمە کۆتاییەکەی دیارنییەو زۆری دیکەی بەدوایدا دێت، دەبێ خاڵێک دانێم و بچمەوە سەری دێڕ!

چیرۆکی نەرمینێ گەیشتە ئەو شوێنەی، خێزانێکی هەشت کەسی بوون و بوون بە ئاردی نێو دڕوێ! نەرمین و دایکی لە زیندانی سەماوە، بەهمەن لە زیندانی بەسرایێ، بەهرام کەس نازانێ ماوە یان شەهید بووە، فاتیمەی هاوسەری بەهرامی بە دوو منداڵەوە، لە زیندانی عەمارە، حەسەنی برا بچووکیان ئەمانەتی مااڵێک درابوو لە سلێمانی و کەس هەوالی مانونەمانی نەدەزانی!... چیرۆکی ژنەکانی دیکە لە چیرۆکی نەرمینێ کەمتر نەبوون، بەڵام چونکە نەرمین خوێندەوار بوو، چیرۆکەکانی بەوردی دەگێڕایەوەو هەمووی لەبەربوو. وەک ڕۆشنبیرو قسەزان قسەی دەکرد: سەبری گیان ژیانی هەریەک لە ئێمە، لە ڕۆمانێکی هەزار لاپەڕەییدا جێی نابێتەوە، حیکایەتێکی درێژی تاڵە، پێویستە بنووسرێتەوە. ئەو ڕۆژە ڕەشانە نابێ ون ببن! هەرگەلێک لە گێڕانەوەو نووسینەوەی خۆیدا کۆڵەوار بوو، هەمیشە جەللاد دەبێتە پێشەواو دەمڕاستی! بۆیە، بەڵێن بێ، بەس لەو ڕێگای هاتونەهاتە

ڕزگـارم ببـێ، وەک بەجێهێنـانی فەرزێکـی سەرشـانم، یادەوەرییەکـانی هەمـوو ئەو تـاڵاوەی چەشـتوومانە و بینیومـانە، پیت پیت بینووسـمەوە. کتێبێکـی قەبە سـەبارەت بە وێرانکرنـی ژیـان و کەسـایەتیی خەڵکەکەی خۆم، ئامادە دەکەم، ناوی دەنێم (ئازارنامەی هەڵتەکانی خێزانـی کورد)، هـەردوو کەزییـەبڕاوەکـانی دایکیشـم دەکـەم بـە نیشـانەو وێنـەی سـەر بەرگی کتێبەکە، مەگەر ئەو خوایە بزانێ چ ئـازارو چ غـەدرێکم لـە کۆڵی خـەیاڵم شـەتەک داوە! ئـەتۆ بڵێـی لـە دوای ئێمـە کەسـێک هـەبێت فریـای نووسینەوەی ئەو هەموو هەڵوەرینە بکـەوێت؟! مـن تـەنها لـەوە دەترسـم ئەژدیهای مەرگ و فەنابوون هەڵمانلوشێت و، فریـای یاداشـتکردنی ئەو حیکـایەتە پـڕ لە کارەسـات و مەرگبـارانە نەکەوێـن و، پێـڕانەگەین بیاننووسینەوە!

*

بـەیانیی ڕۆژێکـی بـەهار، لـە درزی لێـوی پەنجەرەکـەو بـن دەرگاکـە، هەستم دەکرد سیوادی داوە. دەنگی چۆلەکەو کوکوختیەکانیش ئاماژەی بەیانییـەکی نـوێ بـوون. چـاوێکم بـە هاوزیندانیەکانـدا خشـاند، لـە بـەینی خەو و بێداریدا خۆیان هەڵدەکڕاند، وەک کرم لێیدابن، ڕشـک و ئەسـپێ هەموومانی وێران کردبوو!!

بروووسکێک بـە چەشـنی ئـاگر بە دەمارەکانمـدا گەڕا. ئـەمڕۆ بەربـەیان لەگـەڵ ئـەنگوتنی سـروە، داخـی دڵـم چەنـد داخـی دیـکەی وەک کێـوی هاتنەسەر. ئاخر ئەگەر کڵۆڵی و بەدبـەختی مـن نـەبێت، ئێـرە کـە شـوێنی مردنـە، چـۆن بـۆ لـەدایکبوون دەبێـت! هەسـتم کـرد ئـەو ڕۆژەی لێـی دەترسـام، بەپەلـەو بـەهـەرەداوان هـات. دەمێـک بـوو لـەو ڕۆژە ڕەشـە دەترسـام، سـەرەنجام تووشـی بـووم! ژانـی هاتنـە دۆزەخ هەر دەبـێ پڕ ئازارتر بێت لە هاتنەدنیا. هـەردوو دەسـتم لـەنێو دەسـتی نـەرمینێ بـوو. نەرمین بۆ من خوشکە، دایکە، مامانە، فریشتەی نەجاتە. دوای ئـازارێکی زۆر، کە مردنم بەو چاوانـەی خـۆم دیت. لـە بـەینی بێهۆشـی و بێداری، نەرمین گوتی: سەبری گیان کچێکی جوانت بوو، دەسـتی ڕاسـتی شـەش

پەنجەی هەیە. گوتم: ئەوەتا لە باخەڵم لینگەپانتۆرێکی کۆنی سەربازیم بۆ ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ هەڵگرتووە، کچەکەم بۆ بخە نێو ئەو لینگەپانتۆرە، چاک دەزانم ئەو منداڵانەی لێرە چاویان بە دۆزەخ هەڵدێنن، ئەگەر بیانزانیبوایەو لە دەستە خۆیاندابوایە، هەرگیز پێیان نەدەنایە بن ئەو خێوەتە شڕەی کە ناوی ژیانە!

ئەمن هەر ئەوەندەم دەزانی کە وەرزی بەهارە، نەمدەزانی مانگی چەندەو چەندی مانگێیەو چ ڕۆژێکی هەفتەیە. کاتێک پۆلیس و ئەمنەکان زانیبوویان لە ژووری ئێمە کچێک لە دایکبووە، گوتیان: ئەمڕۆ حەوتی نیسانەو یادی دامەزراندنی حیزبی بەعسی قائیدە، دەبێت ئەو کچە ناو بنێن (نیسان)! بەڵام ئەمن بەڵێنم بە عومەری دابوو ئەگەر کچمان ببێت ناوی دەنێم (کنێر)، بە یادی ڕۆژی لوتکەی لیقامان لەنێو کوریکە زەردەو کنێرو حاجیلان، لەسەر حاجیلەو گیاکنێرو بە شاهیدی ئەوان، پاکیزەیی خۆم لە قەبەر عومەری کرد. وەک وەفاداری ئەو بەڵێنەی بە عومەرم دابوو، ناوی دەنێم کنێر. ژنەکان لە دەورم جۆخینەیان بەستبوو، دەست لەئەژنۆ بۆ لەدایکبوونی ئەو کچە دەگریان و بەدیار شکۆی شکاوی مرۆڤەکانەوە دۆشدامابوون! تاکو ئێستا، لە هەردوو ئەژنۆی خۆم زیاتر شتێکی دیکەم شک نەدەبرد باوەشیان تێوەرێنم، بەڵام ئەوەتا ئێستا لە قوولایی ڕۆحمدا، لە پانتایی دەروونمدا کنێرێک هەیە بۆ باوەشم! بۆ ئومێدی بەزیندوومانەوەم. گزنگی هیوا سەر لەنوێ لە ئاسمانی ژیانم ئەنگووت! لەوە گەیشتم هیچ میرغەزەبێکی سەربڕ، چەندی درندەو خوێنڕێژیش بێت، ناتوانێ لە دایکبوون ماتەڵ بکات! لەگەڵ فرچکدان، بە گوێمدا چرپاند: کنێر گیان، ئازیزی دایەو بابە! دڵۆپ دڵۆپ ژیان دەڕژێنمە ڕۆحتەوە، هەتا نەتخەمە ئامێزی عومەری ناهێڵم چیت بەسەربێت، دەتپاریزم کۆرپەی ئازیزم!

لەو شوێنە کە نازانم چ ناوێکی لێبنێم، ژیان ڕووت بوو لە هەموو مانایەک، تەمەننای مەرگی خۆمان دەکرد... نەرمین گوتی: لە بەهاری تەمەنمدا جامی زەینم لێورێژە لە خوێنی پاکژی بەرائەت. بالّی

پەپوولەئاسای پێکەنینی منداڵەکانیان سووتاندین، گریانیان تێدا موتربەکرد، زەردەخەنە بەستویەتی، بەهارمان وەرزی شەختەیە، تیشک و تیرێژی ڕووناکی لەو مەملەکەتە، قاچاخە! ئازارەکان بوونەتە کوورەی ئاگرێکی بێئامان هەموو شتێک لرف دەکات. کەس نازانێ ئەوانە وەچەی چ نەسلێکی ئەهریمەنین، لە چ هەورێکی دۆزەخەوە دابارێوون، دیاریش نییە ئاخۆ کەنگێ نەزیفی ئەو ڕەجمە ڕاگرن .!!

١٢

کەلەکەلی هاوینێکی یەکجار گەرم بوو، تەنها سێبەرەکان دەیانزانی گەرمایەکی چەندە تاقەتپڕووکێنە، تا چاو هەتەردەکات ئەو دەشتە کاکی بەکاکییە وەک گڕی سەر تەندوور هەڵدەچێ. شوێنە دوورەکان وەک سەراب مێرووڵەی دەکەن. مێگەڵەمەڕەکان مۆڵ بوون، کۆڕیان بەستووە، هەریەکەیان سەری لەبن دوونگی ئەو مەڕەی پێشەخۆی ناوە بۆئەوەی تیشکی گەرمی خۆر لە سەرو گوێلاکی نەدا، هەناسەیان بە خێرایی لێدەدات دەڵێی هەناوەکوتەیانە!

سەگەکان زمانیان بستێک دەرهێناوەو لە شوێنێکی تەڕو شێدار دەگەڕێن لەسەری وەربکەون. شوانەکان، سەر ڕوومەتیان هەتاوگاز بووە، کەفی سپییان بە لالێویەوە مەییوە. دەموچاو و لێوی بزنە مسەکان سووڕناتک بردوویەتی. حاجی عەولا خەریکی دەستنوێژ شووشتن بوو، ئاو لە چەناگەو هەردوو ئانیشک و قۆڵ و باسکە مواوییەکانی دەچۆڕایەوە، هەمیشە بە ئاهونزاوە لە بەرخودای خۆی دەپاڕایەوەو دەیگوت: یارەبی خودایە لە قەزاو بەڵای دنیایێ بمانپارێزی! لێ بەداخەوە، ئەو هەموو دووعاو نزا کەسکو سۆرە، لە سیلەی خانووەکەی تێنەپەڕی!

*

عومەر، تا چالاکی پێشمەرگانەی زیاتر دەبوو، بە هەمان ئەندازەو بگرە زیاتریش، ئەزیەتدان و بانگکردنەکانی حاجی عەولای لەلایەن دایەرەی ئەمنەوە، زیادی دەکرد. لە بەدبەختی حاجی عەولای، باس هەر باسی چالاکی و دەستوەشێنی عومەری بوو لە پیاوەکانی ڕژێم، ئەوەش

باری حاجی عەولای گران و گرانتر دەکرد. عومەر پێ بە پێ پلەی پێشمەرگایەتی سەردەکەوت و برادەرو ناسیاوەکانی پەیوەندییان پێوە دەکرد، یەک لەوانە عەزەخرەی هاوڕێی بوو، کە هەمیشە جێی متمانە بوو بۆ عومەری و بەردەوام پێکەوە بوون. زۆرجار لایەنەکانی دیکە چالاکییان ئەنجامدەداو دەستیان لە پیاوەکانی بەعس دەوەشاند، بێئەوەی عومەر هیچ نەخشێکی لەو چالاکییەدا هەبێت، یان ئاگاداریش بێت، خەڵکی سنوورەکە دەیانگوت: دیسان عومەری حاجی عەولایە! بەو هۆیەوە، هەرڕۆژێک چالاکی لە ناوچەکە بکرایە، ئەو ڕۆژە مااڵی حاجی عەولای بە گەورەو بچووکەوە لە ترسو دڵەڕاوکێدا دەبوون و چاوەڕوانی ئازاردانیان دەکرد!

بەردەوام چاویان لە دەرگا بوو، ئاخۆ کەنگێ ئەمنەکان بە دواياندا بێن، یان موختار پارچەکاغەزە نەفرەتییەکەیان بۆ بێنێ! حاجی عەولا، هەرپارچەکاغەزێکیان بدابایە دەستی، بەرلەوەی بۆی بخوێنێنەوە، هەر لەخۆیەوە دەیگوت یاڵڵا خێرا! دیسان ڕائید منعم بانگی کردووم! زۆربەی جارەکان مەزەندەکەی ڕاست دەردەچوو، بۆیە ئەمجارەش، ئەوڕۆژە کە لە پەنای دیواری مزگەوتێ لە گەرمان خۆیان دابووە بەرسێبەرێ، موختار کاغەزێکی دایەدەستی، ئەویش بێئەوەی بە کەسێک بڵێ بۆم بخوێنێنەوە وەک گرنگی پێنەدان و بەهیچ نەزانینی موختاری، خستیە گیرفانی کورتەکە مرادخانییەکەی، وەک ئەوەبوو خوێندبێتەوەو بزانێ چی تێدایە! مەلای گوندی ڕووی تێکرد: بۆ وەک جارەکانی پێشوو نەتگوت بۆم بخوێنەوە؟ حاجی عەولا گوتی: وەختێک باش دەزانم چی تێدا نووسراوە، پێویست بە خوێندنەوە ناکات! مەلا گوتی: ئەی ئەگەر شتێکی دیکەی بەدەر لە مەزەندەی تۆ بوو؟ حاجی گوتی: کاغەز بێ و موختار بۆمی بێنێ، لە داواو بانگکردنی دائیرەی ئەمن زیاتر دەبێ چی بێت، قابیلە تراکتۆرم بۆ دەرچووبێت! بەدەم ئەو قسانەوە دەستی لە گیرفانی ڕۆکرد کاغەزەکەی دەرهێناو دایەدەستی مەلای. بەرلەوەی مەلا بۆی بخوێنێتەوە، گوتی: مامۆستا تەنها کاتی بانگکردنەکە نازانم دەنا

دەزانم ڕائید منعم داوای کردووم لە دائیرەی ئەمن ئامادە بم! مامۆستا کاتێک خوێندیەوە گوتی: دەک مالّت بە قوڕ نەگیرێ! بەڕاستی چاک لە فیتووی خۆت گەیشتووی! ڕاستییان گوتووە: فەلاح کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە!

لە ناخی حاجی عەولایدا، دوو کەسایەتی دروست ببوو، یەکیان وەک پیاوێکی بێمنەت و پەرێزپاگژو نەترس لە بەرامبەر خۆفرۆش و خائینێکی وەک موختاری، ئەوەی دیکەیان غایەلەو ترسو دڵەڕاوکێی ناخی خۆی لە بەرامبەر خوێنڕێژێکی وەکو ڕائید منعمی. ئەوشەوە خەو میوانی چاوەکانی نەبوو، لەگەڵ خۆیدا دەدواو هەموو ئەگەرەکانی دەهێنا پێش.چاوی خۆی، دەبێ ڕائید منعم ئەوجارە چیم لێبپرسێ و چ سووکایەتییەکم پێبکات؟ نا نا، خۆ ئەوە داوەتی سەر شایی نییە ئەوە دائیرەی ئەمنە ئەمن! جێی کەوڵکردنی کوردانە، کێ دەڵێ هەر شوێنبزرم ناکەن، خۆ کەس پێ نازانێ! قیروسیا لەو کاوڕەش بەیانی بەرلەوەی بچمە دائیرەی ئەمن، ئەو کاوڕەش بۆ مەلا عەزیزی سەرۆکجاش دەبەم، هەرچەندە دەڵێن ئەو، زیاتر لەگەڵ هەواڵگری سەربازی پەیوەندی هەیە، نازانم... تێماوم، هەندێک دەڵێن مالّی ڕەشیدئاغای لە دائیرەی ئەمن نزیکترن، ئەوە نییە ئەو ڕۆژە جاشە خزمەتکارەکەیان دەیگوت: ڕەشیدئاغا شەڕەجنێوی لەگەڵ مودیر ئەمنی هەیە! لە خۆم ناترسێم، ئەوەی قەڵەمی دەستوپێی شکاندووم دەترسم بەدەردی وەستا تایەری تەنەکەچیم ببەن، لەدوای چەند شەو و ڕۆژ ئەشکەنجە، هیچی نەگوتبوو تاوەکو ژن و کچەکەیان هێنابوو لەبەر چاوی خۆی، سواریان ببوون و ئیدی چۆکیان پێ دادابوو! ئاخر ناهەقی نەبوو، کاتێک ژیان کەرامەتی تێدانەما، تەنها مردنە پەنای بۆ بەری و ئەویش دەست بە ڕووتەوە نانێ و لەدەست ژیان ڕزگارت دەکات!

بۆ بەیانیەکەیش، هەر لە گوندیڕا تا گەیشتە دائیرەی ئەمن، لە گێژەنی خەیاڵەکانیدا سەری گێژی دەخواردو ئەگەرەکانی ئەو بانگکردنەی تێکدەخستن و پێکدەگرتن.

ڕائید منعم: لە گوندی خەبەر چییەو خەڵک باسی چی دەکەن؟

حاجی عەولا: گوندەکەمان کشوماتەو هەمیشە باسی بڕشتی گەنم و مەڕداری و زەخیرەکردنی تفاقی زستانێ دەکەن.

رائید منعم: ئایا موخەڕیب دێنە گوندی و میوانی کێ دەبن؟

حاجی عەولا: بەهۆی ئەوەی موختارو چەند کەسێکی دیکە لە گوندی جەیشی شەعبی چەکداری حکومەتن، پێشمەرگە ناتوانن بێنە گوندی ئێمە.

رائید منعم: دەنگوباسی عومەری کوڕت چییە؟ کەی بینیوتە؟

حاجی عەولا وەک تایبەتمەندی زگماکی خۆی، بەوپەڕی خاکەڕایی و ڕاستگۆیی و سادەیی خۆی گوتی: باوەڕم پێبکە هەواڵی عومەری کوڕم لە خەڵک دەزانم، لەوەتای ڕۆیشتۆتەوە بۆ سەربازی چاوم پێی نەکەوتۆتەوە!

ڕائید منعم: ئێمە پێ بەپێ خەبەری دەزانین و دەزانین چ جۆرە پێڵاوێک لە پێ دەکات و دەچێتە کوێ و بە نیازی چییەو چەند کەسن، دەستی بۆ دۆڵابەکەی بەردەمی درێژکرد، وێنەی تازە شۆراوەی پێشمەرگەکانی دەرهێنا، بانگی بەردەستەکەی خۆی کرد، ئەویش هاتە ژووروێ: بەڵێ گەورەم! ڕائید منعم وێنەکانی دایەدەستی و گوتی ئەم وێنانە بدە بە کاکە! حاجی عەولا هەر زوو عومەری کوڕی و عەزەخڕەو چەند کەسێکی دیکەی ناسییەوە.

رائید منعم: چەند کەست تێدا ناسییەوە؟

حاجی عەولا: تەنها عومەری کوڕمم تێدا ناسییەوە.

حاجی عەولاو کەسوکاری ئەو پێشمەرگانە، هێشتا ئەو وێنانەیان نەبینیبوو، کەچی گەیشتبوونە دەستی ئەمن! ئەویش، بەهۆی ئەو وێنەگرەوە بووە کە فیلمەکەی شووشتبووەوە، کە باوەڕپێکراوی دەزگا هەواڵگرییەکان بوو. بەرلەوەی وێنەکان بۆ خاوەنەکانیان بنێرێتەوە، لە هەروێنەی دانەیەکی بۆ دائیرەی ئەمن شوشتبووەوەو ڕادەستی کردبوون. حاجی عەولا لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئاخیرمان خێر بێت!

وامـان لێهـاتووه له دائیـرەی ئەمـن سـۆراغی منداڵـەکانمان بـزانین! ئـای خیانەت! چۆن خوێن و ویژدانی مرۆڤەکان ئـالوودە دەکـات! دڵـم تاقـەتـی ژماردنی ئازارەکـانی نـەماوە! خـودایە گیان! کـەفارەتی چ گوناهێک منی گەیاندۆتـە ئێـرە؟! لـەناکاو ڕائیـد مـنعم گـوتی: هـا کاکـە بیـر لـە چـی دەکەیـــەوە؟ ئـــەوە دواجـــارە ئاگـــادارت دەکەمـــەوە، فـــەرمانی گرتنـــی هەموو تانم بۆ هاتووە، من لـەلای خـۆم ڕامگرتـووە. دوا دەرفەتـە، ئەگـەر دەتەوێت ڕێگری لە دەستگیرکردنی خۆت و خێزانەکەت بکەیت، هـەرچی زووە دەبێت بچیت عومەری کوڕت بێنیەوە، لەوە زیاتر هـیچ چـارەیەکی دیکەت نیە، دە بڕۆ بزانم چی دەکەی؟

*

عومەر، لەدوای دەستگیرکردنی سەبری، بەجارێک ئاگری گرتبوو، لـە هـیچ مەترسـی و گیانبازییـەک نەدەپرینگایـەوە. بـۆ ئـازادکردنی سـەبری، بیـری لە هەمـــوو شـــتێک و لە هەمـــوو ڕێگـــایەک دەکـــردەوە. پـــاش هێنانوبردنی هەموو بیرۆکەکان، ئەوەی پەسەندی کردبوو، لە نێو شاری هەولێر یـەک لـە پیاوەکانی بـەعس بڕفێنێ، وەک بارمتـە بـۆ ئـازادکردنی سەبری. بۆ ئەو مەبەستە یەک لـە پێشمەرگە هـەرەئازاکانی دەستەکەی خۆی دیاریکرد، ئەویش عەزەخرەی عەدەد (بی کەی سی) بـوو. عـەزە، لـەنێو ڕووداوە جەرگبڕەکانـدا قـاڵ ببـۆوە، زۆر منـەتی بـە ژیـان نـەبوو. نیوەڕۆی ڕۆژێکی زۆر گەرمی هاوینێ بوو، خەڵکی شاری هەموو لەبەر فێنککـــەرەوە لـــە ژووورەکانیانـــدا بـــوون. خۆیـــان بـــە مـــاڵی یـــەک لـــە باوەڕپێکراوەکانیاندا کرد. عومـەر لـە دوای یـەکتر لـە ئـامێزگرتن گـوتی: هـەر ئێستا جلوبـەرگی دوو کرێکاری گەچکاریم دەوێ. ژنی ماڵەکـە هـەر زوو جلوبـــەرگی گـــەچکاری شـــوبراکانی بـــۆ هێنـــا. خۆیـــان گـــۆڕی و وەدەرکـەوتن. جلـەکانیان بـەجۆرێک گەچـاوی ببـوو، کـەس نەیدەویست لێیان نزیک بێتەوە. دوو دەمانچەیان لە باخەڵیان حەشاردابوو، گەیشتنە نێـو بـازاڕی. شـــەقامەکان بـــەهۆی گـــەرمای زۆرەوە، تـــا ئەندازەیـــەک چۆلییـان پێـوە دیـاربوو، ئـەوەش بـۆ خـۆی شـتێکی بـاش بـوو. عومـەر

گوتی: بەر لە هەرشت با بڕۆین نان و کەبابێکی گەرم بخۆین. خۆیان بە کەبابخانەیەکدا کرد، لە مێزێکی لاچەپ بەرامبەری یەکتری دانیشتن بۆ ئەوەی هەر یەکەیان چاودێری پشتەوەی هاوڕێکەی بکات، نەبادا بیانناسن و غافڵگیریان بکەن. تا نانیان بۆ هات، بەیادی ئەو ڕۆژانەی وێنە هەڵواسراوەکانی سەدامیان دەژمارد، تەماشای دیوارەکانی کەبابخانەکەیان دەکرد. عومەرو عەزەخرە دووەم بابۆڵە کەبابیان بەدەستەوەبوو، کاتێک ڕائید منعم لەگەڵ ئەمنێکی دیکە دەرگای کەبابخانەکەیان تاریک کردو هاتنە ژوورەوە، لەلای مێزی پارە وەرگرتن هەڵوێستەیەکیان کرد وەک چاوەڕوانی خەڵکێکی دیکە بن، چونکە چاویان لەسەر دەرەوە بوو. دروست لەو کاتە هەستیارە عومەر بە عەزەی گوت: ڕائید منعم دەرگای لێگرتووین! شتێکم کەوتۆتە چاوی بزانە چییە بۆم دەربێنە! عەزەخرە لە مەبەستی عومەری حاڵی بوو، سەری خۆی هێندە لە سەری عومەری نزیک کردەوەو بە دەستی چاوی لێک کردەوە گوایا شتی لە چاوی دەردێنێ، هێندە لێک نزیک بوون هەناسەیان تێکهەڵدەنگوت، عومەر بە ئەسپایی گوتی: دڵنیام ناپاکێک خیانەتی لێکردووین و هەواڵی لێداوین، مەشڵەژێ، هەرکات ڕائید منعمم دایە بەر گوللان، ئەتۆش ئەوەی لەگەڵیدایە بکوژە.

ڕائید منعم، هەستی بە هەنگامەیەک کردبوو لە کۆڵانێ، لە دەرەوە سەروسیمای هێزە ئەمنیەکان بەدیارکەوتن، دەستیان لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان بوو. تێکدەڕژان و ڕاکەڕاکیان بوو، وەک بۆ گرتن یان کوشتنی چەند کەسێکی دەستوەشێن و مەترسیدار هاتبن. موشتەریەکان، دەستیان لە نانخواردن ڕەق بوو، لە چاوەڕوانی قەومانی کارەساتێکدا ئەبڵەق ببوون. ئەوانە هەموو هیچ گومانێکیان بۆ عومەرو عەزەخرەی نەهێشتبووەوە. هەناسەکان بۆنی خوێنیان لێدەهات! هەرچەندە ئازایەتی و جوامێری خۆیان لە دەست نەدابوو، ترسێک چۆکی لەسەر سینگی ئەو نێوە دانابوو. عومەر، دیقەتەکانی لەسەر جوولەی ڕائید منعمی چڕکردبووەوە. ڕائید منعمیش گوێچکەو هەستی

دابوە ئەو هەنگامەی لە پشتەخۆیەوە کۆڵانەکەی سیخناخ کردبوو.

یەک لە شاگردەکانی کەبابخانەکە لەنێو پۆلیس و چەکدارەکانی حکومەت گەڕایەوە ژووری، لەنێوەڕاستی کەبابخانەکە، بۆ دڵنیاکردنی میوانەکان بە تایبەتی ڕائید منعم گوتی: هیچ ڕووداوێکی گرنگ ڕووینەداوە، خۆتان لە نانخواردن مەکەن! ئەوە حەسەن پەنجاو پێنجە، شووشەی جامخانەی ئەو دووکانانەی شکاندووە، دیسان لە بازاڕی کردوویەتییە فەرتەنە!

حەسەن پەنجاو پێنج، لەو کاتەی لە گوندەکەی خۆیان هاتبووە هەولێرێ، گەڕەکی تەیراوەی هەڵبژارد بوو. بە ماوەیەکی کەم هەموو دانیشتوانی تەیراوەی بە ژن و پیاو و منداڵەوە دەیانناسی. پاشناوی پەنجاوپێنجی لەوەوە پێهەڵواسرابوو، چونکە دووچاوی خڕو سەوزی وەک ژمارە (٥٥)ی پێوەبوو. بۆیە، بە بیستنی پاشناوی پەنجاو پێنج، هارو شێت دەبوو، ئەو نێوەی بەردباران دەکرد. ڕۆژانە، بەدوای بەردی ڕەقتردا دەگەڕا، گیرفانەکانی هەمیشە پڕ بەرد بوون. ئەو ڕۆژە حەسەن پەنجاو پێنج هاتبووە بازاڕی، منداڵەکانیش بانگیان کردبوو: حەسەن پەنجاو پێنج! حەسەن پەنجاو پێنج! ئەویش وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی، شووشەی جامخانەی دوکانەکانی دابووە بەر بەردان و هەمووی شکاندبوون. ئەو نێوە پڕبوو لە پارچە شووشەی شکاو. ئەو ڕۆژە بەدەر لە جارەکانی پێشوو، تووڕەبوونەکەی لە ڕادەبەدەر بوو، کەس لە خۆی ڕانەدیوە هێوری بکاتەوە، بۆیە دووکاندارەکان بۆ ئەوەی شووشەکانی ئەوانیش نەشکێنێ، ناچار بوون هێزە ئەمنییەکان ئاگاداربکەنەوە. ئیدی، ڕائید منعم دڵنیابوو لە هۆکاری هاتنی ئەو هێزە ئەمنیە بۆ گوزەرەکە. بەڵام عومەرو عەزە لە دڵیان یەقینە ڕائید منعم بۆ ئەوان هاتووە، چونکە یەکسەر چاو دەدەنە ئەو مێزەی عومەر و عەزە لەسەری دانیشتوون. عومەر چەنگاڵەکەی بەردەداتەوەو بەبیانووی هەڵگرتنەوەی چەنگاڵەکەی سەری خۆی نەوی و لار دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەستی بگاتە چەنگاڵەکەی و هەڵیبگرێتەوە، دەستی ڕاستیشی

لەنێو باخەڵی لەسەر دەسکی دەمانچەکەیەتی ئامادە بۆ هەڵگیرشان و تەقاندن ڕوو لە کەللەی ڕائید منعمی. عومەرو عەزەخرە، چرکەساتە هەستیارەکانیان بەر لە تەقاندنی یەکەم فیشەکیان، بەرێدەکرد. هەردوو هەنگاویان دەمێنێ بگەنە لای عومەرو عەزەخرەی، چاوی بەو هەموو جلوبەرگە گەچاوییە دەکەوێت، لێیان دوور دەکەوێتەوە، نەبادا جلەکانی پیس بێت. یەک لە شاگردەکان وەک فریشتەی نەجات بە ڕائید منعم دەڵێ: فەرموو بۆ سەر ئەو مێزەی دەستەڕاست چۆڵەو لاچەپەو ئەوێ فێنکترە! عومەرو عەزەخرە لە نانخواردن تەواو دەبن، بەڵام چ نانخواردنێک! عومەر دەست لە گیرفانی دەنێ و پارەی دەردێنێ، لە لای مێزی پارە وەرگرەکە لەسەرخۆ بە پارە وەرگرەکە دەڵێ: نامەوێ ڕائید منعم ئاگاداربێت، پارەی خواردنی ئەوانیش بگێڕەوە، پارە وەرگر دەڵێ: ئەگەر پرسیاری کرد بڵێم کێ پارەکەی ئێوەی داوە؟ عومەریش دەڵێ پێی بڵێ: عومەری حاجی عەولای حاجەتان پارەی ئێوەی داوە، ئەو بۆ خۆی باش دەمناسێ! خاوەنی چێشتخانەکە زمانی خۆی گەست، چونکە زۆری ئەو ناوە بیستووە، بەڵام خۆی لە گێلیدا، وەک ئەوەی ئەو ناوەی هەر نەبیستبێت. ئەوەی عومەر دەیکرد، نزیکبوونەوە بوو لە سنوورەکانی ئەفسانە! دوای ئەوەی ڕائید منعم و ئەمنەکەی لەگەڵیدابوو، لە نانخواردن و چایەخواردنەوە تەواو دەبن، هەڵدەستن دەیانەوێ پارەی نانخواردنەکە بدەن، خاوەن کەبابخانەکە دەڵێ: گەورەم پارەی خواردنی ئێوە دراوە. ڕائید منعم چونکە کەسی ناسیاوی لەوێ نەبینیبوو، بەسەرسووڕمانەوە دەڵێ: کێ پارەی خواردنی ئێمەی داوە؟ پارە وەرگر دەڵێ: عومەری حاجی عەولای حاجەتان! ڕائید منعم واقی وڕدەمێنێ و چاوەکانی تا ئاستی دەرپەڕین زەق دەبنەوە، شەقازلەیەک لە بناگوێی پارەوەرگر دەداو دەمانچەکەی هەڵدەکێشێ و بە سەریدا دەنەڕێنێ: چی بەسەرهات؟ بۆ کوێ ڕۆیی؟ چی لەبەر بوو؟ کێی لەگەڵ بوو؟ لە کەیەوە لێرە بوو؟ چەندەمین جارە بێتە ئێرە؟ لەوەپێش دەتناسی؟ چەکیان پێبوو؟ قسەکانی تیکەڵوپێکەڵ بوون، لە دۆخێکی

شڵەژاودا بوو، لەسەر وەڵامی پرسیارەکانی ڕانەدەوەستا، بەجۆرێک پرسیارکوتی کرد سەری لێ شێواند! تەلەفۆنی سەر مێزی پارەوەرگرتنەکەی هەڵگرت، دەسکی تەلەفۆنەکەی بە گوێی چەپییەوەناو بە دەستی ڕاستی ئەو ژمارانەی دەیویستن لێیدان. دوای چەند جار چەرخەلەو سووڕاندنی ژمارەکان، داوای هێزی ئەمنی کرد بە زمانێکی شکاو و ڕەنگیکی پەڕیوەوە خۆش خۆش لەسەریەک دەیگوت موخەڕیب! موخەڕیب! لەگەڵ دانانەوەی دەسکی تەلەفۆنەکەی لە پارەوەرگرەکەی پرسییەوە چی لەبەربوو؟ ئەویش گوتی دوو کەس بوون جلوبەرگی گەچکارییان لەبەردا بوو.

*

عومەرو عەزەخرە، بەچاپووکی تێزمالێکیان دایێ و خۆیان دزییەوە، بەپەلە خۆیان گەیاندە سەر شەقامە گشتییەکە. هاڵاوی گەرمی قیڕی شەقامەکەیان بۆ دەمو چاوی دەهات. هەوڵیان دا هەرچی زووە بەر لەوەی ڕائید منعم لە نانخواردنەکەی تەواوبێت و بزانێ مردن لە بناگوێی گەڕاوەتەوە، ئەو شوێنە بەجێ بێڵن.

بەو جلوبەرگە گەچاویانەیانەوە، دەستیان بۆ هەر تاکسییەک ڕاگرت، هێواشیان دەکردەوە بە نیازی ئەوەی بۆیان ڕاگرن و سواریان بکەن، بەڵام کاتێک لێیان نزیک دەبوونەوە لە بەرگ و سەرو فەسالێ گەچاوییان دەڕوانین، پێیان بە بەنزینیەوە دەناو جێیاندەهێشتن و لەبەرخۆیانەوە دەیانگوت: بەو کرێیەی دەماندەنێ کوشنەکانی پێ پاک نابێتەوە! ئەوانیش کێچ کەوتبووە کەوڵیان و کات لە بەرژەوەندیاندا نەبوو. جار لەدوای جار بە ئاماژەی بەپەلەبوون لە ڕێڕەوی ئوتۆمبێلەکان نزیکتر دەکەوتنەوەو بەداکوتانی دەستیان سەرنجی ئۆفیرەکانیان بۆ خۆیان ڕادەکێشا. دەیانزانی ئەگەر ڕائید منعم بزانێ ومەری حاجی عەولای لە بناگوێیەتی، چۆن ئەو شارەی هەڵدەگێڕێتەوە! لە کۆتاییدا تاکسییەکی زۆر کۆن هێوری کردەوە. ئاملخو بۆنیتی دەلەرزییەوەو دووکەڵێکی شینی لە دوای خۆی

جێدەهێشت، دیاربوو ئەو، دەستبەرداری شەقامەکان ببوو، بەڵام خاوەنەکەی دەستبەرداری نەدەبوو و دەستی لە سوکانی نەدەکردەوە! دوای چەند جار پەلەکوتەی شۆفێرە پیرەکە لەسەر ڕاگری تاکسییەکە، بە هەزار ناری عەلی چەند مەترێک لێیان دوورکەوتەوە ئەوجا بۆی ڕاگیرا، ئەوانیش بەدوایدا غاریان دەدا بە نیازی ئەوەی پێیان لە عەرزی ببێتەوەو چیتر لەسەر ئەو شەقامە گشتییە گیر نەبن. هەر خێرا دەرگای تەکسییەکەیان کردەوەو سوار بوون. هەرچەندە نێو تاکسییەکەی زۆر لە هاڵاوو گەرمی شەقامەکە گەرمتر بوو، بەڵام بۆ ئەو چرکە هەستیارەی ئەوان، فێنکایی کوێستانی دەدا! شۆفێرە پیرەکە زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی ڕەشو شینی بە هەموو ئازای بەدەنیدا دەچۆڕایەوە، دەتگوت لەسەر بەردەزاوای[1] نێوقەدی حەمامێ دانیشتووە! پارچە خاولیەکی لەسەر کۆشی خۆی دانابوو، زوو زوو دەموچاو و نێوچاوان و لاملی خۆی پێدەسڕی، ئەوەندەی ئارەقە پێ سڕابوو و تۆزی لێنیشتبوو دیارنەبوو ڕەنگی ئەسڵیی چۆن بووە! کە خاولیەکەی لە دەموچاوی کردەوە، بینیان شۆفیرەکە زۆر لە تاکسییەکە تێرعەمرترە. هەر بەپەلە دەرگایان داخست. شۆفێرەکە گوتی: قایمترا دانەخرا! ئەمجارە چونکە هێندە بەپەلە بوون بکەوێتە ڕێ، وەک دەرگای قەمتەرەو دوودەری دابخەن، بە هەموو هێزی خۆیان دەرگاکانیان داخست، وەک ئەوەی قەت جارێکی دیکە بەتەمای کردنەوەی نەبن! هەموو ئازای بەدەنی لەرزییەوە و تۆزی لێ داتەکا! چونکە هەر خواخوایان بوو بکەونە ڕێ و ئەو شوێنە جێبهێڵن! شۆفێرە بەتەمەنەکە بەخێرهاتنی کردن و گوتی: بۆ کوێ بڕۆم؟ ئەوانیش شوێنی مەبەستیان پێگوت. بە دەستەڕاست پێچی کردەوە، بە موجیزە لە پێش ئۆتۆمبێلی هێزە ئەمنیەکان ڕزگاری بوو. چەند ئۆتۆمبێلێکی دیکەشی بەدوادا هات، دیاربوو دەچوون بۆ کەبابخانەکەو لای ڕائید منعم.

---

[1] - بەردەزاوا: ئەو سەکۆ بچکۆلەیەی نێوەڕاستی گەرماوی گشتی کە خەڵکی نەخۆش لەسەری دڕێژ دەبن بۆ ئەوەی ئارەق بکاتەوەو بەدەنی نەرم بێتەوە.

شۆفێرەکە عەینەکەکەی لەسەر زینی کەپووی بڵندکرد بۆ لای چاوەکانی و ڕاستی کردو گوتی: خەریکبوو هەلا بەهەلامان بکەن! دەبێ بچن مالّی کێ خەرابکەن و چ خائینێک هەوالّی پێدابن؟ دەلّێی کەرن گورگیان بینیوە، ئاوا قوڵاغ و چاشمیش بوون! بەڵام کە زانی سەرنشینەکانی هیچ باگۆی نادەنەوە، بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕێ گوتی: ئێوە وەستای سپیکارین؟ ئەوانیش گوتیان بەڵێ.

شۆفێرەکە: ئەمنیش وەستای سپیکاری بووم، بەڵام ئێستا بەهۆی چوونەتەمەنەوە وازم لێهێناوە، بەو تەکسییە کونجی قەناعەت دەکەم. ئێوە مەتری بە چەندی سپی دەکەن؟

عەزە خڕە: چەندی خوا بە قسمەت بکات، هەر چەندی بیدەن بەزیاد بێت!

شۆفێر: گەچی بازاڕگەی مەخموری بەکاردێنن، یان گەچی زەرتکی چیای مەقلوبی؟

عومەر: هەردووکیان بەکاردێنین.

شۆفێر: دەرگاو پەنجەرەی لێدەردێنن، یان ئەوانیش دەپێون؟

عەزەخڕە: ئێمە وەستای دەرگاو پەنجەرە نین، هیچ کارمان بە دەرگاو نجەرەوە نییە.

اخر عومەرو عەزەخڕە هیچ لە گەچ و سپیکاری نازانن، ئەوان هەموو و هۆشیان لەلای ئەو هێزە ئەمنی و ڕائید منعم و کەبابخانەکەیە!

ەوجارە شۆفێرەکە گوتی: گەچکاری کوشتە نەبێت باشە، چونکە ستە پشتی میوانان سپی دەکات کاتێک پشتی پێدەدەن، ئێوە چۆنی ستە دەکەن؟ عەزە، تا کۆتایی گوێی لە پرسیارەکە نەگرت، تا بزانێ دەلّێ، هەر بەناوی کوشتە هاتە سەر لێوی کوشنەکەو گوتی: ڕناکەم کەس کوژرابێت، هەر لەخۆیانەوە ئەو فڕکان فڕکانەی ن! شۆفێرەکە پیاوێکی زۆر دنیادیتە و کۆنە وەستای سپیکاریش دەیزانی وەلّامی پرسیارەکانی، هەر تیرەی لە کەندالّێکەو هیچ ندی بە سپیکارییەوە نییە، بەسەرسوڕمانەوە سەیری دەستو

کەلێنی پەنجە و نینۆکی عومەری کرد، هیچ بە دەستی سپیکاران نەدەچوو، لچێکی هەڵێناو سەری خۆی بادا.

لە شوێنی مەبەست نزیکبوونەوەو خوا خواشیان بوو لە دەست پرسیارە قورسەکانی شۆفێرەکە ڕزگاریان بێت، عومەر گوتی: لەسەری ئەو کۆڵانەی لای خۆت بۆمان ڕاگرە دادەبەزین، بە دەم پارە وەرگرتنو ڕاگرتنی تاکسییەکەی گوتی: کوڕینە ئەمن دوو سێ عومری ئەنگۆم هەیە، ئەو دنیایەم زۆر قونەکەو کردییە، ئامۆژگارییەکتان بکەم لە مامی خۆتان وەرگرن، ئەو جارە جلوبەرگی پیشەوەرێکی ئەوتۆ لەبەربکەن، لایەنی کەم هەندێک لە وردەکاری پیشەکەی بزانن بۆ ئەوەی لە بەرامبەر پرسیارەکان دانەمێنن بۆ وەڵامان! سەرکەوتوو بن خوا پشتو پەناتان بێت!

*

چەکدارەکانی دائیرەی ئەمن دابارینە سەر گوزەری کەبابخانەکە. هەریەکەو پەنجەی لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی بوو. کەبابخانەکەو دوکانەکانی نزیکیان گەمارۆدا، هەموو شوێنێکیان دەپشکنی.

ئەو ڕۆژە شار زۆر شڵەقابوو، ڕائید منعم فەرمانی دابوو هەرکەسێکتان بینی جلوبەرگی گەچاوی لەبەردابوو، بیگرن. ئەو ڕۆژە هەرچی سپیکارو کرێکاری گەچکاریی بەرچاویان کەوت گرتیان، بگرە هەندێک حەمبالّی ئارد گواستنەوەشیان دەستگیرکردبوو. ئەوەی تۆزە گەچێکی بە شانی وەبوو لێدانی خواردو کەوتە بەرپەلامار. ڕائید مونعیم، هەرچەندە لە وێنەدا عومەری حاجی عەولای حاجەتانی بینیبوو، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیابن، ڕۆژی دواتر وەک ئەوەی مەڕی لە دەرمان بدەن، دەستگیرکراوەکانیان یەک لە دوای یەک بە بەردەمی موختارو ئەو جاشە کوردانەدا هێنا کە عومەریان دەناسی، تاوەکو دواین کەس تەواو بوون، گوتیان: ئەوانە هیچیان عومەری حاجی عەولای نین.

عومەر و عەزە، نزیکەی مانگێک لەنێو شار مانەوە، چەند چالاکییەکی

پێشمەرگانەیان ئەنجامدا، بەڵام ئەوەی عومەر نەخشەی بۆ کێشابوو و لە زەینی خۆیدا دایڕشتبوو بۆ ڕزگارکردنی سەبری، لێی تێکچوو، چونکە باری ئەمنی شێواوی شارەکەو بڵاوبوونەوەی هێزە ئەمنییەکان لە هەموو کوچەو کۆڵانێک، یارمەتیدەر نەبوون بۆ ئەو کارە. مۆتەکەی ترس باڵی بەسەر خەڵکی شاردا کێشابوو.

دەمەو ئێوارە بوو، ئەو شوێنانەی تیشکی خۆری پێڕادەگەیشت وەکو زێڕ دەدرەوشایەوە. عومەر داوای ڕادیۆی لە ژنی ئەو ماڵە کرد کە خۆیان تێدا حەشاردابوو، چونکە دەیزانی کاتی ئەوەیە ڕادیۆی دەنگی پێشمەرگە دەنگوباس و ئاگادارکردنەوەکان بڵاوبکاتەوە. لەدوای بیستنی دەنگوباس و چالاکی پێشمەرگە، هاتە سەر ئاگادارکردنەوەکان لە ڕێگای هوفرە. لە یەکەم ئاگادارکردنەوە کۆدی دەستەکەی عومەری خوێندەوە: اگاداری، ئاگاداری... ژمارە (١١) ئاگادارەکەینەوە بەزووترین کات یوەندی بە ژمارە (٢)ەوە بکات. عومەر یەکسەر ڕادیۆکەی ڕژاندەوەو لەگەڵ عەزە خۆیان کۆکردەوە. دوای نوێژی شێوان اوەنماڵ وەک چاوساغ و ڕێنیشاندەر کەوتە پێشیان، تا وەکو لە اری بردنە دەرێ. یەکتریان لە ئامێزگرت، ماڵئاواییان لە یەکتری استو و بەرەو شاخ گەڕانەوە.

*

وای ئەو چەندجارەی چوونە نێو شار، چەند بەرپرسێکی پێشمەرگە ان بەباش زانی عومەر بەر لەوەی لەتاو سەبری، خۆی تووشی هساتێکی گورچکبڕ بکات، بۆ ماوەی چەند مانگێک ڕێگا نەدەن تەوە شار، تا ئەو کاتەی لەگەڵ دەستگیرکردنی سەبری ڕادێ و یەک هێور دەبێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە، بە ئەرکێک لە ناوچەکە ربخرێتەوە، پێیانگوت: پێویستە خۆی و دەستەکەی بڕۆن بۆ چیای لگوردو کێلەشین، لە سەرکردایەتییەوە بۆ کاری زۆر گرنگ کراون. دوای چەند ڕۆژێکی کەم، عومەر خۆی و دەستەکەی بەو و ڕەوەزەشاخە رژدو هەڵەموتانە کەوتنە ڕێگا. لەسەر کانیاو و

ڕووبارەکان پشوویان دەدا. عومەر بەقوولی لە قەوزە سەوزەکانی ژێر ئاوە مەندو قوولەکان ڕادەما، وەک ئەوە وابوو چاوە سەوزە مەستەکانی سەبریان تێدا ببینێ. زۆر جار خۆی سەرزەنشت دەکرد: کاتێک خەیاڵ و ئەندێشەی سەبری گەمارۆم دەدا، چەندی دەکەم ناتوانم کەڵافەی خەیاڵم بۆ سەبری هەڵبوێزنم!

ئەو ڕێگایە، بە ڕۆژ خاڵی نەبوو لە مەترسی، بەتایبەتی هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێم، بۆیە لەگەڵ زەردەپەڕی خۆرئاوابوون، ڕووخساری پێشمەرگەکان دەگەشایەوەو ئومێد بە ژیان لە چاوانیان وەک چراوگێک دەتەقییەوە.

لە دوای چەند ڕۆژ پیادەڕۆیی، گەیشتن. لەوێ تێگەیشت بۆ ئەو مەبەستە بانگیان کردووە، کە دەبێ لەگەڵ دەستەکەی خۆیان ئامادە بکەن برۆن بۆ قامیشلی لە سوریا، چەک بێنن. دەرکەوت دەیانویست بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژن، یەکەمیان عومەرو دەستەکەی کە لە جەربەزەیی و لەخۆبووردەیی سنووری هەموو ترسێکیان تێپەڕاندووەو کۆڕی ئەرکە قورسەکانن و دەتوانن سوود لە تواناکانیان ببینن. دووەم، بە چوونو هاتنەوەو چەند ڕۆژێک پشوودان، ئەو سەفەرە زیاتر لە دوو مانگی دەوێ، واتا دەتوانن ئەو ماوەیە عومەرو دەستەکەی لە چوونە نێو شار بپارێزن.

ئەو ڕێگایە، لە کێلەشینەوە بۆ قامیشلو، بۆ کەسێک کە فەرمانەکان موو بە موو جێبەجێ بکات و مەیدان لەمردن بخوازێ و لەسەر پۆلووی مەرگ یاری بکات، ئاسان نیەو ئەهلی خۆی دەوێ! بەرپرسەکان، هەندێک تێبینی و ڕێنوێنی تێکەڵ بە ڕەخنەیان ئاڕاستەی عومەری کرد، کە گوایا فەرماندەیەکی توندو سەختگیرە!

عومەر گوتی: هەموو پێشمەرگەیەکم خۆشدەوێ، من ئەوە دەزانم کە، تەنها لەوە بەرپرسیارنیم فەرمانیان پێبکەم، بەڵکو لە سەلامەتیشیان بەرپرسیارم! ڕاو سەرنجم دەربارەی فەرماندەی سەربازی جیاوازە، ناکرێت لە هەڵەکان خۆشبیت، گەرەکە ئەوە بزانی ئەگەر وا بکەین

ئەوانیش تووشی مەترسی گەورە دەکەین. فەرماندەی سەربازی ئەگەر توندبێت، پێشمەرگە لێی دەترسن و ڕێزی دەگرن، کارو فەرمانەکانیان بە دروستی ئەنجام دەدەن، بەڵام فەرماندەی نەرم و لاواز هەوساری لەسەری دەکەن و بۆ کوێیان بوێ بە دوای خۆیاندا ڕایدەکێشن، ئەوەش کارەساتی لێدەکەوێتەوە. لەکۆتایی قسەکانیاندا عومەر بە پێکەنینەوە گوتی: ئەوە نییە فەرمانی ئێوە موو بە موو جێبەجێ دەکەم! ئێوەش لەمسەری بۆ ئەو سەری دەمڕەتێنن! ئەوەتا لەو سەفەرە بۆ قامیشلی، بیست و سێ ڕۆژ ڕۆیشتن بەنێو ئەو هەموو جاش و سەربازو مەترسییەدا گوزەر دەکەین و لەگەڵ سنووری سێ ولاتی داگیرکەر دەستو پەنجە نەرم دەکەین، ئەگەر ئەو دیسپلینە نەبێت سەرمان سەلامەت نابێ!

١٣

یەکەم مانگی پایز بوو کەژو کێو بە تەواوی ڕەنگی گۆڕابوو، ئاسمان لە ئۆقیانووسێکی ڕەنگ مسی دەچوو. عومەر لەبەرخۆیەوە دەیگوت: مەگەر هەر ئەو ڕێیە دووره، بەشی خەیاڵەکانی سەری من بۆ سەبری بکات! بە تاسەی بینینەوەی سەبری، ئومێدم بە ژیان، چرۆ دەکات... گەلای درەختەکان سەمای هەڵوەرینیان دەکرد. سمۆرەکان لە کون و کەلێنی دارەکان سەرقاڵی شاردنەوەی گوێزو بەڕوو بوون. شاره مێروولەکان لە سەرەتای حاڵی متبوونەدا بوون. باڵندەکان، دەبێ مشووری شوێنێکی نوای ئەوتۆ بخۆن بۆ هێلانەی زستانە که بەفر و باران نەیگرێتەوە، چونکە ئیدی سەرما، دااڵدەیان نادا سەر لق و پۆپی درەختەکان بکەن بە هێلانە و،دەبێ لەگەڵ سەرمادا ڕێککەوتن مۆر بکەن که، شوێنێکی ئەمین بدۆزنەوەو گەرمەلانێکی لێ سازبکەن!

ڕیتم و ئاوازی خشپەی هەنگاوەکانمان لەسەر گەلا دڵشکاوەکانی خەزان، دەنگی ترقەترقی دەندووکی دارکونکەرە، چریکەی بولبول، سیڕەی قورینگ و قازی کۆچەری، دەنگی بازو شەهین و شمقارِ لەگەڵ خوڕەی ئاوی هەڵدێرەکان، چ مۆسیقایەکی ئەفسوناوی بەو دۆڵە پڕ لە درەختە چڕە، بەخشیبوو! کەوەکان بە قاسپە، جارِی خاوەنداری ئەو دۆڵەیان دەدا... چەند ڕۆژێک بوو خەفتیانی تەداروکات و پێداویستییەکانی ئەو سەفەری چەک هێنانەمان دەکرد. عەزەخڕە، وەک قایل نەبوون بەو سەفەری هاتونەهاتە، بەگوێیدا چرپاندم: بۆچی وا زوو چوویە ژێرباری قەبوولکردنی ئەو سەفەرە؟ خۆ ئێمە شارەزای ئەو ڕێگایە نین، بابایەکی وەک ئێمەی خەڵکی ئەو دەشتە پانو بەرینە،

چیماندداوە لە هەڵزنان بە چیاکانی وەک گۆڤەندو جووودی و نازانم بێخێرو سنووری سێ وڵات! هەڵزنان بەو کێوە سەخت و هەڵەموتانە، شاخەوانی وەک نێرییە کێوی دەوێ! ئەوجا وەک بیستوومە بڕینی سنووری سێ وڵات لایەنی کەم دوو مانگی زیاتر دەوێ بە چوون و هاتنەوە، بێجگە لەو ماوەیەی لە قامیشلو پشوو دەدەین، تا بۆ گەڕانەوە ئامادە دەبین! چاک دەمزانی عەزە ئەو قسەی کردی، نە لەترسان بوو نە باوەڕی بە شۆڕش لەق ببوو، چونکە عەزە دەمێک بوو ترسی لە مەرگ شکابوو.

خەریکی دەق و نوشتکردنی دوو ئامانج بووم، یەکەمیان خۆ ئامادەکردن بۆ سەفەری هاتونەهات، دووەم، خەواندنی خەمەکان، لە جۆلانەی ڕۆحمدا، تا ئەو کاتەی لەو سەفەرە دەگەڕێینەوەو جارێکی دیکە نەغمەی ژوانێکی سەرمەدی دەچڕین! ئاخر، مەگەر بارانی ڕەحمەتی ئەوینی سەبری، گڕو کڵپەی دەروونم دابمرکێنتەوە! ئەوکات، هێدی هێدی سیما ڕژاوەکانی سەبری کۆدەکەمەوەو باخچەی ئەو هەموو ماچە خودایییە ڕەباس[1] دەکەم.

*

بەر لە هەرشت یەک بە یەک لە پێشمەرگە هاوسەفەرەکانم ڕوانی و پرسیاری ناوەکانیانم کرد. دیار بوو هەموویان گەنجی بە شنگو تاقەت بوون. تەنها یەکیان نەبێت بینیم پیاوێکی پیری داڵەگۆشتی کەڵەگەت، ئەو پیاوە بەتەنها، تەمەنی بەقەدەر سێ لە پێشمەرگەکان دەبوو. پێیان ڕاگەیاندم ئەو پیاوە سالانێکە پێشمەرگەیە، ڕۆژگاری هەلومەرجە سەختەکان ئاسەواری بە ڕووخساریەوە جێهێشتبوو. دوایی زانیم پێی ناوەتە شەست و چوار ساڵەی تەمەنی. مەبەست لە سەفەری ئەو پیرەپیاوە بۆ سووریا، چارەسەری نەخۆشی و سەردانی پزیشک بوو. لێ بەداخەوە ئەوەی لەو ڕێگایە ڕوویدا، دەردەکانی ئەو پیاوە هەستیارەی گرانتر کرد، هەستی ناسکی شاعیرانەی وێران کرد، بە

[1]- ڕەباس: شەلاڵکردنی زەوی لە ئاودا.

هەموو ئەو هەستە ناسکەی خۆیەوە، دەتگوت خوێ بە دڵە بڕیندارو شەقارشەقارەکەیدا دەکەن!

لام وابوو ئەو پیاوە پیرە بەهۆی نەخۆشی و لاوازی جەستە و چوونەتەمەنەوە، ناتوانێ ڕێ بکات و لەگەڵ ئەو گەنجانە دەرنابێ دواجار دەبێتە هۆی دەردەسەری و بارگرانی بۆ من و مەفرەزەکەمان. ماتەڵبوون لەو ڕێگا دوورو درێژو مەترسیدارە، ڕەنگە کارەساتی جەرگبڕی لێبکەوێتەوە. گفتوگۆی خۆم و عەزەخڕەم لە بارەی ئەو پیرەمێردە شاعیرە بە مێشکدا دەهاتەوە، خەریکبوو بکەومە ژێر کاریگەری ڕاو سەرنجەکانی عەزەی، بەڵام بەڕواڵەت وام پیشان نەدەدا بەڵکو پێچەوانەکەیم دەکرد. ئاخر عەزەخڕە هەر لە یەکەم بینینی ئەو پیرەمێردە شاعیرە گوتی: عومەری برام! بۆ نێو ئاگریش بچیت بەڵێنم داوە بستێک بەتەنها جێتنەهێڵم، بەڵام بەخوای لێت ناشارمەوە ئەمن سەفەرم لەگەڵ شاعیرو ماعیران پێخۆش نییەو لەگەڵ ئێمە نایەنەوە. ئاخر بۆ خوا بڵێین، ئەوانە کەی هی پێشمەرگایەتینە؟ ئەوجا بەتەمەنی شێست حەفتا سااڵیش! کاکە ئەو شاعیرانە بەو هەستە ناسکەیانەوە، ئەگەر لاشەی پەپوولەیەک، زەرنەقووتەیەک ببینن، ئامادەن لە نووکی قەڵەمەکانیان بەلوزە فرمێسک ببارێننە سەر ڕووپەڕی کتێبان! گەرمەشین بۆ گەڵایەکی وەریوی پایز بگێڕن! کەچی ئێمەی پێشمەرگە بەسەر لاشەی خوێناویدا بازدەدەین و گوێمان لەگەڵ قرمژنی گوللەو زرمەی ئار بی جی و لووتمان بە بۆنی باڕووت ڕاهاتووە. کاکە ئەوانە پێویستە لە شوێنێکی پارێزراوی ئەوتۆ دابندرێن، گیزەی گوللەی لێ نەبیسترێ، نەک ڕەوانەی بەرڕەحمەتی کێردی دوژمن بکرێن! وەڵامە ڕواڵەتییەکانی من بۆ عەزەی، ئەوە نەبوون کە لەبنی دڵمەوە جینگڵیان دەدا، بەڵکو وەڵامگەلێکی سەرزارەکی بوون بۆ قایلکردنی عەزەخڕەی... لەناکاو، لە خەیاڵەکانم ڕاجفریم و هاتمەدەر. دەبوایە من وەکو فەرماندەی ئەو چەند پێشمەرگە هاوسەفەرەم، ناوی هەموویان بزانم. بەر لە هەمووان لە پیرەمێردە شاعیرەکەم پرسی: ناوت چییە؟ گوتی:

ئەحمەد. زۆرم پێ سەیر بوو، زۆرم لە بارەیەوە بیستبوو، زیاتر ئەوەی لەلا تۆخ کردم کە ئەوە پیاوی قەڵەمە نەک دەستو تفەنگ! بۆیە دەبێت لەو ڕێگا پڕ لە مەترسییە، زۆر ئاگاداری بم! ئاخر بەزاندنی سنووری سێ وڵاتی دوژمنی بابەکوشتە، ئاسان نەبوو، جەربەزەیی و سەرکێشی مەترسیداری دەوێ. دەبوایە شەوان بەبن تەلبەندی سەرسنوورەکاندا ڕێ بکەین و بە ڕۆژ خۆمان حەشار بدەین. واتا، ڕۆژ بکەین بە شەو و شەویش بکەین بە ڕۆژ!

چەند ڕۆژێک بوو چاوەڕانی ئەو پێنج کەسە بووین لە کێڵەشینەوە بگەنە لای ئێمە لە بناری هەڵگورد. ئەو ئێوارەیە دوای ئەوەی ناوی یەکترمان لەبەرکرد، بەرلەوەی بەڕێبکەوین شارەزاکان گوتیان: تا دەگەینە لێلکان و لەوێشەوە سنات و نزیکبوونەوە لە سنووری باکوور، دەتوانین سوود لە باربەرێک وەربگرین بۆ هەڵگرتنی پێداویستییەکانی ڕێگا. بەڵام لە سنات بەولاوە، پێویستە نان لە کۆڵەپشتەکانمان و چەند چوپێک و تەورداس و پەمپێکی هەواو پێداویستی دروستکردنی کەڵەک بۆ پەڕینەوە لە ئاوی خابوور بەرەو سوریا، لەگەڵ خۆما هەڵبگرین... بەوریایی کەوتینەڕێ.

چەند ڕۆژێک پێشتر، پێش گەیشتنی ئێمە، مەفرەزەیەک کەوتبوونە بۆسەوە. کاتی پەڕینەوەو دروست لەنێو ئاوەکەدا تەقەیان لێکردبوون. هەرچەندە پێشمەرگەکان لەسەرپشتی کەڵەکەکەڕا دەستیان کردبووەوەو تەقەیان لێکردبوونەوە، بەڵام نەیانتوانیبوو وەک پێویست بەرگربی بکەن و، چوار پێشمەرگەیان شەهید ببوون، دوانیشیان بریندار بوون و بە بریندارى بە ئاوێدا چووبوون، چونکە گوللە بەر چوپی ژێر کەڵەکەکە کەوتبوو و چوپەکان تەقیبوون.

شارەزای یەکەم، لە پێشەوە دەڕۆیشت، دوای ئەو عەزەخڕەو خۆم و ئەوانی دیکە. پیرەمێردە شاعیرەکە، لەنێوەندی مەفرەزەکە ڕێ دەکاو قوفڵی مەفرەزەش یەک لە شارەزاو دەلیلەکانە. چونکە بەجێمانی هەر ئەندامێکی مەفرەزەکە، ئەو لێی بەرپرسیارە! ئێوارەی یەکەم کەوتینە

ڕێ، هێشتا سووڕایی لە ئاسۆ نەبڕابوو. ئەمشەو لەسەرخۆ، وەک تاقیکردنەوەی ئەندامانی سەفەرەکە، ڕێگامان دەبڕی. یەکەمین شەوی ڕێڕۆیشتنەکەمان ڕۆژکردەوە. لێڕەوارێکی چڕی قەدپاڵی چیاکەمان کردە مەنزڵگای ئەو ڕۆژە. ئەو چیا سەختە، لەو ڕۆژەوەی ببووە ئەو چیا هەڵمووت و عاسێ و پڕ لە دارستانە چڕە، وەک ئەوەبوو خوداوەند بۆ خۆپارێزی کورد لە هێرشی دووژمنەکانی، دروستی کردبێت!

هەندی بڵێی یەک و دوو، عەزەخرە ئاگرێکی کردەوەو کتری ڕەشی وەسەرنا. پیرەمێردەشاعیرەکە، پشتی لە ئاگرەکە کردبوو، لەگەڵ قرچەقرچی سووتانی چیلکەدارەکان، پریشکە وەنەشەییەکان لەسەر ئاگرەکە هەڵدەفڕین و لەسەر شانی دەنیشتنەوە. دوای نانو چا خواردن، پاسەوانمان داناو هەر بابایە لەبن دارێک وەکو ئاژەڵی کێوی جێگای نووستنی خۆی خۆشکرد. بە هەمووانم ڕاگەیاند: تا زەردەپەڕی ئێوارە پشوو بدەن، چونکە شەو تاوەکو بەیانی شەورۆیشتنمان هەیە!

دوای چەند شەو و ڕۆژێک گەیشتینە سەر لێواری ڕووباری شین. یەک لە شارەزاکانی ڕێگا بەمەلە پەڕییەوە ئەوبەری ڕووبارەکە، سەری داوەڕستەکەی گرت و یەک لە دوای یەک، بەداڤەڕست پەڕینەوە. بە هەورازێکی ڕژدو هەڵەموتدا هەڵزناین. تا گەیشتینە سەر تڕۆپکی چیایەکە هەناسەبڕکێمان بوو. شارەزاکان گوتیان: لێرە دەبێ زۆر وریا بین، چونکە قەرەقۆڵی تورک زۆرجار دەگەنە ئێرە.

لە یازدەیەمین شەو و ڕۆژی ڕێکردنماندا بووین، لە نزیک سنوور گەیشتینە گوندێکی خاپوورکراو بە ناوی (سنات)، ماوەیەکی زۆر نەبوو دوو هێزی کوردی باشوور ئەو گوندەیان کردبووە مەیدانی یەکتر قڕکردن. هێشتا بۆنی خوێنی براکانی لێدەهات. پەنای هەر کۆمەڵە بەردێکی خانووە ڕووخاوەکانت دەبینی، پڕ بوو لە قەوان. کانی گوندەکە قوڵپی گریانێکی بە کوڵی دەداو تفی لەو نمەکحەرامیە دەکردو نەفرەتی لەو ڕۆژە دەکرد ئەو ئاجوج و باجوجانەی تێدا دەستیان دایە چەک! شەرمیان لە دارو پەردووی ڕووخاوی ئەو گوندە نەکردو گوللەی

غەدریان دادەڕژایە سەر جگەری ئێمەش! ئاوی منتان لێ حەرام بێ هەی حەرامزادەکانی ڕۆژگار!

قۆناغی دواترمان ئەشکەوتێکی دامێنی چیای جوودی بوو، لە دامێنی پاشماوەی کەشتیەکەی نووحدا پشووماندا. ئەرکی ئەو دوو چاوساغ و ڕێ پێشاندەرە، لێرەوە، لە دامێنی جوودیڕا، تا دەگاتە سەر ئاوی خاپوورو پەڕینەوەمان، ڕێکخراوی (کوک[1]) و (دەدەقەدە[2]) دەیگرنە ئەستۆ چاوساغیمان بکەن. ئەو ڕۆژە لە ئەشکەوتی بناری چیای جوودی پشووماندا. هاوسەفەری نوێمان بۆ پەیدا بوون، ئەویش خوشکە خەجۆو کوڕە هەشت مانگییەکەی بەناوی (زەردەشت). ڕێپیشاندەرو چاوساغەکانی ئەمجارە، لە ڕێگا پارچە پەتۆو زۆرێک لە پێداویستی ڕێگایان لە خواردن بۆ ڕۆژی پێویست، لەژێر خاک شاردبۆوە. بەدرێژایی ئەو ڕێگایە، چەند سەرنجی دەوروبەرو قەراخی ڕێگاکە دەدەم، لقی درەختەکانی قەراخ ڕێگا هەریەکەی تابلۆی دڵێکی شەکەت و ماندووی پێوە هەڵواسرابوو. هەر بن بەردێک وەک سەنگەری مێرخاسێک دەهاتنە بەرچاو. دارچناریکی کۆنەساڵ، لەسەر پاشماوەی کاولەئاشێک، گەڵا بە ڕووخساریەوە نەمابوو، لەدوای وەرزی خەزان، قەدە ئەستوورەکەی چیرۆکی ئەو باراشهێڕانەی کە لە سێبەرەکەی پشوویان دابوو، بۆ ڕێبواری ماندوو دەگێڕایەوە. یەکەمجار بوو چناری وا گەورە ببینین، پێنج پێشمەرگە ئامێزیان لێدابوو هێشتا دەستمان نەدەگەیشتەوە یەکتری. ئاوی کانیەکە دەهاتەوە نێو دار چنارەکە. تاتەبەردێکیان لەنێو کلۆری دارەکە دانابوو بۆ خۆشۆردن.

---

[1]- کوک: کورتکراوەی ناوی ڕێکخراوی (ڕزگاریخوازێن نەتەوەیێ کوردستانێ) بوو. گرووپێکی چەپ بوون، نزیک بوون لە (نایف حەواتمە) و مونەززەمەی تەحریری فەلەستینی. لە نێوەڕاستی هەشتاکان چوونە نێو پەکەکە.

[2]- دەدەقەدە: کۆمەڵەی چاندیا دیموکراتیا ڕۆژهەڵات، ڕێکخراوێکی چەپ بوون، نزیک بوون لە (کەماڵ بورقای). (عومەر چەتین سەرکردەی) بوو. لە نێوەڕاستی هەشتاکان چووە نێو پەکەکە. سیاسەتمەدار و گەورەنووسەری گەلەکەمان شەهید مووسا عەنتەر، ئەندام بوو تێیدا.

دیار بوو یادگاریی هەزاران دەستنوێژی پێوە مابوو. لە دیتنی هەموو ئەو دیمەنانە، بەخۆمم دەگوت: خۆزگە سەبری چێژی لەو دیمەنانە دەبینی! ئاخۆ ئێستا لە مەملەکەتی شۆرەکاتدا حاڵی چۆن بی! خۆزگە بەرپرسی ئەو مەفرەزەیە نەدەبووم، هەر بۆئەوەی ناوی خۆم و سەبریم لەسەر قەدی ئەو چنارە هەڵکەندبایە! ئای خۆزگە دوو بە دوو لەگەڵ سەبۆی لێرە دەژیاین! ڕۆژ تا ئێوارە، پێڵە وردەکانی ئەو کانیەمان دەژمارد، نە کەس ڕاوی ئێمەی دەناو نە ئێمەش ڕاوی کەسمان دەکرد! ڕووم کردە خوشکە خەجۆی هاوسەفەرمان: زەردەشتی بدە بە من بۆت هەڵگرم تا تۆزێک دەحەسێیەوە! بەڵام بەجۆرێک بە سینگی خۆیەوەی چەسپاندبوو، وەک بیانەوێ لێبڕفێنن! بەدەم بەخۆگوشینەوە سوپاسی کردم: ماندوو نیم، من بە هێزی زەردەشت ڕێ دەکەم، بەبێ ئەو ناتوانم یەک هەنگاو بنێم!

خەجۆ خەڵکی باکوور بوو، بە هۆی زوڵم و زۆری دەوڵەتی نەژادپەرستی تورک هەڵاتبوو، زێدی خۆی جێهێشتبوو، پەنای دەبرد بۆ سەرزەمینێکی ئارام بۆ ئەوەی زەردەشتی تێدا پەروەردە بکات. بۆ شوێنێک، خەڵکەکەی بە دەنگی دەسترێژی گوللەو دادو فیغانی دایکانی ڕۆڵە لە خوێن سووربوو، منداڵەکانیان لە خەوی شیرین خەبەریان نەبێتەوە! بەئومێدی ئەوەی ئارامترین هێلانەی پەشمەکی بۆ جگەرگۆشەی سازبکات! خەجۆ، باپیرو داپیرو زۆربەی کەسوکاری، لە کۆمەڵکوژی دێرسیم، کۆمەڵکوژ کرابوون. بۆیە، دەیویست زەردەشتی چکۆلەش هەمان چارەنووسی نەبێت!

بەیانییەکی سارد بوو گەیشتینە گوندی (کیشان) لەسەرسنووری دوو وڵات. هەرکە لە خەجۆو زەردەشتم دەڕوانی، خەیاڵی سەبری دایدەگرتم! ئاخۆ دەبێت ئێستا سەبریش منداڵی بە باوەشەوە بێت؟!... لە چیای گۆفەند پشوومانداو. لەو دوو برادەرەی کوکمان، کە ڕێنیشاندەرو شارەزا بوون، پرسی: ئەو چیایە بۆ ناوی گۆفەندە؟ یەکیان گوتی: سەیری ئەو تیشە شاخانە بکە بە چڕی پاڵیان داوەتەیەک! وەک ئەوەیە

شایی ڕەشبەڵەک بکەن و ملیان داوەتە یەکتری. دروست تابلۆیەکی بەردینی گۆڤەندو داوەتی کوردان! ئەو ڕۆژە پشوومانداا، شارەزاکان پێیان ڕاگەیاندین شەورۆیشتنی ئەمشەو، لە هەموو شەوەکانی دیکە درێژترو ترسناکترە،: لە ڕێگا کەس نابێت جگەرە بکێشێت، پیلی عەلەتریکەکانتان سەراوبن بکەن، قفڵی مەفرەزە، بەرپرسە لەوەی هەرکەسێک جێبمێنێ!... نزیکەی سێ کاتژمێر دەبوو بەرێوەبووین، عەزە بە خەجۆی گوت: خوشکی من زەردەشتی بدە بە من بۆت هەڵگرم، بۆ ئەوەی لەو ڕێگا دوورە پەکت نەکەوێت! بەڵام خەجۆ بە هیچ شێوەیەک قایل نەبوو زەردەشتی لێ دووربکەوێتەوەو گوتی: بە گەرمی هەناسەکانی و بۆنی زەردەشتی ڕێ دەکەم و تین و گوڕم پێدەبەخشێ، سوپاس بۆ برایەتیتان! چەند هاوڕێی دیکە داوایان کرد زەردەشتی بۆ هەڵگرن، بۆ ئەوانیش هەمان وەڵامی هەبوو، چەندی ئەو پێشنیارەیان بۆ دەکرد، خەجۆ زەردەشتی زیاتر بەخۆیەوە دەگووشی! وەک ئەوەی هەستی کردبێت هێزێک دەیەوێ زەردەشتی لێ جیابکاتەوە! بەر لە تاریک و ڕوونی بەیانی، گەیشتینە سەر لێواری ئاوی خابوور. بە تەڕدەستی و بەبێ چرکەیەک وەستان، هەندی بڵێی یەک و دوو، کەڵەکیان هەڵبەست و چووپەکانیان پڕ هەوا کرد، ئامادەی پەڕاندنەوەی پێشمەرگەکان بوون، کات لە بەرژەوەندیماندا نەبوو، نەدەبوو کات بەهەدەر بدەین و، لە پەڕینەوە پەلەبکەین. دەبوایە لەوبەری ئاوەکەش، کەڵەکەکە هەڵوەشێنین و چووپەکانیش بەدڕاوی بە ئاوی خابووردا بدەین، ئاسەوارێک لە دوای خۆمان لە لێواری ئاوەکە جێنەهێڵین، چونکە زۆربەی ڕۆژەکان لەوبەرەی ئاوێ، هێزی سەربازی و هەواڵگری عێراقی و قەرەقۆڵی تورکی، ئەو نێوەیان دەپشکنی، لەمبەریشەوە، هەواڵگری سووریا.

کەڵەک بە چەند پێشمەرگەیەکەوە لە ئاوی خابوور کەوتە ڕێ. لەو بەیانە پڕ ژانەدا بای نەسیم خۆی لە بناگوێمان دەسویی. بێشەڵان و قامیشەڵانی کەناری ئاوەکە، لاچکە سەوزەکانیان پەیامێکیان بە

دەستەوەبوو وەکو تیغ بەر زەینم دەکەوت! بەدەم سەولّ لێدانەوە خۆمان بۆ ئەوبەر هەلّدەکوتا. لەو بەرەبەیانەدا، کەلّەکێک بە چەند سەرنشینەوە بەبێدەنگی نەسیمی با شەق دەکاو کەوتۆتە ڕێ. سەولّی دەربازبوون بەرەو کەناڕێکی ئارام لێدەدا. یەکەم دەستەی سەرپشتی کەلّەکەکە من و خەجۆو زەردەشتی چکۆلّەو پیرەمێردە شاعیرەکەو عەزەو یەکێکی دیکە بووین. لەنێوەڕاستی ئاوەکە، یەک دوو شەپۆلی سەرشێت کەلّەکیان بلّندو نەوی دەکرد. خەجۆ بەلاداهات، وێستی خۆی بە داری کەلّەکەکە بگرێتەوە، زەردەشتی لەدەست پەڕی و شەپۆلەکان گرتیانەوە، شەپۆل بە شەپۆلێکی دیکەی دەسپاردو ڕفاندیان! زریکەی خەجۆی لەگەلّ کزەبای ساردی سەر ئاوەکە، وێژدانی هەموومانی تەزاند! زەردەشت هەر زوو لە چاوان ون بوو. خەجۆ، قیژەیەک قیژاندی، بە قەد ئاوی خابوور درێژ هاواریکرد: زەردااااااااااااااااااشت! لەگەلّ ئەو هاوارو نرکەیەدا، ئازار و ژانێکی بێکۆتایی، ڕژایە دلّ و هەناوی چیای بێخێرەوە!... هێشتا گەرمی باوەشی، سارد نەببووەوە تەنها لە چاوترووکانێکدا گێژەنەکان لوولیاندا! لەسەرسنووری ولاتی حەسرەت و بێهەناسەوە، لە باوەشی گەرمو گوڕی دایک، بۆ نێو دلّی ئاوی ساردو سڕی خابوور! زەردەشت منداڵی ولاتی ئاگر، بۆ نێو شەپۆلەکانی زێی خوڕ!... هەرچەندە هەموومان هەولّمان دەدا، خەجۆمان پێ زەوت نەدەبوو. کەلّەکەکە لەوبەرەوە لەنگەری گرت، خۆمان بە قامیشەکانەوە گرت و خەجۆمان بەر لە خۆمان دابەزاند. بە کەناری ئاوەکەدا بەرەو خوار غاریدەدا، قەستی نێو ئاوەکەی دەکرد، چریکەی گوێی دونیای کەڕ دەکرد! لە دەستدانی کۆرپەی ئازیز دەردو کوانی زۆر بە داخی دلّن، لە قوولّایی جەرگیدا جێی خۆشدەکرد، یەک بەخۆی هاواری دەکرد: هەموو ژیان و ماڵ و گیانم بە ئاودا چوو! لە کێندەرێ بیگرمەوە؟ چ دەرمانێک چارەی زامی ڕۆحم دەکات؟! هێشتا تێرشیری مەمکم نەببوو، جوانەمەرگی دەردا! ئەو ئاوازی گریان و ڕۆلّەڕۆیە، لەگەلّ چریکەی تیترواسک و کەناچەو نەورەسەکان

تێکدەهاڵان و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشان. گوفکی قامیشی بێشەڵان و پوونگەی دەم ئاوەکە، وەکو پرچی شێواوی خەجۆی، بە لەنجەی نەسیم، گەرمەشینیان بۆ لەتبوونی جەرگی خەجۆی دەکرد!... خەجۆ، بە گریانەوە زەردەشتی دەلاواندەوە:

دایێ! بەرخێ منۆ دایێ!
سەرێ سحارێ لدایکا خۆ وندا بووی دایێ!
ئەز هێلام لناڤ کول و کۆڤان و مەراقێ وێ دنیایێ دایێ!
نە شەڤا من شەڤە نە ڕۆژا من ڕۆژە
لپاشێ زەردەشتێ خۆ سەبرێ دلێ من بکەسێ نایێ دایێ!
هەتا ڕۆژێ قیامەتێ دێم و دلوورینم
بەرخێ من!
ئەزێ هیڤی دکەم دەنگێ لوورینا من
هەڕوو دیوانا نویسکارا لێ قەدەرێ دایێ!
بلا هەمی دایک دوعایێ بکەن
لجەم پاشایێ کەرەمێ
برینا دایکا تیمار بکا دایێ!
لپاشی زەردەشتێ ئەز نمینم لسەر دارێ وێ دنیایێ دایێ!

هەوڵماندا هەرچی زووە خەجۆ لەو نێوە دووربخەینەوە بەرلەوەی خۆی بخنکێنێ. خەمی پیرەمێردەشاعیرەکە بۆ بە ئاوداچوونی زەردەشت، چی لە خەمی خەجۆی کەمتر نەبوو، لێ ئەو بەجۆرێکی جیاوازتر!

ئەو ئێوارەیە گەیشتینە قامیشلو. خەجۆ، زۆر سوکنایی بە قسەکانی پیرەمێردە شاعیرەکە دەهات! پیرەمێردەشاعیرەکە، ئەو کاتەی ئارام ئارام پێڵووی چاوانی خستە سەریەک نغرۆی ئەودیوی خۆی دەبوو، ئیلهامی شیعر لە ناخیدا شەپۆلی دەداو ئەندێشەو خەیاڵی شاعیرانەی داگیردەکرد. لە تێڕوانین و زەینی شاعیرانەیدا، هونەری زەردەپەڕی ئەو ئێوارە پایزییەی، لە تابلۆی گریانی خەجۆیدا دەبینی! لەناکاو، وەک لە

غەیبەوە پێشانی بدەن، گوتی: ئەوەتا لێم دیارە، باوەڕبکەن زەردەشت خۆی بوو! وەکو ئاوێنە لێم دیارەو گوێم لێیەتی داوادەکات یادەوەریم لە تاڵیەوە بۆ شیرینی، بگۆڕن! گوێم لێدەبوو دەیگوت: ڕەنگی حەقیقەت شینە، بۆیە هاتووم لەنێو شینی ئاوی دەریاکاندا بە دوای حەقیقەتدا بگەڕێم و بیدۆزمەوە! ئەوەتانێ لەنێو لم و چەوی ژێر دەریاکاندا وا خەریکە مرواریی یەکدانە دەشواتەوە! لەگەڵ پێڵی لەنگەرەکان شایی دەکاو پەنجەماسییە ڕەنگاوڕەنگەکان دەدوێنێ! ئەسپەئاوییەکان ڕام دەکات و چیرۆکی ئەم سەرزەمینە پڕ لە غەدرە بۆ پەرییەکانی دەریا ڕاڤە دەکات و پێیان دەڵێ: ئەمن وەکو پەیامبەرێک هاتووم بە ئۆقیانووسە مەندو کەڕەکان بڵێم: بۆ بێدەنگن؟ بۆچی ئێوە شەپۆلێکتان، لەنگەرێکتان، ئاوڕێکمان لێ ناداتەوە؟ ئێستا ئێمە لە پەنای دەستی خۆتانین، لەبەر نیگای چاوانتانین! ئەمن هاتووم پێتان بڵێم هەرچی خوێندەوارتان هەیە، دەست بە قەڵەم، تەنها ئێمە بنووسنەوە، من دڵنیام بە دەریایەک مەرەکەب و ئاسمانێک کاغەزی سپی، لێی نابنەوەو لێی نابنەوە! وشەکانی پاک پاک بشۆن، ئەو کتێبە وشەکانی هەموو لە جنسی ئاگر بێ، کێ لە خاڵبەندی دەزانێ، با هەموو لاپەڕەکانی پڕ بن لە هێمای سەرسووڕمان! تەڕی بن لە هێمای پرسیار! بەسەرهاتی ئەو بۆمبانە بنووسنەوە لەو کاتانەی من خەوتبووم بە زرمە دەتەقینەوە! بەسەرهاتی قڕکردنمان بنوسنەوە، حیکایەتی ئەو ڕوومەتە بێنازانەمان بنووسنەوە بە سوێراوی چاوان تەڕ بوون و خووسانەوە! چۆن نایبینن! هەتاوەکو چاو بڕدەکا دەرودەشت و دۆڵ و زنار، قەراخی کانی و ڕێگاکان، وا خەریکە پڕ دەبن لە داد و هاواری پێغەمبەرانی ئازادی! کامە بستەزەوی ماوە تەرمێکی ئێمەی لێنەبێ؟ کام گاشەبەردتان پێ شک دێ بە خوێنی ئێمە سوور نەبووبێ؟! تەنانەت لەنێو ئاویشدا وەک یاقووتێک لە قەسیدەو گاتاو سرووتەکان، ئێمەینە دەدرەوشێینەوە،! لەو سپێدە ناوەختەدا هاتووم لە ئاوازی ئاو حاڵی بم! ئەو کاتەی من پەنام بۆ پاکی ئاو هێنا، یەقینم پەیداکردبوو کە لە وشکانی، لە باوەشی دایکمدا

دەمسوتێنن! لەسەرزەمینێکی هیلاک پڕئێش و برینەوە هاتووم، پەیامی ئەو مەرزو بوومە، بە شەپۆلە سەرشێتەکان، بە ئۆقیانووسە ڕووبارخۆرو کانیلووشەکان بڵێم: لە تۆفانی خوێنی ئێمە چیتان نووسییەوە؟ هۆ هۆ دایکە چاوتەڕو مل بەکوێنەکەم! بەدرێژایی هەناسەی سواری ڕێگاکان، هێندەی بلوسکی فرمێسکە یاقوتییەکانت، بیرت دەکەم! وا نەزانی کە بێباکم و گوێم لە قرچەی سووتانی جەرگی تۆ نییە! گوێم لە خرمەی شکانی دڵی ماندووتە! گوێم لە قوڵپی گریانی بەکوڵتە! ئەوانەت هەموو بۆ لەسەر ڕووپەڕی مەندی میهرەبانی ئاو دەنووسمەوە! سووتانت بۆ ماسییەکان دەگێڕمەوە. ئەمن لەوە تێدەگەم کاتێک سەری خۆت بۆ هەندەران هەڵگرت، بە تەما بووی لە دەمی گورگەبۆرە کوردخۆرەکان پەنام بدەی و بمبەی بۆ ژیانێکی بەختەوەر. ماچەکانت چڵی سەوزی سنەوبەرن، هەرچوار وەرزی سااڵ هەر سەوزن و لە زەینمدا، تا نەفخی سوور، تاقە یەک گەاڵی ناوەرێ!

بۆنی سینگت، وەک ئەو گوێچکەماسییانەی سەر بەردەکان، بە دیواری ڕۆحی منەوە نووساوە. ئەم پایزە درەنگوەختەم بۆ پڕکردی لە بۆنی وەرین! چرکەساتی مااڵوایی، گوێم لە نرکەی لەتبوونی ڕۆحت بوو. لە ئاوێنەی ئاوەکەدا تۆم دەبینی کە بە باوەشێکی غەمگینی خاڵییەوە بەگژ شەپۆلاندا دەچووی! عەرشی خوداوەندت هەژاند! لێرە لەگەڵ پەرییەکانی دەریا، کەنار پڕدەکەین لە سەدەف، لە سێبەری ئاو لەگەڵ ماسییەکاندا پیاسە دەکەم.

گوێم لێدەبوو دەیانگوت هەندێک کەس دووجار لەدایک دەبن! بۆیە پێم خۆشبوو ئەمجارە کاتێک خۆر هەڵدێ، لەوکاتەی ئاسمان بەدەم هاواری خنکانی نیشتیمانێکەوە هەڵوێستە دەکا، لەدایک بم! گەاڵ عاجزەکانی قەراخ خابوور لەگەڵ وێنەی خەجۆی نێو ئاوەکە سوجدەیان برد، چیای بێخێر تیکی برد! هەناسەکانم، تا ڕۆژی لیقا، لەسەر ڕەفەی مانگ جێهێشتووە. بە دیار یادەوەری گەاڵیێکی وەریو خۆت ماتەڵ مەک ، دایەگیان! وەختێک، چرۆکردن بەردەوامە!

شــەوێک دێــم و لــە تــاریکی چاوەڕوانییــەوە ســەر دەردێـنم، وەک ڕاڤەکارێکی عیرفانی، حیکمەتەکانی زەردەشتی مەزن، هەر سێ دروشم و گاتاو سروودته پیرۆزەکانی، بـە ئـاوی پـاک، لـە تـۆزی زەمـەنی ئینکار، دەشۆمەوە!...

لــەپــڕ، پیرەمێــردە شــاعیرەکە چاوەکــانی هــەڵهێنان و لــە ئــامێزی خەیاڵەکانی ڕاجفری، تـا دەنگی تێیدابوو هـاواریکرد: ئێوە زەردەشتی نابینن؟ لام وایە بەرەو ئێرە دێت! سواری ئەسپێکی شێ بووە، پێکۆل لە شەپۆلان دەکاو بەسەر گێژەناندا دەڕوا، سەری خۆی ڕادەوەشێنێ، ئـاو لــە یــاڵی دەتــەکێنێ، وەک بروسکەو تیسـکەی گوللـە براچــەی دێ، دەحیلێنـێ و هەسـتاوەتە سـەر پاشـوان، چەنگـەبازی هــەوران دەبــێ، بەیداغی خۆر بە دەستەوە وەک بروسکە بە چوار پەلی ئاگرینەوە، دڵی هــەموو هــەورە ڕەشــەکان دەسـمێ. بــەرەو شـرناخ کەوتۆتــە ڕێ، دەچـێ لەوێ سـندم و زنجیـری پێـی ڕەوە ئەسـپێکی سـەرکەش دەکاتــەوەو لەگەڵیدا دەکەونەڕێ، پەیامەکانی ئەو سواره سنووری دەستکرد ناناسێ لە وشکانی ڕێی لێ بگرن دڵنیابن، لەگەڵ بارانی وەرزێکی تەڕ لـە نـاو شـۆڕابەی هـەورەکان دێتـەوە بـەر دەرگـاو پەنجـەرەی ماڵەکان. دەچێت ئەستێرەی ئەختـەر لـە مانگ خـوازبێنی دەکات و دەستی دەگرێ و لـە پشـتە خـۆی سـواری پشـتی ئەسـپە شـێکەی دەکـات، لـەلای دەروێشـێ عەڤــدی و عــەدولان مێــژووی عیشــق و فەرمانــەکان دەنووســنەوە، پیرەمێردە شاعیرەکە بە خەجۆی گوت: ئەو کات ئەتۆش بـە دەسـماڵێکی سوورەوە،ە ئاپۆرا پڕ جۆشتر دەکەی، هەلهەلـەو زەنگی سـروودتەکان لـە گوێمــان دەزرینگێتــەوە، هــەر بابایــە هــاوار دەکــات: ئەی نــەمانگوت زەردەشتی کوردان ڕۆژێک دادێ هەر دێتەوە، دروشمەکانی بیری چاک و گوفتاری چاک و کرداری چاک بـە منداڵان دەڵێتـەوە، بۆ ئـەوەی هـیچ کـەس نـەتوانێ هـەوری ئینکار بخاتـە سـەر هـەردووک شـانی و بـەردی ڕەجم کۆکاتەوە. دڵنیا بن وەکو موسای ناو سندووقی ڕووباری نیل بۆ گیانی فیرعەونەکانی سەردەم دێتەوە سەر ئەرزی میعاد.

دێتەوەو وا بەڕێوەیە، پێمان دەڵێ: کارۆانێک وا بەڕێوەیە زەمبیلەیان پڕ لە خەونەو بارەکەیان ڕزگاری و زەردەخەنەیە. ئەگەر وێستت بۆ سۆراخی زەردەشت بچی لەسەر تەپۆلکەی میعراجی پەپوولەو گوڵە نەستەرەن بە تریفەی مانگ خۆی دەشوا، دەبێتە پێشنوێژی ئەوانەی نوێژ بۆ تیرێژی ڕووناکی قیبلەی ڕزگاربوون دادەبەستن. لەگەڵ سەرمای وشکی پایزی قامیشلو هەموان ڕوومەتمان قەڵەشیبوو، دەمانتوانی بۆ ماوەی هەفتەیەک تا دوو هەفتە لە قامیشلی پشوو بدەین، پاشان لە عەمباری چەکەکان هەر یەکەمان هەتاوەکو پێمان هەڵدەگیرێ چەک لەگەڵ خۆماندا بێنینەوە. عەزەخرە بەر لە هەموان هێشتا لە ئاوی خابوور نەپەڕیبووینەوە بۆ سووریا بڕیاری خۆی دابوو دەیگوت ئەمن بیکەیسییەکی ڕووسی لەگەڵ خۆمدا دێنمەوە، چەند ڕۆژێک بوو پشووماندابوو، بە چاکی حەسابووینەوەو خۆمان و جلوبەرگمان شۆردبوو، بەڵام ئەوەی زەینی داگیرکردبووین و لێمان جیانەدەبووەوە خنکان و بە ئاوداچوونی زەردەشتی بوو. لە هەموانیش زیاتر پیرەمێردە شاعیرەکەی وێران کردبوو، بە چاکی هەستی پێدەکرا ژانی لە دایکبوونی شیعرێک بۆ زەردەشتی چکۆلە گرتوویەتی و بەرینادا، وەکو ورچێکی بریندار هیچ شوێنێک بە خۆی ناگرێ و گینگڵ دەدا.

بە ئاشکرا پێوەی دیار بوو بە ناو ڕۆحی بریندارەی خۆیدا ڕۆدەچوو، بە جۆرێک جاری وا هەبوو بۆ نانخواردن سێ چوار جار بانگیان دەکرد، ئەوجا لە خەڵوەتگاکەی دەهاتە دەرێ، لەگەڵ هەر بانگ کردنێکی تێکڕادەبوو و ڕادەچڵەکی، لە ناو خەیاڵی شاعیرانەی دەهاتە دەر.

پاشنیوەڕۆ بوو، ڕۆژێکی کەمێک سارد بوو، وێستمان سەرێک لە عەمباری چەکەکان بدەین، بۆ ئەوەی بزانین جۆری ئەو چەکانەی بەردەستن چین؟ بۆ من جێگای سەرسووڕمان و دڵخۆشی بوو، کە بینیم ئەو پێشمەرگەیەی بەرپرسی عەمباری چەکەکان بوو، شاهینی برادەری گیانی بەگیانیی سەردەمی خانەی مامۆستایانم بوو، پێش من ببوو بە پێشمەرگە. بەهۆی ئەوەی زمانی عەرەبی باش دەزانی، لەو

شوێنە ئەرکی پێ سپێردرابوو. هەرکە چاوی بە من کەوت، شاگەشکە بوو، گوتی: عومەر ئەوە خۆتی؟ هەواڵی هاتنەدەرەوەی تۆم زانیبوو، بەڵام هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو، ڕۆژێک لەوەها شوێنێکدا بتبینم! هەریەکەمان چیرۆکی هاتنمان بۆ پێشمەرگایەتی بۆ یەکتری گێڕایەوە. دیاربوو شاهینیش هەواڵی خنکانی زەردەشتی زانیبوو، بەڵام چۆنیەتی وردەکاری و هۆکاری بە ئاوێداچوونەکەی نەدەزانی، منیش، چۆن ئەو ڕۆژە لە بناری چیای هەڵگورد کەوتینە ڕێ، تا گەیشتنمان بە قامیشلی، هەموویم بەوردی بۆ گێڕایەوە. ئەمن پێموابوو هیچ مەفرەزەیەک بەقەدەر ئەو مەفرەزەیەی ئێمە، لە ماوەی ئەو بیستو پێنج ڕۆژ شەوڕۆییە، ئەزیەت و ئازاری نەچەشتبوو، بەڵام کاتێک شاهین دەستی بە گێڕانەوەی چۆنیەتی گەیشتنی مەفرەزەکەی خۆیانی بۆ کردم، سات لەگەڵ سات زیاتر شەرم دایدەگرتم! شاهین، کات لە بەرژەوەندیدا نەبوو، بۆیە هەر بەکورتی چەند دیمەنێکی ناخۆشی سەفەرەکەی گێڕایەوە. زانیم کە بەڕاستی ڕێڕۆیشتنی ئێمە بەراورد بەو کاروانە پڕئازارەی ئەوان، وەک ئەوەبوو لە شەقامەکانی نێو شار پیاسەمان کردبێت! شاهین گوتی: ئێمە ژمارەمان حەفتا کەس بوو لە گەرمای تاقەتپرووکێنی مانگی حەوت، لە مێرگەچەکۆی سەر سنووری باشوورو خۆرهەڵات، قۆناغ بە قۆناغ کەوتینەڕێ. بە ڕۆژ خۆمان حەشار دەداو پشوومان دەدا، شەوانیش ڕێگامان دەبڕی. جار هەبوو حەڤدە سەعات بەسەریەکەوە ڕۆیشتووین! لە شەوەکانی کۆتایی شەوڕۆییەکەماندا شارەزاکان گوتیان: ئەمشەو لە شەوەکانی دیکە زیاتر ڕێگامان لەپێشە بۆ شوێنی حەسانەوەو مانەوە. مەتارەکانتان پڕئاو بکەن و دەست بە ئاوەوە بگرن! دەبێ ئەمشەو بە هەرنرخێک بێت خۆمان بگەیەنینە چیای بێخێری. بێخێر چیایەکی گەلەک بێئاوە. ئەو شەوە تاوەکو نزیک بانگی بەیانی بەردەوام و بێحەسانەوە ڕێگامان بڕی، ئاوی مەتارەکانمان تەواو بوو، تاکەئومێد بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنینەوەو لە تینوان نەخنکێین، کانییەکی بناری چیای بێخێر بوو، بۆ ئێمە ببووە قیبلەی

ڕزگاربوون. لە هەوڵی ئەوەدابووین هەرچی زووە بیگەینێ. یەک لە شارەزاکان گوتی: ئێوە لێرە دانیشن، کەستان جگەرە دانەگیرسێنێ، دەچم سەر کانییەکە تاقی دەکەمەوە. لە ماوەیەکی کورت، بەپەلەو هەناسەبڕکێ و بێئومێدییەوە گەڕایەوەو گوتی: هەستن هەتا زووە ئەو نێوە جێبهێڵن! کانییەکە ڕەبایەی سەربازی لەسەردانراوە، ئاشکرابین، هەموومان تێدەچین! کەسمان ئاومان پێنەما بوو، زۆریش تینو بووین، هەموو ئومێدمان لەسەر ئەو کانییە هەڵچنیبوو، ئەویش داگیرکرابوو. مەودایەکی دوور خۆمان لە ڕەبایەکە دوورخستەوە، ئیدی هێزی هەنگاو هەڵێنانمان تێدانەما بوو، سەگ کلکی لێدابایە دەکەوتین! ناچار میزی خۆمان لە مەتارەکان دەکردو دەمانخواردەوە. ئەوەی لەنێو هەموومان ئامادەنەبوو میزی خۆی بخواتەوە، ملازم فەرهاد بوو، گوتی: بشمرم لە تینوان، ناتوانم میزی خۆم بخۆمەوە! عەبەبچکۆل تفەنگەکەی سوارکرد، ویستی خۆی بکوژێ، تفەنگەکەم لەدەست دەرهێناو بەتوڕەییەوە گوتم: قیروسیا خۆت دەکوژی، بەڵام ئاشکرابین هەموومان تێدەچین!... دەلیلەکان گوتیان ئیمڕۆ تازە ڕووناک داهات، ئیدی ناتوانین بڕۆین، پێویستە لێرە بمێنینەوە تا شەو دادێتەوە، یەکەم کاری ئەو شەوەمان، دۆزینەوەی ئاو دەبێت!... هەر بە قسە ئاسانە ئەو ڕۆژەمان بە چ کولەمەرگییەک بردەسەر! لە خەوی پچڕ پچڕی ئەو ڕۆژە، هەزار خەونم بە ئاوخواردنەوەوە دەبینی!

تاریکی خۆی بەناو ئەو درەختانەدا کرد کە خۆمان لە ژێریاندا حەشاردابوو. کەوتینە ڕێ، بە ئومێدی ئەوەی لە بناری چیای بێخێر ئاوێک بدۆزینەوە. بەرەو دەشتایی ملمان نا، بەلاکەلاک گەیشتینە سەر ئاوێک، لە نزیک ئاوەکە، ئەمن لەسەر گازی پشت کەوتم، مەتارەکەم دایەدەستی ملازم فەرهاد بۆ ئەوەی ئەو میزەی تێیدامابوو بیڕێژێ و بۆم پڕبکات لە ئاو، ئەویش، بەو هەستەی کە مەتارەکە ئاوی تێدایە، بە دەمی خۆیەوەناو میزەکەی نێوی خواردەوە. بە درێژایی ئەو ڕێگایە میزی نەخواردەوە، کە گەیشتینە سەر ئاو، ئینجا میزی خواردەوە!

کاتێک لە ئاوی خابوور پەرینەوەو گەیشتینە قامیشلی، دوو منداڵی هەشت و نۆ ساڵ، مەفرەزەی پێش ئێمە هێنابوویانن. ئێزیدی بوون و باوکیان پێشمەرگە بوو شەهید ببوو، دایکیشیان مردبوو. هێنایاننە لای من لە بارەگاو ئەرکداریان کردم ئامادەیان بکەم بۆ سەفەری دیمەشق، لە وێشەوە بۆ ڕووسیا شاری ئیڤانۆڤا. لەوێ ڕێکخراوێکی منداڵپارێزی، ئەرکی بەخێوکردنی منداڵانی بێسەرپەرشتی خستبوویە سەرشانی، بە شەرتێک، ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێ ئاوارە بووە، جوولانەوەی ئازادیخوازی لێبێت و، لە ئاکامی شۆڕش ئاوارە بووبون. ئەو منداڵانەشیان وەردەگرتن کە ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین دەیانناردن. ئەو دوو منداڵە، بەدرێژایی ئەو ڕێگایەی لێیەوە هاتبوون، زۆر برسی و تینوو ببوون. قژم تاشین و شوشتمن، جلوبەرگم بۆ کڕین و بلیتی فڕۆکەم بۆ بڕین. لە بارەگا، دەستم کراوەبوو بۆ هەرپارەیەک لەو دوو منداڵەی خەرج بکەم. ئەوەی لە یادم ناچێت، لە فڕۆکەخانە بەر لە خواحافیزی، یەک لە منداڵەکان بە چاوێکی نیازمەندانە سەیری کردم و گوتی: مامە شاهین دوو مەتارەی ئاومان بۆ بکڕە با لەو ڕێگایەی بۆی دەچین تینوومان نەبێت! هەردووکیانم ماچ کردو گوتم: ڕۆڵە تازە تینوێتی تەواو! لەنێو فڕۆکەش ئاوو نانتان دەدەنێ و پێویستتان بە مەتارە نابێت. پاشان، لەسەر پلیکانی فڕۆکەکە هەردووکیان ئاوڕیان دایەوە، دەستیان ڕاوەشاندو ماچیان بۆ هەڵدام، خۆزگە بتزانیبا ئەو ساتە چەندە دڵخۆش بووم!

شاهین بینی، تەمی ئەو خەمە بە ڕووخسارمانەوە دیارە، گوتی: خەم چڵکی دڵە، بە مەی بشۆڕێ چاکە! بۆیە ئەم ئێوارەیە لەلای من میوانی، خەمەکانمان بەربا دەدەین!

ژووورەکەی شاهین بۆنی مەیخانەی دەدا. ئەو بۆنە، بردمیەوە عەرەقفرۆشییەکەی (قەیسەر) لەبن قەڵاتی هەولێرێ. مانگەشەوێکی یەدەنگ و کشومات بوو. هەمیشە وەک ئەو بەڵێنەی لەگەل سەبری بە ەکتریمان دابوو، شەوان لە مانگێ بڕوانین، بۆیە، لەبەر ئەو پەنجەرە

گەورەیەی ئەوەندەی لادیواریک دەبوو، دانیشتبووم. شووشەکانی زۆر ڕوون بوون، وەک ئەوەبوو لە دەرەوە دانیشتبم، مێزە بچووکەکەم ڕاکێشا بەر پەنجەرەکە. شاهین، دوو پێکی لێورێژی شەراب تێکرد. پێکی شەرابی بەر تریفەی مانگەشەو، چێژێکی ئەفسانەیی هەبوو. من بەجۆرێک لە تەماشای ئاسمان و مانگ و ئەستێراندا تواببوومەوە، خەریکبوو ئەستێرە لە چاوەکانمدا گەرا دابنێن! خۆم وا تەڵقین کردبوو، سەبریش لە کوێی ئەو دنیایە بێت، ئێستاکە لە مانگێ دەڕوانێ، وەک لەسەری ڕێککەوتبووین! سەرم بۆ پێکە شەرابەکەی بەردەمم نەوی کرد، تریفەی مانگ دەڕژایە نێو شەرابەکەوە، دەتگوت مانگ بۆ نێو پەرداخە شەرابەکەی من هیجرەتی کردووە! شێتانە پێکم بڵندکرد، تابلۆی مانگ و نیگای سەبری و شەڕابەکەم وێکڕا نۆشکرد. شاهین هەر زوو پەیمانەی بۆ پڕکردمەوە، تەماشاکردنی دیمەنی مانگی نێو شەرابەکەم، بە عاشقانەترین نووشتانەوەکانی کاتی خۆی بۆ ئاوێنەی نیگای سەبری لێک دەدایەوە! سوجدەی میحبەتم بۆ قیبلەی دڵداران دەبرد. پێک لەدوای پێک لە چاوە سەوزەکانی سەبریدا هەڵمدەدا، لە خەیاڵمدا تریفەی مانگەشەو جیلوەی بە سیمای سەبری دەبەخشی!

شاهین گوتی: مەی خواردنەوە بێ یادی خەیام وەکو چێشتی بێخوێ وایە:

جار جارە پەنا بە مەی دەبەم، ناچارم
خەمبارم و پێم ئەڵێن کە تاوانبارم
خۆزی وەکو مەی، درۆو دزیش مەستی ئەکرد
مەردێکم ئەویست کە بیگوتایە وشیارم

منیش گوتم هەژار بۆ ماشووقەکەی دەڵێ:

دەمی کۆچ بارەکەت ناچێ لە یادم
دەبێ وەک کوشتمت بشپرسی دادم
کە بارگەت بۆ هەوار تێکنا دڵی من
شکا ئەستوونەکی تاوڵی مرادم!

ڕاستیان گوتووە هەرکەس بە یاری خۆیدا هەڵدەڵێ! ئەمشەو شاهین بەیارەکەی خۆیدا هەڵیدا، کە مەی بوو، ئەمنیش بە ماشووقەکەی خۆم، سەبری! گومانم وایە، ئەگەر لە نوێژدا بە یەک ڕستەش ستایشی مەی تێدا بکرایە، بێشک شاهین، سەری چووبا نوێژی نەدەچوو و لەسەر بەرمالێ نەدەهاتە خوارێ!

لە گەڕانەوەمدا بۆ شوێنی حەوانەوەم، بینیم بەو شەوە درەنگە، چرای ژوورە بچووکەکەی پیرەمێردە شاعیرەکە، دەهایسێ، بۆیە، چوومە بەرپەنجەرەکەو لێم ڕوانی، دیاربوو دەزووی کۆلارەی خەیاڵەکانی شلکردبوو و لە ئاسمانی تەنیاییدا تا سنوورەکانی ئەفسانە، پەنجەو قەڵەمی لە دەریای هەستە بریندارەکانی بووندا، کەوتبووە مەلە! دوو دڵ بووم، ئەگەر لە دەرگا بدەم، لەوەیە خەیاڵەکانی بپچڕێنم، بەڵام خۆم ساغکردەوە سڵاوێکی لێبکەم، بۆ ئەوەی بزانم هیچی پێویست نییە! لە دەرگامدا بەسەرسووڕمانەوە گوتی: کێیە؟ وەڵامم دایەوە: منم عومەر. بە بیستنی ناوی من، دڵخۆش بوو، بەدەم دەرگاکردنەوەو فەرموو فەرموو! وەک میوانێکی ئەزیزی لە دووڕەوە هاتبێ، گوتی: یاخوا بەخێربێیت سەرچاوی مامی خۆت! ئەوە کووە بەو درەنگانەی شەو نەخەوتووی؟! چۆنە منت بیرکەوتۆتەوە؟ گوتم: بینیم گڵۆپی ژوورەکەت خامۆش نەکرابوو بۆ دڵنیایی لە تەندروستیت بەباشم زانی سڵاوێکت لێبکەم. گوتی سوپاس، ڕاستی بیر هەر لە زەردەشت و دایکی دەکەمەوە! بە ئومێدی ئەوەی ئەمشەو بتوانم پارچەیەکی شایستە، بۆ نووسینەوەی دەرگای ئەو بەیانییە خەمناکەی بە ڕووی خەمە دووبارەکانمدا کردەوە، بچنم! ئەو دیمەنە خەمپژێنەی خەجۆی، هەتا مردن لە یادەوەریم نابێتەوە! ئەو کاتەی خۆزگەی بەو مراویانە دەخواست بەسەر ئاوەکەدا دەفڕین و لە قوواڵایی بێچووە ماسییان دەردەهێنا! زەردەشت، خۆی بە خەونەکانمدا هەڵواسیووە، دەڵێ هاتووم لە پاکی ئاو تێبگەم! پەریەکانی دەریا، لێرە فێری هێمای فەنابوونی پاکم دەکەن، لە سەرەوە پەیامی حەقیقەت وەرناگرن! لەنێوانی مەخلوقاتی

وشکانی و حەقیقەتدا هەمیشە مەودایەکی زۆر زۆر هەیە. زەردەشت هەموو وجوودی داگرتووم. زەردەشت ئەو شیعرە پڕ لە ژانەیە کە هێشتا نەمبووە، خەریکم دەیخەمە بیلبیلەی پیتەکانمەوە! ئەمشەو ژانی لەدایکبوونی ئەو شیعرە پڕ لە ژانە بۆ زەردەشت و کەرتبوونی دڵی خەجۆی گرتوومی!

پیرەمێردەشاعیرەکە دوای چەند ڕۆژێک، قەولی خۆی بردەسەر و، شیعرەکەی بۆ خوێندینەوە:

لە چلەی خنکانی زەردەشتی جوانەمەرگدا

زەردەشت، کۆرپەی جوان و خرپن
هاوناوی زەردەشتی چاک بوو
کوڕی بەهرامی ژێهاتی و
خەباتکاری ڕەوشتپاک بوو
ئەویش وەک بابی وەک داکی
وەک هەزاران کوردی هەژار
لە کوردستانی تورکیا
لە دەست زۆرو زەبرو زەنگی
دیکتاتۆری میلیتاریست
چەکی دەستی ئیمپریالیست
ماڵ وێران بوو
.هربەدەرو سەرگەردان بوو
اریک و ڕووتی بەیانی
ەواردەی نۆقەمبەری ساڵی
ەشتاو سێ و هەزارو نۆسەد
ش ماندووبوونێکی زۆرو
ڕەوێکی دوورو درێژ
ناو دۆڵ و چیاو هەردی
دەڵانی هەورازو لێژ

لە پاش دەربازبووون لە داوی
قەرەقۆڵی ڕەزا قوورس
لە گشت ترس
زەردەشتی جوان و خۆشتڤی
زەردەشتی تەمەن هەشت هەیف
حەیف، حەیف
هەزار حەیف
لە سەر سنوور
لە ناوەندی ئاوی خابوور
لەسەر کەڵەکی تێکشکاو
تەژی قوڕاو
لە دەست داکی پەڕی
شڵپ کەوت و
دەمودەس وندابوو
ئەستێرەیەک بوو ئاوا بوو!
خەجۆ، دایکی جگەرسووتاو
زۆر بە هەشتاو
خۆی خستە ئاو
دنیای لە پێش ڕەش و شین بوو
هۆشی لەسەر نەما، دین بوو
ئاگری حەسرەت، جەرگی سووتاند
مێشک و هەست و هۆشی تاساند
گریا بە سۆز گریا بە تاو
لە تاو مەرگی
لەتی جەرگی
دڵی بەردی دەکرد بە ئاو!
هۆ خەجۆ خوشکا من خەجۆ

هەروەک گرانە دەردی تۆ
دەردی مەژی هەمی گرانە
زۆر بە ژانە، خەفەت مەخۆ
خەفەت خواردن بێ هوودەیە
پێم ناڵێی کێ ئاسوودەیە!
ماڵوێرانی میللەتی کورد
لە سەرتاسەری کوردستان
هەر لە گەرمێن هەتا کوێستان
لە چنگ تورکی میلیتاریست
سەگی پاسی کۆلۆنیالیست
عێراقی چەپەڵی فاشیست
ئێرانی پڕ کەڤنپەرست
گوهی دنیا تەژی دکا
نەفرین ژ خوێنمژی دکا
خوشکا دەلال
هەروەک زەردەشتی بچکۆلە
دەیان زارۆک دەیان ڕۆڵە
لە (داکان)و لە (سۆریا)
ژگەل داک و باب و کالان
بە دەستی چەپەڵی شەقی
بە ناهەقی
خڕ ئاگریان تێبەردرا
هەروا لە (قارنە)و (نەغەدە)
زارۆک و لاو پیرو پیرەک
خەڵکی بێ تاوان و بێ چەک
بە ناڕەوا
خوێنیان ڕژا

جا بۆ ئەوەی زارۆک نەمرن
ڕووداوی وەک خابوور نەبێ
کێڵگەو باغ و ڕەز نەسووتێ
وڵات چیتر خاپوور نەبێ
کورد لە کوردستان دەرنەکرێ
نەکرێ بە (سیگان) و (قەرەج)
بۆ ئەوەی قەت ببرای ببڕ
مەم لە زینی بە دوور نەبێ
بۆ ئەوەی تا ئازاد بژین
سەر بڵندو دڵشاد بژین
دەبێ مەردانە تێکۆشین
تا سەرکەوتن
چەک دانەنێین
چەک دانەنێین.

قامیشلی – ۱۹۸۳/۱۲/۲۳ دڵزار

١٤

ماوەیەک بوو ئەو پرسیارەی لەخۆی دەکرد: دەبێ هۆکار چیبێت، قەدەرێکە ئەمنەکان بانگم ناکەن! ئەتۆ بڵێی ڕیشوەتەکان جێگای خۆیان گرتبێت یان نزاکانی سەر بەرمالّی نوێژەکانی حاجیژنێ گیرابووبێت!؟ جار نا جارێک، بانگکردنەکانی پێشووی وەک تارمایی خێوێک، خۆی پیشان دەدا. تا ئێستاش پێکەنینە قێزەون و ناوەخندارەکەی ڕائید منعمی بیرنەچۆتەوەو لە گوێیدا دەزرینگێتەوە کە بچووکترین ئاکاری مرۆڤانەی تێدانەبوو. تاکە مێردەزمە بوو لە ژیانیدا هەموو هۆشو ئاوەزی بۆ ماوەیەکی درێژ، داگیربکات!

ئێوارەیەکی ئەوەندە ساردە، تفی هەڵباوێی دەمەیی. قیسی زیندەوەرەکانیش خۆیان بۆ شوێنی حەوانەوەی شەوان هەڵدەکوتن. ژاوەژاوی دەنگەزبرەکان بەدەم داکردنی ئاژەڵەکان و بانگکردنی یەکتری، وژەوژی ڕەشەبای گوێسوانەکان و شۆڕابەی هەورەئاوسەکان، تێکوەشان و پڕووشەباران! زۆربەی جارەکان خەڵکی گوندی بەو شەوەتاریک و سەرماو تووشانەیان دەگوت: بە خوای شەوی پێشمەرگەیە! شەوێکی تووش و ئەنگوستەچاوە. پاش ئەوەی هەموو شەوێ، تاریکی، چواردەوری گوندی گەمارۆ دەداو گوندی قووت دەدا، حاجی عەولا بۆ ماوەیەک دەکەوتە نێو بیدەنگییەکەوە، پاشان لەناکاو داوای ڕادیۆکەی دەکرد بۆ ئەوەی گوێ لە چالاکییەکانی پێشمەرگە بگرێ. دوای چەندجار سووڕاندنی میلی ڕادیۆکەو هەڵکێشان و داکێشانی ئالیارەکەی، لەبەر تەشویش و هانی هانی، نێوە نێوە .ەیخستە بناگوێی، بەڕوونی گوێبیستی هەواڵەکان نەدەبوو، بە ناچاری ادیۆکەی دادەخست. بۆ خۆدزینەوە لە دەست نەهامەتییەکانی ڕۆژگار،

پەنای بۆ خەوتن دەبرد. شەو لە نیوەی تێپەڕیبوو، سەگوەڕێکی زۆر توند بوو، دەم لە دەمێ زیاتر هەنگامەو غەڵبەغەڵب لە لای مااڵی موختاری زیاتر دەبوو. هێندەی نەخایاند قیژەی ژن و منداڵیش گوندی لە دادو فیغان پڕکرد. هەر بابایە لە مااڵی خۆی دەردەکەوێ و هەر بە ڕێگاوە جەمەدانی و پشتێنیان دەبەست و بەرەو مااڵی موختاری خۆیان بە کۆاڵنە تاریکەکاندا دەکرد. حاجی عەوااڵش تەبای خەڵکی ئاوایی، خۆی گەیاندە مااڵی موختاری. کاتێک کە موختاریان بینی، هەموو سەروگوێاڵک و شانی ڕاستی بەخوێن بوو. دوو سێ کەس خەریکی بەستنەوەی سەروگوێاڵکی موختاری بوون. هەواڵیان دەدا خوێنەکەی بوەستێنن. هەرکەسێک وەژوور دەکەوت بە چاوی ئەبڵەق و سیمایێکی حەپەساوەوە لەو دیمەنەی موختاریان دەڕوانی. حاجی عەوااڵش بەجۆرێک شۆک ببوو، وەک لە بانێکی بەربووبێتەوە. تاو نا تاوێک چەخماخەی بروسکێک کۆاڵنەکانی گوندی ڕووناک دەکردەوە. خزمو کەسەکانی موختاری مقۆمقۆیان تێکەوت، قسەکانیان تێکەاڵوپێکەاڵ بوو، بە زمانێکی شکاو و ڕەنگێکی پڕ لەترس و پەڕیوەوە، چاویان لە حاجی عەوااڵی دەکردو دەیانگوت: گورگ لە کۆزی خۆمانە! بەاڵێ، ئەگەر دووپشک لەنێو ئاگردانی خۆمان نەبێت، لەو هەموو مااڵەی ئەو گوندە قەوغەیەی، چۆنیان زانی ئێرە مااڵی موختارییە؟! لەگەاڵ ئەو قسەیە، زۆربەی خەڵکی گوندی تەماشای حاجی عەوااڵیان دەکرد!

ئەو پرچک و پەالرانە وەک گەزارەی[1] مارانگەستە، حاجی عەوااڵی بریندار دەکرد، بێئەوەی نەخشێکی لەو کارە هەبێت و تەنانەت هەر ئاگاداریش بێت! ئەویش سایلی خەڵکی ئاوایی نەیدەزانی ئەوانە کێن ئەو کارەیان کردووە. خزمەکانی موختاری، تاوەکو دڵنیاتر دەبوون پێشمەرگەکان گوندیان جێهێشتووەو لەو نێوە دوورکەوتوونەتەوە، گەرموگوڕی و جۆشی تۆڵەی عەشایەرییان زیاتر هەڵدەکشا! بەیانی ڕووناک داهات، ئەو کاتە زاندرا چی قەوماوەو موختار چی

[1]- گەزارە: مارانگان، مارانگەستە، شوێنی پێوەدراو بەمار، شوێنی گەستراو.

بەسەرداهێندراوە، چونکە کەسوکاری موختاری دەیانووبست ئەو ئەتککردنە پەردەپۆش و دیزەبەدەرخۆنە بکەن، ئەو گوێ کونکردنەیان پێ نەنگی و کەسری شان بوو!

چەند ساڵێک بوو پێشمەرگە وەک تەمبێکردنێک، جاش و موختارە جاسووسەکان و ئەو کوردانەی دەبوون بە ئەڵقە لەگوێی بەعس، کارتی باری شارستانیان لەلایەن حکومەت کون دەکرا. پێشمەرگەش، بۆ ئەوەی هەم تەمبێیان بکەن و هەم خیانەتکاران بناسرێنەوە، وەک مەڕی دروشم بکەن، بە قەوانی فیشەک گوێیان کون دەکردن! چەند موختارێکی جاسووس گوێیان کون کرا، ئی هێندێکیان هەر لەبنەوەڕا گوێیان بڕدرا، هەندێکیشیان، لەوانەی دەستبەرداری هاوکاری دامودەزگا هەواڵگری و داپڵۆسێنەرەکانی بەعس نەدەبوون، کوژران.

ئەمشەو، دەستەیەک لە پێشمەرگەی نەناسراو موختاریان لەنێو جێی خەوتن ڕفاندو تفەنگەکەشیان لێستاند. لە دەرەوەی گوندی، لەدوای لێدان و تەمبێکردن، بە قەوانی گوێی ڕاستیان کوون کردبوو، پێیان ڕاگەیاندبوو لە ئێستادا بە گوێ کونکردن وازت لێ دێنین، بەڵام ئەگەر تەمبێ نەبی و دەستبەرداری ناپاکی نەبی، دڵنیابە جاری داهاتوو دەتکوژین!.. لە شانسی حاجی عەولای، لەو کاتەدا هێشتا هەواڵی هاتنە نێو شاری عومەرو عەزەخڕەی، ئەوزارو زاری دەکرد! خەڵکی شاری، هەر سپیکارێک، پیشەوەرێکیان بە بەرگی کەسابەتەوە دەبینی، بەچاوی پێشمەرگە لێیان دەڕوانی!

بەیانی، ئەو هەواڵە وەک ئاگرو پووش وڵاتی داگرت. هەرکەسە لەخۆیەوە دەیگوت: عومەری حاجی عەولایە ئەو کارەی کردووە لە تۆڵەی بەگرتندانی سەبری هاوسەری، گوێی موختاری کوون کردییە. ئاخر موختار لەگەڵ ئەمنەکان چووبوو بۆ گرتنی سەبری. بێئاگا لەوەی عومەری حاجی عەولای، بیست ڕۆژەڕێ دووڕەو لە وڵاتی سووریا خەریکی هێنانی چەکە. رائید منعم و داروودەستەکەی چاک دەیانزانی عومەرو دەستەکەی ڕۆیشتوون بۆ شوێنێکی نادیار، چونکە لە هەواڵیان

بێئاگا بوون. دەشیانزانی ئەو پێشمەرگانەی گوێی موختاریان کوون کردووە کێن و لە کوێوە هاتوون، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵکی گوندی بەگژ یەکدا بکەن، تۆوی دوژمنایەتی کەسی و عەشایەری بچێنن. هەر زوو بە موختارو کەسوکاریان ڕاگەیاند ئەوان زانیاری وردیان هەیە ئەو گوێکونکردنە عومەری حاجی عەولایە، لەوی زیاتر کەس ئاوا بەئاسانی دەستی ناگاتە ئێوە. ئێمە وەک حکومەت ئەو هەقەتان پێدەدەین هەرچی لە دەستتان دێت بەرامبەریان بیکەن!

دوو شەو دوای کونکردنی گوێی موختاری، کەسوکارەکەی و چەند کەسێکی سەر بە ئەمن، هەڵیانکوتایە سەر مالّی حاجی عەولای و بەو شەوە مالّیان دایە بەر دەستدرێژی گوللان. سەفەری کۆڕی حاجی عەولای بە سووکی ڕانی چەپی بریندار بوو. بەیانی خزمو کەسوکاری حاجی عەولای حاجەتان هەموویان گردبوونەوە بە حاجی عەولایان گوت: وەک ڕۆژی ڕوون دیارە کاری کێیەو کێی لە پشتەوەیە، چاک دەزانین ئێمە دەرەقەتی حکومەتێکی ئاوا نایەین! وەک دەڵێن سەگ بە هێزی کلکی ئێسکی دەشکێنێ! ئەوانەش حکومەتیان لەپشتە، دەنا پیاوی دەست و تفەنگێ نین، خەڵک هەردوولامان باش دەناسن، چما حکومەتیان لەپشت نەبێ، خوێیان تێبکەی زاتی ئەوە دەکەن خۆیان لە قەرەی تۆ بدەن! جوان دیارە حوکمەت دەستیان لەپشتێ دەدەن و بەگژ ئێمەیاندا دەکەن. چەندین دووژمنایەتی کۆنیان بۆ خەڵکی نوێ کردۆتەوە. یەک لە ڕیشسپیەکان گوتی: ئەنگۆ دەزانن، چەند ساڵێک بوو دووژمنداری مالّی عەلی سەرزینی لەگەڵ ئەحمەد چەلاوی، هەردوولا یەکەو زەلامێکیان لێ کوژرابوو. بۆیە تا ڕادەیەک وازیان لە یەکتری هێنابوو. مالّی عەلی سەرزینی، تاقە یەک کەسیان نەبوون بە بەعسی و جاشی حوکمەتی. دائیرەی ئەمن چوونە بن کڵێشەی مالّی ئەحمەد چەلاوی، چەکداریان کردن، دەستیان لەپشتی دان و لەدژی مالّی عەلی سەرزینی تیژیان کردن، بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەوەیان لێبکەنەوە کە نابنە بەعسی! خەڵکی ناوچەکەی ئێمە زۆرباش دەزانن مالّی ئەحمەد چەلاوی،

ئەگەر بە دەستو قامی خۆیان بێت، ناتوانن خۆیان لە قەرەی مالّی عەلی سەرزینی بدەن! ئەوەبوو، بە نوێژی نیوەڕۆ بە بەرچاوی خەڵکیەوە منداڵێکی دوازدە سالّانی مالّی عەلی سەرزینیان لە مەکتەبێ دەرهێناو بە بەرچاوی دایکییەوە گوللەبارانیان کرد! بە هیچ مەزەندەیەکی دوژمنایەتی، منداڵێکی پۆلی پێنجی سەرەتایی بە بەرخوێن ناکەوێ و کارێکی ئەوپەڕی نامەردانەیە. لە بەرامبەر ئەو ئیشە نامەردانەیە، حکومەت، یەک ڕۆژیش نەیانگرتن، هەتتا دەستخۆشییان لێکردن و ئەو منداڵەیان بە پێشمەرگە ئەژمارکرد، سەرباری ئەو نادادییەش، لە وەفاتنامەکەیدا، تەمەنی ئەو منداڵەیان گەورە کردەوە! هەر بۆ ئەوەی منداڵکوژەکە نەگیرێت و پێشمەرگایەتییەکە بەسەر منداڵەکەدا ساغ بکەنەوە.. جا، دڵنیابە ئەو بڕیارە قوولّتربێتەوە، هەمان شت بەرامبەر تۆش دەکەن، وەک دەڵێن زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە هەر قازانجە! ئێمە بەباشی دەزانین و داوات لێدەکەین مەڕۆ مالّاتەکەت بفرۆشەو لە شاری خانوویەک بکڕەو خۆت خڕکەوەو گوندی بەجێبهێڵە، شار گەورەیە، بنیادەمی تێدا ون دەبێت. لە گوندی، پیاو وەکو گای قەش لە دوورڕا دیارەو هەموو دەمێ لەبەرچاوانە!

حاجی عەولا بە دەنگێکی کزو خەماوییەوە گوتی: خزمینە ئێوە پێم بڵێن، بەرهەمی مالّداری و خاکەساری چەند پشتی بابو و باپیرانم بۆ کوێ بەرم؟ پێوانی ئێمە لەو گوندەی، بە گوریس و سەدە هێستڕە، کوا لەگەڵ مەتر مەترۆکەی شاری یەکدەگرێتەوەو ڕادێین؟! ئاخر، بنەچەمان لەو گوندەی بڕاوەتەوە، ئەوەتا قەبرەکانیان هەر ماون! دەستاڕو جۆنی گەنمکوتانەکە ئەگەر زمانیان هەبوایە پێیان دەگوتن چەند پشتە ئێمە لێرەین، ژنانی ئەو بەرەبابەی گەنمیان لەنێو کوتاوین و ساواریان تێدا لێکردووین! خزمینە دڵنیام لە شاری دەمرم! ئاخر ئەمن و شاریان نەگۆتییە! چوون بۆ شاری، خۆ هاویشتنە زاری عەزیایە بە زیندوویی چاوان! لە دوای ئەوەی دەتکرۆژی و دەتئەنجنی، وەختێک دەتفێنێتەوە خێری هیچت پێوە نەماوە!... لە بەینی ئەو حەوش و حەسارە بەرزانە،

ئیدی پەیوەندییەکت بە خاک و ئاو و ئاسمانەوە نامێنێ! شتێک نامێنێ بە خاکی خۆتەوە بتبەستێتەوە! بچم بۆ شاری، زەلیل دەبم و دەمرم، بەڵام ئەقڵی زۆران لە ئی کەسێکی باشترە بە قسەتان دەکەم و ئەو پیاڵە ژەهرەی دەخۆمەوە!... ئەو ڕۆژە تا ئێوارە هەر لە هاتوچۆو تەگبیری چوونەشاریی حاجی عەوڵایدا بوون!

زەردەپەڕی ئەم ئێوارەیە خۆینی تێزاوە، خۆر چاوی سوورهەڵگەڕاون! باروبنەی هەڵتەکانی خێزانێکی پێچایەوە. شینی دابڕانی حاجی عەوڵای حاجەتان لە کولەکەی ڕوحی، لە زێدو مەوتەنی، لێرەوە دەست پێدەکات! خەڵکەکەش تاسەبارانە گوێیان بۆ ئەو ئازارنامەیە گرتبوو! ئەوەی بەرامبەر ئێمە کرا، دەستدرێژیکردنە بۆ سەر یاسا مەزنەکانی سروشت و مافی مرۆڤ لە تاوانە گەورەکانە!

ڕۆژی دوایی، حاجی عەوڵا مێگەلەمەڕەکەی دۆبڕ[1] فرۆشت، گوێباڕی لە دەرکێ نەهێشت[2]. پەڕەسێلکەی بنمیچی ژوورەکان، چێرەی هیجرەتیان دەژەنی. تەمی خەمێکی خەست ڕووخساری خەڵکی گوندیی داگرتبوو، گوند پڕبوو لە بۆنی حوزن و فیراق! ئەوەی زیاتر خەڵکی ئاوایی نیگەران کردبوو دیمەنی ناخەژێنی هاتوچۆی دێوەی و پشیلەسوورە خورماییەکە بوو، لە ژووری دەهاتنە دەرێو بەپەلە دەچوونەوە ژووری، دەتگوت دڵیان خەبەری داوە خێزانێک بە هەموو یادگارییەکانییەوە لە باریەک هەڵدەوەشێندرێت و دەستی زوڵم، گوندبەدەریان دەکات!... پیشلەکە، وەک پاڕانەوە خۆی لە بەلەکی خەڵکەکەی دەسویی و داوای دەکرد ئەو کۆچە ڕاگرن!... ئایشەکوڕانی، بەرلەوەی کڕیارەکان مێگەلەمەڕەکەی ڕابدەن، وەک شێتان بەنێو مەڕەکاندا دەگەڕاو هەرجارەی نێوچاوانی مەڕێکی ماچ دەکردو لاچاوو

---

[1]- دۆبڕ: فرۆشتنی تەواوی مێگەلەمەڕ یان مەڕو ماڵات، بەجۆرێک کە یەک سەر لەو ماڵاتە بۆ ماست و دۆی ماڵی خۆی نەهێلێتەوە.

[2]- گوێباڕی لە دەرکێ نەهێشت: گوێباڕ، وشەیەکی لێکدراوە لە (گوێ) و (باڕ) دروست بووە، ئاماژایە بە ئاژەڵی وردە و درشتە. واتا: هیچ زیندەوەر و ئاژەڵی لە ماڵیدا نەهێشت.

گوێی بە ڕوومەتی دادەهێنان بە تایبەتی بەرانە کەویسارەکە، چونکە لەوکاتەوەی هێشتا بەرخ بوو، متووی خۆی کردبوو و نانی توربێنی شوانی دەدایێ. هەناسەیەکی ساردی هەڵمژی، سەری هەڵبڕی نزاو گلەیی لە ئاسمانەکان کردو داوای کرد ئەو غەدرە ڕاگرن! بیکەنە خاتری سروشکی پشیلەسووڕەی کە لە حەژمەتی چوار بێچووە دوورخراوەکانی هەڵیاندەڕێژی! ئایشەکوڕانی پەنای بۆ شمشاڵەکەی برد بۆ ئەوەی وەڵامی سکاڵای پشیلەکە بداتەوە کە دەیگوت: ئەو یادەوەرییەی لە من جێماوە، هەموو قەڵەمی دنیا، ناتوانن گوزارشتی لێبکەن. سکاڵای ئەو ڕۆحە هەلاهەلایەم بە ملی کام سیمورغەدا بکەم، لەو ژێرزەمینە تاریکەدا بیباتەوە سەر دونیای ڕۆشن؟ نامەی ئەو دڵە بریندارەم بدەمە کام پێغەمبەر، بیبات بۆ بارەگای یەزدان؟ ڕسپاردە بریندارەکانم بە کامە تەتەردا بنێرم مەعبەدەکانم بۆ پڕ بکەن لە سکاڵا!؟ من پشیلەیەکی گوندیم، هاتم چوار بێچووم لەم جیهانە دڵڕەقەدا خستەوە، کە مافی هیچ بوونەوەرێک زامن نییە، بە ئێمەی پشیلەشەوە، ئێستا کاتێ ڕۆڵەکانم هەڵەتە بووی دوورگەی خەمن، پەڕاگەندەی سەر زەمینی فەرهوودو نادادی و خەمن، چوار بێچووەکەی ناو هێلانەی ئومێدی من، من دڵنیام ئەو بریندەم چڵک دەکاو بە ئازاری ناو هەر چوار دەلاقەی جەرگم میاوەی بێ دایک و باوکەکان قولاب لە جەرگم گیر دەکەن، تا کات بەرەو پێشتر دەچێت لە غوربەتی بێچووەکانم تیشکی ئەو دوو چاوە تەڕەم ئاگر دەگرێ.

ئەتۆ بڵێی سەدای کەباری بەیانی، بەچکەی مژدەم هەڵبستێنێ، بەر لەوەی لە سەرمای چاوەڕوانیدا ڕەقهەڵێم!؟.

ئای خۆزگە بمتوانیبا، چی خەیاڵی پڕ لە ئازار هەیە جێی بهێڵم، تابلۆی یادەوەرییەکانی زەینم کاڵ بکەمەوە، لەگەڵ ئەو دۆزەخە ڕابێم و، لە مەنجەنیقی گەردوونداسەر لەنوێ تێهەڵبچمەوەو ژیانێکی لە نوێ دەست پێبکەم!

لەناکاو دەنگێکی میهرەبان، دووجار بانگی کرد، ئایش وەرە کچم لە

کوێی؟ ئەو ژنەی، دڵەکەی زۆر لە گەڕەک گەورەتر بوو، لە شارێک میهرەبانتر بوو. سەلاریی، هێندەی پانتایی مەزراو پەڵەگەنمەکان دەبوو. لە بەخشندەیی و نیانیدا، بنەچەی دەچۆوە سەر ئاوریشم!

زۆربەی ژنی گوندی، لە بەردەستی کاریان دەکرد بۆ تێکنان و پێچانەوەی ئەو کۆچبارە. حاجی ژن هەمیشە لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئاخر کەی خودا بەردارە ئێمە زێدی لە دایکبوون و منداڵی و گەنجی خۆمان بەجێبێڵین، بەرهەمی ئەو هەمووماڵداری و خاکەساریەی چەندین ساڵەمان ئاوا بە فیڕۆ بڕوات؟ ئەوجا ئەو میرەماڵە، کوا لەو خانوانەی شاری کە دەڵێی قوونەگۆلکە جێگای دەبێتەوە!... بەو هۆکارە، ناچار بوون ئەو ئامێرو کەرەستانەی لە شاری پێویستیان پێی نابێت، وەک سێپێک، کونده، دۆدان، مەشکە، سەرەند، بێژینگ، زین، کورتان، سمتەکی تەون، سەوەشیر، دەستاڕو ئەو لانکەی چەند منداڵی تێدا گەورە کردبوو! جێ بهێڵێ. بە چاوی تەڕی دیاربوو حەسرەت و کوڵ و کۆڤانی بۆ ئەو کۆچە، لە ناخەوە داغانی کردبوو! لەبەرەخۆشیەوە زوو زوو دەیگوت: دەی! هەر خودابکات منداڵەکان و حاجی عەولا سەلامەت بن، ئەگەر پەڕەتیرەکم لە ماڵێ بۆ دەرنەچێ و هەمووی بفەوتێ، ناکاتە پەنجەیەکی ئەوان.

خەڵکی گوندی بە ژن و پیاوەوە بەوپەڕی نیازپاکی و ڕاستگۆییەوە دەیانگوت: حەیف! حاجی عەولا باجی پیاوچاکی خۆی دەدا، نەیانهێڵا سێبەری حاتەمیانەی بەسەرمانەوە بێت!

حاجی عەولا هەر بە دوو ڕۆژان، لە شاری خانووییکی کڕی و لۆریەکیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا ماڵەکەی لێ باربکات. زەردەپەڕی ئەو ئێوارەیە، هەورە خەمناکەکانی لای خۆرئاوای خوێناوی کرد! حاجیژن و ئایشەکوڕانی، قوڵپی گریانێکی قورس قوڕگی گرتبوون. خەڵکی گوندیش چاوەکانیان تەڕ تەڕ ببوون و بە دڵێکی لەتلەتەوە ماڵەکەیان لەگەڵ بارکردن. پشیلە سوورە خورماییەکە جنجڕۆکی لەو بەستەنوێنانە دڕدەکرد کە جاجمەکانیان تێوەرپێچرابوون، وەک ئەوەی نەهێڵێ

باربکەن! ئەوەش، هێندەی دیکە دڵی خەڵکەکەی بریندارەدەکرد!... لە لۆچەکانی ڕوومەت و نێوچاوانی حاجی عەوڵای، لە گەڕو پێچی مێزەری، لە دڵ و دەروونی ماندووی، گریان و بابەڕۆیەکی بەکوڵ، سەرەتاتکێی دەکرد، بەڵام، وێقاری پیاوانەی دەیشاردەوە! بۆنکڕووزی هەناسە و هەڵقرچانی جەرگی، ئاسمانی ئەو گوندەی تەڵخ دەکرد! هاوگوندییەکانی، زۆر بەنابەدڵ ماڵەکەیان بۆ بارکرد. ئەوشەوە، ماڵی کچەکانی حاجی عەوڵای، یەک کەسی دیکەی نەدەبرد بۆ گەردن ئازادکردنی یەکتری. بەیانی حاجی و حاجیژن لە پێشەوەی لۆریەکە، ئایشەکوڕانی و سەفەری برایشی، لە دواوەی لۆریەکە سوار بوون. لەسەر داوای ئایشەکوڕانی، چەندجار پشیلە سووڕە خورماییەکەیان بۆ دەخستەوە نێو لۆرییەکە، لێ بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو، جێی هەواری چوار بێچووەکەی جێ بێڵێت و، خۆی هەڵدەدایەوە خوارێ. بەڵام دێوە بە دوای لۆریدا غاریداو جار نا جارێک دەحەپی، وەک ئەوەبوو لێیان بپارێتەوە: توخوا بەجێم مەهێڵن!

خەڵکی گوندی بەکوڵو دڵ بۆ ئەو دیمەنە دەگریان و دەیانگوت، ماڵی حاجی عەوڵای موستەحەقی ئەو گوندبەدەرکردنەی نەبوون، گوندەکەمان بە حاجی عەوڵای حاجەتان دەناسرا، ئێستا بەبێ سەر ماینەوە، تازە لە توانای کێدایە وەک وێ، کۆمانکاتەوە!

ئایشە کوڕانی شمشاڵەکەی دەرهێناو تێی تووڕاند، هەوایەکی لێدا، ڕبوو لە حوزن و ماتەم. دێوەش، قەرە بە قەرەی[1] لۆریەکە ڕایدەکرد. بەنی دوورکەوتنەوە لە گوندی، هەناوی ئایشەکوڕانیی بەجۆش بنابوو، زارکی شمشاڵەکەی ڕوو پێ لە گوندی کرد، حەیرانێکی پڕاوپڕ غوربەتی هەڵدا. لەمبەرو لەوبەری ڕێگاکە، بستەزەمینێک نییە شەکوڕانی یادگاری لەگەڵیدا نەبێ. شمشاڵەکە، حەیرانێکی یەکجار

---

[1] قەرە بە قەرە: غاردان یان ڕۆیشتنی دوو کەس یان دوو ئاژەڵ بە هاوتەریبی، نیشت یەکەوە، پا بە پا و لە نزیکی یەکتریەوە.

غەمباری هەڵدا[1]:

حەیران ئەنگۆ زەینی خۆ بدەنێ، ئێوارە ڕۆژ گەلە درەنگە، مارەکیان لێنا کەس نەیگێڕاوە.

حەیفێ من ئەو حەیفە دیوەخان و قۆناغی حاجی عەولای حاجەتان چۆڵ بووەو کوندەبۆی لێ دەخوێتن، لە منی خانەوێران دەبێتەوە غەرابگە[2]و کەلاوە!

لێم دەپرسین دەیانگۆت: هەواریان دەچێتەوە هەولێرێ، شارەکی دیمەکارو پشتاوە!

دێوەشیان هەر بەدواوە بوو. ئایش، ئەو سەگەی بۆیە ناو نابوو دێوە، بە ناوی دێوەی هەوەڵێی کردبووەوە.

شۆفێری لۆریەکە لە ئاوێنە بینی سەگەکەی مالّی حاجی عەولای هەر بە دوایەوەیەو یان قەرە بە قەرەی ڕادەکات. بەو سەرمایە زمانی بستێک دەرهێناوەو هەناسەی سوار بووە. ڕاکردنی ئەو سەگە بە دوای خاوەنەکەیدا، لەسەر هەستی شۆفێرەکە زۆر کاریگەر بوو، بۆیە بە بیانووی ئەوەی گوایە چاو لە تایەی لۆریەکەی دەکات، لۆرییەکەی ڕاگرت، بۆئەوەی ئەو چەند چرکەیە، سەگەکە تۆزێک بحەسێتەوە.

چاڵ و دەستەندازی[3] ڕێگاکە، یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی لۆریەکە لەسەرخۆ ڕێ بکات. لەگەڵ چاڵەکان، حاجی و حاجیژن سەریان بۆ ئەملاو ئەولا دەلەقی. سەرمایەک بوو، هەڵمی هەناسەیان دیوی ژوورەوەی شووشەکەی تەڵخ کردبوو، نێوە نێوە شۆفێرەکە بەو پارچە پەڕۆیەی لەسەر داشبوڵەکە داینابوو، شووشەکەی دەستڕییەوە بۆئەوەی پێش خۆی باشتر ببینێ، پاشان پەڕۆکەکەی دەدایە حاجی عەولای بۆ ئەوەی ئەویش بەرچاوی خۆیان بسڕێ.

---

[1]- شمشاڵەکە، حەیرانێکی هەڵدا: مەبەست لەوەیە کە حەیران، بەس تەنیا بە گوتن و بە دەم ناگوترێ، بەڵکو بە زوڕنا و بە شمشاڵیش دەگوترێ، بەڵام کەمتر.

[2]- غەرابگە: خەرابە، وێرانە.

[3]- دەستەنداز: چاڵ و چۆڵیی ڕێگاو بڵیند و نەوبی، ڕێگای ناڕێک و ناتەخت.

حاجی عەولا بە حاجیژنێی گوت: وەک برایمی مەلا زێندینان لە ساردترین شەوی چلەی زستانێ، لە یەکەم شەوی بەندرخەی[1] دەرکراین لە مەفتەنێ!

شۆفێرەکە تا گەیشتنە قەراخ شاری چەند جارێک لۆری ڕاگرت، هەر جارەی بە بیانووی کارێک، هەر بۆئەوەی سەگەکە لەگەڵیان دەربیات و لە قەراخی شاری جێی نەهێڵێ. نزیک ئاوەدانی، ڕەوەسەگێکی بەڕەڵا، ڕێیان لە دێوەی گرت و گەمارۆیاندا، نامۆیی و گەلەکۆمەیان لێکرد، دێوەش ڕووی لە هەریەکێکیان دەکرد تەنها بەرگەی یەک ڕاوەشاندنی دەگرت، هەر زوو بە قووڕانەوەیەک ڕادەست دەبوو و هەڵدەهات، بەڵام توانییان وای لێبکەن لۆریەکە ون بکات! لەنێو جەنجاڵی شاری، بۆئەوەی خۆی بپارێزێ، هەرجارەی خۆی لەبەر ئۆتۆمبێلێک لادەداو دەچووە سەر شۆستەو بن دیواران، ئەوە وای کرد ون بێت و سەرگەردانی کووچەو کۆڵانەکانی شاری ببێت!

حاجی عەولا وایدەزانی ئێستا هەموو خەڵکی گەڕەک دێنە پێشوازی و کەلوپەلەکانی لەگەڵ دادەبەزێنن، بەڵام لە خۆی و حاجیژن و سەفەرو ئایشێ و شۆفێرەکە زیاتر، کەسێک نەهاتنە یارییان. بە هەر پێنجیان کەلوپەلەکانیان دابەزاند. زۆر شەکەت و ماندوو بوون. پارەی کرێی شۆفێرەکەی داو بەڕێیانکرد. حاجی عەولا لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئا ئەبەوەی دەڵێن مردن، کاتێک لە خزمو کەس و هاوسێکانت دایانماڵی، ئەوکات بە هیواشی دەمری! وەرە ئایش شمشاڵەکی لۆ بابی خۆت لێدە! ئەو خەمە، جیا لە ڕۆژەکانی دیکە، شمشاڵی دەوێ! شمشاڵەکەی ئایشێ، بەیتی فرمێسک و هەنسکی دابڕانی دەگێڕایەوە! حاجی، فرمێسکی بە ڕیشە ماشو برنجییەکەیدا دەهاتنە خوارێ!

دوو ڕۆژان لە مااڵێ نەچووە دەرێ، سێیەم ڕۆژ، تا سەری کۆڵانێ ڕۆیشت، لەبن دیواری مزگەوتێ، چاوی بەو پیرەمێردانە کەوت بە چەند قۆڵ دامەیان دەکرد. وردە وردە لێیان نزیک بووەوە، گوێی لە مەلای

[1]- بەندرخە: حیسابێکی چلەی زستانە، بەند و بەندرخە، ساردترین شەوی چلەی زستانە.

بوو: ئادەم لە هیندوستانێ حەوای لێ دابڕا، دوایی لە کێوی عەرەفەی بە یەکتری شاد بوونەوە![1] حاجی عەولاش لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئەگەر ئادەم زیندوو بێتەوە، دەبێ مەراقی هیجرو دابڕان لەمن فێربێت!... ئێستاکە من، نقومی گێژەنێکم، وڕو کاسی کردووم، خۆمم تێدا ون کردووە، بوونم، لە گوندی بەجێما. من لە هاودەمیی گەنمی قەندەهاری و جۆی شەشپەڕو هەرەوەزەوە هاتووم، بەسەر زەمینێکی وشک و قاقڕدا کەوتم!

حاجی عەولا، لەبن دیواری مزگەوتێ، مقەبایەکی لەبنە خۆی دانابوو، لەنێو دوکەڵی جگەرەو تەمی مەراق و قورسی نیگەرانییەکانی بۆ دابڕانی لە گوندی، سەیری پیرەمێردە دامەزەنەکانی دەکرد. ماتی و بێدەنگی، ڕووخساری حاجی عەولای داپۆشیبوو، گێژەنی هەستێکی ناخۆش لەگەڵەخۆی لوولی دەدا. هەرکاتێکیش کە بۆ مالێ دەگەڕایەوە، حاجیژن فرمێسکەکانی بە بیانووی پیاز وردکردن، لە هەمووان دەشاردەوەو دڵی حاجی دەدایەوە: خۆت نیگەران مەکە، دنیا بە ئومێد خوراوە، دوعای بکە خوا ساتران نەدا! حاجی عەولاش، دەیگوت: عافرەت، چیمان ماوە لە دەستی بدەین؟ چرای هەڵێنە گووی تێدا ماوە!

لە هەریەکێکی ئەو خێزانەت دەڕوانی، وەک ئەوەبوو تازە جەنازەی ئازیزترین کەسی خۆی لە پێش هەڵگیرابێت، دەموچاویان دەتگوت خۆڵ و دۆی پێداکراوە! هیچیان بەو ژیانەی شاری قایل نەبوون، ڕاهاتن لەگەڵ نەزمو ڕەسمی شاریدا زۆر ئەستەم بوو. خۆیان وەک باڵندەیەکی تەرەی بێ ناوو نیشان و لاکەوتەو لانەواز دەبینی. لە حەسرەتی ژیانی سادەی گوندی، بۆنسۆیان لە هەناوی دەهات، ژیانی شاریان وەک غەریبایەتی دەبینی. بێزیان لە ئاوی تام کلۆر دەبووەوە. لەگەڵ ئەو لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی و دەرو دراوسێیەتییە، ژینگەی دووکەڵاویی، هۆڕنی ئۆتۆمبێل، بۆنی بەنزین، تێکقڕژانی نێو بازاڕی ڕانەدەهاتن و بێزاربوون. حاجی دەیگوت: ناکرێ باران بەڕێژنە ببارێ و

[1]- سەرچاوە: بڕوانە کتێبی تاریخ دمشق، جلد۷، ابن عساکر، ص٤٣٧

گوێم لە ڕمبەی کوتانەوەی سەربانەکان نەبێت! بۆئەوەی گوێی لە دەنگی ترپەی باران بێت، لە کاتی خەوتن سەری بەلای پەنجەرەکە دەکرد و، تەشتێکی گەورەی لە دیوی دەرێ لە نزیک پەنجەرەکە، دەواونخون دەکردەوە، ترپەی دڵی بارانی چەند بەرابەر گەورەتر دەکرد، ئەوەش ئاسوودەیی دەڕژاندە سەر هەستەکانی و سووکنایی دڵی پێدەهات، کاتێک بەیانی هەڵدەستا دەیگوت: ئەمشەو بارانی چاک باری، خودا بکات گوندەکەی خۆمانی گرتبێتەوە! ئەگەر خزمێک یان هاوگوندییەکی، بە سەردان دەهاتە لایان، هەرچواریان دەوریان دەداو لە زاری ڕادەمان، وەک لە شوێنێکی پیرۆزەوە هاتبێت، خۆزگەیان پێ دەخواست! پرسیاری گەورەو بچووکی خەڵکی گوندیان دەکردو هەواڵی پشیلە سوورە خورماییەکەشیان لێدەکرد، ئاخۆ لەدوای ئەوان چی دەکات و کێ خواردنی دەداتێ!؟ ئەو هەموو خانوبەرەو حەسارە فراوانەو بیرو ئاو و زەوی کشتوکاڵی و دەشتی کاکی بەکاکییەی جێیانهێشت، داخێک بوو بەسەر دڵیانەوە، هەمیشە چاویان لە ژیانی گوندی بوو، ئاواتیان دەخواست ڕۆژێک دابێت بگەڕێنەوە سەر زێدو واری خۆیان. حاجی عەولا بە داخ و کەسەرەوە دەیگوت: لە مابەینی ئەو چوار دیوارانە، لێم یەقینە ڕۆژێک بەبێ ئەجەل دەمرم! چوارپینەم بکەن[1] دوو ساڵیدی ناژیم! دەنگی حاجیژنێ، لەنێو خەیاڵەکانی دەریهێناو گوتی: حاجی نیو کیلۆ گۆشتی قیمەکراومان بۆ بێنە، شفتەتان بۆ دەکەم. حاجی عەولا نیو کیلۆ گۆشتی قیمەکراوی لە قەسابەکەی سەری کۆڵانێ کڕی و بەرەو ماڵ بووەوە، گۆشتەکەی لەنێو لەپی دەستی دانابوو، بڵندو نەویی پێدەکردو هەڵیدەسەنگاند، وەک ئەوەبوو بیەوێ بزانێ نیو کیلۆ چەندە! بە هەناسەیەکی ساردەوە گوتی: لە گوندی، کاتێک

---

[1]- چوارپینەم بکەن: جلوبەرگ، بەر لە هەرشوێنێکی، سەرئانیشک و سەرئەژنۆکانی دەدرێن. جا، بۆئەوەی جلوبەرگەکە تەمەنی دریژ بێ و زۆرتر بەرگە بگرێ، هەردوو سەرئانیشک و هەردوو سەرئەژنۆکانی بە جوانی پینە دەکرێت. ئامازەی ئیدیۆمەکە، بەرگەنەگرتنە لەبەر کارێک، ستەمێک، هەرشتێک کە لە تواناو قەوامی کەسەکەدا نەبێ.

گیسکێک، کاوڕێکم دەکوشتەوە، ئەمن دوو هێندەم گۆشت هەر دەهاوێشتە بەردەمی تاژییەکان! دەبا وات لێبێت حاجی عەولای حاجەتان! گوشتی بە نیو کیلۆ بکڕی! بەوەی دەڵێن زەلیل و ڕەزیلبوون. ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ مردنێکی بەهیواشییە! ئای خوایە ئێمە چ گوناهێکی کەبیرەمان کردبوو؟ چما کەس کوڕی پێشمەرگە نەبوو ئێمە نەبێت!؟ حاجیژن ڕووی لە حاجی عەولای کردو گوتی: لە دو چووان مەچوو! بیرێک لە داهاتوو بکەینەوە باشە. حاجی عەولا گوتی: ئافرەت، مرۆڤ ئەگەر مەوتەن و ڕابردووی خۆی ون کرد، ئەوا خۆشی ون دەکات!

*

چەند مانگێک بوو مااڵیان لە شاری بوو، ئایشەکۆرانی، لە ڕووخساری باوکیڕا دەیزانی هەواڵێکی پێیەو لەوی دەشارێتەوە. بۆیە هەمیشە لەسەر هەست بوو، بەڵکو بۆ دایکی باس بکات. ئەوەبوو لە دەرفەتێکدا خۆی دزیەوە چووە بەرهەیوانەکەو هەستی ڕاگرت. حاجی عەولا لە حاجیژنێ نزیک بووەوەو ئاوڕێکی بۆ بەرهەیوانەکە دایەوە بۆئەوەی دڵنیابێتەوە ئایش گوێی لێ نییە، بە حاجیژنێی گوت: حەز ناکەم ئایش بزانێت، ئەمڕۆ لە سێکوانی سەیان[1]، لە کەلوپەلی کۆنەی مااڵنم دەڕوانی، هەر ئەوەندەم زانی سەگێک خۆی پێدادام، کۆنەفڕۆشەکان گوتیان: ئەوە سەگە هارەکەیە، بینیم دێوەی خۆمان بوو، هەر خەریک بوو لە خۆشیان بمخوا! کلکەسوورتەی بۆ دەکردم، وەک ئەوەبوو زۆر شتی هەبێت بۆ گوتن. دیاربوو ئەویش لە ئاکامی ئەو کۆچە شەکوای حاڵی خۆی دەکرد! ئایشەکۆرانی، ناوی سێکوانی سەیانی لە زەینی خۆیدا هەڵگرت. ئەوشەوە تاکو بەیانی، لە فکری ئەوەدابوو، ئاخۆ سێکوانی

[1]- سێکوانی سەیان: شوێنێکە، دەکەوێتە بەینی قەاڵت و ئیدارەی قەزای هەولێر. نزیک تەکیەی شێخ مستەفای. لە کۆندا، بەستێکی چۆل بووە، قەسابەکانی هەولێرێ، ئێسک و پاشماوی ئەو ئاژەاڵنەیان لێ فڕێ دەدا، کە سەریان دەبڕین. سەگە بێلانە و بێخاوەنەکان، لەوێ کۆدەبوونەوە. بۆیە، ناویان نابوو سێکوانی سەیان. دواتر، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ساحەی کرینان. ئێستا، چونکە کۆنەی مااڵنی لێدەفرۆشرێ، پێیدەگوترێ دەاڵڵخانە.

سەیان کەوتبێتە کام لای شاری! بەیانی خۆر هێشتا تاق و پەنجەرەکانی قەڵاتی پیرەهەولێری ڕوونـاک نـەکردبووەوە لـە خـەو هـەسـتا، جەمەدانییەکەی لەسەری ناو پشتێنەکەی لەپشتێ بەست، شمشاڵەکەی لەبەرپشتێنەکەی ڕاکرد. لـە چـاوەڕوانی ئەوەیدابوو دوای نـانی بـەیانی، بـاوکی گۆپاڵەکـەی دەستبداتێ و بـۆ لای پیرەمێـردە دامەزەنـەکانی بـن دیـواری مزگـەوتێ بکەوێتـە ڕێ. ئـەو چاوەڕوانییـە زۆری نـەبـرد، ئـایش ڕێگای بازاڕی گرتەبەر. ئەوەندە بەهەشتاوی ڕێی دەکردو نێوەنێوەش لە خـەڵکی دەپرسـی: سـێکوانی سـەیان لـە کوێیـە؟ هـەر بـە پرسیـاران و ڕێنمـایی خـەڵکی، خـۆی گەیاندە سـێکوانی سـەیان. ئـەو نێـوە پڕبـوو لـە کەلوپـەلی کۆنـەی فڕێـدراو. کۆنـە کورسـییەکی سـێ قـاچی دۆزییـەوە، دیـاربوو ڕۆژگـار قـاچێکی لـە بنـڕا شـکاندبوو. چـاوی گێـڕا، سـەرنجی کەوتـەسـەر لادیـوارێکی دوو ڕیـزی، قاچەشـکاوەکەی کورسـییەکەی خسـتەسـەر لادیوارەکـەو لـە سـەری دانیشـت. شمشـاڵەکەی دەرهێنـاو کەوتە ژەنینی. ئەو هەوایەی لێدا کە لە تووتکەییڕا دێوەی لەگەڵ گەورە ببـوو و گـوێی لەگـەڵی ڕاهـاتبوو، ئـەو دەنگـە سـەرچاییە ڕەسـەنە ئەفسـووناوییە، فوغانێک بـوو دڵی وەک بـەردی دەکـرد بـە ئـاو، ئـازای دەویست خۆی لەبەر بۆنکڕووزی ئەو سووتانە ڕابگرێ و چـاوی تـەڕ نـەبن! لوولـەی شمشـاڵەکەی بـۆ ئاسـمانێ بـەرزکردەوە، ئـەو ئـاوازەی ژەنی، کە هەموو جارێ لە ئاقاری گوندی، دێوەی پێ بانگ دەکردەوە. زۆری پێنەچوو، لەوکاتەی ئایشەکوڕانی لەلای پێشەوەی دەڕوانی، دێوە لەلای پشتەوەڕا بە هەناسەبڕکێ ئامبازی ئایشەکوڕانی بوو، دەستی بـە لێسـتنەوەو خـۆ تێهەڵسـووینی کـرد. یەکـەم جـار بـوو بـەو شـێوەیە کلکەسـووتەی لەبەربکات و لـە جۆشـو خرۆشانێکی پڕ لە تامەزرۆییدا ڕایەڵو پۆی هەموو جوولەکانی لـێ تێکچووبوو. ئـایش، دوو سـەپکی بـە دەستی خۆی بۆ کرد بوو، هەڵیدانە پێشـێ، بـەڵام لەبـەر ئـاوێزان بـوونی ئایشـێ، هـەر خۆشـی لـێ بـەخودان نـەکرد بیـانخوا! هـیچ دایـک و فەرزەنـدێک ئـاوا یـەکتری بـۆن ناکـەن و یـەکتر بـەخۆیانـەوە ناگووشـن!

چەند جارێک، ئایشێ شمشاڵەکەی بۆ زاری دەبردەوە، دێوە بەدەستی شمشاڵەکەی لێ بەردەدایەوە، بەمانای ئەوەی هێندە تامەزرۆی ئایشێیە، جارێ لە شمشاڵەکەی گەڕێ! دێوە دەیویست ئایشە کوڕانی لەنێوە خۆیدا بیتووێنێتەوە یان خۆی لە باخەڵی ئایشێ نقوم بکات. بەشێوەیەک بەرامبەر ئایشەکوڕانی هەڵتووتەکابوو، هەناسەیان تێکهەڵدەنگوت. پەنجەکانی ئایشەکوڕانی، دووبارە لەسەر کونی شمشاڵەکە کەوتنەوە شایی، ڕیزە فرمێسک لە چاوەکانی دێوەیدا قەتارەیان بەستبوو. دەمێک بوو گوێی لەو ئاوازە ئەفسوناوییە نەگرتبوو، کە لەگەڵی گەورە ببوو، گوێیەکانی پێی ئاشنا بوون و بەنێو دەمارەکانیدا ڕۆدەچوو. وەک ئەوەبوو گۆرانییەکەی مشکۆی بۆ بڵێتەوە:

لە دەردو میحنەتی فیرقەت
گەلێ لەم ژینە بێزارم
گەلێ لەم حاڵە بێزارم

ئایشێ بەو هەوا غەمگینە، هاواری ئازارنامەی هەڵتەکانی خێزانی کوردی بە گوێی دێوەیدا دەدا. دێوەش بە چاوێکی لاکەوتەو نیازمەندانەی پڕ لە ئەشکەوە باگۆی ئەو هاوارەی ئایشەی دەدایەوە. ئەو، لە هەموو کەس زیاتر لە شیوەنی شمشاڵەکەی ئایشێ حاڵی دەبوو، چونکە لە تووتکییەوە، بەو هەواو هاوارە فرچک درابوو و، ببووە بەشێک لە ژیانی. ئایشێش، دەتگوت تاڵێک لە بەهرەی حەزرەتی سولەیمانی تێدابێت بۆ تێگەیشتن لە زمانی ئاژەڵان! ڕۆچووبووە نێو ڕۆحی دێوەی، کە پێیوابوو دەڵێ: ئەو ڕۆژەی لە قەراخ شاری، سەگەلی بەرەڵا لە ئێوەیان دابڕیم، ڕانەهاتبووم وەکو سەگەکانی دیکە هەرچی بەردێکی دەستدایەو ڕایهاڵاندمێ، لەترسان لەبەری هەڵبێم و پشتیان تێبکەم، دەستم لەبەردەکردنەوەو پێیان دەحەپیم و ڕامااڵم بۆ دەبردن. زۆریان کوچکەبەرد پێدادام، نە لەگەڵ سەگە بەرەڵاکان و نە لەگەڵ منداڵە بەدفەڕەکانی شاری، ڕادەهاتم. کلکەسووتەم بۆ کەس نەکرد،

چونکە کەسیان شایانی نەبوون. لەوەتای سنوم[1] هاتۆتەوەو خۆم ناسیووە، جەزرەبەی ئاوام نەدیبوو. ئەوشەوە لەتاو بەردەفڕکێی منداڵەکان، خۆم لەسەر پاشوان ڕانەدەگرت، هەرکەسێک چاوی پێم دەکەوت دەیانگۆتمێ ئەوە سەگەهارەکەیە! چیبکەم، ئەوان وەک تۆ لێم حاڵی نەبوون پێیان بڵێم: ئەمن هار نیم، ئەوە ئێوەن هارتان کردووم! داخەکەم، کەسایەتی چەندە سەنگین و بەهەیبەتت هەبێت، لەکۆتاییدا کە گوتیان (سەگ) بە سووکی چاوت لێدەکەن! ئێستا لەلای هەموو کەسێک وەک ڕۆژی ڕۆشن دیارە، سەرچاوەی هەرچی خراپەکاری و بەدبەختی ژیان هەیە، لە ستەمکاری و ملهوڕی مرۆڤەکانەوەیە! ئێمەی ئاژەڵیش هەر بە ئاگری ئەوانەوە دەسووتێن و پەراگەندەی شوێنان دەبین. ئێمە، دزی ناکەین، گیرفانمان نییە بۆ پارە، چاڵ بۆ یەکتر هەڵناکەنین، بەخیلی بە یەکتر نابەین، پاشقول لە یەکتری ناگرین، بۆ خۆمان سەرنابڕین. ئێمەی سەگ لە زۆربەی ئاژەڵەکان زیرەکترین. بە دانپێدانانی مرۆڤەکان، ئێمە لە هەموو بوونەوەرێک نمەکناس و بەوەفاترین. تۆ لە هەمووان باشتر دەزانی لە تەمەنی یەک ساڵیمەوە نەمتوانیوە پشوو بدەم. نە شەو نە ڕۆژ کاتی حەسانەم نەبووە، ئەوەی هەموو ئەو ماندوێتییەی دەحەساندمەوە تەنها خۆشەویستی و خاوەنداری تۆ بووە. ئێستا ئەوەی لێرە دەمبینێ بە چاوی سەگەبەرەڵایەک چاوم لێدەکات، نازانن هەموو ئەو سەگانەش چیرۆکی تایبەتی بەخۆیان هەیە! کێ دەزانێ لە گوندی و لە شەوە تاریک و ئەنگوستەچاوەکان پاسی مێگەلەمەڕێکم کردووە! شەوانی سایەقەو سەرما خەو لە چاوانم دەزڕاو لە دەرەوە لە سەر شەختە وەردەکەوتم، خەڵک لە پرخەی خەودا بوون و لەنێو جێ و بالینگانی گەرم، کاتێک هەستی گورگم دەکرد بەو شەوە ئەنگوستەچاوە ڕاماڵم دەبردێ و نەمدەهێڵا تاقەگیسکێکی بەرێ. خاوەن مێگەلەکان بەس پەنجەرەیان دەترازاندو سەرەتاتکێیان دەکردو دۆیهاو

---

[1]- سنو: سنوهاتن. بەو گۆڵەسەگە دەگوترێ کاتێک ئەندامی جووتبوونی پێدەگات. نیشانەیشی ئەوەیە کە کاتی هەڵمیزتن، لاقێکی دواوەی بڵند دەکات.

دەیکسکسێکی دەکردمێ، بۆ ئەوەی ڕشتی زیاتر بکەین. بە ڕۆژ، تەنانەت مریشک و جوجەڵەکانی خاوەنمان بە خاوەن دەکرد. جووجکە مراوییەکانیشمان دەپاراست، نەبادا بکەونە ژێر سمی هێسترو ئەسپەکان، ڕامدەدان بۆ شوێنێکی ئەمین. لەپای ئەو هەموو دڵسۆزی و خاکەساریيەشماندا، ئەگەر کەسێک زۆر خراپ بێت پێی دەڵێن: دەڵێی سەی! وەکو سەگ دەتتۆپێنم! شەڕی برای خۆمان پێ دەکەن، یەکترمان پێ دەخنکێنن، ئەوەی دۆڕا حەسیرمەیدانی دەکەن، منداڵەورتکانی گوندی تێبەردەدەن و بە بەردەفڕکێ لە گوندی دەریدەکەن. مرۆڤەکان بەو هەموو بەدکاری و ئاکاردزێوییەی خۆیانەوە دەڵێن: ئێمە لە ئەشرەفی مەخلوقاتین، پاشای هەموو بوونەوەرەکانین، خودا هەموو بوونەوەرەکانی بۆ ئێمە موسەخەر کردییە!... ئێمەی سەگیان پێ گڵاوە، دەستمان بە هەرکوێ بکەوێ بە قوڕەسۆرو حەوت ئاوی ڕوون گڵاویی لێ دەردەکەن. ئەو سەگە بەرەڵایانەی دەیانبینی، نانی چاوشۆڕی دەخۆن، چاویان لە دەستی قەسابەکانە، هەندێک ئێسکیان بۆ فڕێبدەن. ئەو پیاوە ڕەقەڵەی شەودرەنگان لە مەیخانە دەگەڕایەوە، لەلای من هەڵوێستەیەکی دەکرد و دەستی بەسەری دادێنام، ئێسک و خواردنی بەرماوەی مەیخۆرەکانی بۆ دێنام، منیش وێستم چاکەیەکی لەگەڵدا بکەم، بارتەقای ئەو نانە بێت کە بۆم دێنێ، لەگەڵیدا ڕۆیشتم بۆ ئەو گەراجەی کەلوپەلی کۆنەی مالانی لێ دەفرۆشێت. ئەو شەوانەی درەنگ لە مەیخانە بێتەوە، دڵم لەلایەتی، بەدوایدا دەچم و لە بەردەرکی مەیخانەکەدا چاوەڕوانی دەبم، نەکا لە شوێنێک بکەوێ. لەسەر تەختەیەکی ڕەقوتەقی کۆنەی مالان دەخەوێ، منیش لەلای پێینگانی وەردەکەوم. ئەویش وەکو خۆم بێکەسەو چیرۆکی ئەو تەنهاییەی یەکجار بەسوێ و بەئازارە. ئەولای وایە ئەو خودایەی ئەو دەیناسێ، لەو کەسانە نزیک نییە کە دڵیان ڕقی تێدایە، گەر شەو و ڕۆژ لە سوجدە و ڕکوعیشدا بن. پەسنی ئەو باوەڕە ناکات کە جیاکاری لە بەینی ئاژەڵەکاندا دەکات، هەندێکیان پێ پیرۆزەو هەندێکیشیان لا گڵاوە.

دەڵێ هیچ گڵاوییەک سەر پێست نییە، گڵاوی لە دڵی خودی مرۆڤەکاندایە، بە قوڕاوێک و حەوت ئاوان پاک نابێتەوە! لە هەموو شوێنێک چاکەکارو خراپەکار هەن، ناکرێ بەهۆی خراپەکارێکەوە بڵێین هەموو کەس خراپەکارە! هەرمرۆڤێک ئەگەر ئاکاری لە دەستدا، واتا هەموو شتێکی لە دەستدا. هەزار قسەی جوان و شانامە، بە کارێکی باش ناگات! ئەو پیاوە، خوێنشیرین و ژیانتاڵە، بە سیمایەوە دیارە بەرداشی زەمەن هاڕیویەتی، بۆیە بۆتە هاودەمی مەی. گێژەلوولکەی نەهامەتییەکانی ڕۆژگار هەزار گەڕو پێچی پێکردووە، تا لە پایزی تەمەنیدا، لەو گەراجەی سێکوانی سەیان گیرساوەتەوە. شەو کە مەست و کەڵەلایە، بەرلەوەی لەسەر تەختەکەی ڕاکشێ و بنوێ، بۆ ماوەیەک چاوم لەسەر هەڵناگرێ، دەستی میحیبەت دەخاتە سەر سەرم و بەدەم جووڵەی دڵنیایی سەرم ڕادەژەنێ و بە زەردەخەنەیەکەوە دەڵێ: شەوشاد ئازیزەکەم، خەوێکی خۆش و ئارام!

ئەگەر دادپەروەری لەو دنیایەدا هەبووایە، ئەو پیاوە خاوەنی جوانترین مەدالیای ئازەڵدۆستی دەبوو. بەیانیان کە هەڵدەستێ، بەیانیباشم لێدەکات و خەمەکانی لەگەڵ لێفەکە قەد دەکات. گەر بتەوێ لە سەرگوزشتەی پەراگەندەبوونی ئەو پیاوە بزانی، ئەو دەفتەرە بۆرەی لە ژێر سەرینەکەیدایە، بخوێنەوە، کە شەوانە، لەبەر شەوقی لامپا کزەکەو لەنێو دوکەڵی جگەرەدا، نەهامەتییەکانی مێژوویەکی پڕ لە غەدر و بەدبەختیی تێدا یاداشت دەکات. جاروبار، سەری بادەدات و لەبەرخۆیەوە دەڵێ: ئەو ئازارەی من چەشتوومە لە دووتوێیی چەند دەفتەرێکدا تەواونابێ و نابڕێتەوە، ئەو یادەوەرییە تاڵانەی لە من بەجێماون، هەموو قەڵەمی دنیا دەرەقەتی نایەن! ئێستا چ مێژوویەک بنووسمەوە! کە هەمیشە ڕق تێیدا براوەو خۆشەویستی دۆڕاوە! ئینجا، دەفتەرەبۆرەکەی بە یەکدا دەداتەوەو دەیخاتە ژێر بالیفەکەی. لەسەر گازەرەی پشت ڕادەکشێ، جگەرەیەکی دیکە دادەگیرسێنێ و چاو بەمۆلەق لە ڕابردوو و لە داهاتووی ڕادەمێنێ و، خەوەکوتکەی

خەمەکانی دەیباتەوە. ئەوڕۆژەی تا دوالاپەڕەی دەفتەرەکەی پڕاوپڕ دەکات لە نووسینەوەی ئەو غەدرانەی ڕۆژگار لێی کردووە. ڕۆژێک بەر لە هاتنی جەژنی نەورۆز، لە نێوەڕاستی حەوشەی گەراجەکە، بە کەلوپەلە شکاوەکان ئاگرێکی گەورە دەکاتەوە. دەست بۆ دەفتەرەکە دەبا و بەنقەنق دەڵێ: بە من هەڵناگیرێ یەکجار قورسە! بانگی یەکێک دەکات یارمەتی بدات دەفتەرەکەی لەگەڵ هەڵگرێ و بیباتە سەر ئاگرەکە. هەرکەسێک گەر لێی دەپرسێ: ئەو دەفتەرە چی تێدایە بە یەک کەس هەڵنەگیرێ!؟ دەڵێ: هەرچی غەدری قورس هەیە لە دوو توێی ئەو دەفتەرەدایە! پشتم لە بنیدا دەشکێ و بۆم ناگاتە سەر ئاگرەکە بیسوتێنم! کاتژمێری سەردیوارەکەشی دادەگرێ و دەیخاتە سەر ئاگرەکەو دەڵێ: ناتوانم لەگەڵ دزێکدا لە ژوورێکدا ژیان بکەم! ئەو سەعاتە لەعنەتییە، لەوەتای هەیە تەمەنمان لێ دەدزێ، وەکو دزێک دەبێت سزای خۆی وەرگرێ! دوکانداری گوزەرەکەو یەک لەویدی دەپرسێ: ئەو چرەدووکەڵە چییە وا ئەو نێوەی داپۆشییوە؟ گەنجێک گاڵتەجارانە دەڵێ: جەنەڕاڵی کۆنەفرۆشە، دیسان زوڵمی زەمەن دەسووتێنێ! ئەوە نییە سبەینێ نەورۆزەو سەری ساڵە، لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزێ، دەفتەرێکی نوێ دەستدەداتێ و دەستدەکاتەوە بە نووسینەوەی غەدری مێژوو! بە بۆنەی هاتنی بەهار کووپەیەکی ئاوی کڕیبوو، لەگەنێکی لە ژێر کوپەکە داناوە، وەک فرمێسکی پیرێکی زونهارو کەنەفت، دڵۆپ دڵۆپ بەبێ ئۆقرە دەهاتنە خوار. کووپەکە تک تک ئاوی دەپاڵاوت، منیش وەک چاڵاوکی سەگان ئاوی نێو لەگەنەکەم خواردەوە. جەنەڕاڵی کۆنەفرۆش بە تووڕەیی گوتی: ئاوی ژێر کووپەکە مەخۆوە، چونکە دارماڵە لەفرمێسک! هەرگیز بە فرمێسکی خەڵکی دیکە، تینوێتی خۆت مەشکێنە! وەک پەشیمان بێ، لەو تووڕەبوونەی دەستی لەسەر سەرم داناو گوتی: ئازیزەکەم دنیا لەگەڵم دڵڕەق بوو، ڕۆژێک بە ڕوومدا پێنەکەنی، قەت زەردەیەکی نەهاتێ، گیانەکەم لە دڵی مەگرە کە هەندێک جار لەخۆم و لە دنیا تووڕەم، بە پێچەوانەی ئەوانەی لە

زۆربەی دەوروبەریان تووڕەن تەنها لە خۆیان ڕازین!

ئایشەکوڕانی، هێندە بەقوڵی ڕۆچووبووە نێو ژیانی ئێستای دێوەو جەنەڕاڵی کۆنەفرۆش، نەیدەزانی چ وەختێ ڕۆژێبە، لەناکاو، لەگەڵ دەنگی مەلای مزگەفت و تەکبیەکەی نزیک سێکوانی سەیان، لە خەیاڵ و گفتوگۆی خۆی و دێوەی بەئاگا هات، بەپەلە شمشاڵەکەی خستەوە بەرپشتێنی و دەستی میهرەبانیی لەسەر سەری دێوەی باداو گوتی: دێوە دەتبینمەوە دڵنیابە!... ئیدی ئایشەکوڕانی بەپەلە بەرەو ماڵ بووەوەو دێوەش، بۆ گەراجەکەی.

حاجیژن بە حاجی عەوڵای گوت: دەمێکە گۆشتمان نەخواردووە سەروپێیەکی بێنەوە! ئەویش، بە ئاماژەی بەڵێ، سەری خۆی لەقاند. ئەو داواکارییە، لە ناخەوە هەزارو یەک غایلەو بەراودرکاری بە دڵیدا گوزەری کرد، ژیانی گوندی و ئێستاکەی، تەتڵە دەکرد، گلەیی لەو چارەنووسە ڕەشەی ئێستای دەکرد: مردن چەندان جۆری هەیە، ئەو مردنەی ئێمە لە هەموو مردنەکانی دیکە جیاوازترە! ئاخر، ساڵ نەبوو چەندان سەروپێ نەدەینە دەستەنگ و هەژارەکانی گوندی، کەچی ئێستا بۆ خۆمان موحتاجی سەروپێیێکین. لەسەر ئەو دەوڵەمەندی و هەبوونەی گوندی، ئێستا کەوتووینەتە سەر ساجی عەلی!

ئەو ڕۆژە سەروپێیەکی کڕی و بەرەو ماڵ بووەوە، هەرکە گەیشتەوە نێو حەساریێ، سەروپێیەکەی لە ژێر پێپلیکانەکان داناو بە حاجی ژنێی گوت: ئەوەتا سەروپێم لە ژێر پێپلیکانەکان داناوە! ئایش، هەر زوو غاریدا سەروپێیەکەی لە گونیەکە دەرهێنا، لەگەڵ یەکەم نیگای، هاواری کرد: ئەوە سەری بەرانە کەویسارەکەی خۆمانە! هێندێک مینگەمینگی بە نەغمەی گریان کرد. دایک و باوکی و سەفەری بۆ یەکێ هەستان و چوونە لای سەروپێیەکە، بینییان ئایش ڕاست دەکات، دروشمی کونی گوێی ڕاستی، هیچ گومانێکی بۆ نەهێشتنەوە. ئایش بە دایکی گوت: توخوا بەرلەوەی چاکی بکەی، بۆ دواییجار با شمشماڵێک بڕێ کەللەسەری بەرانە کەویسارەکەم لێبدەم، بە یادی جاری جاران و وەکو

دواپین مالئاوایی! ئاخر ئایش لەسەر هەق بوو، بە دەستی خۆی ئەو بەرانە، کاتێک کە بەرخەساوا بوو، فرچکی دابوو. پانتایی و بەشێکی گرنگی لە ژیانیدا گرتبوو!

سەروپێیان لەنێو تەشتێکی گەورە دانا. ئایشەکورانی، وەک پیشەی هەمیشەیی، غەمەکانی لە لوولەی شمشاڵەکەیرا بەبا دەکرد، فوغان و گەرمەشینی هەڵدەدا. ئایش لە ئەندێشەو خەیاڵیدا، هەر بەیادی جاری جاران، بەجۆرێک خۆی تەڵقین دەکرد، وەک بەرانەکە زیندووبێ و لەگەڵ لاوانەوەی شمشاڵەکە فرمێسکان دادەبارێنێ و بە نۆرەی خۆی، چیرۆکی پەراگەندەبوونی خۆی بۆ ئایشێ دەگێڕێتەوە!

حاجی عەولا ڕووی لە حاجیژنێ کرد: خێراکە ئەو سەروپێیەی لەبەردەمی ئایشێ هەڵگرە، هەتا بە شمشاڵەکەی ئاوری لە هەموان بەرنەداوەو بە گریان خۆی کوێر نەکردووە!... ئایش، هەروەک تازییەباران لەسەرچاوان لێی ڕاکشا. کاتێک نانو چێشت سازکرا، دایکی چەندی بانگی کرد، ئایش گوتی: لە من گەڕێن، ئەگەر بشمرم لە برسان ناتوانم گۆشتی سەری برای خۆم بخۆم! ڕۆژێکی خەمناکیان بەرێکرد. بۆ تەواوی خێزانەکەو بە تایبەتیش ئایشەکورانی، ڕێکەوتێکی زۆر ناخۆش و پڕئازار بوو.

هەموو شەوان تا کاتی نووستنێ، هەر چواریان دەوریان لێک دەدا، وەک ئەوە بوو دەوریان لە جەنازەی ئازیزێکیان دابێت، ئاوا مەلوول دادەنیشتن، سەفەر گوتی: سەیرم پێ دێ، وەک گولی دوورئاوایی بین، کەسێک سەردانمان ناکات! دایکی گوتی: کوڕم چما نەتبیستووە: هەتا گندۆر گندۆر بوو، خزمێ مە گەلەک زۆر بوو، گندۆر هاتنەبڕانێ خزم هاتنە قڕانێ! حاجی گوتی: ئافرەت خەڵک ناهەقی نییە نەوێرن سەرمان بدەن، ئەوەی کوڕی پێشمەرگە بێت وەکو بەرمیلی باروتییە، کەس ناوێرێ تخونی بکەوێت!

باری ئەو خێزانە خراپ کەوتبوو، جەستەیەک بوو دابێژراو و بە برین، هەرکوێ دەستیان لێدەدا دەکولایەوەو هەررۆژەی بە ئازارێک

دەتلانـەوە. بـەهاران، خانـەوادەی حـاجی عـەولای بـەبێ ماسـتی مـەڕ ناتوانن بژین. حـاجی خۆی گەیاندە ئـەو شـوێنەی خـەڵکی گونـدی، بـە تێڕی پڕ لە مەنجەڵەماستی مـەڕی، بۆ فرۆشـتنی مەنجەڵـەماستەکانیان، لێی دادەبـەزین. خـەڵکی گوندی کـە چاویـان بـە حـاجی عـەولای کـەوت، شاگەشکە بوون لە خۆشیان یەک پێ لەبەری بڵند بـوون و یەکتریـان لـە ئـامێز گـرت، هـەواڵی یـەکترییان پرسـی. مەنجەڵـەماسـتێکی گـەورەی هەڵگرت و گوتی: ئەو مەنجەڵە هی کامەتانـە؟ دەیویست پارەکـەی بداتـە خاوەنەکەی، هەزارو یـەک سـوێندی لـێ خـوارد کـە پـارەی لێوەرنـاگرێ. دوای دەبێ و نابێیەکی زۆر، هـەردوولا رێک کـەوتن یەکـەمجار پـارەش وەرنەگرن ئاسـاییە، بـەڵام لێرە بـەدوا دەبـێ پـارەی لێوەربگرن. خـاوەن ماستەکان گوتیان: ئەتۆ هەقت بەسـەر یەک بەیەکمانەوە هەیە، ئێمە مـاڵی خۆمان لەگەڵ تۆدا جودا نەکردۆتەوە! حاجی عەولا بە مەنجەڵەماستەوە لـە مـاڵی خۆیـان بـە ژوورکـەوت، ڕووی لـە ئایشـێ و حـاجیژنێ کـرد: ماستی مەڕی سـەر بـەسـەرتووی گونـدی خۆمـانم بۆ هێنـاون! بـا بـزانم کامەتان دەزانێ ئەو ماستە هی کامە ماڵەو کام کابـان هـەوێنی کردییـە؟! حـاجیژن یـەک دوو مـاڵی هەڵـدا، هیچیـان نـەبوون. ئایشـەکـوڕانی لـە مەنجەڵ و پەڕۆی سەرماستەکەو بەنەکـەی وردبووەوە کـەوچکێکی پڕ لـە ماستی خستە زاری، چـاوی خستنە سـەرێەک و زەینـی کۆکردەوە، کەوچکی دووەمی بۆنکرد بۆ ئەوەی زەینی پـەرت نـەبێ، چـاوی هـەڵێناو گوتی: ماستی مێگەلەمەڕی ماڵی حەمەدی عەولا خەزارێیە، پوور لـەعلی هـەوێنی کردییـە، مـێگەلە مەڕەکـە ئـەو ڕۆژە لـەلای کەنـداری سـۆر لـەوەڕاوە. گیـاوگوڵی سـەر پـەرۆ ماسـتەکەی بـۆنکردو گـوتی: ئـەو گیاگەنمەو کەنێرو کوریکەحاجیلانە، ئی گەڕێ نیسکانە. گیاوگوڵی سـەر مەنجەڵەماستەکان کە حـاجی دەیکڕین، هەتتـا وشـکیش بـوو و ببوونـە پووشـو قەسـەڵ، بەڵام ئـایش هەمـوو جـارێ دەیکردنـە دەسـک و بـۆنی پێوەدەکردنو دەیگوت: بۆنی ئاقاری خۆمانی لێدێ! بۆنی مەوتەنی بـابو باپیران چەند خۆشە، هیچ عەترێکی دەستکردی دنیای ناگـاتێ! نەمردبـام

جارێکی دیکە خۆم لەنێو کەنێرو حاجیلەی گەڕێ نیسکان بگەوزاندبا، خەفەت و مەراقی شاریم لێ تەکابا! هەرچەند جاری حاجی عەولا ماستی گوندی بکڕیبایە، ئایش گیای سەر مەنجەڵەکانی دەسک دەکرد، شەوان لەسەر سەرینەکەی بۆنی پێوەدەکردو پر بە هەناسەی هەڵیدەمیسی: بۆنی پیرەمەفتەنی لێدێت، لە بۆنی سەرگەردانی شاری بێزارم بێزار!

هەموو ئەو ڕێکەوتە چاوەڕوان نەکراوانەو، چیرۆکەکانی ئەو کۆچەو، لێکحاڵیبوونی ئایشەکوڕانی و دێوەو، شمشاڵەکەو بەرانی کەویسارو، جەنەڕاڵی کۆنەفرۆش و سووتاندنی دەفتەری یادەوەریەکان و، ژیانی کولەمەرگی ماڵی حاجی عەولای، نزیک بوون لە سنووورەکانی ئەفسانە. ئایشەکوڕانی، لەوەتای بەهار هاتبوو ڕۆژ نەبوو بە باوکی نەڵێ و داوا نەکات سەرێکی گوندی بدەنەوە، بۆ دڵنیابوون لە خانووەکان و ئەو هەموو کەلوپەلەی جێیانهێشتبوو، پشیلە سووورە خورماییەکە، خوشکەکانی، ماڵی باوکی سەبری، بزانین ئاخۆ چییان بەسەرهاتووە! ئەو ئێوارەیە، حاجی عەولا هەرێی بە ئایشێ دا بەیانی، لەگەڵ گەڕانەوەی پیکابی گوندەکەیان، دەچینەوە گوندی، سەرێک لە خانووەکان دەدەین، شەوێش لەلای کچەکان دەمێنینەوە. ئایشەکوڕانی ئەو شەوە خەوی لێنەکەوت، لە مابەینی خەو و بێداری ئەو شەوەی ڕۆژ کردەوە. لە خەیاڵ و ئەندێشەیدا دەیویست هەردووک چاوەکانی پڕکات لە تەماشای گوندەکەیان، پڕ بە سییەکانی بۆنی بەهاری ئەو دەروودەشتە هەڵمژێ، خۆی لەنێو تۆڵەکەو گیاگەنمەو کنێرو حاجیلەی گوندی بگەوزێنی، پشیلەکە لە ئامێز بگرێ. تاسەو تامەزرۆیی زێدی منداڵی، سەبرو قەراری لێ بڕیبوو!

پیکەبەکە شاری جێهێشت بەرەو گوندی کەوتۆتەڕێ. ئایش لەخۆشییان خەریکە باڵ بگرێ، لە هەردوو بەری ڕێگاکە جۆی شەش پەڕو گەنمی ڕەشگۆڵ هێندە بڵند بووە، برژانگی دەگاتە ڕکێبی سواری! ئایش دەستی دریژدەکات لە برژانگی گەنم و جۆی دەسووی. گەیشتن

و، پیکەب هێشتا تایەکانی هەر دەسووڕان، ئایشەکوڕانی وەک سەربازی مەشقدیدە خۆی فڕێدا، دەیویست ئامێز لە تەواوی گوندی بدات و شوێنی هەموو یادەوەرییەکانی بلێسێتەوە! بەر لە هەرشت شمشاڵەکەی دەرهێناو لەسەر ئەو کۆتەڵەدارە ڕزیوەی شوێن دەڕاسەکە، دانیشت و بۆ ئاگادارکردنەوەی پشیلە سووڕە خورماییەکەی، دەستیکرد بە شمشاڵێدان. چەند شمشاڵی بۆ لێدا، لە پشیلەکەی هیچ سەرو سۆراغێک نەبوو. تا یەکێک لە خوشکەکانی هات و ئامێزی پێداکردو گوتی: دەزانم بۆ تۆ زۆر سەختە ئەو هەواڵە بەڵام هەر دەبێت بیزانی، ئەوەتا لەنێو قۆپەنی ئەو تۆڵەکەی لەبەردەمت، پشیلە سووڕە خورماییەکەت لە شوێنی دەڕاسەی گۆرین، لە زستانێووە مردووە! ئەو هەواڵە، ئایشی خەفەتبار کرد، ئەو خەیاڵەی دایڕشتبوو، هەموو لەباریەک ترازان. بینی پشیلەکەی تەنها کەللەی سەری و ئێسقانی ماون، لەبن پێستێکی تەنکو وشکو ڕەقهەڵاتوودا، لایبنەوەی بە عەردیەوە نووساوەو لێی نابێتەوە! سەمای پەنجەکانی سەر کونی شمشاڵەکەی ئایشێ، پەراسووەکانی پشیلە سووڕەکەو نەهامەتییەکانی ئەو ڕۆژگارە ڕەشەی دەژماردو پێکی دەگرتن! بۆ ئایشەکوڕانی، دوای بینینی کەللەی سەری بەرانە کەویسارەکە ئەوە دووەمین کۆستی بوو. ماوەیەکە، خەمێک دەیداتەدەست خەمێکی دیکە. بەنێو خانووەکاندا گەڕان، کاکۆڵی هەموو بانەکان دوو بست گیاگەنمەی لەسەر بەرزبۆتەوە. هەموو دەرگاو دەلاقەکان بە تەونی جاڵجاڵۆکە تەنرابوو. ئەرزی هەر هەموو ژوورەکان بە دڵۆپەی ئاوی باران، قولکەی ورد وردی وەک قولکەی مروانێی منداڵانی، لێدروست ببوو، هەموو دارو دیوارەکان کەڕووی شینیان هەڵێنابوو.

حاجی عەولا لەوە گەیشتبوو بۆ وێرانکردنی خێزانەکەیان هەموو نەهامەتییەکان دەستیان داوەتە یەکتری! شینی کوێربوونەوەی ماڵێک، قۆناغێک، ئاسان نەبوو، چجای ماڵێکی ئاوا خانەدان! هەرچەند لە دارو دیواری ژوورەکانی دەڕوانی، گۆپاڵ بێ شوان، مەشکە بێ کابان، داس

بێ سەپان، کوندەڵان بێ کوندەو دۆدان، دیوەخان بێ میوان، نانخواردن بێ ڕێنجبەرو شوان، پەناو پەسێو بێ چپەی ماچی خودایی و چاوەڕێی ژوان! ئایشیش لەبەرخۆیەوە دەیگوت: بریا ئەمنیش وەکو جەنەڕاڵی کۆنەفرۆش دەستی قەڵەمێم هەبوایە! ئازارنامەی ئەو ڕۆژگارە سەختانەم دەنووسییەوەو ناوم دەنا (زوڵمە قورسەکانی سەدە!). ئێمە وەکو بنجەگیایەک لە شوێنی خۆمان هەڵیانکێشاین و فرێیانداین. ئەی خودایە چۆن بتوانم ئەو هەموو شکانە لە خۆمدا جێ بکەمەوە و بەرگەی ژانەکانی بگرم! باڵەکانی پێکەنینیان سووتاندین، گریانیان تێدا موتربە کرد! زەردەخەنە بەستوویەتی، بەهارمان وەرزی شەختەیە!

تەمێک لە غەم و پەژارە ڕووخساری داپۆشیبوون. حاجی عەولا هەستی بە ئازارەکانی ناخی ئایشێ دەکرد، گوتی: بە دڵی من، بەشەر سەرسەختترین بوونەوەری سەر عاردییە، کە لەدوای بینینی ئەو هەموو کارەساتانە، لە ژیانی ئاسایی خۆی ناکەوێ!

ئەو شەوە، لە ماڵی باوکی سەبری، کە دوو کچی حاجی عەولاشیان لەلابوو، مانەوە. دیاربوو لە ڕێگای دایکە پێشمەرگەیەک، کە بە هۆکاری شەهیدبوونی کوڕەکەی، ئازادیان کردبوو لە زیندانی سەماوەی، زانییان سەبری لە زیندان کچێکی بووە.

*

ئەو چەند مانگەی لە مەفرەزەکەی قامیشلی گەڕابوونەوە، لەمسەری بۆ ئەوسەری دەیانڕەتاندین. چەندین شەڕو چالاکی پێشمەرگانەمان ئەنجامدا، چونکە تاکە مەفرەزە بووین تا ئەو کاتە باشترین چەکمان لەگەڵ خۆماندا هێنابوو. بە تایبەتی عەزەخڕە، بیکەیسییەکی ڕووسی لەنێو گریزی هێنابوو. لای ئێوارە، ڕادیۆ تۆشیباکەم هەڵکردبوو، بۆ ئەوەی گوێم لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بێت، بەڵام بە هۆی هانی هانی و تەشویش، چەندی ئالیارەکەم بەرزو نزم دەکردو ڕووی ڕادیۆکەم دەگۆڕی، بێسوود بوو، ئەوەی لێم هەڵکڕاند، ئاردواوێژی ڕادیۆکە خۆش نەبوو، بۆنی ئاوسبوونی شۆڕشی بە دووبەرەکی

لێدەهات. هەستم دەکرد دووبارە برینە تەرەکانی مێژووی نە چەندان دوور، دەکولێنەوە تاوەکو قەتماغە نەگرێ! ڕادیۆکەم بە بناگوێیوەبوو، ڕووم وەرسووڕاند، بینیم عەزەخرە بیکەیسییەکەی لەسەر شان دانابوو، بەپەلە بۆ لای من دەهات. ئاخر عەزەخرە ئەگەر هەواڵی خۆشی پێبوایە، لەسەر پەنجان وەک دەنکەتەزرەی هەڵدەبەزییەوە، ئەگەر هەواڵی ناخۆشیشی پێبوایە، بە هەنگاوە شلەکانییەوە دیاربوو. بەڵام ئەوجارە، خۆشبەختانە یەکەمیان بوو، گوتی: مژدەیەکی خۆش، گوتم: دەی! گوتی: دەزانی بلە سەرئاسن و سمە سەردڕ، لەو گوندەی ئەوبەری ئاوەکە، بارەگایان داناوە!؟ ئەو هەواڵەم زۆر پێ خۆش بوو، گوتم بەیانی زوو دەچینە لایان و تا ئێوارێ بەیەکەوە دادەنیشین، هەرچی یادەوەری هەیە دەیگێڕینەوەو تۆڵەی ئەو هەموو لەیەکدابڕانە، دەکەینەوە.

*

هێزە چەکدارەکانی شاخ، پەیوەندییان لەگەڵ یەک باش نەبوو، هەرلایەنەو پێشمەرگەکانی خۆی بە دژایەتی لایەنی بەرامبەر هان دەدا. بارودۆخەکە بەرەو گرژی دەچوو، لە چەند شوێنێکی سەر سنووورەکان پێکدادانی چەکداریش ڕوویدابوو. ئێوارە، بە چەند بەرپرسێکم گوت: من و عەزەخرە دەچین سەردانی ئەو برادەرانەمان دەکەین کە هاوڕێی منداڵی و گوندو قوتابخانەی یەکترین. بەرپرسەکان ڕاستەوخۆ ڕێگرییان نەکرد، بەڵام بە ڕووخساریانەوە دیاربوو پێیان ناخۆشە پەیوەندی برایانەمان لەگەڵ پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکەدا هەبێت. بەپێچەوانەی ئەوان، من و عەزەخرە، هێشتا ڤایرۆسی ڕق لەیەکتربوونەوە نەهاتبووە جەستەمان. هەرچەندە ئەو سەردانەم لە هەردوولا بە نیازپاکی و بەباشی لێکنەدرایەوە، لێ، هێندە سەرشارو پر ئومێدبووم، لەبەرخۆمەوە دەمگوت: ئەمن هاتووم دەستی عاتیفە بە ڕوومەتی خاکدا بێنم، نەک جنجڕۆکی لێبگرم! هەندێک بەرپرسی لەخۆبایی و سەرکێش، وا دەزانن تەنها گوللەی تفەنگی ئەوان مرۆڤ دەبڕێ، هی خەڵکی دی ئەوان نابڕێ! هەستم دەکرد کینەمان بۆ دەکەنە کاسەو بە شەرابی

ڕزگاری دەرخواردمان دەدەن! تەنها ئەوان پێشەنگی ڕێی سەربەخۆیین! میرغەزەبەکانی سەردەم، ڕێگا نادەن خۆشەویستی بای باڵی خۆی بداو داری تەبایی و برایەتی چرۆ بکات! ئەو شەوە تا بەیانی زۆر لێکدانەوەم بۆ دڕدۆنگی هەندێک لە بەرپرسەکان کرد، بارودۆخەکەم لا ئاسایی نەبوو.

لەگەڵ سروەی بەربەیان، هێشتا هەتاو تاڵە تیشکەکانی بەسەر شانی لوتکەو یاڵەکاندا پەخش و پەرێشان نەکردبوو، کەلافەی زوڵفی بەنێو مەسنای سینەی دۆڵەکاندا نەهاتبووە خوار، ئاوی خوڕ لەگەڵ گابەردەکان ئامبازی یەکتر دەبوون و پڕیشکیان دەپژاندە سەر ڕووخساری ڕێبوارەکان، لەگەڵ عەزەخڕەی کەوتینەڕێ. لە پردەدارینەکە پەڕینەوە بەرەو ئەو بارەگایەی بلە سەرئاسن و سمە سەردڕی لێبوو، ملمان بە هەورازییەوەنا. ئەوان دەمێک بوو ئێمەیان بینیبوو، بە پیشوازییمانەوە هاتن. ئامێزمان لێکدا، لە ئامێزگرتنی ئەوان بۆ من چێژێکی ئەفسووناوی یەکجار خۆشی هەبوو، دڵنیام ئەوانیش هەمان هەستیان هەبوو. هەرجارەی یەکێکیانم لە ئامێز دەگرت. تامەزرۆییمان لە یەکتر نەدەشکا، چەند بارە ئامێزمان لە یەکتری دەدایەوە. لە بارەگاکەی ئەوانیش هەمان تاس و هەمان حەمام! هیچ خۆشحاڵیم بە ڕووخساری بەرپرسەکانەوە نەبینی. هێندەمان قسە پێبوو بۆ یەکتری، نەماندەزانی لە کوێڕا دەست پێبکەین! بەهۆی پەلەکردن زۆربەی هەواڵەکانمان سەرپچڕ بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. هەواڵەکان بەجۆرێک کەڕەسیسەیان کردبوو، بەرداشی شەویلاکمان هەر قرشەشکێن و هەڵموبەڵمی دەکرد. کەوتینە گێڕانەوەی قۆناغی منداڵی و ئەو ڕۆژەی لە قوتابخانەی (ئیبن خەلەکان) لە زاری باوکیڕا سمایل، پاشناوی سمە سەردڕی پێوەنووسا. ئەوجا، حەسارەکەی تەعجیلی و پیرە هەڵۆو لەوزینەگەزۆی سەر گۆڕەکانی گۆڕستانی ستی ئیمام و شەڕی بلە سەرئاسن و عەزەخڕەو شاکرەپووتی لە لایەک و لە بەرامبەریان بەشیرو ئیبۆ و کەمال قامەو جەمشید. یادێک لە جەلال

لۆبیافرۆش و شێخی ڕدێنسۆرو ست پاکیزەی هاوسەری و، چەندین یادو یادەوەریی خۆش و ناخۆشی دیکەش. لەناکاو، بە ناوهێنانی بەشیرو کەمال قامەی، بلە و سمە، وەک خەزێنەیەکیان دۆزیبێتەوە، لەگەڵ بەبیرهاتنەوەیان، هەریەکەیان هەوڵی دەدا، ئەو هەواڵە گرنگە لە زاری ئەوییەوە ببیستڕێ. بلە سەرئاسن دەرفەتەکەی قۆستەوە گوتی: هەواڵێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە، لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو مەفرەزەیەکمان بۆ گوندەکانی بناری هەردوو دیوی چیای سەفینی کرد. لە یەکێک لە گوندەکان بەرەو مزگەوت دەڕۆیشتین، لە پەنای دیواری مزگەوتێ چاومان کەوتە سەر چەند گەنجێکی پاکو خاوێن، هەر یەکسەر دیاربوو خەڵکی شارین. بینیمان بەشیرو کەمال قامەو ئیبۆو جەمشیدو کوڕێکی دیکەیان لەگەڵدابوو ناوەکەیم لە یاد نەماوە، بەڵام ئەویش لە قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی خۆی لەگەڵ تورکمانەکان هەژمار دەکرد. کە چاویان بە ئێمە کەوت و لەگەڵ یەکترناسینەوە، ترسیان ڕێنیشت، دیاربوو ترسیان لە ئێمە هەبوو نەبادا تۆڵەی ئەو هەموو شەڕو پێکهەڵپژانەی شاری و سەردەمی منداڵییان لێبکەینەوە، بەڵام من و سمە، بەپێچەوانەی مەزەندەی ئەوان، ئێستا چۆن ئێوەمان لە ئامێز گرت و ڕێزمان لێگرتن، ئەوانیش بە هەمان شێوە. هەوڵماندا دڵنیاییان پێبدەین کە هیچمان لە دڵدا نییە بەرامبەریان و بڕای ئێمەن! دوای هەواڵپرسینی یەکتری و بارودۆخی خەڵکی شاری، هەر زوو وەک پاکانەیەک بەشیر گوتی: بە برام بڵێم هاتینە داهی[1] دەبینەوە کورد. لە پێش ئێمەش زۆر کەسی دیکە لە تورکمانەکان هاتوون، ڕەزو باخ و جێی واری باپیرانمان دۆزیوەتەوەو پاڵپشتی موختارو ڕیشسپی گوندەکانیان وەرگرتووە کە بە ڕەچەڵەک کورد بوون و باپیرانیان، بەرلەوەی لەشکری عوسمانی بێنە ئێراق، ئەوان دانیشتووی ئەو گوندانە بوون... ئینجا، پرسیاری ناتیق و سەباح و میکائیلم کرد، بەشیر گوتی: ئەوانەو چەند کەسێکی دیکەش خۆیان بە عەرەب نووسی و

[1]- داهی: ئیدی.

دەستبەردارى تورکمانبوونیان بوون. منیش لەسەر دڵى خۆم نەکردە گرێ، یەکسەر گوتم: ئیشێکى گەلەک باشتان کردییە گەڕاونەتەوە سەر ئەسڵى خۆتان، ئەدى نەتانبیستووە گوتویانە ئەوەى ئینکارى لە ئەسڵى خۆى بکات بیژووە! ئەوجا ئەو ڕژێمە فاشیستەى بەعس دوژمنى هەموو ئەو پێکهاتانەیە لە دەرەوەى ئوممەى عەرەبیدان. بۆ چما کەمى دەرهەق بە تورکمانەکانى دەوروبەرى کەرکووک کرد؟! زۆر کەسى لەوانیش کوشت... دواى ئەو هەموو گفتوگۆیە، زانیمان حکومەت بە دوو بڕگە بڕیارێکى دەرکردووە بە ژمارەى٧٣٦ و ٧٣٧ لەنێو خەڵکى عەوام پێى دەڵێن: قەرارە جۆت سایدەکە. بڕیارە دەڵێ: هەرچى کورد بێت لە سەربازى دەبەخشرێ و تەسریح دەکرێ، بۆیە زۆربەى ئەو کوردانەى خۆیان کردبوو بە تورکمان پشتگیرییان لە گوندەکان وەردەگرت کە بە ڕەچەڵەک کوردن، بۆئەوەى بڕیارى جۆت سایدەکە بیانگرێتەوەو لە خزمەتى سەربازى تەسریح بکرێن. ئەو تورکمانانەى خۆیان بە عەرەب ناونووس کردبوو و دەستبەردارى کوردبوونیان بوون، چونکە عەرەب نەتەوەى سەردەست بوو، ئەوانە بڕیارى دووساید نەیگرتنەوەو ڕەوانەى شەڕى ئێران عێراقى قادسیەى سەدام کران. هەروەها ئەو کەسەى ئەو بڕیارى جۆت سایدە بیگرتبایەتەوە بە هاوولاتى نمرە دوو ئەژمار دەکراو، دادگاکان ئامادە نەبوون هەتا ژنیشیان لێ مارە بکەن!

بەشیرو چوار کەسەکەى دیکە ڕەچەڵەکى کوردبوونى خۆیان سەلماندو پشتڕاستیان کردەوە لە ماک و بنچینەدا خەڵکى ئەو گوندانەى دەوروبەرى چیاى سەفینن. هەتا لاى ئێوارێ لەلاى بلە سەرئاسن و سمە سەردڕى ماینەوە، ڕۆژێکى زۆر تایبەت بوو، ئاخر بە هەموو پێوەرێک بلە زۆر لە سەفەرى برام لێمەوە نزیکتر بوو، پەیوەندى ڕۆحى و برایەتیمان توندو تۆڵتر بوو، کەم کەس دەیزانى ئێمە براى لە دایک و باوکى یەکتر نین! لە گوندى بە ئێمەیان دەگوت پاکەت و شقاتە، هیچمان بەبێ هیچمان ئۆقرەمان نەدەگرت! بەڵام ئێستا، ئەوە حیزبایەتیى هەرزەکار و نافامە، لە یەکترى دابڕیوین و خەریکە بە یەکتریمان بە

ست دەدەن!

ەند مانگێکمان لە ناجێگیری دەروونی بەرێکرد. دڵمان بە هەوڵدانی کەسانە خۆش بوو کە ئایدۆلۆژیای کڵۆمکراو قەمتەری نەکردبوون ،هەق پێشمەرگە بوون و تەنها بۆ ڕزگاری کوردستان ببوون بە مەرگەو، یەک لە هەوڵەکانیشیان ئەوەبوو، چالاکیی پێشمەرگانەی بەش لەگەڵ هێزی لایەنەکانی دیکە ئەنجام بدرێ، بۆئەوەی ئومێد بە ک ببەخشین و ئەو گرژیەی نێوانمان کاڵ بکەینەوە. بەڵام دیاربوو ستی ڕەشی دووژمنانی گەلەکەمان بۆ هەڵگیرسانی شەڕی براکان، ژتر بوو، وەک ئەوەبوو هەندێک لە بەرپرسانی پێشمەرگە تەنها کی هەڵگیرسانی ئەو شەڕەیان پێ سپێردرابێت، لە هەڵسوکەوت و وخساریانەوە بە ئاشکرا دیاربوو دەتگوت شەیتان بە خساریاندا هەڵمیزیووە!

نها شتێک کە دڵگرانی کردبووم و ئارامی لێهەڵگرتبووم و زۆریشی ترسام، براکوژی بوو، وەک مۆتەکە ڕۆژ بەڕۆژ بەسەر سەرمانەوە ست بە قورساییەکەی دەکراو، دێوەزمەی شەڕ لەبەردەرگا پێکۆڵی ردا! هەر ئەو ڕۆژەی من و عەزەخڕە بەرەو بارەگاکەمان گەڕاینەوە، سەرئاسن و سمە سەردڕ، لەگەڵ نۆ پێشمەرگەی دیکەدا، بەنیازی ستوەشاندن لە دائیرەی ئەمنی شارۆچکەکە، خۆیان گەیاندبووە نزیک ێنی مەبەست، لەوێ کەوتبوونە کەمینی جاشەکانی ڕەشید ئاغای ۆکجاش، پێنج پێشمەرگە شەهید ببوون، یەک لەوانە شاکرەپووت ۔ سێ پێشمەرگە بە بریندداری بە دیلی گیرابوون و بلە و دوو مەرگەی دیکە دەرباز ببوون.

بەیانییەکەی، ڕەشیداغا بە دەستو دیاری و دەستکوژی خۆیەوە، لە رەی ئەمن پاداشتی ئەو کوردکوژییەی وەرگرت. ئەو دیمەنەی ڵکی شارۆچکەکەی تاساند، جەنازە ریزکراوەکان و بریندارە چاو ترواوەکانی بەر دەرگای دائیرەی ئەمن بوو!

١٥

هێدی هێدی، سەرما تەنگی پێهەڵچنین و ناچاری کردن چەند خانووبێکی قوڕی قەدپاڵ و زارکی گەلیەکی قوڵ، نۆژەن بکەنەوەو بچنە نێوی. دەربەندێکی عاسێ بوو، تەنها کوێرەڕێگایەکی پێچاو پێچی تراکتۆری دەهاتەوە سەرێ. لە چەند شوێنێکی سەرسنوور، پێکدادان و کوشتو کوشتارو راودوونانی یەکتریی هێزە جیاجیاکانی پێشمەرگە دروست دەبوو. بە پینەو پەڕۆیەکی کاتی و چارەسەرێکی سەرپێچڕو، نە شەڕ نە ئاشتی، دۆخەکەیان ئارام دەکردەوە. بەڵام هەر زوو وەکو ئاگری بن کایێ، لە لایەکی دیکە دادەگیرساوە. دوکەڵی شەڕی خۆبەخۆ، ئاسمانی ئومێدەکانی تەڵخ دەکرد، وەک کولکی تیراوەی تەشەنەی دەکردو بەبنی دەدایەوە. دیاربوو ئاگرخۆشکەرەکان زیاتر بوون! هەریەکە لە هێزە بەشەڕهاتووەکان، بە وتاری ئاگرین و حەماسەتی پێشمەرگەکانیان دەهێنایە جۆش و کوڵ، ئاشی هاڕینی کەللەسەری کوڕی هەژارانیان پێدەگێڕا! یەکێک لە بەرپرسە بالاکان، بۆ بە شەیتانکردنی لایەنی بەرامبەر، ڕووی لە عومەری کردو گوتی: چۆن تاوەکو ئێستا خۆت و دەستەکەت، شێلگیرانە لە دژی هێزەکانی حکومەت شەڕتان کردووەو جێ دەستتان دیار بووە، گەرەکە لە شەڕ ئەو لادەر و دژەشۆڕشانەش ئاوا جێی دەستتان دیاربێت! لە سەرکردایەتییەوە فەرمانمان پێکراوە ئەو شەڕە زۆر بە جدی بکەین هەرگیز نابێت بەزەییمان پێیاندا بێتەوە، ئەوانە لە دەرەوەی بازنە کوردبووندان و، بازاڕی شۆڕشی چەواشە گەرم دەکەن! عومەر هەڵوێستانە زۆر دڕدۆنگ بوو گوتی: چ حەیفە، ئێمە ڕۆڵە و پێشمەرگەی شۆڕشێکین، تاقمێک سیاسیی گەوجی بێفیکر هەڵیدەسوڕێنن!؟

پێشمەرگەی وشیار، ئاستی بەرزی دنیابینیی، رێی پێنادات بەشداری لە بڕینی مەمکی دایکی خۆی بکات و هێڵی سووری پیرۆزییەکان ببەزێنێ. بەرپرسەکە گوتی: لایەنی بەرامبەر دەستکێشی دوژمنانن، پێویستە هەموویان بکوژین!... وای پیشاندا، عومەر لەو شەڕە دەترسێ! کە لەڕاستیدا وانەبوو و، عومەر، بەدرێژایی تەمەنی پێشمەرگایەتیی، لە زۆربەی چالاکییەکانی دژی حکومەت، هەمیشە لە دەستەی هێرشبەر بووەو لە ئیدارەدانی شەڕەکان سەرکەوتوو بووە. لە جەنگەی شەڕەکان هەمیشە خۆی بەقوربانی دەستوتفەنگی پێشمەرگەکان دەکردو پێی دەگوتن: دەبێت دەستتان زۆر بە فیشەک و گوللە ئاڕبیجی و تەقەمەنییەوە بێت، چونکە ئەگەر ئێوە بزانن ئەو چەک و تەقەمەنییە چۆن دەگاتە ئێرە، قەت دڵتان نایە تاقە یەک فیشەک بەفیڕۆ بتەقێنن! بۆیە عومەر بە پیاوی شوێنە عاسی و ئەرکەقورسەکان ناسرابوو. لە مەیدانێ، هێزی شەڕی لاسەنگ دەکرد. عومەر بە بەرپرسەکەی گوت: مەسەلەی ساردی من ترس نییە لە شەڕ، بەڵکو شەڕەکە خۆکوژییە، ئەوەی تێیدا سوودمەندە تەنها دوژمنانی گەلەکەمانن!

عومەر لە باریکی دەروونی ئاڵۆزدابوو. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: خەریکە ئامانجە پیرۆزەکانمان وەک عیسا لە خاچ دەدەن! من بەنیازی خۆم، شوێنپێی تریفە کەوتبووم، کەچی لێرە هەر ڕەشان و زوڵمەتە! بە دوای گزنگدا ڕامدەکرد[redacted]م لە تیشک، پڕبووم لە چرا، پڕبووم لە [redacted] شڕووردو پڕ لە هاوارو باڵ و پەڕ. ئێستا پڕم لە تاریکی، لە کوژانەوە، لە مردنێکی بێدەنگ! تۆ بڵێی ئێستا من کێ بم؟! براکوژی وەک ڕەشەبا لقوپۆپی درەختی ورەو ئومێدی شکاندم. لە تاریکی ڕەویمەوە، بەسەر لرفەی ئاگری دۆزەخدا کەوتم!

ئەو شەوە لە نۆرەی ئێشکگرتنی عومەری، بەفر دەستی بە بارین کرد. بەفر وەک کەرتکە لۆکەی لێفەی هەڵوەشاوە، دەهاتە خوار. عومەر خۆزگەی دەخواست حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ئەو بەفرە لێینەکاتەوە، بە ئومێدی ئەوەی جەنەڕاڵی بەفر، وەک نێوبژیوانێکی عادل، ئەو شەڕە

نەگریس و ناڕەوایە ڕاگرێ.

*

لەگەڵ یەکەم تاڵە دەزووەکانی کازێوەدا، زرمەی چەند گوللە ئاربیجیەک و ڕێژنەی گوللە، لە خەو ڕاپەڕاندن. هەر بابا بوو تاوی دەداتە ڕەخت و تفەنگەکەی، ئاخر پێشمەرگە لە ڕەخت و تفەنگەکەی زیاتر، مانێکی نییە بۆ پێچانەوە! هەریەکەو بەلایەکدا لە هەوڵی ئەوەدابوو بن بەردێک بکاتە سەنگەر. هەندێکیان پرکێشی سەرکەوتنی لووتکە شاخەکانی دەوروبەریان کرد، لە ئاکامی ئەو هەوڵەدا هەندێکیان بەسەر کەمیندا کەوتن. چونکە هەموو لووتکە شاخەکانی دەوروبەر گیرا بوون. تا بەری ئێوارێ، جەنەرالی بەفر نەیتوانی ئەو شەڕە ڕابگرێ، بەڵکو بەفر هۆکارێک بوو بۆ لە یەکتر نزیکبوونەوەو شەڕی دەستەویەخە. هێزێکی دیکە لە پشتەوەڕا بە هانای بارەگاکەوە هات و ئەو ئێوارە خوێناوییە، لووتکەیان کردە مەیدانی یەکلاکردنەوەی قودرەت، خوێن لە بەفر زیاتر دەباری! عومەر بە عەزەخرەی عەدەد بیکەیسیی گوت: عەزە نەکەی بە نیشانیان باوێ، هەر بایی ئەوەی تەقەیان لێبکە لێمان دووربکەونەوە! لە هەردوولا کوژراو و بریندارێکی زۆر هەبوو. ڕۆژی دوایی، هەتاو و سامان بوو، پەڵەهەورێکیش بە ئاسمانەوە نەبوو، هەموو لووتکەکان بە بەفر ببوونە کەللە قەند، زریان هەڵیکرد، بایەکە زۆر بەهێز بوو. لە شوێنە بەرزەکان، بارەن[1] پێچەلوولکەی بە بەفر دەکرد، هەر دوو هەنگاو لە دوای پێشمەرگەکان جێی پێکانیان پڕ دەبووەوە. ئەوان لە شوێن سڕینەوەی شوێنپێی یەکترو، بەفریش لە شوێن سڕینەوەی شوێنپێی هەمووان. ئەمشەو هیچکەس نەیتوانی شەڕ لەگەڵ زریاندا بکات! لەدوای خۆیان، چلوورەی خوێنیان بۆ نەوە دوای نەوەی گەلێک بەجێهێشت!

بەیانی، تراکتۆرێک بە عارەبانەوە گەیشتبووە لای پێشمەرگەکانی

---

[1]- بارەن: ئەو بەفرەی کە با و زریان و پێتەڵووکە لە شوێنەبەرزەکانەوە دەیڕنێ و هەڵیدەگرێ و دەیبا لە شوێنە نزمەکانی دەکات.

سەر رێگا، دوای پرسیارو وەڵام، دوانیان لەسەر باری نێو عارەبانەکە سوار ببوون. گەیشتنە بارەگا، کابرایەکی کوڵەبنەی خرپلە دابەزی، بە تێڕادیوی و لە خۆباییبووەوە پرسیاری بەرپرسەکەی کرد: بەڕێزیان لە کوێیە؟ پێشمەرگەیەک گوتی: ئەوەتا خۆی بۆ ئێرە دێت! ئەو بەرپرسە، لەو لایەنە بوو کە لەگەڵ پارتەکەی عومەری دۆست و هاوپەیمان بوون. بەدەم چاکو چۆنی لە یەکتر، نامەیەکی دایەدەستی و پێیگوت: کاک (سەلیم سووتاو) سڵاوی هەبوو بۆت! بەرپرس نامەکەی خستە سەرچاوی و کردیەوەو خوێندیەوە، ئینجا گوتی: کوڕینە ئەو بارەی داگرن!

بار، هەمووی گوللە (ئاڕپیجی)و فیشەکی هەمەجۆرو نارجۆک و گوللەهاوەن بوون. بەرپرسەکە چاوی بە دەوری خۆیدا گێڕاو گوتی: عومەرم بۆ بانگ بکەن. عومەر گوتی: فەرموو کارت بەمن بوو؟ بەرپرس: وەڵامێکی موحتەرەمی ئەو بەڕێزەم بۆ بنووسەوە، ئەو تەقەمەنیانەی لەم ڕۆژە سەختەدا بۆی ناردووین، گەیشتن. عومەر قەڵەمی خستە سەر کاغەزو گوتی: بڵێ چی بنووسم؟ بەرپرس: بنووسە بۆ برای شۆڕشگێڕو خەباتکارو کوڕی ڕۆژی تەنگانەو پاڵپشتی شۆڕش و ئومێدی گەلەکەمان و مەردی مەیدانی کوردایەتی، کاک سەلیم سووتاو!... عومەر، بە بیستنی ئەو ناوە، حەپەساو، چاوی زەقبوون، قەڵەمەکەی لەسەر کاغەزەکە دانا، لای وابوو ئەو ناوەی بەهەڵە بیستبێت، یان بەرپرس ئەو ناوەی بۆیە هێنا، لە مێشکیدا بووە بە سزای گەلی بگەیەنێ، بۆیە زمانی زەللەی کردووە کە بە شۆڕشگێڕ ناوی هێنا! بۆ دڵنیایی، عومەر گوتی کێ؟ کێ؟ بەرپرس دووبارەی کردەوە، هەمان ناو بوو، سەلیم سووتاو! عومەر گوتی: تۆ ئاگات لێیە کە پاشناوی سووتاو، لە ئاکامی مێبازی بەو پیاوە خۆفرۆشەوە نووساوەو شانازیشی پێوە دەکات؟! وە دەشزانی کە ئەو سەرۆکجاشە، سەبری هاوسەرم و دایکی بلە سەرئاسنی بەگرتداوە و دەستیشی بە خوێنی پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکە سووڕەو، لەوەتای سەری سێ کوردیشی

بڕیـوەو بـۆ دائیـرەی ئـەمنی بـردووە، نـاوی بۆتـە سـەلیم سـەلکە!؟ بەرپرسـەکە گـوتی: کاکـە ئـەوە هـی خۆمانـەو سـەر بەخۆمانـە، ڕاسـتە پێشمەرگەی شەهید کردووە، بەڵام پێشمەرگەی ئەو لایەنانەی، شـەڕی ئێمە دەکەن! عومەر بەتووڕەیی هەستاو گوتی: من ئەو نامەیە نانووسم، هەرکـەس کـوردێکی ئـازادیخوازی کوشـتبێت، مـن بـە دوژمنـی بابەکوشتەی خۆمی دەزانم! بەرپرسەکە گوتی: کوڕی باش! ئێمـە تـەنها یەک دوو سەرۆکجاشـی وامـان هەیـە، لایـەنی وا هەیـە، چەنـدان سـەرۆکجاش و مـەفرەزەخاسـەی هەیـە! بـۆ پێت وایـە ئەگـەر فیشـەک و تەقەمـەنی سەرۆکجاشـەکان نـەبێت، ئـەو شـەڕە دەکـرێ!؟ بەرپرسـەکە، بـەناچاری بـە خەتەناخۆشـەکەی خـۆی، لـە نـاوی سـەلیم سـووتاوەوە دەسـتی بـە نووسـینی نامەکـە کـردەوە. یارمەتییەکـەت بـە دەسـتمان گەیشت، زۆر سوپاس بۆ هەستی شۆڕشگێڕانەت. ئەو دیارییە بەنرخەت بە سەرکردایەتی ڕادەگەیێنم. تکایە ئەو ماوەیە بێ تەقەمەنیمان مەکەن!

ئەو بارە تەقەمەنی و ئەو نامەیە، تا دوای سـاڵانێکی زۆر، لە زاکیرەی عومەریدا مابوو. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: سەیروسـەمەرەیە، هـەتا لەگـەڵ هێزەکـانی حکومـەتی بـەعس لـە شـەڕدا بـووین، فیشـەک بـۆ دەرمـانیش چنگ نەدەکەوت، کەچی ئێستا هەرچی بمانەوێ بەردەستە!

جـەنازەکانیان لـە دەوروبـەری بارەگـاو سـەر لووتکـەی شـاخەکان داگرتبوو، لەسەر بـەفر درێژیـان کردبـوون، دواتـر لە هـەمان عارەبانـەی تراکتۆریان بارکردن، بۆئەوەی لە ڕێی سەلیم سەلکەوە بگاتەوە دەسـتی کەسـوکاریان. عومـەر دەیگـوت: ئـەوان دیـاری خۆیـان بـۆ ئێمـە نـاردو ئێمەش دیاری خۆمان بۆ ئەوان ناردەوە!

دیاربوو، لەگەڵ یەکەم تەقەی شەڕی براکوژی، دەزگا هەواڵگرییـەکانی ڕژێمـی بـەعس، یـەک بـە یـەک سـەرۆکجاشـەکانیان ئاگادار کردبـووەوە وەک ئـەرکێک تەقەمـەنی بـۆ لایەنـە بەشـەڕهاتووەکان بنێـرن. بـۆ ئـەو مەبەسـتە، هـەر چەنـد سـەرۆکجاشێک تەقەمـەنی بـۆ ئـەو لایەنـە بنێـرێ، بۆی دیاری دەکـرێ. هـەر پێنج لایـەنی بەشـەڕهاتوو، ناڕاسـتەوخۆ، ئـەو

تەقەمەنییەی حکومەتییان بۆ شەڕی خۆبەخۆ، بەدەست دەگەیشت!

ڕۆژی پێنجەمی شەڕەکە، چەند پێشمەرگەیەک لە کەمین کابرایەکیان گرتبوو، پڕی نیفۆی شەڕواری نامەی وەک نووشتووی پێچراو بوو. هەموو ئەو نامانە لە لایەن نەوزادی پەڕێزپاکژەوە بۆ سەرۆکجاشەکان و مەفرەزەخاسەکانی ڕژێم نووسرابوون، سوپاسی هەستی شۆڕشگێڕانەی کردبوون بۆ ناردنی ئەو هەموو تەقەمەنییە. بۆ دڵخۆشکردنیان و بۆ ئەوەی بزانن فیشەکەکانیان بەرهەمی هەبووە، لە یەک لە نامەکان، نووسرابوو: دڵنیابە هێندەمان کەلاک لە لایەنی بەرامبەر بەرداوەتەوە، خەریکە ئەو نێوە بۆگەن دەکەن!... عومەر، ڕادیۆ تۆشیباکەی کردبووەوە، ئێستگەکەی مالّی نەوزادی پەڕێزپاکژ، یەک بەخۆی دەینەڕاند: خەڵکینە وەرن خیانەتی (کوێخای سەرێ) ببینن!

لەو چەند نامەیەی بۆ سەرۆکجاش و مەفرەزەخاسەکانی نووسیووە: چۆن تەقەمەنییان لێ وەردەگرێ و چۆن سوپاسیان دەکات، ئەوەش دەقی نامەکانی کوێخای سەرێ: عومەر تا کۆتایی نامەکان، گوێی لێگرت. کلّێشەی نامەکانی کوێخای سەرێ، لەگەڵ کلّێشەی نامەکانی نەوزادی پەڕێزپاکژ، کە بۆ سەرۆکجاش و مەفرەزەخاسەکانیان ناردبوو، هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، تەنها ناوی سەرۆکجاشەکەو لە ژێرەوەشیان نووسرابوو: براتان کوێخای سەرێ و، ئەوانی دیکەش، نووسرابوون: براتان نەوزادی پەڕێزپاکژ! هەریەکەیان دەرزییان لە چاوی بەرامبەرەکەیاندا دەبینی، بەڵام کاریتەیان لە چاوی خۆیاندا نەدەدی!

ناردنی تەقەمەنی لەلایەن حکومەتی بەعس و نامەکانی سوپاسگوزاری سەرکردەکان، شەپۆل شەپۆل پێکەنینی دوژمنی بە بناگوێی عومەریدا دەدا. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: بەنەفرەت بن، دۆزەختان لەنێو بەفر بۆ داخستین! مەحشەرتان گواستەوە لووتکە، هەر وەک ئافات دابارینە سەر نێرگزەجاڕی ئومێدمان! هەرچەندە قسەکانی زۆر سادە و ساکار بوون، بەڵام زۆر بەنرخ و، خاوەنی بەهای مرۆڤایەتیی قوڵ بوون!

گزنگ هێشتا لە لووتکە پیادە نەببوو، ئەوان، کۆڵانەکانی گوندێکی دیکەیان پڕکرد لە تەرمی یەکتری. شەڕی شەشەمین ڕۆژ کەوتە نێو گوندێکی گەورەوە. ئەو گوندە، تاکو ئەو ڕۆژە بە پەتای براکوژی ئالووده نەکرابوو، پراوپڕ بوو لە برایەتی و هەرەوەزو بەرائەت و خۆشەویستی، لە پاکی و حەقیقەتی مرۆڤبوون!

بەرپرسەکەیان، نێوە نێوە باسی سەرکەوتنی خۆیانی بەسەر لایەنی بەرامبەردا دەکرد. عومەر گوتی: من، نامەوێ لەسەر کەلاوەی پەژارەی خەڵکی دیکە تەلاری کامەرانی و قەڵای سەرکەوتن ئاوا بکەم، هاتووم لەگەڵ ئاودا بەڕێوە بم، کەچی گێژەلووکەی سەرشێت لەگەڵ خۆیدا لووڵم دەدات و بێئەوەی بە خۆم بزانم، ڕژاومە نێو مەخلووقاتێک، ئەهریمەن پێشنوێژییان بۆ دەکات!

ئەو شەوە چییان پێک نەکرد! خەڵکی گوندی، بەو سەرمایە گوندەکەیان بۆ چۆڵکردن و چوون بۆ ئەشکەوت و ژێر بەردو پەناو پەسێوان. پێشمەرگەکان دیواری خانووەکانیان بۆ هاتوچۆ کون دەکرد. پیرەمێردێکی تێرعومر لە گوندی مابووەوە، نێوە نێوە کە دەنگی ئارپیجی خانووەکەی دەلەراندەوە، یەک بەخۆی هاواری دەکرد: لێیدەن، دەڵێی مانگ گیرایە! دایکو دەگێم، ئێرە خاکی کوردستانە یان سەبرەو شاتێلایە؟!

عومەر دەیگوت: قەلەڕەشی مەرگ و وێرانی هاتوون، لەسەر سوێبانەی شەوی شکستدا، دەقڕێنن! بۆ فریودانی دەندووکی هەڵکەندنی گۆڕی خۆمان! چاولێکە، براکان چۆن یەکتریی هەڵدەوەڕێنن! بەسەر تەرمی براکانیاندا باز دەدەن! لێرە، قەڵبەزەی کوفارەی خوێن لرخەلرخی گیان دەرچوونە!

عومەر، لەلاکۆڵانێکدا کوتک و سینگی بەسەر لاشەی دابێژراوی گوللەو شەڵاڵی خوێنی بلە سەرئاسندا کەوت، بەفرەکەی سوورکردبوو. عومەر تفەنگەکەی فڕێدایە سەر بەفرەکەو لە بەفرەکەدا ڕۆچوو، وەک بیەوێ وێنەی تفەنگ لە بەفرەکەدا جێبێڵێ. هاواری کرد: بلەی برام،

ئەوە ئەتـــۆی؟ بەلاش نییە ناو[redacted]ناوە براکوژی! سەری لەسەر ڕانی خۆی داناو فووی بە زاریدا کرد، [redacted]ند جارێک بانگیکرد: بلە! بلە! ئەوە ئەمنم، عومەری براتم! بلە، بەقوربـ[redacted]چاوی هەڵهێنان و گوتی: عومەر ئـەمن تـەواو! بـرینەنم زۆر کاریگـ[redacted]، قـەیناکا دەزانـم دەمـرم، زۆر ئاسـوودەم، چونکە دەزانـم بـە مردنـ[redacted]ن، دایکـم لـە سـجنی سـەماوەی ئـازاد دەکـرێ! ئەوەی گـوت و پێڵـوو[redacted]چاوەکـانی بەئەسـپایی هاتنـە خوارێ، بوون بە پەردەیەکی ئەبەدیی نێـ[redacted]ژیان و عەدەم. عومەر یەک بەخۆی هاواریکرد: وەیڕۆ! بلە ڕۆ! براڕۆ![redacted]تت شکاندم! شـەرمەزاریم ناتوانێ ڕێڕەوی ئەو غەدرە بگۆڕێ! پێغەمبـ[redacted]ش دەرەقەتی شەفاعەتی ئەو غەدرەی قابیل نایە کە لە هابیلی برای کـ[redacted].

عومـەر، لەتـاوان هـەرجارەی بـۆ لایـەک غـار[redacted]دا. سـەری خـۆی لـە دیـواران دەکوتـا، دروسـت وەک ئـەو نێـرە[redacted]شـترەی چاوەکـانی دەبەستنەوەو سواری دایکی خـۆی دەکـەن، کاتێـ[redacted]چاوەکانی دەکەنەوە دەبینێ ئـەو کەتنـەیان پێکـردووە، لە حەژمەتـان [redacted]جارەی بـۆ لایـەک غاردەداو سەری خـۆی لـە دارو بـەردی دەداو خـۆ[redacted]ەکوژێ! ئەوەش، کارەساتێکی هێندە گەورەبوو، بە قسـە ناگەڕێتەوە! [redacted]گـە ئاڕبیکـەکەی لـە بەفرەکـە دەرهێنابوو، لوولەکـەی گرتبـوو، ئەوەندە[redacted]ە تاشـەبەردان دابـوو، پارچـە پـارچەی کردبـوو. ڕەختەکـەی لـە پشـ[redacted]کردبـووەوەو هەتاوەکو هێزی تێیدایە فڕێیدابووە نێو بەفرەکە. هاوڕێکا[redacted]کاتێک بـەوە دەزانـن، وا دەزانـن عومـەر شـێت بـووە! لـە ژوورێـکـ[redacted]ـدەنێن و چاوەدێری دەکەن و تفەنگی لەلا دانانێن، نەبادا کارەساتێکـ[redacted]خوڵقێنێ! عومەر، چاوەکانی پڕخوێن بوون، لەبەرخۆیەوە هەرچی بەزاریدا دەهات نەیدەگێڕایەوە: بەنەفرەت بن، ئێوە دەتانەوێ وەک قابیل براکانی خۆمان بکوژین! ئەمن لام وابوو حیزب فریشتەی نەجاتە نەک واریسی شەیتان! ئەمن بە ڕوحیبە دەستنوێژەوە هاتبوومە حزووری نیشتیمان، کەچی ئێستا گڵاو و مەلعوونم! خوایەگیان چۆن غوسڵی براکوژی لە خۆم دەرکەم!

عومـــەر، ئیـــدی وەک هاوولاتییـــەکی مـــەدەنی بێچـــەک مایـــەوە. پێشـمەرگەکان وایانـدەزانی عومـەر بـاری دەروونـی تێکچـووە، چونکـە هەمیشە لەبەرخۆیـەوە وڕێنەی دەکرد: ئـەی خەڵکینـە! ئـەمن دەمویست خـوێنی دەمارەکـان پڕبکـەم لـە نـەرم و نیـانی! ئەوەتـا گـەرووی تـەڕی کانیەکانمان بریندار کرد، دۆڵەکانمان پڕکرد لە کینە! بە سەبریم دەگوت: بنجە گیـایەک هـەڵقەنم دەمـرم، کـەچی ئێستا، دیلکوژەکـانی کوردایـەتی، سـەری بـرای خـۆم پـێ هەڵدەکـەنن. ئەمـن هـاتبووم سـەبەت سـەبەت و تـەغار تـەغار مـژدە بـۆ منـدالان بچـنم، کـەچی دەسـتم لەسـەر ماشـەی مەرگەو بەخێوکەرەکانیان دەکوژم. دەمویست خۆریان بۆ داگرم، کاتێک دەستم کردەوەو دیقەتم دا، لە مەرگ زیاترم پێنەبوو! کـەی بـەوە دەڵێن شۆڕش، سـەری ڕۆڵەکانی خۆی پانکاتەوە! بەسـە! بەسـە! تاکـەی گـەلێک وەکو تەسبیحی بـێ ئیمـام، دەنکی زامـەکانی خـۆی بەردراتەوە! شـوێنپێی هەموو تەگبیرێکم هەڵگرتووەو گەیشتمە ئەوسـەری حەقیقەت کە، چیـدی تاقەتی ناشتنی قامەتی خوێناویی براکانمم نییە!

*

هەر بابایە ئەسپی غەرەز هەڵیگرتووە، خەنجەری ڕووت بەدەستەوە بۆ بڕینی قورقورۆکەی براکەی خۆی...

عومەر، شەوێک بەتاقی تەنێ ملی ڕێی شاری گرت، تاریـک و ڕوونـی بەیانی، گەیشتە گوندێک، ماڵەخزمێکیان لـەو گونـدە بـوو، لـە دەرگـای دا خاوەنماڵ خەریکی ئالیکدانی ئاژەڵەکانی بـوو، گـوتی: ئـەوە کێیـە؟ خێرە بـەو بەیانییـە زووە؟ خوانەخواسـتە خـۆ کەسـێکی ئـاوایی نـەمردووە؟! عومـەر بـەهێمنی گـوتی: خۆمـانین عومـەری حـاجی عـەولای حاجـەتان! خاوەنمـاڵ گـوتی: یـاخوا بـەخێربێی، زووکـە وەرە ژوورێ بـا کـەس نەتبینێ، ئەدی ئەوە خێرە ئاوا بەتـەنهاو بیچـەکی!؟ کـوڕە دەزانـی لـەلای حکومەت کەوڵی تۆ چەند بە قیمەتە؟ ئەتۆ هی ئـەوەی ئـاوا بـە تـەنیابی؟! عومەر گوتی: دەچمە شاری بۆ کاری پێویست، کارەکـە ئـاوا دەخـوازێ! خاوەنمـاڵ گـوتی: دەبێـت زۆرت ئاگـا لـەخۆ بێـت، چونکـە پیاوەکـانی

حکومەت زۆریان مەبەستە بتکوژن یان دەستگیرت بکەن. لەوەتای ئێوە بەربوونەتە گیانی یەکتری، حکومەت وەک سەگی هاری لێهاتووەو لە خەڵکی بێمنەت بووە، پێشمەرگە زۆر تەسلیم دەبنەوە. ئێستا هیچ کوردێک لە سەربازی تەسریح ناکات و کۆتایی بە قەرارە جۆت سایدەکەی ٧٣٦ و ٧٣٧یش هێناوە. عومەر گوتی: ئاگات لە مااڵێ ئێمە هەیە؟ دەبێ حاڵیان چۆن بێت؟خزمەکەی گوتی: باشن، بەاڵم زۆر لە ژیانی شاری بێزارن و لەگەڵی ڕانەهاتوون!... عومەر هەر نانی بەیانی خواردو لێی نووست. هەتا ئێوارێ هەر کەلەکەی نەگۆڕی! نانی ئێوارەی خواردو خۆی لە تاریکی وەرپێچاو بەرەو شاری کەوتەڕێ. بەیانی بوو، تەنها نانەواخانەکان کرابوونەوە. خۆی گەیاندە بەردەرگای ئەو ماڵەی گۆرین، کە لەگەڵ عەزەخڕەی، خۆیان تێدا حەشاردابوو. لەسەرخۆ لە دەرگایدا، لەو کاتەدا خاوەنماڵ لە حەساری خەریکی دەستنوێژ شووشتن بوو، گوتی: کێیە؟ عومەر، بە هەمان ئەو ناوەی کاتی خۆی پێی گوتبوو، وەاڵمی دایەوە. هەر دەستوبرد دەرگاکەی لێکردەوەو سەری خۆی بردەدەرێ ملی درێژکردو لە هەردوولای کۆاڵنەکەی خۆیان ڕاما بۆ دڵنیابوون لەوەی نەبادا کەسێک عومەری بینیبێ. ئینجا دەرگاکەی داخستەوە و ئامێزی لە عومەری داو بردیە ژووری. دوای بەخێرهێنان، ئەو دۆستەی گوتی: زۆرم پێ سەیرە، ئاوا بە تەنیاو بەبێ چەک هاتوویتە نێو شاری! ئەویش گوتی: ئەو کارەی ئەمن بۆی هاتووم وای پێویستە!... عومەر نەیدەزانی ماڵیان لەکوێیە، تەنها بیستبووی گوندیان جێهێشتووەو هاتوونەتە شاری. داوای لە خانەخوێ کرد، لە ڕێگای دوکاندارێکی خزمیانەوە، بچێتە ماڵیان، تەنها دایکی لەگەڵ خۆیدا بێنێ و بەس. خاوەنماڵ خۆی پێچایەوەو شوێنی نووستنی بە عومەری پێشانداو ڕۆیشتە ئەو دوکانەی عومەر ناوونیشانی دابووین. دوکاندار تاوەکو نزیک ماڵی حاجی عەولای وەپێشی کەوت، هەر دوور بە دووری گوتی: ئەو ژنەی چووە ژووری، ئەوە خێزانی حاجی عەولای حاجەتانە. ئەویش سپاسی کرد و گوتی: تەواو، بگەڕێوە دوکانەکەت!

لە دەرگای داو دایکی عومەری دەرگای لێکردەوەو گوتی: فەرموو کاکە وەرە ژووری، یاخوا بەخێر بێی سەرچاوی پلکی خۆت، ئینشالا خەبەرێکی خۆشت بۆ پلکی خۆت هێناوە؟ خزمەکەی گوتی: ئەمن دانانیشم، عومەری کوڕت منی ناردووە! بە بیستنی ناوی عومەری، قەسدی بوو پێلاوەکانی ماچ بکات، بەلام ڕاسپێردراو، دەستی بە نێوچاوانیەوە ناو نەیهێشت ئەو کارە بکات. دایکی عومەری خەریک بوو باڵ بگرێ، توخوا عومەر سەلامەتە؟ لە کوێیە؟ دەتوانم ببینم؟ قوربانی تۆو عومەری بم، بەخوای دڵم خەبەری دابوو لە بەیانییەوە بۆنی عومەری لەو شارەی دێ... زمانی تەتەڵەی دەکردو قسەی لێ تێکەڵوپێکەڵ دەبوون. راسپێردراو: دڵنیابە عومەری کوڕت سەلامەتە و لە مالّی ئێمە خەوتووە! دایکی عومەری: ئای قوربانی مالّەکەشت بم! ڕاسپێردراو: گەر دەتەوێت عومەری ببینی، دوور و نزیک بەدوامدا وەرەو وریابە بزرم نەکەی! دایکی عومەری بە جۆرێک دەستەپاچە ببوو، نەیدەزانی نە عەبای لە خۆی وەرپێچی نە پێلاوان لەپێ بکات، هێندە هەڵەشەو بەپەلە بوو، عەبای بەرەواژی بە خۆدادا و پلاوی تاکەوتاک لەپێ کردن! راسپێردراو گوتی: ئەو عەباو پێلاوانە چاک بکەو پەلەی مەکە، مالّی ئێمە لێرەوە زۆر دوور نییە. بەدەم خۆ ڕێکخستنەوە گوتی: خودا دەست بە عەمرتەوە بگرێت، ئەوشەو خەونم بە فریشتانەوە بینی، ئەو فریشتەیە ئەتۆی خودا بۆ منی نازڵ کردووی. لەو دەمە کەسیان لە مالّ نەبوون، بەپەلە کلیلی دەرگای لە مالّی دراوسێی بەجێهێلا، نەبادا خێزان زوو بێتەوە. چاوی لە پشتی کابرای گیرکردبوو، بەدویدا خۆی تەکان دەدا. دامێنی کراسەکەی لە قاچ و قوولی دەهالا و سەرسمی دەدان.

کێ دەتوانێ ئەو هەموو هەڵوەرینە کۆبکاتەوە! لەبەرخۆیەوە بەو عەرەبییە چەپرەکەی، هەر ئەوەتا کوردی نەبوو! هەرچی ئایەت و حەدیسە هەزار جاری حینجەکردن و فووی لە هەرچوار دەوری خۆی دەکردو لەبەرخوای دەپارایەوە عومەری بۆ بپارێزێ. بەرەنانێک خێری

بۆ لەخۆ گرت. ڕاسپێردراو، لە دەرگایەک چووە ژوورێ و لە دوای خۆی دەرگای بەکراوەیی بەجێهێشت. دایکی عومەریش بە بسمیللاوە چووە ژوورێ و دەرگای لەدوای خۆی داخست، دیسان خۆی بە قوربانی هەموو خەڵکی ئەو ماڵە کرد!... عەباکەی لە خۆی کردەوەو خۆی بە ژووری میواندا کرد، کەسی نەدی بە هەشتاو گەڕایەوە، خانەخوێ گوتی: ئەوەتا لەو ژوورە بەلاوەیە خەوتووە. کاتێک گەیشتە ژوورەکە، عومەر لە پرخەی خەودابوو. دایکی وەک کەڵەبابی سەربڕاو باڵەکانی پێکدادەداو هەڵدەپەڕی و لە دەوری عومەری دەسووڕا! دیمەنی ئەو چرکەساتەی دایکێکی هەناو هەڵقرچاو لە تابلۆیەکدا جێی نابێتەوەو هیچ هونەرێک دەرەقەتی نایەت! نەیدەزانی لە کوێڕا دەست بە ماچکردنی بکات؟ لە پێیەکانیڕا دەستیکرد بە ماچکردنی. عومەر خەبەری بووەوەو بینی دایکی بەڕاستی دەیەوێت بیخوا! ئامێزی لێداو دەستەکانی ماچکردو لە ئامێزی یەکتریدا بەکوڵ گریان. دوای پرسینی هەواڵی باوکی و سەفەرو ئایشەی خوشکی، هاتە سەر پرسیار لە سەبری هاوسەری. دایکی گوتی: دایکە پێشمەرگەیەک، دوای شەهیدبوونی کوڕەکەی، ئازاد کرابوو، لە زاری ئەوەوە کە من و باوکت بۆ سۆراغی سەبری، سەردانمان کرد، گوتی: بووکەکەتان لە سجنی سەماوەی کچێکی بووەو ناویشی ناوە (کنێر)و دەستی ڕاستی شەش ئەنگوستی هەیە. خودا سەبەبکاری بگرێ، نەیانهێڵا بە دەستی خۆم نێوکی ببڕم و سەبری فێرکەم چۆن فرچکی بداو ئاگای لێی بێت!... دوای هەموو قسەوباسێک، دایکی گەڕایەوە ماڵی خۆیان. هەرکە لە دەرگا وەژوورکەوت، هەرسێکیان ڕوویان تێکرد: ئەوە لەکوێ بوو؟ بۆ ئاوا بە پەلە کلیلت لە ماڵان بەجێهێشت؟ ئەو تەماتەو ڕۆنەی سەر تەباخەکە سووتاوە، چ کارێکی هێندە گرنگ بوو، ئەو قەلفڕەی بۆ بکەی و کەسیشمان ئاگادار نەکەی؟ پرسیارباران و ڕەخنەکوتیان کرد. دەمی ببووە تەڵەی تەقیو دەرفەتیان پێ نەدەدا وەڵامی پرسیارێک بداتەوە دوو پرسیاری دیکەیان لێدەکرد! ئایشەکوڕانی گوتی: ئەمن ئەگەر تۆزێک لە

دونیا بزانم و ئەو دایکەی خۆم بناسم، بە ڕەنگ و ڕووییەوە دیارە، دوژمن گوتەنی، موخەڕیبێکی دیتووە! چونکە بەدیتنی ئەو موخەڕیبەی ئەمن دەیناسم، نەبێت، ئەو ڕەنگوڕووە ئاوا نادرەوشێتەوە، کە دەڵێی مانگی لە چواردەیە پرشنگان داوێ! بەخوای بە.بووکێنیش ئاوا جوان نەبووە! سەفەر گوتی: لەسەری کۆڵانێ کە پێچت دایەوە، عەبات لێ ببووە پەڕەشووت، وامزانی یەک لە پلکەکانم مردییەو هاواریان بۆ هێناوی! حاجیژن لە بەرامبەریان بێدەنگی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی کڵۆکۆی خۆیان لە پرسیارو ڕەخنان دابمرکێنن. حاجی عەولای حاجەتان بەگاڵتەوە گوتی: ئافرەت چاکە چەقۆت لەسەر نەمایە دەنا ئەو خۆونکردنە لێپێچینەوەی وردی دەوێ و دەبێت دڵم پاک بکەیتەوە! حاجیژن گوتی: هەر ئەوە مابوو ئەو بوختانانەم بۆ هەڵبەستی، ئەتۆ بە جاحیڵیش دڵپیسیت لە من نەکردووە، خێرە بە پیری دەچییە بەر هەویری؟! ئەمن تازە ئاردی خۆم بێژت، کەپەکی خۆم ڕێشت!... ئەوەی لە هەمووان زیاتر سەری دەخستە سەری و دەستی لە یەخەی نەدەکردەوە ئایش بوو... حاجیژن چاوەڕوانی دەکرد حاجی عەولا تی بێتەوە بۆ ئەوەی خەبەری عومەری پێ بڵێ. حاجی عەولا چاک دەیزانی قسەی لێ ناشارێتەوە، هەستاو چووە حەساری. حاجیژن تیزماڵێکی دایێ و خۆی گەیاندێ و پێیگوت: حاجی مزگێنی! عومەری کوڕت لەنێو شارییەو دەمێنێتەوەو هەمووتان دەتوانن ببینن! بەڵام حاجی عەولای حاجەتان، پیاوێکی ئەوەندە سەنگین و بەهیمەتە، نە بە خەبەرێکی خۆش دەکەوێتە هەلەکەسەما، نە بە خەبەری ناخۆش دادەمێنێ و قەڵەمی دەستوپێی دەشکێ! بۆیە هەر ئەوەندەی گوت: خوا بیپارێزێ بەدڵنیایی دەچم دەیبینم. ئایشەکوڕانی، لە پەنجەرەیرا گوتی: بۆ ئێمە لە ژنە دۆمەکەینە ئەو شتەمان پێ نالێی؟ پێتوایە جاسووسین؟ ناچار بوون بۆ ئەوەی ئایشەی بێدەنگ بکەن، چوونە ژووری و خەبەرەکەیان لە نووکەوە بۆ ئەوانیش گێڕایەوە. ئایش، چونکە عەیامێک بوو چاوەڕوانی ئەو مژدەیەی دەکرد، دەستی لە ملی کردو گوتی: دایە یاخوا هەروا

خۆشخەبەر بی!

ڕۆژی دواتر لە دوای ئەوەی هەموویان چوون بۆ ئەو ماڵەی عومەر خۆی تێدا حەشار دابوو، بە یەکتری شادبوونەوە. زانییان عومەریش ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ شاخ، ئاوایان بە پەسند زانی بیگوازنەوە بۆ ماڵێ یەک لە پورزایەکانی، چونکە ئەویش ڕاکردووفیراری سەربازییەو دوو خزمی دیکەشیان هەر لەو ماڵە خۆیان حەشارداوە، چونکە کونەفیراریی[1] باشی دروست کردووەو بەدڵنیایی لەوێ پارێزراودەبێ. عومەر سوپاسی خانەخوێی کردو ڕۆیشتە ماڵی پورزایەکەی. زۆربەی ڕۆژان خێزانەکەیان سەریان دەدا، بەڵام ئەوەی دەهات، دەستی پڕبوو لە هەواڵی ناخۆش و کارەساتی دڵتەزێن: باب و کوڕێک لە موسڵ لە سێدارەدران، گوێی دوو فیراریان بڕی، سێ جەنازەی جەنگی قادسییە بۆ گەڕەکی کوران هاتنەوە، عارەبانەیەکی تراکتۆر پڕ لە جەنازەی پێشمەرگە لە شەڕی خۆبەخۆ هاتەوە شاری، پێنج پێشمەرگە تەسلیم بوونەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی جاش لە زیادبوونەو... بۆ ئەوەی ئەو ئازارانە فەرامۆش بکەن، ڕۆژانە کاتەکانیان بە دۆمینەوە بەسەردەبرد. عومەر لەکاتی دۆمینەدا کاتێک لە پوولەکانی نێو لەپی ڕادەما، دیمەنی لاشەی خوێناویی بلە سەرئاسنی تێدا دەبینین، خاڵەڕەشەکان دەبوون بە بلەو سپاییەکەش دەبوویە ئەو بەفرەی لەسەری کەوتبوو! ئەو یادەوەرییە تاڵە لە زەینی نەدەبۆوەو لێی نەدەبۆوە. هاوڕێکانی چەندجار دەستیان لە ڕانی دەدا تا بەئاگای بێننەوەو پوولێک بێتەخوارێ، بەردەوام هۆشی پەرت بوو، بەردەوام دۆڕاو بوو!

کونە فیرارەکەیان لە ژوورێکی نووستنڕا بۆی دەچوونە خوارێ،

---

[1]- کونەفیرار: لە شەڕی هەشتسالەی نێوان عێراق و ئێران، زۆربەی سەربازە ڕاکردووەکانی جەنگ، لەبەر مەترسیی گرتن، لە شوێنێکی نادیار و مەحکەمی ماڵەکانی خۆیاندا کونی ژێرزەمینییان لێدەدا و لەکاتی گەڕان و پشکنین و مەترسیدا خۆیان تێدا حەشار دەداو کاتی بێمەترسییش، دەهاتنەدەرێ و نان و چایان دەخوارد و پشوویان دەدا.

کونێک هەر بەئەندازەی ئەوەی مرۆڤێکی پێوەبچێت، لە خوارێ جێگای پێنج شەش کەسی تێدا دەبووەوە. هەرکات هەستیان بە مەترسی پشکنین بکردایە بە کونەکەدا دەچوونە خوارێ. لەسەر زارکی کونەکە، تەختەدارێک و لەسەر ئەویش پارچەبەرێکیان ڕاخستبوو. زۆر جار لانکی منداڵێکی ساوایان لەسەر دادەنا. ئەو پووزایەی، منداڵێکی هاروهاجی هەبوو، گرووی دەگرت ئیللاوبیللا ئەمنیش دەچمە کونی بابەی! بە هەزارحاڵ ژیریان دەکردەوە و لە بیریان دەبردەوە.

لەو سەروبەندە، حکومەت لە بەرامبەر شەڕی خۆبەخۆی پێشمەرگە، لێبوردنی گشتی دەرکرد. عومەر، لەژێر فشاری دایک و باوکی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەو، پێکگرتنی هەموو ڕێگاکان، دەبێ ڕێیەک هەڵبژێرێ، یەک: لە کونەفیراریدا ژیان بەسەربەرێ، هەرکاتێکیش دەستگیربکرێ یان گوێی دەبڕن یان لە سێدارەی دەدەن، دوو: لەلای سەرۆکجاشێک خۆی ناونووس بکات و ببێتە جاش. سێ: بچێتە سەربازی و ببێتە خۆراکی قادسییەی سەدام! هەر زوو جاشایەتییەکەی ڕەتکردەوەو گوتی ئەوە خیانەتێکی نیشتیمانی و نەتەوەییە. ڕێگای سێیەمی پەسندکرد. هەر نەبێ سەبریش بەردەبێ و ئازاد دەکرێ، ئەگەر بۆ دواینجاریش بێت خۆی بە قوربانی سەبری و کنێری کچی بکات. لە ڕۆژی پێنجەمی بڕیارەکە خۆی ڕادەست کردو لە دوای چەند پرسیارێک، لە ڕێگای تەجنیدەوە ڕەوانەی یەکەسەربازییەکەی خۆی کرایەوە، کە لێی هەڵاتبوو. ئەو یەکەسەربازییە، ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کرابوو لە محەممەڕە[1].

عومەریان لەگەڵ مەئموورێک بۆ یەکەسەربازییەکەی بەڕێکرد. تا ئاوەی مانگێکی، لەنێو لرفەی ئاگری ئەو شەڕە قڕکەرەی چەکی هەموو ڵاتە زلهێزەکانی تێدا تاقیدەکرایەوە، تەواوکرد، چەقی مەرگی دا. میشە، ئەوەی تینی پێدەبەخشی، ئومێدی ئازادکردنی سەبری بوو.

---

[1] محەممەڕە: ئێران پێیدەڵێ خورەمشەهر.

ڕۆژێکی ساردو وشکەسەرما بوو، باییک دەنگێکی ترسناکی لە گوێسوانەی ژوورەکانی زیندانی سەماوەی دەردەهێنا. دەرگای ژوورەکەیان کرایەوە، پۆلیسێک بە دەم بادانی کلیلەکان پارچە کاغەزێکی لە گیرفانی پانتۆرەکەی دەرهێنا. منداڵەکان لەترسان خۆیان خزاندە بنباڵ و ئامێزی دایکیانەوە. ناوی سەبری و پیرێژنەڕەقەڵەکەو دایکەپێشمەرگەیەکی دیکەی خوێندەوەو پێیان ڕاگەیاندن ئازاد دەکرێن! سەبری لەحەژمەتان خەریکبوو لە هۆش خۆی بچێت، وایدەزانی عومەر شەهید بووە. بۆیە ئازادی دەکەن! ئاخر ناهەقی نەبوو، چەند جار، کە گوێی لەو پیرەژنەڕەقەڵەیەی دەبوو کە لەسەر لەچکەکەی نوێژی دادەبەستا و دەستی لەبەر خوای پان دەکردەوە: خوایە قەت ئازاد نەکرێم! خوایە نەگەم ئەو ڕۆژەی ببینم! سەبری هێندەی دیکە لە قوڵپی گریانی دەدا، بەو ئازادکردنە زۆر غەمبار بوو، چونکە دەیزانی بەرچی، ئازاد دەکرێ و باجەکەی چەند قورسە!

هەرسێکیان لە سجنی سەماوەی وەدەرکەوتن، هیچیان پێڵاویان پێیدا نەبوو، سەرو سیمایان بە مەخلوقی ئەو سەردەمە نەدەچوو!

هەرکە لە دەرگای حەساری سجنەکە هاتنە دەرێ، کێڕ وەک لێندەیەکی کێوی چاو بەمۆڵەق و واق وڕماو لە ئاسمانی دەڕوانی، ونکە یەکەمجار بوو دنیا بەو گەورەیە ببینێ! وایدەزانی هەموو دنیا ر ئەو چوار دیوارەیە کە تێیدا لەدایک بووەو، هیچ مەخلوقی دیکەش، و چەند کەسەی دەوروبەری زیاتر، نییە! ئەوانیش، لە شوێنی پەنهانی یک دۆش داماون. لەگەڵ هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکان دەیزیڕاندو خۆی بە امێزی دایکییەوە دەنووساندو هەردوو چاوی دەنووقاند. ئەو کەپێشمەرگەیەی لەگەڵیاندا بوو شتێک عارەبی دەزانی، ئەو بوو بە ڕاست و چاوساغیان. ڕووی لە سەبری کرد: بڕێک پارەم لە نیفۆکی پێیەکەمدا شاردۆتەوە، پەنام بۆ بکەن دەربێنم. یەکەم شت، یەکەو سۆڵێکی بۆ کڕین، بەڵام هەتا بڵێی چڵکن و کزو لاواز بوون، ک بە بینینیان لێیان دووردەکەوتەوە، نەبادا جلەکانیان پیس بێت!

هەستی غەریبی داگیری کردبوون. بەلای حەوزێکدا تێپەڕین، سەبری گوتی: با هەندێک ئاو بخۆینەوەو هەندێک ئاو بە دمو چاوماندا بکەین!

کنێر لەسەر لێواری حەوزەکە بینی کیژۆلەیەک ڕژاوەتە نێو ئاوێنەی ئاوەکە، یەکبەخۆی لە زریکەی دا! یەکەمجاری بوو لە ئاوێنەدا خۆی ببینێ!

لە ڕێگای خەڵکانی خێرخوازەوە، سەبری گەیشتەوە گوندی. وەک مەلی تەرەو بێ ناوونیشان بە هەموو دەوروبەر نامۆ! پاڵێکی بە دەرگای قەمتەرەی حەساریۆەنا، بینی لەسەر گوێسوانەکان پووشی بەهاری ڕابردوو وەکو کاکۆڵی هەتیوان کەسێک دەستی بۆ نەبردووە، ئەو حەسارەی لەڕابردوودا سەرشاری دونیایەک بگرەو بەردە بوو، ئێستا پەپووی لێ دەخوێنێ! کۆلێتی مریشکەکان دەرگاکەی کەوتبووە گۆڕێ. لە هەواری خاڵیدا ژنێکی تەنهاو سەرگەشتەو ڕووتو ڕەجاڵ، ژنێکی ئازاردیدەی دڵ بەسۆ!... پیرەژنێکی هاوسێیان سەری بە حەساریداگرت، بینی ژنێکی سەرگەردان بە منداڵێکەوە لە نێوەڕاستی حەسارێ دەگرێ گوتی: کچم ئەو ماڵە دەمێکە باریان کردووەو چوونەتە شاری، وەرە بەردەرگای ماڵی ئێمە ئێستاکە نانت بۆ دێنم. یەکسەر گەڕایەوە ماڵێ دوو نان و بڕێک پەنیری بۆ هێناو دایەدەستی. سەبری گوتی من سوالکەرنیم، چۆن نامناسی؟ ئەمن سەبریم! پیرەژنەکە لە چاوەکانی سەبری وردبووەوە، نانەکەی فڕێداو ئامێزی لێدا: بە قوربانت بم سەبری! ئەوە چییان بەسەرهێناوی؟ خۆ بەس ئێسکو پێستت ماوە! بەنێو کوچە پڕ لە یادگارییەکانیدا، خۆی گەیاندە ماڵی باوکی، پیرەژنەکە هاواری کرد: مزگێنی سەبری هاتەوە! خێزان هەموو داڕژانە حەساریێ. چ حەشرێک لەو ماڵەی بەرپابوو! چ هەنگامەو چ فیغانێک! سەبریش یەک بەخۆی دەیقیژاند: ئەوە عومەر شەهید بووە، بۆیە منیان ئازاد کردووە؟ هەردوو خوشکەکەی عومەری، هەزار سوێندیان بۆ خوارد: عومەر زیندووەو هەر لەبەرخاتری ئەوەی ئەتۆ ئازاد بکرێی، خۆی ڕادەست کردەوەو ڕەوانەی سەربازی کراوەتەوە.

هەموو خەڵکی گوندی، گەورەو بچووک، دەوریاندا. لەبەر گریان کەس زمانی گۆی نەدەکرد شتێک بڵێ بارتەقای ئەو غەدرە بێت کە لەو ژنە کراوە! بەسەرسووڕمان و سەربادانەوە، یەک بەوی دیکەی دەگوت: چی بەسەرهاتووە! ئەو سەبرییە دیدەمەست و قیتو قۆزە، ئەو چاوە سەوزە قەزوانیانەی، چۆن بەقوڵدا چووون! سەبریش، لە هەرکوێ ڕادەما، لەحەسرەتی جێژوان و کەونەلانی خۆی، بریندی گۆن و نوێی دەکولانەوە!

داو داوی کەزی و زوڵفە ئاڵۆزەکانی، خەم و حەسرەتی ڕۆژگاریان لێدەچۆڕا! کێژ، وەک مەوئوودەی[1] کورد، کەس نازانێ بە چ گوناهێکەوە سووتا! ئەو مەخلوقاتەی لە خوێن و ئێسقانیان بوو، هەر هەموویان نامۆ بوون بۆی، سڵی لە هەموان دەکردەوەو دەترسا، جگە لە باوەشی پڕ لە میهری دایکی، هیچ شوێنێک ئەمین نەبوو بۆی. هیچ تریقانەوەو پێکەنینێکی پێ ئاشنا نەبوو، لەو کاتەی لە دامێنی دایکی کەوتبووەوە، گوێی لە پێکەنین نەبوو، گوێی بە گریان و کڕووزانەوە ڕاهاتبوو! هەرکەسێک دەستی میهری بۆ درێژدەکرد، ئەو زیاتر خۆی بە سینگو بەڕۆکی ڕەقوتەقی دایکییەوە دەچەسپاند، چاوی خۆی لە تەمەشایان دەشاردەوە. ئاخر ئەمن و پۆلیسی زیندان، هێندەیان لە قژیەوە گرتبوو و سەریان بەرزکردبووەوە بۆ ئەوەی ڕووخساری ببینن! ئەو کاتەی لێیان دەڕوانی، بە بزەیەکی قێزەونەوە، دوو چاوی شینی سیحراوییان بۆ کێری، پێ زۆر بوو! لە هەموو کەلوپەلێکی یاری منداڵانە، بگرە بووکەشووشەش دەڕەوییەوە، پەپوولەیەک بە مەیلی دڵی خۆی ئەو چڵەو چڵی نەکردووە، وەک باڵندەیەکی قوشقی هەرچەند دەکەن کەوی نابێ!

سەبری، نیری یەخسیری لە ئەستۆی دارندرا، بەڵام هەر ئەوەندە نەفەسی دەدا و بەناو زیندوو بوو! چاوەکانی هەر ئەوەتە زەردەیان

---

[1]- مەوئوودە: کچی زیندەبەچاڵکراو. لە ڕۆژگاری نەفامی (عصری جاهیلی)دا، عەرەبەکان کچیان زیندەبەچاڵ دەکرد.

دەکرد، بەهۆی بەدخۆراکی و دژوێنییەوە، هێندەی نەمابوو شەوکوێر ببێت!...

هەرکەسێک چیرۆکی ئازارەکانی مالّی حاجی عەولای حاجەتانی بیستبوو، دەیگوت: حەیف! ئەو خێزانە لەسەر کوردایەتی هەڵوەشان و وێران بوون!

مالّی حاجی عەولای، هەرکە هەواڵی ئازادکردنی سەربیان بیست، خۆیان گەیاندە گوندی و یەکسەر چوونە مالّی بابی سەبری. کە چاویان بە حاڵی سەبری و کنێری کەوت، لەداخان وەکو پۆڵووی دەسووتان.

مالّی حاجی عەولای سێیەم ڕۆژیان بوو لە گوندی. بەری ئێوارێ، هەرچەندە سووی[1] سارد بوو، لبادێکیان لەبەرهەیوانێ بۆ حاجی عەولای داخست و بالیفێکی گەورەیان دایەپاڵی، ڕادیۆکەیان بۆ هێناو گوێی لە هەواڵەکانی پێشمەرگە گرت، باسی چالاکییەکی دەکرد کە لە دژی حکومەت کرابوو، حاجی عەولا هەزارجار خۆی بەقوربانی دەستو تفەنگیان کرد. دایکی عومەری ڕووی تێکرد: تێرمان نەخوارد لە کوردایەتی! تێیدا وێران بووین! ئەو مار و دەورەتە زۆرەمان لەسەر کوردایەتی دانا!... لەو قسانەدابوون، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، کە سێ پێشمەرگە بوون، بە لوولەی تفەنگەکانیان دەرگای حەساریّیان کردەوەو ەژوورکەوتن. حاجی عەولا بە ڕوویەکی گەش و گفتولفتێکی خۆشەوە: اخوا بەخێربێن سەرچاوی مامی خۆتان! بەرپرسەکەیان گوتی: ئەتۆ امی ئێمە نی، باوکی عومەرە خائینەکەی! خێراکە هەرچی زووە مان کەوە، کاتی ئەو ماستاوانە نییە! حاجی عەولا، لەو باوەڕەدابوو ەناسین ڕوویدابێت، گوتی: ئێوە دڵنیان کێ دەگرن و بە چاکی ئەمن سن؟ بەرپرس: لە خۆت چاکترت دەناسین، ئەوە نییە کوڕە ەکەت تفەنگی شۆڕشی شکاندو تەسلیم بە ڕژێم بووەوە. ئەوجا عەولا دڵنیابوو، گوتی: ئایش کچم قۆدییێک جگەرەم بۆ بێنە، با

---

[1] تەزوو، کاتێک کزەبایەکی ساردی زستانە هەڵدەکات و خۆی لە دەمو چاو دەڵێن سووی ساردە، هەوای ساردە.

حاجی عەولای حاجەتان بەو ئاخیری عەمرەی، زیندانی پێشمەرگانیش ببینێ! لە پەرگەی گوندی تراکتۆرێک لە حەسارێک ڕاگیرابوو، بەرپرسەکە بە یەکێک لە پێشمەرگەکانی گوت: بڕۆ ئەو تراکتۆرەی بێنە بمانگەیەنێتە ئەوبەری جادەی و ناوچەی ئازادکراو. لە دوای مشتومڕی پێشمەرگەکەو جووتیارەکە، جووتیارەکە گوتی: کوا بەرپرسەکەتان لە کوێیە دەمەوێ خۆم قسەی لەگەڵ بکەم؟ گەیشتنە لای بەرپرسەکە. خاوەنی تراکتۆرەکە گوتی: قوربان، تازە تراکتۆرەکەم تەعمیر کردۆتەوە، پێشمەرگە وەکو ئێوە بردبوویان مەکینەیان سووتاندبوو، لە کەندرێک جێیان هێشتبوو. بۆ ئەوەی هەلیکۆپتەر نەیسووتێنێ بە ڕاکێشان هێناومەوە. بەرپرس گوتی: ئەو قسانە بۆ حەلاوێ بکە، زووبە تراکتۆرەکەت دەربێنە هەتا لێرە نەمسووتاندووە! جووتیارەکە، هەرچەندی پاڕایەوە، ئەوان نەیانبیست و تراکتۆریان برد. دنیا ڕووناک داهاتبوو گەیشتنە بارەگاکەیان. لە دوای نانخواردنی بەیانی دوو بەرپرس لە ژێر خیوەتێک کۆنکانیان دەکرد، حاجی عەولایان بردە لای ئەوان و گوتیان: قوربان ئەوە حاجی عەولای حاجەتانمان هێناوە. بەرپرسەکان بە چاوی مانگاکڕین لە حاجی عەولایان دەڕوانی بۆ ئەوەی لە جلوبەرگیرا بزانن چەندی پارە پێهەڵدەستێ: دانیشە حاجی بەخێربێی! حاجی وەلامی دانەوە: خێراندارین! بەرپرسەکە گوتی: حاجی بە خۆت دەزانی عومەری کورت خیانەتی لە شۆڕش و کورد کردییە، تفەنگێکی ئاپبیکەی شکاندووەو خۆی ڕادەستی ڕژێم کردۆتەوە، دەبێ دوو تفەنگ بۆ شۆڕش بکڕی، یەک لەبریی ئاپبیکەیەکەو یەکێکیش جەزای خۆڕادەستکردنەوەکەی. حاجی عەولا گوتی: خۆ ئەو تفەنگەی لە ڕەبایەی شاخی سەر بەتەم ڕفاندبوو، ئەمن ئەو چەند ساڵە بەخۆم و ژن و منداڵم باجی ئەو تفەنگەی دەدەم! ئەو تفەنگە بۆ من بۆتە خوێنی سیاوەیشی و نابڕێتەوە! ئەوجا عومەری کورم لەگەڵ لایەنێکی دیکە پێشمەرگە بووە نەک ئێوە، دڵنیام ئەوانەی ڕاپۆرتیان لەسەر دەنووسیم بۆ دائیرەی ئەمن، هەر ئەوانەن ڕاپۆرتیان بۆ ئێوەش لەسەر من

نووسیووە! بەرپرس گوتی: ئەوە نایخوا، هەتاوەکو پارەی دوو تفەنگ نەیەتە ژێر ئەو خێوەتە، ناڕۆیەوە، هەر ئەلفازت بگەڕێ دەیکەم بە سێ تفەنگ!

دوای ئەوەی هەندێک لە خزمان بەدوایدا چوون، بە هەزار ناری عەلی بە تفەنگێک قایلیان کردن. حاجی عەولا هەرچی ناوی پارەیە شکی نەدەبرد بۆ کڕینی تفەنگێک، ناچار بوون چەند مافووری سەرنازو جاجم و بەڕی نەخشینی دەستکردی خۆیان هەبوو، فرۆشتیان. حاجیژنیش گوارەی پێنجگۆی زەمانی بووکێنی خۆی لە گوێ کردەوەو فرۆشتی و بە هەزار پینەوپەڕۆ پارەی تفەنگەکەیان پەیداکردو حاجی عەولای حاجەتانیان کڕییەوە!

عومەر بۆ ماوەی مانگێک، لە ژێر ڕەحمەتی ئاگرو ئاسندا شەو و ڕۆژی بەرێکردن. ئەو بەیانییە تەقە مەکس بوو، ئەو نێوە لە بۆنی بارووت داوێستا بوو، ناوی چەند سەربازێک بۆ وەرگرتنی مۆڵەت و سەردانی کەسوکاریان، خوێندرایەوە، یەک لەوانە عومەر بوو. شار بە شار خۆی گەیاندەوە هەولێرێ، هەموو ڕێگاکەی بەو خەیاڵەوە بڕی، بەڵکو سەبری هاوسەری ئازادکرابێت!

هەر لە سەری کۆڵانێ ژن و منداڵی گەڕەکێ سەربازێکیان بینی جانتای سەفەری بەشانییەوە بوو، بەهۆی ئەوەی دایکی عومەری ڕۆژانە ئەوەندە وێنەی عومەری بە ژن و منداڵی کۆڵانێ پیشاندابوو، لێی وردبوونەوە بینییان عومەرە. چەند منداڵێک بەپیر عومەرییەوە چوون و جانتاکەیان لێوەرگرت و مزگێنییان دایێ کە سەبری هاوسەری ئازاد بووە، هەندێکیش غاریاندا بو ماڵی حاجی عەولای: مزگێنی عومەری کوڕتان هاتەوە! لەبەردەرگای، هەردوولا تێکهەڵەنگوتن و بە تاسەیەکی یەکجار گرانەوە باوەشیان پێکداکرد. ئەوەی لەو بارودۆخە .هەترسێ تەنها کنێری کچۆڵەی زیندانە، حەپەساوە، نازانێ لێرە چ باسەو دەگوزەرێ. هەرچەندی عومەر هەوڵیدەدا کنێری لە ئامێزبکات ئەوە ِوی نەدا! چونکە بەو جلەسەربازییەوە هەر وایدەزانی پاسەوانەکانی

سجنی سەماوەیەو ڕەنگە ئازاری بدەن! بە تێپەڕبوونی کات، کێژ زیاتر لە سەفەری نزیک دەبوویەوە جارجار ماچێکیشی دەدایێ. ئەو، زیاتر لەگەڵ ژنان هەستی بە ئارامی ڕۆحی دەکرد!

شەپۆلی هەنسک و هەناسەی گەرمی سەبری لەو دیداری بەیەکتر شادبوونەوەیەدا، هەموو وجوودی عومەری داگرتبوو، لەناخەوە هەستی بە تاوان دەکرد کە هۆکار بوو بۆ ئەو هەموو شکانەی سەبری لە دۆزەخی بەعسیان. چون بەڵێنی بە سەبری دابوو هەرکاتێک کە منداڵیان بوو، بە هەردووکیان گەورەی بکەن، کەچی ئێستا ناشیناسێ! ڕۆحی هەلاهەلای، بەرین و بەڵاو چوورتمی ڕۆژگارێکی یەکجار مەلعونیان پێوەبوو! بە چاوێکی پاڕانەوەو بەداوای لێبوردنەوە لە هەر هەمووانی دەڕوانی، کە هۆکار بووە بۆ هەڵتەکان و وێرانبوونی ئەو خێزانە. بەڵکو تۆزێک لە خەجاڵەتی و گوناهەکانی بشواتەوە، خۆی بەسەر کەوش و دەستو پێی دایک و باوکیدا دا!

ئەو شەوە، عومەرو سەبری هێندەیان قسە هەبوو بۆ یەکتری، کات بەشی نەدەکردن! عومەر: سەبەگیان! بڕوا بکە تۆو نیشتیمان دوو دڕەختی جمک بوون لە قوواڵایی دڵە گوناهبارەکەی منداڕووابوون! مەگەر هەر خۆت خەمەکانم پاک بکەیتەوەو، لەنوێ پڕم بکەیتەوە لە ئومێد! لێرە بەدواوە، دەبێ زەینمان کۆبکەینەوەو، بەجۆرێکی دیکە لە ژیان و دەوروبەر بڕوانین! من نازانم بەو قسانە دەتلاوێنمەوە یان دەتکولێنمەوە، ئەی ژیلەمۆی دامرکاوی خەباتی سوور، ئەی تەواری ئازاو جەسوور! دەزانم، ئەو نەهامەتیانەی ڕووی لەو خێزانە کرد، هەموو لە ئەنجامی بڕیاری نابەجێ و سەرەڕۆیانەی من بوو! ئاخر، پرسی نیشتیمان، پرسێکی هێندە پیرۆزە مرۆڤ ناتوانێ پشتی تێبکا! بۆ خاتری نیشتیمان، تا بنمیچی وەهم و خەیاڵ فڕیم! تا سەری خۆم لە بەردی ئەلحەدی نەدا، نەمزانی کە خەراباتە!

*

لە سێیەم ڕۆژی ئازادکردنیدا، سەبری داوای لە ئایشەکوڕانی کرد

شمشاڵی بۆ لێبدا، بۆ ئەوەی کێرێش گوێی، بەو ئاوازەی تەواوی خێزان وەک ئارامبەخش گوێی لێدەگرن و لەگەڵی ڕاهاتوون، ئاشنا بێت!... ئاخر شمشاڵەکەی ئایشێ، لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکی ئەو خێزانە، قسەی تایبەت بەخۆی هەبوو. بۆ هەر ڕووداوێک ئاوازێک!

عومەرو سەبری، لە خەیاڵ و ئەندێشەیاندا ئارەزوویەکی بزۆزیان دەدایە بنباڵی فڕین، بە ئومێدی ئەوەی کاتێک جەنگ کۆتایی هات، وەک جاری جاران لەنێو گیاگەنمەو کێرو گوڵەحاجیلەدا، گرێی ئارەزوویان بکەنەوە، بە ئاوی باران خۆیان بشۆن، بەتەواوی وجوودیانەوە خۆیان لەقەبەر مانگ بکەن، چێژ لە گرشەی ئەستێرەکان وەربگرن!

سەبری گوتی، ئامێزی تۆ هێلانەی ئاوەدانی و بەختەوەریی منە، بەڵام چی بکەم، ئێستا بووم بە دوو پارچە، پارچەیەکم لەلای تۆیەو پارچەیەکم بەسەر ئەو زیندانەدا دەسووڕێتەوە کە بۆتە ئاگردانی سووتانی گوڵاڵە سووڕەکان! ئەوانەی لە کەرنەڤاڵی سروودی نان و ئازادی دەچڕن. لە توانای کێدایە ئەو هەموو عومرە ڕژاوانەیان کۆبکاتەوە! هەموو خەمیان ئەوەبوو کێر کەوی بکەن! ئەو نەیدەزانی لە شوێنێکی ناجۆرو نەشیاو بۆ هاتن، لە دایکبووە، وایدەزانی سنووری جیهانەکەی ئەو، لە چوار دیوارو حەساری زیندانەکە تێناپەڕێ و، حەشیمەتی سەر ئەو هەسارەیەش تەنها ئەو چەند کەسەن کە پێکەنینیان ژەنگی گرتووەو بە بۆنی نان شاگەشکە دەبن! بۆیە، کێر بەر لە فێربوونی وشەی دایە، وشەی نان فێرببوو، نەیدەزانی لە پەنای ناوی دایک، بوونەوەرێکی دیکە هەیە پێیدەگوترێ باوک! قەت ئەوەندە پیاوەی بەیەکەوە نەبینیبوو، ئولفەتی تەنها بە ژنانەوە گرتبوو، وەک ئەوەبوو لەودیوی زەمەنەوە کەوتبێتە نێو ئەو مەخلوقاتە نامۆیە! ئاخر، لەوەتای لەدایک ببوو، تاقە یەک دنیای بێ ئاسمان و مانگ و ئەستێرەی هەبوو، ئەویش دنیای یەخسیری و برسیکردن و نابووتکردنی مرۆڤ بوو!

بۆیە، لە ماڵەتازەکەیدا، ماڵی باپیرە حاجی عەولای، لەگەڵ چیڕەی دەرگاو زڕەی کلیل و ئاچەرو کێڵۆنی هەر دەرگایەک، ڕایدەکردە

باوەشی دایکی، چونکە هەرگیز دەرگای وا بەئاوالّەیی و لەسەرپشت، نەبینیبوو! هەندێکجاریش، نوقمی تێرامانی تەلەفزیۆن دەبوو، بەلّام کە دەهاتە سەر دەنگوباسی بەرەکانی جەنگ و هێزەچەکدارەکانی بە جلوبەرگی سەربازی دەبینی، کە هاوشێوەی پاسەوانەکانی زیندانی سەماوەی بوون، یەک بەخۆی دەیزیراندو دەچووەوە ئامێزی دایکی و چاوی لەسەر تەلەفزیۆنەکە وەردەگێڕا! هەرکەسێک لە دەرەوەڕا دەهات بۆ ژوورەوە، بەسەرسامی و ترسەوە لێی دەڕوانی!

ئەو شەوە کە مانگی بە تاقی ئاسمانەوە بینی، خەریکبوو هەترەشی بچێ! تاکو ئێستا، کێژ ئەسپ و مانگاو سەگ و کەلّەباب و مریشک و پشیلەو هیچ ئاژەلّێکی دیکەی نەبینیبوو. ئەوەی لە زەین و زاکیرەی پاکژی منداڵانەیدا ڕەگی داکوتابوو، ئەوەبوو کاتێک دایکی و ژنەکانی دیکە، کە گوێیان لە ترپەی پێی پاسەوانەکان و زڕەی بادانی کلیلی نێو ئاچەرەکانی دەرگا دەبوو، چۆن وەکو زەنگێکی ترسناکیان بیستبێ، خۆیان کۆدەکردەوەو نەفەسیان لە خۆیان دەبڕی و لە چاوەڕوانی ئازاردانێکدا، چاوە ماندوو و لێوە بەبارەکەی دایکی، هەموو ئەوانەی پێدەگوت!

عومەر، هەتاوەکو ڕۆژەکانی مۆڵەتەکەی کەم دەبوونەوە، لەتاو ڕۆژی گەڕانەوە بۆ مەنجەنیقی مەرگ و جێهێشتنی سەبری و کنێری، تایەکەی گەرمتر دەبوو!

*

خەڵکی عێراق، بە تایبەتی ئەوانەی کەوتبوونە سەر ڕێگا سەرەکییەکان، ڕۆژانە ئەو تابووتانەیان دەژمارد کە لە بەرەکانی شەڕ دەنێردرانەوە، ئەوە، جگە لە ژمارەی دیل و ونبوونی بێسەروشوێن. سەرباری ئەوانە، مردنی جەلال لۆبیافرۆشیش، خەمێکی دیکە بوو بۆ عومەری.

دواشەوی مۆڵەتەکەی، قسەی زۆریان بۆ یەکتری کرد، دڵی عاجزی یەکترییان دایەوە، زۆر ڕازونیازیان گۆڕینەوە. سەبری، بەدەم

هەڵوەراندنی چەند یاقوتێکی گەشی چاوە سەوزەکانی، گوتی: عومەر! خەونم دیوە، دڵم دەترسێ جارێکی دی نەتبینمەوە! عومەر گوتی: ئازیزی من! ئەمن بەڵێنت پێدەدەم لەبەر خاتری تۆو کنێری نامرم! نا نا، نابێ جارێ بمرم! لە زۆر گاشەبەردان هەڵەنگوتووم و سەرانگرێ بووم، بەڵام زۆر بەهێزتر هەستاومەتەوە! سەبری گوتی: هێشتا خۆڵو غوبارێ غەریبی بە ڕەنگو ڕوومەوەیە، لەخۆیدا شاردوومیەوە، دەبێ کەنگێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە ئاهێکی گەرمی تێگەڕێ!... لە دامێنی قساندا، عومەر ڕووی لە سەبری کرد: هەتا ئەو جارە دێمەوە، چەند خۆشە کنێر ماڵی ببێت و خۆی بە ئامێزمدا بدات! ئای هەر ئەوەندە نەدەمردم ئاوی دەستی کنێری کچم بخواردبوایەوە!

لە ئامێزی خەمی یەکتردا گورگەخەوێکیان کرد. هەندێک داوەتیشکی ڕووناکی، بەدزیەوە لە پەنجەرەکەوە ڕژانە نێو ژوورەکەیان. تەمەننایان دەکرد ئەو بەیانییە، لەنێو ڕۆژەکانی هەفتەو مانگ و ساڵدا هەر نەبوایە! هەردوو کوشتەی غەدری ڕۆژگار، ئەگەر بیانتوانیبا هەتا تینیان تێدادەبوو، لەبەر ئەو بەیانییە ڕایان دەکرد!

گورج خۆی کۆکردەوە، کە بینی کنێر خەوتووە بە دەرفەتی زانی، لە خەودا ماچێکی بەدڵی خۆی لێکرد، کە ئەوە یەکەم ماچ و دوایین ماچ بوو لە ڕوومەتە خرپنەکانی کنێری بستێنێ! دوای خواحافیزی، دوو کەڕەتان بۆ لای سەبری گەڕایەوە. کە شەونمی لەسەر پەڕەی سوورگوڵ بینی، دیسان گوتی بەڵێنت پێدەدەم نەمرم!

لەو دواساتەدا، ئاهو نزوولەی ژانی لێکدابڕان لە کووڕەی دڵی سەبریدا مەلەکوتیان دەسووتاندو کتێبە ئاسمانییەکانی پەڕەپەڕە دەکرد!

١٦

کات لەسەر کەس ناوەستێ، چەرخو خولی گەردوون بە ئارەزووی کەس ناگەڕێ! وەک گەردەلوولێکی سەرشێت، هەرچی بکەوێتە سەر ڕێی، لەگەڵ خۆیدا لووڵی دەدا!... بەدرێژایی ڕێگای بەینی هەولێرو بەسرا، تابووتی جەنازەی سەر چەمچی تاکسییەکانی دەژماردو لەبەرخۆیەوە دەیگوت: داخوا چەند سەبری چاوەڕوانیان بووبن! هەرچەندی شۆفێرەکە پێی لەسەر بەنزین دادەگرت، زیاتر لە کوورەی ئەو کوشتارگەیە نزیکی دەخستنەوە، کە ئەو تابووتانەی لێهاتوونەتە دەرێ! هەستەکانی، وەک ئاوماڵکی سەر گێژەنێکی سەرگەردان، خولی دەخوارد. لە خەیاڵیدا، ئەو ڕۆژانەی دەژماردن کە نۆرەی مۆڵەتی دێتەوەو دیسان بۆ چەند ڕۆژێکی کەم، لە باوەشی سەبریدا دەرسی ژیان وەردەگرێ!

گەیشتە شاری بەسرایێ. تازە دواتیشکە خاوەکانی خۆرئاوابوون، دەستی ماڵئاوایی لە ملی باڵەخانە بەرزەکانی شاری بەسرایێ دەکردەوەو ڕادەستی شەوی دەکردن! عومەر، هەر بەپەلە لە شەقامی کوێت، نانی ئێوارەی خواردو خۆی گەیاندە سەربازگەی بەسرا. لەوێ، بەردەوام ئیڤای سەربازی بۆ زۆربەی بەرەکانی جەنگ لە هاموشۆدا بوون. هەندێکیان دەگەڕانەوە بەرەکانی جەنگ، هەندێکیشیان ئەو سەربازانەیان لە بەرەکاندا دەهێنایەوە کە مۆڵەتیان وەرگرتبوو. بە ڕووخساری هەموویانەوە دیاربوو کامەیان دەچێتەوە لای کەسوکاری و کامەیان دەگەڕێتەوە بەرەکانی جەنگ. عومەر، سواری ئیڤایەک بوو و بەرەو بەرەی محەمەرە کەوتنە ڕێ. بۆ گەیشتنەوەی یەکەسەربازییەکەی، سەعات و نیوێکی کات پێویست بوو، بەڵام نیو

سەعاتی دوایی دەبوایە بەبێ لایت ڕێ بکەن. لەگەڵ چاڵ و قوڵکەی ڕێگاکە، سەری بەملاو بەولادا تەکانی دەخواردو خەوەکوتکە دەیبردەوە. کە هۆشیار دەبووەوە لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئاخر ئەگەر کورد خۆ بەخۆ یەکتر نەکوژن، ئەمن بەو شەوە لەنێو ئەم ئیڤایەداو لە مابەینی بەسراو محەمەرە، چی دەکەم! ئەو شەڕە، کەی شەڕی منە!

مانگەشەوێکی ڕووناک بوو، قیڕەی بۆق و سیڕەی سیسرک دەهات. دنیا کشومات، لە هەندێک شوێن، شۆفڵ بۆ هەڵکەندنی پەناگەی تانک و زرێپۆشەکان کاری دەکرد، ئەوانیش دووربوون. ئەوەی نێوە نێوە بە چاو دەبینرا، بڵاچەی چەند تۆپێک بوو لە بەرەکانی دیکەی شەڕ. هەرکە گەیشتەوە یەکەسەربازییەکەی، هەر بەو شەوە ئامادەیی خۆی پێشانی ئەفسەری بەرپرس دا. ئەفسەرەکە دەستبەجێ بیکەیسی و چەند هەزار فیشەکێکی، لەگەڵ لوولەیەکی یەدەگ و دووربینێکی دایێ. سەربازێکی دیکەی بەناوی سوهەیل، وەک عەدەد ئاڕبیجی، ئەرکدار کرد لەگەڵ عومەریدا بێت، چونکە دەبوایە بیکەیسییەک و ئاڕبی جییەک لە یەک خەندەکدا بن. شوێنێک، بەحاڵ وەک تەپۆڵکە لە دەوروبەر بەرزتر بوو، بۆ عومەرو سوهێلی دیاری کرا. عومەر لە شەڕکردن و خۆ قایمکردن زۆر شارەزابوو. ئەزموونێ چەند ساڵێکی سەختی لەو بوارەدا هەبوو، بە سوهێلی گوت: برۆ پاچێک و خاکەناسێکم بۆ بێنە. خاکەکەی نەرم بوو، بەو شەوە خەندەکێکی قوواڵی هەڵکەندو چەند گونیە خۆڵێکی لەسەر لێواری خەندەکەکە دانا، گوتی: ئەگەر لە شێنەیی سەنگەری خۆمان قایم نەکەین، کاتێک شەڕ دەستی پێکرد نە دەتوانین سەنگەر قایم بکەین و نە داکۆکیمان پێ لەو شوێنە دەکرێ کە پێمان سپێردراوە، نە خۆشمان پێ دەپارێزرێ. لەلای دەستەڕاستیان دوو سەربازی دیکە لە خەندەکێکدابوون، عومەر گوتی: دەچمە لایان بزانم ئەوانە کێن و ناویان چییە. دەرکەوت یەکێکیان ناوی محەمەد بوو دەیانگوت ئەبو جاسم، ئەوەی دیکە ناوی قەیس بوو. عومەر بەدەم دامەزراندنی بیکەیسییەکەی و ڕاخستنی لیزگەی فیشەکەکان، لەبەرخۆیەوە دەیگوت:

ئەوە چ چارەنووسێکە! لە هەناوی جەنگێکی بێ ئامانەوە، خەمێک دەمداتە دەست خەمێک و، کارەسات لەدوای کارەسات یەک بەوی دیکەم دەسپێرێ! ئاخر ئێرە کەی جێی منە! تامی ژەهری پڕ ئازاری واقیعێکی یەکجار تاڵە کە بەناچاری دەینۆشم! تاکە دوو ڕێگام لە پێش بوو، یان براکوژی یان چارەنووسێکی نادیار! بەدەم خۆقایمکردن و ڕێکخستنی سەنگەرەکەوە ئەو قسانەی دەکرد. سوهێل، پیاوێکی بالا مامناوەندو دەموچاوێکی خڕی گەنمڕەنگی بوو، هەتا بڵێی ڕەنگێکی جوان و لەبەردڵانی هەبوو، لە هەڵسوکەوتیدا نەرم و ئارام بوو. دڵپاک و ڕاستگۆ، بزەیەکی تاڵی هەمیشە لەسەر لێوان بوو، بەڵام لە ناخیدا هەست بە وردوخاشبوونی دەکرا، دیاربوو هەڵگری ئازارێکی قوواڵەو حەسرەتێک، ڕۆژانە بوونی دەکرۆشت!

عومەر گوتی: هەرچی پێداویستیمان هەیە دەبێت بەشەو بیهێنین، چونکە بە ڕۆژ نابێت دوژمن جموجۆڵمان ببینێ. ئاخر ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی شەڕەکەدابوون، بیست کیلۆمەتر لە محەمەرە بۆ نێو خاکی ئێران، بەپشتەوە کەوتبوون. ئەو شەوەیان لەنێو خەندەکەکە ڕۆژکردەوە. عومەر کاتەکەی بە قایمکردن و فراوانکردنی سەنگەرەکەیان بەسەردەبرد. پێیەوە دیاربوو تەمای هەڵاتنی نییە. هەردووکیان، هەموو ژیانیان کەوتبووە نێو ئەو ماڵە نوێیە!

سوپای عێراق، هەر چواردەوری محەمەرەیان بە سوپایەکی تۆکمەو پڕچەک تەنیبوو، بەرەیەکی زۆر فراوان بوو، بە قوڵایی چل کیلۆمەترو بە درێژایی هەشتا کیلۆمەتر، پێی دەگوترا بەرەی محەمەرە. لە پشتەوە، پردێکی بە پانی چوار مەترو درێژایی پەنجا مەتر، بۆ پەڕینەوە لەسەر ئاوی ڕووباری نەهر جاسم، هەبوو. چوار سەد تانک و ئەو هەموو تەداروکاتی سەربازی و دەیان هەزار سەربازە، هەمووی بەو پردەدا پەڕیونەتەوە. لەوبەری پردەکە پاسەوانی گاردی کۆماری ناسراو بە دەستەی ئیعدام، بۆ کوشتنی ئەو سەربازە عێراقییانەی لە بەرەکانی جەنگ ڕادەکەن و بۆ دواوە هەڵدێن، جێگیرکرابوون. لەو چەند ڕۆژەی

هاوسەنگەریی عومەرو سوهێلی، زوو تواناییان ببنە جێگای متمانەی یەکتری، چونکە هەردووکیان دوو مرۆڤی خوێندەوارو ڕۆشنفکر بوون، جوانتر لە یەکتر حاڵی دەبوون، بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی عەوام و نەخوێندەوار. سوهێل کاتێک لە عومەری دڵنیابوو کە پیاوی بەعسییەکان نییەو زۆریشی ڕق لێنەو کوردێکی هەتا سەر ئێسقان نەتەوەییە، گوتی: منیش کوردم و کوردی فەیلیم.

عومەر: بە خوێن و ڕەنگتەوە دیارە کە کوردی، هەر بینمی خوێنم بۆت جوڵاو خۆشمویستی!

سوهێل: ئەتۆ یەکەم کەسی بزانی کوردی فەیلیم، چونکە ئەو نهێنییە پەیوەندی بە ژیان و مردنەوەیە، دڵنیام دەکەوێتە زارێکی ئەمینەوە!

عومەر: ئەی کوردانی فەیلیان هەموو لەسەر سنووری ئێران نیشتیمانبەدەر نەکرد؟

سوهێل: ڕاستە، بەڵام من بە موعجیزە ڕزگارم بووە، لە دەرفەتێکدا بۆت باس دەکەم.

عومەر: ئێمە لە شاخ بووین، کاتێک ئەو هەواڵەم زانی. دامودەزگای حکومەتی بەعس بە تایبەتی دائیرەی ئەمنی عاممە، شاڵاوێکی ڕەشبگیری لە دژی کوردانی فەیلی بەرپاکرد، هەموو بازرگانە کوردە فەیلییەکانی بەغداو دەوروبەری بانگهێشت کرد بەناوی کۆبوونەوەی بازرگانان، بۆ ژووری بازرگانی. لەوێ هەموویان قۆڵبەست کردن و هەرچی ڕەگەزنامەو ناسنامەی هەیانبوو هەموویان لێوەرگرتنەوە، هەرچی مووڵک و سامانێ هەیانبوو هەموویان دەستبەسەردا گرت. ئاگاداری ئەوە هەم ئەو خێزانانەی دەستگیرکران گەنجەکانیان لێ جیا کردنەوەو خوێنیان لێگرتن بۆ ئەو سەربازە بریندارانەی شەڕی قادسییە. هەندێکیان لە پێشەوەی بەرەکانی جەنگ بە ناو کێڵگەی ئەڵغام خستن. زۆریان کردنە قەڵغانی مرۆیی لە بەرامبەر سوپای ئێران. هەندێک لە گەنجەکان چەکی کیمیایی و بایۆلۆژییان لەسەر تاقیکردنەوە، ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەکانیان لەسەر سنووری ئێران و بەینی

دوو سوپای شەڕکەر، نیشتیمانبەدەر کردن، ئەوانەی لە ڕێگا مردن یان ئەڵغامیان پێدا تەقییەوە لاشەکانیان گورگ و دەعبا گۆشتخۆرەکان خواردبوویانن. ئێمە ئاگاداری هەموو ئەوانە هەین کە بەسەر برا کوردە فەیلییەکانیان هێنابوو، لام سەیرە ئەتۆ چۆن تاکو ئێستا ماویەوەو نەگیراوی؟

سوهێل: بەڵێ ڕاستە، من بە ڕێکەوت ڕزگارم بوو چیرۆکی ئەو غەدرە بە ڕۆمانێک تەواونابێت. ئەگەر مەرگ مەودا بدات، ئەگەر کوورەی ئەو مەنجەنیقە بۆ چەند ڕۆژێک ژیانی ئێمەی تێدامابیت، لە دەرفەتێک هەموویت بۆ دەگێڕمەوە بێ زیادو کەم!

عومەر، بە هەموو بوونییەوە دەیویست خۆی لە مۆتەکەی ئەو بیرەوەرییە ژاراوییانە ڕزگاربکات کە تەواوی مێشکی داگیرکردبوو، کەچی خەریکە ئازارنامەی چیرۆکی سوهێل و خێزانەکەشی دەبنە سەربار! سوهێلیش، دیاربوو وەکو عومەری هەموو نەهامەتیەکانی ژیان و تاڵی و سوێری ئەو دنیایەی زۆر چەشتبوو، وەک ئەوەبوو لەبەر تاڵانێ مابێتەوە! عومەر ڕووی لە سوهێلی کردو گوتی: نە ئێرە جێگای ئێمەیە، نە ئەو شەڕە شەڕی ئێمەیە، بەڵام چی بکەین؟ ئەگەر ڕێشت بوو بە تووشەوە، دەبێت شانەی بۆ هەڵگری! شەرمەزاری مێژوو بن ئەوانەی ناچاریان کردین لێرە خۆمان ببینینەوە! سوهێل گیان! گەردەلوولی چیرۆکێکی تاڵ، کە لە ئاوازی لایلایەی دایکم لایدا بوو، منی لە دەشتی هەولێرێوە گەیاندۆتە ئێرە. بە هەموو تێفکرینمەوە شوێنپێی بەربەیان کەوتم، کەچی بەسەر شەوی دەیجووردا کەوتم!

سوهێل: هەریەکەمان چیرۆکێکی پڕ لە خەم و ئەندێشەو و گڕی دۆزەخێک ئێمەی گەیاندۆتە ئێرە.

عومەر لێوی خۆی گەست و سەری، بە ئاماژەی ڕاستی قسەکەی سوهێلی و وەبیرهاتنەوەی کاتی تفەنگ شکاندنەکەی و بینینی تەرمی خوێناوی بلە سەرئاسنی و لرخەی دوا هەناسەکانی، لەقاند. سوهێل بەوپەڕی ڕاستگۆیی و سادەییەوە لە نووکەوە چیرۆکی

نیشتیمانبەدەرکردنی فەیلییەکانی بۆ عومەری گێڕایەوە: ئێمە خێزانێکی نۆ کەسی بووین، باوکم و دایکم و دوو خوشک و پێنج برا بووین. یەک لە خوشکەکانم مێردی کردبوو، مالّی خۆی هەبوو. باپیرم نەمابوو، لە زەمانی ڕەشید عالی گەیلانی ئەفسەر بووە. بە پالّپشتی زۆر لە بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژووییەکان ئێمەی کوردی فەیلی، لە پێش عەرەبەکانەوەو بەر لە دامەزراندنی حکومەتی عێراق، لەو عێراقەو لەسەر ئەو خاکە ژیاوین. مەندەلی و بەدرەو زڕباتییەو زۆر شوێنی دیکە، مەفتەنی کوردی فەیلییە. ئەو هەموو بێستانی دارخورماو زەوی بە پیتیان، هەمووی دەستی بەسەرداگیرا. باوکم باشتاجیری بازاڕی شۆڕیجە بوو. جومگەکانی ئابووری و بازرگانی، لەدوای کۆچی جووەکان، لە دەستی کوردە فەیلییەکاندابوو. برایەکم بۆ ماستەر دەیخوێند، برایەکم ئەندازیار بوو، برایەکم دکتۆر بوو، براگەورەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو، خوشکێکم لە دائیرەی تەقاویت و زەمان کارمەند بوو. خوشکە بەمێردەکەم سێ منداڵی هەبوو، مێردەکەی بەڕێوەبەری سناعاتی نەفتی بوو، ئەویش هەر خزمی خۆمان و لە کوردانی فەیلی بوو، باری گوزەرانی زۆر باش بوو، خانووی ئێمە لەسەر ڕووبەری هەشت سەد مەتر زەوی بنیادنرابوو، دوازدە ژوور بوو، چەندین موڵکی دیکەشمان لە شۆڕیجەو ئەعزەمیەو جەمیلە هەبوو. لەو ئانوساتەدا، کوردانی فەیلی خەریکی کارو کەسابەتی خۆیان بوون. بێئاگا لەوەی بڕیاری نیشتیمانبەدەرکردنمان دراوە. بڕیارەکە لەلایەن مەجلیسی قیادەی سەورەوە دەرچووبوو بە واژۆی سەدام حسین. دائیرەی ئەمنی عامە بڕیارەکەی جێبەجێ دەکرد، کە بەمشێوەیە بوو: هەرکەسێک کوردی فەیلی شیعەمەزهەبە، دەبێت دەمودەست بە خاوخێزانەوە دەستگیر بکرێت، کارتی باری کەسێتی و هەرچی بڕوانامەی هاووڵاتی عێراقیبوون دەسەلمێنێ، لە هەموو ئەندامانی خێزانەکان وەربگیرێتەوە. هەرچی موڵک و سامانی گوازراوەو نەگوازراوەیان هەیە دەستی بەسەردا بگیرێ. هەر سوننەمەزهەبێک ژنی

کوردی فەیلی هەبێت، بە زۆر پێیان تەڵاق بدرێ. هەر کوردێکی فەیلی ژنی سوننەمەزهەبی هێناوە، دەستبەجێ تەڵاقی بدات! پێشتر، نێوە نێوە ئەو دەنگۆیە هەبوو گوایە کوردانی فەیلی بۆ ئێران دەربکرێن، بەڵام نەدەچووە ئەقڵەوە وەها زوڵمێک بە بەرچاوی مرۆڤایەتییەوە بکرێ و گەلی عێراق لێی بێدەنگ بێت! یەکەمجار ئێمە لە زاری ژنێکەوە بیستمان کە هاتبووە مااڵی ئێمە دەگریاو دەیگوت: ئەمشەو مااڵی خاڵمیان بەبێدەنگی ڕەوانەی ئێران کردووە. بۆیە لەو ماوەیە هەر ماڵە فەیلییەک لە دەرگای ماڵەکەی بدرابوایە، بەترسەوە دەرگایان دەکردەوە!

عومەر، وەها ڕۆچووبووە نێو چیرۆکی پڕ ئازاری سوهێلی، نانخواردنی بیرنەمابوو. بەڵام چاک ئەوەبوو، هەموو شەوەکی تەواوی پێداویستیەکانی ڕۆژێی لەگەڵ خۆیدا دەبردە ژووری، بۆ ئەوەی بە ڕۆژ جموجۆڵیان نەبێت، مەگەر بۆ کاری زۆر پێویست، ئەویش زۆر بەهەستیاری. بەپەلە پاروەنانێکیان خواردو داوای لە سوهێلی کرد مەرگەساتی کوردە فەیلییەکانی بۆ تەواوبکات. سوهێل گوتی: چەند ڕۆژێک بوو چاوەڕوانی یەکەم مۆڵەتی سەربازیم دەکرد. ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە بوو، چاکم لەبیرە، گەیشتمەوە دەوروبەری شاری بەغدا، دەمێکبوو لەفەی گەسی شەقامی ئەبو نەواسم نەخواردبوو، گوتم بچم نانێک بخۆم دوایی بچمەوە بۆ ماڵ. ژن و منداڵم نەبوو پەلەی ماڵەوەم بێت، بینینی برادەرەکانم لا گرنگتربوو. شەقامی ئەبو نەواس پڕە لە یادەوەرییەکانم. لەوێ چاوم بە کوڕێکی خزمی خۆمان کەوت، پەلەو شڵەژانی پێوە دیاربوو، بردمیە لاوەو گوتی: باشە کە ئەو جلەسەربازییەت لەبەردایە، وەزعی کوردانی فەیلی زۆر خراپەو ڕەشبگیری لە ئارادایە، پێویستە زۆرت ئاگا لە خۆت بێت و ئەو جلەسەربازیانەش دامەکەنە! ناوی چەند خێزانێکی کوردی فەیلی هەڵداو گوتی: بەداخەوە مااڵی خۆشەویستەکەی تۆشیان دەرکردووە. بەبیستنی ئەو هەواڵە، هەر بە جارێک دنیا لەبەرچاوم تاریک بوو، ئاخر ئێمە بەڵێنمان بە یەکتری دابوو جەنگ کۆتایی بێت، هاوسەرگیری بکەین. گێژ

بووم و له شوێنی خۆم دانیشتم. برادەرەکەم پیلی گرتم و بردمیە سەر حەوزەکەو هەندێک ئاوم بە دەموچاومدا کرد. پیاوێکی پیری ورگن لە تەنیشت حەوزەکە لەسەر کورسیەک دانیشتبوو نێرگەلەی دەکێشاو گوتی: ئەبو خەلیل نەدەبوو ئەوەندەی بخۆیەوە خۆ تەواو نابێ، تومەز وایزانی خواردوومەتەوە، نەیدەزانی ئاگر کەوتۆتە دڵمەوە! برادەرەکەم، تا گەڕەکی خۆمان لەگەڵم هات، چونکە حاڵم تێکچووبوو، باش بە ڕێگاکەم نەدەزانیەوە! کە نزیک بووینەوە، گوتم: تەواو لێرەوە پێدەزانمەوە. لەدوای ئەو هەواڵە جەرگبڕە، زۆر بەهەستیاری و ترسەوە هەڵسوکەوتم دەکرد. سەعات یازدەی شەو بوو لەسەری کۆڵانێ پێچم کردەوە بینیم دوو ئۆتۆمبێلی دائیرەی ئەمن بەرەو ڕووم دەهاتن، هیچ خۆم شلوێ نەکرد. کۆڵانەکە تەنها منی لێبووم، جانتاکەم بە شانمەوەبوو، یەک لە ئۆتۆمبێلەکان لە لای من ڕایگرت و گوتی: ئەبو خەلیل! گوتم: نعم! پرسیاری ماڵی ئێمەی کردو گوتم: من خەڵکی ئەو کۆڵانە نیم و نایانناسم! دیاربوو شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی دواوە بانگی کرد: بە دواماندا بگەڕێوە، دۆزیمەوە! دروست چوونە بەردەرگای ماڵی ئێمە. من بەسەر شۆستەی بەرامبەری ماڵی خۆماندا ڕێمدەکرد، هەر ئەوەندەم بینی دەرگای ماڵی ئێمەیان دایە بەرشەق و پێلەقە. خۆیان بە دەرگایدا دەداو دەچوونە ژوورەوە. بەهۆی جلە سەربازیەکەمەوە هیچ سەرنجێکیان نەدام. لە پەنای پاسێکی گەورە، بەبیانووی توندکردنی قەیتانی پۆستاڵەکانم خۆم خافڵاند. ئەو شوێنەی من لێی بووم تاریک بوو، بەردەرگای ئێمەش ڕووناک بوو. بینیم بە شەق و زللە هەموو خێزانی ئێمەیان لە ئۆتۆمبێلەکان پەستاوت. بەهۆی ئەو دەنگەدەنگ و دادو فیغانەی دایکم و خوشکەکەم و جنێوی سووکی ئەمنەکان، هاوسێکانمان هاتنە دەرەوە، زۆریان تکا لە ئەمنەکان کردبوو کە ئەو خێزانە نمونەی ڕەوشتبەرزیی ئەو گەڕەکەن! بەڵام ئەمنەکان تێیانڕاخوریبوون. دوای ڕۆیشتنیان، هەموو هاوسێکان بە عەرەب و شیعەو سوننەو مەسیحییەوە، هۆڕهۆڕ بۆ ماڵی ئێمە دەگریان! ژنێکی

دەستەخوشک و هاوتەمەنی دایکم، بینیم چووە ماڵەکەمانەوە، زانیم دەیەوێ گڵۆپەکان بکوژێنێتەوەو دەرگاکان دابخات. هەر زوو ئەو نێوەم جێهێشت. پاشان، لە ڕێی ئەو خزمانەی هێشتا دەستگیر نەکرابوون، هەواڵیانمان کەموکورتێک دەزانی کە بردوویانن بۆ تەسفیرات و لەوێشەوە بۆ سنووری ئێران و لە مەیدانی شەڕ و لەنێو کێڵگەی میندا بەرەڵڵایان کردوون. خوشکەکەم سێ منداڵی هەبوو یەکیان لەبەرمەمکان بوو، دووەکەی دیکە پێڕەوکە بوون، ماڵیان لە حەی جەمیلە بوو، خانوویێکی زۆر گەورەو خۆشیان هەبوو، هاوسەرەکەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوت بوو، ئەو خانووە، چاوی زۆر لە بەرپرسەکانی ئەمن و بەعسییەکانی دیکەی لەسەر بوو داگیری بکەن. لە دوای دەرکردنیان بۆ ئێران، خانووەکەیان لەسەر یەک لە ژنە بەعسییەکان تاپۆ کردبوو. چەند جارێ بە پێش خانووەکەیاندا ڕادەبووریم وامەزانی خوشکەکەم بانگم دەکات و ئامێزم بۆ دەگرێتەوەو بە منداڵەکانی دەڵێ: خاڵتان سوهێل هات!

سەربازییەکە بۆ خۆپارێزی، لە هەموو شوێنێک بۆ من ئەمینتر بوو. هەرچەند جارێک بە مۆڵەت دەهاتمەوە، نەمدەوێرا خۆم لە ماڵی خۆمان بکەم بە خاوەن، تەنها شەوان دوور بەدووری بە پێش دەرگا ڕادەبردم و چەند هەناسەیەکی ساردم بۆ هەڵدەکێشا!

کابرایەکی قوڵەخڕەی ورگن، بە دیمەن نابووت بوو، بەڵام دیمەنی دەرەوەی لەگەڵ ناخی زۆر جیاواز بوو، پیاوێکی دنیادیتەو میهرەبان بوو. لەو گوزەرە دوکانێکی کۆنەفرۆشی گەورەی هەبوو، کەلوپەلی کۆنەی ماڵانی دەکڕی و دەفرۆشت، ناوی حاجی جاسم بوو. هەرجارێک دەهاتمەوە، سەرێکی دوکانەکەیم دەدا. حاجی جاسم، پێشتر منی نەدەناسی، بەڵام من دەمێک بوو دەمناسی. ئەوجارەیان، زۆربەی ڕۆژەکانی مۆڵەتەکەم سەرێکی دوکانەکەیم دەدا. چونکە زۆر شتی توحفەی ماڵی خۆمانم لێکڕیەوەو لەلای ئەو ماڵە سوننە مەزهەبەم دادەنا کە لەلایان دەمامەوەو بۆرەخزمایەتییەکمان هەبوو، ئەوان دەمێک

بوو مەزهەبگەرایی و خورافاتیان تێپەڕاندبوو. وەک کوڕی مالّی ئەوانم لێهاتبوو، لە پێناوی پاراستنم ئامادەی هەموو قوربانییەک بوون.

حاجی جاسم، هەموو جارێک کە چاوی پێم دەکەوت بانگی دەکردم: وەرە توحفەی جوانم بۆ هاتووە! بەلّام ئەوجارە کە چاوی پێکەوتم ڕووی وەرگێڕا. بۆم بوو بە پرسیار: حاجی جاسم بوچی خولّقی نەکردم؟! خۆم بە ژووری دووکانەکەیدا کرد قسەی لەگەلّ دوو کڕیارِدا دەکرد. منیش لەلاچەپێک خۆم بە تەماشاکردنی کەلوپەلی وردەوە خافلّاندو پشتم تێکردن، بەلّام گوێ و هەستم لەلای قسەکانی ئەوان بوو، حاجی جاسم دەیگوت: ئەوە نرخی تەواوی خۆی نییەو نیوەی نرخەکەیەتی، بەلّام چونکە دوکانەکەی کۆدەکەمەوەو چیدی ئەو کارە ناکەم، بێنە چەندی پێت باشە نیعمەلّلا! کڕیارەکانی بەرێکردو کەسیان بە دەستی بەتالّ لە دوکانەکەی نەچوونە دەرەوە. لەسەر کورسییەکی داری کۆنە دانیشتبوو، کوڕەکانی خەریکی کۆکردنەوەو هەڕاجکردنی کەلوپەلەکان بوون، جگەرەیەکی بەدەستەوەبوو، خێرابەلێویەوە نا، وام هەستکرد بێئاگایانە قوونکەکەی دەگەزی، لەملای زاری دەیبردە ئەولای زاری و جارجار مژێکی قوولّی لێدەدا! جووڵەی چاو و هەڵسوکەوتی ئاسایی نەبوو، وەک ئەوەبوو مەراقێک مێشکی داگیرکردبێت. ڕووم وەرسووڕاندو گوتم: مەرحەبا حەجی! وەک ئەوەبوو تازە منی بینیبێت گوتی: ئەهلەن کوڕم عوسمان بەخێربێیتەوە! ئاخر لەدوای شەوی گۆرین، بۆئەوەی وابزانێ سوونەم، خۆم بە عوسمان دەناساند. گوتم: ەوە بۆ دوکانەکەت کۆ دەکەیتەوە؟ ئاهێکی هەڵکێشا بە حەسرەتێکەوە وتی: لە تەمەنی گەنجیمەوە ئەوە زیاتر لە سی و پێنج ساڵە نەفرۆشم هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە ڕۆژێک پیشەکەم بگۆڕم، لە ای بەزیاد بێت پارووی نانی خۆم و منداڵەکانم لەو کارە پەیدادەکرد. کی ڕەحمەتیم دەیگوت هەتا کارێکی باشتر نەدۆزییەوە کارەکەت گۆڕە! وەرە نزیکم دانیشە کڕیار بەو نیوەڕۆیەی نایەن! لەو چەند انەی ڕابردوو، ژنی یەک لە بەرپرسەکانی حیزبی بەعس، بە

قەمـەرەیەکی مارسیدسـی ڕەش، هاتـە بـەر دوکانەکـەم. شـوفێرێک و پاسەوانێکی لەگەڵدابوو، پاسەوانەکە دابەزی و گوتی: حاجی! ست نەوال بانگت دەکات. منیش چوومە لای و گوتی: کۆنەی مـاڵان دەکڕی؟ گوتم: بـەڵێ! گوتی کەوایـە بـەدوام کـەوە! منیش، بـە پیکەبەکـەم دوای کـەوتم. لەبـەردەرگای ئـەو ماڵـەی بەرامبـەر باخچەکـەی حـەی جەمیلـەی، ئـەوە نەبوو بەڕێوەبەری نەوت بوو، کوردی فـەیلی بـوو دەریانکرد! دروست ماڵی خوشکەکەی منی دەگوت!... حاجی جاسم درێژەی بـە قسـەکەی دا: ست نەوال لەبەردەرگای ئەو خانووە وەستاو دابەزی، منیش بەدوایەوە. کە چوومە ژوورەوە، نەمدەزانی لە چی بڕوانم! یەکەمجار بوو لـە ژیانم ماڵی ئاوا خۆش ببینم! سەرپێیی لە ماڵەکەم ڕووانی، کەلوپەلەکانی ئـەو مـاڵە، هـەمووی نایـابو دانسقە بـوون. حـاجی جاسـم ڕاستی دەگـوت، چونکە هەر ئەمـن دەمزانـی ئەو خوشـکەم چەند خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلی توحفە و جوانکاریی ماڵەوە بوو!... حـاجی جاسـم جگەرەیـەکی دیکـەی داگیرسـاندو گـوتی: لەگـەڵی ڕێـک کـەوتم دوای گواسـتنەوەی کەلوپەلـەکان بـۆ دوکانەکـەم، خانووەکەشـی بـە چەنـد کرێکارێـک بـۆ بشـۆین. کلیلـی دەرگاکـانی دایەدەسـتم و گـوتی: کـەمیک بـەپـەلـەم زوو ماڵەکەم بۆ چۆڵ بکەن بەڵکو دەگوازمەوە نێو ئەو خانووە.

حـاجی جاسـم گـوتی: ڕۆژی دواتـر لـە کـاتی بـارکردنی کەلوپەلـەکان لانکێـک بـە سـەرلانکێکی پەمـەیی نەخشـێندراو داپۆشـرابوو، دامێنەکـەی جوان بە سیمی زەرد نەخشێندرابوو، سـەرنجی ڕاکێشـام. سـەرلانکەکەم لادا چـی ببینم؟! منداڵێک وەک مۆمیـایی کرابێت، وشـکو ڕەق ببـووەوە! دیارە ئەو کاتـەی ئەمنـەکان بـە سـەریاندابوون، دایکی فریانەکـەوتبوو، یان ڕێگایان نەداوە منداڵەکەی لە لانکێ دەربهێنێ و لەگەڵ خۆیدا ببیات! لـەو ڕۆژەوە بـاری دەروونیم بـاش نییـە، دەمـەوێ دوکانەکـەو ماڵەکـەم بفرۆشم، ئێرە جێبێڵم و سەری خۆم بۆ جێیەکی دیکە هەڵبگرم! دڵنیابـە خودا غەزەب لەم وڵاتە دەگرێ و بۆ هـەتا هەتایـە بـێ ئاشـووب و فیتنە نابێت!... سەرم سوڕا، لە جێگاکەی خۆم هەڵنەسـتام، ئـەی خودایـە ئـەوە

چییە من دەیبیستم! ئەو منداڵە خوارزای منە!... حاجی جاسم کە بینی زۆر پەشۆکاوم، بێئەوەی لە ڕاستینەی مەسەلەکە بگات، گوتی: هەستە کوڕم، منیش ئەو کاتەی ئەو دیمەنە جەرگبڕەم بینی، شڵەژام و سەرم گێژی خواردو بۆ ماوەیەک لە شوێنی خۆم دانیشتم... چەند بیرم لێکردەوە، دەمویست بەجۆرێک لێی بپرسم ئێستک و پروسکی منداڵەکەتان لە کوێ ناشت؟ باش بوو ئەو، مەودای بۆ ئەو پرسیارە نەهێشتەوە، بۆخۆی لە قسەکانیدا گوتی: ست نەوالمان لەوە ئاگادارکردەوە. ئەو، زۆر بە خوێنساردی گوتی: هیچ نییە، هەر ئێستا شارەوانی دەنێرم بێن ببەن. ئەوەبوو چەند کرێکارێکی شارەوانی هاتن و ئێسکو پرووسکی منداڵەکەیان لە کیسەیەکدا لەگەڵ خۆیان برد.

عومەر بەو گێڕانەوەیەی سوهێلی، زۆر بێتاقەت بوو، گەیشتە ئەو باوەڕەی مرۆڤەکان، هەریەکەیان سەربوردەیەکی ناخەژێنی خۆیان هەیە. لەو دەمەدا، میروولەیەک بە لاملی عومەریدا هەڵدەگەڕا، دەستی برد مێروولەکە لە لاملی خۆی لابدات، دەستی بەر ئەو زنجیرو پارچە کانزایە کەوت کە ناو و ژمارەی هەر سەربازێکی بە شێوەی بەرجەستە تێدا نووسراوە، بۆئەوەی لە کاتی کوژران و سووتان، تەرمەکە بناسرێتەوە. عومەر ئەوەی چاک دەزانی، بەڵام گێڕانەوەی چیرۆکی سوهێلی، بە جۆرێک تووڕەی کردبوو، بیانووی بە هەموو شتێک دەگرت، هەر بەتووڕەیی لە ملی خۆی داکەندو هەتا وەکو دەستی تێدابوو فڕێیداو گوتی: هەوکە پێم نااڵێی ئەو زنجیرو پارچە تەنەکەیە چیە لە ملی ئێمەیان کردووە؟! سوهێل گوتی: کاک عومەر فڕێمەدە ئەوە بۆ ئەوەیە ئەگەر کوژراین تەرمەکانمان بناسنەوە. عومەر گوتی: ئەمن نامرم! ئەمن بەڵێنم بە سەبری داوە نەمرم و لەو دنیا بێ ڕەحمەدا بە تەنها بەجێی نەهێڵم! لەبەرخاتری سەبری، ئەمن نابێ بمرم! سوهێل، زنجیرو پارچە کانزاکەی هێنایەوە ئەویشی لە ملی خۆی کرد، بە نیازی ئەوەی کاتێک عومەر هێور بووەوە، بیداتەوەو بیخاتەوە ملی خۆی.

*

مەوقیعی یەکەسەربازییەکەی عومەری، زۆر لە شاری مەحەمەرەی بۆ نێو خاکی ئێران ڕەت ببوو. محەمەرە، چەند کیلۆمەترێک لەپشتەوەی ئەوانەوە بوو، لەنێو خاکی ئێران سەنگەریان گرتبوو.

مانگ، بۆ ئەوەی ئەو کوشتارگەیە نەبینێ و قەزاوەت لە بەینی لایەنە شەڕکەرەکاندا نەکات، تاوەکو تەشکو دامێنی لە نوێژ نەچێت، بەپەلە خۆی کۆکردەوەو ئاودیوی باخە دارخورماکانی دەورەی بەسرابوو، بۆ نادیاری شۆڕبۆوە و خۆی پەناداو محەمەرەو ئەو نێوەی بە تاریکایی سپارد.

سەعات دووی شەوێ بوو، زرمەی بەر زەوی کەوتن و تەقینەوەی ڕێژنە گوللە تۆپێک، ئەو بێدەنگییە سامناکەی شەوی شکاند. گوللە تۆپەکان. وەک بارانی سەر بە کڵاوە دادەبارین و براچەیان دەدا. ترسێک وەکو دێوەزمە چۆکی لەسەر ئەو نێوە دانابوو. عومەر باڵی شل و داهێزراوی سوهێلی گرت، بەڵام ئەو، لەشی داکەوتەوە نێو خەندەکەکەو، توانای لەسەرپێ ڕاوەستانی نەبوو، قەڵەمی دەستوپێی شکابوو.

هێرش و پەلامارەکان، سات بۆ سات چڕتر دەبوونەوە. لەگەڵ سیوادی بەیانی، دەنگی (ئەڵڵاهو ئەکبەر، خومەینی ڕەهبەر)، بوو بە کەڕەنای جەنگێکی قڕکەر. لە ئاسمان فڕۆکەو، لە زەوی جۆرەها چەکی قورس و توانای بەشەری. هەر تەقینەوەی ئەڵغام بوو سەربازی داماوی دەبرد بە هەوادا. هێرش لەدوای هێرش بێپسانەوە، ئەو هێرشە بە ناوی چالاکیی (بەیتول مەقدەس)دا بوو. تاوەکو نوێژی نیوەڕۆ عومەر، هەزاران فیشەکی بیکەیسی و چەند گوللە ئارپیجییەکی سوهێلی هاوسەنگەری، تەقاند.

شەوی دواتریش، شەڕ بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە، بەردەوام بوو. هەورو دوکەڵ ڕێگایان بە مانگ نەدەدا دەست لە سینگ و بەرۆکی زەوی بگێڕێ و ڕوومەتی ڕامووسێ، جار نا جارێک سەرەتاتکێی دەکردو هیچی دی! عومەر، بینی لوولەی بیکەیسییەکەی وەک پۆلوو

سووربۆتەوە، خێرا لوولەکەی گۆڕی. لەدوای سەعات دوازدەی شەوێ، لە قۆڵی لای عومەرو سوهێل و محەمەدو سەنگەرەکانی دەوروبەریان، تەقە مەکس بوو. بەیانی بۆیان ئاشکرابوو لە زۆربەی قۆڵەکانی دیکە، شەڕ زۆر بەتوندی بەردەوامە. وردە وردە، وەک ئاگرو پووش ئاگری شەڕەکە بۆ لای ئەوان دەهاتەوە. عومەر، نانو پەنیرو خورماو فیشەکی بەزیادەوە لەنێو خەندەکەکە دانابوو، بەڵام ئاویان کەم بوو. بە چاوی خۆیان بینییان چەند سەربازێک سەنگەرەکانیان جێهێشت و بۆ دواوە بەرەو محەمەرە هەڵاتن، ئەو سەربازەی لەگەڵ محەمەدیش بوو ڕایکرد. سوهێل، لە جێی خۆی دەقرقراو[1] ئارامی نەبوو. یەک لە زنجیرو پارچە کانزاکەی ملی داکەندو دایەدەستی عومەری: کاک عومەر ئەوە هی تۆیە، پێویستە لە ملی بکەی! عومەر لەو کاتە بە دووربین لە هێزی دووژمنی دەڕوانی، بێئەوەی سەیری بکا، زنجیرو کانزاکەی لەبەرپێی خۆی دانا، چونکە نەیدەویست چاوی لەسەر دووربینەکە هەڵبگرێ و سەربازەکانی لێ ون بێت، چونکە دیاربوو خۆیان ئامادە دەکرد بۆ هێرش. دروست ئەو کاتەی هەموویان خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆ بوون، هێرش دەستی پێکردەوە، هەرجارێک شەڕ دەستی پێدەکردەوە، سوهێل دەشڵەژاو ترسێکی زۆری ڕێدەنیشت. ئاخر، ئەو ئەهلی قەڵەم و کتێب بوو، نەک چەک و باڕووت. سوهێل زمانی تەتەڵەی دەکردو بە عومەری گوت: مەتارەکەتم بدەیێ با بچم مەتارەکان پڕئاو بکەم. بەڵام عومەر لە سوهێلی دڵنیانەبوو کە هەڵنەیەت، چونکە ترسەکەی لە ڕادەبەدەربوو، خۆی پێ بەرزەفت نەدەکراو دەستی چەکی نەدەگرت. بۆیە، عومەر بەدەم تەقە کردنەوە تەماشای سوهێلیشی دەکرد بزانێ چی دەکات، دیتی، لەترسان و لەپەلەپەلیان، مەتارەکانی لەو جەلیکانە بەنزینە پڕکرد کە بۆ ئۆتۆمبێلەکان دانرابوو. هەرچەندی عومەر بانگی کرد: سوهێل ئەوە بەنزینەو ئاو نییە! لەبەر دەنگی تەقەو زرمەی چەک، گوێی لێنەبوو، دوو دڵیشی پێوە دیاربوو بێتەوە نێو سەنگەرەکەی یان ڕابکات! زرمەی

[1]- دەقرقرا: ئۆقرە لێبڕان، نەحەجمین، ئارام نەگرتن، دانەسەکنان.

گوللە تۆپێک لە تۆزو خۆڵدا ونیکردو لەگەڵ زرمەی ئەو تۆپە، بۆ ڕاکردن ساغ بووەوە، مەتارەکەی عومەری فڕێداو بەرەو دواوە هەڵات. گرمەی تۆپ و ڕمبەی ئاڕپیجی و قرمژنی گوللان، گوێی دونیای کەڕەکرد. عومەر هەتا وەکو سوهێلی لێ ون بوو تەماشای دەکرد. دەیزانی ئەگەر بەسەر گاردی کۆماریدا بکەوێ، بێگومان گوللەبارانی دەکەن. تاکەڕێگا بۆ دەربازبوون تەنها پردەکە بوو، بۆیە سوهێل لەگەڵ چەند سەربازێکی هەڵاتووی دیکە، بەرەو پردەکە غاریان دەدا، تاوەکو لە محەمەرەش تێپەڕبوون، لە ڕێگا بەردەوام سەربازی هەڵاتوویان بەگەڵ دەکەوت و ژمارەیان لە زیادبوون بوو. بێئاگا لەوەی لەدواوە، لەوبەری پردەکەی سەر ڕووباری (نەهر جاسم) گاردی کۆماری وەک دەستەی ئیعدام بۆیان لە بۆسەدان. گاردی کۆماری زۆر بێبەزەییانە وەکو گەڵای دار هەڵیاندەوەراندن و هەموو سەربازە هەڵاتووەکانیان کوشتن. سوهێل، بە هەموو توانای خۆیەوە، لەبەر مردن ڕایدەکرد، کەچی کەوتە تەڵەی مەرگەوە. لەبەرچاوی هەموو دنیاوە، ڕەگەزی پاکیزەیی ئەو مرۆڤانەیان دوورییەوە کە لەگەڵ فیشەک و باڕووت ناکۆک بوون .

ئەو سەربازانەی لە بەرەکانی جەنگ دەکوژران، بە شەهیدی قارەمان ناودەبران، خانەوادەکانیان، دوازدە هەزار دیناری سویسری و پارچە زەویی نیشتەجێبوون و ئۆتۆمبێلێکی کرۆنایان دەدانێ، موچەیان بۆ ژن و منداڵی دەبڕییەوە. بەڵام ئەوانەی لە کاتی هەڵاتن لە شەڕ لە پشتەوە دەستەی ئیعدام گوللەبارانیان دەکردن، ئەو شتانەیان پێ نەدەبەخشین و لە تابووتی جەنازەکانیان دەنووسی (جەبان!).

١٧

هەواڵی بەرەکانی جەنگ زۆر بەخێرایی بەتەواوی وڵاتدا بڵاو دەبۆوە. هەموو ئەوانەی کوڕیان یان برایان لە بەرەکانی شەڕی قادسیەدابوون، هەمیشە دڵیان لە مشتیاندابوو، ئاخۆ کەنگێ تاکسییەک بەتابووتێکەوە لەبەردەرگایان دەوەستێ! هەرچی ئۆتۆمبێلی تاکسی بەینی شارەکان هەبوو بە زۆرداری ناچارکرابوون، دەبێ چەنچی لەسەر تاکسییەکانیان دابنێن، بۆ ئەوەی لە هەرکات و لە هەرکوێ ویستیان، ئۆتۆمبێلی چەنچداری گواستنەوەی تابووتی لێبێت. زۆرجار، ئەو مەئمورەی لەگەڵ جەنازەکان دەهات، نەیدەوێرا لەبەردەرگای خاوەن جەنازەکە بمێنێتەوە، دوور بە دوور چاودێری هەڵسوکەوتی کەسوکاری جەنازەکەی لەگەڵ شۆفێری تاکسییەکە، دەکرد، بەپەلەبوو هەرچی زووە تابووتەکە داگرن و بگەڕێنەوە.

*

ئەو پیرەمێردانەی لەبن دیواری مزگەوتێ خەریکی دامەکردن بوون، بەردەوام شەنوکەوی دەنگوباسی بەرەکانی جەنگیان دەکرد: عێراق ئەوەندەی لێ کوژراوە، ئێران دوو هێندەی لێ کوژراوەو... ژمارەی دیل و شوێنبزرو بریندار، هیچیان نەدەبوارد. بۆیە، حاجی عەولای حاجەتان، بەیانیان هەر نانی لە قوڕگی ئاوادەبوو، خۆی دەگەیاندە ژووری دەنگوباسە گەرمەکانی بەرمزگەوتێ!

ئەو بەیانیە، حاجیژن دیتی حاجی عەولا بەپەلە جەمەدانییەکەی لەسەری پێچاو بەڕێوە دواقەفی پشتێنەکەی لە حەسارێ، لە خۆی هاڵاند، بۆیە، گوتی: توخوا حاجی پێمبڵێ هیچ خەبەری ناخۆشت

بیستووە دەربارەی عومەری؟ حاجی عەولا، بە پێچەوانەی هەست و بۆچوون و دەنگوباسەکان، گوتی: باوەڕبکە هیچ ڕووی نەداوەو عومەر لە شەڕی دووڕەو دەستی ئاسوودەیی لە ژێر سەرت دانێ!

ئەو پیرەمێردانەی کوڕو براو کەسوکاریان لە بەرەکانی شەڕەکە نەبوو، قسەبارەی شەڕەکەو ژمارەی کوژراوەکانیان، بەگوێرەی پێخۆشبوونی خۆیان هەڵگێشاو داکێش پێدەکرد! تەنها یەک پیرەمێردێکیان تێدابوو، هەمیشە هەواڵەکانی بەپێچەوانەی ئەوانەی بە میزاجی خۆیان ژمارەیان لێدەدا، ئەو، هەواڵەکانی لە ڕاستییەوە نزیک بوو. بۆیە، حاجی عەولا ئەوی دەکرد بە سەرچاوە. کاتێک ئەو قسەی دەکرد، پیرەمێردەکانی دیکە بێدەنگ دەبوون و بەتاسەوە گوێیان لێدەگرت. ئەو گوتی: سێ چوار ڕۆژ دەبێت لە محەمەرەی شەڕێکی زۆر قورسە، جەیشی عێراقی هەر چواردەوریان گیراوەو لە پشتەوەڕا لێیان سووڕاون، لە هەردوولا کوژراوو بریندار زۆرە، ئەگەر ئابڵوقەی سوپای ئێرانییەکان نەشکێنن، بەناچاری دەبێت ڕادەستی هێزەکانی ئێران بن.

ئەو هەواڵە حاجی عەولای حاجەتانی خستە بن بارەکی خەمان و کێچی کەوتە کەوڵی و حەجمینی نەبوو، بەرەو ماڵ بووەوەو هەزارو یەک دوعای کەسک و سۆری کرد، خێری لەسەر خۆی نەزر کرد عومەری کوڕی سەلامەت دەرچێ! لە حەساری خەریکی دەستنوێژ شووشتن بوو، قۆڵی کراسەکەی تا ئانیشکی، هەڵدابۆوە سەر قۆڵی کوڕتەکە مرداخانییەکەی، دەنگی ئیستاپی ئۆتۆمبێلێک لەبەردەرگا سەرنجی حاجی بۆ دەرەوە ڕاکێشا. لەسەر تەختەدارەکە خۆی سووڕاند بۆ ئەوەی دڵنیا بێت ئەو ئۆتۆمبێلە چییە! ئەوەی شەو و ڕۆژ دووعای بۆ دەکرد کە بمرێ و ئەو دیمەنە بە چاوی خۆی نەبینێ، بەڵام ئەوەتا بەڕاستی بینی تاکسییەک تابووتی جەنازەی بەسەرەوەیەو لە پێش ماڵی ئەوان ڕایگرتووە! شۆفێرەکە دابەزی و لە دەرگای ماڵی حاجی عەولای دا: ئێرە ماڵی (عومەر عەبدوڵڵا)یە، حاجی عەولا بەرەو پیری چوو و بە شڵەژاوی گوتی: بەڵێ، خێرە؟ شۆفێرەکە گوتی: عومەر

کوژراوەو ئەوەش جەنازەکەیەتی. حاجی عەولا بە هەردوو ناولەپی دەستی لە دەموچاوی خۆی دا، دونیای لەبەرچاوی تاریک بوو، هەموو دوعاکانی ژێراوژوور بوون! دیار بوو حاجی عەولا کە چاوی بە نووسینی سەر تابووتەکە کەوت، هەرچەندە خوێندەواری نەبوو، بەلام بە وێنە دەیزانی ئەو نووسینە ناوی عومەر نییەو دوو پیتی هەوەلی (ج ب)، گوتی: کاکە ئەوە جەنازەی کوڕی من نییە، ڕەنگە بەهەلە هاتبێتیە مالی ئێمە، ناوی ئەو جەنازەیە ناوێکی دیکەیە، کوڕی ئێمە ناوی عومەرە! شۆفێرەکە بڕێک بەشەرمەوە گوتی: نووسینی سەر تابووتەکە نووسراوە (جەبان) واتا ترسنۆک! جەبان بەو کەسانە دەگوترێ کە لە پێشەوەی بەرەکانی جەنگ لە شەڕێ رادەکەن و لە دواوە دەستەی ئیعدام دەیانکوژن! حاجی عەولا وەکو شێرێکی بریندار ڕامالی بۆ شۆفێرەکە برد. شۆفێرەکە ترساو هەلاتە ئەوبەری کۆلانێ. هەموو خەلکی مالەوەیان دەرپەڕینە دەرێ و کردیان بە دادو فیغان. هەندی بلێی یەک دوو خەلکی کۆلانێ بەسەریاندا قژقژان. حاجی عەولا بە وشەی جەبان هەر بەجارەکێ ئاگری گرت. یەک بەخۆی دەینەڕاندو دەیگوت: کوڕی من جەبان نییە! کوڕی من ئەگەر جەبان بوایە لە شاخی سەر بەتەم نەیدەوێرا بەتاقی تەنیا تفەنگی بەرێ! کوڕی من ئەگەر جەبان بوایە نەیدەوێرا ببێتە پێشمەرگە! کوڕی من ئەگەر جەبان بوایە شەڕی براکوژی دەکرد!

حاجی عەولا بە بیستنی وشەی جەبان، لەتووڕەییان ئاگری لێ دەباری. ئەو وشەیەی سەر تابووتەکە ناخی هەلدەکۆلی و بە جەرگیدا ڕۆدەچوو، لە ناخەوە وێرانی دەکرد! دوو کەس لە هاوسێکانی، پیلیان گرت و پێیانگوت: ئەتۆ تازە کوڕەکەت ڕۆیشت و بەو قسانە نایەتەوە، تکایە کارێکی وا مەکە تۆشمان لە دەست بچێ! ئەوانە درندەن، ئاخر کەس هەیە بە دەستی خۆی سەربازی خۆی بکوژێ و ئەو سووکایەتیەشی پێ بکات؟!

خەلکەکە تابووتەکەیان لەسەر تاکسییەکە داگرت و شۆفێرەکە هەر

خواخوای بوو ڕزگاری بێت، پێی لە بەنزین داگرت و لەسەری کۆڵانێ، سەربازە مەئمورەکەی سوارکردو ڕۆیشتن.

حاجی عەولا سەری تابووتەکەی هەڵدایەوە، تەنها کۆتەڵێکی سووتاو و گرمۆڵە بوو، کەس توانای ناسینەوەی نەبوو. بۆیە، هەر زوو سەری تابووتەکەیان قایم کردەوەو بە دەنگێکی بەرز گوتیان: بە کەڵکی تەماشاکردنێ نەماوە، با گوناهبار نەبن. دایکی عومەری و سەبری هاوسەری، نالێنێک دەیاننالاند، بەپشت هەموو ئازارەکان کەوتبوو، شەرحی ئەو دەردە لە قەوامی فرمێسک و قەڵەمدا نەبوو! کێشر بە نیگایێکی هەتیوانەو سیمایێکی تۆقیوەوە لەو خەڵکەی دەڕوانی و خۆی بە ئامێزی دایکییەوە نووساندبوو!

حاجی عەولا شەوان تاوەکو بەیانی، وەکو ورچێکی بریندار جینگڵی دەدا، نە ئەوەتا گیانی دەسپارد نە برینیشی سارێژ دەبوو. بە نەغمەیەکی خەمناک، ئایەتەکانی جەرگسووتانی تەفسیر دەکرد! ڕۆژی چوارەمی تازیەی چووبوونەوە مالێ، بۆ پێشوازی لەو میوانانەی لە ڕێی دوورەوە یان درەنگیان زانیوە. کوڕێکی خڕکەڵە بە دوو دارشەقەری بن هەنگڵیەوە وەژوور کەوت، قاچێکی لەدەستدا بوو. هەرکە چاوی بە حاجی عەولاو سەفەری کەوت، گریانێک دەگریا، کەس ئاوا بۆ برای لە دایکو بابی خۆی ناگرین! هەستا دەستی حاجی عەولاو حاجیژنیێ ماچ کردو گوتی: دەڵێی نامناسنەوە؟ ئەمن عەزەخڕەمە! کە گوێیان لە ناوی عەزەخڕەی بوو، برینی عومەریان نوێ بوەوە. حاجی عەولا گوتی: عەزە کوڕم ئەو لاقەت بۆ بڕاوەتەوە؟ عەزە: هەر ئەو شەوەی عومەری ڕەحمەتی ڕۆیشت ئێمە کەوتینە کەمینی براکانمان، شەڕێکی دەستەویەخەی گەرم بوو، سینگ بە سینگ لێکمان دەدا، هەردوولا کوژراو و بریندارمان هەبوو. دەچوومە سەر بریندارێک، گوللەیەکم بە قاچی کەوت، گوللەکە ئێسکی شکاندبووم. بە نامەی پێشمەرگەکانی کوێخای سەرێ، کە پەیوەندی باشیان لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران هەبوو و، لە دژی کوردانی ئێران، هاوکاری

سەربازییان دەکردن، منیان ڕەوانەی ئێران کرد. دکتۆرەکانی سوپای پاسداران کە زانییان کوردم، هەر لەو گۆڕەی قاچیان بڕیمەوە، کە پێویستیشی بە بڕینەوە نەبوو! کە گەڕامەوە لە چارەسەر، نەمتوانی بەبێ عومەری لە لایان بمێنمەوە، یەکسەر هاتمەوە. بە لەدەستدانی بلە سەرئاسنی هەر کونێکم لە جەرگی بوو، ئێستا بە لەدەستدانی عومەری ڕەحمەتی دەلاقەیەکی گەورە لە جەرگم بووە!

حاجی عەولا بە ڕواڵەت بەسەرخۆی نەدەهێنا، کە حاڵی زۆر خراپە، بەڵام لە شەوی موبارەکی لەیلەتولقەدرا، کە نزای تێدا قەبووڵ دەبێت، دەپارایەوە خودا گیانی بسێنێ! چاوە کەنەفتەکانی سۆمایان لێبڕابوو، لە حەژمەتی جەرگسووتان خەتو کوزەکانی نێو چاوانی، چیرۆکی زەمەنێکی مەلعونیان دەگێڕایەوە! لەو کۆست و کەسەرە بێبڕانەوەیەدا، جارجار بانگی ئایشەی دەکرد شمشاڵی بۆ لێبدات. ئایشیش، هەر لەوکاتەوە کە لە گوندی بوون، هەمیشە ئەو هەوایەی بۆ لێدەدا بەناوی (فوغان). ئەو هەوایە، ببووە نیشانەو ناسنامەی خێزانەکەیان. خێزانەکەیان، لە هەرکوێیەک گوێیان لە ئاوازی (فوغان) بووایە، بە هی خۆیانیان دەزانی! حاجی عەولا وەسیەتی بۆ ئایشێ کرد: ئەگەر مردم لەسەر قەبرم هەمیشە هەوای فوغانم بۆ لێدە!

١٨

لەو سەحرا خوێناویەدا، لەو دەشتی کوشتو برەدا، لەو بازاڕی ئەتکی حورمەتی مرۆڤدا، وەک گەلای وەریوی پایزو بابردەلە، خۆیان دابوویە دەستی گێژەلوولکەی قەدەر، بیئەوەی بزانن بەکوێیاندا دەدات و چ پەندێکیان بەسەردێنێ!

دەمەو ئێوارەبوو، ئێوارەیەک لێورێژ لە خوێن. فڕۆکە جەنگیپەکانی ئێران، بەبێمنەتی و بەنزمی بەسەر مەیدانی شەڕەکەدا دەخولانەوەو تانکە عێراقییەکانیان دەسووتاند، لەلایەن سیستەمی دژەئاسمانیی عێراقەوە، هیچ مەترسییان لەسەر نەبوو. ترسێکی بێسنوور باڵی بەسەر مەیدانی شەڕەکەدا کێشابوو، یەکپارچە بۆنی مردنێکی تۆخی دەدا. کەس هەواڵی هاوسەنگەرە هەڵاتووەکەی خۆی نازانێ، داخۆ چ تەڵەی مەرگێکیان تەقاندووە. کەسیش نازانێ دوژمن لە چەند لاوە هێرشی هێناوەو کوێی گرتووەو کوێ بە دەستی ئەوانەوە ماوە. ئەوانەی سەنگەرەکانیان چۆڵ نەکردووەو شەڕدەکەن، وەک ئەوەیە ئاسنی سارد بکوتن! چەکی دەستیان گەرم بووە، بۆنی بارووت و مژودومان هەناسەی سوارکردوون، لە چەند سەت مەتری پێشیان زیاتر، نازانن لە چواردەوریان چی دەگوزەرێ! ئەوەی ئەوان گومانیان لێ هەبوو و جێی نیگەرانییان بوو، چەند ڕۆژێک بوو ڕوویدابوو، بەڵام کەس ئامادەنەبوو ڕاستییەکانیان پێ بڵێ و، ئاگاداریان نەکردبوونەوە.

دووکەڵی ئەو سووتماکە مەودای بینینی کەم کردبوونەوە، ئەحمەد زێدانی قائید فیرقە سەد ئەفسەری تێشکاو و دۆڕاوی مەیدانی جەنگی بە پێخواسی ڕاگرتبوو. وەک سووکایەتی پێکردن، کڵاوو نیتاقەکانیان لێ

سەندبوون و جنێوبارانی کردبوون، دەیگوت: چۆن ئەو شوێنانەتان ڕادەست کردووە، ئاواش دەبێت هێرش بکەن و ڕێگای سەر پردەکە، بکەنەوە، خۆیشم پێشتان دەکەوم! هێرشێکی، لە ژێر ترسی کوشتندا پێکردن، سێ هەزار جەنگاوەر بەشداری لەو هێرشە پێچەوانەیەدا کردو زیاتر لە هەزاریان کوژران، سێسەد و پەنجا تانک سووتا، تواناییان بۆ ماوەیەکی کەم، بازنەی گەمارۆکە بشکێنن و پردەکە کۆنترۆل بکەنەوەو خۆیان لە ماشەی هێزە ئێرانییەکان دەربازبکەن. ئەحمەد زێدان و دوو هەزار سەرباز دەرباز بوون. هێزە ئێرانییەکان لە دوای شەڕێکی سینگ بە سینگ، هەر زوو پردەکەیان گرتەوەو ڕێگای کشانەوەیان لێگرتنەوە. ڕۆژی دواتر، هێشتا سێرە هەڵنەگیرا بوو، خۆر بەرەو پشتی دار خورمایەکانی دەوری بەسرا خۆی شۆڕکردەوەو مەیدانەکەی، بە تاریکایی شەو، سپارد. شەڕ لای ئەوان ڕاوەستابوو، تەقەی تفەنگەکان مەکس ببوون، بێئەوەی هۆکارەکەی بزانن! ئەوان، بێئاگا لەوەی هێزەکانی ئێران کەڵەبابی خۆیان بە لەپان لێنابوو![1] ماتۆرسوارەکانی سوپای پاسداران، بەڕاست و چەپدا سووڕا بوونەوە پشتەوەی بەرەکانی جەنگ، وەکو دەمی مقەس لە هەردوولاوە گەیشتبوونەوە یەکتر. دروست ئەو شوێنەی گاردی کۆماری و دەستەی ئیعدامی لێ بوون، هەمووی گێرابوو. ئەوانەی خەڵکی هەڵاتوویان گوللەباران دەکرد، ئەمجارە بۆ خۆیان هەڵاتبوون و کەس نەبوو لە پشتەوە ئەوان گوللەباران بکەن. ئەو کەسانەی مابوونەوە لە ناو سەنگەرەکانیان یەکە یەکە دەهاتنە دەرێ بۆ ئەوەی لە بارودۆخی شەڕەکە حاڵی بن، بۆ ئەوەی بزانن کەوتوونەتە کوێی شەڕەکەوە! محەمەد هاتە نێو سەنگەرەکەی عومەری، کە بینی چەند هەزار فیشەکێکی بیکەیسی تەقاندووە، سەری سووڕما! ئاخر وەک ئەوەبوو ئەو چەند ڕۆژە، خەرمانی قەوانی هەڵدابێتەوە! هەر ئەوەندەی گوت: (صدگ کوردی! بە ڕاستی کوردی!) لە سەلامەتی یەکتریان پرسی. دەرکەوت، دوای ئەوەی

[1]- کەڵەبابی خۆی بە لەپان لێناوە: ئاماژەیە بە ئەنجامدانی کارێک زۆر بەپوختیو بێکێشە.

سوهێل و قەیس ڕایانکردبوو، هەردووکیان تەنها مابوونەوە. محەمەد گوتی: بارودۆخەکە بەباشی نابینم و کەسمان لە دەور نەماوە، وا چاکە مشووری حاڵی خۆمان بخۆین و بەلایەکدا بڕۆین، لەپشتەوە گوێم لە هاتوهاواری بانگردنی سەربازەکانە، باوەڕیش ناکەم سوهێل و قەیس بەسەلامەتی دەرچووبن، چونکە لەسەر لێواری ڕووبارەکە دەستەی ئیعدام، بۆ سەربازە هەڵاتووەکان لە کەمیندابوون، لە ڕۆژەکانی هەوەڵی شەڕەکەوە هەرچی ڕایکردبێت کوشتوویانەو ئەوەی لە هەڵاتندا کوشتوویانە بە جەبان ناوزەدیان کردوون. ئەو بیکەیسییە فڕێدەو تفەنگەکەی قەیس هەڵگرە، یەک فیشەکی نەتەقاندووە. بۆ ئەوەی ئەگەر بەدیلیشمان بگرن بەڵگەیە کە تۆ فیشەکت نەتەقاندووە!... لە خەندەکەکە هاتنە دەرەوە، هەر چەند هەنگاوێک دەڕۆیشتن بەسەر لاشەی سەربازە کوژراوەکاندا بازیاندەدا. عومەر، مەتارەی یەک لە کوژراوەکانی بۆ خۆی هێنا. دەستە دەستە سەربازی سەرگەردانیان دەبینی و هەواڵیان دەگۆڕیەوە، سەربازێکیان بینی بریندارێکی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا، پێڵاوەکانی لێ بەجێمابوو، بریندارەکە دەیگوت: من جێبێڵە بڕۆ خۆت دەرباز بکە، تەنها چاوت لە هاوسەرو منداڵەکانم بێت! تا درەنگانی شەو، بێسەر دەسووڕانەوە. لەسەر گۆماوێکی کەناری ڕووبارەکە دانیشتن. عومەر دیتی مانگ و ئەستێرەکان بەربوونەتەوە نێو ئاوەکە، کەوتەوە بیری سەبریی هاوسەری. کاتێک ئەو دیمەنە ئازاری دەدا، بە هەردوو دەستی ئاوەکەی شڵەقاند بۆ ئەوەی وێنەی مانگ و ئەستێرەکان، سەمای شیوەنی ئەو هەموو ڕۆحە بێگوناهە بکەن! کەس نەبوو سەرەدەری بۆ هیچ لایەک بکات، لە هەر چواردەورەوە گەمارۆ درابوون، بە سەرگەردانی دەسووڕانەوە. بەدرێژایی هەشتا و بە پانیی چل کیلۆمەتر، بۆ هەرشوێنێک دەچوون، بۆنی مردنی لێدەهات. هەر دەستە سەربازێکیان دەبینی، دەیانگوت: ئەملایەش گیراوە!... شەویان درەنگ کردبوو، لە ناکاو عومەر ئاگری چوار جگەرەی لە نزیک یەکتری بینی،

لێیان نزیک بووەوە، دیتی چوار سەربازن بەدیار دوو بریندارەوە. ئەو شـەوە تـا بـەیانی لـە خەنـدەکی تـانکێکی سـووتاودا خـەوتن. کە دنیـا ڕووناک بـووەوە، بینییـان دەموچاویـان بـە تـەنی سـووتماکی تانکەکـە ڕەش بـووە. عومـەر هەندێک نـان و خورمـای هـەڵگرتبوو، کردیـان بـە قاوڵتی ئەو بەیانییـە. دوو سـەربازی شـەکەت و ماندوو هـەموو گیانیـان ماکەخوێن بوو، سڵاوێیان لێکردن. هەندێک هـەواڵیان گۆڕییـەوە. یـەکیان کـورد بـوو بـەنـاوی ئەبوبـەکر، خـەڵکی شـاری سـلێمانی بـوو. عومـەر پێیگوت: بە یەکەوە دەبین هەتا مردن یەکتری بەجێ ناهێڵین!

سروەی بەیان بەسەر ئاوەکەدا هەڵیکرد، شنەیەکی تەڕ خۆی لەلامل و بناگوێیـان دەسـویی. هـەرچی دەیـانبینی ڕەنگزەردو پـەڕیوو، بێئومێـدی ڕووخسـاری سـواق دابـوو، نەیـدەزانی بـۆ کـوێ دەڕواو ڕێگـای ڕزگاربوون کەوتوتە کوێی ئەم بیابانە مەرگبارەوە. بـەدەم ڕۆیشتن بـە لێواری ڕووبارەکە بەرەو خوار، لە هەر شوێنێکیان دەڕوانی، ماکەخوێن و شـوێنی ڕاکێشـانی بریندار بەسـەر لمـی قـەراغی ئاوەکـەوە دیـاربوو. کۆتـەڵی مرۆڤـی سـووتاو و کـڵاوی ئاسـنی جـەنگی، چـەک، تفـاق و، شوێنپێی ئەوانیش لەسەر لمی نەرمی کەنارەکە جێ دەما!

هەزاران تەرمی بێگوناهی وا هـەبوو وێنـەی هاوسـەرو منداڵـەکانی بـە کەبسکراوی بە ملیەوە بوو. هەبوو دەستەسڕی چندراوی لە ملی خۆی کردبوو وێنەی دوو کۆتری لەسـەربوو دەندووکیان لـەنێو یـەکتری بـوو و، هەریەکەیان پیتێکی ئینگلیزی لەسەر چندرابوو کە هێمای ناوی خۆی و هاوسەرەکەی بوو. چەند دەبەیەکی بەتاڵیان لێک بەست و کردیـان بـە کەڵـەک بـۆ ئـەوەی لـە ڕووبارەکـە بپەڕنـەوە ئەوبـەری و لـە گەمارۆکـە ڕزگاریان بێت. تاوەکو سێیەکی ئاوەکەیان بڕی، مووشەکی ڕاجیمـەکانی ئێـران لـەنێو ڕووبارەکـەیان دەدا. قـەراغی ڕووبارەکـەش پڕبـوو لـە سـەربازی عێراقـی. کوفـارەی خـوێن و پڕژانـی ئاوەکـە، بـۆ ئاسـمان بـەرزدەبووەوە. بۆیـە، بـەناچـاری هـەرچواریان گەڕانـەوە دواوەو لـە هەوڵەکەیان سـەرکەوتوو نـەبوون. شـەپۆلەکانی ڕووبارەکـە، ناونیشـانی

مـەرگی هـەزاران لاوی بێمرادیـان هـەڵگرتبوو، ئـەو نێـوە پڕبـوو لـە بریندارى نیوەگیان، لـە خـەونى هـەڵپڕووکاو، لـە کـلاوى جـەنگى بێسـەر، خەندەقـەکانى مـەرگ پڕبـوون لـە تـەرمى بـێکەس و بێنـاز و، ئازیزێکیـان لەوێ نەبوو گەرمەشینیان بۆ بگێڕێ! کەللەسـەرێک هێشـتا هـەر لـەنێو کلاوە ئاسنینە جەنگییەکەیدابوو سـەرشـار لـە پرسـیارى بێوەڵام. تـەرمى سـەربازێک سـەرنجى عومـەرى ڕاکێشـا بـۆ لاى خـۆى، هـەردوو چـاوى زەق زەق تێیانـەوە ڕامـابوو، لەسـەر لێـوى ڕووبارەکـە کـەوتبووە سـەر پشت، شـەپۆلى هێمنى ڕووبارەکە یارى بە قژە خاوەکـەى دەکـرد، تـەنها پشتەسـەر و شانى لە تەنکاوەکەدا بوو. ئەوەى جێگـاى تێفکـرین بـوو بـۆ عومـەر، سـەربازەکە، دەسـتى لەسـەر گیرفـانى چاکەتـە سـەربازییەکەى بوو، توند گیرفانەکەى گرتبوو، وەک ئەوە شتێکى گرانبـەهاى تێدابێت و ڕێگا نەدات لێى بدزن! عومەر لێى بوو بە مـەراق، ئـەو شـتە چییـە هێنـدە پیـرۆزە لـە لاى تەنانـەت لـە کـاتى گیـان دەرچـوونیش هێشـتا دەیـەوێ پارێزگارى لێبکات! دەستى سەربازەکەى لەسـەر گیرفانى لادا، گیرفـانى جزدانێکى تێدابوو، لەنێو جزدانەکە وێنەى ژنێکى گەنج بە کەپسکراوى و لەگـەڵ نامەیـەک. عومـەر لـە لێـوارى ڕووبـارە خوێنـاوییەکە دانیشـت و کەوتە خوێندنـەوەى نامەکـە: خۆشـم دەوێـى تـا دواڕادەى خۆشـەویسـتى عامر گیان! تکایە ئاگات لەخۆ بێت، چونکە دڵم لەلاتەو خەونم پێوەدیوى. ئازیزەکـەم! ئـاخر مـن بـەبێ تـۆ نـاژیم. شـەو و ڕۆژ نـزا دەکـەم و لەبـەر خـودا دەپارێمـەوە ئـەو جەنگـە ڕابگـرێ! بـەڵێن دەدەم لـە دواى جـەنگ هاوسـەرگیرى بکەین!

کەناچـەکان لەگـەڵ مریـدەکانى ئەوینـدا، لەو خـەڵوەتە خوێنـاوى و مەرگبـارەدا، گـۆرانیى فیراقـى عاشـقە بێمرادەکانیـان دەخوێنـد. خـودەى سەربازێک لێى نووسڕابوو: کچە جوانەکەم مریەم! گوللە، بـەنێو ئەڵقـەى (م)ى مریەمەکـەدا مێشـکى پڕژانـدبوو. کلاوەکـە پـڕ لـە مێشـکى سـپى و خەونى ئاوێزەیى ببوو. لەو نامەیەوە، عومەر لێى ببوو بـە خـوو، تـەرمى هـەر سـەربازێکى ببینیایە نامەى گیرفانى دەردێنا، چونکە لەنێو دێرەکاندا

خۆی و سەبری دەبینییەوە! بەڵام لە نامەکان زیاتر، هیچی دیکەی دەرنەدەهێنا. نامەی ژنێک بۆ مێردەکەی: ئەو منداڵەی تازە بویتم زۆر لە تۆ دەچێ، بۆیە لە ئەولادێکی ئاسایی زیاترم خۆشدەوێ! نامەیەکی دیکە: هاوسەری خۆشەویستم هیوادارام پارێزراوبیت. کچەکەمان لە قوتابخانە خەڵات کرا، مامۆستاکەی بە هەموو قوتابیەکانی گوتبوو: هەریەکەتان بە دڵی خۆی دێڕێک لەسەر تەختەڕەشەکە بنووسێ، کچەکەمان بە نۆرەی خۆی نووسیبووی: نەفرەت لە جەنگ! هیوادارم باوکم بەزووترین کات بێتەوە، بیری دەکەم!... هاوسەرت وەفا.

لەو گەڕان و سووڕانەدا بڕیاریاندا بگەڕێنەوە دواوە بۆ شاری محەمەرە، کە ئەوێش، لەنێو بازنەی ئەو گەمارۆ فراوانەدایە. هەر نەبێ ئەوێ پەناگەی لێیە بۆ ئەوەی چاوەڕوان بن بزانن دۆخەکە بە کوێ دەگات! بەڵام عومەر بەردەوام بوو لە کۆکردنەوەی نامەی نێو گیرفانی سەربازە کوژراوەکان. کۆڵانەکانی شار پڕ بوون لە گۆمیلکەخوێنی وشکبوو. لە کۆڵانێکی لاچەپدا چەند تەرمێکی بینی، یەکیان لەسەر دەم کەوتبوو، گۆشەی پاکەتی نامەیەک لە گیرفانەکەی سەرسمتی، دیاربوو، نامەکەی دەرهێنا، سەربازەکە بۆ هاوسەرەکەی نووسیبووی، بەڵام مەرگ مەودای نەدابوو پۆستی بکات: ئازیزەکەم تا سەرئێسقان بیرت دەکەم، تۆم لەلا بوایە چ حەوجەبووم لە تریفەی مانگ بڕوانم! ڕووی تۆ و چپەی ماچی تۆم بەس بوو! زۆرم دڵ بە کچەکەمانەوەیە. ئەگەر مەرگ یەخەم نەگرێ و بتبینمەوە، بەسەرهاتی سەربازە بێمرادەکان و زرمەی هەرچی مووشەک هەیە هەر هەموویت بەوردی بۆ دەگێڕمەوە. ستوونی ئەو دوکەڵانەی لە سووتانی خەونەکاندا لوولیان دەخواردو بەرەو کەشکەڵانی فەلەک هەڵدەکشان، گلۆز گلۆز هەموویت بۆ شی دەکەمەوە. قەف بە قەفی زنجیری ئەو زرێپۆشەی هەزار خەونی پانکردنەوە، ژێی ئەو دەنگە بێچارەیەی کە لە قروسکەی توتکەسەگێکی تاساو دەچوو! ئەو کچۆڵەیەی لەژێر تایەی ئیڤایەکدا، سەری خۆی و بووکەڵەکەی بەجووتە پانکرایەوە! ئەوانەت هەموو بۆ باس دەکەم! چ

بێئیدراک و بێهەستن، ئەوانەی لە گەرمی خۆرو جوانیی مانگەشەو و ورشەی ئەستێرە تێناگەن! بەدرێژایی شەقامی نەبڕاوەی غەدر، پاکیزەی مرۆڤەکان دەدوورمەوە، سەرەتاتکێ لەگەڵ خودای خۆمدا دەکەم. منێک کە هەرگیز نەمدەویست پێ لەسەر سێبەری هیچ مرۆڤێکدا بنێم. مـاڵ بـە مـاڵی ئـەو محـەمـەڕەیـە گـەڕاوم شـوێنێک نـەبوو بـۆ پشـووودان، شـوێنێک نەمابوو هەناسەی ساردی تێدا جێنەمابێت! وێنەی ئەو ژنو مێردانەی بە قەدی دیوارەکانەوە بە ئەقڵی سـووکی ئێمـە پێدەکـەنین! لـە شـوێنێکم، نـە فرمێسـک نـە بـارانی خـوێن، لێـی چـک ناکـات! لێـرە، بڵنـدگۆی مزگـەوتەکانیش، لـەحـەیبـەتان کۆڵـەگری ئایـەت و قسـەکانی خودایـان لـە قوڕگیـدا تاسـاوە! بانگـدان تێیـان بەسـتوویەتی، لـە جیـاتی کەبـارە و سەڵەوات، شەپوورێ جەنگیان لێوە دێ! ئازیزەکەم هیچ جـەنگاوەرێکـی خودان شـەرەف، خوازیاری خوێنڕێژی نییە! هیوادارم، لەو ڕۆژانـەی کـە نەهاتوون، بەشێک لـە تەمـەنی منیان تێدابێت، بـۆ ئـەوەی تـۆ ببینمـەوە! خۆشمەدەوێ!... خۆشەویستەکەت لە دۆزەخەوە.

عومەر، گورج ئەو نامەیەی خستەوە گیرفانی سەربازەکە، بـە ئومێدی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان، بە هاوسـەرەکەی بگات... عومەرو محـەمـەد، کە بـــەتەمـــەن لـــە ئەبوبـــەکرو هاوڕێکـــەی گەورەتربـــوون، لـــە ڕووی سەربازیشەوە لەوان بـە ئـەزموونتر بـوون، بۆیـە، بڕیـارو قسـەی کـاربڕ لـەلای ئـەوان بـوو، بـە تایبـەتی عومـەر، وەک فەرماندەیـەکی خۆیـان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد. عومەر گوتی: ئێمـە لـەو چوارکەسـە زیـاتر نەبین باشە، چونکە لە هەموو شوێنێک دەتوانین خۆمـان حەشـار بـدەین و بپارێزین!

ئـەو هـەزاران سـەربازە، وەکـو مێگەلەمـەڕی بێشـوان، دەسـووڕانەوە. ئێوارەیـەکی درەنـگ بـە کوچـەو کۆڵانـەکانی شـاردا دەگـەڕان، شـارێک ئاسـەواری جـەنگێکی وێرانکـەر بـە سـیمایەوە دیـاربوو. زۆربـەی خانووەکانی سەرپەڕی شاری، ڕوخێندرابوون و کرابـوون بـە سـەنگەر. لەبـەردەرگای هـەرماڵێک تـەرمی چەنـد سـەربازێکی هـەردوو لای

لێکەوتبوو، هێشتا کەس فریای کۆکردنەوەو ناشتنیان نەکەوتبوو. عومەر گوتی: برادەرینە بڕوانن، کوڕی یەک لەو دوو سەرکردە بە شەڕهاتووە لەنێو ئەو کوژراوانەدا نییە، ئەو کوشتارگەیە، تەنها بۆ کوڕی هەژارانە! هەر بۆ نمونە من، گەردەلوولی سروودێکی ونبوو، منی گەیاندۆتە ئێرە، بەدوای هەتاودا وێڵ بووم، کەچی بەسەر زەمهەریردا کەوتم!

لەنێو ئەو ماڵانەی کەوتبوونە نێوەڕاستی شاری، کەوتنە گەڕان و خواردنیان پەیداکرد. ئەوشەوە لە ژێرزەمینی ماڵێکدا شەوێکی بێدەنگیان بەڕێکردو ڕۆژیان کردەوە، تەنها میاوەی چەند پشیلەیەک ئاماژەبوو بۆ ئاوەدانی. لە پەنجەرە هەواکێشەکە، تیشکی خۆر ڕژایە ژێرزەمینەکە. هەرچواریان هەستان و قاوەڵتییان کرد. خەڵکی ئەو ماڵە، تەنها خۆیان بەسەڵتی لێی دەرچووبوون، کەلوپەلەکان وەک خۆی جێهێڵدرابوون، تەنانەت سفرەشیان کۆ نەکردبووەوە. عومەر، هەمیشە لە وێنەی ئەو ژن و پیاوانە ڕادەما کە دەستیان لەسەر ملی یەکتر بوو، بە قەد دیوارەکەوە هەڵواسرابوون. ئەو چوار سەربازە، لە یەک کاتدا سێ کەسیان جگەرەیان دەکێشا. لەبەر گەزنگی تازەی خۆر لە هەواکێشەکە، ستوونی دووکەڵەجگەرەکان چەند هێندەی پیشان دەدا. لە دەرەوە، کۆڵەگە دوکەڵێکی شین و بچووک سەرنجی چەند پاسدارێکی ڕاکێشا، زانیان ئەو ژێرزەمینە خەڵکی تێدایە. هەردوو لای دەرکەیان لێگرتن و بانگیان کردن: کێ لێرەیە، بۆ ئەوەی نەکوژرێ بەزووترین کات بێتەدەرەوە! یەک لە پاسدارەکان، ڕانەوەستا بۆ ئەوەی بزانێ وەڵامی ئەوانەی ژوورەوە چی دەبێت، هەر زوو نارنجۆکێکی دەنگیی سووتێنەری لە هەواکێشەکەوە بۆ هەڵدانە ژوورێ. نارنجۆکەکە لە نزیک عومەری تەقییەوە، ژێرزەمینەکەی یەکپارچە کرد بە دوکەڵ و ئاگر. لە ەنجامدا عومەر دەموچاوی سووتاو، خوین و تەنی و دوکەڵی تانکە سووتاوەکان، دیمەنێکی ترسناکی بە ڕووخساری عومەری دابوو. نگی تەسلیم! تەسلیم! بەرز بوویەوە.. یەک لە سەربازەکان فانیلەی

ژێرەوەی داکەندو بەسەر لوولەی تفەنگەکەیەوە کردو بەرزی کردەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. عومەر هەردوو دەستی بە چاوییەوە گرتبوو. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: خوابکات چاوەکانم کوێر نەبن بەس بۆئەوەی جارێکی دیکە تێر لە چاوەکانی سەبری ڕامێنم و سەیری قەدو بالای بکەم! ئەو چاوانەم تەنها لەبەرئەوە خۆشدەوێ، سەبری پێ ببینم! چوار مەلای سوپای پاسداران هاتنە بەردەرگاکەو گوتیان: دەستتان بەرز بکەنەوەو بڵێن ئەڵڵاهو ئەکبەر، خومەینی ڕەهبەر! ئەوانیش چییان پێگوتن، وایان کردو هەرچواریان هاتنە دەرەوەو تفەنگەکانیان لێوەرگرتن. محەمەد، بە ئاوی مەتارەکەی، دەموچاوی عومەری شووشتەوە. عومەر گوتی: چاوم تۆزێک زەردەی دەکا، بەڵام دەموچاوم دەبرژێتەوە. پاسدارەکان چاویان بەستنەوەو تا لای ئۆتۆمبێلەکان وەپێش خۆیاندان، ئەوەش بۆ عومەری باشبوو. ژمارەیەکی زۆر دیلیان هێنان، هەر زوو ئۆتۆمبێلەکان پڕبوون. ئۆتۆمبێلەکان هێشتا نەکەوتبوونە ڕێ، ئەو گۆڕەپانە، هێندەیان دیل لێ کۆکردەوە، بوو بە مەیدانی مەحشەرێ! ئەو هەموو گەڵابەو لۆری و پاسانە، دەرەقەت نەدەهاتن بیانگۆزنەوە. ئاخر، قسە هەبوو لەو شەڕەدا هەژدە هەزار سەربازی عێراقی بە دیل گیران. پاسدارێک بۆ کۆژرابوو، زۆری هەوڵدابوو بیانکۆژێ، بەڵام ڕێگایان پێنەدابوو. لە یەکەم شارۆچکەی پێی گەیشتن، جلوبەرگ و پۆستاڵەکانیان لێداکەندن، بە فانیلەیەک و دەرپێ قوتەیەک و بەپێی پەتی مانەوە!

لە شاری ئەهواز، سواری شەمەندەفەریان کردن بۆ تاران. لە جێگای چوارکەسی، دە کەسیان تێئاخنی. لە تاران سواری پاسیان کردن و بە شاریدا گێڕایانن، خەڵک بە تەماتەو دارو بەرد زۆریان ئەزیەت دان. پێشتر خەڵکی ئەو شارانە ئاگادارکرابوونەوە: دیلی عێراقی بە شارەکانیاندا تێپەڕدەبن، بۆیە، ئامادەکارییان کردبوو بۆ سووکایەتی پێکردنیان. لە هەموو شارو شارۆچکەکانی سەر ڕێگا بە بازاڕدا دەیانگێڕان. تا گەیشتنە شاری سمنان، لەوێ، لەمبەرو لەوبەری

شەقامەکە، خەڵک تفباران و تەماتەبارانیان کردن. نەدەبوایە شووشەی پەنجەرەی ماشێنەکان دابخەن! لەوێشەوە بەرەو مەشهەد بەڕێکران، لە مەشهەدیش، بە هەمان شێوە! هیچ هاتنەخوارو سەرکەوتنێک بێشەق تێنەدەپەڕی! بە خەڵکی مەشهەدیان پێشاندان و زیارەتی ئیمام ڕەزایان پێکردن. دووبارە هێنایاننەوە شاری سمنان و، شەش شەو و ڕۆژ لە شەمەندەفەردابوون. سەربازی بریندارێشیان زۆر لەگەڵدابوو، بێئەوەی چارەسەریان بۆ بکرێ. ئەوەی لەو ئەزیەتدانە سوودی هەبوو بۆ عومەری، لە یەکەم شارۆچکە ماستیان بەسەریدا کردن، ئەوەش بۆ سووتاوییەکەی زۆر بەسوود بوو، هەمووی لە دەموچاوی خۆی هەڵدەسویی. گەیشتنە شاری سمنان.

لەوێ، سێسەد و پەنجا خێوەتیان بۆ سێ هەزار دیل هەڵدابوون. هەرچەندە خێوەتەکان بچووک بوون، بەڵام ئەوان دە کەسیان تێدەکرد. پەنجا خێوەتیش، بۆ ئیدارەدان و کاروباری کەمپەکە. هەریەکەو دوو کۆنەپەتۆی سەربازییان دانێ کە کۆلێک خۆڵو لمیان پێوەبوو. ئەو شوێنە، بە هاوینان و چەند مانگێکیش لە وەرزی بەهارو پایز، ژیانی تێدادەکرا، بەڵام لە وەرزی زستان، لەبەر بەفرو سەرماو شەختە، ئەستەم بوو بەشەر بەو دوو پەتۆ تەنکو ڕزیووە بژی! عومەرو هاوڕێکانی پێویستییان بە شەش کەسی دیکە هەبوو بۆ ئەوەی خێوەتێک وەربگرن، کوردێکی خانەقینی بەناوی عەلی، موسڵاوییەک بەناوی عوسمان، بەسراوییەک بەناوی حوسێن، ئەلقۆشییەک بەناوی عیساو دوو کەسی دیکەش، بوون بە دە کەس. خێوەتێکیان وەرگرت و بوون بە یەک خێزان. کاتی ناونووسین، عومەرو ئەبوبەکرو عوسمان، پێچەوانەی عەلی و حسین، لێدان و سووکایەتیان لەسەر ناوەکانیان، زۆر پێدەکردن، کە خۆیان هیچ ڕۆڵیان نەبوو لە ناولێنانی خۆیان. لەگەڵ هەر جووڵەیەک، دەبوایە بڵێن مەرگ بەر سەدام! مەرگ بەر ئەمریکا! مەرگ بەر شۆرەوی! ئەڵڵاهو ئەکبەر، خومەینی ڕەهبەر!

فشارێکی زۆریان لەسەر بوو، بۆ ئەوەی ببن بە شیعەمەزهەب.

ئەوانـەی دەبـوون بـە شـیعە، دەیـانگوتنێ تـەوابین یـانی تۆبـەکاران. ئاهـەنگیان بۆ دەگێڕان و سـەڵەواتیان لێدەدا، وەک ئـەوەی لـە گوناهـان پـاک بووبنـەوە! بـەدرێژایـی سـاڵانی دیلـی، دەبوایـە ڕۆژانـی محـەڕەم و عاشـورا، لـە یـادی کـوژرانی حەسـەن و حوسـێن، وەکـو شـیعەکان لـە خۆیـان بـدەن و شـیوەن بگێـڕن! عومـەر، بـەدرێژایـی سـاڵانی دیلـی ئەوەندەی لەسـەر ناوەکـەی کەوتـە بـەر جەڵـدەی مەزهـەب و شـەللاقی دوازدە ئیمـامی، نیـو هێندە لەسـەر ئـەوەی سـەربازی سـەدام حوسـێن بووە، ئازار نـەدرا! عومـەرایـەتی بـۆی ببووە بەڵایـەکی گـەورەو چەندی دەیکرد لە بنی نەدەهاتە دەرێ. ئەو ناوە، بۆی ببووە تـەوقی عـەزازیل و قیـڕی کـەوای سـپی، بـە هـیچ لـە یەخـەی نـەدەبووەوە. بۆیـە، هـەمیشـە بـەخیلی بـە عـەلی و حوسـێن و حەسـەنەکان دەبـرد کـە باوکیـان بەو ناونانە چ چاکەیـەکی لـەگەڵدا کردوون! هـەمیشـە دەیگوت: ئـاخر حـاجی عـەوڵای حاجەتان! چیت لێ کـەم دەبوو، ئەگـەر ناوت نابوومایە عـەلی یان حوسێن؟ ئەوەی لێی لە هـەنجەت بوونایـە، ڕۆژی شـەست جەڵـدەیان بۆ دەبڕییەوە، هـەر ژەمـەی بیسـت جەڵـدەیان لێدەدا! سـەعات حـەوتی بـەیانی و حـەوتی ئێـوارە ڕیزیـان دەکردن و ناویـان دەخوێندنـەوە. هـەرکەسـێک ناوی دەخوێندرایەوە، دەبوایە هـەتا دەنگی تێیدایـە بڵـێ: ئەڵڵاهـو ئەکبـەر، خومـەینی ڕەهبـەر، مـەرگ بـەر ئـەمریکا، مـەرگ بـەر سـەدام، مـەرگ بـەر شـــۆرەوی! کاتێـــک خـــاچی ســـووری جیهـــانی و نوێنـــەری نەتـــەوە یەکگرتووەکان دەهاتنـە کەمپەکـە، پاسـدارەکان بـەپەلـە هـەندێک لەوانـەی ناویـان عومـــەرو ئەبوبـــەکرو عوســـمان بـــوو، هـەنـــدێکیان پـــەنا دەدان بـۆئەوەی ئەگـەر ڕۆژێـک شـوێنەونیان کـردن، هـیچ کێشـەیەکی مـافی مرۆڤیان بۆ دروست نەبێت! خواردنێکی زۆر کـەمتر لـە نـەمرو نـەژینیان دەدانێ بۆ هـەر ژەمێک و، بەقـەدەر لەپـە دەسـتێک نانیـان بـە مەقەسـت دەبڕی. بەیانیان پاکەتـە پـەنیرێکی بچـووک بـە داوە دەزوو دەیـانکرد بـە دوانزە بـەش، هـەر بەشـەی بۆ کەسـێک. نیوەڕۆیـان لـە قۆدیلکۆکـەیەکدا بڕێک شـلەی وێنجـە، بۆ ئـەوەی بـەش بکـات، بـە بـەرچاوی دیلەکانـەوە

ئاوی ساردی جۆگای تێدەکرا. زۆر جار بۆقیان لەنێو مەنجەڵەکاندا دەبینی! هەندێک برنجی کەم لەنێو لەپی دەستی دیلەکانیان ڕۆ دەکرد، چونکە ئەوەندە نەبوو لە قاپ بکرێ یان بە کەوچک بخورێ! هەروەک بڕێشکە دەیانخستە زاریان. زۆرجار دیلەکان، برنجەکەیان دەنک دەنک دەژمارد. بە ئاوی سارد خۆیان دەشۆردو سابوون کەفی نەدەکرد. بەو هۆیەوە ئەسپێ و ڕشک خەوی لە چاوانیان بڕیبوو. عومەر هەموو جارێ دەیگوت: دایکم ئەگەر بیبینیایە یەکێک زوڵمی لە یەکێک دەکات، دەیگوت حاها! چ خێرەکی خوای بوو، خۆ نەبۆتە یەخسیری بەردەستی تۆ! بەڵام ئێستا وەک دایکم گوتەنی: ئێمە یەخسیرین! ئەو ژیانە بێتامە شایانی هیچ بونەوەرێک نییە. هەفتەی جارێک مەلایەکی سوپای پاسداران قسەی بۆ دەکردن و جەنگێکی دەروونی دژواریان لەگەڵدا دابەستبوون، کە زۆر لە جەنگی ڕووبەڕوو کاریگەرتر بوو. بەزۆری وادارییان دەکردن مەزهەبی خۆیان لە سوننە بگۆڕن بۆ شیعە. لە ماوەی پێنج ساڵی ئەو خێوەتگایە، بۆ هەر شەش مانگێک، جووتێک سەرپایەیان دەدانێ، هەر تاکێکی بە نووسینێکی بەرجەستە، هەر لە کارخانەکەیەوە لە سەری نووسرابوو: عومەر، ئەبوبەکر، لە بنی نووسرابوو سەدام، عوسمان. زۆربەی دیلەکان ئەو سەرپایانەیان وەک سندمی پێی کۆیلەکان دەبینی. حیکمەت و نووری ئیشراقی مەزهەبەکان کەوتبووە سەرپشتی سەرپایەکان! لەسەر دەرگای هەر ئاودەستێک ناوی یەکێک لە بەرپرسەکانی حکومەتی بەعسی لێ نووسرابوو: سەدام، مێشێل عەفلەق، تارق عەزیز، تەها یاسین ڕەمەزان، عیزەت دووری، عەلی حەسەن مەجیدو... ئەو ماوەیەی لە خێوەتەکاندا بوون، سێسەدو هەشتا کەسیان، بە تاپڕ لێ بریندار کردن، بێئەوەی تاوانبار دیاربێت! پیاوێکی ورگنی ڕیش ماشو برنجی، هەمیشە کراسی ڕەشی بێیەخەی ئاخوندیی، دەپۆشی، هاوکارەکانی، بە حاجی میهرەبان بانگیان دەکرد. ئەو پیاوە، تازە کردبوویان بە بەرپرسی هەموو دیلەکان. لە زەمەنی شادا، بەرپرسێکی ساواک بووە لە زیندانی گەورەی تاران. ئەوەندە شارەزاو

بەئەزموون بوو لە ئەشکەنجەی ڕۆحی و جەستەیی ژێردەستەکانی، چونکە لە ڕۆژگاری شادا، لە ئازاردانی تودەیی و ئازادیخوازانی ئێران، ژمارەی پێوانەیی شکاندبوو! چەند ئەنگوستیلەیەکی نقێمداری گەورەی، وەکو سوونەتێکی مەزهەبی، لە پەنجەکانیدابوو. حاجی میهرەبان وەک زۆر لە بەرپرسانی دیکە، بنی پیاڵەی گەرمی بە نێوچاوانی خۆیەوە نابوو، بۆ ئەوەی تەختی نێوچاوانی، وا بنوێنێ کە ئەوە بە نوێژ و سوجدەی زۆر، وای لێهاتووە! مۆری ساختەی خواپەرستی پێوە دیاربێت! نێوچاوانی، بەسەر بەردەمۆرەی ڕیاییەوە، نووڕانی دیار دەکەوت. نێوە نێوە لە پاسدارەکانی ڕادەخوڕی: ئەو ئاوە بێنوێژ مەکەن! ئەوانیش دەیانگوت: بەڵێ حاجی ئاغا! هەمیشە لە ئۆفیسی کارکردنەکەی، بەرماڵەنوێژێک بە ڕاخراوی ئامادەی نوێژ لەسەرکردن بوو، تەسبیحێک و بەردەمۆرەیەک لە جێی سوجدە دانرابوو!

حاجی میهرەبان، ئەو هەموو کەرەستەی تەقوایەی کردبووە ڕازپۆشی ڕابردووی خۆی و لە پەنایدا هەرچی ناڕەوایەتییە، دەیکرد. ئاخر زۆربەی خەڵک ڕواڵەت دەخوێنێتەوە، نازانێ ناخی ئەو ڕواڵەتە چی تێدایە! ئاخر حاجی میهرەبان هەموو شتێک بوو بەس میهرەبان نەبوو! حاجی میهرەبانەکان، ڕۆژگارێکی نەفرەت لێکراو و لێورێژ لە ستەمیان دەنووسییەوە! عومەر هەمیشە بە هەستیاری هەڵسوکەوتی دەکرد، قەت نەیدەویست شتێک بکات لەگەڵ یاسای ئەسارەت تەبا نەبێت و بیانوو بداتەدەستێ مەئموورەکانی ڕەجم و شەللاق. لە شینو شەپۆری محەڕەم و عاشورادا، ئەوان بە فارسی بۆ مەزڵومیەتی حوسێن لەخۆیان دەداو دەگریان، عومەریش بە کوردی بۆ مەزڵومیەتی خۆی دەگریا! دەفری ئەشکی دابڕانی لە سەبری سەراوژێر دەکرد، ئازارەکانی هەڵتەکانی خێزانەکەی حینجە دەکرد! هەستی بەوە کردبوو ئەو ژیانە بێتامە، نەک مرۆڤ، شایستەی هیچ زیندەوەرێک نییە! لەلایەن دیلەکانی دیکەوە خێوەتەکەی عومەر و هاوڕێکانی ناونرابوو خێوەتی خولەفای ڕاشیدین! چونکە عومەرو ئەبوبەکرو عوسمان و عەلی تێدابوو. زۆرجار بۆ

چارەسەری کێشەکانیان دەچوونە خێوەتی خولەفای ڕاشیدین. جار نا جارێک هەندێک لە دیلەکان لەلایەن کەسوکاریانەوە نامەیان بۆ دەهات، بەڵام عومەرو محەمەدو زۆربەی دیلەکانی دیکە هەرگیز نامەیەکیان بۆ نەهات. بەردەوامیش دیلی نوێ دەهاتە شوێنی ئەوانەی دەبوون بە تەواب. شەوێک کاتی خەوتن، دنیا کشومات بوو، هەور بەجۆرێک بەربینگی ئاسمانی گرتبوو، نەفەسی لێبڕیبوو. بەیانی کە هەستان لە خەو، خێوەتەکەیان لەژێر بەفرێکی ئەستووردا شانی قورس ببوو. سەرپایەکانیان کەوتبووە ژێر بەفر. عومەر سووچێکی خێوەتەکەی لادا، دیتی بەفر شاخەکەی پشتی سمنانی وەکو بووک بە تارای سپی ئارایش کردووە، گوتی: براینە هەستن ئەمشەو کەوتووینەتە ژێر بەفرێکی سەنگین و بە خۆمان نەزانیوە. هەر زوو خێوەتەکەیان تەکان. هێندەی نەخایاند بەفر بەسەر شانی خێوەتەکاندا دەستی بە بارین کردەوە.

کۆمەڵێک دیلی نوێیان بە پێی پەتی بەنێو بەفرەکەدا بۆ کەمپەکەیان هێنا. دەستیان خستبووە سەر سەریان و بەناچاری دەیانگوت: ئەڵڵاهو ئەکبەر، خومەینی ڕەهبەر!

دیلە نوێیەکان لەسەرمان دەموچاویان شینو مۆر ببووەوە. یەک بەدوای یەک بە بەر خێوەتەکەی عومەرو هاوڕێکانیدا تێدەپەڕین. لەناکاو محەمەد هاواری کرد: ئەحمەد براکەم ئەوە ئەتۆی؟ دیاربوو یەک لەو دیلە نوێیانە ئەحمەدی برای محەمەدی بوو، دەستیان بە گریان کردو ئامێزیان لە یەکتری دا. ئەحمەد بەجۆرێک حەپەسابوو، زمانی گۆی نەدەکرد. محەمەدیش لەدوای چەند ساڵ بێئاگایی لە ماڵ، سەری سەرشاربوو لە پرسیار، بەڵام ئەحمەد لەبەر زۆربەی پرسیارەکان ڕایدەکردو بێوەڵام دەیهێشتنەوە. ساردی و شەرمی سەر ڕووخساری ئەحمەدی، وەک ئەوەبوو خەتاییکی گەورەی بەرامبەر براگەورەکەی کردبێت! هەرچەندی محەمەد پرسیاری ماڵەوەی لێدەکرد، بە تایبەتی هاوسەری و دوو منداڵەکەی، ئەحمەد نە چاوی لە چاوی دەبڕی و نە وەڵامێکی ئەوتۆی دەدایەوە! عومەرو برادەرەکانی وایان مەزەندە

دەکرد، ڕەنگە لەگەڵ شەڕو کوشتاری ئەو جەنگە بێئامانە، حەپەسابێت و هێدمەگرتی بووبێت. یەک لە خانەوادەی خولەفای ڕاشیدین گوتی: من لێرە دەڕۆم بۆ خێوەتێکی دیکە، با ئەحمەد لەگەڵ محەمەدی برای لێرە بێت، بەڵام ئەحمەد ڕەتی کردەوە لە خێوەتی خولەفای ڕاشیدین بمێنێتەوە. هەستی پێدەکرا دەیەوێت دووری لە محەمەدی برای بکات! دوای چەند ڕۆژێک ئەحمەد بینی، محەمەدی برای زۆر بە عومەریەوە پەیوەستەو زۆریشی خۆشدەوێت و جێگای متمانەیەتی. بە چاوی خۆی دەیبینی، هەتا بێچاووڕووترین شەقاوەکانی کەمپەکە، بە ڕێزو شڵەژاوییەوە لێی نزیک دەبوونەوە، بۆیە، بەباشی زانی ڕازی دڵی خۆی بۆ عومەری باس بکات، بە ئومێدی ئەوەی ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. گوتی: کاک عومەر کارێکی زۆر نهێنی و گرنگم پێتە، بەڵکو چارەیەکم بۆ بدۆزیەوە! ئەحمەد کۆرەگری لە قورگیدا مابوو! عومەر گوتی: فەرموو! ئەحمەد گوتی: کاک عومەر ئێمە نزیکەی دوو ساڵە تەرمی محەمەدی برامان بۆ هاتۆتەوەو ناشتوومانە، لەسەر داخوازی باوکم و دایکم بۆ ئەوەی دوو منداڵەکەی محەمەدی برام نەکەونە لای زڕبابی، من ژنەکەیم مارە کردۆتەوەو منداڵێکم لێی هەیە، ئێستا چۆنم چارە دەکەی و چ ڕێگایەکم بۆ دادەنێی؟ وەک دەبینی چاو و ڕووم نییە تەماشای چاوەکانی محەمەدی برام بکەم، چونکە هەر من دەزانم لەگەڵ ئەو ژنەی چەندیان یەکتر خۆشدەویست! عومەر گوتی: ئەو هەواڵە جەرگبڕو غرورشکێنە، بە هیچ شێوەیەک نابێت لێرە باس بکرێت، هەرکاتێک ئەگەر لێرە نەیانکوشتین و بە زیندوویی گەڕاینەوە بۆ عێراق، ئەو کێشەیە لەوێ چارەسەر دەکەین، لە حاڵی حازردا بەردێکی لەسەر دانێ و لە بیر خۆتی بەرەوە!

دیلەکان لە چاوەڕوانی ڕاوەستانی ئەو جەنگەدا بوون. خومێنی دەیگوت: لە بەینی ئیسلام و کافر، سوڵح نییە، تەنها جەنگ هەیە! نێوە نێوە کەمێک لە دیلەکان نامەیان بۆ دەهات، بەڵام نەدەبوایە لە چەند وشەیەک زیاتر بێت. ئەو ڕۆژە محەمەد بەلای ئەو شوێنەدا تێپەڕی کە

نامەکانی لێدادەنرا، دیتی نامەیەک بۆ ئەحمەدی برای هاتووە، ئەویش بە خێرایی نامەکەی هەڵپچڕی و خوێندییەوە. لەدوای سڵاو و هەواڵپرسین، ناوی هەردوو منداڵەکەی ئەو و ناوی منداڵێکی دیکەشی تێدابوو، منداڵەکان دەستت ماچ دەکەن. لە کۆتایی نووسرابوو هاوسەری خۆشەویستت...، دروست ناوی ژنەکەی خۆی بوو. محەمەد باری دەروونی شڵەژاو هەر بەپەلەو وەک شێتان، خۆی گەیاندەوە خێوەتی خولەفای ڕاشیدین، دیاربوو لە ئاسنێک ئامێرێکی شەڕکردن دەگەڕا! عومەر یەکسەر هەستی بەتووڕەبوونی محەمەدی کرد، زانی هەواڵێکی خراپی بۆ هاتووە، چووە پێشی و گوتی: ئەوە چی ڕوویداوە؟ محەمەدیش گوتی: ئەو خوێرییە بێ ئەخلاقەی برام لە کوێیە؟ ئێستا دەیکوژم! هەرچەندە عومەر دەیزانی مەسەلەکە چییە، بەڵام بۆ دڵنیایی گوتی ئەتۆ پێمبڵێ چی ڕوویداوە؟ محەمەد نامەکەی فڕێدایە پێش عومەری: ئەتۆ ئەو نامەیە بخوێنەوە، ئەوکات تێدەگەی چی بەرامبەرم کردییە، ئەوە کەی برایە؟ ئەوە دووژمنە! ژنەکەی منی مارە کردۆتەوەو منداڵێکیشی لێی هەیە. کە جورئەتی ئەوەی نەبوو چاو لە چاوم بکات، دەبوو بزانم کەتنێکی بەرامبەرم کردییە! ئەوە چیدی برای من نییە، هەر دەیکوژم! عومەر لەوە تێگەیشت، ئەو زنجیرەی پێی مرۆڤی بە دونیای دونەوە بەستۆتەوە، تەنها تەنها ژنە! عومەر و چەند کەسێکی دیکە، محەمەدیان هێور کردەوە. دانیشتن ئەحمەدیان بانگ کردو نامەکەیان فڕێدایە پێشی. ئەحمەد بەدەم گریانەوە گوتی: ئەوە ڕاستە. بەڵام هەرکاتێک چووینەوە بۆ بەغدا، ئەگەر محەمەدی برام بە شەهیدی قادسییەی سەدام تەرمی سووتاوی بۆمان نەهاتبووەوەو لە گۆڕستان کێل و قەفەسمان بۆ دروست نەکردبوو، ئەگەر ئۆتۆمبێلی کرۆنەو زەوی نیشتەجێبوونمان وەرنەگرتبوو لەگەڵ دوازدە هەزار دیناری عێراقی، ئەمن تاوانبارم، با محەمەد بمکوژێ! عومەر و ئەوانی دیکە، پەسنی ئەو قسەیەی ئەحمەدیان کرد. محەمەد پێیەوە دیاربوو ئازارێک ناخی دەکرۆژێ، گوتی: ناتوانم کەسێک ببینم لە کاتێکدا کە من زیندووم

ژنەکەم مارە بکاتەوە، کەسیش نا بۆ خۆم، گەر بۆ خۆم پێ نەکوژرێ، خۆم پێدەکوژرێ! عومەر بە بیستنی خۆکوشتن، دەمارەکانی گرژ بوون و مووی بوون بە نەشتەر، گوتی: خۆکوژی کردەوەی بێدەسەڵاتانەو ترسنۆکانەیە، لەوەتای هەم دژی خۆکوژیم، چونکە ژیانم خۆشدەوێ، تکا دەکەم گەر دەتەوێ هەتاکو سەر برادەر بین، جارێکی دی گوێم لەو قسەیە نەبێتەوە! هیچ کێشەیەک شایانی ئەوە نییە مرۆڤ بەدەستی خۆی، خۆی بۆ بکوژێ! ئەوجا کەسیش نا ئێمە، کە خۆمان پێ پیاوی ئەرکە قورسەکانە! عومەر نەک هەر محەمەد، زۆر کەسی دیکەشی لە دەستبردن بۆ خۆکوژی، پەشیمان کردبووەوە.

دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ ژیانکردن لەو خێوەتگایە، گوازرانەوە بۆ سەربازگەی سمنان. چوار هۆڵی دریژو زۆر گەورە بەناوەکانی باهونەر یەک، باهونەر دوو، بەهەشتی یەک و بەهەشتی دوو. قەڵەوێرەی سێ قاتییان تێدابوو، سێ کەس لەسەریان دەخەفتن. هەر هۆڵێک حەوسەد کەسی دەگرت. هەردوو بەری دیوارەکانی، وێنەی ئایەتوڵڵاکانی پێوە هەڵواسرابوو.

هەر هێرشێکی سەربازی بەرەکانی جەنگ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دیلەکان دەبوو. ئەگەر هێزەکانی ئێران شکستیان بخواردایەو زیانیان زۆر بوایە، لە ڕقان نانیان نەدەدایە دیلەکان و ئازاری ڕۆحی و جەستەییان دەدان. خۆ ئەگەر سەرکەوتووش بوونایە، ئەوا بە سروودی جەنگی و شۆڕشگێڕی، هێڕو کاسیان دەکردن، خەو و ئیسراحەتیان لێ دەشێواندن. بەهۆی ئەو دەنگەدەنگ و ژاوەژاوەوە، یەک لە دیلەکان فێی دەگرت. ئەو ڕۆژە، وەک کەڵەبابی سەربڕاو هەڵدەپەڕی. درەنگانی شەوێکی هەینی بوو، هەموویان لە خەودابوون، لەوسەری هۆڵەکەی عومەری تێدابوو، هەراو هەنگامەو لێکدان هەمووانی بەئاگا هێنا. دەرکەوت دوو لە دیلەکان، کە خەڵکی خواروی عێراق بوون، هاوڕەگەزبازییان لەگەڵ یەکتریدا کردبوو، لەسەر ئەو کارە، بۆ بەیانی دیلەکان لە نێوەخۆیان بڕیاریاندا هەردوو کەسەکە داخ بکەن و

هەواڵەکەش لە نێوەخۆیان دەرنەچێ و ئێرانییەکان بەو شەرمەزارییە نەزانن!

وەرزەکان یەک بەدوای یەکتردا دانە دانە وەک تەسبیحی سۆفی، بەردەبوونەوە. عومەر، لە قاتی سێیەمی قەڵەوێرەکەی، هەردوو لەپی دەستی دابوونە بەر چەناگەی و لە پەنجەرەی هۆڵەکەڕا دەیڕوانییە بەفربارین و لە ڕەشایی پەنجەرکانەوە دەیزانی چ بەفرێکی ئەستوور دەبارێ. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: مۆسیقا قەدەغەیە، گۆرانی قەدەغەیە، هەموو شتە جوانەکان حەرامن. کاربەدەستەکانی ئێرە هەمیشە عاشقی ڕەنگی ڕەشن، لام سەیرە، چۆن دێڵن ئەو بەفرە سپی و جوانە ببارێ!

هەرسالّەی هەندێک لە دیلی نوێ جێگای ئەو دیلانەیان دەگرتەوە کە دەبوون بە تەواب، بەتایبەتی لە دوای سەردانەکەی محەمەد باقر حەکیم بۆ کەمپی دیلەکان. هەر دیلێکی نوێش دەهێندرایە هۆڵەکان، دەبوو چیرۆکی بەدیل گیرانەکەی و لە شارەکانی دیکە ماوەی دیلییەکەی چەندو چۆن بەڕێکردووە، بگێڕێتەوە. شەوێک، کە شەوێکی درێژی زستان بوو، دەوریان لەو دیلە دابوو کە لە سەربازگەی حیشمەتی تارانەوە هێنابوویانە هۆڵەکەی ئەوان. حەوت ساڵ بوو دیل بوو، گوتی: یەکەم مانگی بەهار بوو لە جەبەل مشتاغ، دەستەچەپی دیزفوول بەرامبەر بە شووش، هێرشێکمان بۆ سەر هێزەکانی ئێران کرد. دوای پێنج ڕۆژ هێزەکانی ئێران هێرشێکی پێچەوانەیان دەستپێکرد لە ژێر ناوی (فتح المبین) پشتی هێزەکانی ئێمەیان گرت. گوللە تۆپەکان لە پشتەوەڕا بۆ ئێمە دەهاتن. ماتۆرسوارە فیداییەکانی سوپای پاسداران وەک زەردەوالّە لە پشتمانەوە هاتن، بەناچاری فانیلە سپییەکانی ژێرەوەمان داکەندو بە لوولەی تفەنگەکانمانەوە کردو بەرزمان کردەوە کە: تەسلیمین! لە دوای چەک لێوەرگرتن، ئێمەیان بۆ شاری دیزفوول برد، بە قۆنداغە تفەنگ زۆریان لێداین، لە هەردوو بەری شەقامەکە خەڵک بە تف بارانکردن و تەماتەو بەرد ڕەجمیان کردین، هەرچی سواری پاسەکانیان دەکرد بە شەق و زللە لێیان دەدا. لە هاتنە

خـوارەوەش بـە هـەمان دەسـتوور. چـل جـەنازەی ئێرانییەکانیشـمان هەڵگرتبوو. بۆ مەشهەد سواری شەمەندەفەر کراین، خواخوامان بوو لە دەستی ئەو خەڵکە ڕزگارمان بێت! دوو کەس، پیلی سـەربازێکی دیلیـان لە پەنجـەرەی شـەمەندەفەرەکەڕا گرتبوو ڕایاندەکێشـا، شـەمەندەفەرەکە کەوتـە ڕۆیشـتن، پیلی سـەربازەکەیان بەرنـەدا هـەتاوەکو دەریاننـەهێنا! پیلەکەی بە دەستی خەڵکەوە بوو! ئەو دیلـە لـە ڕێگای مەشـهەد گیـانی سـپارد. لـەوێ زیـارەتی ئیمـام ڕەزایـان پێکـردین. دواتـر بردیـانین بـۆ زیـارەتی ئیمـام قـولی لەسـەر سـنووری ڕووسـیا. یـەک مانـگ لـەو شوێنەیان هێشتینەوە. ئەوجا هێنایانینەوە بۆ سـەربازگەی حیشمەتی لە تاران. هۆڵەکانیان جێگای وڵاخان بوو. دوای حەوت ساڵ لە دیلی، ئەوە هێناویانم بۆ ئێرە.

یـەکێک لـە دیلـەکان ماوەیـەک بـوو بـاری دەروونـی شـێوابوو، هـەر بـەجـارەکێ شـێت ببـوو. هـەر لـەناکـاو، وەک دەڵاڵـی گـەراجی بەغـدا، هەتاوەکو دەنگی تێدابوو هـاواری دەکرد: کەربـەلا! کەربـەلا! دوو نەفـەر کەربەلا! پاسدارەکان زۆریـان پێخۆشـبوو کـە گوییـان لـە نـاوی کەربـەلا دەبوو، بێئاگا لەوەی ئەو، لە غەفڵەتکی پاک و بێگوناهدا بوو.

هۆڵەکەیـان چەنـد میـوانێکی نـوێی بـۆ هـات. هـەر دیلێکـی دەشـهات، چیرۆکـی تایبـەت بـەخۆی هـەبوو. ئـەو چەنـد سـاڵەی دیلـی، زۆربـەیان چیرۆکی یـەکتریان دەزانـی. میوانـە تازەکـان، یـەکێکیان لەگەڵدابوو، زوو هەڵدەچوو، بـە تایبـەتی ئەگـەر چـاوی بـەو پارچـە کارتۆنـە یـان کاغـەزە دەکـەوت لێـی نووسـرابوو سـی و دوو کیلـۆ ئـارد، بەئەنقەسـت لەسـەر قەڵـەوێرەکەی ئەویـان دادەنـا، وەک نرخـی کاڵایـەک بێت! بـەڵام ئـەو لـە فیتی ئەو حـەرامزادانە حـاڵی دەبـوو. دیلەکـە هـی ئـەوە نـەبوو پرسـیاری هۆکارەکانی ئەو تووڕەبوونەی لێبپرسن، ناچار بوون داوا لە یـەکێک لـە هاوڕێکانی بکەن، کە کوڕێکی خوێندەوارو ڕاویـەکی باشـبوو بـۆ ئـەوەی بۆیان بگێڕێتەوە. ئەو هـەم کوڕێکی ڕۆحسـووک و، هـەم لەگـەڵ یـەکتردا دیل کرابوون و لە ژیانی ئەو چەند ساڵەی دیلیش، تـاوەکو هێنابوویاننە

ئەم هۆڵە، هەر بەیەکەوە بووین. ئەویش، بە زەردەخەنەیەکەوە، بەڵێنی پێدان هەموویان بۆ بگێڕێتەوە: لە کۆتاییەکانی وەرزی زستان و سەرەتای وەرزی بەهاردا بووین، ئێمەیان برد بۆ بەرەکانی شەڕ لە سنووری سەید سادق، چیای شنرۆیێ پشتی هەڵەبجە. کاتێک شەڕ دەستی پێکرد، هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بە چاوساغی هەندێک لە پێشمەرگە کوردەکان، لە هەردوولای ڕاست و چەپمانەوە، پێشڕەوییان کردو، لەپشت ئێمەوە وەک دەمی مەقەست گەیشتنەوە یەکتری و ئابلۆقەی تەواویان داین. بەرپرسێکی باڵای هێزی عێراقی ئاگاداری کردینەوە: ئەگەر نەتواندرێ ئەو گەمارۆیە بشکێنین، بڕیارە چەکی کیمیایی بەکاربێنین، واتا لێدانی کیمیایی ڕوو دەدات. ئێمە ڕاهێنانمان لەسەر چەکی کیمیایی، بۆ چۆنیەتی خۆپارێزی لە گازی کیمیایی، کردبوو.

سەر لێشواوی بە هێزە عێراقییەکانەوە دیاربوو. ئێمە چل کەس بەیەکەوە بووین. بۆ هەرلایەک دەچووین کە گەمارۆی هێزە ئێرانیەکان و هاوکارە کوردەکانیان بشکێنین و دەرباز بین، دەرگای دەربازبوون داخرابوو. هێزی گاردی کۆمارییان بە هەلیکۆپتەر دابەزاند، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێئەنجام بوون. شەومان بەسەرداهات، دەگەڕاین و دەسووڕاینەوە، لەنێو باخێکی هەناران تەرمێکمان بینی. دوای سێ سەعات ڕۆیشتن و سووڕانەوە، هاتینەوە سەر هەمان تەرم! ئەو ڕێ ونکردنە هێندەی دیکە ماندوو و بێئومێدی کردین. هێندێک لە سەربازەکان هەر لەوێ خەوتن. ئێمەش بەردەوام بووین لە گەڕان بەدوای ڕێگایەک بۆ دەربازبوون. لە هەر شوێنێک دادەنیشتین بۆ حەسانەوە، چەند کەسێک خەو دەیبردنەوەو جێدەمان. لە کۆتاییدا، ئێمە شەش کەس بەیەکەوە مابووین، بەڵام ئەمجارە لەسەر لێوی ڕووبارێک پشووماندا. کاتێک دیتم هاوڕێکانم ڕۆیشتبوون، ئەوەی جێمابوو، من بووم، ناچار خەوتمەوە. هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو، لە ساردی ئەو لوولە تفەنگە بەئاگاهاتم لەسەر ڕوومەتم دانرابوو، چاوم هەڵێنا بینیم

چەکدارێکی کورده، تێپڕاخوڕیم گوتی هەسته بزانم تۆ کێیت؟ چیدەکەی لێرە؟ گوتم سەربازی عێراقیم و دابڕاوم. یەکەم شتی کە لێی سەندم پاڵتۆکەم بوو کە زۆر دەگمەن بوو، دوایی تفەنگەکەم. بۆ لای شاخی شنرۆ وەپێشەخۆیدام. گەیشتینە سەر شوێنێکی بەرز، چەند درەختێکی گەورەی لێبوو، هەندێک سەربازی عێراقی لە ژێر دارەکاندا دانیشتبوون، هەندێکیان بریندار بوون، پرسیارم لێکردن گوتیان: ئێمە ئەمشەو لەلایەن پێشمەرگەوە دیل کراوین. یەکیان ئەو برادەرەیە کە ئێستا لەگەڵمدایەو بە سی و دوو کیلۆ ئارد تووڕەدەبێت! هێندەی پێنەچوو، چەند تاقمە سەربازی دیلکراوی دیکەیان هێنا. بۆ ماوەی چوارسەعات ئێمە لە ژێر ئەو درەختانە ماینەوە. بریندارەکان حاڵیان باش نەبوو. پێش نیوەڕۆ بوو، فڕۆکەکانی عێراق چەند جارێک زۆر بەنزمی بەسەر هەڵەبجەدا سووڕانەوە. چەند بۆمبێکیان بەردایەوە، بەڵام وەکو بۆمبی ئاسایی نەبوون، دەنگیان نزم بوو، دوکەڵێکی زەردباویان لێ بڵند بوو، گوتم: ئەو بۆمبانە کیمیاوین! ئەو پارچەیەی بۆ خۆپارێزی وەرمگرتبوو تەڕمکردو لەسەر لووتی خۆم ناما. چونکە شوێنی ئێمە بەرزبوو، کاریگەری لەسەرمان نەبوو. لەبرسان بڕستمان لێبڕابوو. هێندەی نەخایاند پاسدارەکانی ئێران پەیدابوون، یەکەمجار ویستیان بمانکوژن، چونکە جەنازەیەکی خۆیانیان پێبوو. لەدوای گفتوگۆو مامەڵەکردن، لەگەڵ پێشمەرگەکان، وا ڕێککەوتن هەر پێنج دیلی عێراقی، بە دوو فەردە ئارد بگۆڕنەوە. هەوەڵجار پاسدارەکان پێیان گران بوو بەو نرخەی بمانکڕن! بەڵام پێشمەرگەکان گوتیان ئەوە قوفڵی معامەلەیەو لەوەی کەمتر نابێت! پاسدارەکان ناچار بوون قەبووڵی بکەن، بۆ ئەوەی هەر نەبێ جەنازەی پاسدارەکەمان پێهەڵبگرن. لە سەر بڵندابیەک کڕیارو فرۆشیار بەرامبەر یەکتری وەستان و هەر پێنج دیل ڕادەستی سوپای پاسداران دەکرا دەیاننوسی ئەوە دوو فەردە ئارد! بەو شێوەیە هەتاوەکو دواین دیلیان بە ئارد گۆڕییەوە. پاسدارەکان زۆریان هەوڵدا بریندارەکان هەرزانتر بکڕن، بەڵام بۆیان نەچووە سەر! لەو

ڕۆژە بەدواوە هەموو جارێ دوو فەردە ئارد دابەشی سەر پێنج دیل دەکەین، هەریەکەمان دەکەوینە سی و دوو کیلۆ ئارد، کە ئەوە نرخی هەریەک لە ئێمەیە! جا، ئێمە پێمان ئاساییە، بەڵام ئەو برادەرەمان پێی تووڕە دەبێت. برادەرەکانمان ناویان لێناوە سی و دوو. جاری وا هەیە ناوێرن ڕاستەوخۆ پێی بڵێن سی و دوو، ناچارن دەپرسن: ئەرێ مرۆڤ چەند ددانی هەیە؟ یان تەسبیح چەند دەنکە؟ یان دامە بە چەند بەردان دەکرێ؟ وەڵامەکەی ئەو، تەنها جنێودانە، چونکە دەزانێ مەبەستیان سی و دوو کیلۆ ئاردەکەیە!... پاش ئەو سەودایە، جەنازەکەیان بە من و سێ کەسی دیکە هەڵگرت. لە شاخی شنرۆێ سەردەکەوتین، پاسدارێک بەغار دەهات، گەیشتە لای ئێمەو دەستبەجێ لە جەنازەکەی ڕووانی، بەدەم کردنەوەی ئەمانەتی تفەنگەکەی، هاواری کرد: عەلی! و پەنجەی لەسەر پەلاپێتکەی تفەنگەکەی داگرت کە ڕووی لە ئێمە بوو. بەو پریشکە خوێنانەی بە دەستم دەکەوتن، هەستم بە گەرمی خوێنی ئەوەی تەنیشتم دەکرد، یەکێ دیکە ورگی بە گۆڕێ وەرببوو. من بە موعجیزە لەو گوللەبارانکردنە ڕزگارم بوو. باشبوو پاسدارەکانی دیکە تفەنگەکەیان لێوەرگرت، دەنا هەموومانی لە تۆڵەی عەلی بۆ دەکوشت، کە ئێمە هیچ ئاگادارییکمان لە کوشتنی نەبوو. پاسدارەکان ئەو سێ کوژراوەیان لە شاخی هەڵداشتن. ئێمە زۆر برسی و ماندوو بووین، ژمارەمان بە بریندارەکانیشەوە شەست دیل دەبوو. ئەوەی دوادەکەوت بە قۆناغە تفەنگ لێیان دەدا بۆ ئەوەی دوانەکەوێ. لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەو بڕیارەی ئەوانەی ناتوانن بڕۆن، هەندێکیان بکوژن. شەشیان ڕیزکردن و گوللەبارانیان کردن و لە شاخی شنرۆێ هەڵیاندانە خوارێ. هەبوو، هێشتا دوا لرخەی گیانسپاردنی تەواو نەببوو. ئەوانەی ماینەوە ئیدی کەس نەیدەوێرا لە ترسی کوشتن دوا بکەوێ، دواکەوتن، مەودای نێوان ژیان و مردن بوو. لەسەر بڵندترین لووتکەی شاخەکە تەماشای پێچەکانی خوارەوەمان دەکرد کە لێوەی سەرکەوتبووین. وەک مێروولە خەڵکی پێیدا سەردەکەوت. ئاخر لە

هەڵەبجەدا پێنج هەزارو پێنج سەد سەربازی عێراقییان بە دیل گرت، سەرەڕای ئەو خەڵکە مەدەنییەی ڕایانکرد. بەنێو ئەو کوشتارگەیەو سێزدە سەعات ڕۆیشتن، گەیشتینە لای گەڵابەو لۆرییەکان. وەکو مەڕ باریان کردین. تەنها هەوڵی ئەوەمان دەدا سەرمان دیاربێت، نەخنکێین و بتوانین هەناسە بکێشین. لە دوای چوار سەعات، درەنگانی شەو گەیشتینە سەربازگەیەک، سێ هەزار دیلی دیکەی لێبوو. ڕۆژی دواتر ئێمەیان بەرەو هەمەدان سواری پاسەکان کرد. لەنێو شاری، پاسەکان لەسەرخۆ دەڕۆیشتن، گوتیان هەموو جامەکانی پاسەکە بکەنەوە! لە هەردوو بەری شەقامەکە خەڵک تفباران و تەماتەباران و بەردباران و پێڵاویان بۆ داوێشتین. زۆریان ئەزیەتداین و هەرچی جنێوی سووک هەیە پێیان گوتین. دوایی بۆ شاری یەزدو لەدوایی بۆ شاری تاران. لە هەموو شارەکان بەنێو ئاپۆڕای خەڵکدا دەیانگێڕاین و هەمان بەرخوردی شاری هەمەدانیان دووبارە دەکردەوە. لە بەینی خۆمان دەمانگوت: دەبێ چەند شاری ئێرانێ مابێت ئێمەیان پێ پێشانبدەن! دەبێ بەرگەی چەند لێدان و سووکایەتی دیکە بگرین؟ لەکۆتاییدا ئێمەیان بردە سەربازگەی تەختی لە تاران. بەرلەوەی بچینە هۆڵەکان، گوتیان: هەموو جلەکانتان داکەنن، هەر هیچیان لەبەردا نەهێشتین، وەک چۆن تازە لە دایک دەبی، ئاوا ڕووتیان کردینەوە. یەک لە دوای یەک بە بەردەمی ئەو پاسدارەی لە چاوەڕوانی ئێمەدا وەستابوو تێدەپەڕین، هەر دیلێک دەگەیشتە لای پاسدارەکە دەبوایە پشتی تێبکات و خۆی بچەمێنێتەوە، ئەویش پەنجەی دەخستە نێو کۆممان و بای دەدا، زڕە ئەنگوستی دەداین وەک بەدوای شتێکدا بگەڕێ! دوایی هەمان پەنجەی دەخستە نێو زارمان و بایدەدا! بەو شێوەیە نزیکەی سەد مەترێک بێ جلوبەرگ ڕۆیشتین و ئینجا چووینە هۆڵەکانی سەربازگەی تەختی. هەر زوو هەندێک لەو تەوابانەی تووڕی کوورەی دوژمنی خۆیان دادەخەن بۆ هاونیشتیمانی خۆیان، لەوێ ئەوان سەرپەرشتی ئەو شوێنەیان دەکرد. ئێستاش ئەوەتا ئێمەیان هێناوەتە ئێرەو شەش ساڵ بەسەر

دیلکردنماندا تێپەڕیوە.

*

لە ماوەی تێپەڕبوونی سێزدە ساڵ لە دیلی عومەر و هاوڕێکانی، زۆرکەس ئازادکران و لە مابەینی عێراق و ئێران گۆڕدرانەوە. بەڵام ئەوەی عومەرو ئەبوبەکرو عوسمانی هێشتبووەوە، ناوەکانیان بوو. هەرجارێک دیل دەگۆڕدرانەوە، عومەر لەبەرخۆیەوە دەیگوت: تاکەی لەنێو تای تەرازووی سەودایەکی نابەجێدا خۆم ببینم، تاکە کاڵابم بۆ سەوداو، کەچی کەس پێم ڕازی نەبێت! ئای لەو دونیا و لەو ژیانە سووکە کە شەرەفی جیهان، مافی مرۆڤ، بەسەر نێزەی جەهلەوەیە! ئەوە سەری چەند ساڵانە، بە کۆڵانەکانی چارەنووسدا جاڵە دەکرێم، کەچی درزێک لەو دیوارە ڕەشانە بۆ ئومێدم نەکرایەوە! هەتاوەکو پێشمەرگە بووم، چەقۆیان بە هەسانی نەتەوایەتی لێ دەسووێم. ئێستاش لێرە شمشێرم بە مەسەدی شەریعەتی ئیلاهی لێ دەسوون! لەو غوربەتە بێکۆتایە، هەر خودا دەزانێ چەند ئەیوب و یوسفی لێ کەوتۆتەوە! هەرجاریک بە یاداشت و تەمەنی خۆمدا دەچمەوە، هەمیشە دەستم بەر یەکەم گوناهی خۆم دەکەوێ! جەردی نەهامەتییەکانم پەنجەی پەشیمانیم پێدەگەزن. لێرەش، لە بانگەوازی (جەنگ جەنگ تا پیرۆزی)، زیاتر گوێم لە هیچی دیکە نەبوو، ئەوەش، شتێک لە ئینجانەی چاوەڕوانیمدا ناڕوێنێ، جگە لە خوێن و فرمێسکی فیراق!

*

لە سێزدەیەمین ساڵی دیلییەکەیدا، زۆر دیلی دیکە هاتن بۆ هۆڵەکەیان و زۆریش ئازادکران. ڕۆژێک یەک لەو سەربازانەی شاخی سەر بەتەم لەگەڵ عومەری بەیەکەوە بوون، هێنایانە هۆڵەکە. عومەر هەر زوو ئەوی ناسییەوە، بەڵام ئەو، بەهۆی سووتان و شێوانی ڕووخساری و لەڕولاوازبوونی و، ڕیشی ماشو برنجی و قژی ئاڵۆزی، عومەری نەناسییەوە. هەرچەند عومەر بەناوی خۆی بانگی کرد، گوتی: ناتناسم، بەڵام دەنگت غەریب نییە لەلام. عومەر وەبیری هێنایەوە بەیەکەوە

سەرباز بوون لە شاخی سەر بەتەم! کە بە بیری هاتەوە، باوەڕی نەدەکرد عومەر بێت، چونکە عومەری ئەو کاتی ئەو بینیبووی، گەنجێکی بالآبەرزی چوارشانەی چوست و چالاک، بۆی جێگای سەرسوورمان بوو، عومەر ئاوای بەسەر هاتووە نەناسرێتەوە! ئاخر لە کێشی حەفتاو پێنج کیلۆوە، ببووە چل و پێنج کیلۆ!

١٩

شەو کە خەوتن، هەورێکی پەشمەکی، ئاسمانی شاری سمنانی داپۆشیبوو، وەک بیەوێ لە دنیای بشارێتەوە. بەیانی کە لە خەو هەستان، بەفر هەتا ئەژنۆ کەوتبوو. چوارده زستان، چواردە بەهار، چواردە هاوین و چواردە پایز، بە دوای یەکدا نەبرایەوە! نۆ ساڵ، لەدوای وەستانی شەڕی عێراق و ئێران، ئەوان هەمیشە بە ئومێدی ئازادکردن، وەرزەکان دەژمێرن! بەڵام لە دڵەقی مرۆڤەکان، کزەبایەکی ڕەحمەت هەڵینەکرد عەترێکی ئازادی هەڵگرتبێت! تیرێژی ڕووناکییەک نەڕژایە چەمی ڕۆحیانەوە! دوای وەستانی شەڕ، زۆر لە دیلەکانی ئەو چوار هۆڵەی کەمپی سمنان، گۆڕدرانەوەو ئازادکران. لە هەر هۆڵێک چەند کەسێکی کەمی تێدامابوو. دوو بۆ سێ کەسێکیان ناونووس کرد، کە هەندێکیان باری دەروونییان تێکچووبوو، یان نەخۆشی درێژخایەنیان هەبوو، یان، وەکو عومەرو ئەبوبەکری، کزو لاواز ببوون و هیچیان لێنەمابۆوە، جەستەو ڕووخساریان شێوابوو. عومەر لەسەر قەلەوێرەکەی، لە بەفرباریني دەڕوانی و کڵۆکانی ئارام ئارام لەسەر دڵی دەنیشتنەوە. کڵۆ بەفرەکان بۆنی غوربەتی سەبرییان هەڵگرتبوو. عومەرو ئەبوبەکرو ئەو شێتەی مەراقی شیرینی بوو و تۆپەڵێک مێش لە دەموچاوی هاڵابوو، ناویان خوێندرایەوەو ئاگادارکرانەوە خۆیان ئامادە بکەن ئازاد دەکرێن. شێتەکە، وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی، هەر بانگی دەکرد: دوو نەفەر کەربەلا! ڕۆژی دوایی هەورو ساو بوو. هەڵمی زاری مرۆڤەکان لە ڕۆژان زیاتر درێژ دەبوونەوە. ئەوان هەر لەگەڵ دەنگی کەباری مەلا شیعەکان، ئامادە بوون. پاسەکە هەڵم لە

ئەگجۆزەکەی لوولی دەخوارد. عومەر لە دوورترین سەرزەمینی چاوەڕوانییەوە، جگە لە کۆڵەپشتێکی پڕ لە غوربەتی شارە دوورەکان، هیچی دیکەی پێنەبوو!

هێنایاننە مەرزی مونزریەو قەسری شیرین. عومەر بەدرێژایی ئەو ڕێگایە، وایدەزانی هەتا ئەوپەڕی سنوورەکانی بەختەوەری بەڕێوەیە. لەبەرخۆیەوە زەمزەمەی هەرچی وشەی جوانە، دەیکرد، بۆ ئەوەی ڕیزە مرواری ڕستەیەک بهۆنێتەوە کە شایستەی ئەو هەموو چاوەڕوانییەی سەبری بێت!... لە سەرسنوور، لە دیوی ئێران ئالای ئێران و لە دیوی عێراق ئالای عێراق دەشەکایەوە. شووشەی شەختەبەستووی پەنجەرەی پاسەکە هێند تەڵخ بوو، بە کامی دڵ دەرەوەیان نەدەبینی. پاسەکە ڕایگرت و عومەر لە دابەزیندا لەسەر بەفرەکە خلیسکاو کەوت، هێندە لەرو لاواز بوو، سەگ کلکی لێ بدابووایە دەکەوت، ئەبوبەکر هەڵیستاندەوە. جلوبەرگێکی شەپرێو و سەرپایەی بەبێ گۆرەوی، دیمەنی نەخۆشێکی دەروونیی، پێ بەخشیبوون. عێراقییەکان بڕێک پارەیان بۆ خەرجی ڕێگایێ دانێ.

هەرکە پێیان لەسەر خاکی نیشتیمان دانا، بەکوڵ گریان. لەبەر چاویان دنیا ڕەنگی فرمێسکی گرتبوو. هەردووکیان بۆ خاکی نیشتیمان چوونە ڕکوع و سوجدەیان برد. ئاخر ئەوان بەسەر شەختەبەندی حوزنەوە گەیشتنەوە ئامێزی نیشتیمان. ئەو شەوە لە خانەقین مانەوە. بە هۆی بەردەستنەبوونی تاکسی بۆ سلێمانی، زۆر دواکەتن. بەدرێژایی نێوان خانەقین و سلێمانی عومەر دەیگوت: هەر بگەینە سلێمانی بەر لە هەرشت دەمەوێ دەسکەگوڵێکی هەرەجوان بۆ سەبری بکرم! دوا تیشکەکانی خۆرئاوابوون دەستیان لە ملی گوێژەو ئەزمڕ بەردا، گەیشتنە شاری سلێمانی. لە شەکانەوەی ئالای کوردستان بەسەر شارەکەوە، فرمێسکی خۆشییان داباراند. عومەر چێژی لەو تابلۆیە ئاوێزەییە دەبینی، شانازی پێوەدەکرد، کە ئەوە بەشێک لە بەرهەمی خەباتی ئەویشی تێدایە. ئەبوبەکر گوتی: عومەر ئەوەتا لە لای مالّی

خۆمان ئەو گوڵفرۆشەی لێیە، وا چاکە دەسکەگوڵەکەی بۆ سەبری بکڕی! عومەر سالانێکی زۆر بوو خەیاڵی ئەو گوڵکڕینە چووبووە نێو هەستەکانی و لەو غوربەتە، بۆی ببووە خۆراکی ڕۆح. عومەر بە گوڵفرۆشەکەی گوت: خۆزگە دەمتوانی گوڵی پشکوتووی دوورترین سەرزەمینی چاوەڕوانی بۆ بکڕم، ئەو گوڵەی، سەبری خۆشیدەوێ.

لە ماڵی ئەبوبەکری، بوو بە جەژن و شادی و دڵخۆشی. هەرچەندە براگەورەکەی دوو ساڵ دەبوو لە شەڕی براکوژی شەهید ببوو. ئەندامانی خێزانەکەی، یەکتریان تێگەیاند: بڵێن براگەورەکەت لە سەفەرە، هەر واشیان پێگوت: ژنێکی جوان و جحێڵی لە دوای خۆی بەجێهێشتبوو، دوو مانگ بەر لە شەهیدبوونی زەماوەندی کردبوو، ژنەکەی، لە جوانیدا ناوبانگی دەرکردبوو. مەقەڵەیەکیان لە حەساریێ دانابوو بۆ گۆشتبرژاندن. ئاورینگی نیوەسووتی خەڵوز وەک پۆلە زەردەواڵەیەکی سوورو بنەوشەیی بەو نێوەدا هەڵدەفڕین و بەکوژاوەیی دەنیشتنەوە. لە ئێوارێشەوە دەیانگوت کاک سەلیم سەلکەی هاوسێمان پێشمەرگەیەکی ناردووە کە تەشریفی دێت بۆ ماڵی ئێمە. عومەر بەبیستنی ناوی سەلیم سەلکە، واقی وڕما، چونکە ئەو ناوە لەلایەن عومەری ناسراوبوو، بەڵام ئەوەی سەرچیغی دەبرد ئەوە بوو کە سەلیم سەلکە سەرۆکجاشی مەفرەزەخاسە لە هەولێرڕا چی گەیاندوویەتییە سلێمانی! کە بە بەرپرسێکی پێشمەرگەش ناویان دەبرد! ئەوە زیاتر عومەری فریو دەداو خەیاڵەکانی پەرت دەکرد. لە دوای نانو چا خواردنەوە، لە زڕەزڕی ئاوەزێنەی قایشی تفەنگان و شەقەشەقی مەخزەنان و غڕەغڕی سندووقە فیشەکی بیکەیسی، سەرنجی هەموان کەوتە سەر دەرگای حەوشە دیاربوو سەلیم سەلکە تەشریفی گەیشتە نێو حەساریێ، هەر خۆڕانانو خۆلێکدان بوو: فەرموو کاک سەلیم! فەرموو کاک سەلیم! نێرەکەری بەغدایێ نەیدەکێشا! لای سەرەوەی مەجریسێیان بۆ چۆڵ کرد. بە فیزێکەوە گوتی: ئەوە کامەیان دیلەکەیە؟ دەستیان بۆ ئەبوبەکری ڕاداشت و ئەویش بەخێرهاتنەوەی لێکردو

گوتی: کۆبوونەوەی زۆر گرنگم هەبوو، لەبەر خاتری ئێوە دوامخست! ئەوانیش بە ئەبوبەکریشەوە دەستیان بۆ بە سینگێوەناو سوپاسیان کرد. حەسارو سەربان یەک چەکداری دیکەی نەدەگرت. بیکەسی لەسەر لێوی ستارەی دابەسترابوو. جگە لە دوو کەس لە چەکدارەکانی، کەسی دیکە بۆیان نەبوو بێنە ژووریێ، ئەوانیش یەکیان جانتا دبلۆماسییەکەی بۆ هەڵگرتبوو، ئەوەی دیکەش تفەنگی لەنێو گوڵمێ بوو، وەک گازمالوکەی فاقێ لەبۆ تەقاندن لە ترازان بوو! سەلیم سەلکە دەمانچەکەی بە ڕووتی لەبەر پشتێنی دەرهێناو لە پێشەخۆی دانا. لاقی ڕاستی خستە سەر لاقی چەپی، پاکەتە جگەرەیەکی گرانبەهای لە گیرفانی دەرهێناو هەر زوو تەپڵەکیان لەپێش داناو جگەرەکەی داگیرساند. ئەنگوستیلەیەکی زێڕی گەورەی لە پەنجەی بوو، سەعاتێکی زنجیر زەردی ستیزنی سێ قورمیشی لەدەستی بوو. پشتی هەردوو دەستی، بە دڵی بەتیران ئەنگاوتەو چەند دڵۆپە خوێنێک، کوترابوو. دوو پیتی ئینگلیزی (SS) کورتکراوەی سەلیم سووتاو بوو. ئاخر بەرلەوەی ببێتە سەرۆکجاش، هەمیشە بەدوای ژنانەوە بوو، بۆیە دەیانگوت سەلیم لە عیشقدا سووتاوە، ئەویش شانازی بەو ناوەوە دەکرد! دەستی چەپیشی یەکەم پیتی ناوی چەند ژنێکی لەسەر کوترابوو. ڕیشی بەجۆرێک تاشی بوو کێچی لەسەر هەڵدەخلیسکا!

قوونکی جگەرەکەی لە زاریدا ئەولاو ئەملای پێدەکرد. ئەو هەڵسوکەوتانەی وێنەی پیاوێکی لەخۆڕازی و بێمنەتی پێ بەخشیبوو. پیاوێکی بەتەمەن، ڕووی لە سەلیم سەلکەی کردو لێی پرسی: قوربان بارودۆخی شەڕەکان چۆنە؟ ئەویش بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە کەوتە سەر خۆفرۆشی و جاشایەتی مالّی کوێخای سەرێ و چەکدارەکانی، بەوەی لەشکری داگیرکەری هێناوەتە سەر خاکی کوردستان کە لەو شەڕە یارمەتی بدەن. بەڵام بە بڕیاری حەکیمانەی کوێخای خوارێ و کاکە نەوزادی پەڕێزپاکژ، هەموو پیلانەکانیان لە گۆڕ دەنێین. عومەر بەدزە نیگایەک تەماشای سەلیم سەلکەی کرد، لێوی

خۆی گەست، ئەی خودایە هەر بەڕاستی خۆیەتی! زۆر بەچاکی کاکی بەرپرسی پێشمەرگەی ناسییەوە، کە یەک لەو سەرۆکجاشانەی هەولێر بوو کە بەناوبانگ بوو بەوەی ژنی کوردی بۆ ئەمنەکان دەبرد. لە مێبازی و بێرەوشتیدا، تێپەڕاندبوو! لێیان دەگێڕایەوە کە یەکەمجار ببووە سەرۆکجاش گوتبووی: ئەوەی ژنی جوان و ئەهلی زەوق نەبێ و سەروکاری لەگەڵ گەوادیدا نەبێ، لەلای من بە جاش وەرناگیرێ! تومەز ئەو هاتنەشی بۆ مالّی ئەبوبەکری، بە هۆی براژنە بێوەژنەکەیەوە بوو، کە مێردەکەی لە شەڕی نێوخۆ شەهید ببوو.

سەلیم سەلکە هەوەس هەڵیگرتبوو، تەمای بوو ئەو ژنە شەهیدە بکاتە ژنی سێیەمی خۆی. چونکە جوانێکی بەناوبانگ بوو، وەک ماینێکی کەفەڵپان و، لە ڕۆیشتندا سینگومەمکی ڕادەجفرین و زۆر ئارەزووبزوێن بوو، پیاوی مەندەهۆش دەکرد.

سەلیم سەلکە، سەرەتا ناوی سەلیم سووتاو بوو. دوای ئەوەی سەری سێ کوردی بڕیبوو و بە دیاری بۆ دائیرەی ئەمنی بردبوو، پاشناوەکەی بوو بە سەلیم سەلکە و، شانازیشی بە هەردوو پاشناوەکەیەوە دەکرد.

سەلیم سەلکە، هەرجارەی دەستی بۆ شتێکی ئەوانەی بەردەمی دەبرد: تەزبیحی لاسوورەی قەزوان، پاکەتە جگەرەو... پەنجەی خستە نێو ئەڵقەی پەلاپیتکەی دەمانچەکەی و بایدا گوتی: ئەم دەمانچەیەی دەیبینن؟ دیاری کوێخای خوارێیە، بە دەستی خۆی پێشکەشی کردم و دەستی لەسەرشانی دانام و گوتی: لێرە بەدواوە ئەتۆ شێری منی و بتبینم چۆن چەکدارەکانی مالّی کوێخای سەرێ، تەفرو تووتا دەکەی!... ئینجا، داوای لەو پێشمەرگەیە کرد کە جانتا دبلۆماسیەکەی بۆ هەڵگرتبوو، جانتاکەی بداتێ. ڕەمزی ژمارەکانی باداو دوو نامەی کەپسکراوی دەرهێناو گوتی: هەمووتان سەیری ئەو دوو نامەیە بکەن کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەندان ساڵ بەر لە ئێستا. بۆئەوەی بزانن من، لەسەر داوای کوێخای خوارێ و کاکە نەوزادی پەڕێز پاکژ،

لـــە کەیـــەوە پێشـــمەرگەی داخیلـــیم! نامـــەکان بەڕێزێـــدا ئەودەســـت ئەودەستیان دەکرد، تـا گەیشـتە لای عومـەری. سـەلیم سـەلکە گـوتی: بیدەن بەو کاکەیەش ئەگـەر خوێندەواری هـەیـە! عومـەر نامـەی یەکـەمی خوێنـدەوە لـــە دوای دەستخۆشـــی بـــۆ یارمەتییـــەکانی، لـــە خـــوارەوە نووسـرابوو بـرات نـەوزادی پـەڕێزپاکژ. نامـەی دووەم عومـەری شـۆک کرد، چونکە دوو دێڕی یەکەمی دەستنووسی خودی خۆی بـوو، هـەمان ئـەو نـامەیەی گـۆرین، کە لـە شـاخ بەرپرسـەکەی داوای لێکـرد، چونکـە خـەتی خۆشـە ئـەو نامەکـەی بـۆ بنووسـێ، عومـەر قایـل نـەبوو سـەلیم ســەلکەی جـاش و خـائین، بــە خــەباتگێڕ بناســێندرێ و بەرپرســەکە بەناچـاری بـە خەتـە ناخۆشـەکەی، بـاقی نامەکـەی نووسـیبوو. نامـەی سوپاســگوزاری لــە بــارەی گەیانـدنی فیشــەک و تەقەمــەنی دەزگـای هەواڵگری حکومـەتی بـەعس بـۆ شـەڕی براکوژی، کردبووە بڕوانامـەی خەباتکاری کوردایەتی و ڕازپۆشی خیانەتە قێزەونەکانی. سـەلیم سـەلکە گوتی: لە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کـاری زۆر گرنگم هەیە، بۆیە دەبێت بڕۆم!

دوای ڕۆیشـتنی ســەلیم، ئەبوبــەکرو خزمــەکانی چوونــە دیوێـک و، عومـەرو مـام حـاجی بـاوکی ئەبوبـەکری، مانـەوە. مـام حـاجی پیـاوێکی لاوازو ڕیشن، چاوە قاوەیـیە کەنەفتەکانی لە ژێر دوو بـرۆی ئەسـتوورو ئاڵۆزدا چیرۆکی ژانەکانی زەمەنێکی دەگێڕایەوە وەپشت هـەموو ئـازارو نەهـامەتییەک کـەوتبوو. ڕووی لـە عومـەری کـردو گـوتی: چەنـد سـاڵە دیلی؟

عومەر: نزیکەی چواردە ساڵە.

مام حاجی: ژن و منداڵت هەیە؟

عومەر: بەڵێ ژنم هەیەو کچێکی پێڕەوکەشـم هـەبوو، بەر لـەوەی دیل بکرێم، ئەگەر مابێت ئێستا گەورە بووە.

مام حاجی: کچ هـەر بـە خـۆی گـەورە دەبێت، کـچ بـە شـەو و ڕۆژێـک بەقەدەر دەنکەجۆیەک و کوڕیش بە قەدەر دەنگەگەنمێک، گەورە دەبێت.

بە دەم قسەکردنەوە تەلەفزیۆنەکەی هەڵکردو خستیە سەر کەناڵی مالّی کوێخای خوارێ. بێژەرەکە بە دەنگێکی گڕی شەڕانگێزانە یەک بەخۆی هاواری دەکرد: گوێڕادێرن! گوێڕادێرن! مژدەمان پێیە بۆ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، بۆ دایکی شەهیدان! شێرەکوڕانی گەرمێنێ دۆزەخیان بۆ چەکدارەکانی مالّی کوێخای سەرێ داخستووە، ئەو نێوەمان پڕکردووە لە کەلاکی کوژراوەکانیان. داوا لە لە کەسوکاریان دەکەین بێن کەلاکی کوڕەکانیان ببەنەوە!... جۆشو حەماسەتی تۆڵەی وەبەر چەکدارەکانیان دەنا. مام حاجی دەستێکی بە برۆ پڕەکانیدا هێناو کەناڵەکەی گۆڕی بۆ سەر کەناڵی مالّی کوێخای سەرێ، ئەویش بە هەمان شێوەی حەماسی، بێژەرەکە بە هەناسەسواری هاواری دەکرد: هەواڵێکی گرنگ، مژدەیەک بۆ دایکی شەهیدان! ئاگاداربن پاش کەمێکی دی، ئەو سەرکەوتنەتان پێڕادەگەیێنین کە کەمەری هێزەکانی کوێخای خوارێ و نەوزاد پەڕێزپاکژیان شکاند. فەرموون بە چاوی خۆتان ببینن ئەو بەڕێزانە لە سەنگەری خیانەت وازیان هێناو گەڕانەوە ماڵە گەورەکەی خۆیان... کۆمەڵێک دەموچاوی زەلیل و تۆزاویی بەدبەخت، وەک کۆیلە، کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکردن! مام حاجی، لەنێو دوکەڵی جگەرەو تەمی مەراق و قورسی نیگەرانییەکانی، لە شاشەی تەلەفزیۆنەکە ڕامابوو، بەدیار کوڵانەوەی برینەکانی، لەپی دەستی لە چۆکی خۆی داو گوتی: هەرچی بە یەکتری دەڵێن هەمووی ڕاستە! ئای چۆن جەرگی ئێمەتان بە سێڵێوەدا، ئاوا خودا جەرگتان بە سێڵوە بداتەوە! مالّی هەزاران کەستان کاول کرد، دەک خودا ماڵتان کاول بکات! ئەو کارەساتانە، نەک جەرگی دایک و باوک، هەتتا پۆڵاش دەتوێنێتەوە! ئاخر بەو درەنگانی ژیانە، دەبێ من بە کوێی مردن ڕابگەم و سەری خۆم بۆ کوێ هەڵگرم!؟ دەنگی مام حاجی، لەرزین و کۆرەگری تێکەوتبوو، لێ زۆر کاریگەر بوو، چونکە لە ناخێکی پاکژەوە دەهات!

عومەر: باشە مام حاجی ئەوانە، نالّێن ئەو هەموو خەڵکە قارەمانەی

ئەو گەلە خێر لەخۆنەدیوەیان بۆچی و لەسەرچی بە یەکتر بەکوشتداو لە هەرمالێک ئاگردانێکیان کرد بە دوو؟!

مام حاجی: وەک دەبیستی، هەردوولایان دەڵێن ئەو شەڕە بۆ کورد و کوردستان دەکەین! بەڵام لە ڕاستیدا ئەمجارە وەک ئێمە لێی حاڵی بووین لەسەر پارەو دەسەڵاتە!

عومەر: کەواتە ئەو شەڕە، لەسەر لێفەی مەلایە، نەک دینی ئیسلام؟!

ئەوشەوە، عومەر لەنێو خەمەکانیدا لێی خەوت. شەوێ جەلال لۆبیافرۆش هاتە خەونی، یەخەی عومەری ڕاوەشاندو گوتی: لە بیرت چوو چەندان ساڵ لەمەوبەر بە عوسەشێتم گوت: نیشتیمان زمانی کەرت بوو!؟ ئێستاکەش خوێنی هەر لێدێت! عومەر گیان! ئەو بەهارەی چاوەڕێی بووی و لە پێناویدا نەهامەتیی زۆرت دی، نەهات!

بەیانی، مام حاجی بە عومەری گوت: بە قسەی مامی خۆت بکەی، دەچییەوە کەرکووک و لەوێوە دەچییەوە هەولێر، چونکە خاڵەکانی پشکنینی مابەینی کوردان، خۆبەخۆ دژوارترە لە چوونە سنووری ڕژێم!... بڕێک پارەیان دا بە عومەری، چونکە ئەو دراوەی لە کوردستان مامەڵەی پێوەدەکرا، جیاواز بوو لەو پارەیەی کە لە سنووری ڕژێم بەکاردەهات. عومەر، باقەگوڵەکەی دەستدایەو، ئەبوبەکرو یەکێک لە خزمەکانی گەیاندیانە گەراج. سواری تاکسی هەولێریان کردو کەوتنەڕێ. لە گەراج زۆریان هێناو برد: بۆ دەچییە هەولێر؟ کێت لە هەولێرە؟ بۆ هاتبوویە سلێمانی؟ لە ماڵی کێ بووی و دەیان پرسیاری دیکە. لە یەکەم خاڵی پشکنینی بەینی سلێمانی و هەولێر، تاکسیەکەیان لادایە کەنار. گوتیان هەمووتان دابەزن! لە تەوقی سەریان هەتاوەکو نێو پێڵاوەکانیان پشکنین. عومەر بینی لە هەردوو بەری تاقەکە، وێنەی کوێخای خواڕێ و کاکە نەوزادی پەڕێزپاکژ هەڵواسرابوو. ئەو وێنانە، پیشانیان دەدا: ئێرە لەژێر قەڵەمڕەوی ئەو بەڕێزانەدایە! بەرپرسی خاڵەکەو چەکدارەکانی، وێنەی کەپسکراوی ئەو دوو بەڕێزەیان بە یەخەی خۆیانەوە هەڵواسیبوو. بەرپرسی خاڵی پشکنینەکە سەرنجی

کەوتە سەر ئەو دەسکەگوڵەی بەدەست عومەرەوە بوو گوتی: ئەو گوڵەت بۆ کێیە لە هەولێر؟ عومەریش گوتی: بۆ هاوسەرەکەم، چواردە ساڵە لە ئێران دیلم!... کابرا، لەنێو گوڵەکان وەک لە شتێکی قاچاغ بگەڕێ، دوو دانەی لە گوڵەکان بەکەیفی خۆی هەڵبژاردو ڕایکێشاو گوتی: ئەوەش شیرینی ئێمە!... عومەر، یەکەمجار هێندە دڵخۆشبوو خاڵەکانی پشکنین لە دەست هاوزمانەکانی خۆیدانە، بەڵام دوای ئەو کردەیە، سەد هێندە واقی وڕما لەو هەڵوێستە کرێتە! وێستی ناڕەزایەتی پیشان بدات، گوتی لە دوای چواردە ساڵ دابڕان، ئەو دەسکە گوڵەم بۆ ئەو کەسە کڕیوە لە چاوەڕوانیم دانیشتووە، چۆن ئەو هەقە بە خۆتان دەدەن گوڵی لێدەربێنن و لێمی هەڵدەوەشێنن؟ باشبوو بەخت یاوەری بوو بەرپرسەکە گوێی لەو گلەییە نەبوو، شوفێری تاکسیەکە فریای کەوت، بە گوێیدا چرپاند: کاکە گیان هیچ دەنگ مەکە، لەدەستیان دێت بشتگرن و دارکاریشت بکەن، بڵێن جنێوی بە پێشمەرگەداوە! وەرە تەماشای ئەو مریشکفرۆشە هەژارە بکە چ زوڵمێکی لێدەکەن!... پیکەبێکی شڕو کۆن، وەستابوو، پڕ لە قەفەزی مریشک، بەڵام زۆربەی قەفەزەکان خاڵی کرابوون. چەکدارەکان دوو مریشکیان لە قەفەزەکان دەرهێنا، بەڵام دیاربوو لە گەورەیی مریشکەکان ڕازی نەبوون، هێنایانە لای بەرپرسەکەو پێیان گوت: مریشکی گەورەی پێنەماوە، هەر ئەوانەی پێماوە، ئەویش گوتی: لە هەولێرەوە هاتووە هەرچی مریشکی گەورەیە چەکدارەکانی مااڵی کوێخای سەرێ دایانبەزاندووە، ئەو بچووکانەی بۆ ئێمە هێشتۆتەوە، کەوایە سێ مریشکان دابەزێنن! خاوەنەکەی لە بەریان دەپارایەوەو دەیگوت: لە هەولێرەوە هاتووم ئەو قەفەزانە هەر هەموو پڕ لە مریشک بوون، هەتاوەکو گەیشتوومەتە لای ئێوە هەر خاڵێکی پشکنین و چەکدارەکانی سەر ڕێگا، هەریەکەی دوو مریشکی گەورەی لێ سەندووم، ئەوەتا هەر ئەوەندەم پێماوە! بەرپرسەکە گوتی: ئێمە لەوانە نین مریشک لە خەڵک بستێنین، بەڵام ئەوە شیرینییەو بە کەیفی خۆت دەماندەیتێ! مریشکفرۆشەکە لەبەریان دەپارایەوەو دەیگوت: ئێوە

چۆن ئەمن ناناسن؟ بۆ شەهید (شاکرەپووت)یمە! بۆ؟ ئەوەی پێشمەرگایەتی کردبێت کەس هەیە (شاکرەپووت)ی نەناسێ؟! بە بیستنی ناوی شاکرەپووتی بەرپرسی گەورە لە ژوورەکەی هاتەدەرێ. بەتووڕەیی گوتی: ئێمە پێشمەرگایەتی بۆ ئێوە دەکەین، ئێوەش دوو مریشکتان لە ئێمە چاوە؟ لە سالانی زوو لەژێر ئازارو ئەشکەنجەی بەعسدا دەتانناڵاند، ئەوە ئێمەین ئازادمان کردن، دەستی بەعستان لەسەر بەزیاد بێت!

عومەر، بە بینینی بەرپرسی بازگەکە، واقی ورمابوو: ئەی خوایە! ئەوە خەونە یان ڕاستییە؟ کوڕە خۆ ئەوە هەر بەڕاستی کوڕی موختارییە، ئەو موختارەی مەفرەزەی شەهید شاکرەپووتی، لەسەر ئەوەی دایکی شەهید بلە سەرئاسنی و سەبری هاوسەرمی بە گرت دابوو و ڕەوانەی سەماوەکران، گوێیان کونکرد. هەر ئەو کوڕەی موختاری، لە یەکێتی قوتابیانی بەعسی، دەمانچەی لەبن چاکەتەکەی بوو، ئێمەی پێ دەترساند، دەیگوت: دەبێ ببنە بەعسی! ئەوەتا چەند بێشەرمانە لە جێگای وێنەکەی سەدامی وێنەی کوێخای خواریێ بە یەخەیەوە هەڵواسیوە! ئەی ئەوە نەبوو بە پێشمەرگەی دەگوت: موخەڕیب! ئەوە دەیەوێ لە ژێر ناوی پێشمەرگە تۆڵەی گوێی کونکراوی باوکی لە برای شەهید شاکرەپووتی بکاتەوە! ئاخر عومەر بە بیستنی ناوی شاکرەپووتی ڕۆحی ئاژنین بوو. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: چەند بێشەرمییە، دەڵێ: ئێمەی پێشمەرگە! ئەی خودایە لە دوێنێوە هەر تاسان و نائومێدی دەبینم! کەی دیوتانە چەتەو ڕێگر ڕێی دەربازبوون پێشانی کاروانچی بدەن؟ جلی کوردی و ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان کردووەتە ڕازپۆشی خۆیان، لە پەنایدا هەرچی ناپاکی و بێڕەوشتییە، دەیکەن!

گومانم نیە کە ئەو تاقمە چەکدارەی بەناوی پێشمەرگەوە خۆیان بادەدا، یەک تۆز سیفەت و خەسڵەتی پێشمەرگەیان تێدانەبوو، حەیف کە ناوی موبارەکی پێشمەرگەشیان سووکو خەسار کردبوو!... لە قەڵەمڕەوی کوێخای خواری و نەوزادی پەڕێزپاکژ ڕەت بوون.

سەرنشینەکان، هەتا لەو سنووورە ڕەت بوون، بە شانو شەوکەتی ئەوانیاندا هەڵدەدا، کە گەیشتنە سەرزەمینی کوێخای سەرێ، مەوجەکەیان گۆڕی!... عومەر، سەری سوڕمابوو لەوەی کە دەسەڵاتی خۆمالّی، چۆن توانیویانە ئەو خەڵکە، ئاوا زەلیل بکەن و، لە ویژدان و خۆبوون و ئیرادەو ڕاستگۆیی، دایماڵن و، پڕپڕیان بکەن لە دووڕوویی و بێئیرادەیی! هەستی دەکرد ئەم نیشتیمانە، لە سمنان زیاتر بۆنی غوربەتی دەدا بۆی!

ئەو سنووورەیان بڕی و بە یەکەم خالّی پشکنینی مالّی کوێخای سەرێ گەیشتن. عومەر، دیقەتی دا تاقەکەی ئەوانیش هەمان تەرز، بە وێنەی سێ پشتی ئەوان داپۆشراوە، ئاخر کوێخای سەرێ، شەشدانگی حیزبێکی، بە سەرکردە و بنکردەوە لە باوکیەوە بە میرات بۆ بەجێماوە. یەک لە چەکدارەکان بە ئاماژەی برۆ هەڵتەکاندن و سەرڕاوەشاندن، فەرمانی کەنارکردنی تاکسییەکەی دا. شۆفێرەکە دەستبەجێ فەرمانەکەی جێبەجێ کرد. کارتی باری شارستانی لە هەموویان وەرگرت و بردنیە لای ئەو بەرپرسەی لەسەر کورسییکی چکۆلە دانیشتبوو، تەنەکەیەکی کون کونی پڕ ئاگری لەپێش بوو. پێش هەموو شتێک، ئەویش دوو گوڵی لە چەپکەگوڵەکەی عومەری بۆ خۆی دەرهێنا. ڕووی لە پێشمەرگەکە کردو فەرمانی پێکرد: بەوردی هەموویان بپشکنە! پێشمەرگەکە لە کاتی پشکنینی عومەری دەستی بە پشتیدا هێنا، هەستیکرد شتێکی پێیە، چاکەتەشرەکەو کراسەکەی هەڵدایەوە، بینی دەفتەرێکی پێیە، بۆ پاداشت و ئافەرین، ئاوڕی لە بەرپرسەکەی دایەوەو گوتی: دۆزیمەوە! دەفتەرەکەی بە عومەرەوە بردە لای بەرپرسەکە. عومەر لە بەرپرسەکەی وردبۆوە: سینگوبەرۆکی هەموو، وەک ئەوەبوو مەدالیای سەرکەوتنی حەوت وڵاتانی لە جەنگی جیهانیدا پێوە هەڵواسرابێت، بە وێنەی کوێخای سەرێ و باوکی و برازاو کوڕی داپۆشرابوو! دەفتەرەکەی لە دەستیدا بوو، گوتی: ئەو دەفتەرە چییەو چی تێدا نووسراوە؟ عومەر گوتی: یادەوەری تەمەنێکە، هەر

سەرەقەڵەمن نووسیومن، بۆئەوەی ڕۆژێک بیاننووسمەوە، هەندێکیش شیعرن. بەرپرسەکە گوتی: هەر لەو پرچە قرژنەو سەرو فەسالّەت دەبوو بزانم شاعیری، پێم نالّێی ئەو نووسینانە چ سوودێکیان بۆ گەلی کورد هەیە؟! لەگەڵ ئەو قسەیە، دەفتەرەکەی خستە سەر ئاگرەکە، عومەر دەستی خستە نێو ئاگرەکەو دەفتەرە نیوەسووتەکەی دەرهێنا. بەرپرسەکە هەستایەوەو دەفتەرەکەی لە دەست دەرهێناو خستیەوە نێو ئاگرەکەو پاڵێکی پێوەنا، عومەر بەسەرپشتدا پەلەواژ بووەوە. بەرپرسەکە دوو سێ جنێوی پێدا: سەگبابی شێتوشوور! دەموچاوت دەڵێی مەسینەی نایلۆنە و لەبەر ئاگری تواوەتەوە! عومەر وەک هەموو تەمەنیان لێ سووتاندبێ، چونکە ئەوە ڕەنجی چەند سالّی ئازار و بیرکردنەوەی بوو، لە هەیکەلەی ڕۆمانێکدا بە سەرەقەڵەم نووسیبوونی. بەرپرسەکە لەسەر کورسییە چکۆلەکە دانیشتەوە. نۆرەی ئەوانە هات لە هەولێرەوە دەیانویست بچن بۆ سلێمانی، پێشمەرگەیەک پیرەژنێکی ڕەقەڵەی بە سۆبەیەکی کۆنەوە هێنا بۆ لای بەرپرسەکە، کە دەیویست لە هەولێرەوە بیبات بۆ سلێمانی بۆ کۆڕە خوێندکارەکەی زانکۆی. بەرپرسەکە لەو کاتەدا سەرقاڵ بوو لەگەڵ پیرەپیاوێک، کە دوو دەبە نەوتی چوار لیتری پێبوو، ڕێگایان نەدەدا بیبات بۆ سلێمانی، لە داخان هەردوو دەبە نەوتەکەی ڕشت. نۆرەی پیرەژنەکە هات.

بەرپرس: ها پیرەژن چیت پێیە؟

پیرەژن: ڕۆڵە ئەو سۆپەیەم پێیە بۆ کوڕەکەمی دەبەم لە سلێمانی دەخوێنێ.

بەرپرس: بە هیچ شێوەیەک ناتوانی ئەو سۆپەیە ببەیتە سلێمانی.

پیرەژن: کوڕی خۆم ئەمن دایکەشەهیدم.

بەرپرسەکە بەتووڕەییەوە: هەر ئەتۆ دایکەشەهید نیت، زۆربەی ژنی کوردستان دایکەشەهیدن!

پیرەژن لەسەر عەرزی دانیشت و دەستی لە ئەژنۆی وەرهێناو کەوتە بن باری خەمان، لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئەی خودایە ئەوە چ

زەمانێکە تێیکەوتووین! منداڵمان بەکوشتندا بۆ ئەوەی کورد بێتە سەر حوکم، ئەوەش حوکمی کوردی! پیرەژن بە کۆڵەگرییەوە گوتی: بە قوربانتبم پێم بڵێ ئەو کۆنەسۆبەی من ئەگەر بچێتە سلێمانی، چ زیانێکی بۆ کوردان هەیە!؟

بەرپرس: پیرەژن! سەرۆکمان کۆیخای سەرێ فەرمانی کردووە نابێت ڕێگا بدەن هیچ شتێک لێرەوە بچێت بۆ سلێمانی!

پیرەژن: ڕۆڵە لەبەرت مرم کۆیخای سەرێ ئیشوکاری نییە بیر لەو سۆپەیەی من دەکاتەوە؟ ڕۆڵە بە چاوی تۆ کوڕەکەم لە سەرمان دەقەسری، دەیگوت تاوەکو بەیانی خەوم لێناکەوێ، دایکت کوێر بێت! لە سەرمان دەورو دەرسیشی بۆ ناکری!

بەرپرس: پیرەژن ئەتۆ بۆ حاڵی نابی، ئەوە ئەمرە، ئەمری سەرەوەیە سەرۆکمان دەڵێ ئەو سۆپایە بە هیچ شێوەیەک نابێت بچێتە سلێمانی! لەناکاو بیری هاتەوە، ئاماژەی بۆ پێشمەرگەیەک کرد: با ئەو تاکسییە بڕوات، ئەوەی شاعیرەشێتەکەی لەگەڵە! عومەر لە تاو سووتانی دەفتەرەکەی هەر بەڕاستی خەریکە شێت بێت، دەیگوت: ئەوانە، هەموو سنووورەکانی ڕەوشتیان تێپەڕاند ئەمانە کوڕی نیشتیمان نین، شیری حەرامیان خواردووە!... لەنێو گێژەنی خەیاڵەکانیدا گەیشتەوە هەولێر. لەگەڵ خۆیدا دەدواو دەیگوت: دەبێ بەرگەی چەند خەمی دیکە بگرم!؟... زۆر حەزی دەکرد بەلای چایەخانەی قەرداران و کۆتری سەلام و بە گەڕەکی تەعجلیدا تێپەڕێت، بچێتەوە کۆڵانەکانی ئەودیوی باڵەبوونی. چونکە هەزارو یەک یادگاری منداڵی و نەوجەوانی لەگەڵدا هەبوون... خەڵکێکی زۆری دیت لە نۆرەدا وەستاون، لێیان نزیک بووەوە، بینی بەشیر لیستێکی بە دەستەوەیەو ناوەکان دەخوێنێتەوە، جەمشید و کەماڵ قامە خەڵکەکە ڕیز دەکەن، ئیبۆ و ناتق و سەباح و میکائیل، ئاردو خۆراکیان بەسەردا دابەش دەکەن. دیاربوو ئەوانە وەک خاوەنماڵ خاوەنداری و سەرپەرشتی خۆراک دابەشکردنەکەیان دەکرد. نیگای هاوشارییەکانی ساردو سڕ بوو، چونکە نزیکترین کەسی خۆی،

نەیدەناسییەوە! عومەر لە یەکێکی پرسی: ئەو نۆرەیە بۆ چییەو ئەو خۆراکە هی کێیە؟ کابرا لێی خێس بووەوە، وەک چووبێتە سەر بەشی وی! بەتووڕەیی گوتی: برۆ مامە بەدوای ئیشی خۆتدا، ئەوە شمولی تۆ ناکات. عومەر دڵنیای کرد بۆ وەرگرتنی خۆراک نەوەستاوە، هەر حەزدەکا بزانێ ئەو خۆراکە هی کێیە. ئەویش گوتی: بە مامی خۆم بڵێم وێنەی ئەو مانگە نابینی؟ ئەوە ئالای تورکیایە، دەوڵەتی تورکیا مانگانە خۆراک بەسەر تورکمانەکانی هەولێرێ دابەش دەکات. داهی ئەوەی تورکمان نەبێت، شمولی ناکات. عومەر بۆی ئاشکرابوو کە ئیبۆ و بەشیرو کەمال قامەو جەمشیدو ناتق و سەباح و میکائیل، بۆ جاری سێیەم خۆیان کردۆتەوە تورکمان! لەو هەولێرەی ئەوەی دووجاری بە نانی گوتبوو ئەکمەک، یان دوو قسەی تورکی بزانیایە، خۆی بە تورکمان نووسیبوو بۆ سەبەتەی خۆراک.

عومەر لەو دەسکەگوڵەی بۆ سەبری کڕیبووی، تەنها یەک گوڵی بە دەستەوە مابوو، لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئەو میللەتە بۆ وای بەسەرهاتووە! ئەوەندەی نەتەوەو ڕەچەڵەکی خۆی دەگۆڕی، هەر ئەوەندەش کراسی دەگۆڕی! ئەی خودایە ئەتۆ بڵێی ئەو گەلەی بەر لە چواردە ساڵ من جێمهێشت، هەمان ئەو گەلەی ئێستابن؟! کە گۆڕینی پیشەو ناو و نەتەوەو سەرجەلە لەلایان بۆتە گۆڕینی گۆرەوی! تۆ بڵێی ئەوانە کێ بن!؟ ئەو مەڵبەندەی ئێستا منی تێدام، باوەڕناکەم ئەوە مەڵبەندەکەی جاران بێت! کە بە ڕۆژ خۆرو بە شەو مانگ و ئەستێرە لە ئاسمانەکەی دەدرەوشانەوە!

هەتاوەکو گەیشتەوە گەڕەکی خۆیان، لەگەڵ خۆی دەدوا: من ئێستا پێیەکانم لە زنجیری ڕەجمچیان بەربووەو لە کووڕەی ئاگر هاتوومەتەوە، کەچی بەسەر حوکمڕانی خێڵدا کەوتم! ئەو خەڵکە وەکو یونس کەوتوونەتە نێو دەمی حووتەکانی کوردایەتییەوە!... من لە دوای چەند ساڵ ئەسارەت و غوربەتی، بە سەبەتەیەکەوە، بە ئومێدی چنینەوەی مژدەی ڕۆژگارێکی نوێ هاتمەوە! ئەمن دەمویست هێزی

پەرشـوبڵاوی خـۆر کۆبکەمـەوە تـا شـەوی دەیجـووری ئـەم مـەرزو بوومەی پێ ڕۆشن بکەمەوە، خۆزگە بتوانم کەوشەنی خەیاڵپڵاوی ڕەت بدەم، تابلۆی یادەوەرییەکانم کاڵ بکەمەوە، لەگەڵ ئەو دۆزەخە ڕابێم! لەنێو لەپی بێڕەحمی گەردووندا سەر لەنوێ ژیان دەست پێبکەمەوە، ئای خۆزگە دەمتوانی ئەوە بکەم! دڵێک، لەو دیوی پەرژینەکانی تەنهایی و غەفڵەت و بێئاگاییدا، لێیدەدا!

عومەر گەیشتە سەری کۆڵانی خۆیان. ئەو چەند ژنەی لە دەرەوە خـەریکی شووشـتنی پێش دەرگـا بـوون، کەسـیان ئـەویان نەناسـییەوە. ئاخر لە زەینی ئەواندا، چواردە ساڵ بوو مردبوو و سڕابووەوە. زیاتر بـە سـوالکەرو بـێکەس دەچـوو، بۆیـە گرنگییـان پێـی نـەدا. لـە دەرگـای حەسـاری خۆیـان، سـەیرێکی نێـو حەسـاری خانووەکـەی خۆیـانی کـرد، هیچ کەسێکی لەو مەخلوقاتەی حەساریێ نەناسی. ژنێک لەلای دەرگاکە بوو، عومەر سڵاوێکی لێکرد، ژنەکە: بەخێربێی کاکە فەرموو!

عومـەر: ئـاوەدان بێـت خوشـکم! پرسـیارێکم هـەبوو، ئـەو خـانووە هـی ماڵی حاجی عەوڵای حاجەتان نەبوو؟

ژنەکە: کاکە ئەگەر بۆ زەکاتییە، ئێستا بە خۆیـان زەکاتیـان پێدەشـێ!... لە حەژمەتی ئەو هەواڵە ئاسمان لەرزی، منارەکـان نووشـتانەوە! ژنەکـە هاتە سـەر وەڵامی پرسیارەکەی عومـەری و گوتی: بـەڵێ ئێرە خـانووی ماڵی حاجی عەوڵای ڕەحمەتی بوو، بەڵام لەو کاتەی جەنازەی عومەری کوڕی بۆ هاتەوە لە شەڕی قادسییەی، چاویان بەرایی نـەدا، چیدی لـەو خـانووەی دانیشـن، بـە ئێمـەیان فرۆشـت و بـۆ شـەش خـانوو ئـەوڵاتر، باریانکرد! حاجی عەوڵا هەر لە حـەیفی عومـەری کـوڕی بەزگیداو مـرد، ئـەو خـانووە سـپیەی ئەوبـەری، ئـەوە مـاڵی ئەوانـە. ئـەو کچـەی پـێش دەرگـای دەشـوات، کنێـری کچـی عومـەری ڕەحمەتـی و نـەوەی حـاجی عەوڵایە. ژنەکە لەگەڵ بەرێکردنی عومەری بانگی کنێری کرد: کچێ کنێر کنێر، ئەو پیاوە پرسیاری ماڵی ئێوە دەکات! بـە گاڵتـە پێکردنـەوە گـوتی: ڕەنگە داخوازیکـەری تـۆ بێت، ئـەوەتا گوڵیشـی بـۆ هێنـاوی! کنێـر زۆری

گرنگی بە تانەی ژنەکە نەدا، چونکە لەو دەمەدا لەگەڵ کچی یەک لە هاوسێکانیان شەڕەقسەیان بوو لەسەر ئەوەی چڵکاویان بردۆتەوە پێش دەرگای یەکتری. دروست لەو کاتەی عومەر گەیشتە بەردەرگای ماڵی خۆیان. کچەکە بە کنێری گوت: شێتو شووری تێتک بەڕشک! کچی سەبری دوو مێردکەرێ! کنێریش گوتی: چاک نییە سەبری دایکم مێردی بە شووبرای خۆی کردیتەوە، بەڵام دایکی تۆ بەدو بێگانان کەتییە! لە دە چرکەدا، ئەو هەموو هەواڵە جەرگبڕە، هەموو چاوەڕوانی و خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانی عومەری بەسەریەکدا ڕووخاند! دنیای ڕوونی لەبەرچاوی ڕەش داگەڕا! خەریکبوو بکەوێ و دڵی بوەستێت، ئەژنۆکانی چیدیکە ڕایان نەدەگرت، بەلارەلار پشتی بە دیواری حەساریۆەدا، پشتی لە دیوارەکە خشاند تا گەیشتە سەر عەرزی و دانیشت. کنێر بەزەیی پێیدا هاتەوەو جامە ئاوێکی بۆ هێنا. عومەر سااڵنێکە بە ئاواتی ئەوەیە کنێر گەورە بێت و ئاوی دەستی بخواتەوە! شەش پەنجەی دەستی ڕاستی کنێرێ، هیچ گومانی بۆ عومەرێ نەهێشتەوە کە کچەکەی خۆیەتی! کنێر لەنێو دەرگاکە ڕووەو دەرێ ڕاوەستابوو و دەستی بە هەردوو لاشیپانەی دەرگاکەوە گرتبوو، چاوەڕێی وەرگرتنەوەی جامەکە بوو. حاجیژن لە ژووری لەسەر عارەبانەی کەمئەندامی هاواری کرد: کنێر کنێر ئەوە لەگەڵ کێ قسە دەکەی؟ کنێریش هەردوو دەستی هێشتا بە هەردوو بەری دەرگاکەوە بوو ئاوڕی بۆ ژووری دایەوە بۆ ئەوەی دەنگەکەی پەرت نەبێ گوتی: دایەگەورە هیچ نییە، پیاوێکی هەژار و نیازمەندە، بەخێری عومەری بابم جامە ئاوێکم دایێ. حاجیژن بە دەستە لەرزۆکەکانی لە باخەڵی، پەڕۆکێکی پێچراوی دەرهێناو بانگی کرد: عومەر! عومەر! وەرە ڕۆڵە ئەو پارەیە بە خێری عومەری مامت بدە بەو سوااڵکەرەی بەر دەرگای!... کنێر، دوای ئەوەی جامەکەی وەرگرتەوە، خەریکی کارەکانی خۆی بوو. عومەری چکۆڵە تەمەنی یازدە ساڵ بوو، پارەکەی لە دایەگەورە وەرگرت و لە دەرەوە دایەدەستی عومەری. ئەویش بۆنی کردو ماچی کرد. سااڵنێک بوو لەو پارە دەق و

نووشتکراوانەی دایکی وەرنەگرتبوو! ئەو ڕۆژانەی وەبیرهاتەوە کە بەدەستی ئارەقاوی پارەکەی توند دەگرت و کلکەئەنگوچکی دایکی بەرنەدەدا تا شتێکی لەلای ئەو عەتارو دێوەرەیەی دەهاتە گوندی، نەکڕیبا! عومەر گوتی: کوڕی باش ناوت چییە؟ منداڵەکە: ناوم عومەرە.

عومەر: ئەی دایکت ناوی چیە؟

عومەری بچووک: دایکم ناوی سەبرییە.

عومەر: ئەی باوکت ناوی چییە؟

عومەری بچووک: باوکم ناوی سەفەرە!

عومەر چاوی خۆی هەڵگڵۆفی دەیویست ئەوەی بیستی لە زەینی خۆیدا بە درۆی بخاتەوە! گوتی: ئەی دایکت لە کوێیە؟

عومەری چکۆلە: دایکم لەگەڵ ئایشەکوڕانی پووڕم، زەمەندی براشیمان بردووە بۆ سەر گۆڕی مامم عومەرو بابەحاجی لە قەبرستانی شێخ ئەحمەدی، شمشاڵی لەسەر گۆڕەکانیان لێبدەن، دایکیشم لەوزینەگەزۆی بردووە لەسەر گۆڕی مامە عومەرم دابنێ!

خوایە گیان چی ڕووەدا! هەرکەسێک دەدوێنم هەر تاسان و ناهومێدیم پیشان دەدەن!

کنێر بەزەیی پێداهاتەوە، گوتی: مامە برسیت نییە؟

عومەر سەرزارەکی و بەڕواڵەت گوتی: نەخێر، ڕووت سپی بێ کچم!... عومەر، هەناوی یەکپارچە بوو بە ئاگر!... من مام نیم، ئەمن باوکی تۆم! لەوەتای هەم باجی خۆبوونی خۆم دەدەم، کەچی ئێستا بە پارچەی جەرگی خۆم نامۆم! گەر دەزانی چەندە برسی و تامەزرۆی ڕێزەماچێکی سەر سفرەی گەردنی تۆم، نەتدەهێشت بابردەڵەیەکی وەک من پەژموورددەو دڵشکاو، بڕۆم! وەی خوایە وەی! چ دێوەزمەیەک پێی ناوەتە ئەو سەرزەمینە پاکەی ئێمەوە؟ کە باوک نەتوانێ کچی خۆی لە ئامێز بکات و تێر ماچی بکات! دەڕۆم، دەڕۆم و چیدی ژیانتان وێران و مااڵتان کاول ناکەم! من هۆکار بووم، تۆ لە زیندان لە دایک ببی!... عومەر، گریانێکی وێرانکەر بەرۆکی گرتبوو، زۆری نەمابوو خوێن لە

هەردووک چاوی سەرکا! بەباشی زانی تا کار لە کار نەترازاوە، ئەو بەردەرگایە جێ بێڵێ! بە دڵێکی پڕ لە هاتو هاوارەوە، وەکو تارمایی و ڕۆحیانەتێکی غەیبی، لەو نێوەدا ون بوو. بە کۆڵانەکانی تەنیایی هەتاهەتاییدا، پێچی کردەوەو هەر ئاوڕیشی نەدایەوە! ئاخر عومەر چاک دەیزانی نرخ و باجی ئاشکرابوونی بە زیندووماناوەی، لەسەر سەبری و خێزانەکەی چەند دەکەوێ و، خێزانێک چۆن هەڵدەتەکێ!

عومەر هێندە نابووت دیار بوو، دەستی لە هەر تاکسییەک ڕادەگرت، سواریان نەدەکرد، نەبادا پارەی پێ نەبێ. بۆیە، پارەی لەنێو دەستی خۆی گرت. تاکسییەک گەیاندییە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی. لە دوورڕا گوێی لە ئاوازی فوغانی شمشاڵەکەی ئایشەکوڕانی بوو، چ ئاوازێک، ژێی هەموو ژانەکانی دەژەنی! جووڵەی لێوی و سەمای پەنجەکانی ئایشێ، تەفسیری حەشرێکیان دەکرد، ویژدانی مرۆڤی هەڵدەقرچاند. هەوایەک لەسەر وەزنی ماتەم، ڕۆحی عومەری گۆڕوشار دەدا! لە پڕبوونی جامی غوربەت، عومەر هەستی بەدەنگی وردوخاشبوونی شووشەی دڵی خۆی دەکرد. لە پەنای قەفەزی سەر گۆڕی خوداپێداوێک خۆی شاردەوە: ئای ئەو هەموو تامەزرۆییەم بۆ تەماشای مەزرای چاوە سەوزەکانی سەبری، لە کامە گۆڕدا بشارمەوە؟!... گوێی لێبوو سەبری بانگی منداڵە پێڕەوکەکەی دەکرد یاری بە پارچە شووشە ڕەنگاوڕەنگەکانی سەر گۆڕەکان دەکرد: زەمەند ڕۆڵە وەرە دەڕۆین، درەنگە! لە تاقە کاتژمێرێکدا، ئەو تیرانەی داڕژانە سەر جگەری، هیچ مەودایەکی لە نێوان شکو یەقیندا نەهێشتەوە. بۆ دواینجار ئایشەکوڕانی شمشاڵەکەی لەبەرپشتێنی ڕاکردو ڕۆیشتن. لە حەژمەتی ئەو جەورەی ڕۆژگار لە عومەری کرد، هەر ئەوە نەبوو کێڵی سەر هەموو گۆڕەکان بە ئاپۆرا، بۆ سکاڵا نەچنە ئاسمان!... عومەر چووە سەر گۆڕی خۆی، لە بەینی هەردوو گۆڕی خۆی و باوکی، خەریکبوو ببووڕێتەوە، دوو کەس بەلایدا تێپەڕین یەکیان گوتی: خۆزگەم بەتۆ شێتە! کە نازانی خەفەت چییەو بگەیە هەرشوێنێ جێتە! بێئاگا لەوەی عومەر لە مەرزی

خەفەتی ڕەت داوەو بەدرێژایی تەمەنی، لە قووڵایی دەریای ژیانێکی جەحەندەمیدا، سەوڵی بە ئاگابوون لێدەدات!... لێنەگەڕان ڕازو نیازی دڵی خۆی لەگەڵ گۆڕەکاندا بکات، لەناکاو کۆمەڵە خەڵکێک سێ تەرمیان بەسەرشانەوە بوو، هێشتا خوێنیان لێ دەتکایەوە. هەندێک چەکدار، لەپێش تەرمەکانەوە بەدرەقەی ئاپۆرای خەڵکەکەیان دەکرد بەرەو ئەو سێ گۆڕەی هەڵکەندرابوون. پیرەژنێک هەر هێندەی چنگێکی لێمابوو، بەدوای تەرمەکانەوە بوو دەکەوت و هەڵدەستایەوە، پیاوێک پێلی گرتبوو دەیگوت: پووری ئەگەر تۆ وابکەی دەمری! پیرەژنەکە بەنووزەیەکەوە گوتی: ڕۆڵە، ئەمن ئەمڕۆ نییە مردووم، ئەمن لەو ڕۆژەوە مردم گوندەکەیان خاپووور کردین، ئەمن لەو ڕۆژەدا مردم کاتێک لە سجنی سەماوەی، لە بەرامبەر شەهیدبوونی بلەی کوڕم ئازادکرام!، ئەمن دەمێکە مردووم و نانی زیندووان دەخۆم!... عومەر بەو پاکەتە لەوزینەگەزۆو گوڵەی بەدەستییەوە بوو زیاتر سیمایێکی شێتانەی پێبەخشیبوو. بۆیە یەک لەسەر پەڕشتیاری چەکدارەکان ئاماژەی بۆ عومەری کردو بە چەکدارەکانی گوت: ئەو شێتە لەو نێوە دووربخەنەوە، نەبادا لە کامێرای تەلەفزیۆن دەربچێ و هەڤاڵ ڕەشید تووڕە بێت! چونکە ئێستا هەڤاڵ ڕەشید تەشریفی دێت لە جیاتی سەرۆک لەسەر گۆڕی شەهیدەکان وتارێک پێشکەش بکات. عومەریان دوورخستەوە، بەڵام لەو کاتەی ئەوان سەرقاڵی چاوەڕوانی هەڤاڵ ڕەشیدی بوون، عومەر خۆی گەیاندە پەنای ئەو قەفەزەی لە گۆڕەکان نزیک بوو و خۆی لەنێو دار زەیتوونەکاندا شاردەوە. پیرەژنەکە هەرجارەی دەستی بەسەر یەک لە تەرمەکاندا دێناو سەردولکەی دەگوت: سێ کوڕە جوانەکەم، هەرسێکتان میوانی بلە سەرئاسنی کاکتانن! ئەو جارە باسکی لە کێلی گۆڕێک دەهاڵاندو دەیگوت: ڕۆڵە بلە! دە هەستەوە سێ میوانی گەلەک ئازیزت هاتوون! بە بێوەژنکۆشی و نانکەری و جلشۆری خەڵکی، بەخێوم کردن! ئای چەند بە کولەمەرگیم گەورە کردن! لە چوار کوڕان ئێستا بەتەنێ ماومەوە. ئەی خوایە

مەرگێک بە ئاسان بە بەندەت ڕەوا ببینە! لەوەتای بە بیرم دێت، ئەو خوێنە هەر ڕانەوەستا! ڕۆڵەکانم! لە بلە سەرئاسنتان دێخم، لە عومەری حاجی عەولای حاجەتانتان دێخم! ئای قوڕی دنیاییم بەسەری، ئەو کوردستانە شۆڕەسواری گلاندن! عومەر کە گوێی لە ناوی خۆی و بلە سەرئاسنی بوو، زانی ئەو پیرەژنە دایکی بلە سەرئاسنییە، نەهامەتییەکانی ڕۆژگار بە جۆرێک هاڕیویەتی، بۆیە کەس ناناسێتەوە. ئەو سێ کوڕەی مایبوو، ئەمجارە ئەوانیشیان بەکوشتدان! پیرەژن، جەرگی خوێنی دەدەڵاندا... لەپڕ، چەند لاندگرۆزێکی سەقف بەرزو جامڕەش پەیدابوون. چونکە وشکەسالّی بوو و لەمێژبوو باران نەباریبوو، گۆڕستانەکەیان لە تۆزێدا ون کرد. چەند چەکدارێک وەک کۆماندۆ خۆیان فڕێداو دابەزین و تفەنگی سوار، بەدەستەوە. هەڤاڵ ڕەشید بۆ ئەوەی تۆزی لێ نەنیشێت، دانەبەزی تاوەکو تۆزەکە ڕەوییەوە. کە دابەزی، چەکدارەکان لە هەردوولای، لەسەر تەنیشت، ڕێیان دەکردو قەرە بە قەرەی هەڤاڵ ڕەشیدی هەر چاوێکیان کردبوو بە هەزار چاو! بەمۆڕەو بە چاوی گومان لە خەڵکیان دەڕوانی، کەس نەیدەوێرا لێیان بڕوانێ! کامێرامانەکان هەنگاوەکانی هەڤاڵ ڕەشیدیان تۆمار دەکرد، خۆیان نەوی و بڵند دەکردەوە، سێپێکی کامێراکانیان دامەزراند زۆر بە هەستیاری جوولەکانی هەڤاڵ ڕەشیدیان تۆمار دەکرد. چونکە جارێک هەموو کارمەندەکانی تەلەفزیۆنی ڕەزیل کردبوو لەسەر ئەوەی تۆماری وێنەکانی بەدڵ نەبوو بوو! عومەر کە لە هەڤاڵ ڕەشیدی وردبووەوە، بینی، ئەو هەڤاڵ ڕەشیدەی ناو و پیشەیان گۆڕیوە، هەمان ڕەشید ئاغای سەرۆکجاشە. ناویان، لە ڕەفیق ڕەشید بۆ هەڤاڵ ڕەشید لێ گۆڕیوە. پیشەکەشیان لە جاشەوە کردووە بە پێشمەرگە! ڕەشید ئاغا، لەسەر شوێنێکی تۆزێک بڵند ڕاوەستا، قاتێکی خاکی سەرشانداری لەبەربوو، جەمەدانییەکی پێنج ڕێزجەلەی لەسەری نابوو. بەدەم دەرهێنانی کاغەزەکەی گیرفانی، یەک دوو کۆخەی دەستکردی کرد. ئەو مەخلوقاتەی گۆڕستان لە زاری هەڤاڵ ڕەشیدی

ڕامابوون داخوا چ شەکرێک دەشکێنێ! بە تۆنێکی گڕو بەرز گوتی: کوردستان یان نەمان! ڕوو ڕەشی بۆ جاش و خۆفرۆشان! تەمەندرێژی بۆ کوێخای سەرۆکمان! ئێمە، لە حزووری سێ شەهیدی گەلەکەمان وەستاوین، ئەو خێزانە قارەمانە ئەوە چوار کوڕیان بە ڕێبازی سەرۆکمان ببەخشن، بەڵام چونکە ڕێبازی سەرۆکمان هێندە پیرۆزەو ئامانجەکانی هێندە گەورەن، پێویستی بە خوێنی زیاترە. چ شانازییێکی گەورەیە بۆ کەسوکاری ئەو شەهیدانە سەرۆک زاتەن لەسەر خەتەو فەرموویەتی: بەڵێن بێت خوێنی ئەو شەهیدانە ناهێڵم بەفیڕۆ بڕوات و تۆڵەیان دەکەینەوە! بژی کورد بژی کوردستان، سەرکەوتوو بێت ڕێبازی کوێخای سەرۆکمان! ڕوو ڕەشی و مردن بۆ کوێخای خوارێ و نەوزادی پەڕێزپاکژو دارو دەستەکەیان!

هەر بە یەک ئاماژەی چاوی هەڤاڵ ڕەشید بۆ ڕویشتن، بوو بە جرتان فرتان بەسەر گۆڕەکاندا. دایکی ئەو شەهیدانە ئێستا، لە ئەژنۆکانی خۆی زیاتر شتێک شک نابات بۆ باوەش!

یەک لە پەیامنێرەکانی تەلەفزیۆن، بۆ ئەوەی بەرنامەکانی پێ ڕبکاتەوەو بیکات بە هەواڵی گەرمی ڕۆژ، مایکەکەی بردە بەردەمی پیرەژنەکە: دایە! تۆ وەک دایکی چوار شەهیدی گەلەکەمان، لە پێناوی ڕێبازی پیرۆزی سەرۆکمان، چ هەستێکت هەیە؟ لە کاتێکدا سەرۆکمان بە گەورەیی خۆی هاتۆتە سەر خەت و بەڵێنی داوە تۆڵەیان بکاتەوە؟

پیرەژن: ڕۆڵە! هەستم لێبڕاوە، دوعام بۆ بکەن خودا مەرگم بدات! یەکێک لە کارمەندەکان گوتی: ئەو گرتەیە بۆ بڵاوکردنەوە نابێت، پاکی بکەوە، ئەمن بەخۆم فێری دەکەم چی بڵێت! چووە بنهەنگڵی و گوتی: دایە گیان ئەتۆ هەر ئەوەندە بڵێ کوڕەکانم بەڵاگێڕی سەرۆکمان بێت، ئەو سەلامەت بێت بەسمانە، ئەگەر کوڕی دیکەشم هەبووایە بە قوربانی سەرۆکم دەکرد! پیرەژنی لێقەوماویش، هەر بۆئەوەی دەستبەرداری بن بە دەردەکانی خۆیەوە بتلێتەوە، وەکو تووتی ئەو چەند وشەیەی گوتەوە! عومەر چاوەڕوان بوو دایکی شەهیدەکان چاوی بنوقێنێ و

دەمی بکاتەوە هەرچی جنێو بە زاریدا هات پێیانی بڵێ، بەڵام ئەوەی نەکرد!

عومەر لە حەسرەتی تەنهایی ڕۆحی خۆیدا دەمرد، وەک ئەوەبوو ناسۆرەکانی سەردڵی، وەکو کولکێک هەموویان لە یەک کاتدا بتەقن. ژان لە ژان پڕ ئازارتر، لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ڕاستە ئەمن سااڵنێکە کەوتوومەتە ئەودیوی زەمەن و مرۆڤایەتییەوە، بەڵام ئەوەی لەو دوو ڕۆژەدا بینیم، هەرەس و تەپینی ڕاستەقینەی ئاکارو ڕەوشتی کوردانەیە، دیاریش نییە نەزیفی ئەو دارمانە کەی ڕادەگرن! ئاوا بێ لێپێچینەوە، کاژی جاشایەتیان داکەندو جلی پێشمەرگەیان پۆشی، کێش و سەروا هەمووی لە یەک ترازاوە! لە حەیفی ئەو نادادییە، ئاسمان خەریکە داچۆڕێ، پەرستگاکان پڕاو پڕبن لە هەڵگەڕانەوە! تەهارەتی ئاویشیان بردا هەر کۆنەجاشێک دەڕشێتەوە، توخمی گوناهـ دەتروکێنێ! چ داوەشانێکی مێژوویی و چ میراتێکی بکوژ لەدوای خۆیان بۆ نەوەکان جێدەهێڵن! ئەو شەڕە چ شەڕێکی ئابڕووبەرە کە سەرسەریەکانی هاوشێوەی سەلیم سەلکەو ڕەشید ئاغای دەکاتە موفتی و پێشەوا! ئەو زاڵمانە، تا پێگەو پایەشیان بەرزتربێت، پەتی گەردنی کۆیلەکانیش تووندتر دەبێ! خۆزگە بەر لەوەی بێمەوە لە هەردووک چاوان کوێرو، لە گوێیانیش کەڕ دەبووم! هەر بۆ ئەوەی لەو دوو ڕۆژەی ئەوەی کە بینیم، ئەوەی بیستم، جنجڕۆکیان لە هەست و غرورو ویژدانم نەگرتبایە!... دەڕۆم، بەزەیی بەرۆکی گرتووم، بە سۆراغی مەرگی خۆمدا دەگەڕێم، دەستەو دامێنی دەبم بەڵکو لە دەست ئەم بەڵایە ڕزگارم بکات، کە پێی دەڵێن ژیان! من دڵنیام ئەو شەرەفەی لە هەندێک مردندا هەیە، لە زۆر جۆری ژیاندا دەستناکەوێ! بە تایبەتیش مردنێک لەپێناو ژیانی خەڵکێکی دیکە! بۆیە نامەوێ دەرفەتی ئەو مردنە لە دەست بدەم، ژیان بۆ بەردەوامی خۆی، هەندێکجار پێویستی بە مەرگیش هەیە!

دوای ئەوەی گۆڕستانەکەیان چۆڵکرد، عومەر گەڕایەوە سەر گۆڕی

خۆی و باوکی. چیدی نەیتوانی بەپێوە بوەستێ، لە حزووری گۆڕەکاندا کەوتە سەر ئەژنۆ. ئەژنۆکانی، ئیدی تاقەتی هەڵگرتنی ئەو جەستە شەکەت و خەماویەیان نەبوو! رکوع و سوجدەی بۆ گۆڕی باوکی بردو داوای لێبوردنی لێکرد: من تاوانباری یەکەمم لە هەڵتەکاندن و دەربەدەرکردنی ئەو خێزانە خانەدانە! ڕووی وەرگێڕا بۆ گۆڕەکەی خۆی: دەبێ من یەکەم کەس نەبم سوجدە بۆ گۆڕی خۆم دەبەم!؟ لەوزینەگەزۆی سەر گۆڕی ونبووم دەخۆم! دەستی بەو نووسینە بەرجەستەیەی سەر کێلی گۆڕەکەی خۆی دادەهێنا لێی نووسرا بوو عومەر، پێی گوت: تۆ کێی هاتوویتە نێو گۆڕی منەوە؟ بۆ پێت وایە عومەربوون هێندە ئاسانە؟! چواردە ساڵان لە ولاتی ڕەجم و شەللاق، عومەربوونی خۆمم پاراست، تۆ دەزانی چ باجێکی سەتگینم لەسەر خۆبوون داوە؟! کە منیان لە خۆم دزیوە ئەی من لە کوێم!؟ هەرچەندە نازانم تۆ کێی! چکارەی و کێندەریت و هاتووی لێرە بارگەو بنەت خستووە! دڵنیام تۆش قوربانی دەستی غەدرێکی و، لە دەست هەرچی ڕاتکردبێت، هەستەوە! تۆ شایانی ئەوەی بژی و من قابیل بە مردنم! گەر دەردوکوڵم دابەشم، تۆ زەکاتت پێدەشێ. لە ئاوێنەی سەر کێلەکەوە لە دۆڕانی خۆی دەڕوانی!: ئاخر ئێستا ئەمن ئەتۆم یان تۆ منی!؟ من شوناس و ترۆپکی خۆمم ون کردووە پڕم لە تەنیایی! دڵنیام تۆیان لە خۆت ڕفاندووە! ئەوە گریمان ئەتۆ منی، دەبێ ئەمن لە گیرفانی چ شەیتانێکدا بەدوای شووناسی خۆمدا بگەڕێم؟ بچمە لای کام ئەستێرەناس، کام جادووگەر، کامە فاڵچی؟ کۆدەکانی تەلیسمی ئەو گرێکوێرەیەم بۆ بکەنەوە! چواردە ساڵە چۆن بووی بە من؟ ئەی ئەمن کێم؟ تۆ باڵندەی تەرەو بی ناوونیشانی، وا تێنەگەی ڕقم لێتە! گەر تۆ نەبای، سەبری قەت ئاوای نەدەکرد! ئەوەی کە مرد، هەر شەو و ڕۆژێک کێوێک دەکەوێتە بەینی مردووەکەو کەسوکاری! بەو پێودانگە، ئێستا ئەمن لەگەڵ کەسوکارم زیاتر لە پێنج هەزار کێو کەوتۆتە بەینمان! ئەمن بەخۆم نەزانیوە چاوەڕوانی هەموو تەمەنی لێ دزیم! خۆشەویستی سەبری و کێتر، وەک داربەڕوو منیان بەپێوە هێشتەوە! کاتێک ئەوانم لە دەستدا، مانەوەی من بێ واتایە! هەرچی هەمبوو گشتیم دۆڕاند، بەس حورمەتی

عیشقم پاراست! بەنێو ئەو هەموو ئافات و وەیشوومەو خوێن و فرمێسکەدا گوزەرم کرد، هەرچی هەمبوو هەمووی بە سەریەکدا ڕووخا، چونکە نەمویست لە بەڵێنی خۆم نەبان بم. مرۆڤی عاشق دەبێ تواناو بوێریی گیانفیداکاری ئەوەی تێدا هەبێت لە پێناوی ئەو کەسەی خۆشیدەوێ، دەستبەرداری ژیانی خۆی بێت! ئەوە عیشق بوو تەڵەی ئەو ژیانە سووک و بێمانایەی پێتەقاندم. ئاشکرابوونم، وەک بۆمبێک ژیانی خۆشەویستەکانم وێران دەکات. بۆیە بە هەرنرخێک بێت نابێ ئاشکرابم!... تینێ دایە بەرخۆی و بە کێلەکەیەوە هەستایەوە. ئەی خودایە بۆ کوێ بڕۆم؟ ڕوو لە هەر شوێنی دەکەم نامۆیە بۆم. بە کەس ساغ نابێتەوە تۆ منی یا من ئەتۆم، نامەوێ جێگات پێ لەقکەم، تۆ بنوو ئەمن دەڕۆم، دەستی تەنیایی خۆم دەگرم، دەڕۆم و بەرەو فەنا دەچم. لەوێ ڕوخساری زێڕینی مەرگ بە ئاوی زوڵاڵی ڕووبار دەشۆم! دەڕۆم و لە قوڵایی ئۆقیانووسە بێڕەحمەکاندا بە دوای پرسەی مەرگی خۆمدا دەگەڕێم، لە پایزی تەمەنمدا تازە من بە کەڵک کوێ دێم؟ هەرچەند جارێک بە یاداشتی تەمەنی خۆمدا دەچمەوە، فرمێسک بەرچاوم دەگرێ، برینم، هێشتا گەرمە برینن و دەکولێنەوە. خۆزگە یەکێک دەمنووسێتەوە! تەنها خۆم نیم، هەرەسی دارستانێکم. تای ماشەری ئەو ژیانەی من هەڵوێزنن، جەردێکی نەهامەتییەکانم بکەن، فریای کۆکردنەوەی مەراقەکانی من ناکەون! من دەمێکە ئازارەکانم خەتم کردووە. گەر دەتزانی ئەو هەموو شکانە چۆن لە منداجێی بۆتەوە، نەک هەر ئەتۆ، کێو داوڕووخێ و منارە دەنوشتێتەوە! لەو ڕۆژەی ئەتۆ بووی بە من، ئەوە سەری چەند ساڵانە لە وەهمی چاوەڕوانییێکی سەرگەردان خول دەخۆم، جینگڵ دەدەم، بە خۆم نەزانیوە مردووم! شەیتانیش دەستی لێ شۆردووم! لەم وڵاتە شێواوەدا، لەو هەموو کاژفڕێدان و بارگۆرینە، پیشەگۆڕا، ڕەگەز گۆڕا، مەزار گۆڕا، تەنها ئەوەی قەت نەگۆڕا ئەقڵیەتی خەڵکەکەیەتی! ئاسمان و ئاو دوو ڕەنگی شینی شەفەقین، دروست وەک ڕەنگی حەقیقەت، کاتێک کە ناگەمە ئاسمان، بە ناو دەمارەکانی شەپۆلدا ڕێگا دەگرم، قسەم پێیە بۆ ماسییەکان، درێژە بەو سەفەرە ڕۆحیەم دەدەم، بەرەو حەقیقەتی عەدەم! ئیدی چیدیکە ناتوانم

لەوە زیاتر ژیان لەنێوەخۆمدا بپارێزم. دەڕۆم لەگەڵ سەوزایی درەختەکان خۆم بە چارەنووسی ئاو دەسپێرم. دەچم لەوێ، تەپوتۆزی ئەو هەموو ئەزموونە تاڵە لە ڕووخسارم دەشۆمەوە، بۆ ئەوەی گەردی ئاو بەنێو تاڵییەکانی تەمەنمدا گوزەر بکا. من کە سووتاوی فیراقم بە ئاو خۆم دەکوژێنمەوە. دەچم بۆ هەتا هەتایە خۆم بەپاکی و میهرەبانی ئاو دەسپێرم، لەگەڵ شەپۆلەکان هاوسەفەر دەبم و دەچمە یەکاوی عارەبان، لەگەڵ زەردەشتەکەی خەجۆی، لەوێ یەکتر دەگرینەوە. هەرسێک دروشمەکە دەشۆین، گاتاکانیش بسمیل دەکەین، هەمووی نۆژەن دەکەینەوە! لەوێ لە مەملەکەتی ڕۆحە سپیەکان پشوویەک دەدەم. لەگەڵ شەپۆلێکی بوێر هەلدەستمەوە، سەرلەبەری ڕۆمانە سووتاوەکەی دەستی جەهل، تا لە دووتوێی سینەمدا تۆمارە، دەنووسمەوە. باشترین کتێبی دنیا بە ئاو دەبەخشم. ئێوارە کۆڕێک سازدەکەم، هەرچی پەنجەماسی هەیە بانگهێشت دەکەم، بە واژۆی خۆم کتێبەکەیان پێشکەش دەکەم. بۆ ئەوەی نەبادا وەک من بکەونە تۆڕو قولابی ڕاوچییە حەرامزادەکان!

لە غەیبەوە، یەک دەستی گرت و گوتی: بەدوای منداوەرە! دڵنیابە ئەوەی تۆ بڕیارت داوە، ناچێتە خانەی خۆکوژی، بەڵکو لووتکەی فیداکارییە لە پێناوی ژیانی ئەو کەسانەی خۆشتدەوێن!

*

لەسەر یەکێک لە پردەکانی پردێ، ئێستا دوایین ئێوارەیە، دوایین خۆڕئاوابوونە، خەتمی دوایین چاوەڕوانییە. لە ڕۆژی خۆرگیرانەکە هەڵات و، لە گێژەن و شەپۆلە سەرشێتەکانی تاڵاوی خۆشەویستیدا نقووم بوو. بۆئەوەی، ژیانی ئەوانەی کە خۆشیدەوێن، نەشێوێ، هیچ شوێنەوارێکی لە دوای خۆیدا بەجێ نەهێشت! تەنها گوڵێک لەگەڵ کەفو ئاومالکدا، بەسەر گێژەنی ئاوەکەوە خولی دەخوارد و لەگەڵ زەردەی خۆرئاوابووندا... ئاوا بوو!

ژیانی هەریەك لە ئێمە، لە ڕۆمانێکی هەزار لاپەڕەییدا جێی نابێتەوە، حیکایەتێکی دردۆزی تاڵە، پێویستە بنووسرێتەوە. ئەو ڕۆژە ڕەشانە نابێ ون ببن! هەرگەلێك لە گێڕانەوە و نووسینەوەی خۆیدا کۆڵەوار بوو، هەمیشە جەللاد دەبێتە پێشەواو دەمڕاستی! بۆیە، بەڵێن بێ، بەس لەو ڕێگای هاتو نەهاتە ڕزگارم ببێ، وەک بەجێهێنانی فەرزێکی سەرشانم، یادەوەرییەکانی هەموو ئەو تاڵاوەی چەشتوومانە و بینیومانە، پیت پیت بینووسمەوە. کتێبێکی قەبە سەبارەت بە وێرانکرنی ژیان و کەسایەتیی خەڵکەکەی خۆم، ئامادە دەکەم، ناوی دەنێم (ئازارنامەی هەڵتەکانی خێزانی کورد)، هەردوو کەزییە بڕاوەکانی دایکیشم دەکەم بە نیشانەو وێنەی سەر بەرگی کتێبەکە، مەگەر ئەو خوایە بزانێ چ ئازارو چ غەدرێکم لە کۆڵی خەیاڵم شەتەك داوە! ئەتۆ بڵێی لە دوای ئێمە کەسێك هەبێت فریای نووسینەوەی ئەو هەموو هەڵوە رینە بکەوێت؟! من تەنها لەوە دەترسم ئەژدیهای مەرگ و فەنابوون هەڵمانلوشێت، فریای یاداشتکردنی ئەو حیکایەتە پڕ لە کارەسات و مەرگبارانە نەکەوین و پێڕانەگەین بیاننووسینەوە!

بەرگ: ئیبراهیم سالح

نرخ ۹۰۰۰ دینار

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا
سلێمانی سەرەتای شەقامی مەولەوی
فەرعی سەعید ئەها کۆپی
۰۷۵۰۱۱۲۸۳۸۸ - ۰۷۷۰۱۵۷۵۰۶۷
Ktebxanai chwarchra